

هەژار

بۆ کوردستان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
ئاراس

زنجیرەی ڕۆشنبیری

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین
سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب
* * *

کتێب: بۆ کوردستان
دیوانی: هەژار
سەرپەرشتیی چاپ: شوکور مستەفا و بەدران ئەحمەد
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
بەرگ: محەمەد قادر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٦
چاپی چوارەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر
ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠٠٠ دراوەتێ
*

رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه فمنهم من قضى نحبه
ومنهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا صدق الله العظيم
كوردستان - عيراق

هەژار

وشەیەکی پێویست

ئەرکی لە چاپدانەوەی «بۆ کوردستان»ی شاعیری گەورەی کورد «هەژاری موکریانی»، لەلایەن سەرۆکی خۆشەویست کاک مەسعود بارزانی یەوە، بە ئێمە سپێردرا. ئەرکی ئێمە لە سەرپەرشتیی چاپی ئەمجارەی دیوانەکەدا ئەوە بووە کە شیعرەکانمان هێناوەتەوە سەر ڕێنووسیی ئێستەی کوردی و هەڵەبژێریمان تێدا کردووە بەو هیوایەی بێ هەڵە و کەموکورتی دەربچێ. هەوڵیشمان داوە ئەگەر لەملا و لەولا شیعرێکمان دەست کەوێ بەگەڵ ئەم چاپەی بخەین، بەداخەوە جگە لە تاک و تەرایەکی پاشکۆی «مەم و زین» و «خەیام»ەکەی، شتێکی ترمان دەست نەکەوت. مامۆستا فەرهاد شاکەلی لە سوید کۆمەڵێک شیعری هەژاری لە نامیلکەیەکدا بەناوی «بەیادی تۆ دەژی دڵم» بڵاوکردووەتەوە کە لە سێ چاپەکەی پێشوودا نین، ئەوانیش ئەو شیعرانەن کە هەژار ساڵانە لە ساڵوەگەڕیماڵئاواییی نەمران «مەلا مستەفای بارزان و کاک ئیدریسی جوانە مەرگ»دا گوتوونی. زۆربەی شیعرەکانی بەشی چوارەمی ئەم کتێبە لەو نامیلکەیە وەرگیراون. نامیلکەکەی شاکەلی هەندێ هەڵەی چاپی تێ کەوتووە، هەوڵمان داوە لێرە بەپێی دەسەڵات ڕاستیان بکەینەوە.

سوپاسی بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەین کە ئەرکی سەرپەرشتیی ئەم چاپەی «بۆ کوردستان»ی پێ سپاردین و هیوادارین ئەوەی کردوومانە مایەی ڕەزامەندیی بەڕێزیان بێت.

مام هەژار لە هەموو چاپەکانی پێشوودا نووسیویە: «سوپاس بۆ خودا کە دەست و زمانمی بۆ خزمەتی کوردی خستۆتە کار. سوپاس بۆ باوکی کورد و برای هەژاران (مەلا مستەفای بارزانی) کەوا دووجار ئەم دیوانەی بۆ چاپ کردم». ئێمەش هەموو هیوامان ئەوەیە کە گیانی باوکی کورد و برای هەژاران (مەلا مستەفای بارزان) و گیانی هەژار خۆیشی بەم کارە شاد بن و، کتێبخانەی کوردی بۆ یەکەم جار بەئازادییەوە باوەش بۆ «هەژار بۆ کوردستان» بکاتەوە.

شوکور مستەفا و بەدران ئەحمەد

٢٧ ئایار ٢٠٠٠

وەسیەتنامەی هەژار



وەسیەتنامەی هەژار

بەناوی خودا

حەدیثی پێغەمبەرە سلاوی خودای لێ بێ: «لەو دنیا هەر کەس دەگەڵ ئەوانە حەشری دەکرێ کە لەسەر دنیا خۆشی ویستون»

خواش ئاگادارە کە منی هەژار لە هەموو تەمەنی ژیانمدا هیچ کەسێکم بە قەدەر مەلا مستەفا بارزانی خۆش نەویستوە... کە بەرانبەر بەو حەدیثە دەبێ حەشرم دەگەڵ ئەو بێ و هەروەک لە دنیا لێیەوە نزیک بووم لە قیامەتیش بە یەکێک لە نزیکانی خۆیم قبوڵ بکا.

وەسیەت دەکەم بۆ ئەو کەسانەی دۆست و نزیکمن ئەگەر ئەوەندەی بۆیان مومکین دەبێ کاتێ مردم لاشەکەم لەبەر پێی مەرقەدی مەلا مصطەفا بارزانی بنێژن. یان لانی کەم لەو گۆڕستانەم بنێژن کە ئەوی تێدا نێژراوە... لەوانەش کە دۆست و نزیکی بارزانین و لەپاشی بەجێ ماون دەپارێمەوە، ئیجازە بدەن کە قەبرم لە قەبری مستەفا بارزانییەوە تا دەکرێ دوور نەبێ. تاوەک لە دنیا هەموو دڵخوشی و شانازیم بەدیتن و نزیکبوون لەو بوو.. لاشەکەشم نزیک بە جەنازەی پیرۆزی ئەوبێ و ئەگەر خوای کرد و لە سایەی ئازادبوونی کوردەوە جەنازەکەیان بردەوە بارزان، شتێک لە ئێسکی منیش بەرن و لەبەر پێی ئەودا ژێر خاکی کەن. ئەگەر بۆیان مومکین نەبێ وەسیەتەکەم جێبەجێ کەن قەیدی نییە، خۆ ئەگەر بۆیان مومکین بێو زەحمەتو دەردی سەری لەدوو نەبێ و بە وەسیەتەکەم عەمەل نەکەن لە قیامەت لای بارزانی گلەیان لێ دەکەم. لێشم روونە هەروەک لەسەر دنیا لاگیری لێ دەکردم ئەوساش لاگیریم لێ دەکا...

امضاء: عبدالرحمن شەرفکندی. هەژاری شاعیر.

ئەم وەسیەتە رۆژی ١٧/ شعبان سالی ١٤٠٤ هجری قمری= ٣٩/ اردیبهیشت ١٣٦٣ هجری شمسی ١٩/ مانگی مای ١٩٨٤. لەگوندی سلیڤان نووسراوە... هەژار

پێشەکی چاپی سێهەمین

ئەم دیوانە جگە لە «ئاڵەکۆک» و «خەیام» و «مەم و زین» و ناوئاخنە بە بەندەکانی «شەرەفنامە» و «هۆزی گاوان»، دەکرێ بێژم زۆربەی زۆری ئەو هەڵبەستانەی تێدایە کە لە ساڵی ١٩٤٨ی میلادەوە گاگا بەهۆی ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش، یاخۆ هەروا بە ئارەزوو درەنگ یا زوو تاک و تەرا هۆنیومن و نووسیومنەوە.

بۆیەش وتم زۆربەی زۆر و ناڵێم هەمــوو، چونکە کـــەرتێکم لێ ئاوەکی بوون و بۆم نەلواوە هەرچییـــەک بە پەرژوبڵاوی لە ڕۆژنامـــە و کـــۆوارەکـــانی بڵاودا بڵاو بوونەوە، هەمـوویان بەسـەر گرمـەوە. ئەنجـار بەهۆی کـۆسپ و گرێی ژینی دژوار و نالەبار جـاروبارە دەستـەوارێک کـراونە چاوگـەی ئاگر و بوونە مـشکی. چەند بڕێکیش بەر لرفـەی لافـاو کەوتوون و توون بەتوون چوون. پەڕ پەڕێکیش بە ونجڕ ونجڕ کراوی بەدەم ڕەشەبادا دراون و هیــچیــانم لە بیـر نەمـاون. کـۆمـایەکـیش هەروا مـاون و چاوەچاون بێنە بەرچاو تا هاوزمانانی کوردم چاوێکیان پێدا بخشێنن.

بوێژی ڕووت چکارەیە؟

وێژەناسان لایان وایە هەر بوێژێک لە هەر دەور و زەمانێکا هەر ڕێبازێکی گرتبێ یان بەبێ ڕێ ڕۆیشتبێ، بەهەر ئاوات و نیازێک هەڵبەستی هۆنیبێتەوە ئەو بوێژە لە ماوەی ژیانی خۆیدا ڕمـووزنێکی درۆزن، یان خـوخـۆش و ڕاسـتگۆ بێ، سفت یان بێ تان و پۆ بێ، بەلەنگاز یان ساز و کۆک بێ، بوێر بێ یان ترسەنۆک بێ. بێ ئەوە خۆی ئاگا بکا بێ گومان هەڵبەستەکانی ئاوێنەیێکی ڕوونوێنی ڕوودانی ژین و کردەوەی ئاپۆرەی ڕۆژگاری چەرخی خۆیەتی. بۆ بەڵگەی ڕوون باسی ئەبو نەواس دەکەن:

ئەو کابرایە لە سەتا هەشتای هەڵبەستی لەسەر مەستی و بادە و سادە و تۆڵازی و نێر و مێبازی و پەسنبێژی و فرهاوێژی دەبڕێتەوە. بەو حاڵەش ڕا تۆژەرەوانی وریا و زیت بەوردبینی و بەزانیاری کە لێیان کۆڵیوەتەوە؟ وەک فیلمێکی ڕەنگین و پڕ وردەکاری نووک و بە دیی داب و کرداری دەرباری هاروون و ئەمین دەردەخا. وێڕای ئەوەش ژینی ئەوسای دەوڵەمەند و دڵمەندانی حەشاماتی هاوژیانی و بیر و بڕوای موسوڵمانانی لێک جیای ئەو دەورە دەور ئەکاتەوە و بە ڕۆشنی شانی ئەدا.*

---

* ئەبو نەواس: ٧٥٧-٨١٤ ی میلاد، ناوی حەسەن کوڕی هانی، خەڵکی ئەهواز شاعیری دەرباری هاروون ئەلڕەشید و ئەمینی خەلیفە بووە. نوواس واتا: جۆڵانەی جاڵجاڵۆکە.

بەسەرچڵی تۆزێک لە بەسەرهاتەکەم

با هیچ کارمان بەوە نەبێ کە من ئاخۆ چ ڕێبازێکم گرتووە و لە هۆنینەوەی هەڵبەستم نیاز و مەبەستم چ بووە؟ شایەرم یان لاپرەسەنم؟ خۆشم نازانم کامیانم. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە سی و چەند ساڵی تەمەنم دەربەدەر و ماڵانگەڕ بووم. نزم و بەرز و پیس و پاک و بەد و چاکی زۆرم دیوە. بە دەردی کوردە گوتەنی: دنیام قونە کەو کردووە. بۆ نانەوشکی ڕۆژانە و بۆ جێ خەوێکی شەوانە لە شاگرد مەیخانەچیەتییەوە بگرە تا عەنبالی و قورەکاری و گەسک لێدانی ماڵان و کاشی ماڵی و ئامان شوشتن و زبیڵ ڕشتنم کردووە. ئەوەی بەسەر من هاتووە بەدەردی حاجیەکە گوتی: بەسەر حەسەن و حوسێن هاتبا سەکەت دەبوون. بە قەتاری دەرەجە سێ، ئۆتۆبۆسی دەرەجە دوو، کەڵەکی فوو. بە سەفەر چووم. لە ناو جەرگەی هەژاراندا لە نەداریدا یەکەم بووم و دەگەڵ هەژاراندا ژیاوم. زۆر بە پاو گاگاش بە سواری زۆر باژێڕ و گوند و گوڕ و شیو و بەربنار و شاخ و دۆڵ و دەشتی بێروونو وشکارۆ و چۆڵ و هۆڵ و پان گەڕاوم. شەوگار لە هەرزانترین خان یان لەسەر بانی مزگەوتان، جارجار لەسەر ڕەڵمی گەرم لە سارایە، زۆرجار لەو کەژ و چیایە لە ئەشکەوتان، لەسەر بەردان لەبەر باران و لەنگێزە ستارم گرتووە و خەوتووم. بەرگ شڕی و بێ شمەکی و کەوش چەکی و چڵک و چەپەڵی و گەماریی بێ ئەسپۆنی و ئەسپێونی هۆگریان پێوە گرتووم و چاومیان بەخۆ ڕاهێناوە. گوێچکەم بە جوێن و پلاری خاوەن کاری نالەبار و ڕژد و خوێڕیلە خاراوە.

واتا دەردی هەژارانم نە بەدەم، بە دڵ چێشتووە. مەسەل دەڵێ: سەد بژیشک بە ئەندازەی دەردەدارێک نازانێ نەخۆشی چییە؟ ویستوومە ڕۆژگارێک دابێ هەژار لە بێگار ڕزگاربێ و بەگیاندارێکی بەئابڕوو حەساو بکرێ و هەر بەسەری زیندوو نەمرێ. بۆ پێکهاتی ئەم ئاواتەش شنگڵێکی پێداویست بۆ لە خۆ بدرێ و کارێک بکرێ هەژار بە بێچارە خۆران نەخورێ. پێشینانمان گوتوویانە: مناڵی مناڵ ئاساییش تا نەگری شیری نادەنێ. ماف کە نەسێنرێ نادرێ.

سەرباری دەردی هەژاری و لەش بەباریش گەلێک ساڵان بەرخ ئاسایی لە گورگی ورگن ترساوم، پۆلیس و مووچەخۆرانی دەوڵەتانی داگیرکەری وڵاتەکەم هێرشیان بەتاو بۆ هێناوم، ناچاربووم بە زگی برسی خۆ لە قوژبنان قایم کەم نەمدۆزنەوە. دایم لەجێ گۆڕکێدا بووم نەک لە شوێنێک پێم بزانن و بم قۆزنەوە.

له ئێران ڕام کرد بۆ عێراق، له عێراق پۆلیس ڕاوی نام بۆ سووریا، له سووریا بوومه قاچاغ و لەوێش دەبوو له شوێنەونکه قۆچاغ بم. «ئۆباڵ بەستۆم ناهەقیش نەبوو بمگرن» چونکه منی نیومن و نیونیومنیش نا، بێ کەس و بێ دەر و بێ کار وەک جەنابی مەلا فەرمووی بەزگێک تێر له دووزگان برسی، هێشتانێ عارم نەنابوو، بەخێر سیاسەتم دەکرد، واتا لەسوور دۆڕاندبووم لەکایەم تێ هەڵدێناوه. وەک دەڵێن «کوێر هەتا دەمرێ هەر بەئاواتی چاوانه». بۆ ئازادی تێ دەکۆشام، له هاواڵی ڕێ دەگەڕام، به شکو ڕۆژێک له سایەی هاوکاریی واندا ئەو ڕۆژانه ببینمەوه که کوردستانی دڵبەرم ماوەی ساڵێک تیا ژیاوه و ئاڵای خۆی لەسەر شەکاوه.

هەر کۆمەڵێک بەدەم یان بەجیرەی قەڵەم بیگوتایه بیری ئازادیم لەلایه، دەچوومه لای. دەگەڵ سووره خۆماڵییەکان بوومه ئاشنا، هێندیان قسەی خۆش بۆ کردم، هێندیان به دەم دڵخۆش کردم که لام وابوو هەر کەسێ سمێڵی سووربێ هەمزاغایه. سوور له پیلی کورد دەنەون و بەرەو بەهەشتی ڕادەدەن. تا سەرەنجام بۆم دەرکەوت ئەو بابه ڕاستەش زرِخاڵه و فەرموودەیان کرچ و کاڵه و تۆپی پته و ناو بەتاڵه. ئەوانەی هەوسارم دەگرن بەرەو کەندەڵانم دەبەن، چیم هەیه لەویشم دەکەن، عارەبه ڕەشکەی خۆسوورکەر بۆ عەرەبایەتی کردن دەستی نازیی ئاڵمان خوازی به بزمار له تەختە دابوو. تەنانەت سووره کوردەکەش که بۆیان فریو درابوو به شانازی خۆی به تازی حەساو دەکرد، بۆ ڕەگەز پەرستی عارەب ببووه نۆکەری بێ مز و کوردایەتیی به لاوه گوناح و سووچ بوو. به زمانی خۆی که کوردی بوو نەیدەدواندم، له عارەبیش کۆڵەوارببوو. سەیری خۆشیش لەمەدایه لەوەتا له وڵاتی عارەب کمۆنیستی پەیدابووه؟ هەتا ئێستاش له میسر و سووریه و عێراق - مەگین چلۆنکایی بووبێت - ئەگینا کەوچک به دەستی حیزبەکانی به گفتی خۆیان «کمۆنیست»، سەرلەبەریان بەچکه کورد بوون. هەمووش تێکڕا مامۆستا «خالید بەگداش»یان به مامۆستای هەره باشیان پێ ناساندوین. بەگداشی کورد و مامۆستاش ناوی کوردی بیستبایه وەک دڕکی وەبن کلکی دەن جووتەی داوێشت. سوور مانای ئەوه بوو وابێ، کوردەکەش بکاته عارەو. تازه لەو ڕەنگەی گرتوویه نابێ هەرگیز کاڵ بێتەوه، جا مەگین تاکتیک تێکی دا.

پیاو با قسێکیش بۆ دز بکا، ماڵم هەقه جار جاره ڕەنگیان دەگۆڕا. ئەویش کەنگێ؟ مەسەل دەڵێ «بۆز به لەڕێ». هەرکاتێ تێیان دەگیرا و له لایەن دەوڵەت ڕاودەکران یاخۆ له هەتیته دەدران. بۆ تەفرەدانی ئەوانەی کورد و کوردستان پەرستن تا پەنایەکیان

دەسکەوێ و لە ناو کورد بپارێزرێن و سەر لەنوێ ببووژێنەوە. بە زەرتک خۆیان ڕەنگ دەکرد و وەکو ژێ کافەکەی خۆمان کوردستانی یەکپارچە و مەزنیان دەویست. بەڵام هەر ترسیان دەرەوی، بار دەگۆڕا. وەک فتیلەی ناو تەویلە دوای وەی کاریان پێ نەدەمایەن پفێکیان لێ دەکردین و لە دەلاقەیان دادەنایین. عەلاقەیان دەگەڵ کوردپەروەران دەبڕی و هەرکەس کوردبا و بیگوتایە من عەرەب نیم دەمیان دەشکاند.

ئەوجار پارتی

دەگەڵ پارتی «هەمزە» و «برایم ئەحمەد»دا- واتا خەزوور و مامۆستای ئەم مامجەلالەی ئێستامان، کە دەیانگوت ئێمە بۆ کورد خەبات ئەکەین. هەر لە ئێرانەوە دەرچووم ڕاستەوخۆ چوومە لایان و لە ژێر سێبەری ئاڵایان وەک سۆفیلکێکی ساویلکە لە لاشیپانەی دەرگایان دەستەونەزەریان دەویستام و فەرمانیانم بەپێی توانا بە گیان و دڵ پێک دەهێنا. لە پاش چەند ساڵ، دوای هەزار ئەزموونی سوێروتاڵ تازە بەخێر تێ گەیشتم وەک لە بەیتێکا گوتوومە «پووچ هاتووم بە شوێن کڵاوی قووچا». پارتەکەی جێ هومێدیشم خۆی بە هیچ کارە دەزانی و ببووە کلکی ئەو تاخمە سوورە زرتانەی تانەی چاوی کوردخوازان بوون، کامەی لە پارتییە کوردەکەی لەچاو مەمانان چاژان بوون خۆیان ناونا ئاوی ئاوی کەروێشکەکە و دەشیان گوت ئێمە خەست تر و بۆ برایەتیی گەلانی کورد چەوسێنەوە بەکارتر و بەهەست ترین، بەڵام هەرچەند کلکەسووتە و ماستاویان کرد بەهیچ ئاوا کوردایەتی و کمۆنیستیی ئەو سەردەمە پێکەوە پیلۆز و جوت باقیە نەکرا و هەرچی وتیان گەمەی پێ کرا و وەک کوردە لە هەردووک جێژنان بووین. ئیتر منی هەژاری دەربەدەر و زویر وەک گای ئاوکێشی کۆڵ و بیر لە جەغزێکی بێ جەمسەردا دەخولامەوە. هەڵە، یان ڕاست، وازم زۆر لە کوردایەتی بوو. دەهۆڵی کوردایەتییەکەش داخەکەم دەنگی نەدەدا، نمی ئەنتەرناسیۆنالیستی کێشابوو. یان بەقەولی کاک زەبیحی: کۆزمۆپۆلیتیی تێی ڕیابوو.

لەبەر ئەم دەپاڕامەوە، لەلای ئەو دەڵاڵەوە پیاوی چابن وەرن کوردبین. ئەگەر هەر کمۆنیستیش بن بڵێن کمۆنیستی کوردین و دەمانەوێ بەو ڕێگەدا کوردستانمان ئازاد بکەین. ناڵێم دۆستی و ئاشنایەتیی گەلانی دراوسێ مەکەن. دەڵێم ئێوە نانی خۆتان لە سەر سفرەی تورک و تاجیک و عارەبان دەرخواردی میوانان مەدەن. با بزانن خانەخوێ کورد بوو. بەلانی کەم مرۆ دۆست بن. سوور دەزانن هەر کوردە لەڕووی دنیادا نە ناو نە

ناسیاوی هەیە. لە زۆر شوێنان کۆمەڵی بەزەی جانەوەر هەیە هیچ نەبێ ئێوەش کۆمەڵێک بۆ ئاگا لەو جانەوەرەی کە ناونراوە گەلی کورد پێک بهێنن. چ دەقەومێ؟ زوو پەرسڤیان دەدامەوە تورک و تاجیک و عارەبیش بە بیست و چەند دەوڵەتەوە هەموو برا گەورەمانن. تا برای زل ژن نەهێنێ برا چووکە هەقی نییە متەق بکا.

ئێمەی بە خۆمان دەڵێین کورد لەبەر هەر حوکمێکدا دەژین لەسەرمانە قرپوقپ بین، نەڵێین کوردین. ئەگەر پێیان فەرمووین چەرموین، ئێمە ئێژین «بەفری کەژین» ئەگەر گوتیان تاڵە جوانە دەبێ بێژین «کلۆی ڕەژین». دەبێ هەریەکەی لەلایەک بڵێین. ئارین، بەچکەی قەحتان و نزارین، تورکی کێوین. بەزمانی ئەوان داخێوین. خۆمانیان بۆ بەکوشت ئەدەین. تا هەموو وڵاتەکانیان بەرەبەرە وەک خوێنی پژاومان سوور دەبێ و وەک شیلان و دەنکە مەرجانی ناو بەرموور دیمەنیان دێتە بەرچاومان، هەرگا ئەوان سوور هەڵگەڕان خۆیان فەرمانمان پێ دەدەن بێژین کوردین «کەرە مەمرە بەهار دێ» عاسمان دوور و زەوی سەخت ئەمن چ بکەم؟ پیاوی دڵدار لە ڕێگەی گەیشتن بە یار هەر کارێکی لا ڕەوایە. چاری ناچار بۆ ئەوە هەلم دەسکەوێ و دادی کوردان بەگوێی ئازادانی دنیا دادەم، بەهەزار تەڵەکە و کەڵەک دەگەڵ تازەڕەنگ ئالێکی دەڵەمەی هێشتا کورد و کاڵ خۆم ڕێک خست و هەرچۆنێک بوو خۆم گەیاندە جەژنی لاوان لە بوخارێست، دەردی کوردم بۆ ئازادیخوازانی جیهان شی کردەوە، کیژە تورکێک دەسکێ گوڵی پێشکەش کردم و زۆر عوزرخوازی لێ کردم کە کورد لە وڵاتەکەی ئەودا بەرستەمە. نوێنەرانی گەلانی دیش هەر کەسە بە نۆرەی خۆیان دڵسۆزیی خۆیان دەربڕی. برا کوردە سوورەکانی هاوڕێم نەبێ کە لەسەر ئەم کوردایەتییە کارێکیان بەسەر هێناوم «عارەب بەسەر گامێشی خۆی نەهێناوە».

جارێکی تر بۆ بەشداری لە فێستیوالی مۆسکۆدا کە برا سوورەکانی عێراق گوتبوویان قەی ناکا بچن؟ خۆم تەیار کرد. برا کوردە سوورەکانی سووریایی کە دەیانزانی هەر کوردم. کارێکی وایان پێ کردم «با بە دەواری شڕی ناکا»، من و دوو هەواڵەکەمیان کە یەکیان کاک زەبیحی بوو ناونا «خوێنتاڵ و ئیمپریال»، پێت وانەبێ منیش دەستم دادەنەواند. مستی وام تێ دەسرەواندن گورچووبڕبێ و حاڵیان شڕ بێ، دە جار ناویان نام جاسووس و سەدجار پەشیمان بوونەوە و دەستەوداوێن دەبوونەوە هاوکارییان دەگەڵدا بکەم یا کەمتر ئازاریان بدەم. جا ئەگەر لەسەر کوردێنی لۆمەی سوورە زرتەم دەکرد؟ مامۆستاکانی پارتیمان لە بنەوە کەیفیان پێ دەهات. بەڵام لە ترسی مەلعوون بوون نەیان دەوێرا دەری خەن. ئەو ژیانەی کە من لەو ماوەدا ڕام بوارد ئەگەر بە درێژی باس بکرێ مەسنەوییەکی

حەفتا هەزار مەنیی دەوێ! سوور ئەو سوورەن کە لە کوردایەتی توورەن. پارتی کوردیش بێ دەسەڵات و بێ بڕشت هەموو ئاواتی ئەوەیە بەلانی کەم بە ئاڵی و کاڵی حەساو کەن. بەڵام لێیان قبووڵ ناکەن، ئێژی سوورم، دەڵێن شینی! دەڵێی واکم، دەڵێن هینی و نامانەویی. دەوڵەتیش دژی هەردووک لا.

منیش جارێک بە سووری تۆخ، هەڵێک بە شینی چویتی، چەڵێک بەناوی ئێرانی سنوور پەڕێنی غەوارەی بەدکار دادەنێن و بە چراوە لە دووم دەگەڕێن کە بمگرن. ببوومە مەتەڵی ئەسپێ «ئەولام تات و ئەمەلام تات وەی بابە جیقم دەرهات». قاسم کوودەتایەکەی کرد، مەلا مستەفا بارزانی پاش چەند ساڵ ژیانی تاڵ کە لەسەر کوردایەتییەکەی بە بۆمبارانی دەوڵەتی هەرەزلی ئەو سەردەمە لەخاکی خۆی دەرکرابوو، لە مهاباد یاریدەی کۆمەڵەی کورد و کۆماری کوردانی دابوو، لەپاش تێکچوونی کۆمەڵەش، دەستی بۆ دوژمن نەدابوو، چووبووە ڕووسیەی شورەوی و بە پەناهەندەیی ژیابوو، گەڕایەوە بۆ بەغدایە. بە هاتنەوەی پارتیی ژاکاو، بووژایەوە، کوردایەتیی زۆر بە هێز هاتەکایەوە و ناوی کورد و کوردپەرستان لە دنیا دەنگی دایەوە. لەمن هەر مەپرسە چۆن بووم! چەند بەو موژدە گەشامەوە. کۆنە ئاشنای چوارده ساڵ لەمەوبەرم بوو، ئەوساش هەر تاجی سەرم بوو، هەر کە دیتمی و دواندمی، زانیم ئەوەی لە دووی وێڵم دۆزیمەوە، ئاواتی کوردستانە و بەس. هیوای منی هەژارۆکە و ئەو مەردە ئازا و بەکارەی لەخوا نەبێ ترسی لە هیچ کەسێک نییە، تەواو یەکتر دەگرنەوە. خۆم بە سۆفیلکێک دەشبهاند کە نزیک بەناهومێدبوون خوا پیرێکی زۆر پیرۆزی بۆ گەیاندم. زۆر بە بەختی خۆم دەنازم کە لە پەنای خۆی پەنای دام، لە سای ئەودا بەرگی لالایی و مەرایی ساڵەهای ساڵم سووتاند و هەودای ترسانم پساند و دەروازەی خەمم داخرا و گریی دەمم کرایەوە. لەوساوە لەبەرپێی ئەودا، کە تادەمرم تۆزی بەرپێی بە پیرۆزترین شت دەزانم، تا لێک دیدار ئاخرەت بووین بە ئازادی چیم بەدڵدا دەهات دەمگوت، هەر تەنگانەشم بۆ دەهات دەیپاراستم.

بارزانی نەک تەنیا بۆ من بۆ هەموو نووسەران چابوو. بۆ بێکەس وەختی خۆی کەس بوو. بۆ قانیع و مام هێمن و جگەرخوون و گش نووسەر و شاعیرانی بێ بەش و ناکام برابوو. ئەگەر کەسانێک وا بزانن کە من بۆرە خزمەتێکم بە زمانی کوردی کردووە، با مەمنوونی بارزانی بن، چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە کەس پەڕێکی چاپکراوی لە نووسراوی من نەدەدی. باسی پیاوەتی و ئازایی و کوردایەتی و مەردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی زۆر کتێبی گەورەی دەوێن تا دەناسرێ، کە لێشم ڕوونە دەنووسرێن. بەڵام هەرشت

بەوەختی خۆی. من دەزانم تاریخ داوەرێکی چاکە، هەڵە ناکا و پەلەش ناکا. بە ڕۆژی خۆی پاک و پیس لێک هەڵداویرێ. لە زۆر زەردە قۆڕەی ئەمرۆ کە هەردەم ڕەنگێ دەگۆڕن خۆ دەبوێرێ و بەناوی ئەو کوردە مەردە سەر رووپەڕی ڕێزە ناوی هەموو کوردی شۆڕشگێڕ و پیاوی ئازادیخوا و ئازا و کوردستان پەرستی کۆن و تازە دەرەنگێنێ. ئەوی کە دەڵێن «بارزانی مرد و نەما» زۆر نەزانن، بارزانی هەرگیز نامرێ و نەش مردووە. گەلێکیش لەو دەم هەڵانەی دەڵێن زیندووین، لای من بە مردوو حەساون. دەریا دوڕ دەشارێتەوە و ئاومالک و کەف وەسەر دەخا. با چاوەنۆڕی تاریخ بین، دوا ڕۆژ هەموو شت دەردەخا.

جا ئەی خوێنەری بەڕێز و خۆشەویستی هاوزمانم. ئەوا چاپی سێیەمینی دیوانەکەت پێشکەش دەکەم. تکایە تا سەرلەبەری نەخوێنیەوە. نە جوێن بدە، نە باسم بە چاکە بکە، بە پەلەشی مەخوێنەوە، لێی ڕامێنە، وردی کەوە. بەرانبەر بە ڕۆژ و کاتی نووسراوەکەی پێ نووسراوە و بۆی نووسراوە بیر بکەوە. با تێم بگەی کە من چیم و چم ویستوە. ژیانم چلۆن تێ پەڕیوە و چهام دیوە. ئەگەر بە کەیفێشت نەبێ هیچ نەبێ ئەوە فێر دەبی کە وەکو من هەڵە نەبی و لە هەزار جێ دەستت بەزاخاودا نەچێ. لەوانەشە کەسانێک کە سەرزارەکی دەیانناسی و بە پیاگی خاسیان دەزانی بیان ناسی چین و چیان دەوێ. یان کەسانێک کە فێڵبازان بە شات و شووت بە دزێویان نیشانداوی لە خوێندنەوەی ئەم دیوانە تێ بگەی کە فریودراوی و لە هەڵە پاشگەز ببیەوە.

بەسەرهات و تەجرەبەی سی و دوو ساڵی ڕابردووی ئاوارەیی منی هەژار بەهێواشی شی بکەوە و گەوەکانی تێک خەرەوە و بیدە بەر بیری ڕووناکت. ئەوسا ئەگەر هیچی وات وەبەر چاوکەوت کەموسکێک کەڵکێکی هەبێ ڕەحمەتێکم بۆ بنێرە. خۆ ئەگەر چی باشت نەدی و ڕێگەکەمت بەشاش زانی ئەوسا گەردنت ئازابێ، جوێنێک بدە و بەدەردی کوردە گوتەنی «تفی خۆت باوێژەو برۆ». لە کۆتاییدا دەمەوێ کورت و کرمانجی پێت بڵێم «کوردم و بەس». هەرکەس کوردپەرستی ڕاست بێ سڵاوەتم لە دیداری. ئەمرۆ ئەوپەڕی ئاواتم ڕزگاربوونی کوردستانە لە بێگانە. بە فەرمایشی مام هێمن «وەتەن خەرابە چ دەربەستی بیرلەن و پەکەنم». سا ئەوە تۆ و ئەوە دیوانی «دێوانەی کوردستان».

هەژار

٥/ ١٠/ ١٣٥٨

پێشەکییەک بۆ چاپی دووهەم

لەسەر تۆم دوژمنە دنیا - قضية مانع الجمع -ە
کە تەرکی تۆ نەکەم تەرکی هەموو دنیا نەکەم چبکەم؟
مەحوی

ساڵی١٩٦٦ «هەژار بۆ کوردستانم» خستە بەردەستی خوێندەوارانەوە و هەستم بۆ ڕاگرت و گوێ قولاغی دەنگ دانەوەی بووم، ئەوی ڕاست بێ خوێندەوارانی هاوزمانم بوونە چەند بەشێک و ئێستاش هەروا لکیان لێ دەبێتەوە، ئەوانەی ڕکیان لە شیوعی و دەستە چەپیەکان دەبێتەوە گوتیان «هەژار شیوعییەکی پیسە و بۆ ئەوە نابێ دیوانەکەی بخوێنرێتەوە!».

ئەوانەش کە وشکە شیوعی کوردن و هەموو دنیایان لە بیرە کورد و کوردستان نەبێ. گوتیان«هەژار فاشیست و ڕەگەزاوی و کۆنە پەرستە و لە ئەنترناسیۆناڵ و دەیالەکتیک نازانێ و فرێ بەسەر تەقەددومیەتەوە نییە».

مامۆستا جاشکەکانی ٦٦ وەک مامۆستا برایم ئەحمەد و مامۆستا جەلال تاڵەبانی و گەجەر گوجەری دەور و بەریان کە خۆیان هاویشتۆتە کۆشی بێگانان و کوردە نامووسی خۆیان بە پارە و پوول بە دوژمنانی کورد و کوردستان فرۆشتووە، نووکی قەڵەمی منیان وەک نەقیزە تێڕاچوو، جووتەیان لە ئاسمان دا. چاویان قووچاند و دەمیان کردەوە، دوژمنی ڕای ئیمانت بێ ئەو جوێنی ئەوان دایان و ئێستاش هەروا دەیدەن، ژنە قەرەج خۆزگەیان پێ دەخوازێ، دوای ئەوە کە سەرزارەکی تێریان جوێنی بازاڕی و بێشەرمانە دا، لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامە عەرەبییەکەیان (نەوەر) و لە کۆواری (ڕزگاری لە نامووس)یاندا نووسییان کە «هەژار شایەری دەرباری بارزانی ـ یە و کێ نانی بداتێ بەو هەڵدەڵێ و بێگانەیەکی خوێنتاڵە و دژی تورک و فارس و عەرەبی برامانە و خزمەتکاری ترێستات و کۆمپەرادۆرانە» خوای تۆ ئەیزانێ ئێستاش نازانم ترێستات و کۆمپەرادۆر بەچی دەڵێن!

جاشەکانی ڕەمەکی و عەشیرەتی بەبێ ئەوە تێ بگەن چم گوتووە بەشوێن دیوانەکەدا ئەگەڕان و بەلایانەوە شتێکی سەیر و خۆش بوو. تەنانەت هێندێک لەو هەڵبەستانەی دژی ئەوانم گوتبوو کردبوویانە گۆرانی و گەڕی ڕەشبەڵەکیان پێ دەگێڕا.

هێندێکی ڕەشخوێن و هەڵەش کە بە پەلە چاوێکیان پێدا خشاندبوو، تاقەتی

سەرنجدان و لێکۆڵینەوەیان نەبوو. گوتیان «هەژار هەردەمە لەسەر باریکە و کەس نازانێ بڕوای بەچییە!».

بەڵام ئەو کوردانەی کە بەتێکڕایی پەسەندیان کرد و لایان وابوو ئەرکی خۆم وەک پێشمەرگەیەک بەرانبەر بەگەل و نیشتمانەکەم پێک هێناوە، زۆر لەو ڕەخنە گرانە زۆرتربوون و زۆر بە دڵگەرمی پێشوازییان لێ کرد. تەنانەت لە هێندێک مەڵبەندەکانی کوردستاندا وای برەو پەیدا کرد کە لە بازاڕی ڕەشدا نرخی تا بایی دە دیناری عێراقی هەڵچوو. زۆریش نامەی ئافەرین و پەسەندم لە هەموو لایەکەوە بۆ هات و دڵخۆشیان کردم و جێ برینی دەم پیسانیان بۆ برژاندمەوە. جا لێرەدا من لام وایە ئەوی هەقی بووبێ تووڕەبێ هەر مامۆستا جاشکەکانن، چونکە ئەوان دەیانەوێ پارەی خەیانەتی هەرە گەورەیان بەبێ دەنگی بدەن بە شەراب و گۆشت و کەس لێیان لەهەرانەدا. دەشزانن خوێندەوارانی دیوانی من لە کوردستاندا چەندن و کێن! ئەوی من لەسەری بنووسم زۆر گرانی بۆ تەواو دەبێ.

ئەو برا کوردانەی گوتیان هەژار شیوعییە و ئەوانەی فەرموویان کۆنەپەرستە و ئەودەستەی لایان وابوو لەسەر هیچ باران نیم – گەردنیان خۆش و ئازابێ – بەو مەرجەی لەبەریان گران نەیە و ئەمجارەش بڕوانن نووسراوەکانم و هەر لە ڕووپەڕی هەوەڵی پێشەکییەکەیڕا تا دوا دێڕی دوامین پەڕی بە لەسەرخۆیی و سەرنجدانەوە سەرلەبەر بخوێننەوە. ئەوسا بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە من کوردم و بەس. کوردستان لای من لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و ڕووگەی هەرە پیرۆزمە و هەرگیز ڕووم لەم ڕووگەیەم وەرنەگێڕاوە و لە پەرستنی پاشگەز نەبووم و ناشبم:

عاشقی کوردستانم، گێلمە گێلمەی نازانم
نەفارسم و نەعەرەو، تێ ناگەم ئیمشی و برەو

ئەگەر بە ستالینم هەڵدەگوت، لام وابوو کوردستان ئازاد دەکا. ئەگەر بەگژ هێندێک شیوعی عێراقی و سووریدا دەچووم پێم وابوو زیانیان بۆ کورد و کوردستان هەیە. هەرکەس دۆستی کوردستان بێ و بۆ کورد بەهرەی هەبێ، من کۆیلەی ئاڵقە لەگوێی دەبم و پێی هەڵدەڵێم و لەبەری دەپاڕێمەوە و هەر کەس و هەر گەلێک دژی ئازادی کوردبێ و کوردستان داگیر بکات یان یاریدەی داگیرکەرانی کوردستان بدا، ئەگەر هەزار جار سوور و زەرد و بۆربێ و هەزار کۆمپەرادۆر و مۆمپەرادۆر بێ بەپێی توانا بەگژیدا دەچم و لەسەر

تەناف هەڵی دەخــەم و ئەگــەر دەســتم بیگاتێ دوودانە شــەقی تەڕیشی ڕێ دەخــەم. هەرکەسیش لەسەر ئەو بیروباوەڕەم لێم تووڕە دەبێ و جوێنم پێ ئەدا کەیفی خۆیەتی. بەڵام دەبێ ئەوەندە بزانن کە لەسەر کورد و کوردستان جوێنیشم پێ بدرێ و خوێنیشم بڕژێ هەر بە خەڵاتی دەزانم، وەک لە گۆرانیدا دەڵێن:

دەگــــەڵ تۆمــــە چاوی چاوم
لەســــــەر تۆ زۆریان لێ داوم
وەمــــزانی خــــەڵات کـــــراوم

خوێندەواری بەڕێز:

وەک زانیت لە چاپی هەوەڵی ئەم دیوانەدا زۆربەی ئەو شیعرانەم چاپ کرد کە لەنێوان ٩٤٨ و ٩٦٦دا نووسیبوومن. وا لە چاپی دووهەمدا ئەوانەشم خستە سەر، کە لە نێوان ٦٦و ٦٩شدا نووسیومن و هەروەها هێندێک لە کۆنە شیعرەکانیشم کە نەمدەویست ون بن لەم چاپی دووهەمەدا جێم بۆ کردوونەوە. بەهومێدم لە دەرفەتێکی تریشا ئەوانەی کە لەمە بەولاوە دەیان نووسم پێشکەشتی بکەم. بابزانین مەرگ ماوەمان پێ ئەدا یان هەر لە ئێستاوە لێک دیدار ئاخرەت دەبین! خوا ئەیزانێ!

هەژار
٢٩/ ١٢/ ١٩٦٩
بێ خۆلان - چۆمان - باڵەکایەتی

* * *

پێشەکییەک بۆ چاپی یەکەم

خوێندەواری زیرەک، لام وایە بیستووتە کە لە «قەیسی عامیری»یان پرسیوە: تۆ پێت وایە گەورەییی موسوڵمانان ئەبێ بۆ ئیمام عەلی بێ یان بدرێ بە معاویە؟ گوتی ئەگەر ڕاستتان دەوێ بەشی لەیلای منە و کەسی تر مافی بەسەریەوە نییە! واتا ئەویندارى ڕاست جگە لە دلبەر و گراوی خۆی کەسی لەبیر نامێنێ و هەزار گۆرانی و ئاهەنگی جۆر بە جۆری وەپێش کەون ئەو هەر بە یارەکەی خۆی هەڵدەڵێ.

من دڵداری کوردستانم و لەوەتا بیر ئەکەمەوە بە تین و تاوی ئەو ئەوینەوە ئەسووتێم. باوکم مەلا بوو، فێری کردبووم، ئەگەر نیازێکم هەبێ لەخوا بپاڕێمەوە بۆم پێک دێنێ. زۆر جاران زۆر بە هەژاری دەستم بەرەو عاسمان بەرز ئەکردەوە و ئەمگوت "خوایە پاتشایەکی چکۆلوکانەی جوانکیلەی کوردم بدەیە. زۆرم خۆش دەوێ!" ئەبێ چەند مناڵ بووبم کە پێم وابووە پاتشای کوردیش وەک لەیستۆک مناڵ ژیر ئەکاتەوە!

ئەم خۆشەویستییەت لە دڵی پڕ پەژارەما
تێکەڵ بەشیر مژیم و لەدووی گیان ئەچێتە دەر

ئەم دڵدارییەم کە وا بە کاڵ و کرچی هاتە ڕوو. پێ بەپێ هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵما گەورە بووە و تا پتر چاوم کراوەتەوە و دڵم بەهێزتر لێی داوە. بەو پێیەش ئەوینی نیشتمان و ئاواتی ئازادیم پتەوتر بە تەوژم و پان و پۆڕ و بەهێز و گوڕتر بووە. ئێستاش کەوا پیر بووم زۆرتر بەو گڕی ئەوینەوە ئەسووتێم و کە ئەڵێن «پیرەدار باشتر گڕ ئەگرێ»، لەمن ڕووی داوە.

هەموو ئاواتم لە دنیادا ئەمەیە " گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی خوداپێداوی سەرزەوی لە ژێر چنگی داگیرکەران و چەوسێنەران ڕزگاربێ و کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ پێک بێت، ئاڵای کوردستانی ئازاد و بەهێز لەسەر هەموو مەڵبەندەکانی کوردستان بلەرێتەوە، تا بستێک لە خاکی کوردستان لەژێر دەستی بێگانەدا مابێ و تا کوردێکی هەژار بەرهەمی ڕەنجی شان و نرخی خوەدانی ناوچەوانی بچێتە ناو گیرفانی داگیرکەرانی بێگانە و چەوسێنەر و دەستبڕانی ناوخۆ، من بە ئاوات نەگەیشتووم!"

زۆر کەس زۆر جار گاڵتەم پێ ئەکەن و ئەڵێن "ئەوەی تۆ لە دووی وێڵی زۆر دوورەدەست و حەستەمە و هەرگیز دەست نادا!" بەڵێ ڕەنگە زۆر چەتوون و گران بێت و لەوانەیە بمرم و نەیبینم، بەڵام نابێ دڵداری ڕاست لەڕێگەی نیازا بیر لەتاریکیی شەو و

کەند و کلۆی ڕێگە و دەست لێوەشاندنی جنۆکە و دێوەزمە بکاتەوە. هەر هێندەی لەسەرە هەتا ماوە بەپێی توانا بۆی ماندووبێ و لێی ماندوو نەبێ، ئەوسا ئەگەر لە ڕێگەشا بمرێ هەر بەختەوەرە.

دەڵێن سلێمان پێغەمبەر مێروولەیێکی دیت، زۆر بەلەز و هەڵپە خەریکە گڵ لە دامێنی چیایەکی بەرزەوە ئەگوێزێتەوە، لێی پرسی: چیتە وا شەکەتی؟ گوتی: دڵم لەسەر مێروولەیێکە و پەڵپی لێ بەستووم هەتا ئەو کێوەی بۆ نەگوێزمەوە مێردم پێ ناکا. سلێمان گوتی: هەی هەژاری چارە ڕەش! خۆ ئەگەر سەد هەزار ساڵیشت تەمەن مابێ. هێشتا هەزار یەکی ئەم کەژەت پێ لەبەین ناچێ. مێروو گوتی: قوربان لە ئاینی دڵدارااندا لێک دانەوە دروست نییە!

هەر کە چاوم کراوەتەوە و بە دەوری خۆما ڕوانیومە دیتوومە"کوردستانی دڵبەرم لەنێوان تورک و ئێرانی و عارەبا دابەش کراوە و ئەو سێ گەلە موسوڵمانە، هاو ئاینانە، زۆر نامەدرانە و بێ بەزەیی دەمیان تێ ناوە و خوێنی گەلی کورد ئەمژن. تێش گەیشتووم ئەگەر هێزی ئیستیعمارگەرانی زل پشتی نەگرتنایە نەیانئەتوانی بمانخەنە ئەو قەفەزە پۆلاینەوە و تا ئێستا تیا نەدەماینەوە.

ئەڵێن دوژمنی دوژمنت دۆستی تۆیە، منیش بەو پێیە و بەبیری خۆم تەنیا پەنا و پەسیوێکی بۆ کوردی بێچارە ئەمایەوە هەر سوپاگەی ڕۆژهەلات و بەرەی ئیشتراکی بوون کە دوژمنی سەرسەختی ئیستیعمار و دژی چەوسانەوەی گەلانن و خۆیان بە دۆست و یاری بەشخوراوان و لێقەوماوان دەزانن. هەر چەندی لە دەستم هاتووە بۆم نووسیون و تا دەنگم بڕی کردوە هاوارم لێ کردوون و هانام بردوونە بەر.

کە گەلی کوردیش وەک خەڵکی کووبا و جەزاییر و میسر و کوێ و کوێ لێقەوماون و بگرە هەزار پلە کلۆڵ و چارە ڕەشترن، ئاوڕێکیان لێ بدەنەوە. کە تا ئێستاش هەر بەهومێدی ئەو ئاوڕدانەوە مل کەچی ئاوڕ دانەوەم! جا ئەگەر جارێکیش لە ڕۆژگارێکا هەستم کردووە کە هێندێک لەوانە خۆیان بە پێشکەوتوو ئەزانن! ڕەفتاری دواکەوتووانەیان ڕەچاو کردووە و لێیان خۆش نەهاتووە باسی کورد و کوردستان بکرێ. یاخۆ ئەگەر منی هەژاری دەربەدەری خاکەسەر بەهەزار ناری عەلی خۆم ساز کردوە و بەر و بوخچەم بەرەو مۆسکۆ تێک ناوە، تا دادی گەلی هەژارم بەرمە بەر پەسارەی خانەدانی گەورە. هێندێک لە برادەرانی کورد و عارەبی ئازادیخواز! لێم بوون بە چقڵی مەم و زینان

و نەیانهێشتووە دەنگی هاوارم بگاتە دادگای هەژاران. ناچار بووم لەسەر بیروبڕوای خۆم و لەسەر کوردستانی دڵبەرم وەدەنگ بێم و ڕەخنەیان لێ بگرم. تا کەریم قاسم بۆ کورد باش بووە خۆشم ویستووە و ئەگەر لە پاشدا هەڵی تۆزاندووە و لە بەڵێنی پێشووی پاشگەز بۆتەوە. منیش هەر بەو گەز و ڕبەیەم بۆ پێواوە. ئەگەر لە جەنگەی شۆڕشی پیرۆزی کورددا زانیومە خرۆشۆف چەکی بۆ قاسم ناردووە، لۆمە و سەر کۆنەم کردووە و پێم وابووە نابێ بە چەکی کرێکار و وەرزێران کرێکار و جووتیاری کوردی هەژاری هێمن و بێکەس بکوژرێ. کورت و کرمانجییەکەی ئەمەیە "کۆیلەی کوردستانم و نۆکەری بایەنجان نیم". هەر کەس بۆ کوردستان باش بێت سوپاسی ئەکەم و هەر کەسیش زیانی بۆ گەل و نیشتمانم هەبێ بەگژیا ئەچم. جابا کوڕی حەزرەتی پەلەپیتکەش بێت.

لەماوەی ئەو بیست ساڵەدا کە ناوئاخنی ئەم دیوانەی تیا نووسراوە. زۆر شتی پێچەوانە و دژی یەکترمان دیوە. دیارە نووسەریش یەکێکە لە گەلەکەی خۆی و بیەوێ و نەیەوێ ناچارە بەسەر هاتی گەلی خۆی تۆمار ئەکا. جا من ڕەنگە لەو ماوەیەدا جاروبارە تۆزێک تامی زارم گۆڕابێ. بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنج بدرێ دەرئەکەوێ کە نیازی دڵم هەرگیز نەگۆڕاوە و هەروەک هەمیشە پەپوولەیەکم بەدەورەی گڕی ئەوینی کوردستانی جوانەوە و تا نەبمە چنگە خۆڵەمێشێک بە دەم باوە دەست لە باڵەفڕە و پەلەقاژە هەڵناگرم. وەک«مەحوی» فەرموویە:

لەسەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕ پێوانە، سووتانە
هەتا مردن مەحەببەت ئێشی زۆرە، ڕێزی لێ دەگرم

بیخوێننەوە و بەچاوێکی بێ لایەنەوە سەرنجی بدە. بەشکە شتی وای تێدا هەبێ بەر دڵت بکەوێ. خۆ ئەگەر هەمووشیانت پێ چرووک بوو. بیر لەوە بکەوە کە زۆر وشەی کوردیم خستۆتە سەر کاغەز. ئەمەش وابزانم هەر باشە.

هەژار ١٩٦٦/٦/٥

***

بەشی یەکەم

لەپاش تێکچوونی کۆماری کوردستان، منیش دەربەدەر بووم بە شارانەوە. تاسابووم و وەکو کەو لە فڕە چووبووم. نان پەیداکردن بۆ من زۆر دژوار بوو، ئەبوایە شەو و ڕۆژ بچەوسێمەوە لە ڕێی بژیوێکی نەمر و نەژیدا سەرباری دەربەدەری و هەژاریشم دووچاری لەش بەبارییەکی زۆر گران و حەستەم بووم. جا لەبەر هەڵوەدایی بەشوێن نان و لان و دەرمانا، زۆر کەم پەرژاومەتە سەر نووسین و بیرکردنەوە. ئەوانەش کە نووسیومن یان لە نەخۆشخانە. یان کاتی وابووە کە دەستم لە هیچ ئیش و کارێک بەند نەبووە. ناوئاخنی ئەم دیوانە بەشێکی زۆر لەو شیعرانەن کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٦٦دا نووسیومە. بەهومێدم لە هەلێکی تریشا ئەوانەی ماون و چاپ نەکراون، ئەگەر تەمەن مەودا بدا، ئەوەی لەمەولاوە بتوانم بینووسم چاپ بکرێ و لە ناونەچێ.

***

بەغدا ٩/ ٧/ ١٩٤٨- ئەم شیعرانەم لە پشتی وێنەیەکی یادگاری نوسیووە:

هەر کوردم

بە دەربەدەری یان لە ماڵی خۆم
لە خاکی عەرەب، لە ئێران و ڕۆم
کۆک و پۆشتەبم، ڕووت و ڕەجاڵ بم
کۆشکم دەقات بێ، وێرانە ماڵ بم
ئازا و ڕزگار بم شادان و خەندان
یان زنجیر لە مل لە سووچی زیندان
ساغ بم جحێڵ بم بگرم گوێ سوانان
یان زار و نزار لە نەخۆشخانان
دانیشم لەسەر تەختی خونکاری
یان لە کوڵانان بکەم هەژاری
کوردم و لە ڕێی کورد و کوردستان
سەر لە پێناوم گیان لەسەر دەستان

بەکوردی دەژیم بە کوردی دەمرم

بەکوردی دەیدەم وەرامی قەبرم

بەکوردی دیسان زیندوو دەبمەوە

لەو دنیاش بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە

***

بەغدا، ١٥/ ١٠/ ١٩٤٨- تووشی نەخۆشی سیل ببووم و لە مردن بووم، ئەمانەم بۆ کێلی قەبرەکەم نووسیوە:

نامرادێک

لاوەکان گەورە کچان نازاران

دڵبەران، دڵتەڕەکان، دڵداران

دەمەڕۆن تاوێ بمێنن لێرە

فاتحاییێکی بخوێنن خێرە

لەنێو ئەم گۆڕە هەژار نێژراوە

زۆر لە ڕێی ئێوە جەفای کێشاوە

ژینی خۆی کردە فیدای خۆشیی کورد

لە ڕێی ئازادی بە ناکامی مرد

توخودا کاتێ کە ئازادیو سەند

ڕەگەزی خوێن مژەکانو هەڵقەند

کیژ و کوڕ هەرچی بە لاما لادا

پێم بڵێ و پایێ بە قەبرم دادا

ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە

مژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە

***

بەغدا،٥/ ١١/ ١٩٤٨: لە بەغدا نەخۆشی سیل زۆری بۆ هێنابووم، دوکتۆریش مزگێنی مردنیان پێ دابووم منیش ئەمانەم وەک ئاواتێک نوسیووە:

خۆشیی دوارۆژ

دێتـــەوە وەخـــتی هەرا کـــاتی خـــەبات
دێتـــەوە باوی مـــحـــەمـــەد ســـەڵەوات
زوو بەزوو پێک دێ هەمـــوو دڵخـــوامـــان
لە بـڵـندان دەشـــــــەکێ ئـالآمـــــــان
دێتـــەوە باوی ئەوەی دەســـتـــەی کـــوڕ
بـێنـەڕیـز نـێـــــــــزە بـەدەست و دڵ پـڕ
ســـــــاز دەبـێ لـەشـکری بێ ئـەنـدازە
بە هەمـــوو جـــۆرە چەکـــێکی تازە
لەشکری کـــوردی بە ئازا مـــەشـــهـــوور
دەرسی جەنگ فـێربێ لەکن ئۆردووی سوور
بێ بەزە هەڵ دەکـەنە ئیـسـتـیـعـمـار
دادەپاچن ســـەری خـــوێنمـــژ وەک مـــار
پاک لە ڕێی ئەم وەتەن و ئەم خـــاکـــە
تا لە پێـــشـــدای بکوژن پێی چاکـــە
کـیـژە کـورد دوورنـیـیـە یەکـتـر بان کەن
زامی ئەندامی کـــوڕان دەرمـــان کـــەن

***

نامـــێنێ ڕۆژو شـــەو، ئاغـــاو تاجی
ڕاوبکەن، بچنەوە کـــۆشکی عـــاجی
کـاتێ دێ ڕەعـیـەتی دەس قـەڵشـاوی

لەسەرووی ئاغا بنووسرێ ناوی
ڕۆژێ دێ ڕەنجبەری بێ نان و ماڵ
سەری حاجیان بکا زیندە بە چاڵ
ها کە دیت سۆفی و دەروێش جووتن
تێ دەگەن بۆچی نەدارو ڕووتن
ڕیشی مام شێخی لە بندا دەبڕن
ئابڕووی دەڕژن و ورگی دەدڕن
هەربینا دیت کە مەلای خایینی گەل
ڕۆژی ئیقباڵی سەرەو ژێرە لەکەل
بەپەت و داری هەڵاوەسراوە
سەد هەزار چەپڵە لەدووی لێ دراوە
نیشتمان پاشی فڕێ دانی بژار
پاشی پەی کردنی دەستی زۆردار
وەکو ئێستا هەیە وا نامێنێ
گەلی مەرد ئەو دەمە خۆ دەنوێنێ
کیژ و کوڕ پیر و جوان پیاو و ژن
کاری زۆریان هەیە راناوەستن
هەر کە ئاغا بەشەقان چووە بەر دێ
ملی گاجووتێ لە نیری دەردێ
هەر تەراکتۆرە کەوا بانگ دێڵێ:
هەر کەسەی با بەشی خۆم پێ بکێڵێ
دا دەچێنن بە گەنم دەشت و کێو
دێتە ڕوو هەرچی هەیە زێڕ و زێو

هەر وەکو دەچتە جێگەی بەگ ڕەنجبەر
هەروەها لۆری دەچێتە جێی کەر
لادەچێ غارەرەشی دێهاتی
دێتە جێ کۆشکی سپی و دوو قاتی
بەرقە دەبروسکێ لەناو هەر دێیەک
ڕۆژ دەبێ نیوە شەوی هەر جێ یەک
لە هەموو شوێنێ بژیشک و دوکتۆر
داو و دەرمانی لە هەر چەشن و جۆر
چاری دەردیان دەکرێ خۆڕایی
هەیە مەکتەب لە هەموو ئاوایی
تا لە چنگ دێوی جەهل ڕزگار بن
عالم و چاپک و ڕۆڵەی کار بن
دەردەخەن مەعدەنی پۆڵای ئاسن
چونکە زانا دەبن و دەی ناسن
بۆ ڕێگای ئاسن و بۆ ئوتومبیل
لەت دەکەن جەرگی هەزار وەک قەندیل
کورد زمانێکی وەکو خۆت و خۆم
تەجرەبەی خاکێ دەکا بۆ ئاتۆم
ڕۆژێ هەڵدەفڕێ هەزار تەییارە
کە لەبن باڵی: بژی کورد، دیارە

* * *

لاوەکان خۆشی لە خۆو سەرپاکو
وەک بەهەشتێکی دەبینن خاکو

داخـەکـەم من کـە نەخـۆشـیم سـەخـتـە
کـە ئەمـەش شـوێنی کـوڕی بەدبەخـتـە
زۆر دەتـرســم کــە بـڕۆم نـەی بیـنم
پێ نەگـا حـاسـڵی هێـشـتـا شـینم
تۆ بڵـێی هێـندە ئەجـەل ڕاوەسـتێ
عـەهدو پەیمانێ لە گـەڵما بەسـتێ؟
وەتـەنم هەر وەکی بۆ خـۆم دەمـەوێ
سـەردەمێ چـاومی وا پـێ بـکـەوێ
ئەو دەمـەی گـیـان بە دەسی خـۆم تەسلیم
دەکـەم و نـامـەوێ با چیـدی نەژیم
***

نەخۆشخانەی بەحنەس- لبنان ٥/١١/١٩٥٠: زۆر جار لە رادیۆکانی ئیستیعماری و کلکەکانیەوە ئەمانبیست کە گۆیا خەتەری سوور هەڕەشە لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەکا و ئینگلیز و ئامریکا دەیان پارێزن، لە وەرامی ئەوەدا گوتوومە:

لە خۆتم بپارێزە

سـەگ بە ڕیوی گـوت: کـەی جـێـژنەتانە
بێـم بۆ دیـدەنی و بێنم جـێـژنانە
وتـی ئـەو ڕۆژەی کـە تـۆ نـابیـنـم
گـەورەتر جـێـژنە لە مـاوەی ژینـم
***
مـامـە تۆ سـەری سـاکـسۆن و مـام سـام
تـۆ لەو بـەری ئاو مـن لە ئاسـیـام
پـێم نـاڵێی چی تۆی گـەیاندۆتە لام؟

به درۆ و دەلەسە خۆت کردە برام!
دەتەوێ بە زۆر دۆست و یارم بی
لە خەتەری سوور پارێزگارم بی؟
بێ بەزە و خوێن مژ، خاوەنی هێزی
خواهی و نەخواهی هەر دەم پارێزی
ئێستاش تۆ ڕەنگە بەوەم بزانی
کە جاری جاران لێمت دەڕوانی
نا، نا وەک جاران نەماوم مامە
نەت ناسم لەبەر ڕیش و عەمامە
دیوی ئاوەژووت لێم ڕا دیارە
کارت شکاری گەلی نزارە
ئەگەر تۆ مەردی خودای نەخواستە
لە ملیۆن قسەت یەکێکی ڕاستە
دەتەوێ دەرچم لە بەڵا و خەتەر
نەفەسێک بدەم منی خاکەسەر؟
ڕزگارم بکە لە چنگاڵی خۆت
من لە ماڵی خۆم، تۆ لە ماڵی خۆت
لە تۆ خەتەرتر دوژمن ناناسم
تەنیا لە تۆیە ترس و هەراسم
خەتەری شین و سوورم هەر خۆتی
بەڵای نزیک و دوورم هەر خۆتی
هۆی چاوی سوورو ڕەنگی زەردم تۆی

مـــــــــایەی هـەژاری و ڕەنج و دەردم تـۆی
تـــۆ دەس هــەڵـــگـری و دەرچـــی لـــە دیـــارم
بـــە مـــەرگـت ئـەو دەم ئــــازا و ڕزگـــــارم
***

لبنان، نەخوشخانەی بەحنەس ٢٠/٩/١٩٥٠- دەوڵەتی سۆفیەتی ئاڵای ئاشتیخوازیی هەڵکردبوو، لە هەموو لایەکی دنیاشەوە فەقیر و هەژار چووبوونە ژێر سێبەریەوە. ئامریکاش شەڕی بە کۆریا فرۆشتبوو.
منیش لە زمان خوای شەڕەوە ئەمەم نوسیوە:

بانگی شەڕ لە مارسەوە

هاوار کـــــۆمـــــەڵـی ســـــەرمـــــایەداران
دەســـتـــەی خـــوێن مـــژان گـــەلی بەدکـــاران
ئەی خـــوێن مـــژانی فـــەقـــیـــر و هەژار
داگـــــیـــــرکـــــەرانی گـــــەلانی ڕزگـــــار
ئەی جێ هومـــێـــدی خـــوداوەندی جـــەنگ
کـــــە ئێـــــوەم نـەبێ بێـکارم، دڵ تـەنگ
جــــارێکە و ئەم جــــار لە منتــــان کــــەوێ
هەرگـــیـــز وەک ئێـــســـتـــاو بۆ هەڵ ناکـــەوێ
ئـەگـــــەر دەخـــــوازن دنیــــــا وێران بێ
خـــەڵکی ســـــەرزەوی ڕووت و بێ نان بێ؟
ئەکـــــەر دەخـــــوازن پڕ بێ گـــــیـــــرفـــــانوو
لاشـــــــە دابـنێـن لـە چـیـنی خـــــــانوو
مـوسـتـەشـفـاو مـەکـتـەب بڕووخێن پاکی
بـکـرێنە دەشــــــتی کــــــاکی بەکــــــاکی؟
لە شــــــارســــــتــــــانی بەڵگە نەمــــــێنێ

لە ئینسانیەت نەمێنێ شوێنێ
گیانی ملیۆنان لە ژن و منداڵ
دەرچێ و بۆ ئێوە ببێتە کووتاڵ
دەخوازن زۆربن: بێوە ژن، هەتیو
ئەویش شک نەبەن دەرمان و بژیو
قیمەتی خوێنی پیر و جوانان
بدەن بە شەراب لە قومارخانان
گەر دەتانەوێ خوێنتان هەرشین بێ
نازیەتی باقی لەسەر زەمین بێ؟
دەستو دەکلکی ئامریکا گرن
هەتا ئەو مابێ ئێوە نامرن
تا ئەو بێ.. ماوە شەڕ و خوێن رشتن
ئیستیعباد کردن ، بێچارە کوشتن
مەڵێن نازی مرد کەس نەما بۆمان
هیتلەر ناوی خۆی ناوە «ترۆمان»
«ئاچیسون» کوڕمە. «چەرچیل» برامە
بێ ئەوان ژیان بۆ من بێتامە
بۆمی هێدروژین یان بۆمبای ئاتۆم
ناومەتە دەستی ترۆمان بۆ خۆم
دوژمنم ڕەنج بەر یان کرێکارە
هێزی بەکاری پرۆلیتارە
ئەگەر من نەبم هەرزانی دەبێ
ژیان، دەرمان، زانین، هەموانی دەبێ

گەورە دوژمنی خوێن و شەڕ و شۆڕ
سۆڤیەتستانە و هێزی سوپای سوور
بە سندمی وان پێوەند کراوم
بانگی ئاشتی بۆتە لغاوم
ستالین دەستم وەبەر نەهێنێ
سەرزەوی دەکەم بە گۆمی خوێنێ

***

بەغدا ١٩٥١/٢/١٥- دوکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم لە دەست نووری سەعید ڕای کردبوو، لە لەندەن دەژیا، منیش لە بەغدا بووم وەک نامەیەک ئەم شیعرانەم بۆ نووسیوە:

تابووتی زۆردار

برای دوور وڵات غەریبی شاران
تۆش زیاد بووی لە ناو هوردووی هەژاران؟
تۆش لە سەر وەتەن بێ وەتەن وەک من
تۆش پەنا بردوو بەماڵی دوژمن
بێ پەنا، بێ کەس، بێ خاڵ و بێ کاک
بمرین بێ کفن، بێ هەڵگر، بێ خاک
کورد پەرژو بڵاو لە ناو جیهاندا
دوژمن دەگەوزن لە کوردستاندا
لە ئێمە ڕووی دا وتاری عامی
دز بە خانەخوێ دەڵێ: حەرامی
بە نەوتی کوردان ئاوروپا دەژی
بۆ خۆمان ئاتاج بۆ چەنگێک ڕەژی
من لە پاتەختی پاپەتی و برسی

تۆ لە سەماوات لای عەرش و کورسی
من لەناو یابای فەقیر، بەستە زمان
تۆ لای صاحێبی ڕێوی و فێڵەزان
من خنکاو لە ناو گەرما و غومارا
تۆش چاو دەچرێنی بە چوار کەنارا
بۆ من معێدی ماست بەسەر لنگ ڕووت
لای تۆ شۆخانی مل پڕ لە یاقووت
لێرە برش و ڕەش بە قورمی تەندوور
لەوێ نازاران لێو و پەنجە سوور
دەزانی لە چین ئەم گشت یاقووتە
ئەشکی هەتیوی بێ بەرگ وڕووتە
خوێنی ملیۆنها لاوچاک و گەنجە
تا کیژێک لەوێ سوور دەکا پەنجە
بە ئێسکی ملیار شەرقی خاکەسەر
بەرز بۆتەوە بورجی «ویست میستەر»
لە ناڵەی هەتیو لەخۆدانی ژن
ئاوازە دەدا زەنگوڵەی «بیگ بن»
جومجومەی هێندی و سێلانی و سیام
بوونە بناغەی کۆشکی «باکنگهام»
لێرە ڕووت لەناو قوڕدا دەخەوێ
کۆشکی سەدقاتی بەرز ئەبێ لەوێ
لێرە ناڵەیە لە بەر بێ نانی

لەوێ جارییە شەتی شامپانی
لێرە سواڵکەرن پڕ بە کۆڵانان
لەوێ قاقایە لە قومار خانان

***

لە گشتی خۆشتر گورگی ئیستیعمار
نێوی لێ ناوین: گەلانی ڕزگار
برسی و بی پێ خەف بنوین لە ناو قوڕ
صەڵەوات بدەین لە عالەمی حوڕ
بەڵێ ئازادین برسی و نەخۆش بین
حوڕڕین خائین و وەتەن فرۆش بین
ئازادین ئەگەر هەرگیز نەخوێنین
بۆ وان بەحیزی سەر دابنوێنین
بەڵام هەر کەسێ بڵێ: نان، ژیان
دەڵێن: تێکدەرە و سوورە و بێ ئیمان
ئازادی بژیت بێ بەرگ و برسی
مەلعونیت ئەگەر سەبەب بپرسی
حوڕڕی هەرچەندی گێژ و ئەحمەق بی
خائینی ئەگەر داخوازی حەق بی
نەخۆش کەوتن و بێ دەرمان مردن
ئازادە بەڵام نەک چارە کردن
ناوی موستەشفا بێنی لەعینی
دوکتۆر داوا کەی دوژمنی دینی

***

کاکە تۆ دوور نیت لە ئامریکاوە
کە بۆ خوێن مژین بۆتە سەرچاوە
لەجیاتی هەژار هێندێک وڵامان
بنێرە بە هۆی دەریای بێ سامان
بێژن بەتیمسال حورڕیەت تا چەند
دەبی بە گەپجارڕ خۆت ئەکەی وەپەند
تۆ تاکەی پشتت لە ئامریکایە؟
بۆ جاریێ ئاورڕ نادەیە دوایە؟
رۆیوە ئەودەمەی بەخۆت بنازی
خۆڵ وەسەر ئینساف کەر بۆتە قازی
لە جێی بازە قەل، لەجیات واشنتۆن
ترۆمان دەقرێ و ماگی و ئاچیسۆن
بویتە تیمسالی خودای شەڕ و جەنگ
دەکرێیتە گوللە بۆ تۆپ و تفەنگ
مەشعەلی دەستت دنیا سوتێنە
ئیستعمار تینووی فرمێسک و خوێنە
خرەی ئەسلەحەی مەرگە دێتە گوێ
خاوەنت بۆ شەڕ شمشێری دەسوێ
بە بۆمبای ئاتۆم کوڕانی مام سام
بەشەر قڕ دەکەن بۆ حیفزی سەلام
ناوی ئیستعباد بوویتە ئازادی
پێی دەڵێن سەلام جەور و بێ دادی
چەند ملیۆن زەنگی لە ژیان بێ بەش

بانگ دەکـەن تیـمـسـال رووی درۆزن ڕەش
ئەی تیـمـسـالەکەی رەمـزی ئیـسـتیـعـمـار
داڵدەی خـوێنمـژی گـەلانـی ڕزگـار
خـۆزگـە دەست بڕوا بت کـەم بە بزمـار
پێت دابـەسـتم تابـووتـی زۆردار
* * *

بەغداد ١٩٥١/٧/٨:

مەی

دەرمـانی خـەفـەت: مـەیە، مـەیە، مـەی
خـەفـەتبـار نەکـەی هەرگـیـز تـەرکی کـەی
هەرچی سـەعـاتێک خـەم بڕەوێنێ
هەمـوو گـەنجـینەی سـەر زەوی دێنێ
گـەر لە حـەوت عـاسـمـان نیـتـە ئەسـتێـرە
خـۆت بە پیـاوەتیی ئارەق بسـپـێـرە
مـەی ئەسلەحـەیە لـەشکرە، پەرچەم
شـۆڕشـە دژی دیکتـاتۆری غـەم
خـەم مـوحـتـەکـیـرە دەمـژێ خـوێنی دڵ
بە مـسـتی مـەسـتی حـەل دەبێ مـوشکوڵ
لەزیندانی خـەم یەخـسـیـرم زەلیل
شـۆڕشی سـووری مـەیی ناب دەخـیـل
لەدنیـای مـەسـتی ئیـشـتـراکـیـە
فـەرقی هەژار و پادشـا نیـیـە

دنیا تازەیە لەبەر چاوی مەست
هێشتا تێی نەچوە پایە بەرز و پەست
مەستی چەند خۆشی، خەم بار دەکا لێت
کێ مەستی ناکا با پێی بڵێن شێت

***

بەغداد ١٩٥١/٧/٨:

مەی

هێندە ناهێنێ دنیا خەم بخۆی
ئامانەت هاتووی دەبێ زوو بڕۆی
خۆ بەتایبەتی ڕۆژانی پیری
باشە خوو بگری بە گۆشەگیری
بەبێ خەم بژی بەبێ خەم بمرە
گۆشەی تاریکی مەیخانە بگرە
بەمەستی بمرە بەمەستی هەستە
تا ڕۆژی مەحشەر یەک مەستی بەستە
سۆفی بەسیەتی راستی مەپۆشە
وەرە لەگەڵ من پێکێک بنۆشە
ئێرە بۆ ئەولا وەکو مەزرایە
کاڵۆشی ریشت چی لێ دەرنایە
کێ لێرە مۆنە لە وێش هەرمۆنە
لێرە ڕووخۆش بێ ئەوێش ئی خۆنە

***

بەغدا، ١/ ٥/ ١٩٥٢- ئامریکا و ١٥ دەوڵەت هێرشیان بردە سەر کۆریا، لەشکریان تا سەر چەمی «یالو» لەسنوری چین چوو. لەشکری سووری چین لە وێوە ڕاوی نان، لە یەکەمی ئەیاری ئەو ساڵەدا بەو هۆیەوە نوسیوومە:

سەرما و بەهار

باشم لەبیـــــرە هەواخـــــۆشـــــیی پار
نەرم و ســــووکـــیی با، بارگــــرانیی دار
خـــێـــر و خـــۆشـــیی زۆر دەغـڵ و دانی باش
دانەوێڵـــەی چاک نیـــسک و نۆک و مـــاش
دەشت و دەر هەمـــووی بە مـــیـــوە ڕەنگاو
بژیـوی و ئـێــــــروو هـەنگـاو بـە هـەنـگـاو
دنیـــــا هەر وەکـــــو کـــــۆریای پێـــــرار
ژین و خـــــۆشی بـوو لە لادێ و لە شـــــار
ئیـستـیعـمـارەکـەی سـەرمـا و سـەغـڵـەتی
لەویجــــدان بێ بەش لە شـــــەرەف پەتی
وێنـەی ئـامـــــــریکا پەلامـــــــاری بـرد
لە گـــــوێـن کـــــۆریـا ژێر و ژووری کـــــرد
مـــیکرۆبی شـــەخـتـــەی لە مـــەزرایە چاند
بۆمـــبـــای کـــلـڵـــوانی بە ســـــەردا ڕژاند
دوو عــــەبدی ســــەرمــــان گــــرانەتا و ســــیل
وەک بۆ خودای شەڕ «شۆمان» و «چەرچیل»
منالـیـــان ئەکــوشت بەند و بەســـتـــەڵەک
ڕیشـــەیان کـــرۆست کـــەروێشک و دەڵەک
بولبـــول چۆڵی کـــرد بۆ کـــونده بوومـــان
قـــەلەڕەش دەقـــڕی ببـــوە «تروومـــان»

داوای مردن و بێ نانیی دەکرد
ئارەزووی چۆڵی و وێرانیی دەکرد
بۆ چاوەی ئاگر بڕیا دار لە دەشت
جەهەندەم نریا لە جێگەی بەهەشت
سەرما بە زوڵم و دزی و کوشتار هات
تاچەمی «یالۆ»ی دەمەو بەهار هات

***

بای شەماڵەکەی ئاواتی ڕەنج بەر
بەزەیی بزووت خۆی کردە لەمپەر
وەک هێزی سوپای چینی ئازا و زۆر
سەرمای ڕەپینا کردی «ماک ئارتۆر»
سەنگەری ڕنووی ڕماند بەسەردا
ژەهری کردە دەم سەرمای نامەردا
کوژرا کانوون و شوبات و ئازەر
بوو بە ئۆف نەنە و مامێر و مازەر
چەکی سەرما و سۆڵ گێژ و کرێوە
خۆی نەگرت لەبەر بای خاکەلێوە

***

ئەمڕۆش لە جێژنی یەکی ئەیارا
شەڕ گەرمە لەناو سەرما و بەهارا
وشکە سەرمای کۆن ڕزیوی بن شڕ
بەهاری تازە و بەهێز و لە گوڕ
دیارە تا کەنگێ سەرما دەمێنێ
دیارە چۆن بەهار گوڵ دەڕوێنێ

دنیا دەبێتە خۆشی و هەرزانی
ئیستیعمار کە چوو دێت کامەرانی

***

یەکەمی ئەیار جێژنی کرێکار
ڕۆژی لەرزینی دەزگای ئیستیعمار
کۆنەپەرستان کە پێت کافرن
بۆ پارێزگاریت لاوان حازرن
دڵت نەمێنێ بڵێی بێ پەنام
ئاوڕێک بدەوە لە چین، لە ڤێتنام
لە کۆریای ئازا و بۆرما و مەلایۆ
وا خوێن بەخشینە بۆ ژیانی تۆ
قەڵای کرێکار بەرز و پتەوە
پەنای ئاشتی و خۆشییان مەسکەوە

***

یەکەمی ئەیار هومێدم وایە
تا ئەیاری تر بمرێ سەرمایە
تروومان بچێ بە دەردی هیتلەر
دەرچن لە قامووس «ماگی» و «ڕۆکیفلەر»
ڕیشەکەن بکرێ داری ئیستیعمار
شەرەف و നاموس نەدرێ بە دۆلار
دنیایەک دابێ پڕ خۆشی و شادی
دەستەڵاتدار بێ هێزی ئازادی

گـــــەلان ئاسنیـــــان بکەن بە گـــــاسن
بـرا بن هـەمـــــوو یەکـــــتـــــر بنـاسن
***

بەهۆی شەڕی کۆریاوە ساڵی ٥٢ لە بەغدا نووسیومە:

سەلام ئازاد بوون

نەســـــیم گـــــەر دەچیـــــە ڕۆژهەڵاتی دوور
ســـــەلامم بکە لە کـــــۆریای ســـــوور
ببـــــــــینە لاشـــــــەی ژن و منـاڵان
لـە مـــــەزرای دێراو بـە خـــــوێنی پاڵان
ســـــەلام لە دێهـــــات لە شـــــاری وێران
کــە هێـــلانە بوون بۆ بێـــچـــوە شـــێـــران
گـــــوێ گـــــرە لـە ناڵـەی بێ دایک و بابان
ژنی بێ خـــــاوەن پیـــــاوی بێ کـــــابان
بســـڕە فـــرمـــێـــسکی برسی و فـــەقـــیـــران
ســـەرێ بکێـــشـــە مـــەکـــۆی ئەســـیـــران
کـــەوا گـــیـــان دەدەن بە نووکی نێـــزان
خێـــزانیـــان بێ مـــاڵ، مـــاڵیـــان بێ خـــێزان
***
ســـەلام لە لاوی شـــیـــمـــالی دلێـــر
هەڵـپـــە و نەعـــرەتەی وەکـــوو بەور و شـــێـــر
ســـــــــەبا زانیـــــــوتە نـاوی ئەو لاوە
تا دنیـــا و مـــێـــژوو مـــابێ هەرمـــاوە؟
کـــاوە بە کـــوتکێ کـــردی «کـــودەتا»

سەرە مارەکەی «زەهاکی» کوتا
لاوی کۆریاش بە کوتک و داسێ
زۆر جوانی زانی لە خوێنمژ ڕاسێ
ئەم لاوە پشتی زۆر کەری شکاند
قەڵای هەیبەتی ئامریکای ڕماند
ئەم لاوە بەخوێن نامەی ئازادی
نووسی و هەڵی کەند ڕیشەی بێدادی
هەنجنی سەری ماری ئیستیعمار
کوشتی هەرچی دای شەرەف بە دۆلار
ڕووگەی ئیرتیجاع ئامریکای قەوی
لە ڕاست ئەم لاوە چۆکی دا زەوی
خوێنە سەوزەکەی ئەنگلۆ ساکسۆن
ڕژتی بە گاڵۆن بە تۆن بە کامیۆن
ئاوری ئازادی دایە بەر مەنجەڵ
بۆ مافپارێزی کردی بە دووکەڵ
شازدە دەوڵەتی لە ناودا کوڵاند
ملیۆن سەروپێی بە نێزە کڕاند
لەناو ئەو دیزە نەسیم بڕوانە
زۆرتر، بە تام تر، سەری تورکانە
کەسێک شەرەفی بە دۆلار فرۆشت
ئاخری لە داخان دەستی خۆی کڕۆشت

***

سەلام کۆریا ، سەلام بەیان ڕوون*
سەلام ئازادی، سەلام ئازادبوون
ئەی لاوی کۆری بەرەو پێش ببزوو
پیاو چاکی دنیا دەگەڵ تۆن هەموو
سەلام ئەی هێزی سەلامی چینی
سەلام ئەی لاوی سوپای ڤێتمینی
سەلام ئەی مۆسکۆ قەڵای ئازادی
پەنای هەژاران سەرچاوەی شادی

***

بەغدا ١٥/ ٦/ ١٩٥٣- ئەم شیعرانە لە ژمارەیەکی کۆواری «ڕزگاری»ی پارتیدا چاپ کراوە:

کورد بێکەس نییە

ڕۆژی خۆشیت هاتە ئاسۆ ئەی گەلی خەمباری کورد
ڕۆژهەڵات ڕۆشن دەکا شەوگاری تاڵ و تاری کورد
کۆتری پیکاسۆ کە مۆژدەی هێمنی هێنا گوتی:
مرد بەسەر چوو ڕۆژی ئیستیعباد و ئیستیسماری کورد
کەوتە لەرزە تەنبەڵی خایین بەگەل، مێشک و دڵی
توندە ڕیشەی داکوتا هێزی پرۆلیتاری کورد
هێزی ئیستیعمار کە هێندێک مفتەخۆری زگزلن
چەرمی ملیان خۆش دەکا زۆر زوو تەناف و داری کورد
زوو دەبێ ئاسنگەر و جوتێر بە کوتک و داسەوە
هەڵبڕن بوکتن بە جووت ئەستۆ و سەری بەدکاری کورد

* کۆریا: بەیانی ڕووناک.

نایەڵێن فاشیستی وەحشی ئامریکای داخوازی جەنگ
بیدەنە بەر بۆم منداڵ و ماڵ و لادێ و شاری کورد
کێ دەڵێ کورد بێکەسە؟ گشت ئاشتیخوازانی جیهان
خێرخواهی مولکی کوردستانن و خەمخواری کورد
هیند و چین و کۆریا بۆ کوردەواری جەنگ ئەکەن
کرملینە و هێزی چین، پشت و پەنا و داژداری کورد
لاوەکان هەرکاتێ جێژنی ڕۆژی ئازادی دەکەن
بێننەوە بیرتان هەژارێک، شاعیرێکی زاری کورد
داوەتێکی ڕەشبەڵەک بگرن لە دەوری گۆڕەکەم
یەکتری ماچ کەن بە یادم دڵبەر و دڵداری کورد

***

بوخاریست ٢٧/ ٧/ ١٩٥٣: چوومە فستیواڵی لاوانی جیهان لە ڕۆمانیا. لەوێڕا ئەم شیعرەم وەک نامەیەک بۆ خێزانم نووسیوەو بە نەشمیل ناوم بردووە.

نەشمیل

نەشمیل کچە کورد ئەی باوەفا یار
چاوکاڵ، خوێن شیرین، نازک و نازدار
پەروەردەی ئاووهەوای کوردستان
گوڵی سەرچڵ و شەمامەی بێستان
جوانیت وێنە بوو لەناو هەواڵان
خەندەت سەد دڵی دەبرد بەتاڵان
وا تۆ حەوت ساڵە فرمێسک ئەڕێژی
لە دوور وەتەنیم سوێری دەچێژی

کـــولـّمی ســـوورت بوون بە گـــەڵای پاییـــز
ژاکـــــاوی و شــــێـــــواو لە دووریی ئازیز!

***

نەشـــمـــیـل ئەو دەردەی لە تـوە لە منیـــشـــە
داری ســــــــەبووریم دەرهـات لـە ڕیشـــــــە
منیش وەکـــــو تۆ هـەناســـــەم ســــــەردە
ژینم هـەمــــیــــشـــــە هـەمـــــڕازی دەردە
دڵ خــــــوێن و چـاوم ئەســــــرین دەڕژێـنێ
دوور دەســـتـــیت بەندی جـەرگم دەپســێنێ
نەشـمـیـل سـەبەبکار بەکـۆی زووخـاڵ بێ
ئیـــســـتـیـعــمــار وەک من وێرانەمــاڵ بێ
تۆی بێــوەژن کــرد کــوڕتی کــرد هەتیــو
منیش دەربـەدەر، بێ جــــــێـگاو بژیـو
بـەڵام کـــــــە ژیاوم، ژیاوم بە ئـەمـــــــەل
وا ڕۆژی ئەمــــــــەل هاتەدەر لە کـــــــەل
بە کـــــــــوردی دەڵـێـن "بەری تەنگانە
کـــورتە" مـــەســـەلی کـــوردانە، جـــوانە
زۆری نـەمـــــــاوە تـووش ببین شـــــــادی
کـــــــوردیش هەڵدەکـــــا ئاڵای ئازادی
هەرچی ڕژێنرا لە فــــرمــــێــــسـک و خـــوێن
کــــۆ ئەبێ و بەدکــــار تێــــیــدا دەخنکێن
نەشــــمــــیل ئەو ڕۆژە نەمــــا تەنیــــا بین
بێ کـــــــەس بێ داژدار بێ جێ و پەنا بین

هومـــێـــدمـــان نەبێ بە فـــریادڕەسێ
دەنگی کـورد نەگـا بەگـوێی هیچ کـەسێ
نەمـــا تـۆ کـــوردی نـایەمـــە یـاریت
دوعـــات لێ کـــراوە نـایە ڕزگـــاریت
نـەمـا "کێ ڕەنگی ڕەشـە یان ئەسـمـەر
بـۆ پیـاوی سـپی ببـێـتـە نۆکـەر"
ڕەش و سـوور و زەرد، سـپی و گـەنم ڕەنگ
وا ئێسـتـا یەک دڵ، یەک زمـان، یەک دەنگ
بـۆ داوای ئـاشـتـی و سـەلام دەخـرۆشن
بـۆ بـرایـەتـیـی گـــەلان دەکــــۆشن
***
نەشـمـیـل بریا تۆش بوای ئێسـتـە لەلام
وەک مـن بت دیبـا کـۆمـەڵی سـەلام
لـە هـەمـو جـسـن و زمـان و دینێ
هەرچی پیـاوچاکن لـەسـەر زەمـینێ
نوێنـەریـان لێـرە دەست لەدەست دەکـەن
خـوێنـرێـژی و زوڵم وزۆر بـەربەست دەکـەن
دەریـایـەک شـــەرەف شـــەپـۆلێ دەدا
شـــەڕ هـەڵایـســێن چۆن خـــۆ لێ دەدا
نـایـەڵن کـــورمـــان بـکوژرێ لە شـــەڕ
پێ بکەنە بەسـیـە چاوی سـوور و تەڕ
کـە تۆ مـەنشـووری سـەلامت مـۆر کـرد
نووکی قـەڵـەمت شـەیتـانی کـۆر کـرد

بۆمـــبـــا فـــرۆشـــان، چەتە و پیـــاوكـــوژان
خـــاوەن ســـەرمـــایەی خـــوێنی گـــەل مـــژان
لەو كـــۆخـــەی ئەوان ڕووخـــاندیان بە بۆم
چەند هەژارێكی وەكـــوو خـــۆت و خـــۆم
قـــازیـیـــە و یەک یەک دێتـــە بەردەســـتی
هەركـــەس هەقی خـــۆی دەنێنە مـــســـتی
***
مـــەڵێ كـــۆخی مـــە تەنگە و ئەوان زل
تێـــــوە ناچێ ئەو شـــــان و زگ و مل
گـــەر داد ئەســـتـــێنی بە هەق بێـــتـــە جێ
وشـــتـــــر بەكـــونی ســـــوژندا ئەچێ
مـــــەڵێ دەس نادەن قـــــەڵایـان بەرزە
عـــاســـمـــان ڕووشـــێـنن نایەنە لەرزە
باوەڕمـــــان پـتـــــر بەرز و قـــــەویـیـــــە
لە ڕاست ســـبـــاتمان عـــاســـمـــان نەوییـــە
مـــەڵێ بە فـــرۆكـــە دەردەچن لە چەنگ
خـــۆ دەشـــارنەوە لە جـــێی ڕەش و تەنگ
هوردووی كـــرێكار بەهێـــز و نەمـــر
ئەوان كـــەروێشک بە عـــــەرابە گـــر
چاومـــــان وا فـــــێـــــری ڕەشی زیندانە
دەبیندرێنەوە هەركـــوێ جـــێـــیـــانە
كـــە نەمـــا تۆوی خـــوێنمـــژ و زۆردار
دنیـــا دەكـــرێتـــە بەهەشت و گـــوڵزار

کــۆشکی ده قــاتی ئاغــا بەش دەکــرێ
ئێــمــەش چاوێکمــان خــانوو پێ دەبڕێ
نەشــــمــــیل من و تۆش بێ ترس دەژین
منالّمــان دێنە گــەشکە و پێ کــەنین
لێــیــان دەگــەڕێن کــوردی بخــوێنن
بەزمــانی زگــمــاک یەکــتــر بدوێنن
کــە کــۆمــەڵێ وا کــۆ ئەبێــتــەوە
ئالای کــوردانیش دەشــەکــێــتــەوە

***

بەغدا ١/ ٥/ ١٩٥٤: بەهۆی جێژنی یەکەمی مانگی مایۆی ساڵی ٥٤ گوتراوە

سوێندێکی گەورە

لە خـــــەو ڕاپەڕن کێ کــــــرێکارە
مـــــەچنە کـــار ئەمـــــڕۆ یەکی ئەیارە
خـــــەبەر بنێــــــرن بۆ نزیک و دوور
کـــــۆوەبن، هەڵکەن ئالایەکی ســــوور
ئاسنگەرێ بێ کـــوتکی لە ســـەر شـــان
ڕەنجــــبــــەرێ خــۆی و داســـێکی دەم پان
لە دەوری ئالا ســــــروودی جـــــێــــــژن
بەئاهەنگی بەرز تێکڕا ببــــێــــــژن:

***

ئەی ســـــەرمـــــایەدار پیـــــسی پارە زۆر
سپی لەش، دڵڕەش، زگزلی خوێن خۆر

تەنبەڵ، تەوەزەل، ترسەنۆک، خوێڕی
بان بانکی نووستووی سەر کۆمای زێڕی
تاکەی تا کەنگێ دەکوژی، دەبڕی!
ئێمە بەو پارەت دەفرۆشی، دەکڕی!
چۆن من شەو و ڕۆژ ئارەق بڕێژم
قەت تامی چەوری و شیرنی نەچێژم!
چۆن گەنم چێن بم شک نەبەم نانێ
چ دینێک ئەمەی بەڕاست ئەزانێ!
دەسکاری من بێ کۆشک و سەر سەرات
کەچی جێ خەوێ لە من ببێ قات!
حەریری بەرتان من ڕستم چنیم
ئێوەم پۆشتە کرد هەر خۆمم چنیم!
تاکەی دارتاش بم بێ دەرک و کورسی
جۆلا و جوتێر بم بێ دەرپێ و برسی؟
تاکەی فرمێسکی ژن و منداڵم
ئارەقی ڕژتووی ڕەنجی چەندساڵم
دەدەی بە ئارەق خۆت سەرخۆش دەکەی!
من نەخۆش دەکەی خۆت بێهۆش دەکەی!
ئەی زاڵم دنیا بە پێچ و دەورە
بلەرزە و ببیە ئەم سوێندە گەورە:

***

سوێندم بە یەکەم جێژنەکەی ئەیار
سوێندم بەهێزی چینی کرێکار

سوێندم بە چرچ و لۆچی ناوچاوم
دەستی قەڵشاوم، لاقی سواوم
سوێندم بەو باسکە کوتک ئەوەشێنێ
سوێندم بەو پشتەی کۆڵ ئەڕفێنێ
بەگاسن، بەداس، بە شانی بە قوڕ
بە پەستەکی کۆن، بە چۆغەڵەی شڕ
سوێندم بە ڕەنگی زەردی بێ نانان
سوێندم بە نووستووی شەو لە کۆلانان

***

بەشۆڕشگێڕی ئوکتۆبری مەزن
پاڵەوانانی هەرگیز نابەزن
پارێزگارانی ستالینگراد
گیان فیدایانی سۆڤیاتی ئازاد
سوێندم بە لاوی کۆریا بە چین
بەزەبر و زەنگی لاوانی ڤێتمین
بەو توونسیانەی لە بەندا رزاو
سوێندم بە زەنگی، بە ڕمبی ماوماو
بەو خوێنەی پردی بەغدای کرد ڕەنگین
بە ڕاپەڕینی کانوون و تەشرین
بەو توودەی ناوی کرد لە دنیادا
بەوانەی کوژران لە مهابادا
سوێند بە بارزانی چۆڵ کراو، سووتاو

بەقودسی و عیززەت، خەیرۆڵڵا و خۆشناو
سوێند بە ئاشتی، بە کۆتری سەلام
بەژین و خۆشیی گشتی و بەردەوام
هیچ سات و کاتێ دەس هەڵناگرم
یان هەق دەستێنم یان بۆی دەمرم
«ماکارسی» ، «دالاس» ، «دەویت زەناوێر»
بە مانگ وەڕینیان بێ سوودە، بێ خێر
تێم بەردەی هەزار «کای» و «سینگمان ڕی»
ئاواتی دوارۆژ هەر دەهێنمە دی
بۆمبای میکرۆب و هێدرۆژین، ئاتۆم
دەیخەمە ملت و دەتهاوێمە گۆم
دە هێندەی دیکەش وەک زاهیدی و شات
نووری و بەیار و مەلای پیساوات*
هاکا توانەوە بوونە بەفری پار
هەر پایەدارە هێزی کرێکار
لافاوی مێژوو بە گوڕە و تاوە
پیسی و پڕ و پووش ئەخاتە لاوە
بەزم ئەگرین لەسەر گۆڕی زۆرداران
دنیا دەبێتە جێژنی هەژاران
* * *

* پیساوا: نیاز پاکستانە.

بەغدا ٢١/ ٣/ ١٩٥٥ - بەهۆی جێژنی نەورۆزەوە بەنهێنی لە ماڵە دۆستێک بانگ کرابووم، ئەمانەم نووسیوە:

شۆڕشی خۆ کرد

تا دوێنێ دنیـــا پڕ لە ســـەرمـــا و ســـۆڵ
بەفـــر گـــرتبـــووی دەشت و چیـــا و دۆڵ
ڕەنگی گـــوڵ، دەنگی بولبـــول دڵخـــۆشی
پێی دا درابوو پەردەی خـــــامـــــۆشی
ژیـنـی هـەزاران نـەمـــــــــامـی ئـازاد
بەزۆری ســـەخـــتی شـــەخـــتـــە چوو بەرباد
حـــوکـــمی پۆلیـــسی چلەی ناهەمـــوار
قـــەل و کـــوندەبووی هێنایە ســـەرکـــار
دەقـــڕین بۆ قـــڕبوون، بۆ مـــاڵ وێرانی
بـۆ درێـژبـوونـی ژیـانـی زســـــتـــــانـی
کێ ناوی کـــۆتر و ســـورگـــوڵی دەبرد
بـەچنـگ و دنـدووک چاویـان دەرئەکــــرد
بەڵام مـــەنشـــوورە بەفـــر ئەچێـــتـــەوە
ڕووی ڕەش بۆ خـــەڵووز ئەمـــێنێـــتـــەوە
وابای وادە هات ســـــەرمـــــا تەواو بوو
گـــوڵزار پڕتاو بوو، قـــەل بێ کـــڵاو بوو
شـــۆڕشـــە ئەمـــڕۆ هەور ئەگـــرمـــێنێ
باران دەڕژێنێ، بەفـــــر دەمـــــرێنێ
کـــوند وێرانە مـــاڵ، قـــەل قـــڕەی بڕا
ســـــەرمـــــا داواکـــــەر دەهۆڵی دڕا

نیشانگەی سەرما و شەختەی دنیاگر
نەماوە غەیرەز دوو کێلی قەبر
***
شۆڕشە شۆڕش، کۆتر ئەگمێنێ
گیا سەر دەردێنێ، گوڵ خۆی دەنوێنێ
ئەرخەوان ئاڵای شۆڕش لەسەر شان
سوپای مێلاقە و سوێسن گرتی سان
بولبول و قومری سروود ئەخوێنن
پیردار لە خۆشیان سەر ڕادەژێنن
قاسپەی کەو لە کێو، تەقڵەی باز لە دەشت
تا کوردستان بێ لە کوێیە بەهەشت؟
سازو ئاوازی «مێروو» هەزار دەنگ
سەد هەزاران گوڵ بە هەزاران ڕەنگ
وەنەوشە مل کز نەرگز دیدە مەست
لاسایی دەکەن ژێر دەست و سەربەست
***
پاشای نەوبەهار لەسەر تەختی گوڵ
ئەمڕۆ ڕووی کردە بولبولی سەرچڵ
وتی "کوردستان وا ژیایەوە
زیندوو بوونەوەی کوردان مایەوە
هەروەک نەورۆزی کوردەکان هەیە
ئاخۆ نەورۆزی ئازادییان کەیە!"
***

بەغدا ١٩٥٥/٧/١٢- فستیواڵی لاوانی جیهان لەوارشەو دەبەسترا چەند برادەرێکی کوردیش بەرەو وارشەو ئەچوون بۆ هاوار کردنی کورد، منیش ئەو شیعرانەم پێدا ناردن کە لەوێ بیخوێننەوە:

نامە بۆ وارشەو

کوردێکم دەوێ چاپک و پتەو
سەفەرێک هەیە بۆم بکا بە شەو
نەهێڵێ تورک و عەجەم بزانن
داگیرکەرانن لە کوردستانن
ماڵ لە خانەخوێ حەرام کراوە
مەسەلی کوردە و لە کورد ڕووی داوە

***

پێشان بچێتە شاری مهاباد
تلیشێ بێنێ لەو داری بێ داد
ئەو داری قازی و سەیفیان پێداکرد
جمهوریەتی کوردیان پێ لابرد
بچێتە ئاگری داغ نێزەیەک بێنێ
ژەنگی هینابێ بە دڵۆپی خوێنێ
کام خوێن! خوێنەکەی لاوانی کوردی
لە ڕێی ئازادی مردن بە مەردی
ئەو کوردەی گیانیان بە ئاواتەوە
ئێستاش لەو کێوە دەنگ ئەداتەوە
ئەو دار بەو نێزە دادەن وەک قەڵەم
قەڵەمێ هەر خۆی هاوارکا بە دەم
خوێنە خەستەکەی کوڕە بارزانی

کــه ئیـــســتــعـــماریان به ســەگ ئەزانی
بـەئـاوی چـاوی کـــــــوڕ کـــــــوژراوانـی
بـەر دەرکـی ســـــەرا لـە ســــــولـەیمانـی
شـل بـکـرێـتــــــــەوەو لـێـک درێ تـەواو
بکرێتــە کــەللەی مـــســتــەفــا خــۆشناو
لە جلکی شــــــڕی هەتیـــــوبارەکــــــان
یان دەربـەدەر و شــــــارە و شــــــارەکــــان
ڕیتـــــاڵێ بێنن بەو خـــوێن و خــــامـــە
هەژارێکی کـــــــورد بنـووسێ نـامــــــە
کــۆترێکی ســـپی تیـــژ باڵ، بە ســەر ڕەو
نـامــــە بەرێتـــە کــــۆنگرەی وارشــــەو
***
لاوانی دنیــــا ، پیـــاوچاکـــانی مــــەرد
شـــەریفـــانی هەرد، ســـافــانی بێ گــەرد
زۆر ملیـــــۆنن کـــورد لە ئاســـــیـــــادا
کـــــۆنتـــــری گـــەلان لە ڕووی دنیــــادا
وەحـشی ئیـــســتــعـــمــار لەســەریان زاڵە
بـڕیـویە ڕێـگـەی هـەنـاســــــــە و نـاڵـە
***
زمـــــانی زکـــــمـــــاک مـــــەنع کـــــراوە
دەرکی خـــــــــوێندنمان لێ داخـــــــــراوە
دەرمـــان و دوکـــتـــۆر بۆتە ئەفـــســـانە
لێــدان و قــەمــچی لە جـێی دەرمــانە

سێڵاوی نەوتم، پەیدابووی خاکم
تووتنم، گەنمم، خەرجم، پیتاکم
دەچێتە «ستی» و «واڵ ستریتەوە»
سەدیەکی بۆمن دەگەڕێتەوە
ئەویش دەستبەندی بۆمن پێ دەکڕن
یاخۆ تیغێکە سەرمی پێ دەبڕن
یاخۆ بۆ زیندان، دەمخەنە ناوی
یان بنکەی شەڕە و مەتاری ئاوی
کێوانمان هەمووی کرایە سەنگەر
هێزی شەڕ و شۆڕ لێی دەخا لەنگەر
موساعەداتمان هەرتۆپە و تفەنگ
لاومان دەکرێنە دەستەچیلەی جەنگ
چەک فرۆشانی شەڕ هەڵایسێن
لەژێری گەلان گەلێک دەترسێن
لە نیسێی خۆیان دەسڵەمێنەوە
لە گەمەی کۆتر دەڕەوێنەوە
زمان هێمنی بڵێ دەیبڕن
قورعان سەلامی تیابێ ئەیدڕن
دەستێ بنووسێ وشەی ئاسایش
توند ئەکرێ لەناو کەلەپچە و قایش
***
بەڵام بێ گومان خەیاڵیان خاوە
مەودا نەماوە، کاریان کراوە

لێدان و بەند و زیندان، زگ دڕین
قەنارە و قەبرو کوشتن و بڕین
دەرمانی دەردی ئیرتجاع ناکا
بارێی هەڵاتن بۆ خۆی پەیاکا

***

لاوانی کوردیش لەسەر ئەو حاڵەش
لەگەڵ ئەم ژینەش، ئەو ڕۆژە تاڵەش
دەست درێژ دەکەن بۆ دەستی ئێوە
سوێند ئەخۆن لەسەر مەبەستی ئێوە
تا تەڕاییی خوێن لەڕەگیان دا بێ
تا شەڕ هەڵگیرسێن لە دنیا مابێ
بەبێ ماندوو بوون بێ شلی و سستی
تێکۆشن بەگیان لە ڕێی سەربەستی
نەک هەرسەربەستیی خاکی کوردستان
بەڵکو ڕزگاریی هەموو ژێردەستان
ئێوەش ئەی لاوان نامە، هاوارێک
لەو کوردە زۆرە باسێک، پرسیارێک
کوردیش وەک ئێوە تیرەی ئینسانن
شەرمە خەبەر و باسیان نەزانن
کۆمەڵی بەزەی جانەوەر هەیە
کورد کە ئینسانە لێی بێ بەهرەیە
نابێ ویجدانتان بەمە ڕازی بێ
گورگ لەناو مەڕ هەرخۆی قازی بێ

لە ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانا
لە کۆبوونەوەی ڕۆژ و شەوانا
یادێکی بکەن لەکوردی هەژار
قوولە لە گورگی وەحشی ئیستعمار
گەر ئێوە دەستێک بدەنە دەستم
هەر هێندەی لەناو زەلکاو هەلدەستم
کوردم بەناوبانگ ئازا و بەکارم
یەک بم خەنیمی هەزار نەیارم
دڵ دانەوێکم ئێوە بۆ بنێرن
مەرگی داگیرکەر بەخۆم بسپێرن

***

بەغدا ١٩٥٦/٣/١٨- هەواڵێکی کورد گوتی کچێکی کینیایی هەیە لە لەندەن، گۆڤارێک دەنووسێ، گوتوومە شاعیرێکی کورد شیعری بۆ ماوماو نووسیوە، جا قەرارە بۆی بنێرم و ئەویش بە تەرجەمەوە چاپی کا، منیش ئەمانەم نووسی ناردم:

پەیام بۆ ماو ماو

ماوماو من و تۆ دوو دۆستی هاودەرد
بەخوێنی گەرم و بە هەناسەی سەرد
هەردوو گیرۆدەی دەست ئیستعمارێک
هەردوو مارانگاز بەنێشی مارێک
ئەو وەحشەی بە دەم کینیا مژە
بە جووتە و چەپۆک کوردستان کوژە
من و تۆ ماڵمان بەرەڵلا و بێ خێو
پڕنەوت و گەنم پڕ لە زێڕ و زێو

تۆ بە قسەی کاهین من بە گفتی پیر

تەوەکەل گیر بووین، بێن خوداگیر

لەیەکتر کوژی و دوژمنی یەک بوون

بیری یەک بوون و دوژمن لەبیر چوون

دێوێکی پیاوخۆر، فێڵباز و بەدکار

لە پێستی مەڕدا گورگێکی خوێنخوار

شەیتان لە پێستی مەلائیکاندا

لەژێر سێبەری پیر و کەهاندا

شارستانیەتیی سپیان بۆ هێناین

گورگان کەوتنە کۆز، لبۆزیان تێ ناین

هاتن فێرمان کەن چۆن مەدەنی بین

چۆن نانبڕاوی دەستی دەنی بین

چزوو مامۆستای سپی دز دەرچوو!

زگپڕی درۆ درۆی لەبەر چوو

کاڵ و کوڵیویان گشت لێ فڕاندین

گۆشتیان برژاندین ئێسکیان کڕاندین

دزییان، بردییان هەر شتێ ماڵ بێ

وتیان ماڵ خوراو بە کۆی زوخاڵ بێ

***

ئێستاش بە قسە هەرخۆی هەقدارە

دروستە دز بێ خاوەن حەزارە

قەیناکا بدزێ هەر نانێ هەتە

تۆ بڵێی برسیم پێت دەڵێ چەتە

تۆ بۆ مـــــەزەی ئەو جگەر کـــــەبابی
مـــەلێ ئاخ و ئۆف دەبیـــە ئیـــرهابی
ئەوان بە بۆمـــــبـــــا بمانکوژن چش
وەحشین بەمێشـیان ئێمە بڵـێین: کش
گـــەر بخنکێـنن کـــۆرپە ســـاواکـــەم
دەبێ مـن بچم بووردن داوا کـــــــەم
تا کـــوڕی بۆر و ڕەشـــمـــان خنکاوە
مـامـۆسـتـای سپی دەسـتی ئێشـاوە
گەر بسـتـڕمەوە تفـیـان لەسـەر ڕووم
هێـشـتـا هەر کـێـویم، ئەدەب فـێـر نەبووم
گـــەر نان بڕاو و خـــانە بەربادین
قـــەیناکـــا، لەگـــەڵ دنیـــا ئازادین
خـــانەوێرانی، شـــەقێ لە خـــەم دە
دڵ خـۆشن خەڵکی «داونینگ ڕەقـەم دە»
گوێ مەدەرێ خـۆت کە ڕووت و برسیت
خـۆش ڕادەبوێرن خەڵکی «واڵ سـتـریت»
گەر کـورد و مـاومـاو بەبێ ڕۆن کـوێرن
خـۆ «داڵس» و «ئیـدن» تەسـەل و تێـرن

***

گـــەر دیموکـــراتی و ئازادی گـــەلان
ئەمــــەیە، خـــۆزگـــەم بە ورچی تەلان
کـــەنگێ قـــانوونی جـــەنگەڵ وابووە
چ جـــانەوەرێک ئەمـــەی خـــواردووە!

ئەگــــەر ئـازادی مــــانـای هەر شـــــادی
بـۆ بـەهـێـــــــــــزان بـێ، تـف لـە ئـازادی

***

بـرام خــــەم مـــــەخـــــۆ دەوران دەورانـە
هاکــــا تێک چوو ئەم دەور و دووکــــانـە
قـــانـوونـیـــــان تـفـی ســــــەربـەرەو ژوورە
مــەرگی سـەگی هـار مـەشـهـووره سـووره
ئـەو خــــــوێـنـە ئـاڵـەی ئـەوان لـە تـەنمـان
ڕژانـدیـان لـەســـــــەر خـــــاکی وەتـەنمـان
لاشـــــەی لاوانی لـە خــــوێـنـدا شـــــتـڵ
دەدێـرێ کـــــــەوا خــــــراونـە بـن گـڵ
هەربینا شین بوو، بوو بەگــوڵی ســوور
بـــۆنــــی ئـــــازادی دا نــــزیــــک و دوور
نـەمــــــامـی باڵای شــــەهیـــدانـی لاو
گـــوردانی کـــوردان مـــەردانی مـــاومــاو
ئەو شــــەهیــــدانـی ســــەربەست و ئازاد
چ لـە نـایـرۆبـی یـان لـە مـــــــهـــــــابـاد
بـەرز دەبـنـەوە و دەبـنـە ســـــێـــــدارە
پێـــیــــان دادەکـــرێ هەرچی بەدکـــارە
ئاڵای ئازادییـــان لەســـەر هەڵ دەکـــرێ
شـــــــۆقی ئـازادی دنـیــــا دادەگــــــرێ
نـاترســێین خــوێـنـمــژ بێنەوە ســەرمــان
دەبنە کـوتک و داس، ڕمب و خـەنجـەرمـان

ئەوســـا هەمـــوومـــان خـــۆش ڕادەبوێرین
لەشـــوێن ئیـــســتـیـعـــمـــار نەفـــرین دەنێـــرین
***

قبور البیض، «توربەسپیان» سووریا، ١٩٥٦/٧/١٠

سروود

وەتەن ســـوێند بەکـــێـــواتی ســـەر بەرزی تۆ
وەتەن ســـوێند بە داهاتی ســـەد تەرزی تۆ
وڵات ســوێند بە بەفــرت بەخــۆشـیی هەوات
بەنەفـــــتت بە ئاوت بەدەجلە و فـــــورات
هەتا قـــەترە خـــوێنێکی تەڕ شک دەبەین
بەقــــــوربانی ئازادیی تۆی دەکـــــــەین
کـــــوڕانت لە ڕێی کـــوردەواریی مـــــەزن
لە کـــــــوژرانی ســــــــازن بەڵام نابەزن
ســەر و مــاڵ بەقــوربان دەکــەین گـشـتــمــان
لەڕێی ســـەربەخـــۆبوونی تۆ نیـــشـــتـــمـــان
عـــەرەب، تورک و فـــارس لەســـەر خـــاکی تۆ
سێ دڕکن لەســـەر ســـینەکـــەی چاکی تۆ
هەچی خـــوێنمـــژی کـــورد و داگـــیـــرکـــەرە
کـــفـن هەڵگرن با ڕووە و مـــەقـــبـــەرە
ئەبێ خـــواردنی ئێـــمـــە دەرکـــەن لە دڵ
چەقـــۆ گـــەییـــە ئێـــســقـــان و خـــوێن هاتە کـــوڵ

دەمی خــەنجــەری تیــژ و مــووکــارمــان

گــەلێ تینووە بۆ خــوێنی بەدکــارمــان

ســەرومــاڵ بەقــوربان دەکــەین گــشــتــمــان

لەرێی ســەربەخــۆ بوونی تۆ نیــشــتــمــان

لە ڕووی دۆست ڕووخــۆش و گــەش هەر منم

لـە ڕووی دوژمـنـی مــــەوتـەنم مــــردنم

گــەزەنفــۆن و شــێــردڵ دەدەن شــاهیــدیم

کــە شــێــری شــەڕ و کــۆتری ئاشــتــیم

بە دۆلار ئەوی ویســــتی دنیــا گــــرێ

یەقین خــۆی دەتۆپێت و کــورد نامــــرێ

هەزار ســوێندی بەغــدا وەکــو پووشــە لام

لەســەر زۆرکــەران مــەرگــە هێــزی ســەلام

ســەرومــاڵ بە قــوربان دەکــەین گــشــتــمــان

لەرێی ســەربەخــۆ بوونی تۆ نیــشــتــمــان

***

سووریا ، قبور البیض، ٢١/ ٤/ ١٩٥٧- نزیکەی ٣ ساڵ لە کوردستانی داگیرکراوی سووریا پەنا نوشینی خانەدانی حاجۆ ئاغا بووم و ئەوان بەخێویان دەکردم. لەو ماوەیەدا مەم و زینم وەرگێڕا سەر موکریانی و کۆمەڵە شیعرێکم بەناوی «بەیتی سەرەمەڕ» لەچاپ دا و ئەم پەسەندی بەهارە و چەند شتێکی تریشم هەر لەوێ نووسیوە:

من و بولبول

بولبــــول ئەی یــارەکـــــەی دێـرین

خـــونچـــیـــلانەی دندووک زێڕین

هــاوفـــــــــەردی زووم بــۆ هــەژاری

هاوڕێی پێشووم لە دڵداری
وەبیرت دێ پایزی پار!
ڕەشپۆشیی دەشت و زەردیی دار
گژە و گڤەت لە با دیبوو!
هەوای پێش تەرمی شادی بوو
دەیدا خشپەی گەڵاڕێزان
خەبەری مەرگی ئازیزان
بەژن و باڵای نێرگزی مەست
لە گێرەی گزرەدا پێ پەست
سوێسنە و مێلاقەی زەرد و سوور
بوونە دەستەچیلەی تەندوور
کلوە بەفری درشت و ورد
چۆن سەرزەویی کفن دەکرد!
کوندەبوومە و قەلی ڕووڕەش
کەلەپووریان دەکردن بەش
من و تۆی برسی و بێ پەسیو
لە کونجێ خزیو بێ بژیو
دەگریاین بە بانگ و هاوار
بۆ خونچە بۆ گوڵ بۆ بەهار

***

نەم گوت هەتا سەر وا نابێ!
چاوت لە بەزەیی خوابێ

بڕوانە لەبای شەماڵی
سەرمایەی سەرمای ڕاماڵی
سەرمایەداری سەرمایە
بێ سەرمایە و بێ سەر مایە
ڕێژنە بارانی ئازاری
ئازار بوو لە زستان باری
دوو پۆلوو کەوتن لە حووتا
ڕیشی سپیی چلان سووتا
گەرمیی هەردوو گرمەی هەوران
شۆڕشێ بوو گۆڕیان دەوران
تەرزەی گرد و خوناوکەی ورد
چاوی کرێوەی سپی کرد
تەزووی پیرێژن کوژاوە
ئاویان لە جێ ماڵی ناوە
ڕۆژ کەوتە کۆشکی کاوڕی
گیسکی مسیان بۆ سەربڕی
بەدەنگی زوڵاڵی بۆقان
سەرچاوەی دڵ ناسک تۆقان
قوڕاوە سووری بەهاران
دەرمانە بۆ دەردەداران
ڕای ماڵی پووش و چیلک و چاڵ
جێژنە و دەبێ خاوێن بێ ماڵ

زەماوەندە

نـــــەورۆزەی زەردی زێـــــڕیـــــنـــــە
زەردەی لـە لێـــــوان ببـــــینـە
بـــەنـــاز پـــێ لـــە زەوی دەنـــێ
بـەرەو نـەورۆز پـێ دەکـــــــەنـێ
گــــــەزیـزە مـــــــوژدەی هێـنـاوە
پێش پەیکی گــیـــابەند و خـــاوە
هـەر بمێـنـێ شــــــــای بـەهـارێ
دوو بـووکـــــان دێـنـێ بەجـــــارێ
ئـەرخــــــــەوان بـووکـی نـەورۆزە
دەشت لە نـیـــســـــانێ پیـــرۆزە
گـــــۆوەندە و خــــۆشــــیـی دڵانە
بـەزمـــــە و ئـاهەنـگی گــــوڵانـە
شـــایلۆغـــان لە مـــاڵی شـــا بێ
دەبێ چ بـێ و چیـی تیـــــــابێ!
ســــــەیرێ بـکە لـە گـــــوڵـزاران
تـیـپ تیــــــپی ناسک و نـازدارن
کــەسک و ســـوور و زەرد و عـــابی
قــــاوەیـی و شین و عــــــەنـنابـی
نەبـاتـی و ئاڵ و کـــــاڵ و گـــــەش
ســــپی و مــــۆر و بنەوش و ڕەش
ڕۆنـیـــاسی و خـــاکی و پەمـــبــەیی
بۆر و ســــپـــــات و ســــورمـــەیی

ڕازاوەی ڕەنگی خواکردن
لەو سەر زەماوەندە گردن
سۆسەنبەر و مالۆچە و گوڵ
مێخەکی و لاولاو و سونبول
تیکەڵ بوون وەک کەزیی یاران
لێک هاڵان وێنەی دڵداران
کۆڕی بەیبوون و هەڵاڵە
لەکن نێرگزی چاو کاڵە
سوێسنە و بیژان و بەڕۆنە
نەشە و گەشەی هەردوو بۆنە
کەلەم کاشوور و گوزەروان
کوا جوان بکۆخێ لەبەر وان!
لالە هەباسی شۆخ و شەنگ
تافتەی لەبەردا بە حەو ڕەنگ
سەیدی پاتۆڵ زەرد، گێلاخە
چاو دادەگرێ لە قازیاخە
دۆریە و مەندێی بالا بەرز
شاتەڕە و جاترەی سەد تەرز
سەیدۆکەی سەر گوڵینگەدار
ئەسپەندەر نوشتەی چاوزار
ناعنە و ڕێحانە بۆن خۆشن
حەتران لەو ناوە دەفرۆشن
کڵاو بن چادری هەڵداوە

ڕێـواس بەنـاز هەڵـوێســـــــتـــــاوە
وەنـەوشــــــە و بـەژنـی بـبـــــیـنـە
چەند خـــشـــپـــیلە و نازەنینە!
گـــوێی لە ســـێـــوەڕە گـــرتووە
مـلـی لەســـــەر خـــوار کـــــردووە
چـــاو لــەو پــەپــوولــە نــازدارە
چـەنـد دوودڵ و هـەرزەکـــــــــارە!
بەشـــەو لەگـــەڵ شـــەمـــێی ژوانە
بـەڕۆژ لـە دەوری گـــــــــــوڵانـە
***
گــوێ بگرە لە هەوری نیـــســـــان
کـــەوتەوە گـــرم و هۆڕ دیســـــان
دڵ خـــۆشــە بەخـــرۆش و جـــۆشـــە
زاوای دەشـــتـی ســـەوزە پۆشـــە
گـــــوڵاوپرژێن دەکــــا لەســـــەر
دەینەخـــشـــێنێ ســیـنە و کــەمــەر
تارای بۆ نارد لە مـــێـــلاقـــە
بۆی چنیـــوە کـــەوای تاقـــە
لە گـــوڵەبابوونە و کـــەنێـــرە
هێـــرۆ و شـــەشـــپـــەڕ و شلێـــرە
شێـســـتـپـــەڕ گـوارەی پڕ پەڕەنگە
ئـەڵـمـــــــاس تـنـۆکـی ئـاونـگـە
مـلـوانـە لـە چـڵـی بـیـــــــزایـە

پڕ چنوور و بەرەزایە
نیشانی یار ڕۆژی مارە
لیزگەی هەمیشە بەهارە
یاقووتی خاشخاشی تێدا
جا خوا ئەو بەختەی بە کێ دا!

سەیرانکەر

بۆ سەیری بووک لە هەر لاوە
گیاوگژ سەری دەرێناوە
کەنگر، کوڕادە، کاردوو، پنگ
پرپرە، تیسوێ، هەڵز و شنگ
تاڵوو، تۆڵەکە، کووزەڵە
لووشە و چەقچەقە و ڕێزەڵە
پۆلکە و ترشۆکە و ئاڵەکۆک
گوێ بەرخە و میژۆرد و کیفۆک
قورینگان و زەرتکی ڕەنگ
تاڵیشکە و خوشیلک و غەربەنگ
مێکووک، ڕەکێشە، ئەسپەناغ
ئاڵقەتیز و گێلم بەرباغ
تەنانەت کارگی کەمایە
هاتە دەر بۆ تەماشایە
چی ڕووگرژ و بێن ناخۆشە
خراونە کەنار و گۆشە
کەکرەی تاڵ بێ هەواڵ ماوە
سیر لە دەرکی مار ڕواوە

سەمای دارانە

کۆڵکەزێڕینەی پاش باران
تاقە بۆ پێشوازیی یاران
هاژەی هەڵدێر خوڕەی ئاوان
لاوک بێژی بووک و زاوان
سەوڵ و سنۆبەر، بی و چنار
بە مەی بەرامەی بای بەهار
سەرخۆشن خۆ ڕادەژێنن
باوەش لەیەکتر وەردێنن
داری سێو و هەڵووژە و بێ
قەیسی و خۆخ، بادام و هەرمێ
لە ژێر سێبەری کوڵووکان
جوانتر لە سەد تازە بووکان
کفر و گەز و گوێژ و چاڵووک
گوێز و بوز، بەن و بەلاڵووک
سپیندار و گێلاس و توو
مازوو، دەمووکانە و بەڕوو
دەس گیرانە لە هەر لاوە
سەما دەکەن بە دەم باوە

بەزمی باڵدارانە

سوڕە و سێروو دەڵێن پەستە
دار کوتکە دنبەک بەدەستە
دوڕنا زوڕنای خۆی هێناوە

پەپوو دەهۆڵی جۆش داوە
زەردەزیڕە دەخولێتەوە
ئەوی دەیڵێ نایڵێتەوە
پاساری لاوی گوێ سوانان
هاتە ناو ڕیزی خۆشخوانان
کوڕ کوڕ تووڕاندیە شمشاڵی
شێلاقە خۆی لێ هەڵماڵی
بەرگا و قوڵتە و گۆریەچنە
هەوێردە و چوڕەپۆپنە
قومری و پۆڕ کەوتنە دیلانێ
سوێسکە ڕەوتێک باش دەزانێ
کەندەسمە بەناز خۆی نواند
تۆبەی تاق تاق کەرەی شکاند
ڕەش بەش لە دەستی کەلکایە
قاژو ماسیگرەی لایە
دۆی سوورەقانگ زڕە کەوە
بۆرچین سەرسەوزی گرتەوە
کۆتر و کەو سەرچۆپی کێشن
شۆخ هەمیشە هەر لە پێشن
شاهۆی سۆفیلکەی ناو ئاوان
لەو سەریەوە بۆتە گاوان
کاسەڵەشینکە و سریلە
دەڕوانن لە سووچ و سیلە

مۆزەشینەش بە چووزەلە
گوێلکی خستۆوتە هەلوەلە
لەکلەک بەیانی و ئێواران
لێ دەدا سێ تەپڵی سواران
پەرەسلێرکە پۆل بە پۆل
ڕمبازیانە لە دێ و لە چۆل
بارە و کارەی ماک و زایە
سەمای هێنایە سەمایە
قاز و قورینگی عاسمانێ
ڕیز بە ڕیز دێنە سەیرانێ
سەرسامن بۆی ڕادەمێنن
باڵ و سەر ڕادەوەشێنن
باشووی بەگ سەقر و بازی خان
چەکمەرەق شمقارِ و تەڕلان
هەڵۆ و شەهێن پەڕینە کێو
زۆردار ڕێی نییە بێتە نێو
دەرکران سیسارگ و خەرتل
خوێنتاڵن کەچەڵ و زگزل
خۆشی خۆشیی مێشەنگوینە
جەنگەی شیرە هەڵمژینە
هەر لە خۆی دێ دەستڕەنگینی
سەیری شانە و شانشینی
لە چێژەی گوڵ و گوڵووکان

ئاخنی شەش گۆشەی دووکان
پوختەی پەلکی شین و سوورە
شین و سپیی ناو پلوورە

بەمراد گەیشتنی بولبول

جا ئەی دەنگخۆشەکەی چەلەنگ
بوێژەکەی بە ناو و دەنگ
لەناو باڵدار و گوڵاڵە
تەنیا جێگەی تۆ بەتاڵە
گوڵ ئامێزی گرتۆتەوە
خونچە خۆی ڕازاندۆتەوە
جێت لەسەر چڵ چاکراوە
بەرەی گەلا داخراوە
داران ئامادەی گوڵباران
لێت پیرۆز دیداری یاران
واتۆ گەییتە کامی دڵت
شاد بە بەدیداری گوڵت
بچریکێنە تا دەتوانی
بخوێنە بە کامەرانی
سروودی جێژنی ئازادی
ڕزگاری لە نامرادی

جوێ بوونەوە

ماڵیاوا کۆنە هاو دەردم
با دوور بێ لە ئاهی سەردم

تۆخۆش من هەر ژیان تاڵم
ناتوانی ببیە هەواڵم
وا باشە بەجێم بهێڵی
هەرخۆم وێڵ بم لە شوێن خێڵی
دەردی من یەکجار گرانە
هەڵوەداییم بۆ دەرمانە
مەمکولێنەوە مەمدوێنە
سووتاوم پێم مەدرکێنە
گوڵی من لە یارت جوانتر
یارم لە گوڵ خان و مانتر

چەند جوانە!

مانگ و ڕۆژ، گەلاوێژی گەش
گڕی ئاگر بەشەوی ڕەش
بۆنی خۆش، گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ
باریکیی شیعر و خۆشیی دەنگ
زەنگی سەرشەوێن، فیکەی شوان
خشپەی وردە ماچ لە جێ ژوان
تیشکی مانگ لە ئاوی کانی
سروەی شنەبای بەیانی
لە دوور قاسپەی خاسە کەوێ
نازی بووکی هەوەڵ شەوێ
سپیایی سینە شینی خاڵ
سوورایی کوڵم و لێوی ئاڵ

زەردیی گــــەردن و ڕەشــــیی مــــوو
تەنگیی دەم و گــــوشــــادیی ڕوو
ســـافــیی هەنیــە ڕاســـتــیی کـەپۆ
چاڵـی چەن کــــــەوانـەی ئـەبـرۆ
مـەســـتــیی چاو قــولاپەی برژانگ
ســـایەی پەرچەم لەســـەر لاجــانـگ
خــــــڕیی مـــــــەم، بـڵـندیی باڵا
گــــاڵەی تاقــــانە لە مـــــاڵا
زەردەی زەردەپـەڕ لـەســــــــەر ئـاو
پـرووشـــــــەی باران لـە بەر تـاو
خــــــوڕە و چاوئـەندازی هـەڵدێر
بــازی ئـاسـک، ئـاوازی بـلـوێـر
کـــــەروێشکەی گــــەنم بەهاران
بەفــــری هاوین لـە پەســــاران
دیمەنی کــێـــو و نەخـــشی دەشت
هەر لـێــــــــرەوە هـەتا بەهـەشت
هەرچی خــــۆشن هەرچی جــــوانـن
کـــۆیلەی جــوانیی کـوردســـتــانـن
جێی ئازایان
کــوردســـتــان جــێی گـوردی کــوردان
بێـــشـــەی شـــێـــردڕ و نەبەردان
لانـکـی زەردەشت و مـــــــوهـابـاد
پایتــــەخــــتی شــــاهانی مـــاد

جێگا تاجی کەیخوسرەوی
کە بووی باجی هەموو زەوی
مەیدانی گۆدەرز و ڕۆستەم
کۆشکی دڵداری زین و مەم
ڕێبازی بارامی چۆبین
جێڕازی فەرهاد و شیرین
هەزار فەرەیدوون و کاوە
سەری هەڵداوە لەو ناوە
لە ڕۆژهەڵاتی کۆن و نوێ
لە مێژوو بنۆڕە و بدوێ
لەلایەن کوردی ئازاوە
کێ ساغ ماوە و داغ نەکراوە!

هێندێک لە پاڵەوانەکانی

قازی، مستەفا بارزانی
شێخ قادر و غەوسی سانی
ئیحسان، شێخ سەعیدی وەلی
شێخ مەحموودی داری کەلی
سمکۆ، خانی ئاردەڵانی
شۆڕە سوارانی بابانی
پاشای سۆران، میری بۆتان
خاوەن زۆران، کەلی کۆتان
بازو میر عەلی جان پۆلاد
غانم و دەیسم و قوباد

بو موسلیمی خوراسانی
زەندی و ئەیوبی و ساسانی
ئەردەشێری شوانکارە
چەند شێرێکن لەو نزارە

هێندێک لە بوێژەکانی

مەولەوی و بێکەس و خانی
نالی و مەحوی و بەردەشانی
کوردی و گۆران و جزیری
حاجی و حەمدی یو حەریری
پیرەمێردی گردی یارە
چەند خونچێکن لەو گوڵزارە
وەک تۆ فرزەندی ئەو خاکەن
بولبولی ئەو خاکە پاکەن

گوڵی سەرچڵ

ئەو کوردستانەیە یارم
بۆ ویە وێڵ و هەژارم
دلبەرم ئەو دەشت و کێوەن
ئەو پڕ نەوت و زێڕ و زێوەن
کە عەنباری ڕۆژهەڵاتە
سەرچاوەی دەجلە و فوراتە
بۆ کێوانی سەربەرزی وی
عاسمان سەردەکا نەوی
فریشتە و هۆریی بەهەشتی

دێنە سەیرانی پێ دەشتی
داری کەونارای دنیایە
کوێی دڵگر و خۆش نومایە
گشت تێکوڵ و لق و پۆپە
کوردستان گوڵی سەرتۆپە
ئاخ لە بەختی ڕەش
ئاخ چ بکەم گەردوون تەرەسە
کوردستان ئەمڕۆ بێ کەسە
یەخسیری دەستی تورکانە
داگیرکراوی ئێرانە
یان پاپەتیی مارمێلکە خۆر
تێی ڕۆهاتوون دەیبەن بەزۆر
گوڵ و دەڵ و ڕێوی و چەقەڵ
دەگەوزن لە جێی فیل و کەڵ
فسۆس و کەروێشک و دەڵەک
لانیان کرد لە بورجی بەڵەک
شەم شەمە و مشکە تۆپیون
لە قەڵای سەردار خزیون
لەجێی خانزادی شەقڵاوە
وشتری گەڕ ئیخ دراوە
دەک فەلەک تەختت وەرگەڕێ
ئاگر لە بەختت هەڵگەڕێ
تورکی حیز، تریاکیی ئێران

خونکارن لەسەر دلێران
پڵنگی ڕازی کوردستان
نەتەوەی ڕۆستەمی دەستان
پاش ماوەی خانی لەپ زێڕین
دیلی چەنگی دێڵی خوێڕین
کێ دی تەنانەت بە خەون
ئازا وەبن حیزان کەون!

فریو درام

کوردی مەردم بەزەند و بەند
هاسان نەدەکەوتمە کەمەند
دووبەرەکی هێزی بردم
شێخ چەک و نینۆکی کردم
مەلای پیس دەستی گرێ دام
بۆ ناو زەلکاوی فڕێ دام
ئەنجا هێزی ئیستیعماری
پای پێدادام بە یەکجاری
نوقمی قوڕی دیلیی کردم
دزی گەلان ڕۆزبی بردم
لەناو بەرگی شارستانی
بەناو ئینسانی، نەمزانی
تا ڕووبەندی دیموقراتی
لاچوو ڕوم دی بوو بە قاتی*

* وشەی دیموقراتی حروفی (ڕوم دی)ی لێ لاچێ قاتی دەمێنێتەوە.

کــــــوللۆ کــــــەوتە دەغـڵ و دانم
هـەر بـەخــــــــــۆم بـردی تـاڵانم
چەند زۆڵـە کـــــوردێکی زل کـــــرد
گـــرێی نامـــووسـیـــان بۆ شل کـــرد
بەچەند قـــۆشـــێک ســـازی کـــردن
هەرچەنـدی ویـســــــتـی لـێی بـردن
گـــــەنم و جـــــۆ و تـووتـن و دراوم
زێـڕ و نـەوتـی بـە لـێــــــشـــــــاوم
نەوتی کـــرمـــاشـــان و کـــەرکـــووک
«ســـــتی» لەنـدەنی کـــــردە بـووک
هی «رمـــــان» و بەخــــتـــیـــــاری
بۆ «وال ســـتـــریت» چوو بە دیاری
دەڵـەســــــــــــە و دەویـت زەنـاوێـر
گـــوێلکن بە پەمـــۆی ئێـــمـــە فـــێـــر
چەرچیی مل چرچی مـــام چەرچیل
بـەنـان و ڕۆنم بـوونـە فـــــــــیـل
***
زمــــــانم لێ داگـــــیـــــر کـــــرا
مـــــێــــــشک و دڵم خــــورا، برا
خـوێنیـان مـژیم، گۆشـتـیـان خـواردم
ئێـسـکیــان بە سـەیان ئەسـپــاردم
لای تـورکـــــە نـیـــــوەی کـــــەلاکم
عــــــەجـــــەم بـەربـوونە لـوولاکم

عارەبیش بەشی خۆی دەوێ
قاپێک لێرە قەپێک لەوێ
هەر لەیەک سەعات و یەک دەم
عەرەبم و تورکیشم و عەجەم
پێم دەڵێن تورکی کێوانی
یان لە قەحتان و شەیتانی
یەک دەڵێ مێژوومان یەکە
ئەگەر بشت خۆم دەنگ مەکە
***
خەیاڵ ئەکەن
بەڵام بە هەزار هێندە دەرد
نامرم، سەریان داوە لە بەرد
من بە بانیپاڵ نەمردم
چەنگیزخان قڕی نەکردم
سەلیبی چوون، مرد گەزەنفۆن
کورد بە زیادەوە هەر وەک خۆن
شا عەباس لە بنەی نەهێنام
تۆزی بەبا بوو من هەرمام
بەشێر نەخورام، دێلە ڕێوی
دەم خوا؟ های بە کلکی خێوی
گەل خواردن گەلێ گرانە
نایبا ڕیخۆڵەی ئەمانە
سەد ساڵ جوورابم، خورابم

قورسم هەرگیز هەزم نابم
پاروێکم چیڕ و دڕکاوی
کێ بم خوا دەبڕم هەناوی
لە چاویانڕا سەر دەردێنم
هەتا سەر هەروا نامێنم
بەرخ هەر بن سەوە نابێ
ڕۆژێک دێ شاخی پەیدا بێ
زەوی دەگۆڕێ و دەگەڕێ
هەردەم دێنێتە ڕووپەڕێ
لەو چەرخ و خول و گەڕانە
سورێکیش بەشی کوردانە
بەرەو منیش دەخولێتەوە
نۆرە گورزی مەش دێتەوە
نەخوازە لەم چەرخی بیستە
گاڵەی دنیای کمۆنیستە
ڕێ و شوێنی لینین هەیە
سوڤێتستان و چین هەیە
ئاڵای بەرزی کرێکاری
هێناویە موژدەی ڕزگاری
بە ملیار خەڵکی ڕۆژهەڵات
ئازا لە ئیستیعمار هەڵات
چین داری بۆ ئامریکا کرد
کەللەی سەری پڕ لە کا کرد

چەند چەرخــە ئینـگلیــزی گــلاو
هێندی تالاّن کــرد و چلّــپــاو
ڕفـــاندی، کـــڕاندی، ســـاندی
دیتت چۆن کــۆمــەڵی گــاندی
بــە ڕۆژو، بــە تــەشــی ڕســتن
تـەنەکــــەی دەکلکی خــــستن!
ســـــۆکـــارنۆ هۆڵـەندی چڕاند
هیند و چین فـــەرانســـەی دڕاند
لـەو کــــــونـەوە بـێ ئـەو بـایـە
چـۆن هـەلـێـکی مـنـیـش نـایـە؟
***
شۆڕش ئەکەم
هـاکـــــا دیت مـنـیـش ڕاپـەڕیم
خـــوڕیم، گـــوڕیم، چڕیم، دڕیم
ســـــــەپـان و پـاڵـەی دڵ پـۆلا
لـە شــــــار و لادێ، لـەچـۆلا
کـوتـک لە ســەر شــان، داس بەدەس
دەبێــتــە شــۆڕشگێــڕ هەرکــەس
خــۆ وەشـــێـــرن خـــوێڕی و قـــزە
بمرێ هـەرچی حــــــیـــــز و دزە
چـەک لـە چـنـگ زۆردار دەردێـنـم
نـق بـکـا ســـــەری دەشـکـێـنـم
ڕیـشــی ڕیـخـنـی شــــێـخ دەبڕم

مەلای لابەلا زگ دەدڕم
زۆڵە کوردی بێ ئابڕوو
دەنێرمە سەر هۆرەی بەڕوو
ڕووی گوندی خۆران ڕەش دەکەم
ئاو و زەوییان دابەش دەکەم
لە کێژ و لاوی جووتێران
پاڵەوانی نەوەی شێران
هێزی کوردستان پێک دێنم
تۆڵە لە دوژمن دەستێنم
بگا و مەکوش، گێلدم، ئوێلدم
یایومە تێ ناگەم کوردم
کێ خواردوومی دەڕشێتەوە
کێ لێی دام لێی دەدرێتەوە
لە گورگیان کڕیاری پۆستم
بۆ بێ زۆریان یار و دۆستم
ئەویش بێ بەش بوون وەکو من
ئەویش خوێنی مژتوون دوژمن
دوژمنی گەورە ئیستیعمار
ڕۆژهەڵات کوژەی شینە مار
مەردم خۆرەی چەرموو چەرم
بێ بەش لە شوورەیی و شەرم
لەگەڵ تورک و عارەبی چاک
گەلی ئێرانی باش و پاک

دەست لە قەدی یەک وەردێنین
ڕیشەی ئیستیعمار دەردێنین
حەزبای خوێنمژی هەژاران
بەگەل دەکەین بەردە باران
سەر و گوێی بە داس بە چەکوچ
دەبڕن دەجنن چ کوڕ چ کچ
ڕێ نادەین خەونیش ببینێ
کە زل بوو لەسەر زەمینێ
لێی حەرام دەکەین ئەو خەوە
مەرگی سەگی هار چل شەوە
پشت بەکام هێزی دەسپێرێ
کوێ ماوە خۆی لێ وەشێرێ!
کوودەڵەی دەلەسە و چەرچیل
ئێمە دەیان گرین بە دیل
وەک گیسکی مس لە بەهارا
بن کلکیان دەکەین بە دارا
نیشتمانمان دەکەین بژار
خوێنمژ دەبڕین لەسەر هەژار

جا نۆرەی بەزمە

ئالای سێ ڕەنگی ڕەنگینم
لە پۆپەی بەرزان دەبینم
دەلەرێ و دەشەکێتەوە
دەردم ساڕێژ دەبێتەوە

برین لە گیانم نامێنێ
دەم و دەست گوشتەزوون دێنێ
ئەودەم بە کوێریی نەیاران
گشت خاکەلێوەی بەهاران
بۆ جێژنی ڕزگاری و سەرساڵ
کیژۆڵەی کورد و کوڕ و کاڵ
باڵابەرزان و چاومەستان
دێن لە هەموو لای کوردستان
لە کوێ و لە کوێ؟*
لە عەزیز، بتلیس و ماردین
زارا و مەکس و کلس و عیفرین
دەرسیم، ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان
بایەزید و سعرد و وان
مەلاتیە و دارندە و بۆستان
دیاربەکر و جزیرا بۆتان
باش قەڵا و خۆزات و پالۆ
مووش و چۆڵەمێرگ و ماکۆ
کنج و کەیفی و ساریقامیش
سوێرەک و عەنتاب و مەرعیش
عامودە و دەرباسی و ژەنگار
تا قامیشلی و عەرەب پینار

* هەرچیی لەو بەندەدایە ناوی مەڵبەندەکانی کوردستانە.

ئەسکەندەروون، ئۆرفـە ، خـەرپووت
عـەقـرە، مـووسل، عـمـارە، کـووت
مـیـدیاد، ئامـێـد، دهۆک، زاخـۆ
کـفـری، کـەرکـووک، هەولێـر و کـۆ
ڕەواندز، هەڵەبجـــە، پێنجـــوین
مـــەندەلی و تووز و خـــانەقین
کـــرند و قـــەســـر و خـــوســـرەوی
شـــوشـــتـــەر و بەندەر پەهلەوی
بەنـدەر دەیلەم و بـەهبـــــەهان
خـــوڕەمـــاباد و ئیـــســـفـــەهان
مـەلایر، مـەسـجـیـد سـولەیمان
ســـوڵتـــان ئاباد و تویسـەرگـــان
شـــەهری کـــورد، سنە، هەمـــەدان
کـرمـاشـان، سـەقـز، هەورەمـان
ســـــەردەشـت و بـانـە تـا شـنـۆ
تـا ورمێ و دیـلـەمـــان و خـــۆ
نەغـــەدە و شـــاپوور و ســـەڵمـــاس
لـــە هـــەردوو بـــەر ئـــاوی ئـــاراس
مـیـــاندواو ، شـــاهین دژ، بۆکـــانی
مـــــەهابـادی و ســــــولەیمـانی
چییان لە بەرایە!
بـــەبـــەرگـــی ئـــاڵ و والاوە
هـــەرچـــۆنێ لـــە نـــاویـــان بـــاوە

شاڵ و شاپک، کەوا و پاتۆڵ
جل تەنگ و نێفەک فشوفۆڵ
کوومی سوور، شەدە و جامانی
تەپلەی لە بان خولامانی
کەوای شۆڕ، فەرەجی و پەستەک
مرادخانی و عەبا و کورتەک
کنجی دێوجامەی بۆتانی
ئەنگوچکی شۆڕی سۆرانی
دەرپێی سپی و چۆغەی گرژاڵ
کەوش و کەلاش دەبنە هەواڵ
کورگەل هەمووی شۆخ و لاوە
بۆ کچانیان چاوە چاوە

جل و خشڵی کیژان

هەزار ڕندێ و شەمێ و زارا
سەرتاپا خامەک و خارا
سایە و کراسی کەمبەرچین
لە هەزار ڕەوشێ و نازەنین
پەلک و قەتارە و گێل گێلە
کەمبەرە زێو، پشتێند شێلە
لاسەرە و بازن و خڕخاڵ
کلۆجەی مەخمەر سوخمە ئاڵ
تۆق و تەلیسم و لاگیرە
گۆبەرۆک، ملوانکە لیرە

گـــواره و کـــــرمــــەک و دەرزیـلە
مـێــخــەکــبــەند و ئەنگوســتــیلە
حـــەمــــایەل، بازوبەندی قـــۆڵ
لوولە و قـاش، خـرینگە و مـەنگۆڵ
بـەرمـــــوور، گـــــەردانـە، پاوانـە
سـڵــسـڵــە و پڵــپـڵــە و لەرزانە
خـــەزێم شــۆڕ، دەســمـــاڵ بە ئۆیـە
کــــــڵاوزێـڕ بـە دابـی کـــــــۆیـە
چەند جۆر هەڵپەڕکێ
لەســـەر چناری گـــوڵعـــەنبـــەر
یان لەسـەر کـانیی مـام قـەنبـەر*
دیـتـت لەســـــەد لا هـەڵ خـــــلا
ڕاست و چەپی و هـۆرزێ و مــــــلا
ڕۆینە و سێ پێــیی و شـێــخـانی
دووپێی چۆمی مــەجــیـد خـانی
بەزم گێڕەکان
دەنـگ خـــۆش دەیـگـێـــڕن بە بـەندان
حــەمــە جــەیران، عــەلی خـەندان
تایەر تەوفـــیق، گـــەردی و ڕەمـــۆ
کـــــاوەیس و ڕەشــــۆڵ و کــــوڕۆ
ئەحــمــەد گــوزەڵ، مــەجـە گـڕوێ
هەلامــە و حـــاجــیلە و مـــاملێ

* سەرچنار: سەیرانگایە لە سولەیمانی. * کانیی مام قەنبەر: سەیرانگایە لە مهاباد.

فـــەوزیە و ئەڵمـــاس، مـــریەم خـــان
نەســرین شــێــروان، مــەنیج حــەیران
ســێــلاق، ســـەرشین، کـــەریمە کـــوێر
مــــامی ســــێــــوانیش بە بلوێر
ســـــــەرمـــــابـردوو بـە دەفــــــەوە
هەڵ دەخـــــولێ بەبەر ســـــەفـــــەوە
مــــــەلا کـــــەریم، قــــــادری ئەولا
هەرکــــــەس لە ســــــووچێ لە هەولا
بە تار و دنبــــــــەگ بە گـــــــــەواڵ
چووزەلە و کـــەمـــان و شـــمـــشـــاڵ
لاوی یـەزیـدی بـە تـەنـبــــــــــوور
دیلان جــۆش دا ســاز و ســەمــتــوور
لێــدەن شــێــخــۆنادۆ و خــەمــە
دەهــۆڵ و زورنــا دەم دەمــــــــــــــە
هەی لەو گۆوەندە
دەبێــــــتــــــە بەزمی ڕەش بەڵەک
شـــیــــر و شـــەکـــر دەگـــەن بە یەک
هەڵ تەکـــانە دەست کـــوشـــینە
ڕان بەڕانە ڕێک خـــــشـــــینە
ڕەشـــــــمـــــاڵی زوڵفی تاتایی
دەدرێن لە ســمــێــڵی خــورمــایی
ئارەقی ســـپی و ئەســـمـــــەران
دەتکێنە ســـەرگـــۆی خـــەنجـــەران

خوێی سەرکوڵم و تەنکە لێوان
دەڕژێنە نێو شەکرە سێوان
خۆبادانی کەمەرشلان
چاوبڕکێنەی چاو بەکلان
لەرزەی مەمکی بالابەرزان
خێرو خۆشی دەکەن هەرزان
بەگەل خرمەی پانی بەرز
دەلەرزێن دڵی عەرز
لەسەر شینی سپی بەلەک
شێت دەکەن مەلەک لە فەلەک
کەفەڵی خڕ و مەچکی پڕ
هەڵخرێن کەسەر دەکەن قڕ
کێ بە کێیە لەوان دەمان!
کوڕ هەلە دەس بەرنە مەمان
هەرچەند خۆش ڕابوێرن کەمە
چ ڕۆژی لۆمە و لەقەمە
دوای ئەو هەموو ژینە تاڵە
دەرد چێژتنی ئەم چەند ساڵە
چێژەی ئازادی دەچێژن
کوڵ و کۆ بە خەم دەڕێژن
دڵ بۆ یەکتر دەکەنەوە
سرتە دەکەن بە کەنەوە
دڵ تەڕن و لاون و نازەنین

سرته و پێکەنین هەر چ نین
لەو دەم لەو ڕۆژە لەو جێیە
ماچ و مووچیش عافووی لێیە
زیقە و تریقەی منداڵان
حیلکە و کۆکەی کۆنە ساڵان
دایک و بابی کیژ و لاوان
یەکتر دەدوێنن بە چاوان

دەبینەوە هاواڵ

بولبول منیش ئەودەم سازم
وەک تۆ دەگەم بە دڵخوازم
دەڕەوێ تەمی هەژاریم
بەس دەکەم لەناڵە و زاریم
بەستەی دڵداری دەبێژم
دور دەڕێژم، گوڵ دەنێژم
دەدەم پەسندی ئازادی
دنیایە داخنم لە شادی
دەگەڵ تۆدا دەچریکێنم
بەستەی خۆمت پێ دەخوێنم:

ئەمەش بەستەکەیە

کوردستان ئەی نیشتمانم
هێزی دڵ، ئارامی گیانم
جێی سەربڵندی و شانازی
تا دڵ دەخوازێ دڵخوازی

گوڵی پشکوتووی بێ پاییز
سیس نابێ و ناوەرێ هەرگیز
مێشکم، هەستم، بیرم، ژینم
بۆ تۆن ئەی گیانی شیرینم
تا زیندووم هەر تۆی مەبەستم
خۆشم دەوێی دەت پەرستم
بشمرم لەشی بەگڵ بوو
دەڕوێنێ چەند گوڵ و دڕوو
گوڵم بۆ دەستی دڵدارت
چقڵم بۆ چاوی بەدکارت
گیانیش دەفڕێتە عاسمانت
ئەوسا تێر دەکا سەیرانت

***

ساڵی ٥٧ لە سووریاش وەک جێگەکانی تر لاوان خۆیان ساز دەکرد بۆ بەشداربوون لە فستیوالی لاوان لە مۆسکۆ. لەسەر داخوازی چەند برادەرێکی کورد، سروودی لاوانی جیهانیم بە کوردی نووسی:

سروودی ئاشتی

ئاشتی خوازان جەوانی مەردوگورد، مەردوگورد، مەردوگورد، مەردوگورد
باوی چەکداری شەڕانی کەوت و مرد، کەوت و مرد، کەوت و مرد
ئێستە هەمووی مە بەعالەم ئەدەین گش دڵ خوا
بەد فەڕی پیس نەعرەتەی مە هێزی برد هێزی برد

***

* بەندەکەی سەرەوە لەو سرووده لە پێشدا و لە پاش هەرسێک بەندەکانی تر دوپاتە دەکرێتەوە.

١

لاوی هەردی گش بران ڕۆژ و شەو هەر خەریکی خەبات
ئاشتی خوازان وەک چران تیشکی وان بەختی ڕەش ون دەکات
وێکرا گەلانی جیهانی دەیلێ بەگیان و زمانی:
چینی جەوانین، هیمی جیهانین خۆشی دەکەین دنیا

٢

چەک فرۆشی پارەدار، هەوڵ ئەدەن هەڵ ئەکەن توونی شەڕ
خەڵکی دنیا بوون شیار، ناچنە شەڕ بۆ خودای فێڵ و گەڕ
لاوین بناغەی جیهانین، جێگەی نیازی گەلانین
خۆشیی زەمانین، مایەی ژیانین، پڕ ئارەزوو و هەویا

٣

لاوی ئازای کورد زمان وەک پڵنگ ڕۆژی جەنگی وڵات
ناوی دەرکرد بێگومان زاگرۆس پێو دەڵێ و ئارەرات
ئێمە دەنێژین نەیاران خۆشی دەدەینە هەژاران
گش پاڵەوانین، شێری ژیانین لە دوژمنان وریا

***

قبور البیض، سووریا، ٢٠/ ٧/ ١٩٥٧- ساڵی ١٩٥٧ منیش بەنیازبووم کە بۆ بەشداربوون لە فێستیواڵی لاوانا بچمە مۆسکۆ، بەڵام تەگەرەی تێ خرا. ناچار چەند مەقالێکی هاوارنامە و ئەم شیعرانەم بە برادەرێکا نارد کە لەجیاتی خۆم بچن، بەڵام برادەرەکەش گوایە لە بیری چووبوو کە نیشانی کەسیان بدا، لەم شیعرانەدا بۆرەگلەییەکم لە مۆسکۆ کردووە کە نەدەبوو بەرانبەر بە کوردی هەژار ئەوەندە بێ پەروابن:

شەوێک زیندان

شەوە نیوەشەو، دنیا خامۆشە
وەک ئازیەتباران زەوی ڕەشپۆشە

هەناسەی ساردە با دەناڵێنێ
هەور دڵ پڕە، ئەسرین دەڕژێنێ
تاک تاک ئەستێرە لە ئاسۆی مەلوول
دەڕواننە شینگە وەک پیاوی فزوول
ڕمبەی پێلاقە و هەڕەشەی زۆردار
شەقەی قامچی و دار تێکەڵ بە هاوار
پڕیشکە و فیشقەی خوێنێکی ئازاد
لەدار و دیوار دەنووسێ «هەی داد»
گزیر دڵ ڕەقە، مووچە، خوێن تاڵە
کوتەکی دەستی زاڵمی زاڵە
لە جوابی ناڵە دەحیلکێتەوە:
کوردی چۆن بە زەم پێتدا دێتەوە!
ئازادی خوازی! بەشت مردنە
هەقی کوردستان پاماڵ کردنە
تۆی چقڵی چاوی هێزی ئیستیعمار
دەبێ بت نێژم لە ڕێگەی دۆلار
نووسیوتە «مۆسکۆ کۆشکی کرملین،
قەڵای ئازادیخوازانی زەمین،
باڵداری هیوای وەتەنپەرستان،
جارێک بابێتە سەیری کوردستان»
بە کام دەست ئەمەت نووسی بیبڕم
کام دڵ ئەمەی خواست تا هەڵیدڕم!
زمانم بەستووی نەمهێشت بخوێنی!
بەچی پەڕندەی هومێد دەدوێنی!

چی بۆ دادەنێی! کوا دان و ئاوت!
فرمێسکی چاوت! جەرگی سووتاوت!
ئا! هیوات وایە تێ بگا مەبەستت
لە زرەی زنجیری پێوەند و دەستت!
ملیۆنەهای کورد دەتەوێ بژین!
ڕزگاربن لە ژێر زۆری و خوێن مژین!
نەتزانی ڕێگەی هیوات گیراوە!
دەرفەت بڕاوە چارەت نەماوە!
دەورەم تەنیوی بە پۆلا و ئاسن
هەیهاتە بێلم گەلان بتناسن
کوندی پەیمانی بەغدات لە سەرە
دان و ئاودەری ئایزەنهاوەرە
عەدلی لاوازی شەل و نوقوستان
ناگاتە چیای ڕژدی کوردستان

***

لەناو هەنیسک و غەڵدەی خوێنی دەم
جواب ئەداتەوە نووزێک بە حاستەم:
لێم بدە، بدڕە، بکوژە، ببڕە
ناموس بفرۆشە، نانی پێ بکڕە
خوێن بمژە، پێستم لە دار هاڵێنە
لە سەرمن ئێستا هێزت بنوێنە
جەمی دواڕۆژی تۆشە و ئیستیعمار
چل شەوە مەودای ژینی سەگی هار
هێزی هەژاران دنیا داگرە

بۆ پووشی گـــیـــانی خـــوێنمـــژ ئاگـــره
هاکــــا گــــوڕاندم له چیـــا و نوالان
گـــیـــانی تۆ و ئاغـــات دەڕوا بە تالان
نـامـــــــــێـن نـه تـۆ نـه زەنـاوەرت
بەداری بێـــســـتـــان دادەکـــرێ ســـەرت
دەبێ پـەیمانتـــان مـــردار بێـــتـــەوە
لەســـەر گـــۆڕینگۆ ســـەربنێـــتـــەوە
بـه کــــــوێـری چـاوی دالاس و بـەیـار
کـــورد دەبـن ڕزگـــار ورد دەبن نـەیـار
لەنـاو گـــەلانـدا خـــۆمـــان دەنوێـنین
بەســـەربلـندی ســـەرمـــان هەلدێـنێن
یـاری ئـازادی دەگـــــریـنـه بـاوەش
ڕۆژی ڕوون هەلدێ لـه پاش شـــەوی ڕەش

* * *

دمشق، سووریا ٢٥/ ٧/ ١٩٥٧- تەلقینی بەعەرەبی کە لەسەر مردوانی دەخوێنن ئاوا دەست پێ دەکا «ئەی بەندەی خودا کوڕی کارەکەر(کەنیز)ی خودا». منیش ئەم تەلقینەم هەر لەو بارە هەلخستۆتەوە. هێندێک لایان وابوو کە گوتوومە «گەر دین ئەمەیە تا دوایی... گوناحە...» بەلام ئەگەر تێگەیشتوانە سرنج بدەن ئەزانن چم وتووە و نیازم کفر و گوناح نییە... مەولەوی لە مەسنەویدا ئەلێ«گەر پیاو چاک وابێ نەحلەت لە پیاو چاک»:

تەلقین بە کوردی

ئەی بەندەی خـــودا کـــوڕی کـــارەکـــەر*
گـــوێ بگرە لەنـاو گـــۆڕی تەنـگەبەر

* بەندە بۆ پیاوە بەلام بۆ مردووی ژن دەبێ بلێن: کارەکەری خوا کچی کارەکەر.

لە دنیای بێفەڕ کۆچت کردووە
لە ئەولای بێگەڕ خانووت گرتووە
تۆش وەک مردووی تر وەک هام فەردانت
دووپەری خودا دێنە سەردانت
دووی ددان زەردی سووری چاوشین
بە گورز و مەتاڵ، بە تەوەرزین
تۆزێ مڕومۆچ، ڕووتاڵ و تفتن
بەڵام وەک دەڵێن «بەگفت و لفتن»
هەزار جار بڵێن «کوا مەڕنەمووکە»
بێدەنگ، قڕوقپ، لێت نەیە جووکە
گەر تێشت هەڵدەن پێشت دادەن تف
بڵێ من کوردم، زمان مایەعرف
لە دار مەترسێ گوێ مەدەرە جوێن
ناچاریان بکە بە کوردی بدوێن
ئەمجار بە زمانی شیرینی کوردی
خۆت هەڵە مەکە، هێدی، بەوردی
بێژە: لالۆ، خوا و پێغەمبەر هەقە
کوردی هاسانە و عارەبی ڕەقە
باسی مردن و هەستانی دوایی
خۆ ماندوو نەکەن با بەخۆڕایی
بڵێ: کورد لەسەر دنیا مردووە
دەمێکە قیامەت لەوان ڕابووە
بێ بەرگ و پێلاو، بێ نان و بێ دۆن
تورک و عەجەم و عارەب دەیانخۆن

کورد ژێر چەپۆکە و ئەو خاوەن زۆرن
برای موسوڵمان، موسوڵمان خۆرن!
با لە خوا پرسن: گەر دین ئەمەیە!
گەپ و گەمەیە و زیانی مەیە
دینێ بەشی کورد بخاتە بن لیچ
سەد بار گەورە بێ نامەوێ وە هیچ
وەرامی بەهەشت زۆرباش دەزانی
خۆت خەڵکی چیا و دەشتی کوردانی
باس بکەی ئاو و هەوای کوردستان
کوڕ و کچی جوان، پێ دەشت و کوێستان
شینایی و کانی و باغات و میوە
پێت باوەڕ دەکەن بەهەشتت دیوە
دۆزەخیش وێنەی لە دنیا پڕە
چۆڵی عارەبی گەرم و قاقڕە

***

بادگودەزبیرگ، ئەڵمانیا، ١٥/ ٨/ ١٩٥٧- ساڵی ١٩٥٧ وەک لە پێشەکیدا گوتم بەرەو مۆسکۆ چووم، هێندێک لە برادەرانی عێراقی و سووری نەیانهێشت و لەچیکوسلۆفاکیاوە دەریان کردم. مانگێک لە ئەڵمانیادا سەرگەردان خولامەوە. ڕۆژێک لە سەر چۆمی (ڕاین) غوربەتیم هەستابوو، ئەم شیعرانەم هۆندەوە:

فرمێسکی هەژارێک

لەسەر چۆمی «ڕاین» لە ڕۆژگارێ جارێ
تکا ئەشکی ئاوارە کوردێ، هەژارێ
بەسەریا خوڕی: کوێندەریی ئەی تکەی سوێر
ئەتۆ و ئێرە چی دەنکە فرمێسکی بێ خێر؟

وتی: ئاوی چاوی کوری کوردستانم
لە دەجلە و فوراترایە ناو و نیشانم
لە زێرینە ڕوود و تەتاهۆ سەلامێ
لە بەژنت لە چل چەشمە پێمە پەیامێ
لەسەرخۆبە ئەی ڕاینی شۆخ و شیرین
شتێک بوین ئەمەش گەرچی ئێستا ئەسیرین
هەچەند دیل و بێچارەشە نیشتمانم
ببەخشە لەجێی تۆی بە خۆشتر دەزانم
چ کەڵوە و چ سیروان و ئاوێزەڕۆیە*
بە دیمەن هەمووی شۆخ و شەنگتر لە تۆیە
ئەگەر لادەچێ ئەم تەمەی نەگبەتیمان
بەخاوەن دەبێ کێو و چۆم و زەویمان
لە درکی نەیاران بژارێکی دەکرێ
هەزارانی وەک تۆ لە شاباشی دەدرێ
بەڵێ ئاوی چاوم لە دڵ هەڵکزاوم
لەرێی سەربەخۆبوونی کوردان ڕژاوم
وتی ڕاین: ئەی تیشک و هێزی دڵی من
وەرە باوەشم بت بەمە بەحری بێ بن
بە هاوار و دادت موحیت بشڵەژێنە
لە چەپگەردی گەردوون بەشی کورد بسێنە

***

* دجلە، فورات، زێڕینەڕود، تەتاهو، چل چەشمە، کەڵو، سیروان، ئاوێزەڕۆ: ناوی هێندێک لەو چۆمانەن کە لە کوردستاندان.

چەند ساڵێک لەمەوبەر هێندێک لە کمۆنیستەکانی ناوخۆ ڕازی نەدەبوون باسی کورد و کوردستان بکرێ کە گوایە گەلپەرستی وەبەر مارکسیەت ناکەوێ! کەچی کوردەکانیش هاواریان بۆ ئازادی عەرەب و عەرەبستان ئەکرد و هیچ زیانیشی نەبوو. لەو سەردەمانەدا ئەم دەمەتەقەم نووسیوە کە لام وایە وێنەیەکی ڕاستەقانییە بۆ ئەو تەرزە کەسانە لەو سەردەمەدا. بەڵام نابێ لە بیریشمان بچێ کە ئێستا کمۆنیستەکانی ناوخۆ دان بەمافی گەلی کوردا دەنێن و لایان وایە ئەبێ کوردستانیش وەک هەموو وڵاتانی تر ئازادی خۆی وەرگرێ. لاشیان وایە ئەو کەسانەی ئەودەمە خۆیان لە باسی کوردستان ئەبوارد بەهەڵەدا چووبوون.

دەمەتەقەی پیرۆت و بایز

پ ـ بایز لەمەڕ تۆ خەبەرێکم بیست
ب ـ خۆمن لەمێژە بوومە کمۆنیست
پ ـ پێم ناڵێی مانای کمۆنیست چییە؟
ب ـ بەبێ جیاوازی خێر و خۆشییە
گش ڕزگار دەبن گەلانی زەوی
فەرقی نامێنێ بڵند و نەوی
دەبنە برای یەک سپی و زەرد و ڕەش
هیچ گەلێ ناکرێ لە ژیان بێ بەش
ڕەشی ئەفریقا و سپیی لەندەنێ
هەرتک وەکو یەک بەشیان ئەدەنێ
ون دەبێ ناوی دیل و کۆلەدار
لەقامووس دەڕوا وشەی ئیستیعمار
پ ـ ئۆخەی مام بایز بۆ موژدەت ئۆخەی
ئەو دەورە خۆشەی کەی دەبینم کەی؟
ئەوسا لەسایەی ئێوە کۆمنیستان
سەربەخۆ دەبێ خاکی کوردستان
ب ـ چت وت کوردستان؟ تۆ گەلپەرستی؟

ڕێگەی پێشکەوتن لە خۆت دەبەستی؟
نیزالّ و کفاح نازانی چییە؟
دەیالەکتیکت ئاگا لێ نییە؟
کێ کەلیمەی کورد بێنێتە سەر زار
دیارە قەومییە و پیاوی ئیستیعمار
ئەگەرچی مارکس، ئینگلز، لینین
دەڵێن: بێ فەرقن گەلانی زەمین
بەڵام پێشکەوتووی عارەبی زانا
ئەم قانوونەیان بۆ کورد وەلا نا
چونکە کورد لە ژێر چنگی عەرەبن
کورد سەربەخۆبن، عارەب گەڕ ئەبن
بخوازە گانا و سودان ڕزگار بن
کورد بۆ عارەبان با هەر ژێربار بن
کۆمەڵی سووری جەنوبی چرووک
چۆن بەڕێ دەچن بێ نەوتی کەرکووک!
داهاتی شیمال لە خۆیان ببڕن!
قەراجیان نەبێ، گەنم وجۆ بکڕن!
هەوالّی عارەب هەواریان ناوێ!
هاوین چۆن بژین دوور لە شەقلاوێ!
بێ ڕۆنی کۆیی و ماستی هەولێری
برای عەرەبمان دەگرێ شەوکوێری
برنجی ماڵوان، توتنی ڕەواندز
نابەخشن بۆ سەد مارکس و ئینگلز

زاخۆ و خانەقین تا جەبەلحەمرین
لە دەست خۆنادەین بۆ گفتی لینین
پـ ـ باشە مام بایز. ئەوە نەوت و ڕۆن
با بۆ عارەب بێ جەهەننەم بیخۆن
ئەی بۆ ئازادی بەرگ و زمانم
دەڵێی چی بایز، تاعوونی گیانم؟
بـ ـ چی ئیستیعماری ڕەجعی کردوویە
نابێ بمێنێ هەواڵ فەرمووویە
بە کوردی خوێندن تەفرەقە دێنێ
هەر کوردی گوتن نابێ بمێنێ
چۆغەی فش و فۆڵ شەدە و جامانە
مایەی نەگبەتیی شەعبەکەمانە
یەکیەتی مانای پاتۆڵ فڕێ دەین
پێ خاوس بڕۆین عەگال گرێ دەین
دەبێ لە مەرحووم فێر ببین ئەدەب
خۆی عەرەب نەبوو ببوو بە عەرەب
با شیوعی کورد قەومیی عەرەب بن
هەر بژی عەرەب لە سەر و لە بن
بـ ـ بەخوا مام بایز هێشتا هەر کەری
کەی دەبیە ئینسان قوڕت بەسەری؟
ئاخر تۆم کوردی بۆیە فەوتاوم
هۆرەم لەخۆمە بۆیە قەڵشاوم
یاری نەیاران دەکەی خۆت بخۆن

کێ بیستی لەناو چەرخی تازە و کۆن
مەڕ لە بەرخۆڵەی خۆیان نەبان بن
بچن شیردەری بێچوە گورگان بن
بۆ کورد بیری تۆ و بەیار هەریەکە
بەڵام تۆ بێ چەک ئەو خاوەن چەکە
لەناو عارەبا ئەمتاوێنیەوە!
سەلا لە عەقڵت بە چاوێنیەوە!

***

قبور البیض، سووریا ٥/ ١١/ ١٩٥٧- هەوەڵ مانگی دەسکردی سۆڤیات هەڵدرا، زۆر کەس لە نووسەران پێیان هەڵ گوت، منیش ئەم سکالایەم لەگەڵ کردووە:

سپۆتنیک

مـانگە چکۆڵەی سـۆڤـیـاتی مـەزن
جێ بێـڵـە هەرچی تیـژ و خـۆش بەزن
وەک ناوی سـۆڤـێت بگەرە بەرزی
وەک کـمـۆنیـزم دەورە دە عـەرزی
بگەڕێ بفـڕە سـەیری جـیـهـان کـە
فرمـێسـکـان بسڕە دەردان دەرمـان کە
با لێ قـەومـاوان ناوت بپـرسن
خـوێنمـژی گـەلان با لێت بتـرسن
ڕۆژێک ڕا ببـرە بە «لیـتـڵ ڕۆکـا»*
با زەنگی خـۆران بێن بەسـەر چۆکـا

* لیتڵ ڕۆک: شارێکە لە ئامریکا ڕەشەکانیان زۆر لێ کوشت.

بادەوە بۆ سەر جەزایر، عومان
با بۆسەرکەوتن نەمێنێ گومان
هێندێ دڵداریی ئافریقا دەوە
بابزانن ڕۆژ دێ و کورتە ئەو شەوە
پێک پێکێ لەسەر خوارووی جزیرە
چیدی نەترسن لە شێرە پیرە
دەستم دامێنت ئەی مانگی ڕووناک
وا سوێندت ئەدەم بە باوەڕی پاک
لەپێش ئەوەدا بچیەوە مەسکەو
ئەگەر هیچ نەبێ شەوێک نیوەشەو
سەرێک هەڵێنە لە کوردستانم
تێ بگە چۆنە ماڵی وێرانم
کانگای نەوتانم جێی زێڕ و زێوم
بەهەشتی دنیا، پێدەشت و کێوم
وا داگیرکەران دەمیان تێ ناوە
هەر کوردە ماوە و بەشی خوراوە
ببینە چیام بوونە بنکەی شەڕ
مام سام لەوێوە پێتان دەکا گەڕ
ئەی مانگی سۆڤیێت بۆ خۆت دەزانی
جیران هەقی هەس لەسەر جیرانی
شەرمە بۆ ئێوە هێندە گەلی کورد
چەکمەی ئیستیعمار دەیان هاڕێ ورد
ناتوانێ بدوێ کورد بەزمانی خۆی

هومـێـدی تەنیـا گـەلی تۆیە و تۆی

ئێـوە یاریدەی دووردەسـتـان دەکـەن

چۆن دەبێ سەیری کوردستان نەکەن؟

پێشوو دەیان گوت: دوعای عومەری

کـوردی خـسـتـۆتە ناو کـوێرەوەری

ئێـسـتـا بۆ دوعـای دالاس گـیـرایە

ئـەم زۆرە تـاکـــەی لاتـان ڕەوایـە!

بلێ بەسۆڤـیـات کـورد هاوار دەکـەن

یاریـیەکـیـان بکەن خۆ ڕزگـار دەکـەن

***

قبور البيض، سووريا ٥/ ٤/ ١٩٥٨- ئەم کورتە نومایشەشم کە هەر بە هومێدی یارمەتیدانی سۆڤیەت نووسیوە خەیاڵەکەم لە هەڵدانی مانگی دەسکردیانەوە بۆ هاتووە:

جوچک و سپۆتنیک

تازە تاو هەڵاتووە، کـەڵەشـێرێکی سـووری پۆپە لار لەسـەر لاقـێک خـۆی لەبەر خـۆرەتاو هەڵخـسـتـووە، مـریشـکێکی زەردی سـەر بە کـڵاوە بە قـرتەقـرت دان بۆ جـوچکان هەڵدەگرێـتـەوە، سێ منـاڵی ڕووت و پێـخـواسی کـوردیش لە تەمـەنی چوارپێنج سـاڵیـدا لە ترسی سـەرمـای بەیانی هـاتوونە بەر بەرۆچکە و هەڵیـش دەلەرزن و سـەیری جوچکانیش دەکـەن. جـووجەڵەیەک مل قـوت ئەکـاتەوە و دندووکی لەدایکی نزیک ئەخاتەوە و جیوجیوێکی دەکا:

جوچک:

تـازە تـێـکـوڵـم شـکـانـدبـوو

خـــۆم بـن بـاڵـت خـــزانـدبـوو

لە خــەومـــا دیم بـاڵداری زەرد

بەجـێی هێـشت زەوی و دار و بەرد

کــۆلارێکی بەرهات کـــوشـــتی

هەڵۆ خــۆیان وەشــارت گــشــتی
مــــانگیــــشی دایە پشـــتـــەوە
مریشک:
قــی قــی ئــەوە زیــنــدە خـــــــەوە
جوچک:
دەیســا چبــوو ئەو جــیک جــیکە؟
کەڵەشێر:
قـــوقـــو، ئەوە ســــپــــۆتـنیکە
جوچک:
کــــردوویە کـــام تیـــرەی مـــرۆڤ؟
کەڵەشێر:
ســـەوێت زەمـــانی خـــرۆشـــۆف
مریشک:
لــەو ڕۆژەوە ئــەمـــــــــــە دیــارە
بــێ تــرس بــوویــن لــە کـــــــۆلارە
جوچک تێکڕا:
لەســـایەی ســـۆڤـــێت دڵشـــادین
لــە چــنــگ کــــــــۆلارە ئــازادیــن
مناڵەکان:
بـێــــــژن وەدەم چـیـنـەی هـەرزن
کــــوردیش دەرچن لەدەست دوژمن
جوچک:
یاخــــوا دەرچن، یــاخــــوا دەرچن
***

بەغدا ١٠/ ١٠/ ١٩٥٨: بەڕاستی زۆر دڵتەنگ و ناهومێد ببووم، پەیمانی بەغدا لە هەڕەمەدا بوو. هەروا هێچک ئەکێشرا و ئاڵقە لەگەلی کورد تەنگ ئەکرایەوە و هیچ دەرەتانی پشوودانی نەمابوو. کەچی لەپڕ سەرلەبەیانییەک بەدەنگی کوودەتای عەبدولکەریمەوە ڕاپەڕیم، بە دیاری کردنی مافی کورد پارشەوم کرد و بە موژدەی هاتنەوەی بارزانی بەربانگم کردەوە. لەیەکەم ئاهەنگێکا کە بۆ بەخێراتنی بارزانی لە «سالۆنی گەل» لە بەغدا گیرا. من ئەم شیعرەم خوێندەوە:

پەڵەهەورێک

کـــورگـــەل کـــوڕی کـــوردی نەبەز
مـــــەوەستن کـــــــۆوەبن بـەلـەز
دەس بگرن گـــــۆوەندی گــــەلـە
هەڵـخــــەنە هەڵپـــــەڕکێ هـەلە
بابیـــلــێن «دیلان» و «ڕەشـــۆڵ»
«خـــەمـــە» لێـــدا زوڕنا و دەهۆڵ
جـــێـــژنە و جـــێـــژنی ئازادییـــە
جـــێـــژنی مـــەرگی بێ دادییـــە
جـێـژنی چوونی ئیـسـتـیـعـمـارە
ڕۆژی ترسی شـــــــا و بەیارە
دڵەکـــــوتەی کــــوردخـــــۆرانە
لـەرزیـنـی خـــــــــاوەن زۆرانـە
ئەفـــیـــوون کـــێش چورتیـــان پارەیە
ملیـــــان خـــزمی ســـێـــدارەیە
بیلمـــەزی پیـــسی گـــوێ نەبیس
لێـی ئـالـۆزا ڕیس و گــــــوریس

***

با ئارەقی ڕووی ئازادان
فرمێسکی شادیی دڵ شادان
نەخوازە هی کۆنە دیلان
بڕژێتە ناو کۆڕی دیلان
بە گەرمیی دڵ و گرمەی پێ
بۆخ بکا و هەڵمی بڵند بێ
لەعاسمان ببێتە هەورێک
لە کوردستان بدا دەورێک
بای ئازادی بیبزوێنێ
لە چیاکانم خۆی بنوێنێ
لەسەر شاخی هەورامانێ
داوەستێ و بدات وچانێ
بیبینن هۆزی جافرسان
بابزانن باوی چوو ترسان
پشوێک بدا لە بێستوون
تا بزانێ ڕابردوو چۆن بوون!
ئاو هەڵ گرێ لە تاقبوستان
سەرچاوەی ژین لە کوردستان
تەم لە ئەڵوەند بڕەوێنێ
با بۆ کەس سەر نەنەوێنێ
بڕوانێتە کانی سانان
جێگە خوێنی پاڵەوانان
بچتە سەر گۆڕی قەدەم خێر

ئەو کیژە کوردەی نێرە شێر
باگیانی شادبێ لە گۆڕا
بێ خوێن ناچێ دەور گۆڕا
لەگەڵباخی، لە ڕەنگ ڕێژان
دەم شیرن کا تاڵی چێژان
بۆ تیلەکۆ، بەرەو هەوشار
موژدەبێ باویانە ئەو جار
لەسەقز لە جێی سێ داران
بڕژێنێ چەند تنۆک باران
تێ بگەن بەگزادەی شێرزاد
نێزیکە بستێندرێ داد
سەرێک هەڵبێنێ لە بانە
زۆر ئازان ڕۆژ ڕۆژی وانە
ببینێ سوێسنی و گەورکان
مەلکەمووتی فارس و تورکان
بابچتە مەڵبەندی مەنگوڕ
کوڕی بەگوڕی عەجەم دڕ
ڕۆڵەی بایز پاشا و باپیر
هەرچی بگری هەم شێر هەم شیر
لەدەشتی شنۆ و لاجانێ
ببێتە هۆی دنە دانێ
چی مامەش و هەرکی و زەرزان
گیان بۆ وڵات دەدەن هەرزان

***

ســـــەر هەڵێنێ لە مــــهـــاباد
پاتـەخـــتی کـــۆمـــاری ئازاد
لـەجـێ دارەکـــــــەی چـوارچرا
ئەو جـــێی قـــازیی پێـــدا کـــرا
چـەنـد دڵـۆپـێـک هـەڵـوەرێـنـێ
خــــەو لـە چاوان بپـــــەڕێـنـێ
مــــــوژدە بـۆ لاوان بـنـێـــــرێ
نـەمـــــــامی شــــــۆڕش بـدێرێ
بچـتــە مــەڵبــەندی شکاکـــان
جێ ڕاوگـــەی ئازا و ســـوارچاکـــان
کـــێـــوی ئـاگـــری داگـــرێ
ئـاگـــری شـــۆڕشـــە و نـامـــرێ
لە ســـاســـۆن و لە چیـــای مـــازێ
تۆڵـە ئـەســـتـــاندن بـخـــوازێ
بـۆ ســــەر دەرســـــیم باداتـەوە
خـــوێنی کـــوردان بشـــــواتەوە
بـا گـــــــۆلی وان و دەریـای ڕەش
بوکـڵێن وەکـو خـوێنی سـیـــاوەش
لەســــەر زاگـــرۆس بگـرمــــێنێ
تورک و عـــەجـــەمـــان بدوێنێ:

***

خـــــــۆبـگرن، نـۆرەمـــــــە نـۆرە
لـە کـــوێـتـــانـە کـــارم زۆرە!

ئیـــــقـــبــــال بمره به شـــــاتەوە
وا ڕۆژی تـــــۆڵـــــه هـــــاتـــــەوە
هەتیـــــوەکـــــەی ڕەزا کـــــەچەڵ
دەتنێـرمـــه کن نووری و فـــەیـسـەڵ
نەقـــڵت نەقـــڵی شـــای مـــشکانه
عـــەقـــڵت عـــەقـــڵی ســـەر وشکانه
بـــــــۆژۆیـــــــه لام چـــــــاووڕاوت
دەتـۆپی و نـاکـــــــەومـــــــه داوت
نـاسـیـــۆنـالیـسـمی مـوسـبـەتت*
دەیکـەم بە ســـــێـــــداره و پەتت
دنـــبـــــــــــــەگـی درۆت دڕاوه
ســـمـــایل ئاغـــام له بیـــر مـــاوه
تۆڵەی هەمـــزاغـــای مـــەنگوڕم
دەســـــــــتـــــــێـــنم، ورگت دەدڕم
خـــوێنی قـــازیت لێ دەســـتـــێنم
نـیـــــاگـــــانت دەســـــوتێـنم
***
ئێـوەش ئەی گـجـووکی گـەمـاڵ*
هـاکـــــا هەڵم نـان بە تەمـــــاڵ
بـۆ تـۆڵـه ســـــــانـدن هـەڕەتـه
خـــوێنـی کـــوردان یەک بە ســـەتە

* ساڵی ١٩٥٨ شای ئێران وشەی ناسیونالیزمی موسبەتی کردبووە دروشمی خۆی. نیاگان: باپیران.
* گەماڵ: مەبەست مستەفا کەمالە.

تۆڵەی شـێخ سـەعـیـدی پیـران
بەهەزاران شــێخ و مـــیـــران
شـێخ قـادر و غـەوسی سـانی
عـــەبدولســـەلامی بارزانی
خـــوێنی خـــالیـــد بەگم دەوێ
ڕۆژی بەخـــتت کـــەوتە شـــەوێ
***
ئەو کـــوردی بێ هێـــز نەمـــاوم
پشت ئەســـتـــوورم ڕوونە چاوم
ڕێوشـــوێنی خـــۆم باش دەناسم
بۆتە برام کـــەریم قـــاسم!
قـــاســـمێ کـــە لێـــو ڕاپەڕی
جـــەرگی تۆ و ئامـــریکای بڕی
تۆڵەی گـــەلی ئەســـتـــاندەوە
کـــورد و عـــارەبی ژیاندەوە
بوونە دۆســـتم مـــۆسکۆ و پەکین
لەگـــەڵ هێـــزی گـــەلان یەکین
***
گـــەر بارزانی دێتـــە بیـــرتان
زۆر ئاو هەڵ دەگـــرێ هەویرتان
بارزانیی تورک و عـــەجـــەم کـــوژ
بارزانی مـــەرگـــە بۆ خـــوێن مـــژ
بارزانیی شـــێـــری کـــوردســـتـــان
گیان بەری، گیان لەسەر دەستان

بـــارزانـــیـــی دالّـــدەی ئـــازادی

داسـی هـەژگـــــەلی بێـــــدادی

کــوتکە لەســەر خــوێنمــژی کــورد

بـژی بـارزانـی، بـژی کــــــــورد

***

قاهیره ١٤/ ١١/ ١٩٥٨- له بەغداوە بە قاهیرەدا بۆ مۆسکۆ دەچووم، کوردەکانی بەشی کوردی ڕادیۆ قاهیره هەلیان بۆ هەڵخستم کە وتار و شیعر لەسەر ڕادیۆ بخوێنمەوە، منیش ئەم شیعرەم کە هەر بە هۆی هاتنەوەی بارزانی نووسیوە لە ڕادیۆ قاهیرەوە خوێندمەوە:

چەپکە گوڵێک

پەری هومـــێــدی گـــەلی کـــورد

ئـەم ڕۆژانـە بـە دەســـــتـــــوبـرد

لـێـــــو بەکــــــەن، بزە لـە چاوا

لـەپـێـش گـــــــزنـگی هـەتـاوا

لەگـــــەڵ کـــــزەبای بـەیـانـا

دەگـــــەڕا بە کــــوردســـــتـــانا

لە هەرلا گـــــوڵ چنیی دەکــــرد

دیـــاری بـــوو، بـــۆ دیـــاری دەبـــرد

***

لە بۆتـان گـــــوڵێکی هەڵکەند

دوو لـــە ئـــاوبـــاریـــک و دەربـــەنـــد

چڵـــێک لە دەرســـیـــمی ســـەرشین

یەک لە مـــــهـــــابادی خـــــوێنین

لە قـەرقـامـیش، لە چیـای سـاسۆن

چنی گوڵی سووری بە بۆن
سووری بە ڕەنگی خوێنی دڵ
بەستی بە ئاوات چەپکە گوڵ
هێنای پێشوازی بارزانی
دەس بەتاڵی بە عار زانی
هەر گوڵ بەدەم هاوار دەکا
باسی دار و زۆردار دەکا
کزن لە ژیانی ژێر دەستی
داخ لە دڵن لە پێ پەستی
پێمان دەڵێن بە زمانی حاڵ:
کوردە بابەس بێ ژیانی تاڵ
زۆر شەرمە ئەو ژینە حیزە
کوڵی و سەرڕێژی کرد دیزە
گانا و گینیا ڕزگارن
کوردی مە هێشتا ژێربارن
ژێر چەپۆکەی شا و بەیارن
هێشتا بۆ یەکتر نەیارن
ئازا نین، باشە بیزانن
بەردەستی حیزی حیزانن
ئەگەر ئێوە ئازا و کوڕن
بزگوڕێک لەمە دادڕن
خوێنمان ڕژا لە ڕێی گەلا
میر و ئاغا و شێخ و مەلا

لاشـــمــــان هەر بۆیە کـــەوتە گـــۆڕ
نەمـــان دەویست بژین ســـەرشـــۆڕ
لە گـــیــــانی بەزۆر بردوومـــــان
لـەڕەگـی دڵـی زیـنـدوومــــــــــان
گـــوڵـی ســـووری لە ڕەنگی خـــوێن
ڕووا. تـا لـەگــــەڵـتــــــان بـدوێـن
لێـی هەڵـمــــژن بـۆنی خـــــوێـنـێ
دنـەو دا و بــتـــــــــــان بـزوێـنـێ
ئەوەی ئێـــمـــــە لەڕێی مـــردووین
لە مـــێـــژوو نەمـــری کـــردووین
دەیســـــپـــــێـــرین بەدەست ئێـــوە
ناشـێ پاڵ کـــــەون لە جـــێــــوە
مـــــەژین بە تـەنبــــەڵـی و خـــەون
یان ســـەردانێـن یان ســـەرکـــەون
ئێـــوەش شـــوێنی مـــە ڕەچاوکـــەن
نـیـشـتـمـــان بەخـــوێن پاراو کـەن
کێ لە ڕێی گـــەل بچـــتـــە خـــاکـــا
بـەخــــتـــــــەوەرە و زیـان نـاکــــــا
بۆخـــۆو هەقی خـــۆ نەســـتـــێـنێ
هـەتـا هـەتـا دادەمـــــــــــــێـنێ
ببـــــیــــسن پەندێکی پیــــران
«بێ شـێـــون بە هیـــوای جـیـــران»
کـــــورد ژێـر چەپـۆکـــــــە و هەژارن

بـــريـــنــدارن، لـــەبـــن بـــارن

دەربـــەدەرن، چـــۆن دەربـــەرن!

ئـــازا دەفـــــــــريـــايـــان وەرن

دەردی ئـێـــمـــەو بێـــتـــەوە بیـــر

بیـــخـــەنە کـــار قـــەڵەم و شـیـــر

ئەگـــەر لە دەســـتـــو دەرچێ هەل

دەکـــەونە بەر جنێـــوی گـــەل

جنێـــوی گـــەل زۆر چەتوونـە

نـــاچـنــە ژێـــريـــەوە لـێـــن ڕوونـــە

ببـــزوون کـــوردســـتـــان ئازاد کـــەن

هێـــزی داگـــيـــرکـــەر بەرباد کـــەن

شـێن بـکـەن داری ڕزگـــــــاری

بـــيـــگـــۆڕن بـــاری هـــەژاری

* * *

مۆسکۆ ۱۰/ ۱۲/ ۱۹۵۸- نوسەرێکی کوردزمان لەگەڵ چەند هەواڵێکی عەرەب بەر لە من چووبووە یەکیەتیی سۆڤێت. لە مۆسکۆ بیستم کە ئەو نووسەرە لە هیچ جێیەک باسی کوردستانی نەکردبوو. لای وابوو ئەمە پێچەوانەی باوەڕەکەی ئەبێ! تەنانەت وەختێ کوردەکانی یەریوان بەخۆشیی ئەوەوە هەڵپەڕکێیان کردبوو. گوتبووی «ئێمەش لە شیمالی عێراق ئاوا هەڵدەپەڕین». منیش ئەم دەمەتەقەیەم لەو بارەوە نووسیوە:

دەمەتەقەی بایز و پیرۆت

مەرحەوا باپیر

پ ـ بایز چت پێیە؟

باس و خواس چییە؟ باپیر لە کوێیە؟

ب ـ چۆتە جێگەیەک: گەلێ پیرۆزە

جێگە هومێدی گش تیرە و هۆزە
هەر لێ قەوماوێک هەرچی دڵخوازە
لەوێ دەخوازێ جێگەی نیازە
پ ـ کەوابێ باسی کوردی کردووە
چی پێ داویستە ناوی بردووە؟
ب ـ کوردی چی! پیرۆت کوێنت دەبەر بێ
دەڵێی باپیریش هەر کوردپەروەر بێ؟
مام باپیر زلە هێندە ورد نییە
بۆتە عالەمی ئیتر کورد نییە!
بە زمانی کوردی فەرمووی: بێگانەم
لەچاوی کورد و کوردستان تانەم
پ ـ باشە خەڵکی دیش خۆ لە تەکیا بوون!
ب ـ باپیر تۆ لەکوێی؟ ئەوان جیابوون
ناو تیرەی خۆیان ئەبرد وەپانی
هروژمیان کردە داگیرکەرانی
باس عەدەنیان کرد باس عومانیان کرد
ئاورووی ئینگلیز و ئەمریکانیان برد
ئیتر لەو ناوە هەر گاڵە و قاوە
کورد نەبێ گش کەس ناوی لە ناوە!
یەکێ فەرمووبووی باباس عەجەم کەین
لەسەر کوردەکان ئەم زوڵمە کەم کەین
باپیرە چرچە وەک دار چەقی بوو
دەمی وەک تەڵە پێکدا تەقی بوو
وەسەر شێخ قەسەم مرقەی لێ نەهات

گوایه ئەمەیە نیزال و خەبات!
پـ ـ خۆ ئێژن چووبووە گەڕی ڕەشبەڵەک
بـ ـ وەگیان تۆ ئەویش هەر گەڕە و کەڵەک
کوردی ئەو ناوە کوردی تەواون
وەشیری شێران فرچک دراون
بۆ کوردەواری گەلێ بە تاسەن
بێ زڕە کوردن گش کوردە خاسەن
لە خۆشیی ئەمەی کورد چوونە لایان
جۆشی خواردبوو بەزم و هەرایان
زیڕەی زوڕنایان، ڕمبەی سەمایان
دەیهێنا جووڵە شێخ و مەلایان
باپیریش وتی: لەشیمال زەمین
هەڵپەڕکێمان هەس بەڵام زۆر کەمین!
پـ ـ کەوابێ بایز مام باپیر زلە
زلە و زۆر زلە هۆبال بەو ملە!

***

گیرتسن، موسکۆ ۱۹۵۹/۲/۲۸- لە سیناتۆری «گیرتسن» بووم لە نزیک مۆسکۆ. کچێکی کوردیزانی لینینگرادی نامەیەکی دۆستانەی بۆ نووسیبووم. بەڵام ئیمزا کەیم بۆ نەخوێندرایەوە، لە وەراما ئەمەم بۆ نووسیوە:

وەرام بۆ کچێکی سۆڤیەتی

کـــیـــژە ڕووســـەکـــەی ناوت نازانم
نامـەکـەت گـەیشـت قـەزات لە گـیـانم
ســـــووربی دایەوە بە گـــۆنـەی زەردم

گــــفـــتت هەتوانن بۆ چاری دەردم
منیش بە دیاری لە کــوردســتــان ڕا
یانی لە وەڵگەی دیدە مــەســتــان ڕا
لـە چاوڕەشـــــان و لـەبالا بـەرزان
کـوڵمـە گەشان و نەشمیلە و تەرزان
پەیامم پێـــیــە بۆ چاوی شـــینت
بۆ لێـــوی ســـووری بە پێکەنینت
مــــاچم هێناوە بۆ دەمی تەنـگت
ڕوانین لە بالای نەمــامی شــەنگت
تەمـاشـام پێـیـە بۆ کـوڵمی ئاڵت
دڵم دەترسێ لە دانەی خـــــاڵت
کـوردیش زۆر جـوانن بەڵام ئەسیـرن
لە دەس داگیـرکـەر بە جوانی پیـرن
گـیـرۆدەی دەسـتی تورک و ئێـرانن
لەنگۆ داخـــــوازیی یاریدە دانن
ئەگـــەر وەکـــو تۆ ئەویش ئازاد بن
وەک هەموو گەلان دڵخۆش و شاد بن
لـە مـنـیـش دەتـارێ بـاری هـەژاری
دەکــەومــە کــۆڕی یاری و دڵداری
***

سناتۆری گیرتسن، مۆسکۆ ١٩٥٩/٤/٢٣- ڕاسپاردەیەکی ڕادیۆی مۆسکۆ لە سناتۆری«گیرتسن» هاتە لام، داوای لێ کردم کە بەهۆی جێژنی یەکەمی مایۆ وەلامێک بۆ گەلی عێراق بنێرم، منیش لەگەڵ پێشەکییەکی کورتا ئەم شیعرانەم بە دەنگی خۆم تەسجیل کرد و شەوی ١٩٥٩/٥/١ سەعات ٩،٣٠ لە ڕادیۆ مۆسکۆڕا بلاو کرایەوە:

پیرۆزبایی

لەمـــۆسکۆ مـــەکـــۆی ڕزگـــاران
لە ناو جـــەرگـــەی دۆست و یاران
لە پەنا کـــــۆشکی کــــرملین
لە کن گـــــــۆڕی پاکی لینین
لە بەرانبـــەر ئەســـتـــێـــرەی ســـوور
جێ هـومـــــێـــــدی نزیک و دوور
لەمـــــەیدانی ســــووری شـــــارا
لە ڕۆژی جـــــێـــــــژنی ئەیارا
گـــوڕەی ملیـــۆنهـــا کـــارگـــەر
کـــــە کـــــــردەیان هاتۆتە بەر
بەرەو عـــــێـــــراقی ئازا و گـــــورد
بۆ کـــۆمـــاری عـــەرەب و کـــورد
بەرێ دەکـــــەین پیـــــرۆزبایی
پەیمان بـەســـــــــتنی برایی
شـــاباشی چەمی ڤـــۆڵگا و دۆن
پێـــشکەش بە زەڵم و تانجـــەڕۆن
پیـــرۆزبایی نیـــڤـــا و ســـەیحـــوون
بۆ فـــــورات و دەجلەی دڵ ڕوون*

* زەڵم و تانجەڕۆ: دوو ڕووبارن لە کوردستانی عێراق. ڤۆڵگا و دۆن و نیڤا و سەیحوون: ڕووبارن لە یەکیەتیی سۆڤیەت (ڕووسیای ئێستا).

کـــرێکاری عـــەرەب و کـــورد
ئـازاد بـژیـن دوژمـنـو مــــــرد
بەرەو پێش ببــــزوون بەرەو پێش
لە کـــەس نەوبێ ترس و ئەندێش
کێ لەگـەڵتــان بە گـێـچـەڵە
بە دەست و پـێ کـــــەوتە تەڵە
بزانـن ئـێـــــوە نـە تـەنیــــــان
دۆســـتی ئازادیخـــوای دنیـــان
دەســتـمـــان لە دەســتی یەکـدایە
مـــــەڵێـن دوورە ئـەو مــــەودایە
مــحــەببــەت دووریی بۆ نیـــــە
فــەرقی بەغـدا و مـۆسکۆ چییـــە!

***

مۆسکۆ ١٩٥٩/٧/٨- لەبەغدا جێژنی یادی یەکەم ساڵی شۆڕشی
١٤ تەمووز و دامەزرانی کۆماری کوردو عەرەب ئەکرا. لە مۆسکۆڕا ئەم پیرۆزباییەم نارد و لە ڕۆژنامەی خەباتدا چاپ و بڵاوکرایەوە:

پاڵەوانێک

شـــــــەوێ ڕەش وەک دڵـی زۆردار
مات، بێ هەست، وەک بەختی هەژار
ســەرخـۆش و بێـهــوشن پیـاوکــوژ
لە خـــەودان زگـــزل و خـــوێنمـــژ
لە نـێـــــوان خــــانەقین و فـــــاو
ســــوور و تەڕن ملیـــۆنهـــا چاو

بێ خەو، خوێنیان تێ چڕژاوە
چاوی دایکی دڵ بڕژاوە
دیدەی ساوای نیوە مردوو
بێ دایک و باب پێوەند کردوو
گەلێک چاوی لاوی گەلمان
لە باقووبە و نوگرە سەلمان*
پڕخوێن غەزەب دەبارن
خوێنەخۆڕی ئیستیعمارن
کزەی شەماڵ، سۆزەی زریان
دڵ گەرمن بە ئاه و گریان
ئەو بۆ شیمال، بۆ جەنووب ئەم
دەم بە ناڵە، دڵ پڕ لە خەم
دەجلە و فورات بەیەک دەگەن
دەردەدڵ لای یەکتر دەکەن
ئەو لە سوێی کورد وێڵ و شلوێ
ئەم لە دەردی عەرەب دەدوێ
یەکتری دەگرنە هامێز
بە یەک بوون دەبنە خاوەن هێز

***

لە جەرگەی ئەو شەوی ڕەشا
ڕەشی چی! لەو ڕۆژەی گەشا

---

* زیندانی باقووبە و نوگرە سەلمان: دوو زیندانی زۆر سەختن لە عێراق.

پێ بە عـــەرزا کـــوتانێک دێ
نەعــــــرەتەی پاڵەوانێک دێ
عــــەبدولکریم دەگـــــوڕڕێنێ
قـــــەڵای بەدکــــار دەلەرزێنێ
ســەرخــۆشــان ئەغــیــار دەبنەوە
بێــهــۆشــان هوشــیــار دەبنەوە
ئەوانە خـــوێنمــــژی گـــەلن
چــــی زگ زل و تــــەوەزەلـــــن
ئەوانەی ئێــمـــەیان دەخـــوارد
خـــۆیان لە مـــافی گـــەل دەبوارد
وا کـــونە مـــشکیـــان پێ تەنگە
لاقی هەڵاتنیــــــان لەنگە
گـــشـــتی دزەو گـــای خـــۆی دەوێ
چارشـــێـــوی ژن بەر ناکــــەوێ
یەک لەســـەر هێلکان کـــەوت کـــڕ
یەک کـــەوتە ســـەر پرزەی ئاخـــوڕ
تەزین هەمــــــوو دز و قـــــزە
ڕێگەی بڕا فــــــێڵ و گـــــزە
بابرووخێ کـــــۆشکی پاشـــــا
هەنگاو بنێن بەســــەر لاشـــا
لاشەی سەگەلی ئیستیعمار
زۆر لـــەبـــارن بـــۆ پـــەت و دار
پاڵەوان عـــــــەبدولکەریمە
دوژمن پڕ لەترس و بیــــــمــــە
***

ڕۆژی چاردەی تەمـــووز، شـــۆڕش
لـەسێ چـوار وشــــــەدایە گـش
بەڵام مـــانای گـــەلێک زۆرە
پادشــا خـــۆرە، زۆری شــــۆرە
بۆ داگـــیـــرکـــەر ژەقنەمـــووتە
نـانــی بـرسـی و بـەرگـی ڕووتـە
بۆ خـــوێنمـــژان ژەهری مـــارە
یـاری گـــــەلانـی ڕزگـــــارە
بۆنـان پێـــزە، بۆ کـــز هێـــزە
شـــەڕ کـــوژە و ئاشـــتی پارێزە
لە نـەدار پـیـــشــــە و هونەرە
لە نەیار شـــیـــر و خـــەنجـــەرە
بـۆ بـێـکـاران پـارە و کـــــارە
بـۆ جـــوتـیــــاران زەوی و زارە
لەش ساغـــیـــە بۆ نەخـــۆشـــان
مـــەرگـــە بۆ گـــێـــچـــەڵ فـرۆشـان
ئـازادیـی پـێـنـووس و دەمـــــە
تابێـــژی و بنووسی کـــەمـــە
پـاڵـەوان عـــــەبـدولـکـەریمە
قــایم دادەڕژێ ئەو هیـــمـــە
***
شـــۆڕشی گـــەل لە گـــەلاوێژ
وشـــەی کـــورت و مـــانای درێژ

یەک بوونی عەرەب و کوردە
ڕێک بوونی درشت و وردە
نەمانی کۆنەپەرستان
بەرگیری لە بەرهەڵستان
گەڕانەوەی بارزانییە
خێرە و خۆشی و هەرزانییە
مرداربوونی شەووافانە
بەشداربوونی بێ مافانە
ئامریکا ڕووگرژ و مۆنە
بابمرێ ئەمریکای کۆنە
نەخۆش کەوتنی ئینگلیسە
لە ترسی دوارۆژمان سیسە
فڕێمان دا لەمپەر و کۆست
مۆسکۆ و پەکینمان بوونە دۆست
عێراق کە ئازادە و شادە
جێی دادە قیبلەی مرادە
بۆ کوردی دیکەش لە لاوە
موژدەی ئازادیی هێناوە
بەرەو خۆشبەختی چوون هەلە
شۆڕشە و شۆڕشی گەلە
پاڵەوان عەبدولکەریمە
چینی هەژار نەڵێ: نیمە

***

مۆسکۆ، سناتۆری گیرتسن ٣٤/ ٧/ ١٩٥٩- ئایزەنهاوەر بۆ گەلی ئەمریکای پێشنیار کرد کە لە ڕۆژی ١٧/ ٧/ ١٩٥٩ڕا تا ٧ ڕۆژ نوێژ بکەن بەڵکو خوا گەلە ئەسیرەکان ڕزگار بکا. منیش بەو هۆیەوە لە زمان سەرەک تەشریفاتی نوێژەوە ئەمەم نووسیوە:

شەیتان دەڵێ ئامین

سواربن لە گەڕۆک و فڕۆک
بۆ دەوروبەری «لیتڵ ڕۆک»
با «کۆکس کلان» نەسرەوێ
چەرمی چەند ڕەشێکمان دەوێ
بدرووین کەوایەک ئاوداوێن
تەقەڵ ڕەگ، پەراوێز لە خوێن
پیاوی گەورە بۆتە کەشە
پێویستی بەبەرگی ڕەشە
بنکەی شەڕێک ئاوپڕژێن کەن
ئاوپڕژێنەکەی بەخوێن کەن
لە پرچی ژنی کۆریا
لێی ڕاخەن بەڕەو بۆریا
بگەن بە ماوەی کەلاکی
«هیرۆشیمی» و «ناگازاکی»
لە چەند هەزار کەللە سەرێک
بەرز کەینەوە مینبەرێک
لە ئەشکی چاوی هەژاران
کە ماڵمان کردن بۆمباران
پڕکەن شووشێکی شووش و قۆز
ناوی بنێن ئاوی پیرۆز

ولامێک بنێرن بۆ جوو
شەریان بە چەکی ئێمە بوو
بەیاری ڕاستیان دەناسین
بابچنە قەبیە و دێریاسین
لوولاکە موسوڵمان باشن
لەو خاچێکمان بۆ بتاشن
هەڵکۆڵن چاوی هیندیی سوور
بیکەن بە تەزبیح و بەرموور
بۆمبای هیدرۆژینی خاوێن
لەوانەی زۆر پێمان ناوێن
پڵێتەکەی لێ دەرێنن
بخوری پێ بسووتێنن
پیاوە گەورەکە نوێژ دەکا
نوێژێکی زۆر درێژ دەکا

***

لە «مارس» دەپارێتەوە
هەرگیز شەو نەکوژێتەوە
چەکفرۆش گیرفانی پڕ کا
فەرانسە جەزاییر قڕ کا
کایشک بچێتەوە چینێ
خەونی تریاکیان ببینێ
کۆریا بۆ «سینگمان ری» بێ
زۆر خەریکی زۆرکەری بێ

هەروابن عـــومـــان و عـــەدەن
ئینگلیــز دەســتیــان لێ بەرنەدەن
دەرنـەچن کـــوردی مـــاڵ وێـران
لـەبن چەنـگی تـورک و ئـێـــران
با کـــوردســـتـــان ڕزگـــار نەبێ
لە مـــافی ژین بەشـــدار نـەبێ
پیـــاوە گـــەورەکـــە نوێژ دەکـــا
بە نوێژان دنیـــا گـــێـــژ دەکـــا
***
تارمـــاییی مـــاکـــارسی و دالاس
هـــەڵ دەوەســتن لـــە چـــەپ و ڕاس
مـــــەرگ خـــــواز و دوژمـنی ژین
دەگـــەڵ شـــەیتـــان دەڵـێن ئامین

***

مۆسکۆ، گـیرتسن ١٤/ ٨/ ١٩٥٩- دەمێک بوو پێوەبووم دەربارەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هەوالانیەوە شینێک بگێڕم. بەڵام هەلێکی وام بۆ نەدەرەخسا. لە سناتۆری گیرتسن لە مۆسکۆ. هەلم بە دەرفەت زانی و ئەم شەپۆڕنامەم لەژێر ناوی «ڕۆژێکم هەیە»دا بە دووتابلۆ نووسیوە:

ڕۆژێکم هەیە

تابلۆی یەکەم

شەوی ڕەش

لـە نـاو دڵـی ڕەشـی شـــــــەوا
مـــەردم لە غـــوررابی خـــەوا
دنیـــایەکی مـــات و کـــشـــە
نە هەســـتە نە چرپە و خـشـــە

هـێـنـدێـک هـەوری ڕەش و بـڵاو
چەند ئەسـتـێـرەی زەردهەڵگەڕاو
بووبووی کـونـدێک لە کـەلاوێک
زیزەی سـیـسـریکە تاوتاوێک
سێ چـوار دارتـاش لـە بـێـکـاران
چاو پڕ لـە خـەو لە بێگاران
دەبیـسـرێ لەوان جـارجـارێک
خـرتەی تەشـوێیـەک، مـشـارێک
چەند سـەربازێک ڕاوەسـتـاون
بەزۆر بەسـەرباز گـیـراون
زۆر لـەوانـە زۆر لـەڕێـی دوور
قـامچی پێچی کـردوون مەعـموور
دایـکێکی پـیـر، وردە مـنداڵ
مـاون لە مـاڵ پەرێشـان حـاڵ
کـاتـی دروێنـە و دەسـکەنـە
زەوی و زاریـان بـێ خـاوەنـە
نـازانـن بـۆ ڕیـزکـراون
لە دیار چ کـارێک وێسـتـاون!
ڕێ و شوێنی جەنگەڵ
لە مـەیدانەکـەی «چوارچرا»
داری سـێـدارە هەڵـخـرا
دووی ئینگلیـز و ئامـریکایی
دێـن، دەچـن لـە تـاریـکـایـی

چەند عەجەم لە شوێن ئەو جووتەن
وەک تولەن، بە کلکەسووتەن
بۆ ئێسکێ بۆ پاروێک بەرماو
چیان پێ بڵێن دەس لە بان چاو
دێتە پێش یەکێ ترسەنۆک
دەنگ نزم، بە دەستی لەرزۆک
چاوێک لە میستر، بە چاوێک
دەخوێنێتەوە نووسراوێک
لە ئینگلیسی تەرجەمەیە
کوردی و کورتیەکەی ئەمەیە
«ئێمەی سپی پێستی پیاوخۆر
ئێمەی خوێنمژی خاوەن زۆر
بە ڕێوشوێنی ورچ و مەیموون
ئەوی لە جەنگەڵ ژیان و چوون
بڕیارمان لەسەر ئەمەیە
ئەم سەرزەوییە موڵکی مەیە
کێ زەرد و ڕەش و ئەسمەر بن
دەبێ بۆ ئێمە نۆکەر بن
بێ هێز مافی ژینی نییە
ماف داواکەر دینی نییە
کێ ئازادی لە دڵدا بێ
گەرەک لاشی لە گڵدا بێ
کەسێ نیشتمان پەروەر بێ

یان بمرێ یان دەربەدەر بێ
لەم سەرزەمینە ئاو و بەژ
کانگە و گژ و گیا و دەشت و کەژ
کوێ زۆر بەبەهرە و بە پیتە
بەش و بەهرەی واڵستریتە
جۆنبۆڵیش لە هەشتێ مشتێ
لە کەرستەی کۆشکێ خشتێ
چۆن کورد و ئازربایجانی
خۆیان بە خاوەن ماڵ زانی
پەندی ئامریکایان نەبیست
ئازادی و سەربەستییان دەویست
دەبێ بچنە پای سێدارە
مەرگیان بۆ ئێمە ناچارە»

پاڵەوان ناترسن

دەرگای شێران کرایەوە
دار و بەرد دەنگی دایەوە
گوێ لە زرەی زنجیر بگرن
پاڵەوان ناترسن بمرن
بۆ مەرگ دێن بە ئازایی
دەڵێی دەڕۆنە سەرشایی
مەردانە هەنگاو هەڵدێنن
بەدکار بە توندی دەدوێنن
ڕووگرژن بەرانبەر دوژمن

دەم بە بزەن بەرەو مـــــردن
وا پێـشـــەوای کـوردان، قـــازی
پێـشـــەوایە بۆ گـیـــانبـــازی
گـــورەی مـــاتیی شـــەو دەشکێنێ
دڵـــی زۆردار دەلـــەرزێـــنـــێ

ژینی نەمر

بەخـــتـــــەوەرم هەڵکەوت هەل
خـــۆم دەکـــەم بە قـــوربانی گـــەل
دەڕۆم بـەرەو ژیـنـی نـەمـــــــر
لـە ژینتـــــان دەبم بـە ئـاگـــــر
تا کـــوردێک مـــاوە لەشـــوێنێ
دەکـــۆشێ تۆڵـەم بســـتـــێنێ
مـن زینـدووم و دوژمـن مــــردوون
ئێـــوە من ئیـــعـــدامم کـــردوون
کـــەی لە پاش من بێ خـــەم دەبن
هەر کـــوردێک یەکـــێکە وەک من
مـــردن لەرێگەی نیـــشـــتـــمـــان
ســـەر بەرزییـــە بۆ گـــشـــتـــمـــان

بیر ناکوژرێ

لــــەدوای ئـــەو بـــرا و بـــرازا
دەچنە پێش ســـــەربەرز و ئـازا
ســـەیفـــە بانگ دەکـــا: کـــورینە
بەرخی نێـــــر بۆ ســـــەربرینە

مـەرگـێک لەڕێی نیـشـتـمـان بێ
ســـــەد ژیـانـی بـەقـــــوربـان بـێ
ئـاواش نـەبـا هـەر دەمــــــــــردم
کــــەســـــیش یادی نـەدەکـــــردم
بـەومـــــــەرگـــــە زیـنـدوو دەبمەوە
تازە کــــەی لـەبـیــــر دەچمــــەوە!
لاشـــمـــان کـــە ســـەر دەنێــتــەوە
بیــــرمــــان هەر دەتـەنێـــتـــەوە
هەمـــوو تنۆکـــە خـــوێنێکمـــان
ڕزگــــاربوونە بۆ شـــوێنێکمـــان
جـــۆشی خـــوێنی مـــە ناســـرەوێ
تا ســـەربەســـتی دەست دەکـــەوێ

دەسمایەی دوارۆژ

لـەو مــــــانگی ســــەرە بـەهـارە
چەند لاو چوونە پای ســـێــــدارە
نـێــــــــــژران بـۆ دوارۆژ داخ لـە دڵ
تـۆوی دوارۆژ کــــــــەوتـە بـن گـڵ
گـــــۆڕی لـەوان بـەجێ مـــــاون
هێـــزی دڵـن، ســـۆمـــای چاون
بەڵـگەی مــــافی کــــوردەوارین
مـــــۆری قــــەباڵـەی ڕزگــــارین
کـــێلیـــــان بۆمـــــە داری ئاڵان
گــــەنجـــــێکن ناچن بە تاڵان

بۆ کـــوردی هەژار ســـەرمـــایەن

بـۆ دیـواری خـــــــەبـات پـایـەن

***

تابلۆی دووهەم

گوڵی وەریو

پـــایـــزە، وڵات ڕەنـــگ زەردە

شنـەبـا هەنـاســـە ســــــەردە

پـەلـکـی گـــــوڵـی ئـاڵ وەریـوە

لە پاش گـــوڵ بولبـــول هەتیـــوە

دەگـــری بۆ ڕۆژانـی پێـــشــــووی

بۆ بەخـــتـــەوەریی لە دەس چووی

بۆ خـــونچـــە و گـــوڵـی گـــوڵـســـتـــان

بۆ مـــێــرگ و باخی کـــوردســـتـــان

نـاڵـەی گـــــــەڵا بـە دەم بـاوە

وەک ژنـە بـیـــــوبـاو کـــــوژراوە

لەم کـــوردســـــتـــانـە ڕەنگینە

کـــە لە ســـوێـی لاوان خـــەمگینە

بەرچـاو دەکـــــەوێ بەرچـاوێـک

لەبەر پاڵێکە کـــانـیـــــاوێک

ڕوون، وەک چاوی پیـــاوی خـــەبات

خـــــوڕەی خـــەندەی دڵ پڕ ئاوات

کـــەف ســـپی، ســـاردە وەک تەرزە

پشـــــتی کـــێـــوێکی ســـەربەرزە

پێـــــشی دیمەنی دەشــــتــــێکە
دەشـــتی کــوردە و بەهەشـــتـــێکە
بـۆ پشــــوو، ســــانـەوە تاوێـک
لێی دانیـــشـــتـــوون پیـــر و لاوێک

لاو خوێن گەرمە

لاو شــــوانـە بـە شــــان و بـاهـۆ
زۆر خــوێن گــەرم و شــایی بەخــۆ
فــــەرەنجی لەبەر، پێ خــــواســــە
دەرپێ پڕ پینـە، بێ کــــراســــە
چەکی خــــەنجــــەرە و گــــۆچانە
بلـوێـری لـەســـــــەر لـێـــــوانـە
هەوای بلـوێر بە خــــەمـــبـــــاری
شـــیـــــوەنـیـــــە بۆ کـــوردەواری

پیر دڵ نەرمە

پـیـــــــــــر وەرزێـرێـکـی هـەژارە
کــــەوای جــــاوە کــــڵاش خــــوارە
پـێــــــــچی لـە چـڵـکـا خنـکاوە
تـەپـە کـــــــڵاوەکـــــــەی دڕاوە
ڕانک و چۆغــــەکــــەی شــــڕۆڵە
پشـــــتــــێندەکـــەی دوو تیـــتـــۆڵە
ڕەنــــگ زەردە لــــەبــــەر بــێ نـــانــی
پـڕ دەردە لـە بـێ خـــــــــــودانـی

چاو پڕووش، هەناسە سوارە
دیارە زۆر دڵ بریندارە
فرمێسکی دەوەرن لە چاو
تێ هەڵ دەکاتە بەند و باو

رەنجەرۆیی

لێ لێ، لێ لێ، لۆلۆ، لۆلۆ
دەک لاڵ بم کوردستان بۆ تۆ
ساڵ درەنگە و خەزەڵوەرە
گەیشتنی میوە و بەرە
خەرمانی گەنم کۆکۆیە
رەنجبەرەکەی رەنجەرۆیە
باسکی کوردە چاندی و چنی
بەتاڵان دەیبا دوژمنی!
ترێی رەزی من گوشراوە
خوێنم لە کووپان کراوە
من دەکۆشم، ئەو دەنۆشن
من پەرۆشم، ئەو سەرخۆشن
ئارەقەم بۆ تووتن دەڕژێ
زۆردار بەفیز هەڵی دەمژێ
خوری و لۆکەم چوون بە فیڕۆ
دەسووتێم لێم نایە بۆسۆ
نەوتم دنیای کۆ کردەوە
جێی خۆم هەر تاریکە شەوە

زۆری لێکراو بم هەتا کەی!
چاو لەو ڕۆژەم بڵێم ئۆخەی
بلوێر بۆی دەلۆرێتەوە
پیرە بۆی دەگێڕێتەوە:
ناهومێد نیم
لۆلۆ، لۆلۆ، لێ لێ، لێ لێ
من دەیڵێم بەدکار گوێی لێ بێ
ئەگەر سەد هێندەش هەژار بین
بێ پەنا و پشت و داژداربین
بێ هومێد بۆی دانامێنین
هەردەبێ هەقمان بستێنین
بیستوومە لە کۆنە پیاوان
پەندی پیران لەسەر چاوان
گەنمت کە دانیدا دیاری
تا نەیخۆن چورە و پاساری
داوەڵێکیان بۆ بچەقێنە
بیان ترسێنە، بیان تارێنە
کوللەت کەوتە ناو شینایی
بۆی بێنە ئاوی خەزایی
لەناو زەوی بی پرژێنێ
قڕ دەکا و دوایی پێ دێنێ
داگیرکەرانی وڵاتم
کوللە و چورەن بۆ داهاتم

دەمـــیـــان نایە کـــوردســـتـــانم
بێگـانـەن بـەربوونـە گـــــیـــــانم
بـــــلــــوێـــــر وەرام دەداتـــــەوە
پـیــــــــرە تــێ هـەڵ دەکـــــاتـەوە
داوەڵ کێلە
لـۆلـۆ، لـێ لـێ، لـۆلـۆ، لـێ لـێ
با داگـــیـــرکـــەر دەرکـــەوێ لێ
بۆ پیـاوخـۆر و گـەنم و جـۆ خـۆر
بۆ خـــوێنمـــژانی خـــاوەن زۆر
داوەڵ کـــــێلی پیـــــــر و لاون
لـە ڕێی ئـازادی کـــــــــوژراون
کـــێلی ســەرگــۆڕی شــەهیــدان
گـیـانبـەخـشـان، ئازا و ڕەشیـدان
داگـــــیـــــرکـــــەران دەتـارێنێ
شـــــــوێنـەواریـان لـەبنـە دێنێ
خوێن ڕژاوە
کـــــــوڵـلـەی ئـەوبـەری دەریـایـە
لەنـاو نیـــشـــتـــمـــانمدایە
ئاوە خـــەزاییـــەکـــەی خـــوێنە
پەڵەی خـــوێن لە هەمـــوو شـــوێنە
لە دەرســـیم، مـــازێ، ئاگـــری داغ
بارزان، ســـولەیمانی، ســـابلاغ
لە ســـەقـــز، بۆکـــان، لەهەرکـــوێ

نەک لە کــــوردســـتـــان، لە هەرجێ
لـە دەوری مــــــەراغــــــە و تـەورێـز
گڵ زۆری گـــــرتـوونە هامـــــێـــــز
پـێـــــــدا بـچـــــــۆ هـەتـا تـاران
بست بست کـــێلن لەســـەر یاران
شـــــــــوان دە بـلـوێـر دەتــوورێـنــێ
پـیــــــرە دیـســـــان دەنـگ هەڵـدێنێ
هاودەردە زۆرن
لــێ لــێ، لــۆلــۆ، لــێ لــێ، لــۆلــۆ
نـەک هـەر لـێــــــرە، زۆر دوور بـڕۆ
لە ئەفـــــریـقـــــا، لە ئاســــیــــا
هـەرگـــــۆڕن لە گــــۆڕ و چیــــا
لە عـــــێـــــراق، لـە تـونـسـی شـین
لـە هـیـنـد، لـە چـین، لـە هـیـنـدوچـین
لـە مــــــــەلایـا، لـە کـــــــــۆریـا
لە جـــــەزایـیـــــر، لە کـــــیـنـیــــا
لـە ئـەنـدۆنـیـــــــزی، لـە یـەمـــــــەن
لە مــیـســـر و عـــومـــان و عـــەدەن
بـە هـەزاران، ســــــــەد هـەزاران
لـە چـۆڵـگـان لـە لادێ و شــــــاران
کـوشـتـەی دەسـتـی ئـیـسـتـیـعـمـارن
گـشـت کـەس وەک ئێـمـە داغـدارن
جێ نەمـــــاوە لە گــــشـت لاوە

خوێن ڕژاوە، کێل چەقاوە
پاش ماوەی ئەو کوژراوانە
ئەو هەموو پیر و لاوانە
گشتی تووڕە و تۆڵ ئەستێنە
چاویان داگیرکەر ترسێنە
بۆ کوێ هەڵدێن خۆڵیان وەسەر
وا داری هومێد هاتە بەر
ئەودڵ بریندارانە گشت
لەیەکتر دەبنە پەنا و پشت
من داس، تۆ گۆچان و خەنجەر
مام خاڵە و کوتکی ئاسنگەر
ئێمەش ڕەگەڵیان دەکەوین
خوێنەخوێی خاوەن نەتەوین
خوێنمان نەڕژا بەخۆڕایی
ئێمەی کردۆتە خەزایی
خەزایە داگیرکەر کوشتن
قڕیان دەکەین بە خوێن ڕشتن
تۆڵەی شەهیدان دەستێنین
کوردستانمان دەڕەنگێنین
پڕی دەکەین لە بەر و بۆ
وەک یەک بێ، بەشی من و تۆ
ئاسنگەر و شوان و جووتیار
خۆش دەژین لە دنیای ڕزگار

هەی لۆلۆیە هەی لێ لێیە
لە کوردستان خۆشتر کوێیە!

***

مۆسکۆ، گیرتسن ١٩٥٩/٨/٢٠- ئەم نامەیەم لە مۆسکۆ ڕا بۆ سەید کەریمی ئەیوبی مهابادی و، مامۆستا قەناتی کوردوییێڤ و وئیرا ناو، کە کچێکی ڕووسی ڕۆژهەڵات ناسە، ناردووە:

پەیکێک

لە ئاواتی هەژارێک
با دروس کەین باڵدارێک
باڵندێکی ڕەنگین تووک
دەنووک چووک و ئێسک سووک
لە بیری ورد، لە خەیاڵ
لێی بنێین جووتێ شاباڵ
بێ ترسی چەتە و گۆران
گوێ نەداتە باو بۆران
بفڕێ بۆ دنیای ئازاد
بۆ شاری لینینگراد
لینینگرادی ئازا
شەپۆڵ دەدا لە نازا
ئەو شارە پاڵەوانە
بەناوبانگی جیهانە
لە جەنگا بووە لەمپەر
شکاندی سەری هیتلەر

ڕۆڵەی ئازا و سەربازی
شێواندی نازی نازی
پیرۆزتر جێی زەمینە
جێ خەباتی لینینە

***

جا ئەی مەلی بیری ورد
پەیتی هەژارێکی کورد
باش بگەڕێ بە شارا
بڕوان بە چوار کەنارا
بفڕە بەو دیو بەم دیوا
دەندووک تەڕکە لە «نیوا»
قەسری قەیسەر ببینە
خۆت مڕ بکە لە چینە
ئێستا جێی هەژارانە
نەخانی زۆردارانە
نە جێگەی خوێنمژانە
جێگەی خوێنمژ کوژانە
گەر لە جێ خەو دەپرسی
مەهێنە دڵ مەترسی
سێ ئاواڵم لەوێ هەن
بابۆت باس بکەم کێهەن
یەکێ بۆری ڕەش تاڵە
ناقۆڵا و بێ فەساڵە

سەیدێکی گوناهبارە
بە پیادەیی سوارە
سەری پڕە لە پەڵە
بە گێچەڵە کەچەڵە
خوێن شیرن و ڕووح سووکە
زلە و بە باڵا چووکە
ئەیوبیە و کەریمە
بن چینەی دڵخۆشیمە
دووهەمیان مامۆستایە
چقاس بێژێ هێژایە
زانایاکە هۆزانە
جێ هێڤیا کوردانە
ولۆ بیر نەبەی پیرە
دڵێ ڤی خۆرتە، ژیرە
لجەم مە پڕ مەزنە
ڕۆهنیا چاڤێن منە
ئەو کوردێفە قەناتە
پەلهەوانێ خەباتە
ئەویتر کیژە ڕووسە
خاوەن بیر و بنووسە
زۆر جوان و شۆخ و شەنگە
دڵ ڕفێنە چەلەنگە
ئیرای لینینگرادی

ویڕای هێزی ئازادی
بۆ کوردستان دەکۆشێ
بۆ کورد دڵی دەجۆشێ
بۆ وچانی شەوانە
جێ خەوت لای ئەوانە

***

بێژە بەهەر سێ یاران
با کۆڵ نەدەن چ جاران
خەڵکی سۆڤێت بدوێنن
با کۆمەڵێک پێک بێنن
بۆ یاریدەدانی کورد
گشتی لە ناو بەندا مرد
کۆمەڵە هەن لە هەر دەر
بۆ بەزەیی جانەوەر
ئەگەر ئێمە بەشەرین
یان تیرەی جانەوەرین
بۆ کەس نامان پارێزێ!
بۆچی نایەینە ڕێزێ!
ئەو کوردی ئازا و بەکار
ژێر چەپۆکەی شا و بەیار
دڵخۆشێکیان دەنەوە
دەروێکیان لێ پکەنەوە
تۆزێک چەکمان بدەنێ
کەسمان ناوێ، بە تەنێ

نەیاران دەتۆقێنین
بەیاران دەتۆپێنین
هارتەر و ئایزەنهاوەر
ناتوانن ببنە لەمپەر
بنکەی شەڕیان شڕ دەکەین
ماری گەڕیان سڕ دەکەین
کێ هوروژمو بۆ بێنێ
دەیڕەنگێنین بە خوێنێ
پەیمانی جەنگی گلاو
بە کوردان دەکرێ بلاو

***

مەلی بیری هەژاران
کاتی دیدەنی یاران
لە شەقام و لە کۆڵان
دڵ نەدەی بە کچۆڵان
کارت هاتە کۆتایی
بخوازە ماڵئاوایی
هەڵبفڕەوە بێ درەنگ
بۆ لای هەژاری دڵتەنگ
لە دڵمایە هێلانەت
وەرەوە هەژار خانەت
تا پێکەوە بخوێنین
هەر ئێمە پێک دەمێنین

***

مۆسکۆ، گیرتسن ٨/ ١٠/١٩٥٩- خرۆشۆف سەرەکی رووسیا چوو بۆ ئەمریکا و لە جێگەیەک بەناوی «کەمپ دێڤید» چاوی بەسەرەک کۆماری ئەمریکا کەوت. زۆر کەس هومێدی زۆری بە ئاشتییەکی هەموانی پەیدا کردبوو، بەو هۆیەوە منیش ئەمەم نووسیووە:

لکە زەیتوون

لە هەزاران و هەزاران سالاّ
رەنجبەر مابوو لە ژینی تالاّ
خستبوویانینە کۆت و زنجیر
کاهن و خان و قەراڵ و بەگ و پیر
یەک کوڕی خوا بوو، یەکێ فەرخەی مانگ
یەک بەهەشتی لە دەسا بوو شەشدانگ
بە درۆ خێوی جنۆکە و ئەستێر
دەمی وان ببووە تەرازووی شەڕ و خێر
پاری وان گۆشت و بەشی مەش کوشتن
ئەو مری مەی، لەمە خوێناو ڕشتن
لەمە چەوسان و لەوان خۆبواردن
بۆمە برسیایەتی، بۆ وان خواردن
لە کەم و زۆری جیهان بێ بەش بووین
بە تەنێ خاوەنی چارەی ڕەش بووین

***

تا لە پڕ نەمری بلیمەت لینین
دەستی دا شۆڕشی گەورەی خوێنین
مێژوو وەرچەرخێ بەلای کارگەدا
دەم لە پووش بوون تەوەزەل، دەم بە هەرا
وەرگەڕا باوی کرووسینی هەژار
کەوتە بەر لینگی نەدار تانجی تەزار

دەستی دا کۆشش و کار ئەم چینە
کاری بە کوێ گەییوە بی بینە!
کەم لە نێو چەرخە ئەمە ڕووی داوە
سەری دنیا لەسەری سوڕ ماوە
خاکی خۆی کردە بەهەشتی ڕەنگین
ون بووە ناوی پەشێو و خەمگین
پەیتی ئەو باجی لە ڕۆژێ ئەستاند
مشتی ئاسنینی سەری مانگی شکاند
بەینی ئەستێرە دەپێون بست بست
هەرچی بەرزاییە دەکرێن پێ خوست
مانگ چییە! ئێستگەیە و جێی دێڵن
مارسی خوای شەڕ زەوییە و دەیکێڵن

***

ئەمەیە هێزی کمۆنیزمی مەزن
کۆلەدار لێی وەڕەزن، پێی دەتەزن
هێز ئەوەندە زۆر و بە هێز نانازن
بەسە شانازی کە ئاشتیخوازن
نایەڵن جەنگ لە جیهان بەرپا بێ
چەک فرۆش چی لە دڵا بێ نابێ
لکە زەیتوونی کرێکاری ڕەشید
فێنکیی خستۆتە هەوای کەمپ دێڤید

***

موژدە بێ بۆ گەلی هێشتا بێ بەش
تیشکی لینین دەڕەوێنێ شەوی ڕەش

ڕۆژی مـــەش دەردێ لە ناو هەور و تەمـــا
باوی فـاشـیـســتـیی و گـەل خـۆری نەمـا
کـــورد دەگـــەڵ فـــارس و تورک و عـــەرەبا
ســــەربەخـــــۆ دەبن و برا و پشـت و تەبا
یادی ئۆکـــتـــۆبەر و بە زۆردار وەســـتـــان
جـێـــژنە دەگـــرین لە چیـای کـوردســـتـان

***

مۆسکۆ ١٩٥٩/٨/٢٧– وێنەیەکی خۆم بە یادگار داوە بە مستەفا سەلماسی لە مۆسکۆ ئەمەم لە پشتەکەی نووسیوە:

پێشکەش

بـۆ بـیـــــــــــرەوەری ڕۆژێـک لـە ڕۆژان
کـــــاکـــــە ئـەم وێـنـەم بـا لات بمێـنـێ
مـــنـــی هـــەژار و دەربـــەدەر و وێــــڵ
هەر ڕۆژ لە جـێـیـەک، هەردەم لە شـوێنێ
کێ زانی لە کـــوێ شـــرت و گـــوم دەبم
چوزانم گــــەردوون چم بەســـــەر دێـنـێ
مـن ئـاوادەبم لـە پـەردەی خـــــاکــــــا
نـەدۆست نـە ئاواڵ نـە خـــەمــــرەوێنێ
وێـــنـــەی هـــەژاریم بـــبـــێ بـــۆ دواڕۆژ
ئەو لە جـــیـــاتیی من کـــوردان بدوێنێ
زۆڵـە ئەو کـــــەســـــەی لە ڕێی ئـازادی
ئەگــەر پێـویست بوو خـۆی بۆ نەمـرێنێ

***

مۆسکۆ ۱۹۵۹/۸/۲۷- وێنەیەکی خۆم بە یادگار داوە بە شاعرەیەکی ڕووس ئەمەم لە پشتەکەی نووسیوە:

ئاواتەخوازی

«نینا» دەپرسن کـێـیـە لە گـەڵـتـا
بـڵـێ هـەژاری کـــــوردی هـەژارە
لەسـەر نیـشـتـمـان بێ نیـشـتـمـانە
لـە ڕێـی وڵاتـا ویـڵـــــە و ئـاوارە
ژیانی جـــوانیی چوو، نەگـــەیی بە دڵ
بـە دووی دەرمـــــانـا دڵ بـریـنـدارە
سـرەوتی نیـیـە لە سـوێی کـوردسـتـان
جــــەرگ ســــووتـاوە و دەم بـە هـاوارە
چاوی لە یاریی سـۆڤـیـتـسـتـانە
هەر ئەو بۆ کـــوردی بێـــچـــارە چارە
زۆر بـە ئـاواتـە ڕۆژێـک بـبـــــینـێ
کـــورد و کـــوردســـتـــان ئازا و ڕزگـــارە

***

بەغدا ١٩٦٠/٣/١٤ لەسەر نەزمی گۆرانیی «مزگێنی بێ هات بەهار» بۆ گۆرانی بێژێکم نووسیوە:

وەڵامێک بە شەماڵدا

شـــەمـــاڵ دەســـتم داوێنت وەرە ڕۆژ ڕۆژی تۆیە
سەرمای زستانت ڕاونا، بەستەڵەک ڕەنجەڕۆیە
ئەو زسـتـانی نالەبار لێـمـان ببـووە ئیـسـتـیـعـمـار
بە شـــۆڕشی نەورۆزی، ون بوو، کـــرا تار و مـــار
کـــوردســـتـــانی ڕەنگینم، مـــایەی ژیان و ژینم

له چنگ سەرما ڕزگاربوو ڕزگارتریش دەیبینم
لە کوردستان بگەڕێ، هەڵمژە بۆنی گوڵان
ڕابسپێرە بولبولان با بیلێن لەسەر چڵان
شکا پشتی ئیستیعمار، ڕۆژیان نەما شا و بەیار
هەرچی کوردستان خۆرە زوو دەکرێن بە بەفری پار
ئەو شۆڕشەی عێراقی هەر وەک شۆڕشی کاوە
بۆ هەموو کوردی جیهان موژدەی ئازادیی داوە

***

بەغدا ١٩٦٠/٣/٢١

بۆ کارتێکی جێژنە پیرۆزەی نەورۆزم نووسیوە:

ئەو کوتکی کاوەی نەمر دای وەشاند
نەبەردیی کوردی لە دنیا گەیاند
گڕی شۆڕشمان با دوژمن سۆز بێ
هەردەم نەورۆز بێ و جەژن و پیرۆز بێ

***

بەغدا ١٩٦٠ - سەردەمێک لە عێراقا هەمیشە لە ناو شاگرد مەدرەسەی کوردی سوور و زەرد شەڕ و تێک هەڵدان بوو، ئیتر ئیستیعمار و دوژمنانی نیشتمان لە بیر چووبوونەوە. منیش ئەمەم نووسیوە لە کۆواری «هیوا»دا چاپ کراوە:

دەمەتەقەی بایز و پیرۆت

پ: مام بایز ڕۆژباش
ب: علیک السلام
پ: ئەمە یانی چی؟
ب: جیرانی مەلام

پـ: نەم دی دوێن و پێر!
بـ: بەخوا چوومە شار
پـ: چت فرۆشت بە خێر؟
بـ: یەک دوو بارە دار
پـ: نرخەکەی چۆن بوو؟
بـ: بۆتە چوار قیمەت
پـ: وەک شەکرت کرۆشت بوویتە بلیمەت؟
ئەگینا چی بێ نرخی داری تەڕ؟
بـ: چۆن نرخی نییە؟ هەتیو شەڕە و شەڕ
پـ: شەڕی کێ؟
بـ: شەڕی منالّی مەکتەو
پـ: گوایە منالّی جوولەکە و عەرەو؟
بـ: سەلا لە عەقلّت، خەیالّت وردن!
ئەوی لێک دەدەن هەموو هەر کوردن!
پـ: بایز وامەڵێ!
بـ: دەشلّێم و واتر
پـ: توخوا وەرە پێش تێت بگەم چاتر
بـ: چ بێژم! بە خوا بوونە دوو دەستە
هەر داوێنە یەک بە جوێن و پەستە
یەک دەڵێ سوورم، یەک ئەڵێ بۆرم
یەک ئەڵێ شینم، یەک دەڵێ زۆرم
یەکێ دەڵێ قیر، یەکێ دەڵێ ماست
یەکێ ئەڵێ لار، یەکێ دەڵێ ڕاست
تاچەنە شل بوون چەقە و جنێوە

ئەم جار شەڕە شەق ئەچێ بە ڕێوە
هەر دار بەشانە و هەر سەر شکانە
هەر خوێن ڕژانە و ئابڕوو تکانە
پیرۆت بەو خوایە لە بان سەرمانە
جوێن وەبارانە، شەق وەخەرمانە
پـ: بایز چیمان دی و چیم چاو پێ کەوت
هەرچی ئەی ئەبینی گشت لارە و چەوت
وتمان ئەم زوڵمە لە سەرمان لاچێ
کورد ئیتر ناچێ یەکتر داپاچێ
گشت ئەبن بە یەک خێڵی جاف و لەک
ڕزگارمان ئەبێ وە بنووس و چەک
نایەڵن ئاغا وەل یەک بجەنگن
ئەیان کەن وەداس هەرچی تفەنگن
کەچی وائێژی میرزا و مەتکەوی
واتێک هەڵ ئەدەن ئەو لەم، ئەم لەوی
ئێژن هەر شتێ بۆگەنیو ئەوێ
خوێی پێوە بکەی فریای ئەکەوێ
بەڵام ئەگەر خوێ بۆ گەنیو ببێ
ئیتر ئەم دەبێ دەرمانی چبێ!
خەلیفەی خۆمان فەرمووی کورد کورتە
ڕۆژمان بەسەربرد بەو ورتە ورتە
منیش وا ئەچم بارێک دار ئەبڕم
چش سەر دەشکێنێ، خۆ کەلاش دەکڕم

***

بەغدا ٢٥/٩/١٩٦٠- عەبدولکەریم بیروڕای بەرانبەر بە کورد خەراپ بوو، دنەی هێندێک نووسەری عەرەبی ئەدا کە باسی توانەوەی کورد بکەن. بەو شیعرانە، کە لە ڕۆژنامەی دەنگی کورد چاپ کراون، بیری ئەوم ڕوون کردۆتەوە:

پیاوی چی؟

کـوردە تۆ عــەبدی لەلای مـن بەشی نەخـوراوی چی!
هەرزنی تاڵە بخــــۆ ســــاوەر و شــــۆرباوی چی!
ڕەنجبەری بێبەش و مووچەی بەژی چی و ئاوی چی!
ڕووت لەســــەرمــــایە بلەرزە جل و پێــــڵاوی چی!
لەسـەرت دەرکـە خـەیاڵات گـەزی چی و جـاوی چی!

خــوێندنت بـۆ چیــیــە! زانین چیــیــە! هەر مــەیزانە
مــەدرەســە بـۆ کــوڕی من، جــێی کــوڕی تۆ زیندانە
خــووی هەزار ســاڵەتە بـارکــێــشی لەلای بێگانـە
نـاوی ئـازادی لەبیــــــر خــــــۆت بەرەوە ئـازانـە
کێ بەتۆی گوت ببەشت! خوێندنی چی و ناوی چی!

نەم دەنـاســیــی بەرێ، پێم وابوو بەهێــزی و پڕ ســام
بەینی خــۆمـان بێ کـەتۆم هاتەوە بیـر لێت ترسـام
هەر لە ترســا بوو هەرام کـرد و گــوتم کــوردی برام
هونەر و کـردەوەکـەت ئێســتــە کـە ڕوون بۆوە لەلام
پەتی ئەم ترسـە پساوە! بەنی نەپسـاوی چی!

سـەد هەزار قـاقـەزی خـۆت هات و وتت کـورد نابم
نۆکـەری پیـشــەیی پێــشــوومــە، منیش وەک بابم
لە زەمــــانی بەرێ چۆن بوومــــە، دەبێ هەر وابم
شــەرتە هەر کـەس وتی کـوردم لە ڕێگەی وەسـتـابم
پیـاوەتیی تۆ ئەمـەبوو ئێسـتـە بڵێ پیـاوی چی؟

***

بەغدا ١٩٦٠- بەهۆی بیرەوەری لە بێکەس، لە کۆبوونەوەیەکدا لە بارەگای خەبات لە بەغدا خوێندومەتەوە:

باوەڕی بێکەس

ئــاواتــی ڕۆژی ڕزگــــــــــاری
ژیــانــەوەی کـــــــــــوردەواری
کــۆرپەیەک بوو ســاوا و بێ هێــز
کـــەس پێی وانەبـوو دێتـــە ڕێز
ئەحـــمـــەدی خـــانی بۆ گـــەیشت
فـــرچکی کـــرد و چاوی ڕشت
بە هاوبێــشکەییی ئەســتی و زیـن
لەگـــەڵ مـــەم و قـــەرەتاژدین
پەروەردەی کــرد بەشـیــر و قــەند
تا کـــــردیە خـــاوەن زەند و بـەند
هەڵبـــەســـتـــەی تەڕ و پاراوی
خــوێنی دڵ، فــرمــێــسکی چاوی
بـەژێـری تـێـکـەڵـی کـــــــــردن
هەتـوانی هەرگـــیـــز نەمـــردن
لـەشی هومـــێـــدی پێ هەنـوو
زرێـی هـەرمـــــــــانـی تـێ دروو
دەنگی کـــوردســـتـــانـی بۆدا
هەر کـــوردە و دەهات بەخـــۆدا
کـــــەوتە پێش و ئاڵای هەڵکرد
تـا تـوانـی بـەرەو پـێـــــــشـی برد

***

حـــاجی کـــۆیە لە پاش خـــانی
ئاڵاکـــەی خـــســتــە ســەر شــانی
بە هـەنـگـاوی بـەرز و بـەهـێــــــز
بــە دڵــی نــەتــرس و بــێ پــارێــز
بەشــــــەوگـــــاری ڕەش و تـاریـک
لە شـــیـــو و ڕێی تەنگ و باریک
گـــــوێی نـەدایە نەعـــــرەتـەی دێو
ســـڵی نەکـــرد لە جند و خـــێـــو
زۆر بـەســــــەر بـەرزی ڕای پـەڕانـد
لەســـــەر زۆر بەرزانی چەقــــاند
ئەو پێـــشـــمـــەرگـــەی توانا و زانا
قـــاوی کـــرد بە کـــوردســـتـــانا
بـە دەنـگـی زل و بـیـــــــــری ورد
ئـابـڕووی زۆڵـە کـــــــوردانـی بـرد
تـــەمـــی پـــڕوپـــووچـــی ڕەوانـــد
گـــەلی لە دەردی خـــۆی گـــەیاند
دەرمــــــانی ژینی نیـــــشـــــان دان
مـــــــــانـدوو نـە دەبـوو لـە هـانـدان
***
دوای حـــــاجی بێکەسی نەمـــــر
هــات و بــوو بــە ئــاڵا هــەڵــگــر
بێکەس کـــەسی کـــوردســـتـــان بوو
بێکەس بەڵگەی نەوەســـتـــان بوو

له ناو لەشێکی ناقۆڵا
گیانی قایم تر لە پۆڵا
نەوەستا بە ئاوات خوازی
خۆی خستە کۆڕی گیان بازی
بەند و پێوەند پێی گەمە بوو
باوەڕی بێکەس ئەمە بوو
«تا داری هیوا وەبەر بێ
دەبێ جۆی خوێنی لەسەر بێ»*
بێکەس دڵ و دەروون پاک
گەرچی چۆتە باوەشی خاک
ئالاکەی نەکەوتە زەوی
هیچ هێزێکیش نایکا نەوی
هەوای ئازادیی نیشتمان
کەوتۆتە دڵی گشتمان
سەرانسەری کوردەواری
گیانفیدان لە ڕێی ڕزگاری
لاوی کورد ئێستە زۆر زانان
فریو ناخۆن بۆ بێگانان
زێڕ و زێو کاریان تێ ناکەن
لە کوردان نەبێ تێ ناگەن
مردن بۆ ئازادی ژینە
کوردایەتی ڕووگە و دینە

* بێکەس وتوویە: «داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ».

مـــســتــەخــۆڵێکی چیـا و دەشت
نادەین بە شـــەشـــدانگی بەهەشت
زیـنـدووین و تـازە نـامـــــــرین
گـــــوێ لـە پـڕوپـووچ نـاگـــــرین
شـــات و شـــووتی بێ ســـەروبەر
لـە مـــــەیدان نـامـــــانـکـاتـە دەر
داگـــــیــــرکـــــەری کــــوردەواری
دەبێ دەرچن بـە یـەکــــجـــــاری
نەنگی دیلی چەند ســـــاڵـەمـــــان
جێ پـەڵـەی ئـاه و نـاڵـەمـــــــان
دەشـــــۆینەوە بە خـــوێنی گـــەش
ئێـــــمـــەش دەبینە خـــاوەن بەش
بـــە هـــەژاریـــان دەڵـــێـــین بـــەس
ناز دەکــــەین بـە بڕوای بێ کـــەس

***

بەغدا، ئازاری ١٩٦١- کۆنە ئاشنایەکی زۆر وازوازی و ڕەگەڵ ڕەگەڵ، لە نامەیەکیا بۆی نووسیبووم: فلانی من چەند ساڵە کە ئەتناسم وا تازە بۆم ڕوون ئەبێتەوە کە تۆ بەڕاستی کوردی و کوردایەتی ئەکەی! منیش لە وەراما کە ئەمزانی گاڵتەی پێ کردووم، ئەمەم نووسی، لە کۆواری «ڕوناهی» ژمارەی ئازاری ١٩٦١ چاپ کراوە:

کوردم

بـرا زۆر ســـەیرە زوو نەمناسی، مـن هەر زۆر لە زوو کـــوردم
کە تۆ پێنج شەش کەڕەت گۆڕاوی من بێ سێ و دوو کوردم
لە تـەکـیــــە بوویە جـێگر، ڕێگر و مـێگر لە بن بەرمـاڵ
ئەمن لەو ســـاوە جێ و بانم لە بانی بێـــشکەبوو کـــوردم

عەجەم بووی بوویە تورک و بویە عارەب ئێستە سەر شێواو
ئەمن بێ گێلمەگێلم وکەشمەکەش بێ «چاشنو» کوردم
سپی بووی، بوویە شین و بوویە سوور و ئێستە ڕوو زەردی
ئەمن یەک ڕەنگ و ڕوو، وەک پیاوی خاوەن ئابڕوو کوردم
کە تۆ بۆ مز لە ناو مزگەوتی، کوردستانە ڕووگەی من
کە تۆ دەروێشی زەرگ و مەرگی من بێ هایوهو کوردم
کە تۆ پەل بۆ هەموو جێیەک ئەکێشی و بێ ڕەگ و پنجی
ئەمن گەر پەل پەلیشم کەن، لە سەریەک ڕێگەم و کوردم
دڵت بۆ پارە پارە، بیر لە لیرە گیرە، دەم بۆ دەم
سەراپا، ڕەگ بەڕەگ، ئێسقان بە ئێسقان، مووبەموو کوردم
کە تۆ دەڕپێت فڕێ دا و چاکەتی چاکت دەبەر خۆ کرد
ئەمن شەرمم بە خۆو شاییم بە خۆمە، جل شڕ و کوردم
کە تۆ گیرفان پڕی گیرفان بڕی، من هەر هەژار ماوم
کە تۆ خۆت دا بە خواردن، من لەگەڵ گاڵ و بەڕوو کوردم

***

بەغدا ،نەورۆزی ١٩٦١- کورد خەریک بوون جێژنی نەورۆز بکەن، حکوومەتی عەبدولکەریم چەتی تێ ئەخست و بڕ و بیانووی بۆ دەتاشی، ئەم دەمەتەقەیەم بەو هۆیەوە نووسیبووە و لە ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی کوردستانا چاپ کراوە:

دەمەتەقەی بایز و پیرۆت

بـ: چۆنی؟

پـ: هەر خۆش بی.

بـ: جەژنیشت پیرۆز

پـ: پێکەوەمان بێ

بـ: له کوێ بووی نەورۆز؟
پـ: کوێخا ئەزانێ!
بـ: چی چی؟ باش بێژە؟
پـ: بێژم چی بایز؟ دوورو درێژە
چیمان بەسەر هات چیمان چاو پێ کەوت
چۆن کەفتینە ناو ئەم دنیای وا چەوت!
چەژنی چەژناسا لە ناو ماڵی خۆم
بێ پرسی کوێخا ڕەوا نابێ بۆم!
وە بلوێری ئەو ئەشێ هەڵبەزم
وەقسەشی ئەکەم هێشتا ناحەزم
ئێژێ پات خوارە، ڕانکەکەت شڕە
لەم هەرا و قڕە زۆر دڵم پڕە
پـ: خوا خەراو نەدا
پـ: خەراو تریش هەس؟
بـ: بەڵێ دەرد فرەس بۆ پیاوی بێ کەس
مزگەفتێ بکە و پەن شەش منارە
کلۆڵ بی، ئێژن میعراوی خوارە
پـ: ئا وەخوا بایز هێجگار کلۆڵم
وەک پەلکە گوڵی بەر سەرما و سۆڵم
چاوم لە خوایە ئێژم هەر جارێ
بگەیبامەوە دەمەو بەهارێ
بێ پرتەی کوێخا و بێ بۆڵەی سەرکار
هەوا هەڵمژم ئازاد و ڕزگار
ئەو چاخە ئەمرم چش وەجەحەندەم

سەر و ماڵی خۆم بەو ڕۆژە ئەدەم
بـ: پیرۆت عافەرم تۆ پیاوی ژیری
وەتەمەن گەنجی لە ئەقڵا پیری
تووشی بەهار بی واتا ڕزگار بی
بێ بۆڵەی کوێخا و پرتەی سەرکار بی
جەژنی خۆت بگری بە ئارەزووی خۆت
دەس لە دەست یەکا بایز و پیرۆت
هەڵپەڕکێ بگرن، کوردێک وەبلوێر
دۆستان شاد بکا و دوژمن بکا کوێر

***

بۆ کارتی جێژنە پیرۆزە

کـــوردە پیـــرۆز بێ جـــەژنی نەورۆزت
نـەبـەزی لـە ڕێـی ســــەربـەرزیـی هـۆزت
دەســتی داگــیــرکــەر لە خــاکت ببـــڕە
ئــازایــی بـــێـــنــە و ئــازادی بــکـــرە

***

بەغدا، خاکەلێوە ١٩٦١- سدیق میران ئاغایەکی شەقلاوە لە نزیک گوندی خۆی کوژرا بوو، حکوومەتی عەبدولکەریم دەیویست حزبی پارتی تێوەدا و بەهانەی بۆ بەرپێ دانی مافی کورد دەس کەوێ. لەو بارەوە نووسیومەو لە ژمارە (٢)ی کوردستان بڵاوکرایەوە:

دەمەتەقەی بایز و پیرۆت

بـ: پیرۆت ئەخەنی؟
پـ: ئەی چۆن نەخەنم، قاوتی بەربا و

کای لەبەر شەنم
بـ: گوایە چی بووە؟
پـ: لەمە زیاتر چی؟
دنیامان بووگە وەهەرچی و پەرچی!
بـ: ها، زانیم، ئێژی مانگ دروس ئەکەن
عەمیلکە گرە و دەگەڵ ڕووس ئەکەن
پـ: بایز خوا ئەقڵ با بە مناڵت
بۆ مێشکی کۆن و بۆ بیری کاڵت
گیانە، کاورایەک مرد لە شەقڵاوە
ئێژن لە بەغا تیرت لێ داوە
وەک ئێژن غەوس لە بەغدا بووە
وە کەلاش یەکی لە هیند کوشتووە
بـ: گاڵتەم پێ ئەکەی؟
پـ: بێژم چی گیانە
چۆن ڕێی ئەگیرێ بڕ و بەهانە؟
بـ: ئێژی بەهانەس؟
پـ: بەهانە و نیوە
میاو میاو بۆ پیوە، هێشتا چت دیوە؟
چەند چەوسامەوە لە ڕێگەی کاکم
دنیا شایەتە چەند پاک و چاکم
پێشمەرگە وەڕۆژ پاسەوان وەشەو
هەزار برینم لە لەش لەسەر ئەو
ئێستە بەهانەم بۆ ئەدۆزنەوە

گفتی دوژمنم بۆ ئەقۆزنەوە
ئێژن پف ئەکەی لە هەمەدانا
ئارد وەبا ئەدەی لە خۆراسانا
دیارە ئەخوازن بێ زاد و تێشوو
بم گەڕێننەوە سەر دەقی پێشوو
بـ: پیرۆت چۆن ئەوێ چ خوا بەردارە؟
کورد بۆ چ ئەمەندە کڵۆڵ و ژارە!
پـ: بایز کەس ئەمڕۆ ناشێ بخەنێ
مناڵ تا نەگری شیری نادەنێ

***

بەغدا، خاکەلێوەی ١٩٦١- ئەم دەمەتەقەیەشم کە هەر هێرش بۆ سەر کردەوەی عەبدولکەریمە لە ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی کوردستان چاپ کراوە:

دەمەتەقەی بایز و پیرۆت

بـ: خوا قەوەتت با
پـ: خۆت مانوو نەوی
بـ: وەچی خەریکی؟
پـ: کێلانی زەوی
بـ: چی لێ ئەچێنی؟
پـ: گەنم و هەرزن
بـ: هەرزن بۆ مامر؟
پـ: نە بەخوا بۆ من
بـ: چۆن هەرزن ئەخۆی؟

پ: گەر دەستم کەوێ!

ب: لەبەر چی؟

پ: کوێخا ئەویشی ئەوێ

ب: کوا هەرزن ئەخوا؟

پ: بۆ مامری خۆم

پەتی ملیشم هەر لە خوری خۆم

ڕۆنە هی منە، گۆشتە هی منە

بۆ من ماندوبوون، بۆ ئەو خواردنە

ب: کوێخا زویرە لێت

پ: کەمم هانیوە

ب: نەخێر پێت ئێژێ خۆت نەناسیوە

پ: من مام پیرۆت نیم!

ب: مەیژە پیرۆتم

بێژە کوێخا گیان هەتیوی خۆتم

کوێخا ناخوازێ کەس خاوەن ناوبێ

هەرچییەک بۆی ئەکەی ناشێ بەرچاو بێ

چەرمی پشتی تۆ بکاتە سفرە

مەڵحەم داواکەی لەلای ئەو کفرە

کار بکە و داوای نان و ئاو مەکە

گشتی خزمەت بەو بیری خاو مەکە

پ: بەڵێ بایز گیان من خۆم ناناسم

هەر بۆیە هێندە ڕووت و کەساسم

ئەگەر وەک مەردم خۆم بناسیبا

ناشێ ئەو ڕۆژەم بەچاو بدیبا

بـ: پیرۆت خەم مەخۆ دنیا وە دەورە

ڕۆژمان دەرئەچێ لەبن ئەم هەورە

پـ: ئا: وەخوا ئەگەر یەک بێن من و تۆ

کوێخا ئەبێتە ڕاهێڵی بێ پۆ

***

ئەم دەمەتەقەیەشم کە لەسەر عەبدولکەریم گوتووە لە ژمارە (٤)ی کوردستان لە بەغدا چاپ کراوە:

دەمەتەقەی بایز و باپیر

بـ: مام پیرۆت سڵاو

پـ: ئای وەحەلێکم

بـ: چۆنی؟ لە چیدای؟

پـ: بە خوا نارێکم

بـ: نارێکیت لە چی؟

پـ: ئەپرسی لە من؟

بووم وە پەند لەناو گشت دۆست و دوژمن

بـ: ئێژن تۆ و گورزە تێکەڵ بوونە سەو!

پـ: بەڵێ جا ئێستا ئەو بازە و من کەو

وەگیان تۆ هەست و نیستی خۆم دایە

بـ: جا گوایە هێشتا بەرچاوی نایە!

پـ: چاو و ماوی چی! من خەتا بارم

وای بەسەر هێنام لە ژین بێزارم

لە ڕەمەزانام ساڵێ دوازدە مانگ

نەمزانیوە چین پارشێو و بەربانگ
ئەو نانم ئەخوا، من سوێند بەسەری
ئەو زێڕ ئەکێشێ من کوێرەوەری
بۆ خۆی تێر گۆشتە لە ئاژاڵی من
گز و فت ئەدا وە منالّی من
کاسە دراوسێ ئەدا بەم و بەو
ئێمەش چەورایی ناوینین بە خەو
بـ: جا بۆ خەوتان هەس وەشەو لە برسان؟
پـ: نە بەخوا، وەڕۆژ ئەتووین لە ترسان
بـ: دەک پیرۆز نەوێ، ئەشتان ترسێنێ؟
پـ: ترساندن و بەس؟ گیانمان دەردێنێ
هیوام کەچەڵ بوو، وەملی وردم
سەری هەڵماڵی و زراوی بردم؟
خۆم کۆڵەوار کرد بۆ دەنگی دەهۆڵ
کێ بەزەی دادێ وەپیاوی کلۆڵ
وە قورحانەکەی سەید سادق سوێنم
دەردم سەربارە و بەرباری جوێنم
بـ: پیرۆت نەتبیستووە بۆ دەستەوستان
بەهرەیەک نادا گەرمێن و کوێستان
کێ ددانی بێ خواردنی ئەوێ
پـ: ئا، وەخوا، بایز دەردت لێم کەوێ
گەر ڕەمەزانە و گەر شەشەکانە
بەشم هەرژەم و دوو تیکە نانە

***

بەغـدا، خـاكـەلێـوەی ١٩٦١- خـاوەنی ڕۆژنامـەیەكی بەغـدایی بە ناوی (الثـورة) بە ئاشكرا داوای توانەوەی گەلی كوردی كرد لە ناو گەلی عەرەبا، ئەم دەمەتەقەیەم لەسەر ئەو كابرایە نووسیوە، لە ژمارە (٥)ی ڕۆژنامەی كوردستانا چاپ كراوە:

دەمەتەقەی بایز و پیرۆت

بـ: مام پیرۆت چۆنی؟

پـ: بایز چە بێژم؟

بەخوا ئەم بەینە سەرسام و گێژم

بـ: چیتە؟ سەرماتە، بارانە، هەورە؟

پـ: كوڕە نا، لە داخ ڕۆژنامەی سەورە

ئێژێ گەلی كورد ئەتاوێنمەوە

ناوی لە دەفتەر ئەكوژێنمەوە

ئەبێ قویتیان دەم كورد و چیاكانی

خۆمیان لێ بكەمە گەماڵی سانی

بـ: چی، چی؟ ئا، پیرۆت بۆمی بڵێوە

پێم ناڵێی كێیە ئەم سەگباب خێوە!

هەی باوكی لە گۆڕ نەحاوێتەوە

كورد مۆمی نوشتەس بتاوێتەوە؟

بۆ من دۆلارم بخرێمە باخەڵ

شێر چۆن ئەچێتە ناو ورگی چەقەڵ؟

ئەمە كەی كوردگەل بوونە پەقلاوە

كەر لە كوێ و كوندە لە كوێ دڕاوە؟

پـ: بایز ئەی چییە ئەم قویلەقویلە

بـ: پیرۆت وەگیان تۆ گشتی بۆ پویلە

ئینگلیزمان دەركرد وەچەپڵە و فیتە

لە دەستی دەرچوو ئەم حەمكە پیتە

هەر خەون ئەبینێ بێتەوە ناومان
ببێ وەلەکە لە بانی چاومان
لات بە کرێ ئەگرێ شەڕ بنێتەوە
خۆی هەلێک دەس خا و بگەڕێتەوە
پـ: ئێستا نەترسم؟
بـ: ترسی چی پیرۆت؟
گەل قوتدانی چی؟ هەر بەبیری خۆت
هێتلەری باوکی ئەم ڕۆژنامەیە
کوا! کێ ئەزانێ گۆڕی کامەیە؟
هەزار پاڵەوی و سەد گەماڵ مردن
بەکەس قویت نەچوین کوردت هەر کوردن
پـ: بەڵێ ڕاست ئێژی، خوا نەت باتەوە
گا، لە جێیە تر ئاو ئەخواتەوە
باوکم لێم مەگرە سەیرە ئەم دەورە
ترسام وەک خورما قویتم دا سەورە

***

بەغدا، بانەمەڕی ١٩٦١- بۆ بیرەوەریی شەهید کرانی شێخ سەعیدی پیران ئاهەنگێک لە بارەگای خەبات لە بەغدا گێڕدرا ئەم شیعرەم بەو هۆیەوە خوێندەوە:

ئافەرین بۆ گیانبازان

پێ و چەک زرمـــەیانە و خـــرمـــە
کـــۆ بوون کـــۆمـــەڵێ جـــەندرمـــە
ڕق لـە دڵ و نـێـــــــــــزە بـەدەست
لە ناو گـــۆڕاییـــەک ڕیزیان بەست

دیاربەکر خەمگین و ماتە
چاوەنۆڕی کارەساتە
لە شەوێکدا لە ئاقارێک
هەڵخرا چەند پەت و دارێک
شێخ سەعیدی پیرانی پیر
لەگەڵ چەند لاوی مەرد و ژیر
بوونە قوربانی کوردستان
بوونە ڕووگەی کوردپەرستان
ئەنقەرە ئەمرێکی دەرکرد
شێخ کوژرا، کوردستانیش مرد
بەڵام مێژووی ژیری بیر ورد
گەمەی بەو قسانە دەکرد
بە خەتێکی سووری وەک خوێن
نووسی لە دیاری ترین شوێن
ئەوانە نامرن و زیندوون
هەزار قات دێنەوە کە چوون
مەرگ هەر بۆ گەل خۆرانە
نەفرین بۆ خاوەن زۆرانە
سەد ئافەرین بۆ گیانبازان
بۆ گیانی ئازادیخوازان
شێخ سەعید هەرگیز نامرێ
ناوی با دنیا داگرێ
خوێنی کوردان کە ڕژاوە
ناوی تورکی پێ کوژاوە

هەر دڵۆپێکی ئەو خــــــوێنە
بۆ تۆڵەســــــــاندن هەوێنە
تا لە کــــوردســــتــــانە ترکێ
خــــوێنی کـــوردان دانامـــرکێ
تۆڵەی شـــەهیـــدان دەســـتـــێنین
پەڕی مــــێـــــژوو دەڕەنگێنین

***

بەغدا، پایزی ١٩٦١: ساڵی ١٩٦١ شۆڕشی پیرۆزی کوردستان دەستی پێ کرد، بەپێی توانا منیش بەپەخشان و شیعر بەشێکم تێ خستووە. هەرچەندە هێندێک لەو شیعرانەم نەشخوێندراونەوە! ئەم سروودەم لە سەرەتای شۆڕشدا بۆ شاگردانی مەدرەسە نووسی:

سروود بۆ قوتابیان

من ڕۆڵەی کوردم، بۆ نیشـتـمـانم
ســەرم دائەنێم، ئەبەخــشم گــیــانم
لە ڕێی شـــۆڕشـــا خـــوێنم ئەڕژێنم
ئـاڵای ئـازادیـی پـێ دەڕەنـگـێـنـم
زۆر شـەرمـە بۆ من کـورد ئازاد نەبێ
گــەلم وەک گــەلان دڵی شــاد نەبێ

***

خـــوێنی مـــامم بوو لە ئاگـــری ڕژا
خوشکەکەم مێشکی لە دەرسیم پژا
باپیرم لە چیای شـیـرین نێژراوە
لە کن مـــهـــاباد باوکم کـــوژراوە
برام لە بەغـــــدا بە داردا کـــــرا

زۆر مـــاڵە خـــزمم بەر بۆمـــبـــا درا
***

گـەلێک پێـویسـتـە زانست و خـوێندن
بۆ سـەربەخــۆیی، بۆ تۆڵەسـەندن
گەل خـوێندەوار بێ قـەت ژێر ناکەوێ
لە ڕاست بێـگانە سـەری نانەوێ
چینی تازەی کـورد بە خـوێندەواری
بەرز ئەکـاتەوە ئاڵای ڕزگـاری
ئێـمـە چینی خـوێندەوارین
پێـشـڕەوی ڕێـگەی ڕزگـارین
ڕەمـزی کـار و نەوەسـتـانین
فـیـداکـاری کـوردسـتـانین*
***

بەغدا، بەهاری ١٩٦٢- ئەم سروودەشم هەر لەسەرەتای شۆڕشا بۆ پێشمەرگە گوتووە، بەڵام نەخوێندرایەوە:

سروودێک بۆ پێشمەرگە

کوردستان

کوردستان......
نیـشـتـمـانی کـورد، گـەلێک پیـرۆزی، سـوێندت پێ ئەخـۆم
بۆ سـەربەخـۆییت، بە گـیـان و بە مـاڵ، بەقـوربانی تۆم
*لەڕێگەی ڕزگارکردنت بەرەو خۆشی پێش بردنت ڕووبەڕووم لەگەڵ دوژمنت
کوردستان......

* ئەم دوو بەیتەی دووایی سەربەندی هەرسێک بەندەکانە.
* سەربەندی هەرسێک بەندەکانە.

هەرتۆی مەبەستم، تۆی خۆشەویستم، تۆی بیر و هەستم
چی دێ لە دەستم، هەرگیز ناوەستم، وڵات پەرستم
کوردستان......
زۆر لاوی ئازات، لە کۆڕی خەبات، خوێنی خۆیان ڕشت
زۆر شێخ و پیران، لە زانا و ژیران، خۆیان دا بەکوشت
کوردستان......
بۆتان، شەمزینان، چیای شیرن، پیران، ئاگری داغ، ساسۆن
دەربەند، شارەزوور، مهابادی سوور، ڕووگەی نەوی تۆن
کوردستان......
دڵ چاک و پاکین، ئازا و بێ باکین، ڕۆڵەی ئەوانین
بە دڵ داخوازی، سەربەخۆیی تۆ، و تۆڵەی ئەوانین
کوردستان......
بڕیارمان وایە، یان ئازاد ژیان، یان ئازا مردن
بەسەرچوو ئەم دەم، لە ڕووی بێگانا ،ن سەرنەوی کردن
***

کۆیە، نەورۆزی ١٩٦٣- نەورۆزی ساڵی ١٩٦٣ کۆبوونەوەی سەرانی شۆڕش لە شاری کۆیە بوو، لە ئاهەنگی جێژنی نەورۆزدا ئەم شیعرەم خوێندەوە:

کاوەی مەزن

جێژنی سەرساڵ کە نەورۆزە
زۆر لە ناو کوردا پیرۆزە
جێژنی کۆنە و بۆمان ماوە
بۆی دارژتین کوتکی کاوە

مێشک خۆری کوردی مراند
ئاڵای لەسەر گۆڕی چەقاند
ئاڵای کاوەی کورد هەڵ کرا
ئەو ڕۆژە بە نوێ نێو نرا

***

هەزاران ساڵ تێ پەڕیوە
کوردیش نەورۆزی زۆر دیوە
هەر کاتێ خاکی کوردستان
ڕزگار دەبوو لە چنگ زستان
پۆلوو دەکەوتن یەک و دوو
مۆژدەی شەماڵی پێوە بوو
بای وادە لە دەشت و کاوان
بەفر و سەهۆڵی دەتاوان
دەیگرماند هەوری بەهاری
بە لێزمە باران دەباری
پووش و لیتەی ڕادەماڵی
کۆنە بەرگی دادەماڵی
دەشت و دەر دەبوو سەوزە پۆش
پڕ گوڵی خۆش ڕەنگ و بۆن خۆش
کیژ و کوڕ دەردەچوونە چۆڵ
بۆ سەمای بە زوڕنا و دەهۆڵ

***

بەڵام ئەوا یەک دوو ساڵە

بێ جـــــــەژن و ژیـانمـان تـاڵـە
نەورۆزمـــان وای خـــۆ گـــۆڕیبـــوو
قـــەت کـــەس شـــتی وای نەدیبـــوو
عـــەرەب حـــەزیای خـــواردنمان بوو
داواکـــــــاری مـــــــردنمـان بـوو
لەســـــەر خـــــاکی کـــوردەواری
ڕەش و پـــاپـــەتـــی دابـــاری
دەس کـــرا بە خـــوێن ڕژتنمـــان
بە منداڵ و ژن کـــوشـــتنمـــان
خـــەڵات بوون شـــەق و دار و مـــست
ســـاوایان دەئـاگـــر دەخـــست
قـــیـــژە و هاواری کـــیـــژە کـــورد
بێ نامـــووس، نامـــووسـیـــان دەبرد
ئاغـــا و ڕیش ســپی و مـــەلامـــان
کـــــێی زۆر بـەنرخـن لە لامـــــان
دەست بەند لە دەست و دەم بەخـــوێن
دەدرانـە بـەر پـلار و جـــــوێـن
فـــڕۆکـــەی مـــێگ و ئەلیـــوشن
هەژدیهـــان خـــوێن هەڵ دەلووشن
گـــــرمــــــەیان لە هەوران زۆرتـر
لە هەمـــوو وەحـــشـــان پیـــاوخـــۆرتر
بۆمـــبـــای ناپاڵمـــیـــان دەباراند
گـــیـــانیـــان لە لەشـــمـــان دەتاراند

دیارییـــەک بوون لە کـــرێکاران
بۆ مــــاڵ و مــــەزرای هەژاران
چەک، چەکی ئاشـــتی خـــوازی بوو
لە کـــوشتن بێ جــیـــاوازی بوو
بەرتۆپی پێنج پێنج و شـــەســتـیــر
دەدرا ســـاوا و جـــوان و پیـــر
هـــەوری چـــڵــکـــنـــی زۆرداری
بەتاو مــــــەرگی لێ دەباری
زۆر ئیـــقلیم گـــیـــربوو لەو ناوە
خـــوا کــــردی و ڕاپەڕی کــــاوە
***
کـــــاوەی مــــــەزنمان بارزانی
کـــاوەی پێـــشـــوو بە قـــوربانی
بـــزووت بـــای وادەی ئـــاواتمـــان
گـــــەرم بوو کــۆڕی خــــەباتمان
پێـــشـــمـــەرگـــە خـــاوەن ســەردارە
ژیـن لە دوژمـن ژەهـری مــــــارە
ســـەتیـــان هەڵدێن لەبەر کـــوردێ
وەک دەڵێن «ســـەد قـــەل و بەردێ»
جــــــاش کلکی لێ بوو بە ئالاّ
ســم و یـــاڵـــی لـــێـــک دەهـــالاّ
عــــارەب کــــەوتە یومە و ڕۆڕۆ*

* یومە بە عارەبی یانی هەی دایە.

کــاکـــه مـــه‌مکوژه و چه‌ک بۆ تۆ
با هه‌ر بێن مـــێگ و ئه‌لیـــوشن
بـــۆ لاوی بـــارزانـــی پـــووشـــن
به گـــۆپاڵ ڕه‌شـــاش ده‌ســـتـــێنن
به بـه‌رد زرێپـــــــۆش ده‌شکێنن
کـــوڕگـــه‌ل چه‌ک وه‌گـــوێزن به‌کـــۆ
کـــه‌لاشـــینکۆ و خـــرۆشـــینکۆ
تا ســـه‌ردارمـــان بارزانیـــیـــه
ترســـێک له ئارادا نیـــیـــه
***
له هه‌ژارت کـــه‌وێ کـــاکـــه
باپێت بنازێ ئه‌م خـــاکـــه
ئابڕووی کـــوردت کـــڕییـــه‌وه
ده‌ســـــــــتـــی زۆردارت بڕیـه‌وه
ناوی مـــه‌ش به‌هۆی خـــۆته‌وه
لـه دنـیـــــــا به‌رز بـۆتـه‌وه
هێـــزی ده‌ست و تفـــه‌نگی تۆ
هه‌یبـــــه‌ت و زه‌بروزه‌نگی تۆ
پایه‌تی له ترســـان مـــردن
جـــه‌هه‌نده‌می لێ پڕ کـــردن
جـــێـــفـــڕکی له جـــاشـــان بڕی
نامـــووس فـرۆش مـه‌رگـیـان کڕی
***
له‌و جـــێی به بۆمـــبـا ســـوتاون

کەلاکە دوژمن نێژراون

لاشی دوژمنی کوردستان

پەین بۆ ناو باغ و بێستان

شینکە باشتر سەر دەردێنێ

زەوی باشتر گوڵ دەروێنێ

وا بۆت نیزیک کردین بەهار

دەستم دامێنت هەزار جار

هەورازێکمان لەبەر ماوە

لەو دیو خۆشی و تاو و ساوە

پێشمان کەوە لەو ڕێبازەش

وەسەرمان خە لەم هەورازەش

تا کورد ژێر چەپۆکە مابێ

ئاسودەیی بۆ تۆ نابێ

هەموو کورد چاوی لە تۆیە

هەر تۆی هەبێ سەربەخۆیە

دەرمان بێنە لە هەژاری

بمان خە سەر ڕێی ڕزگاری

***

کۆیە، ١٩٦٣/٣/٢٧- سروودێکە بۆ شۆڕشم نووسیوە، بەڵام داخەکەم لە دەمی خۆم و قەڵەمەکەم دوورتر نەڕۆیشت:

بۆ پێشەوە بارزانی

ئەگەر دنیا مژ و تەم و تاریکە

ئەگەر ڕێگا کەند و کڵۆ و باریکە

ئەگەر شەوە و گەرمەی هەور و بارانە
ئەگەر بەفرە و شڵێوەیە و تۆفانە
ئەگەر گێژە و کڕێوەیە و بۆرانە
ئەگەر لە هەرجێدا چەتە و گۆرانە
تۆ شارەزا و ڕێ نیشاندەری لاوانی
بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی
ئەگەر هەوار نشێوە یان هەورازە
ئەگەر لەهی و لافاوی بێ پێ بازە
ئەگەر چەق و لوور و مڕەی دەعبایە
هەموو دەر و دۆڵێک پڕی حەزیایە
ئەگەر لە هەر بن بەردێ نەعرەی دێوە
هەر پنچکێک پڕی لە جند و خێوە
باکمان نییە هێز و گوڕی دڵمانی
بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی
ئەگەر دوژمن پڕا و پڕی دنیا بێ
شەپۆڵ بداتەوە، وەکو دەریا بێ
چەکی دەسی لە ئێمە زۆر زۆرتر بێ
لە گش دڕندە، وەحش و پیاو خۆرتر بێ
خۆیان لە ناو زرێپۆشان وەشارن
بۆمبا لەبن فڕۆکەیان دابارن
لە کوردستان تۆمان هەبی بەسمانی
بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی
با کۆخ و لادێ و شارەکان خاپوورکەن

با گوللە تۆپ لاشان لە خوێنا سوورکەن
خوێنمان لەڕێی ئەم نیشتمانە بڕژێ
مێشکی ژن و کوڕ و کیژانمان بپژێ
لانک و منالٚ بە ئاگرێ بسووژن
با وێران کەن، ببڕن، ببەن، بکوژن
لە دواتەوەین باب و برا و کەسمانی
بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی
کوردین کوڕی چیا نەبەرد و شێرین
بە کوشتنی داگیرکەرانمان فێرین
لە دوژمنان تۆڵە و هەقمان دەستێنین
سەدقات سەران دەبڕین، زگان دەدڕێنین
ئەو ڕۆژی کورد دەکرا بە دیل ئەو ڕۆیی
یان مردن و یان ژین بە سەربەخۆیی
دوژمن کوژی کورد پەروەری ڕێزانی
بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی

***

چیای براندۆست، سوورچی، ١٩٦٣/٥/١٥- حزبی پارتی بڕیاری وابوو کە هەرگیز لە داوای حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) نەیەتە خوار، جەلال تاڵەبانی دەیگوت من پارێزەرم قانون ئەزانم، لامەرکەزیش هەرمانای ئۆتۆنۆمییە، من لام وابو فێڵێکە لە کورد ئەکرێ، دەستیشم نەدەڕۆیی قبوڵی نەکەم. بەو شیعرانەم گاڵتەم بە لامەرکەزی کردووە:

لامەرکەزی

یار وەکو مانگی لەسەر کەل هاتە دەر لامەرکەزی
زوڵف و کاکۆڵی وەکو میشکی تەتەر لامەرکەزی

چاوی مەستی هۆش و هەستی زۆر بە تەڕدەستی ڕفاند
کولمی ئاڵی خوێنمی کردە هەدەر لامەرکەزی
من گوتم دەمرم لە دووریت کەی بە وەسڵت شاد ئەبم؟
پێکەنی و فەرمووی هەژار خاکت بەسەر لامەرکەزی
من گوتم کوردم شتێکی وا بفەرموو تێت بگەم
ئەو گوتی: نایزانێ غەیری پارێزەر لامەرکەزی
من گوتم: وا دیارە ماچ و دەس لە گەردن کردنە
نا، گوتی: دەردی گرانە بۆ جگەر لامەرکەزی
من گوتم: جوێنیش بدەی پێم وایە هەر خۆشت ئەوێم
تووڕە بوو فەرمووی: دەڵێی هاتویە سەر لامەرکەزی
من گوتم: جارێک تەماشام کە بە گۆشەی چاوەکەت
پێی گوتم: بۆ دەربەدەر سەرفی نەزەر لامەرکەزی

***

چیای برادۆست، سوورچی، ١٩٦٣/٥/١٦- وەفدێکی شۆڕش بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی لە زەمانی بەعسییاندا چووبوونە بەغدا و لەوێشەوە، جەلال لەگەڵ چەند کەسێکا چووبووە قاهیرە، من کە باوەڕم وابوو، ئەو سەفەرە زۆر بێهودەیە ئەم شیعرەم لەسەر نەزمەکەی پیرەمێرد (وەفدی کوردستان وەتەن فرۆشان) نووسی، بەڵام نەمتوانی بڵاوی کەمەوە:

وەفدی کوردستان

وەفدی کوردستان مەست و بێهۆشان
دەم و پل هەڵەی بە دڵ نەخۆشان
لە دووی چ وێڵن! بۆ وا چەوێڵن!
تاکەی سەربەرد و ڕەقەن دەکێڵن!
قاهیرە و بەغدا چ دادێک دەدەن

له دەرگـــای دوژمـن دەرۆزەی دەکـــەن!
مـــاف دەســـێندرێ هەرگـــیـــز نەدراوە
ملتـــان دەشکـێنـێ ئەم خـــاوە خـــاوە
خـــوێنی هەزاران کـــوردی پـیـــر و لاو
ژنی شـــــو نەمـــــاو، منـاڵی بێ بـاو
لێـــرە بێ تۆڵە و بێ بەش مـــانەوە
ئێـــوەش گـــەڕ ئەخـــۆن بە شـــارانەوە!
ئارەق و خـــــوێـنی ڕووت و هەژاران
دەدەن بە بـادە بـۆ کـــــــۆڕی یـاران!
ڕێوی پێـشـــەنگی جـەلەی وشـتـــربێ
ســـەیرە و ســـەمـــەرە بـار بگاتە جێ
دەک ڕەنجـــەڕۆ بن، ڕەنجـــو بەبا دا
ڕووزەردن لەبەر قـــــاپی خـــــودادا
بۆ پارە و کـــورسی ئێـــمـــە دەفـــرۆشن
شـــیـــرتان بۆ نادا نێـــران دەدۆشن
خوێنی مـیـرخان و مەحمـوود کاوانی
نەفـــــرین دەنێـــــرن بـۆ تاڵەبـانی
خـــــوایە چارەیەک زۆر چارەڕەشین
زلمـان زاڵـــمـــن بـۆیـە بـێ بـەشـین
***
بارزانی هاوار جـــێی هومـــێـــدانی
لەو دەردی گـــران هەر تۆ دەرمـــانی
فـێـڵبـازی خـۆمـان لێـمـان بوونە کەو

دەمـــــان هاوێنە داوی ئەم و ئەو
بازی سـەرچیـا فـڕەی شـابالێک
گورێک، هەڵمەتێک خاین ڕامالێک
بابی هەتیـوان مـەوەسـتـە هەسـتـە
بۆ ڕزگـار کـردن ودمت بەدەسـتـە
وەپێشـمـان کەوە با سـەربەخـۆ بین
وێرانەمـالێن ئەگـەر بێ تۆ بین

***

چیای براندۆست، سوورچی، ١٧/٥/١٩٦٣- لەسەر زمانی جاشە کوردەکانەوە ئەم سروودەم نووسیوە:

سروودی جاش

جـاشین کـوڕی کـەرانین
جـاشـەکـەری گـوێ پانین
عـاش عـاش عـاش
جـاش جـاش جـاش*
ئێـمـە وەتەن فـرۆشین
مـردووی پارە و قـرۆشین
داردەسـتی داگـیـرکـەرین
کـەیف سـاز و سـەرخـۆشین
نـۆکـەرین بۆ بێگانـە
بە دڵ بۆی تێ دەکـۆشین

* * *

* سەربەندی بەندەکانە.

هەر کەس وەتەن پەرستە
زۆر لەلای ئێمە پەستە
نیشتمان و نامووس چین!
بەستەی دینار مەبەستە
برای خۆمان ئەکوژین
گەر تۆزێک خاوەن هەستە

* * *

بادابارن تف و جوێن
لە هاو ڕەگەز و هاوخوێن
گوێ نادەینە شتی وا
نامووس، خوا و شەرەف لەکوێن!
لە پیاوەتی تێ ناگەین
لە بابەت پارە بدوێن

* * *

نامەردی خاوەن پارە
لامان ئاغا و سەردارە
هەر کورتانمان تازە بێ
کۆڵمان ئامادەی بارە
جاشین با گەورە ببین
شەشدانگ ئەبین ئەمجارە

* * *

ئەشکەوتی چیای براندۆست، سوورچی، ١٩٦٣/٦/٣- حکوومەتی عێراق بە جاشە کوردەکانی خۆی ئەگوت چەتە یان مەوالی. بەعسییەکان ناویان لێ نان فورسان، فورسان یانی: سواران. منیش بەو هۆیەوە ئەمەم نووسیوە:

جاش تووڕەن

لە بەغداوە هات خەبەر

بۆ جسناتی جاشەکەر

مزگێنی، نەما ترسان

ناومان لێ ناون فورسان

لە هەولێر و لە مووسڵ

جاش کۆوەبوون هەموو سڵ

تاجی زل و سم خڕن

ناڕەزایی دەربڕن

گوێ قوت لەسەر سم بۆ شەڕ

بەجیفرک و زەڕەزەڕ

بۆ بەغدا دایان لە تێل

بۆ خزمەت خواجە میشێل

میشێل عەفلەقی دیان

پێغەمبەری بەعسییان

گوتیان ئەی فەلەی مەزن

فەرمایشتت ناحەزن

فورسان بەسوار دەبێژن

مەفەرموو جاشن، گێژن

کێ بیستی جاش و سواری!

بەسیەتی فێڵ و خواری
شیری کەرمان مشتووە
برای خۆمان کوشتووە
ئێمە جاشین کوڕی کەر
بۆ پارەدەر بارەبەر
جاشی کەریم قاسم بووین
بۆ ئەو لە ناڵ و سم بووین
تۆپی ئەو بابی چاکمان
تۆ خۆت بکە بە داکمان
جاشی خۆتین ئەم هەلە
جاش قاسم نا، جاش فەلە
گەر ناومان لێ بگۆڕی
بۆمە شەرمە و گوێ شۆڕی
جاش بەگزادە و شێخی پیر
بە فورسان دەبن دڵگیر
فەلە گیان، تۆ سڵێوە
بانگمان مەکەن بەو نێوە
فورسان مورسان نە باشە
ناوی پیرۆزمان جاشە
هەر بەربار و گوێ لەقین
جاشی میشێل عەفلەقین

* * *

لە سەردەمی هێرشە نامەردانەکەی بەعسییان، ئێرانی و تورکیش زۆر بە دڵ یاریدەی عێراقیان ئەکرد بۆ نەهێشتنی شۆڕشەکەمان و قەڵاچۆ تێ خستنمان. منیش وەک لێم ڕوونە و هەمیشەش باوەڕم وا بووە گەلی کورد بە کەس لەناو ناچێ و کوردستانیش هەتا سەر لە ورگی کەسدا نامێنێتەوە. بەم شیعرانە باسی هێندێک ڕابردووی خۆم و باوەڕی و داخوازی دڵم بۆ دوا ڕۆژ کردووە:

بەرەو موکوریان

شەوە تاریکە کش و ماتە زەوی
کەوتە خەو کێوی، کەوی، دارودەوی
تووتەک و گۆین و کوند وشیارن
ڕۆژ وچانیانە بە شەو پڕکارن
لەو هەموو جانەوەرەی وەردەکەوێ
نازەنینیش هەیە لای لایێی دەوێ
شنەبای وردە گوڵاو ئەپژێنێ
پێی سپێراوە گەڵا ڕاژێنێ
خوڕخوڕی ئاو لە بەفری سەرکەل
خۆش هەوای تێکەڵە زەنگی سەر کەل
سەگ بەدەم پرخەوە دەم دەم دەمڕێ
لەخەوا دیویە گورگ بەرخ ئەدڕێ
بۆق لەسەر نوێنی قوڕین قیڕەی دێ
سیسرە ژێ تاری شڕە و سیڕەی دێ
جار و بارەش کەڵەشێر ئەخوێنێ
بانگ لە ئەستێرە ئەکا بیدوێنێ
ئاگری شوان ئەگڕێ لەو دوورە
بووکی خێوی شەوە، تارای سوورە
گەشن ئەستێرە چ بەرزن، چ نەوین

گشتی پێت وایە ئەویندارى زەوین
زۆر بەپارێزەوە هەست ڕادەگرن
بە هومێدێکەوە چاو دادەگرن

* * *

مانگ ئەوا تازە لە ئاسۆ دەردێ
کۆمەڵێ هەورە سپیلکەی بەردێ
وەک مناڵی کزی باب ئاوارە
چاوەڕێ بوون وەگەڕێ دووبارە
وا ڕەوی مژ لەبەر ئەو پێوارە
گەش و ڕوون بوونەوە بەو دیدارە
بەلەز و هەڵپە هەموو زۆر بەدەون
هێندێ پێشڕەون و برێ دوا ئەکەون
گش بەرەو پیری ئەچن زووی بگەنێ
مانگ لە خۆشییان دەگری و پێش دەکەنێ
دیمەنی ڕوون و جگەر سووتاوە
ئاگری دووری بە تین و تاوە
یەک یەکی گرتنە هامێز ڕووخۆش
هەورییە هەور و لە ڕوویا ڕووپۆش
پاش گەلێ ماچ و لە باوەش کردن
تیشکی زیوینی لەسەر بەش کردن
چاک و خۆشیی لەگەڵ ئەستێران کرد
کەوتە خۆ و بووکی زەمینی جوان کرد

ئاوی کانیاوێ کە وێنە نوێنە
دڵی خۆی داوەتێ دڵ بزوێنە

* * *

شەوەکی و بولبولە ئەچریکێنێ
تا بەلاوک دڵی گوڵ بستێنێ
دە ئەتۆش هەستە خەیاڵی خاوم
من ئەگەر تۆم نەبێ زۆر داماوم!
لەم هەژارخانەیە بمهێنە دەرێ
بمبە دەشت و دەرێ بمگێڕە سەرێ
دەست و بردێ شنەبام بۆ زین کە
جێم دەگەڵ خۆت لە هەیڤ دابین کە
سەیری خاکی موکوریم دێ بە دڵا
تا نەچووین خۆم و دڵ و تۆش بە گڵا
سەرێ هەڵبێنمەوە لەو مەڵبەندە
گەرچی لەش دوورە لەوێ دڵ بەندە

لاجان

دەشتی لاجانە بەهەشتی پێشووم
هونەرم گەر هەبێ، لەو ڕا تێشووم
ئێرە بوو لانکی یەکەم دڵداریم
لێرە هەڵ بوو سەرەتای خەمباریم
چاوی کارمامزێ خستمیە کەمەند
نازی پێ دام و دڵ و هۆشمی سەند
هێندە فرمێسکە لەوێ ڕشتوومە

هێندێ لەو ڕازە لەوێ ناشتوومە
بێتە دەر، گوڵە لە خوێناو، پڕ خوێ
بێتەبەر دڕک و گوڵی لێ دەڕوێ!
چاوی من بوو بە درێژیی شەوگار
ملەبارانی دەگەڵ هەوری بەهار
ڕادەمان دیدەکەم و ئەستێرە
کامی زۆرتر بەخەوی کەم فێرە
من و پەروانە دەمان کردە گرەو
کێ لە سووتان بە گڕە؟ من یا ئەو
گڕ و یار کێیە لە کێ جوان چاکتر
شۆقی یار دەردەکەوت ڕووناکتر
ژینی شادیم لە ژوانگەی نێژرا
بە بژانگم گڵەکەی دابێژرا
بۆ بزەی لێو تەمەنی لاوم کوشت
بۆ ڕوانین، زووخاوی چاوم ڕشت
نرخی ماچێکی دڵ و دینم دا
ئەمە چەرخی بە هەموو ژینم دا
گەر چی نازدار و هەژار ڕێک نەدەهات
مەخمەر و کۆنە دەوار لێک نەدەهات
ئەوی من پێم گەیی دیسان زۆرە
بەخششی دەستی ئەوین سەد جۆرە
تووشی دەردی دڵی دڵداران بووم
شیاوی ناو کۆمەڵی خەمباران بووم
چاوی هەرسوورم و ڕەنگی زەردم

دڵی وا گەرم و هەناسەی سەردم
بیری سەرشێت و سەری شێواوم
چم نەبوو، پاکی ئەوین پێی داوم
گەنج و سامانی هەژاریم کە هەیە
سوودی سەودای سەری ئەو سەردەمەیە
شەوەکەی کورتە دەبا واز بێنین
دڵی هار چی دی نەهاروژێنین

ماسوو*

ماسوو، ئەو کێوە هەوارگەی دڵ بوو
جوانێ لەو نێوە گوڵی سەرچڵ بوو
لێک دەهاڵاین دەسەمل شەوگاران
ئەو بەناز، من بە نزای دڵداران

قازیاوێ*

چۆمی قازیاوێ لە خێڵی خاڵان
شڵەژاندوومی دەگەڵ منداڵان
خانووە ڕەملینە لەلام خۆش بوو بەڵام
لێم دەڕووخایەوە، ئێستەش هەروام

پردی سوور*

پردی سوور، ئاخۆ لە بیرت ماوم
بە نەمامی لە دەراوت ڕواوم!

* ماسوو: گوندێکە لەنێوان لاجان و سابڵاغ، هەژار منداڵیی خۆی زۆر لەوێ بەسەر بردووە.
* قازیاوێ: گوندێکە نزیک سابڵاغ هەژار زۆر منداڵ بووە لە هەواری ماڵە خاڵانی کە لەسەر چەمی ئەو گوندە هەڵیان داوە ماوەیەک ڕای بوواردووە.
* پردی سوور: پردێکی مهابادە گۆیا ئێرانی سەددی لێ دروست دەکەن.

سەردەمێک ڕێڕەوی دڵداران بووی
سەر لە ئێوارە مەکۆی یاران بووی
هەینوان جەژنە بوو دەوروبەری تۆ
بەزم و خۆشی بوو لە سایەی سەری تۆ
بەند و بەستێ هەیە بتبزوێنێ*
بشکێ ئەو دەستە دڵت دەشکێنێ

ئەوبەری گرد

گرە بەردێ هەیە لەوبەر گردە
ڕوو بە کوردایەتی بۆ من پردە
دوور لە چاوی چەتە، کوردیم دێنا
لێرە دەم خوێندەوە خۆم ڕاهێنا

باغی مکایل*

پێم بڵێ باغی مکایل، چۆنی؟
هەر وەکو پێشوو بە ڕەنگ و بۆنی؟
دیمەنی سەوزەگیا و دارانت
چۆنە؟ چۆن ماوی دەگەڵ یارانت؟
ئێستەکەش بۆ گەپ و بەزم و ئاهەنگ
دێنە لات کیژ و کوڕی شۆخ و شەنگ؟
لاوی دڵبەند و بەدڵ دڵتەڕ و ساز
کیژی پشتێن شل و چاوباز و بەناز

* بەند و بەست: گزییە و سەددیشە.
* باغی مکایل: هاوینان جێگە بەزم و داوەتە.

دڵ و لێو چەسپی یەک و دەس لەملن؟
دێنە باوەشت و بە سەرتا ئەتلن؟
دیارە لێت ڕەشبەڵەکی لەش سپیان
دێتە گوێت ماچ و چپەی ئۆخەی و گیان؟
بۆت دەڵێ «مامڵێ» ڕۆژان و شەوان*
هەروەها زۆرە لە گۆمت مەلەوان؟
یان قوڵەی شینی تولەی تارانی
دای گەماروت و نەوەک جارانی
باغی ئەوبەر بە بەر و فێنکی دڵن
یان لە بێگانە دژ و دڵ بە کوڵن؟

داری خەزایی*

دارە تووی بەژنی خەزایی ماوی؟
هەر گەش و دڵ تەڕی، یان ژاکاوی؟
بە بەر و سێبەری؟ کێ دێتە سوێت؟
کوردی خۆماڵییە میوانی نوێت؟
چاوەکەی تۆی دەنواند هەرماوە
هەر وەکو چاوی هەتیو پڕ ئاوە؟

گڕاو*

مەڵێ سوێراوە گڕاو جێ نزمە
بۆرە خزمێکی دوچاوی کزمە

* مامڵێ: گۆرانیبێژی ناوداری مهاباد محەمەدی مامڵێ.
* خەزایی: کێوێکە لە شیمالی مهاباد، دارەتووێکی لە ناوقەدی هەیە کە لەسەر کانیاوێکە و بۆ سەیران دەچنەسەری.
* گڕاو: سەرچاوەیەکی ئاوی گۆگردییە کە بۆ خرووی پێست خۆی تێدا دەشۆن. ئاوەکە هەر کە لە سەرچاوە جوێ دەبێتەوە دەبێتە بەرد. ئەگەر گوێ لە سەرچاوەکە بگری هاژە هاژی دێ.

بەرد لە خۆی کۆوە دەکا پێم وایە
شۆڕشێ گەرمی لە بن سەردایە

تاقەدار*

تاقەدار هەر بژی داری چاکی
بە ڕەگ و دڵ پتەوی بێ باکی
زۆر بە میوان و لە کەس ناپرسی
وەکو بێکەس لە تەرەس ناترسی
جاروبار بێژە بە مەحمود کانێ*
گۆڕە سەرباز هەیە سمکۆ کوانێ؟

شاری مهاباد

دڵە وا شاری مەهابادە وەرە
کابەتە، ڕووگەتە، کڕنووشێ بەرە
تۆزێ لەو خاکە بە سەر خۆتا کە
تۆزی پیرۆزە لە دنیا تاکە
تۆزی چاوی دڵی نابینایە
لێرە کل بۆ کلەکەی سینایە
لە چ جێ ناوی مهاباد بێنی
بۆ هەموو چاوێ بەرز دەنوێنی

شاری ئازایان

هەر هەبی، شاری نەبەردی و مەردی
جوانترین پارچە بەهەشتی هەردی

---

* باغی تاقەدار: دارێکە لەناو گۆڕستانێک لە ڕۆژئاوای مهاباد.
* مەحموود کان: گردێکە لە شیمالی مهاباد، سمایلاغای سمکۆ گەلێک عەسکەری ئێرانی لەو جێگەیە زیندە بەچاڵ کردووە.

ڕەوزە و لانی پڵنگ و شێران
جێی بە خوێن ڕشتنی خوێنمژ فێران
باوەشی گەرمی بداغ سوڵتانی*
لێرەوە تێپەڕی غەوسی سانی*
گیانی خۆی داوە بە تۆ شێخ بابا*
باوی شادی بوو ئەگەر ئەو مابا
لە پەنات ورگی مەلیک زادە دڕا*
ئاگری مەرگی عەجەم لێرە گڕا
گوللە سێ تیری تفەنگی سمکۆ
کەللە سەربازی لە تۆ کردن کۆ
کۆمەڵی ژینەوە، ڕۆڵەی تۆ بوو*
بوونی بۆ ساندنی تۆڵەی تۆ بوو
هەر لە زووڕا بە هەوای لای لایی
پێت نیشان داوە ڕچەی ئازایی
ڕەگ و خوێن، هێزی دڵ و ئەژنۆ بووی

---

* بداغ سوڵتان: ئەمیرێکی بەناوبانگە، سابڵاغ کە گوندێک بووە ئەو کردوویەتە شار. مزگەوتی جومعە دەستکردی ئەوە. سکەی پوولە وردەی لێ داوە کە لە مس بووە و لەسەری نووسراوە (ضرب فی ساوجبلاق).
* غەوسی سانی: شێخ عوبێدوڵاهی شەمزینانە کە لەگەڵ عەجەما شەڕی کردووە و تا نزیک مەراغەی گرتووە.
* شێخ بابا شێخی غەوسابات بووە، سەرەکی کۆمەڵێک بووە کە گفتیان لە ڕووسیای قەیسەری وەرگرتووە ئیستیقلال بدا بە کوردستان و ئەوانیش دژی تورکان شەڕ بکەن. تورکان بەو تۆهمەتە، دەگەڵ حەمە حوسێن خانی سەردار و سەیفەدین خانی سەقزی ئیعدامیان کردووە.
* مەلیک زادە سەرکردەیەکی عەجەم و خزمی شای ئێران بووە و بە لەشکرێکی زۆرەوە هاتووەتە شاری سابڵاغ. لە شەوێکدا سمایلاغا داویە بەسەریدا و قڕیان دە لەشکر خستووە و ورگی سەرکردەیان دڕیوە.
* کۆمەڵی ژک واتا ژیانەوەی کورد لە ساڵی ١٩٤٢ لە سابڵاغ پێک هاتووە.

خەوپەڕین و دنەدەر هەر تۆ بووی
کیژ و لاوانی بە خێوت کردن
کێ دەزانێ چییە ترسی مردن!
ئەو کچەی خشڵی سەری پەلکی گوڵن
گڕژی ڕووی دوژمن و ئاگر لە دڵن
ڕۆژی خۆشی کە بزەی دەم چەمەنن
ڕۆژی مەیدان بە مەرگ پێ دەکەنن
کوڕەکان هەر وەکو دێوەن تەرزن
لای نەترسان یەکەمین سەر بەرزن

هەرای ژ.ک

ڕاپەڕێ کۆمەڵی «ژی، کاف» کردی
چەپەڵی دیلیی لە داوێن شوردی
باغەکەت پڕ لە نەمامی بەر هات
کاتی خوێن ڕشتن و دانی سەر هات
تا لە سەرتا بلەرێ ئالاکەت
پاڵەوان بوونە فیدای بالاکەت

ورە بەرنادەن

دوژمن گەرچی بەزۆری و گزەبوو
دۆستە بێگانەکەش ئەو دەم قزەبوو
ناهومێدی کوڕی کورد ناناسێ
باش دەزانێ کە لە خوێنمژ ڕاسێ
خوێن ڕژا، ڕۆڵە کوژا، کەللە پژا
خوێن ڕژان خۆشە کە ئابڕوو نەڕژا

ناوی بەرزت لەسەرووی بەرزان بوو
بۆ گورگ لاشە عەجەم هەرزان بوو

خۆبەخشین

گەرچی کەوتیتەوە بەر چنگوڕی دەڵ
گەرچی هێندێک لە چەمت بوونە چەقەڵ*
زۆر کوڕی وات هەبوو خۆیان بەخشی
خوێنی گەشیان گوڵی تۆی پێ نەخشی
گۆڕی پیرۆزی حوسێن و قازی
باشترین بەڵگەیە بۆ شانازی*

دڵدانەوە

نەچی دڵمەند بی لەوەی هاتە سەرت
زۆر کەسی وات هەیە بمرن لەبەرت
دوژمنت پێی وە نەبێ بۆی دەلوێ
کوڕە کورد خەنجەرەکەی بۆ دەسوێ
ئاو نییە خوێنی شەهیدان نەوتە
هەڵ دەبێ و هەل لە ژیان هەڵکەوتە
لاشی لاوانی وەبن گڵ کەوتن
وان لەلای ئێمە لەناو دڵ خەوتن
هەر بینا شۆڕشەکەت هاتەوە گەڕ
سەرنەوی بوو عەجەمی پاشڵ تەڕ
خەنجەرم چەرمی لەبەر دامالی

---

* مەسەلێک هەیە: چەم بێ چەقەڵ نابێ یانێ هەموو گەلێک خائینی خۆی هەر دەبێ.
* حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی فەرماندەی لەشکری کوردستان و، پێشەوا قازی محەمەد سەرەک کۆماری کوردستان شەهید کراون و لە سابلاغ نێژراون.

خـــوێنی خـــۆی لاش و ســـەری ڕامـــاڵی
وا بەگـــیـــــر دێتـــــەوە ڕێی نـابێ هەڵێ
مـــەمکوژە و هەرچی دەکـــەی بیکە، دەڵی
وا تـەمێ دەکـــرێ لە فـــێـــرگـــەی شـــۆڕش
تاوی داو بچـــــتـــــەوە گـــۆڕی کـــۆرش
کــــــــــــوردەواری لـە دەمـی بـێـگـانـە
شــــیـــــرە تریاک نـیـــیـــــە وەک سندانە
ئەوی لای وایـە کـــــە تۆی پـێ دەخـــــورێ
ئـەبـێ تـاڵاوی بـە دەمــــــــــــدا بـکـرێ
خوشیی دواڕۆژ
با بەخـــوێـن لاچێ پەڵەی دەس پیـــســـــان
دەشـــــەکێ لـەو ســــــەرە ئـاڵا دیســـــان
لاوە کــــــــوردت هـەیـە ئـاڵا هـەڵ کــــــــا
لاوەیـی نـاشـێ دەسـی تـێـکـەڵ کــــــــــا
دەڕەوێ تـۆز و تـەمـی ژێـر دەســـــــــــتی
دەیگریـن ڕەشـــــبـــــەڵەکی بەربـەســــتی
پیس و چاوشـــۆڕ ســـەری پێ شـــۆڕ دەکـــرێ
گـــۆڕی داگـــیـــرکـــەری پێ گـــۆڕ دەکـــرێ
لاوی ئـازا و کـــــــورِ و مـــــــەرد و ڕەنـدت
زۆر کـــچی گـــوڵبـــەدەم و لێـــو قـــەندت
شـــان بە شـــان دەس لە دەســـا گـــۆوەندە
ڕێکی یـەک دێنەوە شـــــەندە و مــــــەندە*

* مەسەلە دەڵێن: شەندە لە مەندە کەمتر نییە، یانی هەموو کەس وەک یەکن لە ماف و بەشدا.

پێ کە ئەیدەن بەزەوی بوولەرزە
زەردە لیمۆ دەلەرن لەو بەرزە
گۆڕە سەگ ئەو دەمە وا دائەتەپن
تا زەوی زەوییە، ئیتر لێت نەحەپن

خۆم چۆنم!

من بە بێ تۆم کە دەپرسی چۆنم!
لە تەشەندایە برینی کۆنم
دوور لە بالآت لە ژیانم زیزم
سیس و بابردە گەڵای پاییزم
چاوەکانم کە لە چاوگەت دوورن
وەک سەری کوڵمی کچانت سوورن
ڕەنگی خاڵ و کەزییان جەرگی ڕەشم
وەک کەمەریان شل و باریکە لەشم
ڕەنگ و ڕووم زەردە نەوەک گەردنی زەرد
زەردی بێگەردییە ئەم، ئەو هی دەرد
لەش بەبار، تۆزی گیانمی پێوە
لە لکە و وەک لکە باری لێوە*
نەشەوە شەوم و نەڕۆژم ڕۆژە
داخ لە دڵ بوومە گرێی بەرکۆژە*

* لەش بەبارم یانی نەخۆشم یان لەشم بەرێکی هەیە کە ئەویش تۆزێک گیانە یان گیانم وەک تۆز لێی نیشتووە.
* گیانم لەسەر لکە و لە کەوتن و وەرین نێزیکە و وەک پەڵەیەکە بەسەر لێومەوە، وا ئەزانن بارە لەسەر لێوم نیشتووە.

هێندە نێـــــزیک و هەلێک نات بینم
لە وزەم دەرچوو نەگـــێـــڕم شـــینم*
دڵە، پیـــشـــەی کـــوڵە، ناڵینە بەشم
سـەری هەڵگرتووە فـرمـێـسکی گـەشم
کـــــاتی وا نەبووە لە دڵمــــا لاچی
تا ژیان مــــاوە لە بیـــــرم ناچی
سـوێند بە خـۆت بشـچـمـە ژێر گـڵکۆوە
گـــیــــــان پەپوولێکە بە دەوری تۆوە
نمەکت بم گـــــرێ گـــــەر لێت لادەم
لەو جـیـهـــانیش بە بەهەشـتت نادەم
بۆ ســــولەیمانی کـــــە نالی ناڵی
وەک مـە نەیچـێـشـتـووە تامی تاڵی
نە ســـولەیمانی وەکــــو تۆ جـــوانە
نــە دڵــی نــالــی چــزا بــەو ژانــە
«خـاک و خـۆڵ» ببـوە گـڕوی گـریانی
من چ خـــاکـــێک بەســـەرم، دوورِدانی!
تۆ چۆن ماوی!
چـۆنی تـۆ؟ چۆنـە دەر و کـــــــۆڵانـت؟
دیمەنی بەرز و خـــــڕ و خــــۆڵانت؟
هەمـــوولا کـــۆنە گـــراوی خـــۆمن
مـــەمی بێـــچـــارەم و زیـن بۆ من

* وەک دوگمەی سەر سنگ و یەخەم کە لە سنگ نزیکە و نایبینی و زۆر بەداخەوەیەو جەرگی کون کونە.

سروەکەی قۆرغێ شنەی بێ گەردە؟
وەک هەناسەی منە بۆ تۆ! سەردە؟*
گەڕەکی شوان، دڵی هەر وا گەرمە
چاو ڕەقی هەر هەیە یان چاو نەرمە*
ئاوی گەرماوی شوجاع هەر شۆرە؟
شەوی جێژنان هەیە سەر لەنگۆرە؟*
دیاری شایانە کە بدرێ پێشکێش؟
توور و کاهوو، کەلەمی شادەروێش*
ڕزگەیی یادێ لە ئاوارە دەکا؟
مەولەوی دەردی دڵان چارە دەکا؟*
نوێژگەییێکیش هەیە لەو دەوروبەرە
باغ و بێستانە مەلای سەلکە کەرە
ماڵەکەم یادی جوانی خێر بێ
هەر کەسی ئەمنی لە تۆ کرد کوێر بێ
سێبەری باو لە سەرم بوو ئەو دەم
باغی شادی لە بەرم بوو، ئەو دەم
دوورخرام وا لە کەس و خوشک و برام
گێژی تاریکە شەوم، دوورە چرام

* قورغ: قۆپیەکە لە مهاباد- بای قورغی: بایەکی ساردە.
* گەڕەکی شوانان: گەڕەکێکی لادێییانە و گەرمە لە ڕۆژاوای سابڵاغ. * چاوڕەق: خێزانێکن لە گەڕەکی شوانان شکست هەڵدەبەستنەوە.
* حەمامی شوجاعولمەلیک لە مهابادە و ئاوەکەی سوێرە.
* شادەروێش: مزگەوتێکە کەلەم و توور و کاهووی کە لە حەوشەیدا دەکرێ بەناوبانگە.
* ڕزگەیی: گەڕەکێکە ماڵی هەژار لەو گەڕەکە و نێزیک مزگەوتی ڕۆستەم بەگ بووە کە مەلای مزگەوتەکە جاشی عەجەمە. * مەولەوی نازناوی بنەماڵەییێکە بژیشکی دەکەن

خاڵە سوورەت چ دەکا؟ هەر چاکە؟
یاخۆ داکەوتووە، ڕێکی خاکە*
خانەقای نەهری بە خوێن ڕەنگاوە
ڕێی شەهیدان بووە بەڵگەی ماوە*
گوێم لە شێخ قادرە بانگ ئاوازی
بۆ گەلی کوردە بەسەد شانازی
بەر بەسێدارە دڵت ڕانەچەنێ
بۆ وەتەن بمرە ژیانت ئەدەنێ
چۆنە مزگەوتی هەباساغامان؟
تات و بەر سێبەر و تووی، هەر وا مان؟
وەکو ئەوسایە فەقێ دەخوێنن؟
وەکو من دەقنە لە ماڵان دێنن؟
کە دەڵێن ژینی منالی گەمە بوو
ئەو دەمە جێ گەپ و گاڵتەم ئەمە بوو
گاڵتەی ئەو سەردەمە
خواس و سەرقووت و لە خۆڵا گەوزیو
پیتی چووی پەل بوو بەدەستی قەڵشیو
ئیوهیبە، تەوغیبە، شەگگە و چک و پک
لیکی زاری دەتکاندم تک تک
وەک هەلووک لێر و لەوێ هەڵدەبەزیم
سواپ و شێشۆقە بۆ چارەی وەڕەزیم

* خاڵەسوورە: چاکێکە لە گەڕەکی قولە قەبران لە مهاباد، دارێکی بەسەرەوەیە.
* خانەقای نەهری: تەکیەی بەرەی شێخەکانی شەمزینانە و لە گەڕەکی سەرخڕێیە و هاوسای مزگەوتی هەباساغایە. * شێخ عەبدولقادر و شێخ محەمەدی شەمزینی لەلایەن تورکانەوە لە ڕێگەی ئازادیی کوردستاندا بەدارا کردان.

مەزرەقم یار و هەواڵ مەڕمەڵ بوو
قۆچەقانیم چەکی راو و شەڕ بوو
خازەلی و حەنزەڵ و ئاورۆچکە بە گشت
تۆپەڕاکرن و کەری سووری بەپشت
یان مەلا تەق تەقە یان هەنگڵە شەلە
جێژنە بۆ ئەو هەلە ڕۆیی بەپەلە
جەغز و سوڕدانی بە دەوری خۆما
لەم هەموو چەرخە خولێکم بۆ ما
تازە وا بوومەتە گۆچان بەدەسێ
لێم وەدی دێتەوە حوللەی مەرەسێ
ڕۆژی ماندوو بە خەیاڵی شەو بووم
شەو لەبەر بەزم و گەمەم بێ خەو بووم
ڕێزە چوقڵێ کە لەسەر هەورازن
یاری برژانگی مىن هاوڕازن*

دیسان گەڕەک و جوانەکانی

«سەرخڕێ» زۆرتری هەمووان بەشی تۆم*
کۆرپەییێکی خڕەکەی باوەشی تۆم
یەکەمین جێیەکی، لێم دانا پێم
کوڕی خۆتم، بتەوێم یا نەتەوێم
گەڕەکی «قوبڵە» نەبوورین پێیدا
بێ سەر و شوێنە «وەفایی» تێیدا*

---

* بەرانبەر بە مزگەوتی هەباساغا لە بلّندییەک ڕیزە دڕکێک هەبوو.
* سەرخڕێ: گەڕەکێکە لە مهاباد هەژار لەوێ لە دایک بووە.
* گەڕەکی قوبلە جێگەی وەفائیی شاعیری بەناوبانگ بووە. لە شیعرێکیدا دەڵێ: «وەفایی ئاخیری خێر بێ دەمێکە بێ سەروشوێنە» ، شیعری: «شیرین تەشی دەڕێسێ» لە شیعرە هەرە بەناوبانگەکانیەتی.

شیرنێک لێره بەناز تەشیەکی ڕست
شیرنی کۆکەنەکەی لە برەو خست
«گەڕەک ئەرمەنیە» بەهەشتی گۆرین*
ڕوو لە هەر لایە دەکەی هەر حۆرین
سەردەمێک چاوڕەش و چاوشینێک بوون
بۆ سڕی جەرگی تەزیو تینێک بوون
«سەرپلوسک» دڵ و چاوم لەوییە*
بەرەگە و ڕێڕەوی ئاسکی کەوییە
سۆفی گەر بەزمی بەهەشتت گەرەکە
تویژێ باوێژه، وەره ئەم گەڕەکە
«پش قەڵا» دێن و دەچن ئێواران*
دەس لەمل تونگە لەشان نازداران
تاخی «حاجی حەسەنی» لەو پەڕییە*
حەجی سەر وشکی نییە، دڵ تەڕییە
دڵ بەخەم وەرگەڕێ زووی دێننەوە جێ
گەرمە ماچ خێره لە جێ دەچنە حەجێ

ناو بازاڕەکە

بۆ هەژار دیتنی بازاڕ دەردە
دەس کە واڵایە دەسی لێ بەردە
تۆ بڵێی، تازە بخۆن تێر و تەسەل
چای عمادیش و کەبابی حەمە شەل!*

---

* (گەڕەک ئەرمەنی) و (سەرپلووسک) و (پش قەڵا) و (گەڕەکی حاجی حەسەنی) لە گەڕەکەکانی مهابادن. * سەرپلووسک و پش قەڵا: سەرچاوە ئاویان هەبوو، کیژان ئاویان لێ دەهێنان.
* عیمادی: چایچییەکی مهابادی و * حەمەشەل: کەبابچییەکی بەناوبانگ بوو.

خەڵکی بازاڕە کە هەروا مەردن!
گوڵی بەر دۆست و لە دوژمن بەردن!
چاخی دژواری لە مەیدان دەچەقن
تای تەرازووی یەک و تێکڕا دەتەقن!
هەر بە بێگانە دەکەن گاڵەی خۆش
دەردی سەرتیپە تەماتەی بێهۆش!*

بەستێن*

دڵە سەیرێکە لە دەم بەستێنێ
دیدە مەستێک لە منت نەستێنێ
چاو کەژاڵانی لە چەم ئاو دێنن
دەم بە جادوون و دڵان دەڕفێنن
پرچە پڕ چینە، کراس هەر چینە
هەر نزای گیانە لە ڕێی ئامینە

چوار چرا*

چوارچرا ڕەنگە ببیستی دەنگم
وام لەسەر تێزە هەواخوای جەنگم
بەشخورا و مەرگی دەوێ ئاشتیخواز
گرێدار ناشکێ بەبێ بیور و پواز

---

* ساڵێک پەهلەویی شای ئێران سەرتیپ هۆشمەند ناوێکی نارده سابڵاغ کە بەزەبروزەنگی خۆی سەرڕەقیی خەڵکی مهاباد نەهێڵێ. ڕۆژێک سەرتیپ دێتە ناو بازاڕ لەپڕ وەک بارانە تێکوڵە شووتی و تەماتە ڕزیوی بەسەردا دەباری و ئیتر سەرتیپ هەر ئەو ڕۆیشتنە ڕۆیشت و نەهاتەوە، بەڵام ناوی دەرکرد بە سەرتیپ باینجان.
* بەستێنی چۆم: سەیرانگای ئێوارانە·
* چوار چرا: جێگەیەکە لە نزیک بەستێن، قازی محەمەد و سەدر و سەیف و چەند کەسێکیان لەوێ بەدارا کردووە.

تۆزێ ڕاوەستە، ئیتر گوێ هەڵخە
ڕاخە کەوڵی عەجەم و خوێ هەڵخە
دەچەقێنینەوە داری تۆڵە
شاخی شاخدار دەپەڕێ بۆ کوڵە*

کووچەی جوولەکان*

ڕوو لە کۆڵانی جوان کەین نامە
لە هەمووی بیرەوەریی خەییامە
ئەوی تێی نەچووە دڵی پڕ لە خەمە
تەنگ و تاریکی هەبێ: پرچ و دەمە
ئەو کچە جوانە کە مەی دەفرۆشن
نازی چاوانە بە مەی دەفرۆشن

جا چبکەین؟

لە هەوار «ماملێ» مریەم بێنێ
هێند بە ئارامی کە شیر نەڕژێنێ
جوانە چارۆکە بە دابی بلباس
لە پەڕی مێشێ تەنکتر بێ کراس*
ڕەنگی خۆش بێتە پەنای دەنگی خۆش
شێت و شوورن دەمی خۆش بیر و هۆش
بەستەییێکی من و ئاوازی ئەو
ڕازی دڵخوازی من و سازی ئەو

---

* مەسەلێکی مەشهوورە دەڵێن: خوا هەقی بزنی کۆڵە لە شاخدار دەستێنێتەوە.
* کووچەی جوولەکان جێگە مەیخانە و بەزمی لاوانە. گۆرانییەک هەیە دەڵێ: کووچەی جوولەکان تەنگ و تاریکە + یەکێکی تێدا کەمبەر باریکە.
* هێندێک لە گۆرانییەکانی ماملێ بەم ناوانەن: «هەوارە، مریەمێ سابڵاغی، ئارامی گیانم کوڕە مەکە، شیرەکەم لێ دەڕژێ هەتیو مەکە، چارۆگێ چارۆگێ، کراسێکی دەبەردا تەنکە وەک پەڕی مێشێ».

وەرگرین بادە لەدەست مەیگێڕێ

خۆش و مەستانە بڵێین چەند دێڕێ

بەستەکە

ئەی مەهاباد گوڵی سەرتۆپی زەوی

زیاد لە هەر جوانێ وەبەر دڵ دەکەوی

هەر کەسێ جارێ ئەتۆی ناسیبێ

خۆش و جوانتر دەبێ چی دیبێ!

کێیە ژیا بێ لە بەهەشتی خوادا

دڵی هەڵ دەگرێ کە لای لێ لادا!

ئەدی بۆ بێ دەنگن!

هۆنەر و نووسەرەکانت لە چییان

چۆنە تا سەر بە هەوای تۆ نەژییان؟

«خاڵەمین» زیرەک و پسپۆڕی چییە*

چاوی سوور و تەڕی وشک و سپییە!

---

* خاڵەمین: شاعیرێکی زۆر باشە لە مەڵبەندی مهاباد، لە شیعری خۆیدا گوتوویە:

خاڵی خۆو لێک دەکاتەوە بۆتان
دۆست و دوژمن، چ زیرەکە و پسپۆڕ
بەهومێدی خودا و پێغەمبەر
بەدڵی گەرم و چاوی سوور و تەڕ
کوردەکان چییدی سەرنەوی نابن
هەرئەوەندە نەختێ بۆ خۆ ئازابن
ئەو کوڕانەی کە ڕوو بەمەیدان دێن
دەیگرن تۆپی زل بە دەست و زوخاڵ
بچۆ لای کوردە، کاکی ژیر و زرینگ
چونکە جێی کوردە دەس بنێ سەرسینگ
پێی بڵێ خاڵەمین دەڵێ تاکەی
گەنم و جۆ چان و جرینگە جرینگ
وا بەسەر دوژمنا دەگوڕێنن
وەک لە کەروێشکی هەڵدەکێشێ تەماڵ

تۆپ بوو، ئەو تۆپی کە دەیگرت بە زوخاڵ
گەنم و جۆ چاندنی هەڵنا بە تەماڵ!
«سەوزە سیس» نێوی دەنێ کاری بەجێ:
نیوە نووزەی مەم و سیامەند و خەجێ!*
ئەمە دەرمان نییە بیفرۆشێ بە گەل
دەردی زۆری دەوێ شەل دەرچێ لەزەل
«هێمن» ئەو بولبولە سەر بێتووکە
چۆنە لێی نایە چ جووکە و نووکە!*
کوانێ ئەو سینگە کە «ماژینۆ» بوو!
سەر لە مەیدانی نەبەردا گۆ بوو
وەکو بیستوومە لە میروولە بەزی
دڵی وا گەرم و گوڕی سەیرە تەزی!
کوا تفەنگی دەس و ڕاوی کامە!
گۆشەگیری چییە ئاغای دامە
بۆ دژە و ئەژنۆ دەباوەش دەکرێ
یان بەسەر بەرزی بژی یان بمرێ!
نیشتمان هەر کەسی بۆ بمرێ نەمرد

---

* سەید عەبدوڵڵا ئەیووبیی دەرمان فرۆش: نووسەر و مامۆستای دانیشگایە، دوو کتێبی چاپ کردووە بە تەرجەمەی فارسییەوە «چریکەی مەم و زین و چریکەی سیامەند و خەجی».

* هێمن: شاعیری زۆر بەناوبانگی مهابادە، هێندێک لە شیعرەکانی کە لێرەدا ئیشارەیان پێ کراوە ئەمانەن: (ئەو بولبولەم ئەمن کە دەستم کرد بە نالەناڵ + بێدار بۆوە میللەتی کوردی بە خوێندنم)، بۆ نیشتمان دەڵێ: (لە باتیی ماژینۆ سینگم قەڵای تۆ)، پاش لێقەومان لە شیعرێکیدا گوتوویە: (لە مێروولە بەزیم)، شیعرێکی خۆشی لەسەر تفەنگی ڕاو و گەمەی دامە هەیە. لە جێگەیەکی تریشدا دەڵێ: (هەمنشینی گۆشەیی تەنهایی هەر ئەژنۆکەمە + بۆیە ڕۆژ و شەو وەها گرتوومەتە نێو باوەشم). لە جێگەیەک دەڵێ: (عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم + عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن). شیعرێکی هەیە بە وەلیعەهدی پەهلەویی هەڵگوتووە.

لەشی ســـەر دۆشـــەکـــە هیچ بەهری نەبرد
دەبا بیشێلم
لێم گـــــەڕێ دڵ بەزوخــــــاو و خـــــوێنم
بـــا لـــە دوور دووره بـــرام بـــدوێـــــنم:
کـــاکـــە مـــەرجی من و تۆ کـــوا وا بوون؟
کـــەی تیـــانا بوو لە یەکـــدی جـــیـــابوون؟
هـەرچی دەرد و کـــــــوڵە بەر من بـکەوێ
تۆش وەکـو خـۆشی بە جـێـمـێنی لەوێ!
بیـــــــر و پێنووس و دەس و دڵ یەک بوو
دوانـەیەک بـوون و بـە دەم یـەک چەک بـوو
تـــۆ ئـــەویـــنـــداری تـــەلان و بـــەرد بـــووی
دژی ســـــــای گـــــەردن و زێـڕی زەرد بووی
ســـوێند و پەیمان بـوو نەگـــۆڕێی، گـــۆڕای
وازی وازی لــەســـــــــــــەری دای دۆڕای
بولبـــــولی کـــــورد وەکـــــو قـــــەل دەنوێنێ
بێـــــزی بێ بۆ کـــــوری شـــــا بخـــــوێنێ
باڵی بشکێ و پەڕ و پۆی هەڵبـــــــوەرێ
مـــەل بکا زەمـــزەمـــە بۆ جـــاشـــە کـــەرێ
ئـەوە چت کـــــــردوە بێ مـن، هێـــــــمن؟
تێـــــر و تانەت فـــره لێـــمن، پێـــمن*
نەت کـــــرا بدڕی لە خـــــۆت ئەو پەردەی
دەس لە گـــــۆشـــــتـــــاو و پلاوێ بەردەی!

* تیرت لە منن و تەنانەت بە منن.

لێم ببووره کە ئەوەندە بەرلۆمی
شینە بۆ خۆمی دەکەم، تۆش خۆمی
ئێستەکەش نەچوە بچێ چوو ڕۆیی
وەرەوە ناو گەل و خزم و خۆیی
بۆ گەلت بێژە هەتا ڕۆژی مەرگ
بێ منەت بێ تمەن و نان و بەرگ*
ڕکەڕاکە و ببە هاودەنگی خۆم
بێ کرێژ بەو ببە هاوڕەنگی خۆم
با دەسەومل مەلی بێچاران بین
هەر «هەژار هێمن»ەکەی جاران بین*
نیشتمان وەک مەلە، نووسەر باڵە
هەر مەلێ باڵی شکا جێی چاڵە
دڵە وشیار بەوە مەستی بەستە
ڕێووشوێن بەر مەدە خۆ دابەستە
پاش ئەو مەستییە گەشتێ بکەین
بەرەژێر ببیەوە نوێژگەی سوورە
زۆر مەلای لێن کە نەچووم بمبوورە*
لەو مەلایانە یەکێ زل جاشە
خەرتەلە و چاوی لە پێنج شەش لاشە

---

* ئەو بیتانەی منەتیان لێ دروست بووە پیتی تمەنیشن، تمەن بێ منەت واتا نەمێنێ.
* ئەوەندە لە مهاباد هەژار و هێمن دۆستایەتی و تێکەڵاوییان هەبوو خەڵک لێیان گۆڕابوو کامیان هەژارە و کامیان هێمنە، بەهەردووکیان دەگوت: هەژارهێمن.
* مزگەوتی سوور: کۆنترین بینایەکە لە بداغ سوڵتان ماوەتەوە و ئاواڵ دووانەی پردی سوورە.

تاخی «دارۆغە»یە جێی بیرەوەری
بیر ئەوێستاش دەگەڕێ دەوروبەری*
ترسی دارۆغە نەمابوو ئەو دەم
دڵ بە ئاواتێ ژیابوو ئەو دەم!
«کووپین ئاوا» دڵی هەر ئاوا بێ
زۆر دڵاوا بوو سپاردەی خوا بێ*
تیری چاوبازێ لە جەرگم ڕاچوو
کوشتمی و خوێنەکەشم هەر وا چوو

لەسەر داشا مەجید

وام لە سەر «داشە مەجید» وێستاوم
گیانە گەش بۆتەوە، ڕوونن چاوم*
دڵە بێ دیدەنیی ئەم دیمەنە کە
«لالە باس» یارە لە گۆمی «تەنەکە»*
«مێشە کورتانی» ببینە و «یەرغو»
بێرە دا باری مەنیج تێپەڕ بوو*
دڵگوشایە و گەشە «باغی سیسە»
ترسی ئەو ناوە لە چاوی پیسە*
ئاوێ ئەسکەندەری لە شوێن وێڵ بوو
لە کن ئەم ئاوە خناوو لێڵ بوو

---

* گەڕەکی دارۆغە و کووپین ئاوا: دوو گەڕەکی مهابادن.
* داشا مەجید: کێوێکە لە ڕۆژهەڵاتی مهاباد.
* لالەباس: باغێکە. * گۆمی تەنەکە: لە نزیک ئەو باغەیە.
* مێشەی کورتانێ: مێشەیەکە لە خوار مهاباد و یەرغوو چۆمێکە هاوینان وشک دەبێ. گۆرانییەک هەیە دەڵێ: مەنیج بارگەی تێک نا گەییە بارگەی کورتانێ، مەنیج بارگەی تێک نا هات گەییە پردی یەرغوو.
* باغی سیسە: سەیرانگایەکی خۆشە لە مهاباد.

«کانیی مام قەنبەر»ە لێی بڕوانە
دیمەنی جوانی دەمی جێژنانە*
پڕکەژاڵ، ئەو کەژە زەردە و سوورە
چت دەوێ بەر دەمە، هەر خەم دوورە
پیرە سەر سەوزەکە «ئەسحابە سپی»
بوویە پێشێلی عەجەم بۆیە کپی!*
تووکی تۆ وەرگەڕێ تەخی تاران
تا بەهار ببیەوە جێی دڵداران
«گومبەزان» جێگە نیاز و ڕازە
چیت نیازە وەرە لێی بخوازە*
کورد و ئازادی بە یەکتر شاد بن
دوژمنان ببنە گڵ و بەرباد بن
«باغی شێخی» گوڵی ناو باغانە
سەیری هەتوانی جگەر داغانە*
سەر لە ئێوارە سەرێک هەڵبێنە
ژین وەسەر بگرەوە خەم بپسێنە

ماڵئاوایی

چۆن وەها شارێ لەسەر دنیا بێ
بە خەیاڵا دێ کە مانگ ئاوا بێ
سا مهاباد بە هومێدی دیدار

---

* کانی مام قەنبەران: جێگە بەزمی ڕۆژی جێژنانە.
* ئەسحابە سپی: زیارەتێکە و خەڵک بەهاران دەچنە سەیرانی.
* گومبەزان: گۆڕخانەی بەرەی بداغ سوڵتانییە و زیارەتگایە.
* باغی شێخی: باغ و باغچەیەکە لە قوبلەی مهاباد، ئێوارانە خەڵکی لێ کۆ دەبێتەوە.

تاکو دەتبینمەوە ئازا و ڕزگار
با لەشار دەرکەوین
داوەتم دێنیەوە بیر «زاوا و بووک»
وەک سەری هێمنی بۆر و بێ تووک*
لێرە «لاچین» وەرە «شیلاناوێ»
کۆنە لانمانە بمێنین تاوێ*
شایی هێمن بوو هەژار هەڵدەبەزی
دۆیەکی هاتە دەس و جەرگی تەزی

سارەوانانە*

سارەوانانی تەمەن خۆش ئاژۆن
بێ وچان دەیدەنە بەر تازە و کۆن
«سارەوانانە» دڵت بۆ لادێ
هیچ لە دڵتا هەیە یادی یادێ!
بە نەمامی گەش و شەنگ و شل بوو
بە نەکامی بەر و مردن کل بوو!

بەسری*

لەو بەرەت «بەسری» دەسی دز ببڕە
لەو سەرەت ئارەقی ماندوو بسڕە

---

* زاوا و بووک: کێوێکە لە نزیک مهاباد و لەسەر ڕێگەی گوندی لاچین و شیلاناوێیە کە ماڵی خانەدانی هێمن لەوێ دەبن، هێمن کە ژنی دێنا هەژار برازاوا بوو و لە داوەتی کە لە شیلاناوێ بوو بەشدار بوو.
* سارەوانانە: گوندێکە نزیک مهاباد، دایکی هەژار کە سەیدزادە فاتمی کچی سەید محەمەدئەمینی نوورانییە خەڵکی ئەوێ بووە و زۆر بە گەنجی جوانەمەرگ بووە.
* بەسری: کێوێکە لە ڕۆژهەڵاتی مهاباد زۆر زۆر جار دز و جەردەی لێ دەبێ.

سەری سوڵتان

«سەید وەقاس» هەر بەگەڕی ڕەش بەڵەکی
وەکو جاران بەکڵوک و کەڵەکی!*
خۆشی بۆ تۆبە دراوسێ جوانی
دۆستی تۆن «قەمتەرەیی» و «دەرمانی»
لایەکت «چۆمی مەجیدخانی» بەرین
ماڵ و قۆپی هەموو پڕ پۆڕ و پەرین
ڕاسپێرە لە قەڵا بۆ «کاکم»
هیچ قسەی ماوە! دەڵێ بێ باکم!*
گەیوەتە کوێ! شەڕی ئاغا و گوندی!
سەیرە دنیا کە چلۆن بوو، چن دی!
کۆنە «سوڵتان» و «سولەیمان» ڕێوین
شێت و خوداری ختەی بێ خێوین*
کۆسە بۆ ڕیش دەگەڕا و بۆ جاشی
داشی هات کلک و سمێڵی تاشی*

ئیساکەند*

باشە شەوباشێ لە «ئیساکەند» کەین
یادی یارێکی دەم و لێو قەند کەین

---

* سەید وەقاس: کێوێکە لە نێوان چۆمی مەجیدخان و لەناو قەمتەرە و دەرمان و بورهاندا، گۆڕێکی لێیە گۆیا جێگەی سەعدی وەقاسی ئەسحابەیە، چوارشەممەی بەهاران کچ و کوڕ دەچنە سەری و داوەتی ڕەشبەڵەکی لێ دەگرن و نیازی لێ دەخوازن.
* کاک: نیاز مەلا ئەمجەدی قەڵایە کە نازناوی شیعری کاک بوو.
* سوڵتان ئاغا و سلێمان ئاغا دوو ئاغای زۆر دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو بوون لە چۆمی مەجید خان و دژی کۆمەڵە بوون.
* داشی: بە شەلاتی تارانی دەڵێن.
* ئیساکەند: گوندێکە لە موکریان هەژار لەوێ ماوەیەک فەقێ بووە و وا دیارە لەگەڵ سەیدزادەیەکا دڵداریی کردووە.

شاڵ شلێ چاو بەکلێ لێو ئاڵێ
چوێلەکێک بووم بە دەسی منداڵێ

سەید کاکەجان*

«کاکە جان» پیری «سەهۆڵان» هەرهەی
نیاز ڕەوای لاو و کچۆڵان هەرهەی!

بەرەو پیر

گیان لە ڕێ چوونی بەلەز دەمدا هان
کەوتە بەر کێشەری «پیری بورهان»*
مانگە زەرد بوویەوە؟ ڕۆژت دیوە؟
دیارە تۆ بەر لەمنت ناسیوە
دڵە دامرکێ خەیاڵ لێم لادە
گیانە بۆ دیتنی پیر ئامادە
«کانی دولمانە» لەسەر ڕێگامان
خۆت بشۆ بێ چەپەڵی بێ ئامان
جێ گەلێ پاکە ئەتۆش خاوێن بە
بۆ هەموو سووچێ دەسەو داوێن بە
لە «لووساوکانە»وە خۆش ڕابرە
دەس بەدەم نەوسی چنۆکا بگرە*
لە هەمووولاوە گوڵ و گوڵزارە

---

* کاکەجان: چاکێکە لە نزیک گوندی سەهۆڵان لە موکریان کیژ و کوڕ داوەتی لەسەر دەگرن و نیازی لێ دەخوازن.
* پیری بورهان: نیاز شەمسەدین شێخ یووسفی بورهانییە کە لە نزیک شەرەفکەند لە جێگەیەک بەناوی خانەقا نێژراوە و ئەو خانەقایە جێگەی فەقێیەتیی هەژاربووە
* کانی دولمان و لووساوکان: دوو جێگەن لە خانەقا.

شـــــینیـــــیـــــه جـــوانیـــیـــــه ئاوه و داره
دڵی شـــێت چەپکە گـــوڵێکیش بچنێ
باشـــــه هۆشی هەبێ هێـــــشـــــوو نەڕنێ
گومبەز
گـومـبـەزی سـپـیـە وەکـو ڕووی چاکـان
پاکـــه وەک گـیـــان و دڵی دڵپـــاکـــان
ســەدەفــە و گــەوهەری یەکـــتــای تێــدا
بارەگـــاهێکە شــــەهەنشـــای تێـــدا
مـــاڵی ســـەرخـــێـــڵی خـــوداناســـانە
بێــــــرەدا چوونە بـەهـەشت هاســــــانە
لێـــــره کــــەشکۆڵی هـەژاری تژییــــــە
هەرچی ئێــرەی هەیە چاوی لە چییـــــە!
ڕۆژێ تینی بە گـــــەشــــــە و تیــــرێژه
ڕۆژێ دینی گـــــەش و تیــــــشک ڕێژه
تیـــشکی ئەو کــاری بە خــۆڵ و خــاکــە
شـــۆقی ئەم گـیـــان لەبەری ڕووناکــــه
گـــیـــانە تا هەل هەیە لەو جێ گــــەوره
بدە حـــەو جـــاری وەکـــو حـــەج دەوره
لێی بپـــــاڕێوه نزا لە خـــــوا کــــــا
با گــــرێی کــــاری هەژاران ڕاکــــــا
کـــوردی بێـــچـــاره هەتا کـــەی دیل بن!
تۆق و کــــۆت هاودەمی پێ وو پیل بن!
خـــوا نەناســـان و چرووک و پەســـتـــان

بەس بگەوزن لە چیای کوردستان
بەزەیی هەوری لە کەژمان هاڵێ
زبڵ و زاڵی دەسی زۆر ڕامالێ

سەید ڕەشید*

وەرە سەر گۆڕی شەهیدی دڵتەڕ
هەموو دنیا لەبەرێ ئەو لەو پەڕ
«چاوەشی» پیر بە هەوای زانستی
لە ملی شێری دەخستن ڕستی

نوورانی و مەولانا*

گۆڕی نوورانییە، مەولانایە
کەسی وا گەورە لە مەولا نایە

لەسەر گۆڕی دایک و بابم*

گیان وچانێ لەسەر ئەم دوو گۆڕە
دڵە خوێن هەڵ بدە چاو داچۆڕە
دای و باب لێرە بە خاک ئەسپێران
بە پەکوو بوومە پەپووی جێ وێران

دایک ئەدوێنم

دایە شەوگاری درێژ گریابووی
بۆ کوڕت دڵ بەنزا و بریا بووی

---

* سەید ڕەشید: عالم و شاعیر و قسەخۆشی بەناوبانگ، لە شیعرێکیدا کە لەپەسندی شێخی بورهاندا بیگوتایە نازناوی چاوەش بوو، لە ئەشعاری تریشدا شەهید بوو.
* نوورانی: سەید حەمەسەعیدی کولێجیی عالمی بەناوبانگ، کە مامی دایکی هەژارە.
* مەولانا: مەلا سادقی خەلیفەی شێخی بورهانە کە پردی قەرە قشلاغ و قەلاتاسیان و ڕێگەی بەسری ئەو دروستی کردوون. مەولانا خاڵی باوکی هەژار بوو.
* باوکی هەژار مەلا محەمەدی شەرەفکەندی لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا لە کاتێدا کە هەژار تەمەنی ١٧ ساڵ بووە، مردووە و لە خانەقای شەرەفکەند لە پەنا گۆڕی دایکی هەژار نێژراوە.

دەتەویست تاکە نەمامی ساڵت
بەری شیرن بێ لە ڕۆژی تاڵت
گوڵ و لک بلکێ بە دەور و بەریا
ئارەقت بسڕی لەبن سێبەریا
برتە ژێر خاکەوە ئاواتی دڵت
هەر بەهارت بوو وەرین پەلکی گوڵت
ئاه و زووخاوی دڵەی پڕ سۆکەت
دڕوو دەڕوێنێ لە بان گڵکۆکەت
ڕوو ئەکەمە بابم
باوە نیازت بوو وەکو تۆ وا بم
لە جیهان دوورە پەرێز، بۆ خوا بم
پێت وتووم چەندی لە تۆم پرسیوە
نیشتمان دۆست بە خودات ناسیوە*
هەرچی فرمێسکی هەژاران بسڕێ
بۆ دوارۆژی بەهەشتێ ئەکڕێ
نیشتمانم کە ڕوانیم دیلە
باغی واخۆش بەرەڵا و بێ چیلە
تورکی تۆڕتووڕی ئەدا بۆ بەر پێ
لێی دەگەوزن عەرەبی بێ دەرپێ
مشکە کوێرەن عەجەم و ڕیشە بڕن
خێوی باغ برسییە ئەو تێر و مڕن

* فەرموودەیەکی پێغەمبەرە «خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە».

نیشتمانم کە ئەویست، کەوتە دڵم
بێم و پەرژینی بکەم باغی گوڵم
وارشی گاڵە درێ و دەربەست بێ
بەس لە داگیرکەری پەست پێ پەست بێ
* * *
چ هەژارم نەدی وەک کوردی هەژار
چاو بە ئەسرین و سڕی دەس زۆردار
خێوی خەرمان خڕی بێ نان دەنوێ
گەلە خوێ پیوی نەبێ داس بسوێ!
خۆی، ژنی، کیژ و کوڕی کووڕی مەڵۆ
وەکو جووچک دڵە لەرزێ لە هەڵۆ
گەنم و جۆ، ڕۆن و خوری و تووتن و نەوت
گۆشت و میوە و بەری لێڕی شەش و حەوت
هەرچی داهاتە لە لادێ و شاران
بگرە هاتە ئەنقەرە، بەغدا، تاران
گورجێ ئەیقۆزنەوە دەستی بە خوێن
نانی پاک بەو دەمی پڕ جوێن ئەجوێن
هەستی من ویستی کە دەستیان ببڕم
لە هەموو چاوی تەڕ ئەسرین بسڕم
ئەو دەمەی دابڕم کورد ئەخوا
لای هەژاران بم و نیزیک بە خوا
چم بەسەر هات!
سەر بەخۆ کەوتمە شوێن ئاواتم

دوور لە تۆ تووشی نەهاتی هاتم
ئابڕوو تایەک و حیزی تایەک
سەرپشک تەک بدەمە هەر لایەک
خوێڕیەتی خوو بدەمێ نان زۆرە
دەفری نامووس و شەرەف پێخۆرە
دەستی پانم لە بنی باغەڵ گرت
ئابڕووم ویست و سەری خۆم هەڵگرت
ئەوە چەند ساڵە کەوا دەربەدەرم
لە گوتن نایە چ هاتە سەرم
ڕوو لە سووچم، وەکو تۆز بێ بایەخ
عاسمان لێفەیە هەردەم ڕایەخ*
هەر بەڵای بووری گرێی دا هێڵە
شووم خەتی خۆشە لە کێڵگەی توێڵە*
جوانی وەک ژینی کوڕێنیم دەرچوو
سپیەتی ڕووم خزی بۆ مووی سەر چوو
زەردە بۆ لێو کە دەهات لاڕێیە
پەڕیە سەر ڕوومەت و تاپۆی پێیە
خەم ڕەوێنم خەمە کەس هەر کەسەرە
دەردی دڵ چاری دڵی دەربەدەرە
خۆشی وەک ئێوە مەگەر بێتە خەوم
گەر هەبێ جێگەیێ لێی وەر بکەوم

---

* ڕوو لە گوناهم. یان وەک تۆز فڕێ دراومەتە قوژبنەوە بەبێ قیمەت.
* هەر بەڵایەکی رابرد نیر و ئامووری دابەست. شیوەردم خەتی ورد و خۆش بووە لە کێڵگەی نێوچاوانم. یان نەگبەتی ئەوەندەی مەشق کردووە خەتی خۆش بووە و خەتەکانی گنجی نێوچاوانمە.

چاوی ژیرم هەبێ خەو بنوێنێ
نوێنی زبر و تەڕی نەی تۆرێنێ
وشک و زەرد لەش بە دڕک بەر لێژم
سووک و بەرباد و بەسوڕ و گێژم
قانگەلاشێک و لەبەر دەم باوە
یان تەلاشێک و بەسەر دەریاوە
گا بە شێواوی لە چۆڵێ ئەکەوم
گا لەگێژاوی شەپۆلێ ئەنەوم
بەڵام هومێدم ماوە
لەو جیابوونە کە جێگەم جێ ما
شادی دا کەوت و هومێدم پێ ما
ڕەنجەڕۆ بووم و لەڕۆ نارەنجم
تا هومێدم هەیە خاوەن گەنجم
دڵ بە ئاواتەوە ماوەی بدرێ
پارچە پارچەی لەت و کوت گەو بکرێ
باغی زێد بێتەوە دەستی خێوی
دەستی کورد بچنێ هەنار و سێوی*
پڕ نەمام بێت و نەمام پڕ گوڵ و چڵ
چاو پەپوولێک بێ لە پەرژینی بە گوڵ
گیان بە هەر لایەکی باغا بفڕێ
گەشکە بێ و چاوی بە گریان بسڕێ

* سیف القضاە شاعیری موکریانی لە شیعرێکیدا دەڵێ: «تاکەی لە باغی خەڵکی بە زیزی و بەملکەچی + خۆشە لە باغی میلی چنینی هەنار و سێو».

ئەو هەلە هەلیــە لە عــاســمــانی کــورد
ســەربەخــۆ ســەرکــەوێ لای وابێ نەمــرد
لەش لەلای ئێــوەوە بســـپــێــرێ بە خــاک
خــۆشــە لای دایک و کــەس و بـاب و کـاک
خـــواش کـــەسی بێکەســـە بۆ ڕۆژی ژمـــار
زۆر دڵ ئـــاوایــــە دەبــــوورێ لــــە هــــەژار
دیمەنی گۆڕستانەکە
گـــــیــــــانە بڕوانە چ گـــــۆڕســــتــــــانە!
جێ وچان و خـــەوی چاو مــــەســــتــــانە
ســـــوور ئەوا پـێـــــتـی دەڵێ شلـلـێــــــرە
کـــــوڵـمــــە ئاڵێکە لە ئاخـــــا لـێـــــرە
ئەو وەنەوشـــــەی کـــە لە ســــای دارانن
شـــــینی ســــەرشــــینی گـــرۆی یارانن
خـاک و خـۆڵی هەمــوو گـەنجـە و سـامـان
چـاوی بـادامـی لـە ژێـر بـا دامــــــــــــان*
جۆگەی قوڵقوڵە*
لاکـــــــەوە دڵ پڕی زوخــــــاو و کـــــــوڵە
وەرە ســــەر قـــــوڵقـــوڵە فـــێنکایی دڵە
مــــســــتــــە ئاوێکی بەڕووی دڵدا کـــە
ڕوو بـەڕووی تـەکـــیـــە ئەبین ئەو ســـاکـــە

* گۆڕستانی خانەقا پڕیەتی لە دار بادام.
* قوڵقوڵە: کارێزە ئاوێکە لە خانەقا.

خانەقا

خانەقا دارو دەرت چیمەن و چیم
لە هەمووی هەڵ دەقوڵێ بیرەوەریم
تات و ئاوی، بەر و ناوی حەوشان
هەر لە میحرابەوە تا جێ کەوشان
میچ و بان، ڕێڕەو و مافوورە و بەڕ
تووەکەت، ڕێزی چنار و عەرعەڕ
وشک و تەڕ حەوز و دەر و دیوارت
تازەو کۆن و خویا و پێوارت
ژوورەکانت چ لەبەرد و چ گڵن
حوجرەکان. گشتی لە من نوشتە دڵن
داخۆ ئێستاش وەکو پێشوو ماوی!
دڵنیا و دڵگری پیری و لاوی!
پیت و بەهرەیان هەیە لاوی دڵسۆز!
سۆزی دڵیان هەیە پیری پیرۆز!
کێ لە جێی «جەعفەرە» بۆ ئاوردوو!
کێ هەڵی دەگرێ سەوەی پڕ نردوو!
کێیە وەک «حاجی» نەهێڵی چەپەڵی
کێ بەفر دێنێ لە جێگای «شخەڵی»
«شاپەسندێ» هەبوو میکایلی گەل
ڕیشە چوار گۆشەیەکیش زۆر تەوەزەل
مامۆستا مەنگوڕەکەم حاڵی چییە؟
«شێخی شامی» وەکو ڕیش سپییە؟

کێ وەکو «سەید»ی دەس و دڵوازە
تووتنی کۆنی هەبێ و چای تازە؟
«مەمەیار» «کاکی مەلازادە»ت چۆن؟
کێوە چوو تازە موسوڵمانی کۆن؟
کەللەزل پیری «فەریک» چی لێ هات؟
شێری بەگزادە گەڕۆکی دێهات
کێ لە جێی ئێمە فەقێ و نانخۆرن
تەمەڵ و بۆرە کەمن یان زۆرن؟
هاودەمی ئەو دەمە سێ شێخزادەن
داخوا بۆ ڕاوەکەوان ئامادەن؟
خێوەکەو هەر هەیە قیڕە و سوێندی
بۆنی با هات و کەوی شەو خوێندی*
قازیەک و مینەو و دەروێشێک بوون
هاودزی شەو لە مریشک و قەلەموون
کێیە پیر؟ کێیە مناڵ؟ کێ گەنجە؟
کێیە پێم خۆش بووە؟ کێ دڵ ڕەنجە؟
کێ بووە؟ کێ چووە؟ کێ وەک خۆیە؟
دێ و دەچێ ژین وەکو ئاوی جۆیە!

* ئەو ناوانەی لەم بەندەدا هاتوون ناوی ئەو کەسانەن کە سەروەختی منالّی و فەقیەتیی هەژار لە خانەقا ژیاون و بیریان دەکات. جارێک هەژار و ئەو ٣ کوڕە شێخانە زۆر لە بەر سۆفی ساڵح ناوێک کە خاوەن کەو بووە دەپاڕێنەوە کە لە گەڵ خۆیان بیانبا بۆ ڕاو، لە بەرەبەیاندا لە چیای پشت گوندی گڕاو چای لێ دەنێن و کەو دەنێنەوە. کابرا دەڵێ کەس دەنگ نەکا، چونکە کەوی شەو خوێندوویە. لەو دەمەدا بۆ خۆی بایەکی بەدەنگی لێ دەردەچێ! گەلێک گاڵتە بە کابرا دەکەن و ئەویش لە تووڕەییی خۆی ڕاو بەجێ دێڵێ و بە ناهومێدی دەگەڕێتەوە.

شێخ محەمەد*

سەروەرێکت هەیە پێی دڵشادی
تا ئەوت ماوە لە خەم ئازادی
خۆشەویست «شێمحەمەد»ی ڕیش سوورە
لە خودا یار و لە دنیا دوورە
چۆڕە ئاوێکە لە دەریای بێ پەی
دڵی دەریایەکە پەی پێ نابەی
وا لە جێی پیر و بەبیریش پیرە
لەنەزان شێرە، بەزانا ژیرە
سەد بری هێندە برای نەبوایە
پاک و بێ گورگە بۆ ئەم کۆگایە
تووک سپی زیانە لە پەمبۆ تۆزێک
ئابڕووی هۆزێ دەبا ڕەشبۆزێک
بەرەو دۆڵی ئاجی کەند
باغی فاتێ مەڵێ بووری و خۆی بوارد
گەردن ئازاکە گەلێک میوەم خوارد*
دامە گوارتە گوێ لەسەر دزیەکی باغ
باغەوان لێم دەگەڕا دەس بە پەیاغ

* * *

---

* شێخ محەمەد زانای زۆر بەناوبانگی موکریانە و کوڕی گەورەی شێخی بورهانە و بەسەر خانەقا رادەگا. برایەکی هەیە بەناوی شێخ رەحیم جاسووسێکی زۆر پیسی عەجەمە. نیاز لە رەشبۆز ئەو شێخ رەحیمەیە.
* باغی فاتێ: باغێکە لە نێوان خانەقا و گوندی شەرەفکەند. گوارتە گوێ کێوێکە لە نێوان خانەقا و گوندی ئاشی گولان.

وا شەرەفکەند پڕی شۆخە و جوانە
کوڕە شێخ تووڕە دەبن مەڕوانە*
جێی دڵە باغی مەلا و ئاجی کەند
هەر گوڵە و بولبولە هەرسازە و بەند*
باغی باخچان و نەمامی ساوا
چۆن دلاوایەکە ماڵی ئاوا
هەرچی گێلاس و بەلاڵووکی خوارد
سەری هەوساری بەزاری ئەسپارد
سێو و مێو بەردڵە قەیسی بەڕمێن
ئەوی زۆر تر گزوفت دەن هەرمێن
گەربکا چاوی خومار ڕزگاریت
وای بزانە لەبەهەشت ڕێبواریت
بێ ترس بیخە سەرت تەشی تەلا
نۆبەتێ زۆرە مەچۆ تازە قەلا
چاوگە سەر ئاشی خۆراسانەش بێ
خۆشە ئەو بەندە لەسەر چاوەش بێ
«گەردشی چەرخە مەداری مەلەکە
ئاشی شێخ بابەقەتاری گەرەکە»*
دێتەدەر ئاوێ لەسایەی داران

* شەرەفکەند: جێگەی لە دایکیبوونی باوکی هەژارە.
* باغی مەلا و ئاجیکەند و خوراسانە و ئاشی مەلا و تازە قەلا و ئاشی گولان چەند گوندێکن لە موکریان گەلێک باغاتیان هەیە. ئاشی شێخ لە خوراسانەیە. بابە قەتار: چاکێکە لە خوراسانە ئاوێکی لێ هەیە گۆیا هەرچیی بیخواتەوە کۆخەڕەشە ناگرێ و ماریش پێوەی نادا.
* ئەم بەیتە هی سەید ڕەشیدە لە هەجووی خات مەلەک ناوێکدا کە ئاشەوانی ئاشی شێخ بووە.

چارە بۆ کۆخەرەشە و بۆ ماران
با وەخوێن من عەجەمم کۆخە ڕەشەن
دەشگەنە ماری مژی مژ بەڕەسەن
سەردەمێک ببوە بەهەشت ئاشی گوڵان
گیان لە زانست ئەگەڕا و دەم لە چڵان
«سەردەراباد» نەچی خێوی لێیە
بە تەنێ باری هەژاریت پێیە
لەم «عەزیز کەند»ە بەناو باخچێک بوو
جوان و بەرچاو و لەبار و ڕێک بوو*
سەری سەودام هەبوو لام دایە کنی
کاڵە هەرمێم کوشی، سنجووم نەڕنی

تەرەغە*

تەرەغە خۆشی سەرت هەر بەرزە
لێک جیابوونەوەمان چەند وەرزە؟
یاری ڕاکردوو دەمی ڕابردوو
وا بەسەر تۆوە کڵاو با بردوو
هەر لەلانن! دەمەوێ سەیری بکەم
سەنگەری سارمی خوێنڕێژی عەجەم*
دێننەوە بیر کوڕی کورد مەرگی ئەوێ
ئەو سەرەی ناوێ بە حیزی بنەوێ

---

* سەردەراباد و عەزیز کەند دوو گوندن.
* تەرەغە: شاخێکی زۆر بەرز و قووچە لە موکریان، گوندێکیش بەو ناوە لە دامێنی هەیە هەژار بەگەنجی لەوێ ژیاوە.
* سازم بەگ کە لەگەڵ شا عەباس شەڕی کردووە ئێستاش سەنگەرەکانی لەو کێوە ماون.

کـــــارگ و ڕێـواســـــە بـەهـارانـە بـەرت
وەکـــو جـــاران کـــوڕ و کچ دێنە ســـەرت!
گـــەنجی ئـاواییـــەکـــە چۆنـن! ســـازن!
دڵـتـــــەڕن! دەس لـەملـی دڵـخـــــوازن!
جـــوانی ئـەوســـاکـــە ئـەوێســـتـــا پیـــرن!
هـیـچ لـەلات وایـە لـە مـن دڵـگـیــــــرن!
جـــوانی جێ مـــا کـــە نـەمـــام لەو نێـــوە
داری دووری بـەری پـیـــــری پێـــــــوە
تۆ کــــە قــــیت مــــاویەوە بـارت بارە
هـەڕەمــــــەی جـــــوانـی لـە تـۆڕا دیـارە
بـاخـــــچـــــەیە ســــەریەتی چـوار دیـوارە
پـاش بـڵاغـــــــە و قـــــــەرەڵی و نـۆبـارە
کـــانیـــەڕەش لان و مـــەکـــۆی چاوجـــوانان
بـەنـد و بـاون لە دەمـی خـــــۆش خـــــوانان
زانـــین ئـاوات کـــــــــە لـەبـن بـاڵایـە
گـــش لـــە لاو چـــاکـــی دەســـی بـــاڵایـــە*

یادی دڵدارییەک

داخـــــەکـــــەم باوی کـــــوڕێـنیـش لاچوو
هیچ هەتا ســـەر نیـــیـــە وا هات وا چوو
چاو شـــەهێنێک دڵـی گـــرتم ئەوســـا
چەن لە بەر نازی ئەوا گـــیـــان چەوســـا

* باغچە و سەر باغچە و چوار دیوار و پاش بلاغ و قەرەلی و نوبار و کانیەڕەش و عیلمابات: چەند گوندێکن بە دەوری تەرەغەوە.

تازە لاوێ دڵ و ڕوومەت سادە
مەستی سەرخۆش دەگەڕام بێ بادە
ڕێ نەدیو، چاو دەگەڕا بۆ باڵا
داوی دڵداری لە گەردەن هاڵا
بەرزە دیوار و بەهەشت لەو دیوە
دەرکە داخراوە، کلیلی زیوە
دانە فرمێسکە لەلام سوێراوێ
دڵ هەیە و سواڵەتە لەتیان ناوێ
نەمبوو سامانێ جیا لە جوانی
جوانییەکەش توایەوە تا پێی زانی
مامەوە، توامەوە، برژام، ئێشام
بەزەیی هات و دەسی ڕاکێشام
چاوی خۆم کردەوە وام لەو جێیە
سۆفی پاش مردنی هیوای پێیە
زەردی تاوداری هەژاری بێ بەش
تاو بڕاو کەوتمە سایەی باوەش
توانە، بووژاوە بە ماچی لێوان
گیانە، ژیر بۆوە لە سەیری سێوان
ئەو دەمانەی کە لە باوەشیا بووم
ئادەمانە لە بەهەشتا ژیا بووم
گوڵی سەر کولمە گەشەی تیشکی چاو
ئارەقەی خۆشی ئەکرد بۆنی گوڵاو
سێوی لاسوور سەری گۆنای ناسی

داخ لە دڵ خـــــــۆی بە پەلێ هەڵواسی
دەمی شـــیـــرن بوو لە دەمـــیـــا هەنگوین
بـادە دادی بـوو لـە لـێـــــــوی ڕەنـگـین
خـــونچـــە دەم ســـوورە لەســـەر لاســـایە
زۆر دڵـــی تـــەنـــگ بـــووە هـــەر بـــۆی نـــایـــە
تـا بهـــــاتـایە بەرانبــــەر لاجـــــانگ
لەشی ســەر ئاو دەگـەڕا تیـشکی مـانگ
لاملی، ئاسک و کـەوی خـســتــە گـرەو
تۆقی گـــیـــرۆیی ڕفـــاند گـــەردنی کـــەو
زێڕ دەلـەرزی لە پـەنـای گـــــــەردنی زەرد
تـاوو تـینـێـکـی نـەبـوو، زەرد و ســــــەرد
شـــانە هەنگوینی ســـپی ســـەر ســـینە
بۆ تەمـــاشـــا بەشی ســـەر تا ســـینە
گـــەر پەپوولەی چەمێ بەو جێ فـــێـــر با
باڵ لە بەرچاو بوو دەترســـا کـــوێـر با
خـــڕی ناو مـــەم پڕی ئاونگی گـــەزۆ
شـــیـــری خـــاوی لە دەمـــا بوو لیـــمـــۆ
مـــــــەمکی بدیـایە چ ئـادەم چ ئـەوا
بە لەز ئەیقـــۆزتەوە هەر کـــەس لە هەوا
لارو لەنجـەی کـە دە لای «لالەش» ئەخـست
کێ مـەلەک تاوسی پێـشـووی دەپەرست!*

* لالەش: گەلییەکە لەلای مووسڵەوە لە کوردستانی عێراق، جێ گۆڕی شێخ هادییە و زیارەتگای هەرە پیرۆزی یەزیدییانە. یەزیدی بە شەیتان دەڵێن: مەلەک تاوس.

پرچی پڕ پێچی قەد و باڵا بوو
ڕەشەماری لە نەمام هاڵابوو
هەر لە سەر نێوکەوە تا بەر ئەژنۆ
لەرز و موچڕکی لەشی تامەزرۆ
جیوە لای هێندێ لە ژێر پشت بەندی
ئابڕووی چووبوو لە توندی و مەندی
شلکەڕان و قەفی تێراوی بەلەک
مۆمی کافوور لە پەنایا بەلەچەک
تام و ڕەنگێ لەلەشی ئەودا بوو
ئارەزوو واقی تیا وڕ مابوو
لە هەموو لاوە گوناە بانگی ئەکرد
هەرچی لەو میوەیە چێشتوویە نەمرد
تاوسە، مارە، نەمامی بەژنە
پێم ئەڵێن بچنە بەشی خۆت جەژنە
دەنگی «تۆم خۆش ئەوێ، تۆ خۆشت ئەوێم؟»
گیانی کێشابووە پەنا پەردەی گوێم
دڵ لە دڵ نیازی نزیک بوونی ئەبیست
دەمی نای نازی ئەگوت، ماچی ئەویست
لێوی ئاوی دەمی دڵی دەتکاند
چاوی شەرماوی لە چاوم دەچکاند
وەک ئەنی و چاو و چەن و دیم و دەم
خاڵی ڕووی خۆی دەنوان ماچی کەم.
چاو بەچاو، دڵ بە بەرامەی مەست بوو

مێشک و هۆش و ڕەگ و خوێن بێ هەست بوو
هەر لەبەر پێوە هەتا تۆقی سەرم
لە گەڕاندا بۆ تەزووی سارد و گەرم
ناسکە پەنجە و مەچەک و باسک و زەند
دینی بەردا و ملی تۆبەی هەڵکەند
بەرەژوور چوو کەف و کۆی لاوچاکی
کەوتە داوێنەوە داوێن پاکی
بوومە ڕەزوان لە بەهەشتی جوانی
لە گوناه تامی ژیانم زانی
ئەو ژیانەی کە لەگەڵ ئەو بووری
خۆشی کرد ئاگری دەردی دووری
وام بە پیریش بە خەیاڵی ئەودەم
پەل بە سینگ دائەکوتم لە شوێن مەم

دیسان ڕوو دەکاتەوە تەرەغە

لادرێ تاڵی خەیاڵی لاوی
بادرێ باشترە داوی خاوی
کەژ و کۆی دۆست و دراوسێت چۆنن!
دڵ و ڕووخۆش و گەشن یان مۆنن!
هەر بە قەزوانە ملی «پیر سلەمان»!
تەڕ دەژی دوورە لە ئاسۆگی نەمان
زۆر لە دەورەی دەگەڕێن بە نیازان
دۆ بەهانێکە لە کن دۆخوازان
«کۆشکی زارا» کە بەخاڵ نەخشاوە

هەژدیهای نەمری لە داوێن ماوە!
شانی «میرقازی» چڕ و بژوێنە
زیندەوەر لێی دەگەڕێن، دژوێنە!
خۆش بووە «پێمەڕەکەی فەرهادی»
بۆ سەری دوژمنی ڕێی ئازادی!*
تەرەغە، کێوی لەمێژینەی کورد
کۆنە هاوڕازی «سەفین» و «هەڵگورد»
«ئاگری» و «پیرس» و «مازێ» و «ساسۆن»
خزمی «پیرانی» کەس وکاری تۆن
لە لوڕستانەوە تا پشت «تۆڕۆس»
گەلێ زۆرن بنەماڵەی «زاگرۆس»
کورد هەزاران و هەزاران ساڵە
سایە پەروەردە ئەژین لەو ماڵە
ئێوە بوون، پشت و پەنا و دژداری
نانبدە و یار و دژی بەدکاری
پیاوەتی و مایە ژیانی ئێوەن
مانەوەی ناو و نیشانی ئێوەن
کێوی «جوودی» لە گەڕی تۆفانا
گەمیەکەی نووحی لەسەر سەر دانا*

---

* پیرسلەمان و کۆشکی خات زارا و میرقاز و پێمەڕەی فەرهاد، چیان لە دەوری تەرەغە، هەژدیهاداشی بەردێکی سپییە لە داوێنی کۆشکی خات زارا، گۆیا مار بووە ئیمام عەلی کردوویەتە بەرد.
* سەفین و هەڵگورد و پیرس و پیران لە چیاکانی کوردستانی عێراقن. ئاگری و ساسوون و تۆڕۆس و جوودی لە چیاکانی کوردستانی تورکیان.

پەندی پڕ بایەخی پێشینانە
«کورد لە تەنگانە تەلانی لانە»
«چیای مەزن لێی هەبێ بزن و هەرزن
نابەزن بۆ کەس و هەر سەربەرزن»
ئێوە دیتان بەسەتان خونکاران
زۆرو بیست هەو هەو و خرمەی سواران
پانی پاڵ داوە دەمێ «بانیپاڵ»
ڕێوی لێ کردنە کوێخا بە خەیاڵ
گەلێ ئەسکەندەر و زۆر وەک زەنەفۆن
دانی هەڵ بڕیەوە ئەم کوردە بخۆن
عەرەبو هات بەسەرا وەک لێشاو
بێ بەزەی دڵ ڕەشی فێڵبازی بە داو
چەنگی چەنگیزی بە خوێن پاراو بوون
بۆ هەلاکۆ بەرەگە و سەر ڕاوبوون
جارێ تەیموور بەشەلی سەر دەکەوت
تیری کوێری کەڤری بەر دەکەوت
شا عەباس ویستی سمێڵ بابڕ کا
کێو لە بن بێنێ، گەلی کورد قڕ کا
نادریش سوڕی لە زۆر جێگادا
بەهەڕوگیڤەوە خۆی لێ بادا
زۆری زۆردار کە سەرێک پێوە وێران
بە ملی وردەوە لێو هەڵدێران
زۆر گەماڵ داویە گەمارۆی ناومان
ئێمە هەر ماین و ئەوان بەدناو مان

هاتن و چوون زلی زۆر خاوەن زۆر
کوردستان گر بە خەیاڵ و کورد خۆر
شرت و گوم بوون و هەموو ڕابردن
کوردستان هەر هەیە کورد هەر کوردن
بەڵکە بۆ چەنگە چەمووش و تۆڕێک
دێتە دی لێر و لەوێ چەند گۆڕێک
خواردنی کورد و چیا دژوارە
دەرنەچوون فیل و نەهەنگ لەم بوارە
تازە وامشک و تولە و وشتری گەڕ
بەتەمان بیکەنە جێ مۆڵ و گەوەڕ
خاک بە سەریان بێ وەکو پێشوویان
دەبێ بیهێننەوە هەرچی جوویان
شل نەما کوردە پەڵووڵەی دوێنێ
ئێستە وا توندە ددان دەشکێنێ
سەردەمێک خاوی مەلا و خانان بووین
پاروە خۆشەی دەمی بێگانان بووین
ئێستە ئەو تاوە لە ئاوا بوونە
شێری کەژ نیازی لەلان ڕابوونە
تۆڕی دیلی لە پەلان هەڵ دەدڕێ
کێ بەشی خواردووە گورچووی دەبڕێ
دێتە گوێت گەرچی کڕ و بێدەنگی
دەنگی پێشمەرگەت و زەبروزەنگی
داد و هاواری عەرەب لەو لاوە
تینی بۆمبا و کەڤری تاواوە

ئەمە بوولێڵەیە بۆ ڕۆژی ڕوون
بانگەوازیانە کە ڕۆڵەت زیندوون
بێنی خوێن، دووکەڵە شینکەی بارووت
با کە بۆت بێنێ لەسەرخۆبێ پشووت
تەمی خەم نەگری بڵێی چارەڕەشم
شۆڕشی کورد هەیە من دوورەبەشم
ئاوەدان دەبنەوە ناو سەنگەری تۆش
دڵ پتەوبە بە هەوای ڕۆژی خۆش
تازە دەکرێتەوە دوژمن کوشتن
ژەنگی سەر دڵ ئەسڕێ خوێن ڕشتن
ئاگرت هەڵبێ وەکو ڕابردووت
لاشی دوژمن دەکەمە ئاوردووت
ڕۆژ دەبێ ناوی هەژار نامێنێ
سازی و ئازادی لە ڕووت ئەخوێنێ
خوات لەگەڵ بێ تەرەغەی قیت و قۆز
جەژنی ڕزگاری نزیکت پیرۆز
یادی جوانە مەرگێک
«پیر محەممەد» تەڕە تیراوێی دڵ
تۆز و هەتوانی دەست خوێنە و گڵ*
گیانە پرسۆبە برینی دەرکا
گەشە خوێناوێ لە چاوم سەرکا

* پیر محەممەد چاکێکە لە گوندی بوغدەداغی لە موکریان، نەخۆشی تیراوێدار دەچنە سەری مریشک سەر دەبڕن و خوێنەکەی دەگەڵ گڵی ئەو چاکە لێک دەدەن و دەیکەنە شەڵتەی برینیان. هەژار ژنێکی لە نەتەوەی ئەو پیر محەممەدە هێناوە و بە جوانی جوانەمەرگ بووە و لە دامێنی پیر محەممەد نێژراوە.

جوانەمەرگێ هەیە لەو داوێنە
خاکی نمدار کەمەوە بەو خوێنە
جەرگی تۆ و بەرگی ژیانی من بوو
گەوهەری نەرم و نیانی من بوو
بەر لە ڕۆژانێ ئەوم پێ ناسی
سەر لە سووڕابوو بە گێژی و کاسی
دەس لە دڵ تەنگتر و ناز شێواو بووم
زۆر لە داماوی پتر داماو بووم
گیان لە خۆیلێنی گومانا وێڵ بوو
بواری بەرباری بە دیمەن لێڵ بوو
داوی ئاوات و هومێدان باریک
تەم تەنیبووی سەروبەر چوو تاریک
لە پڕێ پەرییەکی نازدار و شەپاڵ
ئاسکێ ناسکی شیرین خەت و خاڵ
بوو بەدەستگرتەم و شایی شاندام
ڕووبەڕووی باغی ژیانی هاندام
ڕابەرم بوو لە ڕچەی دڵ پتەوی
وره بەربوونی نەبوو، ببووە کەوی
کیژی تۆ بوو بە فریشتەی بەختم
تەختی کرد کەند و کلۆی ڕای سەختم
تای ژیانی لە ژیانم هالاند
تا ئەوم بوو لە ژیان نەمنالاند
شەوچرایەک بوو لە ڕۆژی ڕەشما

بەختی بێدار بوو لەناو باوەشما
گێژەڵووکەی ڕەشەبای مەرگی نەکاو
گشتەکەی کردەوە یەکباد و خاو
هەڵوەری سوورەگوڵی بولبولی دڵ
شینی بۆ ماوە لە جێی چۆڵی چڵ
تازە پەروانە دەسووتا باڵی
بای نەهات شەوقی شەماڵیماڵی
یار لەگەڵ بەختی هەژار ڕێک کەوتن
دوور لە من چوون و لە خاکا خەوتن

خوا بژاردیەوە

گەرچی خوای گەورە بەزەی خۆشی نارد
گەڕی گەردوون چ بوو تاوانی بژارد*
دەردی بێ هاوسەریی دەرمان کردم
ڕەقەنی بێدەری نەرمان کردم
جوانترین پەریەکی خۆی خستە پەنام
باغی شادیم لە گوڵە و تازە نەمام
ئەو هەموو کۆسپە کە دێنە سەرە ڕێم
ئەو هەموو داوەی دەپێچن سەر و پێم
ئەو هەموو تاڵییە من دەیچێژم
ئەشک و خودانێ کە من دەیڕێژم

---

* هەژار دووای جوانەمەرگ بوونی ژنی پێشووی، مەعسوومەی کچی حەمەد بەگی نۆباری هێناوە: شێرکۆ و ئاگری و زاگرۆس و خانیی کوڕی هەژار، لەو ژنەن.

هەر کە خۆم خستەوە سای شابالّی
بەرگی ژان و شەکەتیم دامالّی
چەند پەژارە و کزی زۆری بێنێ
یەکێ نامێنێ کە ئەو دەمدوێنێ
چاوی نەرمی کە دەچاوم دەبڕێ
ژەنگ و فرمێسکی دلّ و چاو دەسڕێ
دینی ودمە، دەسی هەتوان بێژە
تا هەیە کۆنە برین سارێژە

بەو حالّەش

هێشتە تا با لە موکوریانەوە دێ
نیازی سەردانە بەلای گیانەوە دێ
دلّ دەورتێنێ لە سوێی ئەو ناوە
سەرەتیرێکی تیا جێماوە
جاروبار خوێن دەدەلّێ و دێتەوە سۆ
خوێن و گلّ تێکەلّە هانامە بەتۆ
پیری دلّ چاک ئەوە خۆت و ئەوە دلّ
دلّە ئارام بە لە دەرمان مەکە سلّ

بەرەو بۆکان

بەس خەوالّوو بە خەیالّ بڕوانە
شاری بۆکان وەکو بووکان جوانە
مێشەیە، باغە، گولّستانە، چەمە
لاوی لاولاوە، کچی خونچە دەمە
ئاوی چاوێک لە دلّی ئەودایە

چاوی قرژاڵی لەبەر هەڵنایە
مانگ لەمێژ ساڵە لە ڕێدا فێرە
وەک تریفەی مەلەوان بێ لێرە
تۆش بچۆ، گیان و دڵیش ئامادەن
ترسو دامالّن و خۆ پێ دادەن
مار و جرجی عەجەمو نایەنە بەر
شەو لە ترسان لەکونان نایەنە دەر
ئەو قەلایەی کە بەرز وێستاوە
دوور لەوێستاکە هەوارگەی پیاوە
سەر سەرا و کۆشکی گەلێ سەردارە
بۆتە بەردار چ خودا بەردارە
پیاو نەمان و ئەوی مان خوێڕی بوون
هێڕ و وڕ فێری خڕەی زێڕی بوون
کوردەناموسی فرۆشرا بە چڵە
گای شڵە گشتی لە خۆ بوونە مڵە
هەر کەسەی ببوە کەوی دەس دوژمن
ئەیەویست خزم و کەسی خۆی قڕ بن
دان دران تاکو لە کێو کەو دەفڕی
کاتێ تاران سەری وانیشی بڕی
کەوی سەرداری لە بیرمان ماوە
کە لەسەر چی سەری هەڵ قرتاوە*

* سەردار عەزیز خانی بەناوبانگ بیستوویە کەوێکی ڕاو بە چل زێڕ دەفرۆشن چونکە کەوان زۆر دەخاتە داو، کڕیویە و سەری هەڵپساندووە و گوتوویە: کەسێکی هاوڕەگەزی خۆی بداتە دەستی دوژمن نەمانی باشترە.

بەسە خوێ ڕێژی بەسەر زاماندا
با بنۆڕین وەهەموو لاماندا
ئاخۆ یاران وەکو جاری جاران
شەو نشینیانە لە پای دیواران!
ئەمجەد و قازی مەلا ڕیشی حەسار
کێ بە ئاخ و کولّە بۆ ڕەنجی خەسار*
شێرە چۆبینە بڕشتی ماوە!
یان کەل و کول بووە، کۆڵی داوە!
پیرەشاهۆی قەرەگوێز هەر بەگوڕە
یان عەجەم ترسی وەبەر ناوە، کڕە!
لەمڕۆ داخۆ برای ڕاست ماون!
یان چەماون، لە خەما چەوساون!
کاوە بۆ کوتکی شکاو بێ چەرمە
خوێنی لاوان کە لەبیر کا شەرمە
مچە گردەڵ کە بەرەو باو بۆوە
گشتە یان پێچی دراو خاو بۆوە!
هەڵۆکل بوون کە لە هێلانی کەل
چینەیان چۆنە لەسەر خوانی قەل!*
بیری ئەم ناوە لە بیریان ماوە!
یان لە پای ڕازەوە هەڵدێراوە!
هیچ لەبیریانە لە لێڕی بیران

* مەلا ئەمجەدی قەڵا و کاکە حەمەی بۆکان هەواڵی زۆر نزیکی هەژار بوون. مەلا ڕیش و چووبینە و پیرە شاهۆ و برای ڕاست و مچە گردەڵ و کاوە چەند ناوێکی نهێنین بۆ چەند برادەرێکی هەژار کە لە ناوچەی بۆکان بوون.

* باسی هەڵۆ و قەلەڕەش هەر لەم دیوانەیە.

جـــەنگی ســـەرچامـــە لە بەرپێی پیـــران!
ڕۆژ بە دوومـــــانەوە وەک کــــوێنی ڕەش
لاشـــە ئەتلانەوە لە خــــوێنی گـــەش
لـە فـــــڕۆکــــانەوە بـۆمـــــبـــــاباران
کڵ و پێـــشـــمـــەرگـــە بە ئاگـــر خـــاران
لە تەقــە و دووکـەڵی گـەرمی گـڕی شـەڕ
خـــوای ترس پێـــشی هەڵات کـــوێر و کـــەڕ
کێ پەنای گـــرت لە ڕەهێـــڵـــەی تۆپان!
چەند سـەکـەت بوون عـەرەب و جاش تۆپان!
ســـەردەمی خـــەنجـــەری کـــورد هاتەوە گـــەڕ
ســـــەری وشکی دەبڕی و گـــۆشـــتی تەڕ
خـــوێنی پیـــسی لەشی ســـیـــسی عـــەرەبان
گـوڕ و فـیـــچـقـەی بوو لە بان تیـخی دەبان
باوی بـوو گـــــاڵتـــــە بەمــــردن کـــــردن
کـــورد وەســـەر کـــەوتن و، دوژمـن مـــردن
دێتـــە بیـــریان کـــە لەســـەر نوێنی ســـەنگ
ببـــوە لای لایێی شـــەوان دەنگی تفـــەنگ
«دۆڵی ســـەفـــتێ» «بنی پێـــرس» «ڕێزان»
خـــۆش بـوو چۆن بـوو کــە لەبەریان بێــزان!؟
ســــەرچیـــــای شـــیــــرن و چای بەر باران
لای ئــەوان تــاڵ بـــوو لــە تــاوی تــاران!*
دەست و چاو ئێـــســـتـــە ئەوەند تێـــر و پڕن
ســـەد هەژار ڕەنگە بە پوشـــێک نەکـــڕن

* لێرەبیر، چامە، سەفتی، بنی پیرس، ڕێزان، چیای شیرین: چەند جێگەیەکن لە بارزان.

سەیرێکی جوانی بکەین

مانگە هەرچەند بەلەزی ئەیزانم
لێم گەڕێ تۆزێ تریش بڕوانم
سەر بکێشم بە بڕێک مالاّندا
چاو بگێڕم بە خەت و خالاّندا
کیژە بۆکانی خەواڵووی نازن
پاوپووز ڕووتن و پێسیر وازن
زەردەمەم دیارە کە خاوەن خەوتوون
بۆ پشوودان لە کراس دەرکەوتوون
پرچی ئاڵۆز کە لەسەر لەشیانە
شەوەزەنگ داگری ئاوی ژیانە
مانگ ئەگەر تیشکی بدا ڕێنوێنە
شنەبا بسک و کەزی بزوێنە
هەلە تا چاوی خەواڵوو مەستن
تا جەزایەرچی بەیان بێ هەستن
دڵە خۆ تێرکە لە سەیری جوانی
ڕێت هەیە چەند بە خەیاڵ بڕوانی

تا من گەشتێک ئەکەم

تا من و گیانی پەژارم تاوێ
تۆزێ لەم دەورە بگێڕین چاوێ
«وشتەپە» داخۆ فەقێلەی دێنێ
یان لە جێی ئێمە پەپوو دەخوێنێ*

---

* وشتەپە و تاراوا و شێخلەر: گوندن لە دەوری بۆکان، * سولەیمان و ئاغای شێخلەر و (ئاوات) کە شاعیرێکی نیشتمانییە برادەری هەژار بوون.

کوا سولەیان و لەچی تاراوە
تەخت و قالیچە نەما با ماوە!
شێخی شێخلەر بەڕووالەت بەختە
دوورە بەختی لە هەژاران سەختە
خێوی کێو خاسە کەوێ لە شوێنێ
بەدڵ ئاواتە کە بۆم بخوێنێ
ڕاوکەری تەپلە بەسەر لەوناوە
لە گەڕە و داوی لە دەورەی داوە

ماڵئاوایی

گیانە مەودا کەمە ئاسۆ سوورە
بیر نەبوورێتەوە ڕێمان دوورە
وەختە لێلایی لەبەر چاو بڕەوێ
خێڵی شەو کۆچەرە، ڕۆژ دەردەکەوێ
بە هومێدم کە بە ڕۆژی ڕۆشن
تیشکی ئازادی خەمان داپۆشن
ئاشکرا ڕوو بە گوڵ و گوڵزاران
بێمەوە و بێمە دەس و ڕووی یاران

* * *

ئەی موکوریان بەخودات دەسپێرم
یادگار وەرگرە ئەشکی سوێرم
بێ منیش خۆش بە مەکۆی بیرەوەریم
تۆ بەجێ هێشتنە هۆی کوێرەوەریم

* * *

هەڵشۆ، ١٩٦٥/٧/٢٩- هێندێک لە جاشکە زلەکان لەگەڵ تاهیر یەحیای سەرەک وەزیرانی عێراق چوونە قاهیرە، باسی ئەوەم نووسیوە، لە خەباتی مانگی خەرمانانی ١٩٦٥دا چاپ کراوە:

جاش چوونە میصر

عــــــەبدولنـاســــــر دەگــــــەڵ یـاران
لـەقـــــاهیـــــــرە لـە مـــــــەتـاران
لـەو لاش حـــــــەرەسی شــــــەڕەفــــــە
بۆ بەخـــێـــــر هێنان ســـەف ســـەفـــە
تـاهیـــــر یەحـــیــــایـان مـــیـــــوانە
پیــــــاوێ بەشـــــەوکــــەت و شـــــانە
لـە عـــــێـــــــراقــــــا ســــــەروەزیـرە
کـــــەوچک بەدەســـــتی مـــوشــیــــرە
لــە تـــەیــارە دێـتـــــــــــــــە دەرێ
دەگـــــــەڵ چەنـد مـــێــــــزەر بەســـــەرێ
لـە جـــــــیــــــــاتی ســـــــڵاو زەڕینـە
جــــــــووتــە و لـوشـک و دەڕپـەڕیـنـە
بۆ مـــــیــــــواندار ســـــەرســـــوڕمـــــانە
وەزیـر فـــــــەرمـــــــوو چین ئـەمـــــــانە
مـــــــــیـــــــــــــرم بـرامـن زۆر بـاشـن
کـــــــوردن، دوور لـە ڕووتـان جـــــاشـن
سێ چـوارێـکیـــــــان پیـــــــرەکـــــــەرن
فـــــــەرقێ نـاکـــــــا، جـــــاش لـەبەرن
هێندێکیـــان حـــەجـــیـــشـــیـــان دیوە
بـەڵام خـــــــــــۆیـان نـەگـــــــــــۆڕیـوە

نــامـــــــــــــووس و ئــایـــین و وەتـــەن
بـە مــــــــــەرحـــــــەبا و دیـنـار ئـەدەن
کـــــــــوردن و خـــــــــۆیـان نـانـاسـن
تا بـفـــــەرمـــــووی جـــــاشی خــــاسن
لـــە ژێـر بــارا زۆر چـەوســـــــــــــــاون
مــــــانـدووبـوون، لەزگ وەســـــــتـــــاون
هێـنـاومـن لـێـــــــــرەیـان چـاکــــــــەیـن
بـەڵـکو جــــــــاشی تـر پـەیـدا کـــــــەیـن
ســـــمــــیــــــان بـگوشن بـەڕووی خـــــۆش
بـــا هـەروا بــڕۆن مـــــــــــــەڵـێـن هـۆش

* * *

هەڵشۆ، ١٩٦٥/٨/٨- عیسا شاوی ئەفسەرێکی عەرەب، بەموشیر عەبدولسەلام عارفی گوت چیای سەفینت پێشکێش دەکەم بە دیاری. لە جوابی ئەودا نووسیومە.

لە خەباتی مانگی خەرمانانی ١٩٦٥دا بڵاو بۆتەوە:

مارمێلکە نیم

چیـــــای کـــــورد بۆ دیاری نـابێ شـــــاوی
دەمت دەشـکێنێ گــــــەر بـەردم بجــــاوی
نە خـــورمـــایەو نە وشـــتـــرخـــانە کـێـــوم
وڵاتم کـــوردســـــتـــــانە و کــــوردە نێـــوم
ئەگـــــەر نامنـاسی بڕوانە لە مـــــێــــژوو
بزانەو فــــێـــــربە کـــورد چۆنە و چلۆن بوو!
بەری تۆش ڕۆژێ پـانـیــــپـــــاڵی ئـاشــــۆر

چیای کوردانی بۆ ڕێوی ئەکرد مۆر
لە پێش تۆ گەزنەفۆن ڕووی کردە خاکم
وەکو دالاش دەسووڕا بۆ کەلاکم
گەلێک تەیموور و چەنگیز و هۆلاکۆ
لە دەشتم تێ پەڕین وەک وشتری تۆ
گەلێک پێ خواس و بێ دەرپێ و ڕەشوڕووت
بە نانم سەردەمێکی چاوی پشکووت
بەڵام من کوردم و کوردیش ئەمێنم
لە زۆردار یەک بەسەد تۆڵەم دەسێنم
لە کۆن و نوێ و درەنگ و زووت بپرسە
دەزانی خەنجەری من زۆر بەترسە
کە من نەم گرتبا پێشی سەڵیبی
لەنەنکت پرسە دەبوا ئێستە چی بی!
لە گۆڕستانی بێگانان بنۆڕی
کە لامن بیری پووچی خۆت ئەگۆڕی
لە بیرت دەرچوو بەردی قارەمانم
لە خوێنا سوورە دەشتی بازیانم
لە بەرزانا دەزانی چت بەسەر هات!
لە هەورازم دەتۆپێ هەرچی کەر هات
ببینە هەڵمەتی پێشمەرگەکانم
حەسار و شوورە پۆڵای نیشتمانم
سەراپا مەرگی سووری لێ دەبارێ
دەبۆم ڕاوەستە تۆ چت دیوە جارێ

ئەبێ تێر کەم لە گۆشتت گورگ و ڕێوی
بە بەرمیل خوێنی سەربازت بپێوی
لە ترسان قوولّە مشکت پێ دەکەم تەنگ
بە پیوی تۆ لە تیخم لادەبەم ژەنگ
زگێکی مالّی کوردی تێوە چووبێ
دەبێ بۆ نووکی نێزەم ڕووبەڕوو بێ
سەرێ وەک تۆ کە فێری گوێ لەقان بێ
لەمەیدانا دەبێ گوێ بەر شەقان بێ
ئەبێ ئەو زارە کێوی من دەبەخشێ
بەخوێنی ئالّ و دانی کەل بنەخشێ
ئەبێ ئەو مێشکە پیسەت تێ گەیێنم
کە خورما نیم، پلّنگی لەش بەخوێنم
ئەمن مارمێلکە نیم، حەزبای کەژ و کۆم
خەیالّت خاوە من کەی خواردنی تۆم!
«سەفین» قووت ناچێ بۆ پێخواسی ئاغات
لەبەغدا نەبووە قازی کەر بە ئاوات

* * *

پشتی ولاش، ١٩٦٥/٩/٦- ئەم دەمەتەقەیە لەسەر ڕادیۆی شۆڕش
بە دوو قۆڵی وەک نومایشنامە خوێندرایەوە:

جاش و باش

ـ ماندوو نەبی کابرای ڕێبوار
ـ قەزات لە گیانم هەزار جار
ـ ناوەکەت بفەرمووی باشە

ـ دوور لە ڕووتان ناوم جاشە
ـ جاش؟ هەر ئەو جاشی کوڕی کەر
بەکلک و بەگوێ و بارەبەر؟
ـ قوربان من کوردم بوومە جاش
سمم خستۆتە ناو کەلاش
ـ ئاگام لە جاشی کورد نییە
باشە، کار و بارت چییە؟
ـ من کوردم، وەک دێتە بیرم
کوردیش بوون باب و با پیرم
پەروەردەی چیا و کوێستانم
کوردییش نەبێ، هیچ نازانم
ڕۆژێ ئاغا فەرمووی حەمە
وەک بزانم نانت کەمە
وەرە بتنووسم بە فورسان
ئیتر نانالی لە برسان
تفەنگم نایە سەر شانم
جاشکم و ئەڵێم فورسانم
سێزدە دینارم ئەدەنێ
شەو و ڕۆژ وام لە بەندەنێ
لەگەڵ پێشمەرگە ئەجەنگم
لە ترسانا زەردە ڕەنگم
عارەبێک خوێنتالی چەپەڵ
زمان پیس و خوێڕی و دەغەڵ

به کوردستان ئەڵێ شیمال
لە شوێنمە بە تەعال تەعال
بە عارەبی پێمان ئەڵێ
ئەیکوژم کێ لەشەڕ هەڵێ
خۆشی ناوێرێ بێتە پێش
ڕۆحی ئەچێ لە وزەی مێش
من ئەبێ چ بێ تەگبیرم
لەناو دوو ئاگرا گیرم
ئەچمە پێش. مردنم بەشە
پاشم عارەبی ڕوو ڕەشە
* * *
ـ تۆ کە لەسەر دنیا جاشی
دیارە ڕووڕەشی ئەو لاشی
دەتۆپی وەک تۆپینی کەر
فریشتەی خودات دێنە سەر
چیت لایە بۆ «مەڕنەمووکە» ؟
ـ سێزدە دینار و ڕبووکە!
ـ لات وایە بەهەشت بۆ تۆ بێ ؟
ـ ئەگەر پڕ لە کاوو جۆ بێ
ـ بەڵێ ئێستا تێت گەیشتم
دوژمن و بڕبڕەی پشتم
نازانی جاشی قوڕ بەسەر
گەورەش ببی ئەبی بە کەر!

خۆت حەز ناکەی ڕزگارت بێ
پێت خۆشە دوژمن سوارت بێ
دوژمنی نیشتمانەکەت
کلۆی ڕەز و بێستانەکەت
ئەیەوێ لە ناو بچین گشت
بە یەکترمان ئەدا بە کوشت
تۆی ناوێ و بە منیش ناوێرێ
ئەتگرێ و بۆ منت ئەنێرێ
من و تۆ بەگژ یەکا چین
هەرتک لە کوردستان لاچین
مار بەدەستی دوژمن ئەگرێ
قازانجە هەر لایەک بمرێ
دین و ناموست لێ ئەکرێ
خۆت بەدەستی خۆت سەر ئەبڕێ
بەو فێڵە کورد بفەوتێنێ
کوردستان بۆ خۆی بمێنێ
تا کەی دەسخەڕۆی ڕەنجەڕۆ
کورتانت باوێژە و بڕۆ
بڵێ ئاغا تف لە چارەت
لەعنەت لە خۆت و لە پارەت
من ناموس و نیشتمانم
خۆشتر ئەوێ لە گیرفانم
نامەوێ ئەم نان و بەرگە

ئەچم ئەبم بە پێشمەرگە
رێی پیاوەتی و شەرەف ئەگرم
لەسەر کوردایەتی ئەمرم
بمرم لەگەڵ کوردی برام
شادی و بەختەوەریە لەلام
کوردستانی خۆم ڕزگار بێ
کوڕی کوردی دەس بە کار بێ
خێر و بەهرەی وڵاتی خۆم
دوژمن نەیبات و خۆم بیخۆم
منالم کوردی بخوێنێ
حاکم بەکوردی بمدوێنێ
دوکتۆری کورد دەرمانم کا
کورد بیری نان و لانم کا
ئەوسا سەربەرز و دڵخۆشم
زۆری خۆم بە کەم نافرۆشم
جاش ڕووڕەشی خەڵک و خوایە
ـ کاکە هەرچی وتت وایە
زۆر نەزان بووم، تێت گەیاندم
لە خەوا بووم، ڕات پەڕاندم
بەڵام ئەوا گریمان کرد
دەسم بەردا و بوومەوە کورد
خەڵک هەرپێم ئەڵێن جاشی؟
ـ نا ، پێت ئەڵێن کوڕی باشی

ـ ده به‌خوا چیت وت وا ئه‌كه‌م

تفه‌نگ ئه‌ڕفێنم و ڕائه‌كه‌م

هه‌ر عاره‌بێ بێته پێشم

دایكه‌كه‌ی له‌كه‌ر ئه‌كێشم

هه‌ر جاشێكی بێته به‌رم

ئه‌ی ته‌زێنێ گولله‌ی گه‌رم

ـ وا پێك هاتین

ـ وا پێك هاتین

هه‌ردوك:

هه‌موو كورد و یه‌ك ئاواتین

كوردستان ماڵی كوردانه

با لێی ده‌ركه‌ون بێگانه

* * *

پشتی ولاش، ١٣/٩/١٩٦٥- به‌سه‌رهاتی پێشمه‌رگه‌یه‌كه و كردوومه‌ته شیعر،
له ئیزگه‌ی شۆڕش خوێنرایه‌وه و له ڕۆژنامه‌ی خه‌باتا بلاو كرایه‌وه:

چۆن بوومه پێشمه‌رگه؟

تۆڵه‌ساندنه

گـــــونده‌كــــــه‌مــــــان زۆر ئـاوا بـوو

هـه‌رچی بـتــــه‌وێ تـێــــــیــــــدا بـوو

زه‌وی بـــــه پـــیــــــت و ئـــــاوی زۆر

تـه‌ســـــه‌ل بـوویـن لـه‌نـان و پـێــــخـــــۆر

خـــــــــــــاوه‌نــی ڕه‌ز و تـــووتــن بــووم

خاوەنی مناڵ و ژن بووم
هێندێ پاتاڵی دۆم هەبوو
لە هەر شت بەشی خۆم هەبوو
لە ڕۆژا خۆم و مناڵم
ماڵی مامم، ماڵی خاڵم
وێکڕا بەر ئەبووینە زەوی
ڕێکمان ئەخست بەرز و نەوی
کێلان و کلۆ شکاندن
بژار و هەژگەڵ پەڕاندن
داییک میوەی لێوە دەکرد
باب تووتنی پێوە دەکرد
لە کاری ڕۆژ بەتاڵ ئەبووین
ئێواران بەرەو ماڵ ئەبووین
زیقەی مناڵم لا خۆش بوو
خەمم بەوان فەرامۆش بوو
حیلکەی کیژە چکۆڵەکەم
خونچیلە و نەرم و نۆڵەکەم
گاڵەی کوڕە سێ ساڵەکەم
وەک بەهەشتێ بوو ماڵەکەم
ئازووقەی سێ مانگم دانا
برسی نەبین لە زستانا

* * *

ڕۆژێک ئای لەو ڕۆژی وا شووم
وەک جاران بەرەو مەزرا چووم
تازە زەردە دابووی لە کێو
هاڕە ئەهات وەک هاڕەی دێو
فڕۆکەم بەرچاو کەوتن دوان
گەمارۆیان دا گوندی جوان
بۆمبا داباریـن سێ و چوار
دێ ون بوو بە تۆز و غومار
ڕام کرد بەرەو ماڵ بزانم
چی لێ هات ماڵ و خێزانم
چی ببینم؟ ماڵ کوانێ ماڵ؟
گڕی ئاگر، مشکی، زووخاڵ
نەشمیل، کوردە، بابە، دایە
کڵۆڵ خۆم کەس دەنگی نایە
جیران، لە کوێن؟ بۆ ناپرسن!
ئەویش ماڵ سووتاون وەک من
خۆم هاویشتە ناو گڕی سوور
گڕ چی! وەکو گڕی تەنوور
کە ڕوانیم، چیم بێتە بەر چاو
کافر دڵی ئەبوو بە ئاو
ژنم ڕۆڵەی لە باوەشا
کۆڵوون لەناو خۆڵی ڕەشا
دایک لە لایەک سووتاوە

باوک بە دووکەڵ خنکاوە
نەشمیلم لە بێشکەی سووتاو
نیوە مردوو، نووزە تیا ماو
خۆم دا بەسەریا لە تاوان
شوشتم بە فرمێسکی چاوان
سووتام، بەڵام پێ نازانم
کیژۆڵەم خستە سەرشانم
هێنام ڕام کرد بەرەو کانی
ئەمجا لە پڕ هێندەم زانی
دەبابە گەینە لای ڕەزی
زۆر عەسکەریان لێ دابەزی
عارەبی چەپەڵ و خوێن تاڵ
تەعال تەعالیانە وەک لاڵ
کیژیان لە شانم کردەوە
بەرەو ئاگریان بردەوە
هەیهاوار هەیداد هەی بۆ خوا
لەلای زاڵم بەزەیی کوا!
مەلا هات بە قورعانەوە
لەڕێ بەرپەرچی دانەوە
زابتێکی ڕەشکەڵەی لەڕ
ڕووگرژی چاوسووری بەدفەڕ
مەلای دایە بەر مست و جوێن
ڕیشی سپی ڕەنگا بە خوێن

قورعان، ئەو قورعانی وا هەق
لە بەرچاوم دایە بەر شەق
بەستیانم، دڵم ڕاچەنی
ڕووڕەش قاقا پێ دەکەنی
خوایە هەر خۆت هەڵی نەگری
ئێستاش ئەبیەم نەشمیل ئەگری
دەگەڵ زیڕژنی جەرگ بڕ
نەشمیلیان هاویشتە سەر گڕ
لە تاوان لە هۆشی خۆم چووم
ئەوان لایان وابوو مردووم

* * *

ئێوارە چاوم هەڵێنا
وام لەناوەند لاش و خوێنا
هەر ژن و پیرە کوژراوە
هەر منالە و سەر بڕاوە
گوند بەسەر یەکا تەپیوە
ئاگر هەر دانەمرکیوە
نە ڕەز، نە تووتن، نە پاتاڵ
نە جیران ماوە و نەهاواڵ
زۆر گوندان گەڕام سەر و بن
زۆر کەسم دی بە دەردی من
هاوار قورعان خوا پێغەمبەر
چیمان کرد ئێمەی قوڕ بەسەر!

منداڵمان کام گوناهی کرد
خوا بۆ ئێمەت بەو دەردە برد؟

* * *

ڕیش سپییەک هات بە لامەوە
گەلێک دڵخۆشی دامەوە
تێی گەیاندم لە کارەسات
لەچی و بۆچی وام بەسەر هات
هێندێک عارەبی ئەو خوارە
نەزان و خوێڕی و بێکارە
زۆردارن، خودا نەناسن
پیسن، بێ دەرپێن، پێخواسن
هاتوونە سەرمان وەک جەردە
چاویان لە خواردنی کوردە
ویستیان بێ سەروبەرمان کەن
لەم کوردستانە دەرمان کەن
داگیری کەن شار و دێمان
خۆیان دانیشن لە جێمان
زەوییەکەم ڕەشێک بیکێڵێ
نانی شەو بۆ من نەهێڵێ

* * *

لەو ڕۆژەوە من و زۆر کەس
بەسوێند دەسمان خستە ناو دەس
بڕیارمان داوە تا ماوین
بەهار بێ و زستان و هاوین

لە هەوڵدان دانەمێنین
تا تۆڵەی خۆمان دەستێنین
ماڵ و گیان هەرچی هەمان بێ
بە قوربانی کوردستان بێ
ئەم هەموو ئازا و بە جەرگە
بۆ وڵات بوونە پێشمەرگە
وێستا گەلێک زۆرن وەک من
بۆ تۆڵە سەندن لە دوژمن
شۆڕشمان بە هێز و گوڕە
بۆ کوردخۆران جەرگ بڕە

* * *

هەر بەو زووانە خوا یارم بێ
گەلی کورد هاریکارم بێ
ئاگریان لە گیان بەردەدەم
خۆڵ و قوڕیان وەسەر دەدەم
تۆڵەی کوردەو تۆڵەی نەشمیل
ئەبێ هەڵیان واسم بە پیل
تۆڵەی ژن و دایک و بابم
شەرتە چیان کرد منیش وابم
تولەی ڕەز، تۆڵەی ماڵەکەم
تۆڵەی دەغڵ و پاتاڵەکەم
لە بیرمە و دڵ پڕ ئاگرم
نەیسێنم ئۆقرە ناگرم

هەر کـــــەس نەیبێ بیـــــری تۆڵە
لە بابی خـــــۆی نەبووە و زۆڵە

* * *

لێوژە، ١٩٦٥/١٢/١- ئەو چیای سەفینەی عیسا شاوی بە دیاری ئەیدا بە موشیر عارف دەس کوردان کەوتەوە و جاش و عارەبیش ئەوی لە تۆپین ڕزگار بوون و زۆر بە شپرزەیی هەڵاتن. لەو بارەوە نووسیومە. لە ژمارە (٤٨٢) خەباتدا چاپ کراوە:

دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر

پ: باپیر مەرحەبا
ب: مەرحەبا سەرچاو
پ: بۆ کوێ وا گورجێ؟
ب: بەخوا، ئەچمە ڕاو
پ: ڕاوی چی ئەکەی؟
ب: هەر چیم دەسکەوێ
بەراز بێ، جاش بێ، زابتە عەرەوێ
من هەر پیس کوژم بچمە هەر جێیە.
پ: بۆ ناچیە سەفین! شاویەکی لێیە
ئەوی کێومانی ئەدا بە دیاری
ب: پیرۆت لە ئەقڵا گەلێک هەژاری
شاوی و ماوی چی؟ ئەو ڕۆژە نەما
جاشک بزەڕن بە هەوای کەما
پ: ڕاست ئەکەی دیتم (زێڕۆ) بەگیان کوشت
چوو بۆ جەحەندەم کلک لەسەر پشت
ساتۆخوا مەڕۆ پێم بێژە باپیر
ئەوێستا چۆنن جاشوولەی موشیر؟

ب: یەکجار کەساسن گوێیان تەپیوە
موشیری باوکیان سمی قەڵشیوە!
پ: جا گوایە سمی بە چی قەڵشاوە؟
ب: جووتەی لە بەردی کوردستان داوە
پ: دەک مردووی مرێ بەخوا گوێرێژە
ب: ئیتر مۆزی کرد لەو سەرو لێژە
زابت سواری جاش سەر بەرە ژێرن
پ:ڕاست ئەکەی عارەب بەجاشان فێرن
دەیسا ئەچیە کوێ بۆ نێچیر و گەشت!
ب: ئەبێ لەمەودوا ڕاو بخەینە دەشت
بۆ هەر کوێ ڕاکەن ئەیاندۆزمەوە
بەم بەراز کوژەم ئەیان قۆزمەوە
پ: ئا، قوربانت بم باپیر بیانپێکە
کلکە جاشێکیش بۆ من بەڕێ کە

* * *

لێوژە، ١٩٦٥/١٢/٢٦- موشیر عارف خوا جەزای کردەوەی خۆی بداتەوە هەمیشە خۆی وا نیشان ئەدا کە موسوڵمانی چاکە و بە بێ مناسبە ئایەتی قورعانی دەخوێندەوە. لەو بارەوە ئەمەم نووسیوە:

دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر

پ: تووڕەت ئەبینم، خێرە مام باپیر؟
ب: پیرۆت زۆر قەڵسم لەداخی موشیر
پ: موشیر یانی چی؟
ب: یانی مل هوڕێ

ڕووڕەش و دەسبڕ وەک قەل ئەقڕێ
پ: چی ئێژێ؟
ب: ئێژێ من موسوڵمانم
حاجیم، نوێژکەرم، لە دین ئەزانم
ئایەت ئەخوێنێ خوێناو هەڵێنێ
ساوا ئەکوژێ و گوند ئەسووتێنێ
مەلا و مزگەوت بەر بۆمبا ئەدا
چی خوا پێی خۆشە خۆی لێ لا ئەدا
پ: فێڵ لە خوا ئەکا؟
ب: نەخێر لە من و تۆ
دز بەشەو دزە، ئەم بە نیوەڕۆ
پ: ئای لەو مەلعوونە لەو بێ ویژدانە
دەک بە گژیا چێ خوای ئەو قورعانە
ب: پیرۆت گیان گەرەک خۆمان ئازا بین
بچین بە گژیا و بە تەمای خوا بین
پ: سا پەنا بەخوا سەکەتی ئەکەین
هەرچی دەسبڕ بێ لە ناوی ئەبەین
حاجی جاشیش هەن بۆ وان چە ئێژی!
ب: بەخوا پیرۆت گیان ساویلکە و گێژی
کەر بە چوونی حەج چۆن ئەبنە حاجی
هەزار جار بیشۆی هەر پیسە تاجی
کەسێک ببێتە داردەستی زۆردار
نامووس و خزمی بدا بە دینار

حەجی لە کوێ بوو؟ نوێژ و ڕۆژووی کوا!
پ: بەخوا ڕوو ڕەشن، ئەی پەنا بەخوا!
مەلاش ئەیفەرموو جاش بتۆپێنن
خەزایە و خێرە دەس دامەنوێنن
وا خەنجەر دێنم بۆ عەسکەر دڕین
ب: نەقیزەش بێنە بۆ جاش لێخوڕین

* * *

لێوژە، ١٩٦٥/١٢/٢٦- ڕادیۆی بەغدا پەرازیتی هاویشتبووە سەر ڕادیۆی شۆڕش و لە پەسنا سەفحەیەکی لێ ئەدا کە هەر دەیگوت «هانی هانی» ، منیش گاڵتەم پێ کردووە و ئەمەم نووسیوە. لە دەنگی پێشمەرگەدا چاپ کراوە:

هانی هانی

ئەڵێن خوالێخۆشبووەکەی باوکی موشیر چل ساڵ فەرمانبەری حکوومەت بوو لە زەمانی عوسمانلیدا. ئەوەندە نازیرەک بوو تەنیا وشەی هانی فێر ببوو، کە بە تورکی یەعنی کامە؟ جا بۆیە ئێستاش موشیری کوڕی ئەوەندەی قەوانی هانی هانی پێ خۆشە؛ چونکە تەنیا کەلیمەیەک بوو کە باوکی لە زمانی بێگانەوە فێری ببوو. هەموو ڕۆژ بە گۆرانی ئەیگوت. وا ئێمەش بۆمان کردە گۆرانیەک:

هانی هانی هانی هانی
مام عارف ترکی ئەزانی
موشیر ئەیڵێ بە گۆرانی
هانی هانی هانی هانی
موشیر ئەڵێ موسوڵمانم
بۆیە دوژمنی کوردانم
با پێی بڵێن سیکتر جانم
بردت ئابڕووی موسوڵمانی

هانی هانی هانی هانی

شەوێ لە میسرا ئەڕەقسی

ڕۆژێک حەرەسی بۆ بەعسی

لە سێبەری خۆت ئەترسی

پێشت وایە پاڵەوانی

هانی هانی هانی هانی

دنیای پڕ کرد چەق و لوورە

وتت کورد لەو دیو سنوورە

ئەگەر دوژمن هێندە دوورە

بۆ تۆقیوی لە بارزانی

هانی هانی هانی هانی

* * *

لێوژە، ١٩٦٥/١٢/٢٩- ئەم چیرۆکە بەسەر هاتی پێشمەرگەیەکی پیرە کە بۆی گێڕاومەوە و منیش کردوومەتە شیعر. لە ئیزگە خوێنرایەوە و لە ڕۆژنامەی خەباتا چاپ کراوە:

چۆن بوومە پێشمەرگە

نامووس پارازتنە

لە مێژە نازانم کەیە

هەر ئەمان بیست شۆڕش هەیە

ئەیانگوت کورد ڕاپەڕیوە

پڕزەی حوکماتی بڕیوە

پێنج شەش گەنجیشمان دیار نەبوون

ئەمانزانی بۆ شۆڕش چوون

بەڵام ئێمەی پیر و بەساڵ

مابووین لە ناو ماڵ و مناڵ

وتمان پیرین و نەفەستەنگ

نەمان ماوە تاقەتی جەنگ

کەس کاری بە ئێمە نییە

ئەم بەردا و بەردەی بۆ چییە!

ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە

مەسەلەیێکی مەنشوورە

* * *

ئاغامان یەکی زگ زلە

خودا و دینی پارە و جلە

تێر ناخوا ئەڵێی کەندووە

بۆ فلسێک گیانی دەرچووە

چەندێک هەر ئەهات و ئەچوو

جارجار دوو سێ ڕۆژ ون دەبوو

ڕۆژێک تەشریفی هاتەوە

بەتفەنگێکی خەڵاتەوە

بە دوو ڕێز فیشەکدانەوە

بە فیز هات بە لامانەوە

وتی دوێنێ چوومە هەولێر

سەفەرێکی بە خێر و بێر

پارە و چەکیان زۆر داوە پێم

منیش لەشتی وا ئەگەڕێم

وا عەسکەر دێنە ئاوایی

براتانن خۆم ئاسایی
موسوڵمانن، کوڕی چاکن
عارەب دەس و داوێن پاکن
مەلای دێش هاتە بەرەوە
مێزەری زل بە سەرەوە
فەرمووی مەترسن خۆم زامن
عەسکەری عارەب ئیسلامن
فەرقیان نییە دەگەڵ خۆمان
وەک برا باش ئەبن بۆمان
زانیمان ئاغامان جاشە
بە ناچاری گوتمان باشە

* * *

چل عەسکەرێ هاتە ناومان
خوایە چی هاتە بەرچاومان!
قەت پیسی وامان نەدیون
پێت وابوو مشکە تۆپیون
ئێسک قورس و ڕەزا گران
ئەتوت لەگەڵ شەیتان بران
هەر بەع بەعیانە وەک کاوڕ
بە چەڵتەچەڵت و زمان شڕ
بە ئاگری چەرخیان ئەوت: ناڕ
ئاغایان ناو نابوو: حومار
برسی و دز ئەچوونە ماڵان

تـەبـەکـــــــــیـــــــان ئـەبرد بـە تـاڵان
ڕاوکــــــەی بەر مـــــریشکیـــــان ئەبرد
هەر بـاسی نـاکــــرێ چیـــــان ئـەکــــرد
نـە نـوێـژ نـە دیـن نـە ئـیـــــمــــــان بـوو
مــــەلاش لێـــیـــــان پەشـــیـــمــــان بوو
ئـەی گــــوت ئـەمــــانـە کـــــافـــــرن
کـــــــافــــــــر لـەمــــــــانـە چاتـرن
* * *
ڕۆژێ ئـاغــــــا چــووبـووه هـەولـێــــــــــر
بـە مـلـی شـکـاوی و چـاوی کـــــــــوێـر
ئـەرزاق و دیـنـار بـســــــتـــــــێـنـێ
هـێـنـدەی تـریـش عـــــــەسکـەر بـێـنـێ
بـەیـان بـوو، لـەلای مـــــــــــەلا بـوویـن
لـە بـیـــــــــری چـارەیـەکـــــــدا بـوویـن
چەند کــــــەســـــێک ئـاغـــــا بـدوێـن
ئـەمـــــــانـە لامـــــــان نـەمـــــــێـن
لە پـڕێکـا لە مـــــاڵـی مــــوخـــــتـــــار
بـوو بـە قـــــــیـــــــــژه و زیـڕه و هـاوار
کـــــەبانـووی مـــــوخـــــتـــــار خـــۆیەتی
بـەگـــــــــــــریـان داد و ڕۆیـــەتـی
بـانـگـمـــــان ئەکـــــا ئـەگـــــەر پیـــــاون
کــــوا نـامـــــووســــتـــــان بۆ وەســــتــــاون!
وا عـــــــــەسکـەر زۆرم لـێ ئـەکـــــــەن

نەمگەنێ نامووسم ئەبەن
ئیتر تەم هاتە سەر چاوان
دەنگ نەکردن ببووە تاوان
لەسەر نامووس خوێن هاتە کوڵ
دەمی کێرد گەیشتە سەر دڵ
وێکرا دەسمان دا خەنجەران
بەربووینە گیانی عەسکەران
مەلاش بە خۆی و تێلایە
ئەیوت بیانکوژن خەزایە
کێ جوندیەکی سەکەت ئەکرد
تفەنگەکەی بۆ خۆی ئەبرد
هەتا لە چنگمان خەلستن
چاردە کەلاکمان لێ خستن
ئەوەی مان، لاقیان ببوە چوار
پێخواس قاچاندیان بەرەو شار
قیڕەقیڕی یابە لەو ناوە
هەر ئەتگوت بەرازە ڕاوە
دوایی عەسکەرمان بڕیەوە
نامووسی خۆمان کڕیەوە
نامانەچاڵ هەرچیەکمان کوشت
ئەمجا کەوتینە خۆمان گشت
لە نوێن و هێندێک ورد و پرد
هەر کەس سووکە باری بارکرد

منداڵ و ژنمان دایە بەر
بەرەو شۆڕش بووینە کۆچەر
بەرهەمی شەڕ و هەرامان
خەتای کەوتە سەر ئاغامان
گیرا و لە جاشەتی کەوت
شەش حەو مانگ لە حەپسا خەوت
وێڵ کرا, نە جۆ، نە کایە
ئێستا جاشی بەرهەڵدایە
دوژمن هاتە سەر گوندی چۆڵ
ڕێکی کرد دەگەڵ خاک و خۆڵ
بردیان هەرچی بە کاریان بێ
با بیخۆن ژەهری ماریان بێ
ماڵی دنیا چڵکی دەستە
شەرەف و ناموس مەبەستە

* * *

هاتووم تا ماوم بێ وەستان
ئەبمە پێشمەرگەی کوردستان
قەدری شۆڕش وا لای منە
شەڕی ناموس پارازتنە
مەڵێن پیربووی گەنج بوومەوە
لەسەردا تێ هەڵچوومەوە
سا شەرتە بە شەرتی پیاوان
ناوم بخەمە ناو ناوان

کـــــارێـک بـەســــــەر دوژمـن بـێـنم

چەرمــــــیـــــــان لـە دار بـهـــــاڵێـنم

لە مــــێــــژە بە عـــــەسکەر فــــێــــرم

نـابـێ یـەکـــــیــــــان لـێ ببــــــوێـرم

بـــــەزەم بـــــە دوژمــــنــــا نــــایــــە

نـایـکـەم بـە ئـاگـــــــری بـن کـــــــایـە

هـــــەتـــــا دوژمـــــن بـــــەربـــــاد نـــــەبــــێ

تـا کــــــوردســـــــــتـــــــان ئـازاد نـەبێ

تـفـــــەنـگ لـەشـــــان ناکــــــەمـــــەوە

ئـاورِ لـەخـــــــــۆم نـادەمـــــــــــەوە

* * *

لێوژە، ١٦/١/١٩٦٦- دوژمن زۆری شایی بە فەوجی مغاویر بوو تا لە شەڕی پێنجوێنا زۆر شپرزە کران. بەو دەمەتەقەیە گاڵتەم بە مغاویر کردووە لە دەنگی پێشمەرگە چاپ کراوە:

دەمەتەقەی باپیر و پیرۆت

ب: مام پیرۆت کزی؟

پ: لێم گەڕێ باپیر

ئەڵێن پاپەتی بوونە مغاویر

مار ئەخۆن، ئاگر ئەنێنە باخەڵ

مریشک ئەدزن وەک ڕێوی و چەقەڵ

ب: پیرۆت بێ دەنگ بە مغاویری چی!

پەلکی پیاز و سەری سیری چی!

لە پێنجوێن ئەوەی بەمان کراوە

له هیچ دەورانێک وا ڕووی نەداوە
دەڵەک نەدەژیا لە پاش مغاویر
واقوڕ ئەپێون بەزاز و موشیر
پ: دەم خۆش مام باپیر دیارە هەرایە
ب: سەیرە لەو دەشتە جاش بەرهەڵدایە
ترومبێل نەما بەپاشوو هەڵدێن
زابت لە شوێنیان بە پلار و جوێن
یابای عەسکەرە و زەڕینی جاشە
ڕێوی مڕ بووە و لاشە بەلاشە
موشیر ناوی خۆی لە بیر چۆتەوە
بەزاز چاویلکەی لێ بەربۆتەوە
پ: بیستوومە بەعسی دێنە هاواریان
ب: لە بیریان ناچێ دەردی پێراریان
ڕەمەزانیان گرت بە لەشی خاوێن
تازە دێن خۆیان دەئاگر داوێن؟
هەر کەسێ جارێک شەقی کوردی دی
دەرس وەردەگرێ، کەر نابێ چیدی
پ: یەکێ تریش هەس، بلێیی بۆی بکا*
ب: با کەچەڵ دەرمان سەری خۆی بکا
وەگیان تۆ پیرۆت گشتیان هەڵبستێ
هەر خۆمان یەک بین پێمان ناوەستێ

* نیاز عەبدولناسرە.

پ: دڵت خۆش کردم، خۆش بی مام باپیر
هەی ڕەحمەت لە تۆ و نەحلەت لەموشیر

* * *

لێوژە، ٣/٣/١٩٦٦- موشیر عارف شەکری شکاند و قەولی دا کە لە بەهاردا کوردەکان خەلاس دەکا، گاڵتەم پێ کردووە، لە دەنگی پێشمەرگە ژمارە (١١)دا چاپ کراوە:

دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر

پ: باپیر ئەتبینم کەیفت زۆر سازە
ب: پیرۆت دنیاکە ڕاوە بەرازە
شتی وا ئەبیەم کەس نەیبیستووە
وا دیسان موشیر شەکری فەرمووە
پ: ئەڵێ چی! ئادەی
ب: ئەڵێ تا بەهار
کورد ئەتوێنمەوە وەکو بەفری پار
پ: با بەس بوەڕێ ئەوە چوار ساڵە
هەر دای ئەبەستێ و نوێژی بەتاڵە
خۆزگە ئەو دایکەی کەری هێنابا
لەدەس منا با و بارم لێ نابا
بۆچ لە ناو فەسڵان لە بەهار گیرە!
ب: بەهار بەهەشتی نێرە موشیرە
چەندێک تەشریفی بەرەو میسر کرد
جوزیان پێوە کرد لە خشتەیان برد
لای وایە ئەوجار پێمان ئەوێرێ

لە کۆشی خەڵکا گوێزان دەژمێرێ
پ: خۆ ئێژن کاکەی زۆر حاڵی شڕە
لەشکری قڕە و لە مشت و مڕە
ب: با تێر باوبژ لە خۆیان دەرکەن
مەگەر تا پایز هەرخۆڵ وەسەرکەن
پێشمەرگە خۆش بێ هەزار هێندی دیش
بۆمان بێن، سمێڵ ئەنێنە سەر ڕیش
ئەو بابەیان مرد بە جاش و بە فێڵ
کوردستان پیس کەن توتکە سەگ و دێڵ
پ: ئای هاتە بیرم، جاشوولە چۆنن!
ب: کەتوونە لوشمە و لە شوێن کای کۆنن
سەگ کلکیان لێ دا سلار ئەبنەوە
ناگەنە بەهار مردار ئەبنەوە
پ: باپیر من ئەڵێم با بێنە لای من
کای عارەب نەخۆن بێنە سەر کای من
ب: ئەگەر تێگەیبان جاشک نەدەبوون
بەرەو تۆپینی خۆیان نەدەچوون

* * *

لێوژە، ١٩٦٦/٢/٢٤- حیزبی بەعث لە سووریا ئینقلابیان لەسەر یەکتر کرد و تێک بەربوون و ببووە شەڕە سەگ، ئەمەم لەسەر نووسین، بەڵام بڵاو نەکرایەوە:

دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر

پ: باپیر تۆ لە کوێی؟ ڕادیۆنت بێنە
ئەڵێ لە شاما کوشتار و خوێنە

ب: دەی دەی، مام پیرۆت پێی ناوێ پەلە
بەعسی تێک بەربوون شەڕی سەگەلە
یەکتری ئەدڕن لە مشت و مڕا
عەفلەقی باوکیان فلّقەی لێ بڕا
پ: عەفلەق کامەیە!
ب: ئەو فەلەی پێرار
موشیر عارفی کردە سەر کۆمار
پ: بەڵێ ڕاست ئەکەی کە وابێ باپیر
چیدی لە بەعسی ناترسێ موشیر
ب: تەڕی تێ ناگەی! چاتر ترساوە
دەسنوێژ ڕاناگرێ و پزووی پساوە
ئەمانەی ئێستا لە شام سەرکەوتوون
بۆ سەگ خنکاندن لە کڵ دەرکەوتوون
موشیر فیتەی خۆی زۆر باش ناسیوە
پاشووی گیرۆدەی تەڵەی تەقیوە
ئەزانێ بەعسی چەن شڕو دڕن
ڕاویان بۆ ئەوە و کەوڵی ئەکرن
پ: مام پیرۆت نەمگوت کورد وەجاغ زادەن
کێ دەستیان لێدا نەجاتی نادەن
ئەوانەی قاچی کوردانیان ئەگەست
وەک سەگە خوێڕی، لێک هاتوونە دەست
لەو سەگ سەگێنە جاشک چی ئەڵێن
ب: گوێ ئەبزوێن خەریکن هەڵێن

موشیری باوکیان ئەوە حاڵی بێ
جاش چۆن ئەوێرێ خڕەی ناڵی بێ
نەقیزە زۆرە و کاوو جۆ کەمە
تا بەهار دادێ ژینیان حەستەمە
پ: خۆ من کام زۆرە لە موشیر بەر بن
با بێنە لای خۆم بەس کوڕی کەر بن

* * *

سوورەبان، باڵەکایەتی، تەشرینی دووهەمی، ١٩٦٦- برایم ئەحمەدی محامی کە بە بلەی ئەحەڕەش مەنشسوورە، مامۆستای جاشکەکانی شێست و شەشە و جارێک شینە و تاوێک سوورە و لە نیشتمان فرۆشیدا دەستی هەموو خاینانی لە تەختە بەستووە و بەدار لە پشتدانی بێگانان قاچی کوردی گەستووە. بە لاوەتی کە هەوای پیاوەتی لەسەری دابوو شیعرێکی لە ژێر ناوی (شیرن بەهارە)دا هۆندۆتەوە کە زۆر شیعری چاکە و جێگەی خۆی کردۆتەوە، بەڵام لە دوای ئەو، کە فێری بێگانەپەرستی و ژیانی پەستی بووە زۆر جاری فەرمووە «شاعیر بێ بارن!» چونکە خۆی باری پێشووی هەڵوەشاند و پاشووی جووتەی ئەوەشاند، لەوەتا بووە بە جاش قەریحەی مبارەکی هەر لە دەوری ئارەزووی بێگانان دەگەڕێ و بە بلوێری دوژمنانی کوردستان هەڵدەپەڕێ. شیعری بۆ نایە کە شیرن بەهارەکەی پێشووی بشواتەوە. وا من بە خێری خۆم بە گوێرەی باری ئەمڕۆی بۆم گۆڕیوە:

شیرن بەهارە

شـــــیـــــرن بەهـارە، بـەهـاری شـــــادان
خـــــۆشـــه مـــــەیخـــــانـه و بـابـۆڵە بـادان
تـازەم زانـیـــــــوە پـارەی زۆر تـێـــــــدا
گـــــــەل فـــــــرۆشـتن و لـە ڕێـگـە لادان

* * *

شـــــیـــــرن بـۆت بـکـەم بـاسـی جـــــوانـیـم
خـــــۆم لە کـــــورد گـــــۆڕی هـەتـا تـوانـیـم

ئێســـتــه نانخـــۆری دەســـتی بێگانەم
جـــــارێک بەغـــــدایی، ڕۆژێک تارانیم

* * *

شیــرن بت دیبام لە «کافـەی شمـشـاد»
چۆنم ڕا ئەبوارد ســـەرخـــۆش و دڵشــــاد
نیــشــتـــمـــانم دا بە ویسکی و کـۆنیــاک
گـــــوێ نادەم بە کـــــەس، هەرچی باداباد

* * *

شـــیـــــرن، لە بەغـــــدا دەگـــــەڵ منا بی
ســـەرخـــۆش ڕابوێرین لە «حـــەمـــوڕابی»
ئەوســـا تێ ئەگـــەی ژیان چەند خـــۆشــــە
عـــەقــڵت دێتــە ســەر، ئیــتــر کـورد نابی

* * *

شــــیــــرن لە تاران قـــەســـر و ســـەییـــارە
دێمـــــــــــەوە بەغـــــــــدا، دینـار هەزارە
چیم لەنان و دۆی پێـــشــــمـــەرگـــایەتی
کێ لە کـــێـــو دەژی ڕەنجی خـــەســـــارە

* * *

بژی بـۆ پارە، مـــــــــەمـــــــرە بـۆ ژیان
هەر مـــــەڵێ کـــــوردم تا نەکـــــەی زیان
لە خـــــــشــــــەی دینار دڵت نەلەرزێ
لەزەت بۆ لەشــــە نەوەک بۆ گـــــیــــان

* * *

شـــیـــرن بۆت بڵـــێم باسی نیـــهـــانیم
بـه بـێ هـوده چـوو ژیـانـی جــــــوانـیـم
من و کـــوردســـتـــان کــوجـــا مـــەرحـــەبا
بەڵام داخـــــەکــــەم، بە پـیـــری زانـیم!

* * *

شـــیـــرن، حـــاکم بووم دەســـتـــدار و توانا
خــــۆشی لە دڵا، زێڕ لە گـــیـــرفـــانا
بە هەوای کـــورسی کــــوردایەتیم کـــرد
بۆ ڕیش ئـەگـــەڕام ســـمـــێـــڵـم دانا

* * *

شـــــیـــــرن تۆبـه بـێ لەمــــــە بـەولاوە
کـــورد و کـــوردســـتـــان ئەنێـــمـــە لاوە
کێ بـڵـێ کـــــوردم ئـەیـدەم بە گـــــرتـن
ئـازادیـخـــــوازی خـــــەیـاڵـی خـــــاوە

* * *

مانگی ١١/١٩٦٦- شیعرێکە پێشکێش بە مامۆستا بلە کراوە و
لە خەباتی ژمارە (٤٩٢)دا چاپ کراوە:

کوێخای بەکرەجۆ

بلـەی ئەحـــــەڕەش جـــاشی ڕەنجـــــەڕۆ
وەکـــیـلی عـــارەو لەســـەر «بەکـــرەجـــۆ»
چەند جوانت لێ دێ موی سپی و ڕووی ڕەش
نۆشی گـــیـــانت بێ کـــەنگر و کـــەربەش
نـەقــــــیـــــــزەت ئـەوێ ڕێگـەت هـەورازە

دەک پیرۆزت بێ کورتانی تازە
پیری ئاخرشەڕ وەتەنت فرۆشت
ئابڕووت گۆڕیەوە بە شەراب و گۆشت
چوویە باوەشی دوژمنانەوە
خول ئەخۆی بەلای قاتر خانەوە
زۆر هەرزانت دا شەرم و ویژدانت
کوێرت کردەوە ماڵی باوانت
ئەحەی باوکیشت تۆ ئابڕووت برد
بیری لێ بکەوە مامۆستا چت کرد
نرخی نیشتمان پارە و جۆ نییە
نیشتمانی کورد موڵکی تۆ نییە
گەر ئابڕووت بوو بێ! ئەویشت دانا
سەلا لە ئەقڵت مامۆستای زانا
هەزار خایینی وەک تۆمان دیوە
بە ئاوات نەگا و لە ڕێ تۆپیوە
کورد هەر ئەمێنێ و مافی دەسێنێ
یادی تۆش ئەکا جار جار بەجوێنێ

* * *

سوورەبان ـ ١٩٦٨

دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر

پ: مام باپیر توورەی؟

ب: هەر توورەم و بەس؟

پ: لەسەرچی؟
ب: لە داخ جاشوولەی تەرەس
گازم لێ ئەگرێ، لووشکە ئەهاوێ
پ: دەیسا بیفرۆشە وەبۆرە پیاوێ
ب: بۆ خۆی خۆی فرۆشت پێرار وەپارە
ناو کورتانەکەی پڕ لە دینارە
پ: کام جاش؟ شینەکە یان هینەکەی ڕەش؟
ب: دێزە و پێی ئێژن جاشی شێست و شەش
مامۆستامان بوو، بۆ کورد کوردێنە
مالّی ڕماندم، هەر ئەیوت بێنە
برنۆی پێ کریم، شەڕی پێ کردم
بۆ هەمەدانیش لەگەڵ خۆی بردم
گەڕاندمیەوە بۆ شەڕی ولاّت
منی تووش کرد و خۆی بەشەو هەلاّت
لە ناو تەویلەی عارەو خزیوە
ئێستە جەهەندەم هەرچی دزیوە
بۆتە دوژمنم، یەخەم بەرنادا
وەزۆر ئەیەوێ ڕەنجم بە بادا
ئێژێ کوردستان ئەبێ شیمال بێ
جاشک جەحش بێ، وەرە تەعال بێ
عارەو بێنە ناو کوردستانەوە
کوردیش دەربەدەر وەکێوانەوە
دەک یاخوا بەش خۆی ڕەنج خەساری بێ

ئەو جۆیەی ئەیخوا ژەهرەماری بێ
ئەو زۆڵە کوردەی جاشی دوژمنە
گاز لە کورد ئەگرێ گۆڕی کوشتنە

* * *

سوورەبان، ١٩٦٨/٣/٢١- جاشکەکانی مامۆستا برایم و مامۆستا جەلال تاڵەبانی لە بەکرەجۆ گوێزرانەوە چەمچەماڵ و کەرکووک، ئەم سروودەیان بۆ نووسراوە کە هەموو بەیانییەک بیخوێننەوە:

بەکرەجۆ

بەکرەجۆ مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە
پەینی وشک و شاڵ و قاشاغت بە کاوو جۆتەوە
من لە زیکر و فیکری تۆ خافڵ نەبووم وا تێ نەگەی
چەمچەماڵ و شاری کەرکووک تۆی لە بیر بردۆتەوە
بەو ڕەئیسەی عەسکەریکی هیچ نەزان و مل هوڕە
جۆیەکەت جۆرێ لە زگما ئاگری کردۆتەوە
ئەو هەموو بیرە و شەراب و ئارەقەی پێدا دەکەم
قەت گرو گلێپە و بلێسەی تاوێ ناکووژێتەوە
باسی خەمباری و کەساسیم هەر مەکە، ترسم هەیە
جێ نەقیزەی تیژی قاید فیرقە پێنج بوکلێتەوە
سوێند بە بەززاز و بە یەحیا و مەرقەدی مەرحوومەکە
دوور لە تۆ هەر کەس شەرابی خواردەوە دەڕشێتەوە
ئێمە ڕۆڵەی عارەبین، هەرچەندە کوردن دایکمان
ڕوحمی بابان سەد هەزارساڵیش لە بیر ناچێتەوە
بێ قسوورە، چەند جەسوورە جاشی بێ پاڵووی بلە

وا لە ڕێی کورد کوشتنا لاشی لە خوێن ئەتلێتەوە
بەسیە تەعنەم لێ مەدە هەر جاشەکەی جارانتم
هێندە حیلمت بێ هەتا ئەمجاش مەعاش ئەدرێتەوە
شەرتە شەرتی جاشەتی بێ سووریاش کۆمەگ بکات
ناوی کوردستان شیمال بێ و ناوی کورد گوم بێتەوە
وەرامی پێشمەرگە:
جەحشی وەحشی بووی لە تاوی پارە بیر ناکەیتەوە
جەنگی کوردستان نەمێنێ جاش بەلاش دەخولێتەوە

* * *

شێخ حەنەشی عارەب جاشکی خالیدی کوڕی وەلید بوو، ڕۆژی ١٩٦٧/٤/١٤ لەگەڵ ٥ جاشکی هاوڕەگەزی خۆیدا کوژرا. بەغدا بۆی کەوتە شین و شەپۆڕ و بە هەزاران عەسکەر و جاشی کورد و عارەبی بە تۆپ و تەیارە و زرێپۆشەوە ناردە سەر پێشمەرگەی دەشتی هەولێر، فارس باوە و پێشمەرگە قارەمانەکانی هەواڵی، کارێکیان بەسەر حکومەتی بەغدا هێنا، بانەیی دەگەڵ کەری خۆی نەکردووە لەو بارەوە نووسیومە:

دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر

پ: دیارنەبووی باپیر لە کوێ بووی بە خێر؟
ب: بەخوا مام پیرۆت چووبوومە هەولێر
پ: دەنگ و باس چبوو؟ چۆنە ئەو ناوە؟
ب: دنیا شێواوە، حەنەش کوژراوە
پ: حەنەش یانی چی؟ کام جانەوەرە؟
ب: جاشکی وەلید بوو ئەو پیرەکەرە
لوشکی ئەهاوێشت، ئەیگەزتین بەدەم
لوولە ڕەشاشێک ناردیە جەهەندەم
حوکماتیش کێچی کەوتە کەوڵەوە

بۆ تۆڵەی باوکی کەوتە هەوڵەوە
ئیزگەکەی بەغدا هەر هاواریەتی
شینی بۆ کلک و گوێچکەی لاریەتی
چاو بە گریان و خوێن بە دەمەوە
فەرمووی سەری کورد پان ئەکەمەوە
مغاویر هات و تۆپ و دەبابە
هەروا گابۆڕ بوو، یا وەیلی و یابە
جاشوولەی کورد و عارەبە ڕووتە
بەو دەشتە وەربوون بەزەڕە و جووتە
عەسکەر لێی ئەخوڕین بۆ تۆڵەساندن
پێشمەرگەی خۆشمان باش تێی گەیاندن
ساعیقە پەل بوو، دەبابە شکا
حەیای نەماوی مغاویر تکا
جاشە کورد کلکی بە گەڵۆزەوە
وەلید پەین و خۆڵ بە لمبۆزەوە
کورتان بەجێ مان، عەگاڵ بڵاو بوون
کڵاو بێ سەر بوون، سەر بێ کڵاو بوون
سەتیان لێ تۆپان لە سۆنگەی حەنەش
سەری شکاویان بۆ ماوە و ڕووی ڕەش
پ: بۆ حەمەی سابیر بۆ وایان نەکرد!
چەند جاش تۆپێنرا، هەر باسیان نەکرد؟
ب: پیرۆت هۆشت بێ، حەنەش عارەوە
جاشەکەری کورد چۆن وەکو ئەوە؟
جاشێک وەزمانی خۆیان بزەڕێ

هەزار جاشی کورد دەسەری گەڕێ
جاشی کورد بۆ بار، عارەب بۆ بەرە
جاش کە تێ ناگا جسناتی کەرە

* * *

گەلاڵە ١٩٦٨/٦/٢٦

قەوانە شڕە

بـوو بـە هـەزار و چـوارســـــــەد ســــــاڵ
لەگـــــەڵ عـــــارەب بووینـە یەک مــــاڵ
خـــێـــوی قـــیـــبلە و کـــیـــتـــابێکین
وەک دەڵـــێـــن بـــەرە بـــابـــێـــکـــین
بـەڵام ئەو بـرای ئـیــــســــــلامــــــەم
ئـەو کــــــاکــــــە نـێـــــرە زەلامـــــەم
هــەرچـی هــەم بــوو بــردی بــۆ خـــــــۆ
مـنـی کــــــوشت بـە هـەرزن و جــــــۆ
بـە فـــــــەرمـــــــوودەی ئەو لـە ژیـنـا
هـاوبـەشـین لـە شـــــــایـی و شـــــیـنـا
شـین بـۆ مـن و شـــــــــایـی بـۆ ئـەو
مـن ئـەبـێ لـەڕ بم، ئـەو قـــــــــەڵـەو

***

ئـەگـــــــەر داوای نـان و ئـاو کـــــــەم
ئـارەزووی بـەرگ و پـێـــــــڵاو کـــــەم
بـڵــــــــێـم بـرای هـاودیـنـەکــــــەم
هـاوڕێـکـەی لـە مـــــێـــــــژینـەکــــەم

به ناشکوری ناڵێم براین
ناچاریان کردم تێک خراین
له ڕێگەی خوا و قورعانەکەت
خێری دین و ئیمانەکەت
سەد یەکێ لە داهاتەکەم
چۆڕێک شیری وڵساتەکەم
هەزار یەکێ لە نەوتی خۆم
پێم کەرەم کە بێ نان و دۆم
با بەس کوێر بم بێ ڕووناکی
با پێت بڵێم کاکی چاکی
ئەڵێ هەی لە دین وەرگەڕاو
کورد و بەرگ و نان و پێڵاو!
وە دیارە بوویتە «شعووبی»
ئەبێ لە ڕێگە دەرچووبی
***
هەر لەشێخی ئەزهەرەوە
کێ مێزەری بە سەرەوە
مڕ دەکرێن لە گۆشت و پلاو
پڕ دەکرێن لە پارە و دراو
وەها تیژ دەبن سەردەکەن
فتوای کافریم دەردەکەن
پاش فتوا، لەم کوردستانە
فڕۆکە و بۆمبابارانە

تـۆپ و دەبابـە و شـــــێـــــست تیــــــرە
خــــــوێـن ڕشـــــــتنی لاو و پیـــــــرە
کــــــــوشـــــــــتنـی ژن و مـنـداڵـە
بـژیـومـــــــــان هـەر خــــــوێنـی ئـاڵـە
مــــــزگـــــــەوتەکـــــەم دەڕووخـــــێـن
قـــــورعـــــانـەکـــــەم دەســــــووتێـن
ســـــــــەرلـەنـوێ تـاڵانم دەکـــــــــەن
هـەرزن و جـــــــۆیـەکــــــەش دەبـەن
***
نـاچارم ئـەکـــــەن بێــــمــــــە دەنـگ
پـەلامــــــــار بـەرم بـۆ تـفـــــــــەنـگ
کـــــە ئـەشــــچم تـۆڵە بـســــتـــــێنم
وەک پـڵـنـگی چـەنـگ بـەخـــــــوێـنـم
دوژمـن خـــــــۆ نـاگــــــــرێ لـە بـەرم
خـــــــوێنیــــــــان ڕادەمــــــاڵـێ، تـەرم
ئەبێــــتـــــە قـــیـــــڕقـــیــــڕی یـابـا
یــابـــا کـــــــــــــە زانـی دەرنـــابـا
ئـەمـــــجــــارەش وەک چەند هەزار جــــار
قـــــەوانـە شــــــڕ دەخــــــاتـە کــــــار
دیـســـــــــان مـــــــەلا و ئـایـەت دێـن
لـەســـــەر ئیـــــزگـــــە بـۆم دەخــــوێـن
عــــــــــەرەب و کـــــــــورد بـرای دیـن
هـەردووک دوعـــــــای یـەک ئـامـــــــیـن

کەی ڕەوایە ئیسلام کوشتن
حەرام کراوە خوێن ڕشتن
منیش بەستەزمان و فەقیر
دیسان لە تەپکە ئەکەم گیر
بە دوو درۆ دەم خافڵێنن
هەتا دەرفەت وەدەس دێنن
دیسان ئەو زوڕنا و ئەو پیکە
دیسان هەمان فاک و فیکە

***

ئاخر ناڵێم جارێک و دوان
تاکەی ببمە مەڕی بێ شوان
تاکەی بەدرۆ دەسخەڕۆ بم
هەتاکەی هەر ڕەنجەڕۆ بم
بۆ چ من بکوژرێم ڕەوایە!
تاکەی سەما بەو هەوایە!
بۆ چ نەبمە خێوی نانی خۆم!
بۆ نەخوێنم بە زمانی خۆم!
بۆ نەوتی خۆم دەس خۆم نەخەم!
بۆ خۆم ڕزگار نەکەم لە خەم!
بۆ چ ماڵی خۆم دیاری نەبێ!
بۆ بەشم یەکجاری نەبێ!
من چم هەیە با لە لام بێ
عەرەب بڕوا و هەر ئیسلام بێ

لـه خـــــــــاكـم دەرچـێ و لـە ڕێـدا
قــــەوانە شـــڕەی خـــۆی لێــــدا
ئــەو ڕۆژەی چـــارەی نـــابـــینــم
خـــــــــــاوەنــی ژیـــان و دیــنـم
تـاكـــــــەنـگێ بـرسـی و لـەژێـر بم!
با تـاوێـک ئـیــــســـــلامـی تێـــــر بم
ئـەگـــــەر كـــــوردیـش ببن بـە پـیـــــاو
وەک گـــــــەلانـی خـــــودا پێـــــداو
هـــیـــچ زیـــانـــی بـــۆ پـــەز نـــابـــێ
قـــــەت لـەلای خــــوا نـاحــــەز نابێ
***

ڕۆژی ١٦/ئابی ١٩٦٨- لە ئاهەنگی بیرەوەریی دامەزراندنی پارتی لە پردی گەلاڵە خوێندرایەوە:

تیتل وبیبل

نەقـڵـی مــام گــورگ و خــۆ لەقــوڕ نانی
نـەنـک و بـاپـیــــرەكــــان دەیـانـزانـی
خــواردنی تیـــتل و بیـــبلی بزنۆكــــە
باسی خـــۆمـــان و كـــۆنە چیـــرۆكــــە

***

ڕەنجــبـــەری عـــارەبی لەمـــێـــژ ســاڵە
بەســــەری قـــووت و لاقی بێ كــــاڵە
دوازدە مـــــانگـە چ خــــۆم، چ منداڵـم
بۆی ئـەچەوســـێـــــمــــەوە و ژیان تـاڵم
خــاكــــەكــــەم زۆر بە پیت و دەسكەوتە

دەغڵە، ئاژاڵە، تووتنە، نەوتە
چەند بەری لێڕەوار و چەند میوە
بەرەکەت لەم وڵاتە باریوە
سەر و بەر پێم ڕەنێو دەنێ ساڵێ
گەسک و قامچی ئەهێنێ، ئەیماڵێ
خاکی خۆی وردە ڕەمل و خورمایە
ئارەقەی ڕەش دەکا لە گەرمایە
کۆشک و پانکەی کڕی بە پارەی من
هێشتە هەر لای کرێتە چارەی من
قەندەهاریم کرایە نان بۆ ئەو
خوریەکەم بوو بەقاتی جوان بۆ ئەو
دەڵێ ڕانکت شڕۆڵە مەم بینە
پڕ لە ئەسپێیە جلکی پڕ پینە

***

ڕای ئەبوێرم منیش بەکەشک و بەڕوو
نیعمەتی خوایە چش لە برش و کەڕوو
ئەچمە شار بارەدارێ بفرۆشم
لەشی رووتم بە جاوێ داپۆشم
شورتەیە، عەسکەرە، نەهەشت و نەنۆ
هەر کەسەی ڕام ئەکێشێ بۆ لای خۆ
عەسکەری و باج و دۆنم و خاوە
حاکمیش جارێ کاری پێم ماوە
دەم دوێنن بە «یا زماڵ» و «ولەک»
باسی ناکرێ بەشم لەحەپس و کوتەک

هێشتە پێ ناشکوریم و ناناڵم
هەوڵ ئەدەم بۆ بژیوی منداڵم

***

کە چی سەرباری ئەم هەموو دەردە
تاوێ نا تاوێ پێم دەڵێ جەردە
بۆ کەمت پێیە! بۆ درەنگ هاتی؟
بۆ ژیان نابی زۆر کز و لاتی!
جوولەکەی دووهەمی و بەڵای سێهەم
دەتکوژم، ناشڵێ پێم کەمن کێهەم؟
کە ئەبینێ لە تان و پۆ کەوتووم
دانی چیڕن لە خواردنی بێچووم
تیتل و بیبلی دەوێن و فیڵبازە
کۆن دەچێ و دێتە جێ یەکی تازە
یەکێ شینە و دەڵێ ئەمن پاشام
کوڕی پێغەمبەرم، نزیکی خودام
یەکی تر دێت کە شینە نامێنێ
گۆشتەکەم خۆشە بۆم دەلووڕێنێ
ئیننەنی و ئیننەنام و سووربۆزم
خێوی بەزمی تەمووزی پیرۆزم
ئەو دەچێ، گورگی زەردو ئەبڵەق دێن
بەچکە عارف لەشوێنی عەفلەق دێن
ڕەوە گورگن ئەوی دەڕۆن و دێن
خۆ دەگۆڕن هەتا نەزانین کێن
هەرچی هات پێم دەڵێ ئەمن چاکم

لەوەڕم پێــــیـــــە بۆت و شـــیـــــر پاکم
هێنده مـــــــاوم هەتا لە پشت چەپەرام
دەرکی لێ دانەخـــــــەم، بزانە خــــــورام
وەک یەکن بۆمـــە زەرد و ســـوور و کـــەوە
دەردی کـــابرا گـــوتی عـــەرەو عـــەرەوە

***

گەلاڵە، ١١/٩/١٩٦٨- یادی حەوت ساڵەی شۆڕش:

بەسەرهاتەکەم

ئەو کـــوردەی ئێـــســـتـــا ژێر دەســـتـــە
بە خــــۆی نازانێ و بێ هەســـــتــــە
هێندێکی ســــــــووره و هێندێک شین
هێندێک هەر تێ نەگــــــەیون چین!
زۆربەی نوقـــــــــمی ڕیش و پرچە
پێت وایە ئامــــــــــۆزای ورچە!
مـــامـــۆســـتـــا و خـــوێندەوارەکـــان
شـــامـــار و شـــادەمـــارەکـــان
دەبن بەجـــاش، خــــۆ دەفـــــرۆشن
بۆ دوژمـــنـــان تـــێ دەکـــــــــــۆشن
هـەڵـوەدای کـــــــــــورســـی و دراون
هەست ناکــــــــەن هوڕە لێ دراون
بەبیــــــــــور لاقی خـــــــۆ دەبڕن
مـــــردن بۆ خـــــزم و خــــۆ دەکـــڕن

گشتی پاشماوەی پیاوانن
نەتەوەی خاوەن ناوانن

* * *

با پیرەکانمان لە زوودا
بەناوبانگ بوون لە مێژوودا
ئازایەتی و کورد دوانە بوون
ترسێنەری بێگانە بوون
ماد و کەیانی زوو منم
زاڵ و گیو و برزوو منم
بناغەی زەند و ئاوێستا
لەسەر پەنجەی من ڕاوێستا
ئەوسا بوو، یۆنانی و ئاشۆر
ناویان نام کوردی خاوەن زۆر

***

بەڵام ڕۆژێک گەردوونی دوون
هەڵی داشتم سەرەو نخوون
وشتری پێ پان پێی لێ نام
زەروە ڕەشکە دمیان تێ نام
خوێنیان مژیم، لە هێز کەوتم
تریاکیان دامێ لێی خەوتم
خستمیانە قەفەسەوە
دیل بووم بەدەست ناکەسەوە
پەردەی ڕەشیان بە سەردا دام

کەس نەیزانی مردم یا مام
بنووس کەوتە دەستی دوژمن
سەگەل شیشانە گیانی من
گوتیان کوڕی جن و دێوی
چەتەی، دزی، سەربزێوی
حەڵاڵە نامووس و خوێنت
بۆ ئێمەیە جێگە و شوێنت
لێم حەرام بوو حەڵاڵی خۆم
بوومە غەریب لەماڵی خۆم
سەتان ساڵە هەتا ئەمڕۆ
من ماڵوێران و ڕەنجەڕۆ
سەدجاران دەستاودەست کرام
هەر جار پتر بێ هەست کرام
دیوەخانم بەرباد کرا
تەکیەی لە جێ بنیاد نرا
بژیو و سامانیان بردم
فێری مار گرتنیان کردم

***

چووم لە مزگەوتان بخوێنم
بەرەی خۆم لە ئاو دەرێنم
پێیان گوتم قەزا و قەدەر
نووسی لە نەگبەت نەچیە دەر
بۆت نووسرا دیل و لەژێر بی
دەبێ شوکرانە بژێر بی

کێ ڕووت بێ و لەبرسان بمرێ
لە دونیا پاداش وەردەگرێ
بەهەشت جێ زەرگی دەروێشە
ئەسپێون کاری لە پێشە
ژینی خۆش و زۆری بەرهەم
ڕات ئەکێشن بۆ جەهەندەم
چوومە مەکتەب خێری گیانم
بەڵکو دەس کەوێ دەرمانم
لەوێش مامۆستا دوژمن بوو
چاوی لە خواردنی من بوو
دەرسەکەم بە خۆی داینابوو
چی بۆم خراپە تێیدا بوو
فێربووم کەس دۆستی کەس نییە
تا خۆپەرست بێ بەس نییە
برا و دراوسێ و هاوماڵت
باب و دایک و مام و خاڵت
گش بە دوقۆشە بفرۆشە
قەت بۆ کۆمەڵ تێ مەکۆشە
ئەگەر بڵێی کوردم پەستی
بەڵایە ڕەگەز پەرستی
نۆکەری بێگانە کردن
بەشی کوردە هەتا مردن
ئازادبوونی نیشتمانت
بدە بە دراو بۆ گیرفانت

قاپە ئارەقێک لە نادی
بە تام ترە لە ئازادی

***

منی وا هەژار و کڵۆڵ
لەش کرمۆڵ، بڕیو خاک و خۆڵ
زۆربەی لەش و گیانم ڕزیو
ئەوەی زیندووش مابوو تەزیو
وا بێ دەرەتان و داماو
لەناو قەفەس نەفەس بڕاو
مل کەچ و چاو سیس و سەرشۆڕ
بێ تاووتین، پێ لەسەر گۆڕ
هەودای هومێد وەک موو باریک
دەوروبەر و بەرچاو تاریک
لەپڕ گوێم زرینگایەوە
چیا و چۆڵ دەنگی دایەوە
شۆڕشی کوردە و بارزانی
هاتە هاواری خزمانی
شووڵی قەفەزی هەڵبڕی
پەردەی بە خەنجەر دادڕی
دوژمنی خستە هەلوەلا
قەزات لە هەژاران مەلا
چاکی مەردیت کرد بەلادا
هەوری نەگبەتت وەلادا

تا دنیا بێ ناوت ماوه
لەمێژوو، بەزێڕ نووسراوه

***

کوڕی کورد کامەی نەڕزابوو
دەماری پیاوەتیی مابوو
کفن بە شان، سەر لەسەر دەست
لە ڕێی سەربەستی ڕیزی بەست
دڵ پڕ و دەست لە سەر خەنجەر
تینوو بە خوێنی داگیرکەر
تۆڵ ئەستێنی هەزار ساڵە
پاڵەوان ڕەنجبەر و پاڵە
ساتێک لەسەر جێ نەسرەوتن
وەشوێن قارەمانیان کەوتن
ژینی کوێلەیی بابەس بێ
حیزەبخویی بۆ ناکەس بێ
مردنیان ویست بەسەر بەرزی
دڵ و دەزگای دوژمن لەرزی
زۆڵە کوردی نامووس نەماو
ڕەتێنرا وەک پووشی لافاو
فڕۆکە و تانکی تۆپ لەسەر
بەهرەی نەدا بۆ داگیرکەر
شکا، بەڵام چۆن شکانێ!
هەر خۆی و خودا ئەیزانێ

***

کوژراین، خوێنی دوژمنمان ڕشت
هەوای ئازادیمان هەڵمشت
بای باڵمان داوە لە چیادا
ناوبانگمان کرد لە دنیادا
پەڕ و پۆمان دەرکردەوە
دیلیمان لە بیر بردەوە

***

یاباش هەر لەسەر بیری زووی
ماتە بۆ کەوی لەدەس چووی
قەفەزە شەڕەی هێناوە
جووتێک جاشوولەی تێ ناوە
یەک کۆنە جاشە و ماندووە
لە زەڕە و جووتە کەوتووە
ئیدیش مودێل شێست و شەشە
لە غیرەتی کورد بێ بەشە
لەلای دوژمنی خوێندووە
بەرگی شەرمی داکەندووە
چەند لاویچێک جۆی بۆ بردوون
بە نەقیزەش فێری کردوون
دەلووشێنن تا ڕاوم کەن
دووبارە تووشی داوم کەن

***

بەڵام تێ ناگەن بێچارە
ئەمە ئیشتیای بەفری پارە

ئەمڕۆ لەگەڵ دوێنێ جیام
کەو نەماوم، شێری چیام
تازە بۆی ناچمەوە ناو داو
کوردیش دەبێ بێتە بەر چاو
زمان و ئەدەبیاتەکەم
گوڵی هیوا و ئاواتەکەم
پێویستە بگەشێتەوە
ناشێ لە بیر بچێتەوە
دەبێ ئاڵای «خانی» هەڵکەم
دەگەڵ هەورانی تێکەڵ کەم
شیعری «حاجی» دەخوێنمەوە
تۆڵە لە زۆڵ دەسێنمەوە
گۆران و بێکەس یاد ئەکەم
گیانی پیرەمێرد شاد ئەکەم
بەگڕی نەورۆزی ڕزگاریم
دەسووتێ باری هەژاریم
مام یابا خەیاڵت خاوە
چت دەس ناکەوێ لەم ڕاوە
سوێندم بە عابا و عەگاڵت
کورد نابنەوە بە ئاژاڵت
شێریان بدۆشی و پێی بژی
داوای ژیان کەن بیانکوژی

داو و دانـەت خـــــــــــــڕ کـــــــــەرەوە
لـەســــەر وشـــتـــــر بیــــان بـەرەوە

***

شـیناوی، باڵەکـایەتی ١٦/ ١٠/١٩٦٨- لە ڕۆژی ١٩٦٨/٧/٦ جـاشکی جـەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد بە چەک و ئەسپابی داگیر کەرانی کوردستـان هاتنە سەر پێشـمەرگە و لە دوای شەڕێکی شەش ڕۆژە. پێشمەرگە دوو سەد جاشێکی لێ تۆپاندن، گەلێکیشی لێ بە دیل گرتن و لە کوردستانی ئازادی دەرکردنەوە. بەو هۆیەوە نووسراوە:

دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر

پ: مام باپیر، ئا بێ، دەنگوباس چیبیە؟
ب: وەخوا، حاڵ جاشگەل فرەخاس نییە
پ: گوایە گەرەکتە بێژی خەراون؟
ب: بەڵێ سەرشکیاو، پاشڵ دڕیاون
هەر لاشی جاشی کرمێ و بۆگەنە
کەفتگە لەو دەشت قەرە حەسەنە
پ: خاسە، خۆ ئێژن حوکمات گۆڕیاوە
چۆن جاش بەر ئەدا بەم لاو بەو لاوە!
ب: پیرۆت بەعسی گەل خۆت ئەیان ناسی
پا درێژ ناکەن هەرگیز وەڕاسی
وتیان حوزەیران جێ وەجێ ئەکەین
لە جۆر بنیادەم ئەمجا ڕێ ئەکەین
شەڕی هەندرێن دەرسی داداوین
خاسی باداوین، مەیژن هەر خاوین
کەچی ئەیدوونین ماڵ هەر ئەو ماڵە

هەر مێشکی پوپچە و کەللەی بەتاڵە
وەدەور خۆیانا ئەسووڕێنەوە
خەریکن شەڕمان بۆ ئەنێنەوە
جاشگەل شەست و شەش، چی بڵێم؟ دوور لەڕووت
داگیراونەسە و وەساچمە و بارووت
بزووت ئەخەنە بن کلکیانەوە
ئەتەقن وەلای کوردستانەوە
وەحەچچەی بەعسی وەگژمانا تێن
تێناگەن ئێمە ئەیانناسین، کێن!
پ: دەیسا چەیان کرد توخوا مام باپیر
ب: لەناو تەڵەدا سمیان کردی گیر
ویستیان داگیرکەن مەڵبەن «جەباری»
تیایا بگەوزن وەگوێچکە لاری
بەڵام نەقیزەی پێشمەرگەی ئازا
پێ گەیشت، کاریان لە کار ترازا
هەروا جاشک بوو، بۆ دەرئەپەڕی
بەرەو تەویلەی عارەو ئەزەڕی
لوشمەی جەلال و زەڕینی بلە
دەری خست کەوا پاڵوویان شلە
کوردستان خواردن بۆ عارەو ناوێ
با هەزار جاشکیش جووتە بهاوێ
پ‍ـ بەڵێ مام باپیر، بەعسی زۆر کەرن
وەهیوای جاشگەل زەحمەت دەربەرن

شۆڕش کوردستان دوژمن درێنه

مەلەی گەرەکە ئەم گۆمی خوێنە

ئەیشزانیت جاشک مەلە نەزانە

ئاو بگا بە گوێی، بەشی خنکانە

بەعسی و جەلال و بلە و جاش و ماش

وەمانگ ئەحەپن گەماڵ گەل بەلاش

***

شیناوی، باڵەکایەتی۱۹٦۸/۱۲/۲۱- جێژنی ڕەمەزان:

چۆن جێژنە ئەگرین؟

جـــێـــژنە، ئی وا هـەیە دڵی خـــۆشـــە

زۆر کـــەســیش لێــو بەبار و ڕەشــپــۆشــە

هەیە دەســـــتی ئەخــــاتە نـاو خــــەنەوە

هەیشـــــە مــــاتە و دەسی بە ژێر چەنەوە

یەک بەناز پا ئەخــــاتە ســــەر کــــورسی

زۆر دەســـــیش وان لەســــەر زگی برسی

یەکێ ســـینی پلاو و گـــۆشـــتی لەپێش

زۆری ئـاواتـە خـــــــــوازە بــۆ بـڕوێــش

یەک ســـمـــیڵ با ئەدا بە دەســـتی چەور

یـەک دەسی پـۆرگ ئـەدا بـەدەسکی تـەور

یـەکێ قــــاقــــایەتی دەگــــەڵ یـاران

زۆر کـــەســــیـــــرەش هەیە لەبەر باران

یــــەک جـــل و بــــەرگــــی تــــازە درواوە

یەکێ بێ ڕانک و پێچ و پێلاوە
یەک لە باوکی ئەسێنێ جێژنانە
زۆری بێ باوک و ویڵی کوڵانە
یەکێ سەرگەرمی بەزمی ڕەشبەڵەکە
یەک لەناو سەنگەرە و لە پشت کەڵەکە
یەک بە شادی لەناو ژن و ماڵە
یەک لە دووریی منالّ ژیان تاڵە
یەک لە بان سینە زەردە مەم دەگوشێ
یەک بەرەو دوژمنان بەسنگ ئەخوشێ
یەک لە شارا بە بێ ترس ژیاوە
یەکێ پێشمەرگەیە و بەسەر چیاوە
یەک لە«حیزی و سەلامەتی» دەگەڕێ
یەکێ سەرخۆش دەبێ بە کۆڕی شەڕێ
یەک لە بێ مووسی زبرە، یەک لووسە
هۆی چییە! باسی پووڵ و نامووسە
یەک دەژی بۆ دراو وەکۆ کردن
یەکێ نامووس پەرستە تا مردن
کوردستان ئەو بەهەشتی بێ وێنە
نوقمی ناو خوێنە، بێ سەر و شوێنە
دیل و داگیرکراوی ئەغیارە
لە هەمووی دەنگی داد و هەوارە
چەندی چاوت ئەگێڕی دار و پەتە

کوردی پێدا دەکەن بە ناوی چەتە
کوێ ئەچی بەند و چاڵ و زیندانە
ماڵی تا ڕۆژی مەرگی کوردانە
چەند هەزاراران مناڵی کورد بێ باو
چاو کز و دڵ پەرۆش و سەر شێواو
چاوەڕێی باوک و کاکی گیراون
جێژنەیە، بێ لیباس و بێ دراون
چەند هەزار بێوەژن هەتیوبارە
چاو بە فرمێسک و دڵ بریندارە

***

لاوی پێشمەرگە شارەزای دەردە
بۆیە جێ بەزمی جەژنی بن بەردە
دەیەوێ نیشتمانی ئازاد بێ
کورد هەمووی شاد و دوورە بێدادبێ
چاوی پڕ ئاوی بێوەژن بسڕێ
جلی جوان بۆ هەتیوی کورد بکڕێ
دەرکی زیندانەکان لە ڕیسمە بەرێ
کوردە گیراوەکان بخاتە دەرێ
باب و کوڕ مێرد و ژن بەیەک شاد بن
خەمی ڕۆژانی دیلی بەرباد بن
لاوی پێشمەرگە مەشخەڵە و ئەگری
تاریکایی لەسەر وڵات ئەبڕی

دڵی شادە بە کاری پیاوانە
لاوی وا ڕۆشنایی چاوانە
ئەو دڵەی کوردستانی تێدایە
خەمی ماڵ و ژیان لەلای بایە

***

کوردی واش هەن دەژین بەبێ خەبەری
چی لەوان دەردی هۆز و خاکە سەری
بت و قیبلەی ئەوان زگ و ورگن
هاری شوێن گۆشتن و ڕەوەی گورگن
جێگەیان یان حەمامە یان سفرە
پیاوەتی و زبری لای ئەوان کفرە
دۆشەکی تووکی قوو نەبێ نانوون
مێردن، ئاواتەخواز بە کەیبانوون
کوردی داخێون و دەڵێن کوردین
ترسەنۆکین، لە خشپە دڵخوردین
کوردی خاوو خلیسک و دەس بەخەنە
کورد نییە زۆڵە کوردی لاپرەسەنە
دایکی مێردی نەبوو ئەوەی هێنا
غەیرە کوردێک بوو، ناوەکەی لێ نا
هەشە دەروێشە، سۆفییە، کوڵکە
ڕیشی ئاڵۆزە، پرچی پڕ چڵکە
مارگرە، ئاگر و خەڵووز خۆرە

تیــــخــــە، کـــەشکۆڵە، زەرگـــە، ســـاتۆرە،
باری شـــێخ و خـــەلیــــفـــە هەڵدەگـــرێ
بێ خــــەبەر زاوە، بێ خـــەبەر دەمـــــرێ
بــژی یــان بمــرێ هــەر زیــانبـــــــــــارە
دین و دنیــــای لەدەس چوو بێــــچـــارە
***
هەیشــــە هەر کــــوردە خــاینە و خــەتەرە
هەرکـــەسێ بیگرێ گـــۆشـــتی ســـەرچەپەرە
نیـــشـــتـــمــــان، دین و ئایین و نامـــووس
لای نیــــیــــــە، هەر ئەزانێ بێنە فلووس
قـــــوڵە چۆمـــــاغی دەســـــتی زۆردارە
دڵی ســــــەد پارەیە لە ســــــوێی پارە
جـاشـە بێ فـەرقـە بۆی مـەجـووس و فـەلە
کــێــیــە جــاش ئەگــرێ پارە بێنێ حــەلە
عـــارفـــە، بەکـــرە، قـــاســـمـــە، عـــەفلەق
جـــاشی لازم بێ گـــوێ لەقــــە و سم ڕەق
گــــازبی بۆ ئەگــــرێ، جــــووتە هەڵداوێ
ئـــالـــیـــکـــی زۆر بـــێ، ئـــابـــڕووی نـــاوێ
ئەوە ژەهـری هـەیـە وەکـــــــو مـــــــارە
تـا ســــــەری نـەنجـنی نـیــــیــــــە چارە
***
هێندەکـــیش خـــوێندەواری ڕەش خـــوێن
کـــوردی ســـەر مـــێـــز و مـــەردی ناو نوێن

کوردی چاکن له دەوری شووشه عەرەق
فەلسەفەت بۆ دەڵێ و قسەی نەستەق
ئەڵێ من بم وەها دەکەم، واچێ
دوژمنێکم لەدەستی دەرناچێ
پێی بڵێ، فەرمو وا چیا وەره شەڕ
گورجێ وشکاوی دادێ ئەو دەمی تەڕ
پێت ئەڵێ من! بەکێ ئەڵێی من بێم!
دەشتەکی تۆ، دەبێ نەزانی کێم!
کوڕی پشکەڵ ئەفەندی، بێتە شەڕێ!
تەخت و بەختی زەمانە وەردەگەڕێ!
ئەوە پێویستە لێی گەڕێی، بدوێ
تا بە سەرخۆشی دەچێتەوە، دەنوێ

***

جێژنە، خۆزگە دەستی ئەوەندەم با
یان کڵاوێکی سەخرە جندم با
هەرچی بم ویستبا لە هەنبانە
دەربچووبا و ببا بە جێژنانە

***

بۆ مەلا مەنجەڵێک لە گۆشت و پلاو
بۆ فەقێ مێزەرێکی هەڵپێچراو
دەف و زەرگم دەدا بە مام دەروێش
تۆزێ ئیمان بە شێخی خۆ هەڵکێش

ڕیشی سۆفیم دەشووت بە تاید و سیم
سەیری ئاوێنەکا بلێ من نیم
بەشی حاجی درۆی زل و دەس بڕ
بەشی دێوانە! حاو و حوو، مڕە مڕ
شەتی بەغدایەشم ئەکردە شەراب
بۆ بە دەم کوردەکانی عالی جەناب
خەنە بۆ پیاوی دەم بە نووزە و شل
شانە و ئاوێنەیێک و تۆزێ کل
لوڕ و کورتان و کاو جۆ بۆ جاش
پاڵوو بۆ بەرمل و بەڕەش بۆ پاش
شێست و شەش زەنگوڵەم ئەکردن بەش
لەملی جاشەکانی شێست و شەش
بەشی داگیرکەریش گرامێک بیر
تا بزانێ زمان دەسووتێ بە سیر؟
بیری کوردتوانەوە لەسەر دەرکا
ئەقڵی بێ؟ ناشێ چیدی خۆی کەر کا
ڕەمەزانی ئەوەندە بێ ڕۆن بێ
شەشەڵان گرتنی دەبێ چۆن بێ؟

***

سەد هەزار ئافەریم و هەی دەسخۆش
بەجەواڵ و بە هۆڕ بەچەنگ و بە کۆش
بۆ کوڕی کوردی مەردی ناوسەنگەر
لەم سەری کوردستان هەتا ئەو سەر

ڕەمــــزی ئازادی لاوی پێـــــشـــــمـــەرگـــە
خـــاکی پۆش، لێت مـــبـــارەک ئەم بەرگـــە
تۆی هومــــێـــدی گـــەلە هەژارەکـــەتی
تۆڵە ئەســـتـــێنی گـــوند و شـــارەکـــەتی
چەند هەزاران هەتیـــــوی باو کـــــوژراو
چەند هەتیـــوباری بێ کـــەس و دامـــاو
چاوەڕێی مــــژدەتن کـــە مـــزگـــێنی
جـــەژنی ســـەربەســـتی کـــوردی بۆ بێنی
ســـەر بڵند بین و ســـەربەخـــۆ کـــە بژین
جـــەژنەمـــانە، نە ئێـــســـتـــەیە کـــە دژین
گـــەلی کـــورد تا ئەســـیـــرە جـــەژنی نیـــیـــە
ژینی بێ ســـەربەخـــۆیی نرخی چیـــیـــە!
جـــێـــژنی ئازادی جـــێـــژنی کـــوردە و بەس
ڕۆژی کـــورد ســـەر نەوی نەکـــا بۆ کـــەس
ئەودەمـــە جـــەژنی ڕاست و جـــەژنی خـــۆش
بۆ هەمـــــوو کـــــوردەواری، بۆ من و تۆش
***

شیناوی، باڵەکایەتی۱۹٦۹/۱/۲۷- حەمەدەمین فەرەج کە زۆڵە کوردێکی نیشتمان فرۆش و هاوبیری جەلال تاڵەبانی بوو، کرا بە موتەسەڕیفی هەولێر. شێخ حەمەدەمین ناوێکیش کە لەو زۆڵتر بوو کرا بەقایمقامی هەڵەبجە:

دەمەتەقەی باپیر و پیرۆت

ب: پیروت زوو، وەرە، مزگێنیم دەیە

پ: چبووە مام باپیر؟

ب: چەند جاشت هەیە؟

پ: بەخوا، هەردوانن یەک دێزە و یەک شین

ب: برۆ جلیان کە

پ: تۆ جاشکت بۆ چین؟

ب: دەیان نێرمە خوار، پیرۆت وە تەمام

جاشولکەت بۆ بکەم بە قایم مەقام

پ: چی چی؟ مام باپیر دووپاتەی کەوە!

ب: چی چیی، پێ ناوێ جاشک بە برەوە

موتەسەڕیفی هەولێر جاشێکە

پشتی بەقەدەر عەنتەرناشێکە

پیرۆت تۆ بۆ خۆت ئاگات لێ نییە

قایمقامەکەی هەڵەبجە چییە!

پ: ڕاست ئەکەی، ئەویش جاشە و شێخیشە

ئاخوڕە، پەتکە، کوتکە، مێخیشە

پێشوو ئەیانوت وەحیلەبازی

کەرێک لە بەغدا خۆی کردە قازی

تو ئێژی ڕاست بێ!

ب: بۆچی درۆیە

ئێستاش هەروایە، ماست برای دۆیە

لەم ئاڵوگۆڕەی دەور و حەیامە

چوار سەر جاش بوونە خاوەن ڕۆژنامە

بەغداد بە پیتە، جاشی کوردستان

لەوێ گۆڕیاون، ئێستە مامۆستان

پ: سا بەخوا باپیر ئەمەی پێ ناوێ
بیری قایمقام لە دڵ دەرباوێ
یاڵ جاشەکانم لووس ئەکەم وەمووس
پێم خۆشە بکرێن بەڕۆژنامەنووس
دێزە، ڕەسەنە، سمی وەک گوێزە
حەیفە پێی نەڵێن مامۆستا دێزە
***

شیناوی ۱۹٦۹/۳/۲۱- بە هۆی نەورۆزی ساڵی ۱۹٦۹ لەسەر ئیزگەی شۆڕشی کوردستان خوێندرایەوە:

کوتکی کاوە

چیـــــرۆکـــــێک لە نـاومــــــان بـاوە
زەهـاک و دوو مـــــــــار و کــــــــاوە
لە پێ دەشــــتــــان، لە کـــوێســــتــــانان
هەمـــــوو شـــەوگـــاری زســــتـــانان
وا بــوو بــە چـەنـدیـن هـەزار ســـــــــاڵ
لـە دەوری ئـاگـــــــــــردانـی مـــــــاڵ
نـەخـــــــوازە داپــیـــــــرەکــــــانمـان
دنـیـــــــــادیـدە و ژیـرەکـــــــانمـان
لـەبـەریـان کـــــــــردووە دەمـــــــاودەم
زۆر شــــــیــــــریـن دەڵـێـن ڕۆڵـەکـــــــەم
پاپـەتـیـــــیـــــەک هەبـووە چـۆڵپـــــەرست
جــــاریـکـیــــان هەلێکی دەس خــــست

ڕێگای کەوتە کوردەواری
لە چیا هەڵیدا دەواری
زۆر لێی خۆش هات هەواری نوێ
قرمی خۆش کرد لێی نەبزوێ
زەوی بە پیت بوو بۆ کێڵان
لێمان کەوتە گەندەڵ فێڵان
بە دەم ئەیوت براتانم
بۆ ئێوە دیاریی یەزدانم
ئەسپ و حوشتر یەک ڕەگەزن
مارمێلکەش هەر بەچکەی پەزن
ڕەز و پەزتان بدەن بە من
من زۆرخۆرم، ئێوە کەمن
عابای بەسەر شان دادابوو
کەی نەیدەزانی چی تیا بوو
کوردی ساویلکە و کوردی زۆڵ
بۆیان دا لە دەف و دەهۆڵ
یەک نەیدەزانی چ باسە
ئەویان بۆ لستنەوەی کاسە
یەک بە حاووحو، مڕەمڕ
زۆڵەش تا ورگی بکا پڕ
کەوتنە خاک و پای بێگانە
دایان پێی ئەم کوردستانە
زەهاک بە کوێخا دانرا

عاباى لە شان وەلا درا
دوو مار لەسەر شانى ڕوابوون
دیاریی چی غەزەبی خوا بوون
مارێک بە ڕیش و پرچەوە
تەزبیح بە ملی چرچەوە
مێشکی لەسەر بەتاڵ دەکرد
پڕی لە درۆ و خەیاڵ دەکرد
مارەکەی تر شینە مار بوو
شاخدار بوو کونی لە شار بوو
شاڕەگ پسێن و خوێن مژ بوو
وەک قەسپی بەغدا کوردکوژ بوو
ئەشیان گوت پێشوو هەردوک مار
ماری شارو ماری ڕیشدار
بنیچە کورد بوون، جادووکار
بە ئەفسوون کردبونی بە مار
***
زەهاک و زۆڵە کوردی مار
شیشانە گیان کوردی هەژار
دەستیان کرد بە تاڵان کردن
گەلێک کورد لە برسان مردن
ئاژەڵیان بڕی لەو ناوە
کاتێ زانیان هیچ نەماوە
هاتنە سەر بیری پیاو خواردن

ڕۆژێ دوانیان لێ دەبژاردن

مێشکیان ئەدرا بە مارەکان

گۆشتیش بەشی خونکارەکان

ئێسک بۆ سەگ و گوڵ و زۆڵ

بەرماوێکیش بۆ پۆست بەکۆڵ

تا بە کورد بڵێ دەنگ مەکەن

دەگەڵ بەشی خوا جەنگ مەکەن

قەزاو قەدەر وای داناوە

لە ناوچاوانتان نووسراوە

***

مام کاوەی باوکی هەژدە کوڕ

ئاسنگەری بە هێز و گوڕ

حەڤدە کوڕیان سەر بڕیبوو

گەڕ لەسەر دوامین کوڕی بوو

ئاگری جەرگ زۆر بە تینە

تۆڵە دەرمانی برینە

بۆ تۆڵە دەستی لە ژیان شوت

دەستی دا کوتکی ئاسن کوت

بەرهەڵبێنەی کردە ئالآ

زۆر حەشاماتی لێ هالآ

گوڕاندی وەک هەوری بەهار

ئەی کوردی ژێردەست و هەژار

تاکەی پێخوستی بێگانەی!

تـا کـــــــەی لـەچاوی خـــــــۆت تـانـەی!
تاکـــــەی بیــــــرێک نـاکــــەیتـــــەوە!
تـا کـــــــــەی ئـاوڕ نـادەیـتــــــــەوە
تـاکــــــەی ئـەژی بـە ســــــەرشــــــۆڕی
بـۆ زەق بـــەرەو گـــــــــــــۆڕ ئـــەنـــۆڕی!
بـۆچ ســــــەرکــــــزی چـارە نـووســــــیت
چی لـێ هات کــــوردە نامـــــووســـــیت!
بـا بـەس بـێ، ســـــەرشـــــۆڕی بەس بـێ
ژیـن بـە حــــــیــــــزی بـۆ تـەرەس بـێ
ڕاپـــەڕە، بـــاســک هـــەڵــمـــــــــاڵــە
خــــــــــۆت بـاوێــژەدەر لــەم چـاڵــە
بـەجـێ بـێــــــــڵــــــــە پـایـەی نـزمـت
ســــەر بەرزکـــــە خـــــۆت و خـــــزمت
تــا ســـــــــــــەر، ڕێــی ئـــازادی بــگـــرە
یــان زۆر بــە ســـــــــــــەربــەرزی بمـــرە
مـــــەرگی گـــــەڕناس هـەر یەکـــجـــــارە
مـــــــــــەرگـی تـرســــــــەنـۆک هـەزارە
وەرن پـیـــــــاو بـین لـە ڕووی مـــــــردن
ببــــــــزوویـن بۆ دوژمـن قـــــــڕ کـــــــردن
***
بە نـەعـــــرەتـەی مـــــام کـــــاوەی مــــەرد
لـەرزە کـــــــــــــەوتـە بـەردار و بـــەرد
لاوی کـــــــورد لـە خــــــــەو ڕاپـەڕیـن

وەک شێری ڕق هەستاو خوڕین
کاوە بڕۆ بە شوێنتەوەین
ئەوەی تۆی بە نیازی ئەوەین
هیچمان سەرمان نابەینەوە
تا تۆڵەی کورد ئەکەینەوە
با بشەکێ ئاڵای چەرمت
با تیندار بێ دڵی گەرمت
شان بەشان کوڕ و باب و کاک
گوڕیان بەست بۆ کۆشکی زەهاک
بۆ کوێ دەچی، کورد خۆرەکە!
کوردە زۆڵە چوار مۆرەکە!
ڕۆژ ڕۆژی نێرە پیاوانە
مردن بۆ خاوەن تاوانە
***
بوو بە شەڕ، شەڕی بەرانان
گەرمە کۆڕی پاڵەوانان
بروسکەی شێر، بارانی تیر
گرمە و گوڕینی لاو و پیر
ئەتاوێنن زۆری زۆردار
وەک بەفری بەر هەوری ئازار
ئێسک و ڕەگ و گۆشت لێک درا
کۆشکی زوڵمی پێ تێک درا
دیوار ڕمان، دەرگا شکان

خوێن و ئاسن پێک دا لکان
لاش کەوتن لەدوژمن و دۆست
لەسەر ڕێگە ئەبوونە کۆست
کاوە ئەیگوت: گوڕ ببەستن
ناشێ لە خەبات بوەستن
لینگ بەسەر لاشدا هەڵێنن
سەر بە دوژمن بنەوێنن
هێند لە گۆشتی خوێنتاڵ دران
خەنجەریان مشت وماڵ کران
شەستە ڕەهێڵەی سەر و خوێن
زۆرداری دەرپەڕاند لە نوێن
وەک بەرازی دەورەدراو
بێ هەل و دەرەتان نەماو
ڕەنگ بزرکاو و دەم بە جوێن
ئەیزیڕاند چڵکاوخۆر لە کوێن!
جاشی کۆن و نوێ بمگەنێ
بۆ جێتان هێشتووم بە تەنێ!
کوا نزاگۆی درۆفرۆش
کوان گیرفان بڕی ڕۆژی خۆش!
زۆریم لەگەڵ کرد بۆ ئێوە
نەمزانی ئەم دەردەی پێوە
بۆچ نایەن بەهاوارمەوە!
لەکوێدا خۆم بشارمەوە!

***

بەدەوری خۆیدا ئەخولاوە
تووشی بوو بە تووشی کاوە!
وتی دەرمانت لای منە
تۆ ژیانت لە خۆت دوژمنە
ئەو کەسەی خۆی بە تۆ فرۆت
تۆشی فرۆت، تەنیا بۆ خۆت
تاوان بۆ گەل دەژمێریەوە
چت لێ ساند پێی دەسپێریەوە
گریان و شین دادت نادا
هەی ڕووڕەش لە قاپی خوادا

***

کوتک هاڕەی دەهات ئۆخەی
سەری دوژمن سندانە دەی
بە کوتکێک ورد و خاشی کرد
بانگاوازی کرد دوژمن مرد
کورد ڕزگاربوو لە بێگانە
کوردستان ماڵی خۆمانە
هەرچی کیژی کورد و کوڕە
هەرچی دڵ لە دوژمن پڕە
با بیکا بە بەزم و خۆشی
ئازادی خەمی داپۆشی
کورد کە ڕزگارە و دوژمن مرد
ڕۆژێکی نوێ دەستی پێ کرد

با ناوی جەژنی نەورۆز بێ
جەژنە لە خۆمان پیرۆز بێ
لاشەی دوژمن وەکۆکرا
ئاگرێکی تێ بەردرا
لە بەر گڕی لاکی دوژمن
بوو بە هەڵپەڕکێی پیاو و ژن
لەو ڕۆژەوە کوردەواری
بۆ بیری ڕۆژی ڕزگاری
هەر ئەبێ هەڵکا ئاگرێ
گڕی تۆڵە دانامرێ
تا ئێرە چیرۆکی کۆنە
با بزانین ئێستامان چۆنە!

***

کاوە: بارزانی

دەردی پێشوو تووش بووینەوە
وەک پێشووش تێ هەڵچووینەوە
زەهاک نەوەی ئەو زەهاکە
داگیرکەری ئاوو خاکە
زۆڵە کورد خۆی پێ دەفرۆشن
بە خوێنی گەلیان سەرخۆشن
هەر کوردن لێمان بوون بە مار
لە گوند و شار وەک شێت و هار
دەگەڕێن بۆ کوردی هەژار

بیکەن بە خۆراکی زۆردار
گەلێک ساوا و پیر و لاومان
خوران، دەرخران لەناومان
لە زۆر حەڤدان تێپەڕیوە
کورد کەم ئازاری وای دیوە!
بەڵام خۆ لەگەڵ ئەوەشدا
لەم شەوەزەنگە ڕەشەشدا
زۆر سوپاس کاوەشمان هەیە
تیشکی ڕۆژی گەشمان هەیە
سەد وەک کاوە لەمێژوودا
لە زوودا و لە ڕابردوودا
لە ڕاست بارزانی بێ ناوە
کەس وا ئازا نەڕسکاوە
لاوی کوردیش بە هەزاران
سڵ ناکەن لەسەرماو باران
پێشمەرگەن و دەس بە خەنجەر
گوێ بەفەرمان لەناو سەنگەر
بۆ تۆڵە ساندن ئامادەن
لە شەڕ سەرخۆشی بێ بادەن
خوێن ئەبەخشن بۆ ڕزگاری
بۆ سەربەستیی کوردەواری
دەیسا کاوەی کورد چی ماوە؟
ئازادمان بکە لەو داوە
دڵخۆش کە ئەو دڵمەندانە

کوا کوتکت! دوژمن سندانە
باجاشگر ئاوێتەی گلّ بن
با جاشک لە ترسان سلّ بن
کوردستانەکەت ڕزگار کە
دەردی دلّی گەلت چار کە
با خۆ لە خەم جوێ کەینەوە
نەورۆزی کۆن نوێ کەینەوە

***

شیناوێ ١٩٦٩/٣/٢٣- جەلال تالّەبانی و جاشەکانی گوتبوویان ئێمەش کوردین! لە باوەشی داگیرکەرانی کوردستاندا جەژنی نەورۆز ئەکەین! بەو هۆیەوە نووسراو لە ئێزگەی شۆڕشەوە بەدەنگی هەژار و دلّشاد مەسرەف خوێنرایەوە:

دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر

پ: مام باپیر ڕۆژباش
ب: ئەی سەر چاوانم
پ: خاسی؟ بێ خەمی؟
ب: دەردت لە گیانم
پ: وا هاتوومە لات، هەمە پرسیارێ
ب: فەرموو مام پیرۆت، سەدجار نە جارێ
پ: خەلّک لەو خوارە هاتوون ئێژن
جاشگەلیش نەورۆز ئەیکەین بە جێژن
ئەمە یانی چی؟ سەرم سوڕماوە
ب: پیرۆت گیان، تا کەی خەیالّت خاوە!
جەژن گرتنی ئێمە جیایە
جاش سەماکەری لەوەڕ و گیایە

تێ ئەگەی چم وت؟
پ: نە بەخوا، کاکە
بۆمی بلێیوە و بۆم یەکالا کە
ب: مام پیرۆت زۆر زوو سالێک لەسالان
هێندێک پەت وەسەر هاتن بۆ تالان
زەهاک ناوێکیان سەردەستەی خێل بوو
دلڕەش و پیس و خوار و بە فێل بوو
ئەیان وت شیمال وەکوردەواری
جاش کوردیان ئەگرت بۆ بار و سواری
کوردیان دەرئەکرد لە مال و مەزرا
ڕەشی چۆلپەرست لێ دائەمەزرا
ئەیانگوت نابێ کوردێک بمێنێ
کوردستانیان کرد بە گۆمی خوێنێ
ژن داگیر کردن منال سووتاندن
تەبەک ڕفاندن، ئاژەل فەوتاندن
هەرچیان لەدەست هات درێغیان نەکرد
بە هەزاران کورد لە زیندانا مرد
پ: باپیر کەس نەبوو دەمیان بشکێنێ!
بۆ کوردی هەژار تۆلە بستێنێ!
ب: بەخوا بێ سەبری، زۆر هەلەی پیرۆت
بۆ ڕاناوێستی، تەواوی کەم بۆت
پ: وا ڕاوێستاوم، دە باپیر فەرموو
ب: خوا بۆ کوردی نارد یەکی ڕیش چەرموو

ناوی کاوە بوو ، وەستا خالّە بوو
پالّە بوو ، تەمەن حەفتا سالّە بوو
کوتکێ گرانی نایە سەر شانی
بوو بە شۆڕشگێڕ لە کوردستانی
کوڕگەل دایە دوو ، دەس لە بان خەنجەر
دوژمنیان شکاند لەم سەر تا ئەو سەر
کوردستان ببووە گۆڕ بۆ دوژمنی
کاوە بە کوتکێ زەهاکی جنی
پ: ئای دەسخۆش کاوە قوربانی کوڕم
خوێشم لە کوێ بووم، ورگی بدڕم!
ب: پیرۆت گوێ بگرە
پ: دلّم لە لاتە
ب: کاتێ دامریا ، ئەم کارەساتە
سەرەتای مانگی خاکەلێوە بوو
موژدەی ئازادیی کوردی پێوە بوو
ئیتر لەوساوە لە کوردەواری
جەژنە بۆ یادی ڕۆژی ڕزگاری
پ: هەر بژی باپیر، زۆرزانی بەخوا
دەیسا پێم بێژە جاشک چ دەخوا ؟
نەورۆز وا جێژنی شۆڕشگێڕییە
چ دەخلّی وەسەر جاشکی خوێڕییە ؟
ب: ها ، وتمان فەسلّ فەسلّی بەهار بوو
نزیک نیسان و دواییی ئازار بوو

فەسڵی بەهاریش لە هەموو جێیە
موژدەی لەوەڕی بۆ جاشگەل پێیە
پرزەی ئاخوڕ و کای زەرد نامێنێ
زەوی لە گش لا قەرسیل دەڕوێنێ
مەسەلێک هەیە دەڵێن: تۆ بێژە
پ: بەهار بەهەشتی نێرە گوێرێژە
ب: بەڵێ بۆ جاشگەل جەژنی لەوەڕە
کلک با ئەدەن لەناو سێوەڕە
تێر ئەزەڕێنن وەزمان داگیرکەر
بۆ دوژمنی کورد ئەبنە بارەبەر
پ: ئەرێ مام باپیر، جاش بۆ وا کەرە؟
ب: ئەم پرسە بۆ جاش شێست و شەش بەرە
یان لە مامۆستا عەونی پرسیارکە
بێژە بۆ جوابم تۆزێک گوێ لارکە
تا بڵێ جەنابت «مقیاس نەماوە»
جاشەتی کردن لە ڕێی دراوە
وەتەن و نامووس لای جاش پارەیە
چیتر نازانێ ئەو بێچارەیە
پ: بەخوا، ڕاست ئێژی، جاش بەسەزمانن
دەستەی خۆفرۆش ڕوو لە نەمانن
خوا ڕوویان ڕەش کا وەک ڕوویان ڕەشە
کورد ئەوانەی هەن بۆبە بێ بەشە
ب: پیرۆت خەم مەخۆ، هیچ باکت نەبێ

له هەموو چەمێک چەقەڵ هەر ئەبێ
پێشمەرگە خۆش بێ، شۆڕش بە هێزە
کاری لێ ناکا، زەڕینی دێزە
پ: خۆیشم مام باپیر خەنجەرێ ئەکڕم
تووشی جاشک بم کلک و گوێی ئەبڕم

***

شیناوی، باڵەکایەتی٢/٤/١٩٦٩:

بەزمی بەهار

مـــــزگـــــێنی دا بە ســـــروە بـای بەهاری
وا هـاتـەوە نـەورۆزی کـــــــــــوردەواری
بە تیـــشکە تێک شکا ســـوپای کـــڕێوە
هەواری ڕۆژ گـــەیشـــتـــە خـــاکـــەلێـــوە
فـــەرمـــان درا بە ســـەوزە ســـەر هەڵێنێ
چیـــدی لە بەندی خـــاکی ڕەش نەمـــێنێ
با دەرکـــەون، کـــوڵ و کـــەســـەر بنێـــژن
با ڕۆژی ڕزگـــاری بکەن بە جـــێـــژن
شـــەمـــاڵ، گـــەواڵ گـــەواڵ هەور بنێـــرێ
ئاهەنگ و بەزمی جـەژنی پێ بســـپـــێـــرێ

***

حـــیلکانەوە لەو مـــوژدە ئاودڕ و خـــڕ
ڕەش بوونەوە، ڕیشی ســـپی چیـــای چڕ
چڵـــوو گـــەشـــایەوە و بزەی لەســـەر لێـــو

پۆتراکی خـــۆی ڕازاندەوە بە گـــۆی زێو
هەور لە دەشت و شـیـو و پۆپە شـاخـان
کـــردی بە تۆپ تەقـــاندن و چراخـــان
مـــــــراری بێ ژمـــــــاری دادەبـاراند
لــە دار و دەر ڕووتـــی و نــەداری تــارانــد
شــەمــاڵە، گــاڵەگــاڵـیــەتی و لە کــارە
هەڵـگرنـەو: شــــاباشی شــــای بـەهارە
شــینکە بە گـــەل، لە گڵ ســەری دەرێنا
هەر یەکـــە چەند قل و پەلێ بە شـــوێنا
خـــــــڕی بـەرۆک پـڕن لـە دەنـکـە بـاران
تـازە و تـەڕن بـۆ کـــــــۆڕ و بـەزمـی یـاران
نەورۆزە مـــــشـــــتی پڕ گـــەڵای تـەڵایە
هەر کـــارگـــە بێ بەڵا بێ، بێ گـــەڵایە
ئـەگـــــەر چی ســـــاوایە بەهار و باشـــە
لە چاوی بەد بەدوور بێ گـــیـــا هەراشـــە
بە یەک یەکـــە و بـەکـــۆ لەدەشت و دەردا
وەک کـیـژە کـورد هەمـووی گـوڵـی لەسـەردا
شــــالوور و بولبـــول ســـەرەڕۆی ئەوینن
هەر چاوەچاویـانـە گـــــوڵان ببــــــینن
هەر مـــەلە بۆ گـــوڵـی دڵـی ئەخـــوێنێ
هەر گـــوڵە بۆ دڵداری خـــۆی ئەنوێنێ
نـەرگـــــسی مـــــەست لـە زەردەزیڕە زیـزە
بە جـــوانی خـۆی دەنازێ، زۆر بە فـــیـــزە

وەنەوشــــە مل کـــەچە لە حـــاند پەپوولە
ڕێی داوە بێ وتەی مـــــەلا و پســـــوولە
وا کـــــیــــژ و لاویـش دەچنـە دەر لەدێوە
لە ڕێوە تێک دەگــــەن ژوانگە کـــێــــوە
گــــۆرمــــزە، مــــام ڕێـواس و هەندرێشـن
بۆ دڵتــــەڕان بەهانەن و لە جــــێــــشـن
گۆوەند لە کـەوشـە، دوور لە وشکە سـۆفین
دەرفـــەتە مــــەم گــوشین و هەڵگلـــۆفین
شـــادن بە یەک مــــەل و گـــوڵ و دڵ و دڵ
بەیەک ئەگـــەن لە بن دەوەن، لەســــەرچڵ
***
هەر مـن لە دووری تـۆ: هەژار و دامــــــاو
دەڕوانمە ڕێـگەکـــــــەت بـەچاوی پـڕئـاو
بــەشــم هــەتـا لــەشــم لــە تــۆوە دوورە
هەنیـــسک و هەڵمــژینی ئەشکی ســـوورە
خـشـــڵی گــوڵان، بەژن نەمــامی چاوکــاڵ
وەرە دەرم خـــــــــە لـەو ژیـانـی وا تـاڵ
مـن بـولـبــــــــولـم لـە نـاڵـەدا بـەزانـدن
گـــــــەرم و گـــــــوڕی دڵم دڵـی تـەزانـدن
بمگەیە، خـــۆبنوێنە، دڵ بســــتــــێنە
بازاڕی گـــــەرمی نازی گـــوڵ بشکێنە
***

شیناوێ، باڵەکایەتی ١٩٦٩/٦/٧:

دوژمنی نەزان

لە بیرمە لەم کوردستانە
لەم کوێستان و دارستانە
خێوی دیوەخانان مابوون
دوور لە ئێستا کەیخودا بوون
بۆ دڵخۆش بوونی میوانان
دەگەڕان بۆ چیرۆک زانان
سەر گوروشتەی نیوە شەوان
بەهانە بوون بۆ بێ خەوان
ئێستا کە دیوان نەماون
سووری و ڕەشی دەوری داون
زۆربەی کورد بێهۆش کەوتووە
لەناو گوێی گادا خەوتووە
تاو سوتاندی و ناتلێتەوە
مەگین بەخەو بوخلێتەوە!
جا، چونکە دنیا گۆڕاوە
سەرمایەی تەمەڵ دۆڕاوە
خەوتوو دەبێ بێدار کرێ
خۆی بناسێ و وەکار خرێ
بۆ کوردی لە خەو خەوی گێژ
بۆ خۆم دەبم بە چیرۆک بێژ

سەرگوزەشتەی من و عەرەو
بۆ ڕاپەڕینە نەک بۆ خەو!
با گوێم لێ بگرن، گوێ دێران
بتەکنەوە لە خۆ بوێران

***

چیرۆک

یەکێ هەبوو، یەکێ نەبوو
زەوی دەگەڕا بێ پشوو
ڕۆژگارێکیان لە ڕۆژگاران
بەساڵ گەیوەتە هەزاران
زەردەشتی بووم، ئاگرپەرست
گوێم لە ئاوێستا هەڵ دەخست
وتاری مویدم ئەبیست
ئاهۆرەموزدام خۆش دەویست
ئەهریمەنم لا دزێو بوو
پێم بەدفەڕ و سەربزێو بوو
لەشەڕو شۆڕ خۆم دەپاراست
دەژیام بەگاڵ و کەشک و ماست
چرای شەو ڕون گەرچەکی خۆم
پێلاوی پێم کلاشی دۆم
چانگ و بووزووم دەبەر دەکرد
بێ وەی ژینم بەسەر دەبرد
بێ ئاگا شەوێک نیوە شەو

بوو بەزیڕژن و بە هەوهەو
وشترسوار بە ناوگوند وەربوون
کراس شۆڕ و بەن بە سەربوون
بە زمانێکی دژوار و ڕەق
دەیان درکاند قسەی نەستەق
ئەڵلا بەرزە و یەزدان نەوی
تەمی زەند و پازەند ڕەوی
قەڵماسک و ڕم وتیر و شیر
وەک یەک ئەیپێکا لاو و پیر
کێ دەستی دانەنواند کوشتیان
خوێنی کێ گەرم بوو ڕشتیان
تیخیان لەخوێنمان شەلاڵ بوو
خوێنی مەجووسان حەلاڵ بوو
هاتنە سەر ژن و منداڵان
ئەویش بەشێک بوون لە تاڵان
چ کرا، کردیان و بردیانن
کەنیز و کۆیلەی خۆیانن
لاوی کورد، پاڵەوانی کار
فرۆشیار دەیدا بەکڕیار
لاوی کورد پاک و ڕووئاڵ
سەودای پێ دەکرا بە کووتاڵ
پێتی ئاگر کەوتە ژێر ئاو
ئاورگەکەم بوو بە میعراو
کرام بە ئیسلامی دین پاک

عارەو لێم بوون بەباب و کاک
مویید لە موغیەتی کەوت
کرا بە مەلای مزگەوت
ڕۆژووم گرت و فێرە نوێژ بووم
خرامە ئاو، بێ کرێژ بووم
لاشەی باوکم سەنگباران کرد
تفم لە کاری جاران کرد
ئەوی خۆم کوشتم لە وانە
جێگەی نیازانە و چل دانە
وتم ئۆخەی حەسامەوە
خەم لاناکا بەلامەوە

* * *

لەو ساوە کۆیلەم بۆ کاکم
زۆر گوێ لە مست و چالاکم
هەرچی پێی ئەسپاردم کردم
بۆ ئەو ژیام، بۆ ئەو مردم
پیتاکی خۆم بۆ وەکۆکرد
بۆ شەڕان لەشکرم بۆ کرد
میسر و شامم بۆ ڕزگار کرد
خاچ پەرستم تار و مار کرد
بە زمانە شیرینەکەی ئەو
زەمزەمەم هات بە ڕۆژ و شەو
بە عارەبیم نووسی و خوێندم
هەر بەسەری ئەو بوو سوێندم

زۆر ئـامـــــــێـــــــدی و شـــــــارەزووری
بــە نــۆکـــــــــــەری هــات و بــووری
فـــــێـــــربـووم پشـــــتی خــــــۆم دانەوێ
عـــــارەب پێی لـێ نـێ و ســــەر کـــــەوێ

***

گـــــــــــەلانــی دیــش وەک مــن هــاتــن
ســــــــــەرێـک مـــــــانـەوە و هـەڵاتـن
بـوونـە خـــــــاوەن مـــــــاڵ و ئـاڵا
هەر خـــــــۆم مـــــامـــــــەوە لـە چاڵا
هـیچ کـــــــەس وەک خـــــــۆمـی دەر نەبـرد
کــــــەس وەک منـی بـەســـــــەر نـەبـرد
نـۆکـــــــەریم کـــــرد بـێ مــــــووچە و نـان
کـــــــــرام بـە دارهـــەنـەی تـەونـان
کـــــەرکــــیت بووم کــــریان پێ کــــوتام
بـەشـی مـن هـەر هـێـنـدە بـوو ســــــــوام
گـــــوتم قـــــەیـنـاکـــــا ئـیـــــســــــلامین
هـەردوک لـکـی یـەک نـەمـــــــــــامـین
خـــــــوا وای نـووســـــــیـــــــوە لـە چارەم
مـن پیـــــــاوی ئـەو ئـاغـــــــا ســـــــوارەم
ڕازیم بــــە بـــــەشـــــی بـــــێ بــــەشــــی
دەســــــــــــــازێم بـە چـارە ڕەشـی
بـۆ ئـەو هەرچـێـکی مـــــــــەبەســــــــــە
زەرگ و ڕیـش و پـرچـم بـەســــــــــــــە

***

جا وەرنە سەیرم خزمینە
چۆن گەڕا ئەم چەرخە شینە!
لە پاش هەزار ساڵ هاتوو چوو
چوومەوە سەر دەقی پێشوو
من هیچ نەگۆڕام، هەر وا مام
شانازی دەکەم بە ئیسلام
کاکم پەشیمان بۆتەوە!
دیسان لێم تێ هەڵچۆتەوە
لە ئیسلامەتی لای داوە
ئاوڕ ناداتەوە دواوە
کۆمۆنیستیشە و نازیشە
ورچی سپیە و بەرازیشە
هەرچیم بۆ کرد، بە هیچ ڕۆیی
لێم دەڕوانێ بە نامۆیی
نە پیاوەتی هەیە و نە خوا
جوو ئەو دەخوا، ئەو من دەخوا
هەر دەم پەڵپێکم پێ دەگرێ
کاری وام پێ دەکا نەکرێ
عەفلەق لای ئەو پێغەمبەرە
پێم دەڵێ سوژدەی بۆ بەرە
گەر نانیشت لە سەر سێڵە
نیشتمانت بە جێ بێڵە
ناوت ئەگۆڕم لەمەو پاش
کورد نابی و لای خۆم دەبیە جاش

ئەگینا پێت دەڵێم تۆ جووی
هەردوژمنمی و هەردوژمن بووی
***
لەشکری لێ کردووم دیسان
لەشکری دەست و دڵ پیسان
وشتری ئەمڕۆی فڕۆکە
قۆچەقانی نارنجۆکە
تیرەکە بۆتە ناپاڵم
دەیهاوێتە سەر منداڵم
ڕمبی ئێستای لوولە تۆپە
دەم پێکێ لە ڕاستە و چۆپە
بە تێزاب گوندم قڕ دەکرێ
ساوای بێ تاوان گڕ دەگرێ
کوردی خۆ فرۆشیان هەیە
جاشی زۆر لەجۆشیان هەیە
بۆ شەڕ دەستیان لەپشت ئەدەن
هەر خۆم بە خۆم کوشت ئەدەن
بەڵام
بەڵام ئەگەر ئەو گۆڕاون
لە پیاوەتی هەڵچۆڕاون
گەڕی جیهانیشمان گۆڕا
مام نازی لە بازی دۆڕا
شێر بوون بەپەندی پساتێ
تازە تاژیەگەڕ ناگاتێ

دەوری گەل خواردن بەسەرچوو
چیان دەوێ لەدەستیان دەرچوو
نەما ئیتر دەستم ببڕن
دەستی خوێناویم پێ بڕن
چاکیان کرد گەمارۆیان دام
وەک هەبوون خۆیان نیشان دام
ئەگینا هەزار ساڵی دیش
فریو دەدرام بە پرچ و ڕیش

گەنجینە

ئافەریم یابا بۆ کارت
بۆ خۆت و جاشی گوێ لارت
مێژووت بۆ تازە کردمەوە
هاوماڵیت لە بیر بردمەوە
دوژمنی کەر گەنجینەیە
ڕووی ڕەشی تۆ بێ پێنەیە
کەوتە روو دیوی ئاوەژووت
کەڵپت دەرکەوتوون گورگە ڕووت
بۆ خۆت جادووی خۆت بەتاڵ کرد
بۆ خۆت خۆت وێرانەماڵ کرد
دەستت لەنوشتە و فوو بەردا
خڵتەت لە مێشکی من دەردا
زۆر بەجێ گورزی خۆت وەشاند
برایەتییەکەت هەڵوەشاند
لە پەیمان رزگارت کردم

لە زۆر دەردان چارت کردم
چیدی بە فێڵ نەت تاساندم
خۆت و خۆشمت پێ ناساندم
بەو گرمەی کە بۆمبات باراند
خەوی هەزار ساڵمت تاراند
بە زۆر چاوت پێ کردمەوە
تۆ دۆڕاندت، من بردمەوە

نۆرەمە

سا ، خۆت بگرە بۆ تۆڵەی کورد
بەژانە مستەکۆڵەی کورد
خەنجەرم چاوەڕێی تۆیە
بۆ خوێنی پیس تامەزرۆیە
وەرە بەو خەیاڵە کاڵەت
لە شوێن خەونی هەزار ساڵەت
تا تێ گەی ئەوی دیت هەو نیم
شاهێنی چیام و کەو نیم
بیردانی مێشکت ڕزیوە
خەونی بەراوەژووت دیوە
کوردم و ئازادی خوازم
بە کوردستانم دەنازم
لە سەر چەوێک و لوێچێک خۆڵ
دەدڕم ورگی زۆر کەری زۆڵ
بەهومێدی کوردستانم
بەیاری کورد پەرستانم

تالاوت بەدەمدا دەکەم
کارمت دەگەڵ یەک لا دەکەم
لە کوردستان نەما کارت
تف لە حوشتر و دیدارت
لە پشتت دەبەستم هێلکە
دەچیە لای کوللە و مارمێلکە
دەبێ وات بوکتم بە هێڕی
هەرکەونە خەونان وەگێڕی
هەربلێ ڕۆژێک دەسبڕ بووین
بەدیمەن جوان و بن شڕ بووین
پەل بی و لە دووی جاشکان هەڵێی
وەیلی و یالەیلیان بۆ بلێی

***

شیناوێ، باڵەکایەتی، ۱۹٦۹/٦/۹- برایم ئەحمەدی محامی کە فەیلەسووف و مامۆستای کوردە خۆفرۆشەکان بوو، لە بێگانەپەرستی و نیشتمان فرۆشیدا ڕووی هەموو نامووس فرۆشێکی سپی کردەوە، لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی «نەوەر» و «ڕزگاری لە نامووس»دا هێرشی دەکردە سەر هەموو کوردێکی کوردستان پەرست و وەک توولە بە کونی خۆی ئەوەڕی. لە ژێر ناوی «مامەپیرە»دا گەمارۆی «هەژار»ی دا و بە تیزەوە پێی گوت "شایەر و موهەرریجی بارزانی" و گوتی"هەژار کۆنە پەرستە و جوێن بەداگیرکەرانی کوردستان ئەدا و تورک و فارس و عەرەب بە برای هاوپشت و دڵسۆزی کورد نازانێ و کارێکی وا دەکا"کوردەکان ئەو برایانەیان ناخۆش بوێ! ئەمەش خزمەتە بە ئیستیعمار و کۆمپەرادۆر و زیانە بۆ گیرفانی زۆڵە کوردە نەجیبەکان". لە وەرامی نووسراوە بەنرخەکانی مامۆستادا ئەمە نووسراوە:

دەمەتەقەی باپیر و پیرۆت

ب: پیرۆت، ئا وەرە

پ: ئێ، چی ڕووی داوە؟

ب: لە کاری دنیا سەرم سوڕماوە!

پ: خێره؟ چی بووه؟
ب: کۆستت نەکەوێ
مامۆستا جاش بێت، ئیتر چت دەوێ؟
پ: کامە مامۆستا؟
ب: کابرا پیرەکە
ئەوەی تۆ ئەت وت پیاوێ زیرەکە
پ: زانیم کێ ئێژی «بلەی ئەحەرەش»
پیرە پێشەنگی جاشی شێست و شەش
ب: بەڵێ بۆزی پیر ڕێی لێ گۆڕاوە
لەسۆنگەی دراو ئابڕووی دۆڕاوە
لە ژێر عەماشا جاشی گوێ لەقە
باوکی عوڕووبە و فەرخی عەفلەقە
پ: کە وابێ باپیر، ئەو پیرە مامە
جوێن بە کورد ئەدا لە ناو ڕۆژنامە
مامۆستا قادری چەم ڕێزانەکەس
کۆنە کوردەکەی قانوون زانەکەس
ب: عامفەرم پیرۆت، زانیت خۆیەسی
ڕێوی بۆ سیرمە مڵ و مۆبەسی
ئەو ساختەچییەکەی ئەمانگوت کوردە
پشتی لە ڕێباز عارەبا بردە
ئێژێ عارەبی کۆڵوانە سوورم
دۆستی عارەو بوو خوشکەکەی پوورم
ئێژێ: کوردستان ناشێ بۆ کورد بێ
با لەژێر چەکمەی بێگانە ورد بێ

ئێژێ: کێ کورد بێ ڕەگەز پەرستە
کوردستان پەرست نازی و فاشستە
ئێژێ: داگیرکەر برای خۆمانن
کورد بۆ مردن و ئەوان بۆ مانن
پ: پیری ئاخرشەڕ دەک خوا ڕووی ڕەش کا
چۆن توانی، وا خۆی بەسەد جێ بەشکا
هەر ڕۆژ بە گەزێ، هەر شەو بە سەنگێ
هەر سات لە بارێ، هەر کات لە ڕەنگێ
ڕۆژێک لە «ژێ، کاف» دەبوو بە ئەندام
جارێک لە شۆڕش ئەیوت خۆم کوێخام
هەڵی کرد ئالآی دژی کۆمۆنیست
شووتی و تەماتەش سوور با نەی دەویست
لە هەمەداندا قایش فرۆش بوو
دەمێک لە تاران لە حەیش و نۆش بوو
هاتەوە بەغدا بە داوێن پاکی
هاومالّی بەعسە بە ئیشتراکی
پالّو هەلّمالآو، منەی جۆ دەکا
عارەو سواریەتی و قەوچەی بۆ ئەکا
ب: بەڵێ پیرۆت گیان مامۆستا بلە
جێ پاڵوی شلە و زۆر جاشێ زلە
سووری دووگرە و هێلکەی بەرازە
لە ژێر تارای سوور، عوڕووبە بازە
پ: کەواتە بێژە وەک مەیموون وایە
وە زوڕنای لۆتی دێتە سەمایە

ب: بەڵێ مامۆستا جاشکی مەیدانە
ڕووگە و هومێدی ئاخوڕ و خانە
ئیتر ئالیکدەر بەکرە، موشیرە
بێژن ماست ڕەشە، ئێژێ وەک قیرە
شەڕی کورد بکەن، ئێژێ کوردکوژم
وشتری شاندەن ئەڵێ شیر مژم
نامەرد لە شەرم و نامووس بێ بەشە
سووری کەن سوورە و ڕەشی کەن ڕەشە
پ: ئەی سندانی بێ، نرخی شەرەفی
خاین هەتا سەر دەنگ نادا دەفی
بازی وەڕیشی بابای خۆی ئەکا
سەلا لەو کەسەش خاین بۆی ئەکا
ب: جا ئێستا تۆ بلێ کاک بلە چییە!
پ: پیرەکەرێکە و لە ژێر بەعسییە

***

ناوپردان، ٥/ ١٠/١٩٦٩- لەشەڕەکانی ساڵی ١٩٦٩دا جاشکەکانی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی گوندی کوردانیان بۆ فڕۆکەی دوژمن دەست نیشان دەکرد کە بۆمبارانی کەن، حکومەت بەجفرە بەفڕۆکەوانەکانی خۆی دەگوت: برای بەهیمەت (الاخ الشهم) عومەر دەبابە و پاڵەوان (البطل) عەلی عەسکەری هەر گوندێکی کوردستانیان بۆ دیاری کردن بۆمبارانی بکەن و لەناوی بەرن:

دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر

پ: باپیر لە کوێ بووی؟
ب: بەخوا، لەو دەشتە
پ: خۆشە ئەو دەشتە، وێنەی بەهەشتە
ب: بەلام ئێستاکە وەک جەهەننەمە

کوشت و کوشتارە و هێمناییی کەمە
ژن و منالّمان لە خوێن شەلاّلە
لەتەنگانەدان ڕەنجبەر و پالّە
دوژمنی ناکەس بەر بۆمبای داون
گوند و مەزرامان گەلێک سووتاون
پ: گەرەکتە بێژی بەعسی ناکەسن!
ب: بەعسی چی! پیرۆت جاشک تەرەسن
بەعسی دوژمنە و کوردستانخۆرە
گەر کورد بۆی بکا داخ و ناسۆرە
پ: ئاخر، مام باپیر، جاش کوڕی کەرە
لە حالّی دنیا زۆر بێ خەبەرە
نەخوێندەوارە بە خۆی نازانێ
کوێری بێ گۆچان پێ لە کوێ دانێ؟
ب: پیرۆت تۆ لە کوێی؟ کوردی خوێندەوار
خوێناو هەلّێنن! لێمان بوون بە مار
بلە ناناسی؟ ئەو مەحامییەکە
مل باریکەکە، مامرە شامیەکە؟
پ: چۆنی ناناسم! مامۆستای خۆم بوو
بەلای خۆی بۆ کورد بۆمبای ئاتۆم بوو
ب: بەلّێ مامۆستا دەس بەخەنەکە
لە پێشا بۆ کورد زۆڕناژەنەکە
ئێستە بۆ پارەو بۆ کوێخایەتی
وازی هێناوە لە کوردایەتی

ئێژێ ئاتۆمم دژی گەلی خۆم
لەگەڵ دوژمنا کوردستان ئەخۆم
جاش مامۆستایە و مامۆستای جاشە
کەری بەرباری بەکر و عەمماشە
عابای نامەردی لەسەر شانیەتی
دوژمن بە کورد و کوردستانیەتی
جاشکی ئەو لە پێش ڕیزی دوژمندا
بە سەولەی عارەب دێ بە گژ مندا
منالّی ساواو ژن ئەسووتێنێ
لەجێی کشتوکاڵ مردن دەچێنێ
فڕۆکە گوندم بەر بۆمبا ئەدا
جاشکی مامۆستا دەرسی دا ئەدا
ڕۆژنامەکەی ئەو دوژمن تاو ئەکا
خۆیشی تاژییە و بۆ سەگ ڕاو ئەکا
داویەتە هاری ئەگرێ بەلەکمان
پ: یاخوا کوێری کات نان و نمەکمان
بە نانی کوردان گەورە کراوە
بە پارەی ئێمە پێی خوێندراوە
لەسەر شانی کورد کرا بە حاکم
بۆ دەس بڕینم خۆی کردە کاکم
بە کورد کوردێنە چاوی منی بەست
تا لە سایەی من پلەی کەوتە دەست
لێم هەڵگەڕاوە و ڕووی کردە شاران

ڕۆژێک لە بەغدا جارێک لە تاران
خۆی خۆی فرۆشت و لە منیش ناگەڕێ
لێم بۆتە تولە و بە کون دەوەڕێ
گەرەکیە ئێمەش جاش بین وەکو ئەو
بەزۆر ڕامکێشێ بۆ تاریکەشەو
سا ئەبێ چ بکەین لەدەس ئەم تولە!
ب: پیرۆت گیان، خاین تەمەنی کولە
خۆ فرۆش هەر بوون لە ناو گەلاندا
قەلی ڕەشیش هەن لەناو مەلاندا
بەڵام دەستی گەل، خاین خنکێنە
گڕەی ئازادی، دوژمن سووتێنە
کورد و کوردستان هەر ئازاد ئەبێ
دوژمنت کوێر و دۆستت شاد ئەبێ
ڕۆژی داگیرکەر لە ئاوا بوونە
بەرەو ئازادی ئاسۆمان ڕوونە
خاین مەرگی خۆی لەبەر چاویەتی
وا پەلەقاژەی گیانەڵاویەتی
پ: واتە، جاشە ڕەش بەلاش ئەزەڕێ
ب: بێژە، تولەیە و بە مانگ ئەوەڕێ

***

هەر کەس ئاگای لە ڕابردووی پاش پاشایەتیی عێراقە دەزانێ حیزبی کۆمۆنیست تا سەرێک دەگەڵ قاسمدا وەکو گوێی هەرامە جووت بوون. لە کوشتاری بێ پرسیاری سەتان عەرەب و تورک و کورد لە موسڵ و کەرکووک و کوێ و کوێ. وەک بزووت بوون، هەر کەسێ دەیگوت عەرەبیم، هەرچی بیگوتایە کوردم، بە گوناهی ناسیۆنالیستی لێ بڕابوون سەربەنیستی کەن. خێزەرەی بەرەی جڕوجۆنگ کەڵکەڵەی کوێخایی کردن بای کردن و بایی کردن. دروشمی "مەتلەب عەزیمی" کەریمی لێ دڕدۆنگ کردن، کەوتە گرتن و لێدانیان. کاتێ بەعسی کۆدەتای کرد، فەرمانی سوورقڕان دەرچوو. هەر ئەوانە سەریان دەرکرد کە ماڵیان لە کوردستان بوو، یان توانیبوویان هەڵێن و پەنا بە بارزانی بێنن. پەنادران، وەک خۆمان و تۆزێکیش زیاد بەخێو کران و بە ئارخەیانی دامەزران و گوتمان بران. بەڵام دوای ئەوەندە ساڵە کە پەیمانە نەوتینەکەی نێوان سەددام و شورەوی ئیمزاکرا، بەعسی گوتی با بێنەوە چیان لێ ناکەم. هەر هێندەی فوو لە قەننە کەی گشتی پێشمەرگەی جێ هێشت و چوونە بەغدا و لە جاڕیان دا کە ئەو کوردەی لە کێوانە و لەگەڵ دەوڵەتا شەڕیانە کۆنە پەرست و سەهیۆنین. نیشانەشمان بەو نیشانە کە خۆمان بە چەکی سانتۆ فیشەکی ئەمریکاییمان بە دەوڵەتی سوسیاڵ بەعسیانەوە ناوە. دوانیان ناونران وەزیر و لە مووچە پێدان بەولاوە کەس چی بەکڵاو نەدەپێوان. بە پفی بەعسی فوودران و مل بە چەکی سووک و گران. دژی ئێمەی کە پێشو تێشوومان داون و لە سای ئێمە پارێزراون، دەگەڵ جاشی مامجەلال و فیئوداڵان و کجوکی خاڵندی وەلیدی عارەب هاتنە شەڕمان بۆ تاڵان و بێ نامووسی و بێ شەرمانەش دەیان نووسی ئێمە چونکە مارەبڕاوی مەسکەوین پێمان مەڵێن جاش، پێشڕەوین. لەو بارەوە ئەم دەمەتەقەم داناوە و لە ژمارەیەکی خەباتدا چاپکراوە:

***

دەمەتەقەی پیرۆت و بایز

هەمیشە پێشڕەو

پ: ئا وەرە بایز ئەمە تۆ چیت کرد!
لە شوعەتیەکەت بۆچ وازت هاورد!
ب: بێژم چە پیرۆت، سەرم لێ شێوا
وە هەزار ڕبە و گەزیان ئەپێوا
ئەو ساڵە وتیان ئێمە ئومەمین
گشکیان یەک تیرەن خەڵک سەر زەمین*

* ئومەمی: بين المللی.

دژ چەوسێنەر و دۆستی چەوساوین
ئاوی بێ نان و نانی بێ ئاوین
وتم ئومەمی وە کوردی چییە ؟
وتیان بێ دەنگ بە ، کورد ئۆمەت نییە
پ: دوور لە ڕووت، خۆتیان کردە گوێرەکە ؟
ب: پیرۆت لە قسەما دڵۆپە مەکە
هەتا پەنج شەش ساڵ ئەمەیان جاوی
ڕۆژێ جاریان دا وەتەنگەتاوی
کوردیش ئۆمەتە و مافی ژینی هەس
یارمەتی ئەدەین زیاتر لە هەر کەس
ئەشێ کوردستان مەزن دروس کەین
ئەشێ داگیرکەر کوردستان وس کەین
پ: ئەمەیان لە چی و ئەویان لە چی بوو!
ب: من ئێژمی گشتی لە بار کەچی بوو
هەتا دەهۆڵیان دەنگی ئەداوە
وە کوردیان ئەوت بچۆ بەولاوە
هەر دەهۆڵ دڕیا کردیانمە کاکە
پ: وتیان چەرمە کورد بۆ دەهۆڵ چاکە
ب: بەسیەسی پیرۆت، چەن چەنە بازی
پ: بۆیە کورد ئێژن بۆز وە لاوازی
ب: دەسا بیوڕەوە
پ: بەڵێ، دەی فەرموو
نایەژم نەحلەت لە بوک و پەردوو

ب: ئیتر لەو ساوە بووم، وە وشکەڕن
ئەوان لە بان پەت، هەڵپەڕکێ لە من
وەبژی بژی، وە چەپڵەڕێزان
هۆشیشم بڕیا لە ماڵ و خێزان
وەگیان تۆ نەنان، نەئاوم بۆ ما
ببووم وە چەوێک لە تەهی گۆما
پ: پاشان؟
ب: پاشان چی؟ کۆدەتا کریا
کێ سوور بوو کوژیا، دادڕیا، بریا
کەوڵیان ئەفرۆشیا، وەک کەوڵی دەڵەک
لەگش ئاقارێ لاش کریان کەڵەک
پ: بایز وەک ئێژی ڕاوە وەراز بوو
جا لەم سوورکوژیە، کەسیان دەرواز بوو؟
ب: بەڵێ لە سۆنگەی منی خێرەومەند
زۆریان دەرچوون و خۆمیان کردە پەند
وەپلە پرووزێ کێ هاتە لامان
لە مردن خەلست لەسای پەنامان
وە نان و ئاوم زینگوو بوونەوە
تێریان خوارد، ئێستە تێ هەڵچوونەوە
چوگنە بان کورسی و پێم پێ ئەخەنن
هاتوون تۆڵ دیزە لە جام ئەسەنن
وەبڕنە و خۆمان خۆمان ئەپێکن
پ: ناوێرم بێژم عەجە و خەرێکن

ئاخر فامینێ، ئاوەزێ، بیرێ
ناترسن دیسان تێیان بگیرێ!
وە بلوێر فێڵباز کەفتگنە سەما
چی ئەکەن، ئەگەر دەنگ بلوێر نەما!
ب: پیرۆت چۆن ئێژی کار خەراو ئەکەن!
وەم شەڕە کوردە ڕەنگ تەواو ئەکەن
ئەمانە ناشێ بێکار دانیشن
سمێڵیان سووزیا، هەڵوەدای ڕیشن
جاشیەل ئەقطاعی سم خڕ و شینەن
جاش خالیدەکان بۆرەڵووکینەن*
جاش تەقەددومی ڕوو زەردن تۆزێ*
لەم لاو لەولاش هەن چەن جاشە بۆزێ
ئەمانە گەرچی سووری کاڵیشن
پاشماوەی جاڕی ئاش بەتاڵیشن
لە ناو جاشگەلدا جاشی سوور ئەون
وە گفتی خۆشیان دایم پێشڕەون
پ: ئێ مام بایزۆکە، ئاخری خێربێ
دوور نییە ئەم چەشتەش وەدەمیان سوێربێ

***

* جاشکە عەرەبەکان ناویان نرابوو خالیدی کوڕی وەلید.

* مامجەلال و جاشەکانی هاوکورتانی بەخۆیان دەگوت «تقدمی» واتا: پێشکەوتنخواز.

سالّی حەفتا بەعسی عێراق بانگاوازی خودموختاریی کوردەوارییی لە ڕووی ناچاری ڕاگەیاند و زۆربەی خوێندەواری کوردیان کێشا شار و مووچە و کاریان بۆ دیاری کرد. لە سالّی حەفتا و یەکا منی هەژار بەسەرۆکی دەستەی نووسەرانی کوردی عیراق هەڵبژێرام. لە پاش چەرمەسەرێکی زۆر، دەستووری بڵاوکردنی گۆوارێکمان لە ژێر ناوی «نووسەری کورد» لە دەوڵەتی بەعسی وەرگرت. من لام وابوو ئەو مافەی بە کوردیان داوە تا سەر نابێ و بەعسی ملهوڕ هەر بینا پاشگەز بوونەوە و بیانوێکمان بۆ ئەدۆزنەوە و ڕیسە باش بانەدراوەکەمان لێ دەکەنەوە بە لۆکە. بەو خەیاڵە ئەم پەخشان و شیعرەم لە یەکەمین ژمارەی گۆوارەکەدا نووسیوە:

لە دەمی نەهەنگا

مارس ١٩٧١- دەڵێن ئەگەر وردە گۆشت و بەرماو لە کەلێنە کەڵپی نەهەنگدا شەوێک بمێنێتەوە لێی دەبێتە ژەهر و دەیکوژێ، جا لە دوای خواردنی نێچیر دەم دەکاتەوە و مەلێکی بچووک دەچێتە ناو زاریەوە و ددانەکانی داژنێتەوە و بەو بەرماوە دەژی:

مەلم مەلێکی بچووکم
بێ هێزن باڵ و دەنووکم
بێ ناوم لە ناو مەلاندا
ئاوارە لە چیا و تەلاندا
ئەگەر هەوا گەرمە، سەردە
جێگەم تەڕاش و بن بەردە
کەس بەسەرم ناکاتەوە
کەس ئاوڕم لێ ناداتەوە
وەکو پووشێکم لەدەم با
شەماڵ دامنێ، زریان دەمبا
باشوو نەمخوا، باز دەمگرێ
ڕێگەم پڕ لە کۆسپە و گرێ
لە ژیانمدا خۆشی نەدیو
لانە شێواوم بێ بژیو

به ناهومێدی سووڕ ئەخۆم

نازانم بەرەو کوێ ئەڕۆم!

***

دامەزراوم لەلای نەهەنگ

چینە و دانم کەوتۆتە چەنگ

دەمی بۆم داچەقاندووە

گەوی لیچی ڕەواندووە

پێک هاتووین ددان ئاژن بم

لە ناو کەڵپان بەرماو چن بم

من نەبم، دەمی بۆن دەگرێ

من یاریدەی نەدەم، دەمرێ

جێم باشە خوا نەیشێوێنێ

بەڵام تاکەی وا دەمێنێ

نەهەنگی ئاغام زۆرخۆرە

بێ بەزەیە، خاوەن زۆرە

ئەگەر جارێک لەم چینەمدا

مچورکێکی هات بە دەمدا

ئەگەر گەرم داهات گیانی

گۆشت مەلی بە دەرمان زانی

ئەگەر لە جوابی پرسیارێک

دەمی بە یەکادا جارێک

منی کڵۆڵ چ بێ چارەم!

ئای کە هەژار و بێ چارەم

***

وەک باس کرا ساڵی حەفتا بە بەڵێنی خودموختاریی کوردەواری لە عێراقدا دەگەڵ بەعس ئاشت بووینەوە، بە کوردی لەشەڕ چووینەوە. مامۆستاکان چوونە بەغداو بوونە وەزیر و مودیر و ئەستاندار و دەست ئەندەرکار. بەشی زۆریان لە ڕێگەی چەوریی پێخۆریان، لەبەر مەستیی پارە و کورسی، تێر ئاگای لەبرسی نەما، دەس کرا بە خانوو کڕین و ترۆمبیلی جوان لێخوڕین. پێشمەرگە ڕەمەکییەکانیش کە ئەوان شەڕیان بردەوە، ڕژانە ناوشارانەوە و چوونە ناو ڕیزی بێکاران و لە بیرزلان برانەوە. بەم شیعرانە تۆزێ گلەم لەو خۆبویرانەی خۆمان کرد و ناوم لێ نا «حەللەق، مەللەق» چیرۆکنووسی بەناوبانگ «مەم» سەرپەرستی گۆواری «هەولێر»ی ئەودەم بۆمی چاپ کرد. منیش بۆ بەلاگێڕیی ئەم دووبەیتی ئاخریەکەم کە تێر و خەست و خۆڵتربوون دەراویشت و خاڵمان لە جێی بەتاڵ دانا.

هەر شیعر لەچاپ هاتەدەر، هەرچی، هەرچی و پەرچی کار لەمست و هەلپەرست و بەناوی کوردایەتییەوە بۆ کورد فرۆشتن چەرچی بوون، وەک زەردەواڵەی هارووژاو هورووژمیان کرد. شیعری ئابڕووبەریان دڕی، مەم یان لەسەر کار وەلابرد، هەزار شکایەتیان پتر لەلای بارزانی لەمن کرد. وتیان هەژار دژی کوردە و خاین دەبێ سزا بدرێ، کە بارزانی ئەمەی پێ زانی خواستمی و شیعرەکانم بۆ خوێندەوە . لەجیاتی سزا سەد ئافەرینی لێ کردم و فەرمووی دەستم دەگەڵ دەستی تۆیە. ئیتر لەدەست ئەو گورگانەی وا کەوڵە مەڕیان پۆشیبوو پاراستمی، مەمیش لە ئازار ڕزگاربوو. شیاوی باسە عارەب و کوردی عێراقی هەڵبەستی تازە بابەتی پەت پساویان کە بەلاوە زۆر پەسەندە ناو لێ ناوە شیعری «حوڕڕ» واتا ئازاد.

***

مانگی پێنجەمی ساڵی ١٩٧١- هەژار بۆگاڵتە شیعری حوڕڕی نووسیوە:

حەللەق مەللەق

مـــامـــە گـــیـــان ســـلاوی بـۆندار

پیـــــرۆز بێ قـــــەفـــە و کـــــورسی

گـــەر لە پچـــووکی خـــۆت ئەپرسی

مــــــــــــــــاوم بــەلام بــەلارە لار

نـەگــــۆڕاوم، هـەروەک پـێــــشــــووم

وەک زوو دیـــوتم هـــەر بـــێـــکـــارم

هـــەر نـــەدار و نـــالـــەبـــارم

بێ نـان و بێ بـەرگ و تـێـــــشــــووم

مـــامـــە گـــیـــان ئەوکـــاتە لە چیـــا

پێکەوە دەژیاین لە ئەشکەوت
ڕانک شڕۆڵ و کڵاش چەوت
لە هیچ شت لێک نەبووین جیا
برای یەکتر بووین ئەو ڕۆژە
دەت فەرموو ئەگەر ئازاد بین!
لە سووچێک بەمافێک شاد بین!
دەتکەمە دەرزیی بەرکۆژە
بەناو ئازادیمان وەرگرت
تۆ هاتیە شار و ئەفەندیت
کەس نازانێ چۆنی و چەندیت
خانووی شەش حەو قاتت سەرگرت
یانسیبت بردۆتەوە
قاسەت لە پارە ئاخنیوە
زۆربەی زێڕە و کەمی زیوە
منیشت لەبیر چۆتەوە
عەریزەم نووسی بۆ خانوو
چونکە خانوویان سووتاندووم
لە زەوی دەریان پەڕاندووم
بێ جێن مناڵ و کەیبانوو
لەسەرت نووسی ناتکەوێ
زەوی و خانوو لە کوێ بێنم!
چۆن سەری حوکمات دێشێنم!
بۆخۆت بژی لێر و لەوێ
گوتم بێ جلکم، بێ تینم

مەدرەسەی دەوێ زاۆکم
فەرمووت: دە بەردە بەرۆکم
نابێ جارێتر بتبینم
دەردی تازەت پێ دامەوە
پاش ئەو هەموو دەردەی چێشتم
بە مارسیدس بەجێت هێشتم
پاپەتیو پیادە مامەوە
بێ ئەمەگ، بە خوێنی ئاڵم
کورسی بەرزم بۆ تۆ کڕی
تۆش چڵمی خۆت بە من سڕی
تۆ سازی و من ژیان تاڵم
با وا بێ مامە با وا بێ
باخوێن بەهای من فیرۆ بێ
هەرچی من کردم بۆ تۆ بێ
با ئەو قەرزەی من فەوتا بێ
....
....
....
....
***

سالی ١٩٧١وەک دەستەی نووسەران پێک هات، فەرهەنگستانی کوردانیش بەناوی «کۆڕی زانیاری» دامەزرێنرا، لەوێش بەئەندامی کارا وەریان گرتم. لە لیژنەی کتێبی دەرسیش بۆ منالّی کورد بەشداربووم، بۆکۆوار و ڕۆژنامانیش وتار و شیعرم نووسیوە، جاروبارەش بەئارەزوو یان ڕوو لێ نانی هەوالّان تاکو تەرا هۆنراوم هۆنیوەتەوە، بەشی زۆریان بەعسی وێڕای تالّان کردنی مالّەکەم لەناویان دان. ئەو تۆزەی کە بۆم خەلساون ئەوانەن کە لەمەودوا دێن:

مەتەلّ

بۆ کتێبی سەرەتایی

دەبزانە چییــــــە؟ خـــۆشــــە مـــەتەلّم
بیــــری لێ بکەوە مـــــەلّێ تەنبـــــەلّم
گـــیـــــان لەبەرێکە مــــەلەوانی گــــۆم
زۆرجــــــــاران دیـوتـە لـە ڕووبـار و چـۆم
بێ قـــاچ و دەســـتـــە، بێ چرپە و هەســتــە
لەشـــەپۆل بڕین وەکـــو مـــقـــەســـتـــە
بالّیـــــشی هەیە و پێـــیــــان نـافــــڕێ
زاریشـی هەیە و هـەرگــــیــــز ناقـــــڕێ
نیــــوە لە نـاوی دەی لەچل کـــــەمـــــە
مـــای بۆ بنووســــە و بیـــخـــۆ سێ ژەمـــە
ئەگـەر پێت نەکــرا هێـشــتــا بیناسی!
دەتخـــەمـــە ناو ئاو دەتکەم بە مــــاسی

***

دایک و باب

بـە ڕەنجی دایـک بەخــــــێـــــو کــــراوم
بـاوک مـــــــــانـدوو بـوو بـۆ نـان و ئـاوم
دایـکـی دلّســـــــۆزم پـەروەردەی کـــــردم

ئەگەر ئەو نەبا زۆر زوو دەمردم
دایک زۆر لە خۆی خۆشتری دەوێم
ئەو بەرگم دەشوا، ئەو ڕادەخا جێم
پێلاوی دایک لە بانی چاوم
باوکم خۆش دەوێ هەتا من ماوم

***

یاری

تۆپی یاریم زۆر خۆش دەوێ
یاریم لەبەرچاو ناکەوێ
پیاو بەوەرزش بەهێز دەبێ
لای مەردم خاوەن ڕێز دەبێ
وەرزش مرۆ ئازا دەکا
ئازا وڵات ئاوا دەکا
من لە وەرزش پاڵەوانم
ڕۆڵەی ئازای کوردستانم

***

سەعات

چک چکی سەعات دەڵێ: وشیار بە
تەوەزەل مەبە، خەریکی کار بە
وەک من تێکۆشە بەڕۆژ و بەشەو
هیچ پەیدا نابێ بە تەنبەڵی و خەو
ماندوو بوون و کار مایەی ژیانە
بێکار ڕابواردن ڕەنج و زیانە

گــەر مـن كـــارنەكـــەم لەشم ژەنگ دێنێ
دەچمـــە ســەر وەســتـــا هەڵم وەشـــێنێ
مـــرۆڤ كـــار نەكـــا ، كـــاری زۆر لەنگە
ژەنـگـی بێـكاری شــــــوورەیی و نـەنـگـە

بەهار

زســــــتـــــــان نـەمـــــــا بـەهـار هـات
خـــــــۆشی بـۆ گـــــونـد و شـــــــار هات
بـولـبــــــــول گــــــەیی بـەمــــــــرادی
دەخـــــــــــــــــوێـنــێ بـەئــازادی
پـــەپـــوولـــە لــــە چـــڵ بـــۆ چـــڵ
دەچـن بـۆ ســـــــــەیـرانـی گـــــــوڵ
جـــــوانـە ئـەم چیــــــاو دەشـــــــتـــــە
كـــــوردســــــتـــــان وەک بەهەشـــتـــــە

***

سروود

كـوردســتــانی جـوان ئەی نیـشــتــمــانم
ڕوونـاكی چـاوم، ئـارامـی گـــــــیـــــــانم
لــەدەســت بـێـگـانــە دەرت دەهـێــنــم
پێـشـــمـــەرگـەی تۆم و تۆڵـەت دەســتـێنم
.....
ســــــــــــاوا بـووم چـاوم بـەتـۆ هـەڵـێـنـا
لـەپـێـش بـابـەدا نـاوی تـۆم هـێـنـا
هەتا دەشـــــمـــرم هەر تۆی ڕووگـــەی مـن

ڕزگـــــارت دەکـــــەم لەدەســــــتی دوژمن
.....
کــورد بۆ ســەربەســتی خــوێنی دەبەخــشێ
ئـاڵای ئازادی بـەخــــــوێـن دەنـەخــــــشێ
خـــــوێن دەدەم، گــــیــــانمت لە پێناو دەنێم
لەســـــەر خـــــاکی خـــۆم دوژمن ڕاودەنێم
.....
کــوردســـتــانی جــوان گــیــانی شــیــرینم
بــەقــــــــــــوربــانــت بــن ژیــان و ژیــنــم
***

سروود

پێــشــــمــەرگــەم و بۆ ڕزگــاری نیــشــتــمــانم لە خــەباتم
دوژمن هـەرچەند بەهێـــــزیش بێ دەبێ دەرچێ لە وڵاتم
گــولله تۆپ و بۆمــبــا و ئاگــر کــار لە بیــر و بڕوا ناکــەن
مــاڵ و سـەر و خـوێن و گـیــانم قـوربانی ئەم ئاو و خـاکـەن
ڕۆڵەی ئازای کـــوردســــتــانم، دوژمنی داگـــیـــرکــەرانم
بۆ ســەربەخـۆبوونی گـەلم، بەخـتی دەکـەم مـاڵ و گـیـانم
زۆر لەمــێـژە کـورد ئەکـوژرێ، لە مـەیداندا خـوێنی دەڕژێ
شـار و گوندی وێران دەکرێ، مێشکی کیـژ و لاوی دەپژێ
بەڵام لاوی کـــورد لە مـــردن سڵ ناکـــات و خـــۆ ڕاگـــرە
بیـــر و بڕوای کـــوردایەتی بۆ گـــیـــانی دوژمن ئاگـــرە
ڕۆڵەی ئازای کـــوردســــتــانم، دوژمنی داگـــیـــرکــەرانم
بۆ ســەربەخـۆ بوونی گـەلم، بەخـتی دەکـەم مـاڵ و گـیـانم

سـوێندمـان بـه خوێنـی شـەهیـدان، تۆڵە لە دوژمـن دەسـتـێنین
داگـــیـــرکـــەرانـی کـــوردســـتـــان لەرەگـــو ڕیشـــە دەردێنین
سـوێندمـان بە خاکـی کوردسـتـان دەبێ کوردستـان ئازاد کـەین
داگیرکەر لە خاکمان دەرکەین، گیانی شـەهیدانمان شاد کەین

***

سروود

کـــوردیـن ڕۆڵـەی کـــوردســـتـــانین، بەدڵ ئـازادیمان دەوێ
هەتـا لەســەر دنیـا زینـدووین سـەرمـان بۆ دوژمن نـانەوێ

***

لە ڕێگای ئـەم نیـشـتـمـانە سـەر و مـاڵمـان لا هەرزانە
کـــوردســـتـــان دینە، ئیـمـانە، کـــوردســـتـــان ژینە، ژیانە

***

ســـەربەخـــۆ بوون و ئـازادی، ئـاواتـی هەمـــوو کـــوردێکە
لەبەرانبـــەر داگـــیـــرکـــەران، هەمـــوو کـــوردێک نەبەردێکە

***

چیـتـــر کـــورد نـاژێ بەدیلی، بە داگـــیـــرکـــەران نـاخـــورێ
بڕوامـــان کـــێـــوی پۆڵایە، بەهیـچ هێـــزێک لانـادرێ

***

بەخـــەباتـی خـــوێناویمان، ڕێگەی ئـازادی تـەخت ئـەکـــەیـن
بۆ مافی چارەنووسی کورد، خوێن و سەروماڵ بەخت ئەکەین

***

هەتا کـــوردســـتـــانـی ڕەنگین، لە دوژمـن پـاک نەکـــەینەوە
بیـــر لە خـــۆمـــان نـاکـــەینەوە، ئـاوڕ بۆ دوا نـادەینەوە

***

له ڕووی داگیرکەری وڵات، شێری شەڕ پڵنگی جەنگین
تۆڵای پۆڵا و شوورەی سەنگین، لە دەریای خوێندا نەهەنگین

***

کاک بەدیعی بابەجانی گەورەتر ڕەسامی ئەمڕۆی کورد، ڕووی لێ نام کە باسی ژیانی بنیادەمی هەر لە دەمی ساوایییەوە هەتا دوایی بە شیعر بۆ بهۆنمەوە، ئەویش بەوێنەی کوردانە بی نەخشێنێ و چاپی بکا.
من بۆم نووسی، بەداخەوە مەودا نەما پرۆژەکەمان پێک بێنین:

قۆناغەکانی ژیان

ئادەمی بەرهەمی کەمێ قوڕ و ئاو
دایکە وای کردە جێ گەرا بۆ پیاو
دەوری ساوایەتیی شل و خاوی
خەمڕەوێنی دڵی و لەبەر چاوی
تا دە ساڵی بزۆز و چالاکی
بێ گزی و ڕاست و دەست و دڵ پاکی
لە دە تا بیست بەهاری ژین دادێ
باوی یارگرتن و ئەوین دادێ
بیست و سی ئەرکی ماڵ و منداڵە
خۆش و شیرین و جاروبار تاڵە
هەڕەمەی هێز و بەرهەمە تا چل
پێت گەیاندوون نەمامی شەنگ و شل
چل و پەنجا نەوەت بە باوەشەوە
تاڵی چەرمووگ لکان بەمووی ڕەشەوە
پوخت و پاراوی ژین لە پەنجایە
دێتە ڕوو ڕەنج و سوود و سەرمایە

لـه پلەی شـــــێـــــست بەتـەجـــــرەبە و ژیـری
پــلـــەیـــەک دابــەزی بــەرەو پـــیــــــــــــــری
چوویە حـــەفـــتـــا بە کـــۆخــــە کـــۆخ، توورە
دەسـت و ئـەژنـۆ دەلـەرزێ، پـشـت کـــــــــوورە
ســـواری هەشـــتـــای، هەناســـەشت ســـوارە
لار دەرۆی لاقـی ســــــێـــــهــــــەمت لارە
لـە نـەوەد مــــــەرگــــــە پـێـی دەلـێـن ژیـنـە
بـەفــــــــری بـەر ســـــــوورەتـاوی هـاویـنـە
پـاشـی ســــــەد وەک مـنـاڵـی یـەک ســــــاڵـی
شـــیـــــرەخـــۆرەی بـەلام بە خـــوێنـتــــاڵـی
بـاوەشـی گــــــەرمـی گـــــۆڕ کـــــــراوەتـەوە
هـەرچـی خــــــاک داویـە بـۆی گـــــــەڕاوەتـەوە
***

مادە تاریخم بۆ عەبدوڵڵای برای کاک بەدیع نووسیوە کە لە سەرکێلەکەی هەڵکەنن:

دڵ بەدنیـا مـەبەسـتـە بێ بارە، کـەمـە خـۆشی و خـەمـە سـەرەنجـامی
بابەجـانـی گـولـن لە کـوردسـتـان، هونەری جـوانە بگری هەرکـامی
خـزمـەتی گـەل دەکـەن بە دڵسـۆزی، خـێـوی ناون پژیشک و ڕەسـامی
(گـولـی ئەو خـانەدانە عـەبدوڵڵا، داخـەکـەم هەڵوەری بەناکـامی)
شیعری ناوکەوانە ئەگەر لامی عبدالله بەیەک حساب بکرێ بە ئەبجەدی دەبێتە ١٩٧١
***

دامودەزگایەکی تازە بۆ کۆڕی زانیاری کرا، مادە تاریخم بۆ نووسیوە و لە کۆواری کۆڕدا چاپکراوە:

کۆڕی زانیاری کورد

ئەم کــۆڕە ژ کــوردارا جــەوهەر بە خــەلات دێنێ
تیــــــــرێژی هونـەر لـەورا تـاریـکی دەتـارێـنـێ
وێژە و کـەلەپووری کـۆن، فـەرهەنگ و زمـان وانی
زانیـــاری بە هۆزانی خـــۆی لە گـــرەوە دەنوێنێ
کـرمـانج و لوڕ و سـۆران، زازاو مـوکـوری و گـۆران
وەل یەکـتـری داخـێـون، کـەس نینە کـو دامـێنێ
ئەو ڕووگـــەیە پیـــرۆزە ئاواتی گـــەلی کـــوردە
پێک هاتووە بۆ مێژووی «خۆشتر لەهەموو شوێنێ» ١٩٧٣- بە حیسابی ئەبجەد.

***

قانعی شاعیر پێش جەژنێک هەڵی پێچام دوو بەیتی جێژنە پیرۆزەی بۆ بنووسم تا لە کارتێکدا چاپی کا و بیفرۆشێ، منیش ئەم دوو بەیتەم نووسی:

جـــەژنت پیـــرۆزبێ کـــوردی زگ قـــوپاو
دەرخـــــــۆنە لاچێ، دەرکـــــــەوێ پـلاو
هێند تامـەزرۆ بووین ئێـمـەی دوورە چێشت
هێــشــتــا نەکـولابوو دەنکمــان نەهێــشت

***

ساڵی ١٩٧٤ بەعسی، گوایە بەڵێنێ خودموختاری دان بە کوردستان ئەباتە سەر بێ پرسی بارزانی و پارتی ، شـێـست کـەسی پەست و ناکـەسی چڵکاوخۆری خۆی هەڵبژارد بۆچاو بەستنی ڕای گشتی. خودموختاری هەر بە ناو و پووچەڵ و بێ ئیختیاری پێ سپاردن. لەو بارەوە ئەم دەمەتەقەیەم نووسی:

دەمەتەقەی باپیر و پیرۆت

ب ـ مام پیرۆت ڕۆژباش
پ ـ ئەی بان سەرەکەم

ب ـ خێره؟ بۆ گرژی؟
پ ـ لەداخ کەرەکەم
ب ـ کەرەکەت؟
پ ـ بەڵێ
ب ـ کامە؟ سوورەکە؟
ئەو پەل قەویەکەی ملەستوورەکە؟
پ ـ دەم خۆش، خۆیەسی
ب ـ نەخۆش کەوتووە؟
پ ـ نا وەگیانی تۆ، وا دوو حەوتووە
مانی گرتووە و دەم لە کا نادا
وەدەوری دادێم هەرگوێش بانادا
تۆ ئێژی چەی بێ؟ چۆن بیکەم چارە؟
ب ـ وە قسەی من ئەکەی بیبە ئەو خوارە
پ ـ باپیر چە ئێژی؟ خواروو بۆ چیبە؟
ب ـ دیارە هیچ ئاگات لەدنیا نییە
ڕادیۆ ئەبیسی؟
پ ـ گوێم لێ گرتووە
ب ـ سا کەرەکەی تۆش ئەمەی بیستووە
شێست کەر لە بەغدا هەڵبژێراون
بۆ حوکمی زاتی ناودێر کراون
کەرەسووری تۆ لە وان پیرترە
ـ بێ چاوێنی بێ زۆریش ژیرترە
ئەمان زۆربەیان جاشولکەی شینن

ــ کەرە سووری تۆ بەعسی بی بیێن
هەر بە تەزکییە ئەیکەن بە ڕەئیس
ڕزگاری ئەبێ لە پەت و گوریس
ــ ئەوسا لە مەجلیس خۆی تێر جۆ ئەکا
ئەگەر تۆش گیریای تکات بۆ ئەکا
پ ـ بیسمیلا باپیر ئەوە تۆ شێت بووی!
ــ لە کەرێ گەڕێ، ئەتوو لۆ خۆت کووی؟
کەرەسووری من چۆن ئەبێ بە جاش!
کوو جزمەی تازە ئەبێ بە کەڵاش!
بەوخوایەکەمە، ئەمە بزانێ!
ئیتر وەک دوژمن لە تۆش دەڕوانێ
ـ کوو کەرەسووری ئاوا بە نامووس
دەچێتە بەغدا و دەبێتە مەبعووس!
ب ـ پیرۆت ببوورە، تۆبە، یاغنیشم
پ ـ باشە لێت خۆش بووین خۆم و کەریشم
* * *

بەشی دووهەم

لە هەر باغێ چومێ چڵێکم ڕنی
لە خەرمانی هەرکەس گوڵێکم چنی

***

ئەم شیعرانە کە لەمەودوا دێن تەرجەمەیەکە لە ئەدەبیاتی بێگانە کە بەشی زۆریانم لە عەرەبی و فارسییەوە وەرگرتووە و لە هێندێکانیشا دەسکاریم کردووە، هەروەها چەند فۆلکلۆرێکی ناو کوردەواریی خۆشمانم لە پەخشانەوە کردۆتە هەڵبەست بۆ ئەوە منااڵنی کورد ڕۆژێک لە ڕۆژان لە فێرگەکانا بیخوێنن و بەهرەی لێ وەرگرن، ئەگەر جاروبارە گاڵتە و گەپێکی تێدایە بۆ زاخاوی مێشکە و داوای لێ بووردن ئەکەم.

***

کەر و گا

شەوێ گا وتی بە کەر:
وەرە بمکە چارەسەر
بێ وچان و سانەوەم
پەیتا لە چرووسانەوەم
هەر وەرد و شێو بڕینە
جەرگی زەمین درینە
سێ گاسنە و چاندنە
ئەمجا دەبمە گای بنە
خۆ لەبەر تۆزی گێرە
چاوم پڕووش و کوێرە.
کەر وتی: خۆ نەخۆش کە
خۆت کروشمە و پەرۆش کە

ئەگــــەر خـــێـــو هاتە گـــەوەڕ
دەمــت مـــــــــەبـە بـۆ لـەوەڕ
***
خـــێـــو دیتی گـــا نـاســـازە
نـــــــالـــــــەوەڕێ و لاوازە
تێگـەیی فـــــیکی کــــــەرە
بـۆ تـەنـبـــــەڵی ڕێـبــــــەرە
کـــەری کــێــشـــایە بەر نیـــر
با مـــــاندووبێ کــــەری پیـــر
تـا ئـێــــــــوارە بـە تـێـــــــلا
زەوی ڕەقـــیـــــان پێ کـــێـــلا
هـاتـەوە شـل و شــــــەکــــــەت
ها ئێـــســــتـــا ببێ ســەکــەت
گـــا پرسی: چۆنی کـــاکــــە؟
وتـی: دڵـم خـــــەمـنـاکـــــــە
ئەمـــڕۆ ئاغـــا دەیفـــەرمـــوو
ئەگـــەر گـــا هەر نەخـــۆش بوو
نـاچـارم ســــــەری ببـــــــڕم
گـــــاجــــــووتێ دیـکـە بـکـڕم
گــــــا ڕاپـەڕی زۆر لـە گــــــوڕ
مـــاشـــتی قـــەســەڵی ئاخـــوڕ
پرزە و گـــزرە و کــا گـــشـــتی
کـلـکی نـایـە ســــەر پـشــــتی

چاپک لە ڕەوت و بازا
ساغ تر لە گوێزی ئازا
گایان دەردەکردە چۆڵ
ورتەی بوو کەر لە سەرمۆڵ
لەو هەڵەوەڕیەم گەڕێم
دەش نووم و دەش لەوەڕێم
گا دەیگوت لە هێڵی شێو
چەند بەنرخە وتەی خێو
ژیان بۆ کارکردنە
تەنبەڵ بەشی مردنە

***

کەری کوڵ

کەرێکی بێ کلک و کوڵ
زۆر پەژارەی کەوتە دڵ
ڕووی نەبوو لە هیچ دەران
بچێتە ناو کۆڕی کەران
کەری دێز و کەری شین
قاقا پێی پێ دەکەنین
گرتی ڕێگای دەشت و چۆڵ
بە زەڕەزەڕ بەسمکۆڵ
هەرگیز نەدەلەوەڕا
هەر بۆ کلکێک ئەگەڕا
ڕێگای کەوتە بەر پاڵێک

کەوتبووە سەر خەیاڵێک
دەیگوت بەڵکو لەو ناوە
شەتڵە کلک چەقاوە
دەیڕوانی و بۆنی دەکرد
هەر بیری کلکی دەبرد
خاوەن زەوی پێی زانی
دەست بە تێلای گاوانی
کەری کوتا خوری شۆر
لەخوێن سووربوو ملی بۆر
سەر بەرەژێر لێی خوڕی
دوو گوێی لە بندا بڕی
کەری بێچارەی زەبوون
کلک نەبوو گوێشی چوون

***

زەنگی مشکان

کۆوەبوون مشکی ماڵان
لە نەنک و مام و خاڵان
کلک باریک و چاوزیت
لمبۆز درێژ و گوێ قیت
بیریان گەڕ و گزی بوو
زەنگۆڵێکیان دزی بوو
گوتیان بێ هەست و چرپە
دەیخەینە کلکی گورپە

هەرکاتێ دەرچێ بۆ ڕاو
زەنگوڵە دەیکا بە قاو
بە خۆشاردنەوە فێرین
گورجێ خۆمان وەشێرین
لەبەر ئەو دەنگە زەنگە
مام گورپە کاری لەنگە
ناتوانێ مشکێ بگرێ
بۆ خۆی لە برسان دەمرێ
ئیتر دەژین وەک پاشا
لە کەندووی نیسک و ماشا
هەڵمەت ئەبەین وەک شێران
بۆ بژیوی جووتێران
هەمبانان دەدڕێنین
کەشک و نان دەقرتێنین
ئەگەر نەما پشیلە
مشکان تلی لی لی لە

***

مشکێ چاویلکە لە چاو
زۆر جیهان دیدە و گەڕاو
سمێڵی سپی و درێژ
وریا و زۆرزان و کەم بێژ
دار گۆچانێ لە دەستا
هەستا لە کۆڕ هەڵوەستا

وتـی: ئـەی بـرا و خـــــــوشکـان
پیـــر و ڕیش ســـپـــیی مـــشکان
مــــێـــــشک و کـــــۆن و ڕزیـوە
بـــۆ ئــــەو زەنـــگــــەو دزیـــوە؟
ئـێـــــســـــــتـــــا کێ وا ئازایـە
خــــــۆ باوێتـــــــە بـەڵایـە
بیــــخــــاتە کلکی پســــیک
ئیـــتـــر نه خــرته و نه جـــیک
مــــــشـکـان کـــــــردیـان بڵاوە
زەنـگـیـــش لـەو نـاوە مـــــــاوە
کــــــەوتـە دەســـــــتـی منداڵان
گـــــوتیــــان: تـاڵان هەی تـاڵان
هەرکـــــارێ دەست پێ دەکــــرێ
بـیـــــــــــری دواڕۆژی نـەبـرێ
وەک زەنـگـی مـــــــشـکـی لێ دێ
داخــــــــوا بـەهـرەی بـۆ کـێ بێ!
***

کەوە شەلە

ســــــەرداری بـۆکــــان عـــــەزیـز
خـــــانـی ســــــەربـەرز و بەڕیـز
دیـتـی کـــــــەوێـک دەفـــــــرۆشن
کــــــڕیـاری زۆر لـە جــــــۆشن
پـرسـی: چـۆنـە ئـەو کــــــــەوە؟

وا لــــه دەوری هــــەو هــــەوە؟
گـــــوتیــــان: کـــــەوێکی ڕاوە
کــــــــــەوی بــڕی لـەو نــاوە
کــــەوەشــــەلەی بەناوبانگ
نرخی بۆکــــانە شـــەش دانگ
هەرگـــــیـــــز بینی تەنگ نابێ
لە قـــاســـپـــە بێ دەنگ نابێ
وتـی نـامــــــــــە بـە پـەلـە
بۆم بـکڕن کــــــەوە شـــــەلە
چـل زێـڕیـان لـەســــــــەر بژارد
کـــەویان بەســـەردار ســـپـــارد
خــان هەڵیـــپـــســـاند ســـەری
ڕووی کـــــــــــردە دەوروبـەری
گــــــوتـی: کێ هاوڕەگـــــەزی
بـداتـە دەسـت نــاحــــــــــەزی
پـاداشــی ســــــــــــەربـڕیـنـە
نـەک وا بـەزێـڕ کــــــــــڕیـنـە
هـۆشـت بێ، کـــــــوردی هەژار
گـــــەلت مـــــەدە دەست نەیار
***

هەویری بەموو

ڕێویەکی پیـــــــری بەفـــــێڵ
وتـی بە یـەکی جــــــحــــــێڵ

تاژیەک هەیە ئاشنامە
وا بۆم نووسیوە نامە
بیبە و وەڵامی بێنە
سەد کەوم لێ بستێنە
جوانە ڕێوی پێکەنی
گوتی بەڵێ ئەزبەنی
هەویرت بێ موو نییە
چەقاڵتەت بێ لوو نییە
کرێی زۆر و کاری کەم
من خۆم دەبێ تێی بگەم
تۆ گۆشت کەو نادەی بەمن
گۆشتم دەدەی بە دوژمن

***

ڕێوی بەفیشاڵ

سەر لەبەیان تاو هەڵات
مام ڕێوی لە کون دەرهات
لە سێبەری خۆی ڕوانی
بە درێژایی و بە پانی
خۆی ئازا هاتە بەر چاو
دەستی کرد بە چاووڕاو
گوتی: وا بۆ ڕاو ئەڕۆم
هیچ نەبێت شێرێک ئەخۆم
گەلێ کردی مڵومۆ

تارۆژ هاتە نیوەڕۆ
سێبەر گەییە بەرسنگی
هیچی نەکەوتە چنگی
دیتی زۆری برسییە
دەیگوت: تەماح باش نییە
هەر مشکێکم دەس کەوێ
بەسمە و زگم دەسرەوێ
خەیاڵ جێی نان ناگرێ
شێر بە ڕێوی ناخورێ
***

ملی درێژ مێژووە

گا و وشتر و بەرانێک
تووش بوون لەڕێ بەنانێک
لەناویان بوو بە کێشە
بۆ خواردن کێ لە پێشە؟
پێک هاتن کێ زۆر ژیاوە
خوا ئەو نانەی بەو داوە
بەران گوتی: من پیرم
لەگەڵ بەرخێک هاوشیرم
خوا ناردی بۆ ئیبراهیم
وا ئەو مرد و من ئەژیم
گاجووت وتی: قاوەقاو
لە دەمتایە شیری خاو

من زۆر چەنەی لێ نادەم
زەویم کێڵا بۆ ئادەم
وشتر سەری دانەواند
بە گازێک نانی ڕفاند
گوتی: مێژوو نازانم
ئاواتە خوازی نانم
ئازان؟ مێژوو بخوێنن
پارووم لەدەم دەرێنن

***

داوەڵ

لە داوەڵێکم پرسی:
بۆچ دەنوێنی مەترسی؟
چوێلەکان هەڵدەفڕێنی
چ سوودێک وەگیر دێنی؟
گوتی: هەرکەس وەکو من
پەڕۆ و پاڵە سەر و بن
مێشک و دڵی کڵۆشە
ترساندنی پێ خۆشە

***

دیمەوە ساڵی دوایی
لەو چۆڵە بە تەنیایی
پشتی بەخەم چەمابوو
فیشاڵی لا نەمابوو
تیتاڵ بڵاو گێلانە

بۆ قەل ببوە هێلانە
ڕادەژا و دەلەراوە
ورتەی بوو بە دەم باوە:
خۆم بەختەوەر دەزانم
پەناگای هەژارانم

***

دەرسی بەچەپۆک

مام گورگ و شێر و ڕێوی
ڕاویان دەکرد لە کێوی
سێ کەروێشکیان ڕاوکردن
بۆ لانەی شێریان بردن
مام شێر فەرمووی: گورگی پیر
تۆ لێمان بەشکە نێچیر
گورگ وتی: سێ لاشن
هەر یەک بۆ یەکمان باشن
شێر توڕە بوو کەفی چاند
چەپۆکی بۆ داوەشاند
چەرمی پشت و ناوشانی
داتەکانە سەر ڕانی
ئەمجا ڕووی کردە ڕێوی
وا باشە تۆ باخێوی
گوتی: یەک بەر قلیانت
یەک بۆ شێوی شێوانت

یەکـــیش بـۆ ســـەردەمی خـــەو

بێ شـێــو ســەر مــەنێــوە شــەو

وتــی: ئــافـــــــــەریم ڕێــوی

ڕبـە و گـــــەز بـاش دەپـێـــــوی

زۆر بـاشـت بـەش کـــــــــــردووە

لەکــام فــێــرگــەت خــوێندووە؟

گـــــوتـی شـــــاهـم وا نـەبووم

پـێـــــــشـــــــوو وا زانـا نـەبـووم

فـــێـــربووم بیـــری ورد و دوور

لەلای مــــەلای کــــەوڵ ســـــوور

***

سواری مار

بێ هـێـــــز بووە مـــــاری پیـــــر

نەیتـــوانی بچـــتــە نێـــچـیـــر

ســــۆمـــــای چاوی نەمــــابوو

بــاوی ڕاوی نــەمـــــــــــابــوو

خـــــــشـی بە وردە لـۆقـــــــان

تا گـــــەییــــە ئاغــــای بۆقـــان

دەســــــتـی ئاغـــــای ڕامـــــوسی

دایبـــەســـــتــــە زمـــان لوسی:

ئـاغـــــای گـــــران و گــــــەورە

کـێ وەک تـۆ ســــــــایە چـەورە؟

بــــۆقـــــی وەک تــــۆم نـــەدیـــوە

جیهان بێ تۆ هەتیوە
ئەز گۆری گەرچی مارم
هەر بێ فەڕی بوو کارم
بەڵام لەمڕۆ بەولاوە
گەزندەییم نەماوە
ڕاوی جانەوەر ناکەم
بەدڵ بە نیازی چاکەم
داڵدەم بدە لەلای خۆت
بمخە ژێر خاک و پای خۆت
بیکە سندووقی سەرت
بم کە بە بارەبەرت
سوارم بە بۆ سەفەرێ
با گوناهم هەڵوەرێ

***

بۆ قاغا بەو هەڵدانە
هەڵمسا وەک هەنبانە
بۆ قەتی لەبیر نەما
لەدڵیا گەڕا سەما
وتی: ئافەریم، زانای
جێم لەلای خۆم بۆ دانای
تۆ ماری خانەدانی
دام و دەستوور دەزانی
چیت نیازە با وابێ

ئـــاغـــــــــــــــاش بـــا دڵاوابـــێ
تۆ بێـــــیـــــتـــــه بەر ئاوزەنگیم
ببی بـه ئـەســـــپی جـــــەنـگیم
ئـەبـێ هێـــــــزت تـیـــــــا بـێ
ئـەمــــــــــــەش بـێ بـژیـو نـابـێ
مـــــووچەت دوو بۆقـی قـــــەڵـەو
یـەکـت بـۆ ڕۆژ و یـەک شـــــــــەو
***
مـــــار بـوو بـه ئـەســـــپی ئـاغـــــا
بـۆ گـــــەشت و گـــــەڕ لـه بـاغـــــا
ڕووی لـه هـەر شـــــوێنێ ئـەکـــــرد
بـۆق کـــــڕنـووشـــــیـــــان بـۆ ئـەبرد
بـەقـــــیـــــڕ و هـۆڕ لـه پـێـــــشـــــا
هـوڕایـان بـۆ ئـەکـــــێـــــشـــــا:
بـۆقـــــاغـــــا ســـــواری مـــــاره
چـــــیـــــنـــــی بـــــۆق بـــــاری بـــــاره
***
بـۆ مـــــار هـەڵکـەوتبـــــوو هـەل
ژیـنی خـــــۆش، تـێـــــر و تـەســـــەل
لـەســـــەر دوو بۆقـــــەی مـــــزی
لـــــەولا و لـــــەم لاش ئـــــەیـــــدزی
هـێـــــدی هـێـــــدی لـێـی خـــــوڕی
تـا قـــــــــــــــڕەی لـه بـۆق بـڕی
ئـەوســـــا وتـی: ئـاغـــــای خـــــۆم

کەست نەما تۆ ئەخۆم
جیقە و فیقەی پێ ناوێ
ژیان لەدڵ دەراوێ
بۆقاغا تا پێی زانی
مار کەوتبوە قووت دانی
لە مردنا بێچارە
دەیقیڕاند: مار هەر مارە!

***

کەری بێگار

کابرایەکی زۆر ترساو
پشووسوار ڕەنگ بزرکاو
بەغار ڕووی کردە ماڵێک
خۆی کوتا بن هەرزاڵێک:
هاوار پەنام هێناوە
زۆر پیسم لێ قەوماوە
بەکەس مەڵێن وام لێرە
خاوەن ماڵ پرسی: خێرە؟
گوتی: دارۆغەی خونکار
کەران دەگرن بە بێگار
من ئەگەر چی پیاویشم
زانا و خاوەن ناویشم
بەڵام لەلای ئاغامان
نە ڕامانە و نە ئامان

هیـــــچی لەبەر چاو نیـــــیـــــە
فـــەرقی کـــەر و پیـــاو نیـــیـــە
دوور نیـــیـــــە دارۆغـــــەی شـــار
پشـــــــتم بخـــــــاتە بەر بار
زانــا لــەلای لاســـــــــــــاران
دەبــنــە کـــــــــــەری بێــگــاران
***

پەشیمانی پینەیە

ڕانــکــە شـــــــــــڕێــکــم هــەبــوو
لا بــوزگـــــــــــورێــکــم هــەبــوو
کـــــولـّـکـەی بـزنـە شـــــینـە بـوو
پـــڕی پـــەڕۆ و پـــیـــنـــە بـــوو
هـەمـــــوو ڕەنـگـی تـیـــــابـوو
کـــەمـــتـــر شـــینـایی مـــابوو
نێـــفـــەک تەنگ و دەلینگ فش
هـەر دەجـــــوولام جـــــڕوخش
قـــــۆشـــــیـک لـەو دراوێ لـەم
ســـــــەریـەکـم نـا زۆر و کـــــــەم
ڕانــکــێــکــی تــازەم کـــــــــڕی
بـۆخـــــــــــۆم ئـەنـدازەم بـڕی
زۆر تـــەرز و ڕێـــک و لـــەبـــار
نـیـــــــــوەی چـوو نـاوی هـەژار
بەنیـــــازی چۆغـــــە و کـــــەوا

شەوێک نوستم، لەخەوا
ڕانکی گۆرین هاتە لام
پاشی شەو باش و سەلام
وەک قەرەچ و سازندە
ملی نا لە گازندە:
چاکەت لە چاوا نەبوو
کەی کاری پیاوانە بوو؟
چەند ساڵێک هەواڵت بووم
یاری ڕۆژی تاڵت بووم
با تۆزێکیش دڕاو بام
با کەمتر لەبەر چاو بام
بە پینە چارم هەبوو
کەڵکی هەژارم هەبوو
بەڵام خۆت بلەوەز بووی
لە دروونەوەم وەڕەز بووی
چوومە لای بەرگدروو
کونبڕ کرام بە پنوو
بوومەوە ڕانکی لە نوێ
وەستاژن بەمن دەنوێ
وەرە بەشکو بمکڕی
پێم خۆشە تۆ بمدڕی
ئیتر ئەوجار وەک پێشان
نابمە مایەی سەر ئێشان
***

وتم ڕانــکــی ڕەگـــــــــــەز شـین
کـــــــۆنـە هـەواڵـی پـێـــــــشین
تــۆش وەک هـەواڵـی مـــــــــرۆ
دەســــتم مـــەبەســـتـــە بە درۆ
یــــــارن بـــــە چــــەوت و لاری
چـــالاکـــــن لـــە بــــێ بـــاری
وەک تۆ شـــــڕ و کـــــون کــــونن
ســــــەر دۆســــــتـی بن دوژمنن
کـــــە خـــــۆمــــیـــــان لێ دەبوێرم
هــــی تــــازە هـــەڵـــــدەبـــــژێـــــرم
دێن دەڵـێن پـەشــــیـــــمـــــانین
وەک دیوتە ئێـــســـــتــــــە وانین
واتــا پـیــنــە کــــــــــــــراویــن
وەک تـــــازە لـــەبـــەر چـــاویـــن
***
شــــــــڕەی کـــــــۆنە هەواڵـم
پـــێـــت وا نـــەبــێ مــنـــاڵـــم
شــــــــڕێ پـینـە وەردەگـــــــرێ
چۆن وەکـــو ســــاغ بەر دەگـــرێ
چـــی بـــە پـــەڕۆ و پـــیـــنـــەیـــە
مــــــاڵی کـــــــەس نەبینەیە
پنوو کـــــە چوە ســــــەر بوزوو
لەبیــــــر ناچێ شــــــڕبوو زوو

پینەدار عەیب دارە
ناچار بەرگی هەژارە
***

بەزمی ڕووتی

دەڵێن هەلاکۆ جارێک
دەچێتە دەوری شارێک
دەڵێ لە چووک و گەورە
هەرکەس پێو وایە چەورە
دە لیرەی لێ بستێنن
دڵی هەژار مەشکێنن.
لە بنەوە ناردی پیاوێک
لەشار بگێڕێ چاوێک
دێتەوە دەڵێ: ئاغام
تەواو بەشارا گەڕام
باجدەر بار لە سەر لێون
هی زۆر زل قوڕ دەپێون
دەڵێ کێ بۆتە حاجی
هەزار لیرەیە باجی
کێ لەوان نەویترن
خۆ ئەندازەی بگرن
نامەوێ چیان بمێنێ
جاسووس خەبەرێ دێنێ:
خەڵک کەمیان وەڕەزن

هەر حاجین تۆزێک کزن
دەڵێ حاجیان تالان کەن
جا وەرن بۆم بەیان کەن
جاسووس دێ بەپێکەنین
کە ئەی خانی سەر زەمین
بەزمێکە بەڵام بەزم
کەس نەما بلێ ئەزم
کەس ئاگای لەکەس نییە
فەرقی شێخ و قەس نییە
تێک هەڵدانە و شەڕە شەق
چڕە و گوڕە و چەقە چەق
هەڵپەرکێیە سێ جڕتی
سەرچۆپی حاجی گرتی
قازی گۆرانیان دەڵێ
مەملی مەمۆ و سەوزەڵێ
خانی وشیار و زانا
بلێمەت لە جیهانا
دەڵێ نامە با ڕاکەین
شارێکی تر پەیا کەین
بەزم بەزمی ڕووتییە
هەڵپەرکێی نابووتییە
چیان نەما لێی بترسن
وا لە خۆشیان دەڕەقسن

بێنە سەرمان ئەمانە

ڕووت ئاگری بێ ئەمانە

قەت یەکێکمان ناهێڵن

زووکەن بەجێیان بێڵن

* * *

کوردستان بەهەشتە

زستان ڕۆیی سەرما نەما

دەرچووین لەناو مژ و تەما

سەری کوێستان خاڵ بەڵەکە

جێژنی مامرێوی و دەڵەکە

قاو و قیژە لەو بڵندە

بەکۆمەڵ دەفڕن باڵندە

بەبێ وچان، بەبێ وەستان

گشتیان دێنەوە کوردستان

پرسیمان لە قولینگ و قازان

هۆی لالۆی گەڕیدەی چازان

ئێوە زەوی زۆر گەڕاون

لە زۆر جێگادا زۆر ماون

لە هەوار و شار و دێیان

کوێ خۆشترە لەگشت جێیان؟

پێیان گوتین کەسی خالآن

شەکەت بووین لە لاق و بالآن

جیهانمان گشت پشکنیوە

وەک کـــــوردســـــتــــانمان نـەدیوە
جێ نین خـۆشـتـر لە نیـشـتـمـان
کـــوردســـتـــانە بەهەشـــتـــمـــان
***

دەمی نایگاتێ

هێـــــــشــــــــووی ترێ بـەدارەوە
ڕێـوی دەیـدی لـە خـــــــــوارەوە
دەیــزانــی دەمــی نــایــگــاتــێ
ئـــارەزوو تـــرێـــی نـــاداتـــێ
پێ هەڵـچـــوونـیش بۆی ناکـــرێ
دەیگوت: زۆر ترشـــە ناخـــورێ
***

هەر تیرەیەکن

گـــۆڕهەڵکەن و کـــفن فـــرۆش
لە مـەیخـانە هەرتک سـەرخـۆش
دەیان گـــــوت بـەدەم پـێکـەنین
بەیانیش گـــۆڕ هەڵدەکـــەنین
جـــاویش بۆ کـــفـن دا ئەدڕین
مـــەزە و بادەی تریش ئەکـــڕین
ژنی خـــاوەنی مـــەیخـــانـە
دەیگوت: چەند باشن ئەمـــانە
یاخـــوا بازاڕیان گـــەرم بێ
گـــۆڕســـتـــان هەر پڕ تەرم بێ
مـــیـــوانی وام زۆر بێـــتـــە لا

کـــورپژگـــەم ئەکـــەم بە مـــەلا
هەریەکن کـــا و چەت و کـــلّـــۆش
بێ جـــیـــاوازین بۆ خـــاوەن هۆش
* * *

درۆ بە درۆ

ئـاغـــــا دەتگـوت کــــــۆڵـەوەژە
خـــــوار و ڕەش و بەگــــرێ و تەژە
دەســــــــتی ڕژد و نـان نـەدەر بـوو
مـــیـــوان بۆ ئەو دەردی ســـەر بوو
بـاتـووی کــــەر و بـایـنـجــــانـی
لــە نــەزانـــی یــەک ئــەزانـــی
شـــاعـــیـــر شـــیـــعـــری بۆ دانابوو
بـــەرەو ئـــاوەژووی ڕانـــابـــوو:
مـــانگ لە جـــوانیت شـــەرمـــەزارە
نـانـخــــــــۆرت هـەزار هـەژارە
بـەژن و بـاڵات ســــــەولّی تـازە
چاوت چاوی ســـــەقـــــر و بـازە
کـــەس لێـــتـــان وریاتر نـیـــیـــە
زیـرەک و زانـاتـر نـیــــــیـــــــە
ئـاغـــا زۆر لێی خـــۆش هات ئەمـــە
کـــەوتە بەزم و گـــەپ و گـــەمـــە
وتی: فـــەرمـــوودەت دڵ گـــیـــرە
دەم خـــــۆشـــانـەت هەزار لیـــرە
* * *

شاعیر هەر ما و پارە نەبوو

هاوار نەبێ چارە نەبوو:

ئاغا لیرەکان پێم ناگەن

فەرمووی پێم سەیرە تێم ناگەن؟

تۆ دڵخۆشت کردم بە درۆ

منیش لەو ماڵە دام بە تۆ

درۆمان بە زۆران داوە

دراو بێ ناوە لەو ناوە

نرخی درۆ هەر درۆیە

وەرامی گڵەمەت کڵۆیە

***

بەلاف پێک نایە

پووشێ کەوتە سەر میزی کەر

مێشوولەیەکی پەڕیە سەر

دەیوزاند: گەمیوان خۆمم

مەلەوانی هەزار گۆمم

لە دەریای بێ بن دەگەڕێم

ناترسم گەرداو بێتە ڕێم

کوا (ماجەلان) و (دێ جاما)؟

کێ ئازایە بێ بەلاما

(کریستۆڤەر) شاگردم بوو

گەمیەکەشی دەسکردم بوو

خۆی هەڵکێشا لەبەر خۆوە

تا مـــــیـــــزەکـــــەر وشک بۆوە
لە تـونیـــــان دەگـــــەڕا بـێ ئـاو
بڵاوەی کـــــرد خـــەیاڵـی خـــاو
***

وێرانەیە یانماڵە؟

پارسەکێک خۆی کوتایە هەیوانێک
وتی: برســـیم لەڕێی خـــودا نانێک
خـــاوەنی مـــاڵ گـــوتی بڕۆ نیـــمـــە
وتی: ســـا چۆڕە ئاوێ توونیـــمـــە
گـــوتی: ئاومـــان نەمـــاوە لاچۆ بڕۆ
وتی: بۆ پینە بزگـــوڕێک لە پەڕۆ
گوتی نیمە. وتی:کوتێک بەن و داو
گـوتی: بەس بای بدە خـەیاڵی خـاو
وتی: وام زانی مـــاڵە ئێـــرانە
لـێم گـــــــەڕێ با بـڕیمـە وێرانـە
من لەلام وابوو خـــاوەنی مـــاڵی!
تۆش لە وێرانە زگ ئەکـــەی خـــاڵی
تـووڕێ هـەڵبـگـرە دایـنـێ ئـەم پـۆزە
وەرە وێـکـڕا بـچـــــــینـە دەریـۆزە
***

هەڵە لە چیدایە؟

یەکێ لای قـازییـەک شکایەتی کـرد
بۆ ســمـێڵ چەوری کـووپە ڕۆنی برد
کـــووپە تا مل لە مـــشکی ئاخنراو

چنگە ڕۆنێک لەلای سـەر و بەرچاو
نیـــازی پێک هات و نامـــەیان دایە
قـــازی لایە و کـــەسی دەڕۆست نایە
کـــووپە ڕۆن دەرکـەوت، فـڕوفـێـڵـە
سـەرەوەی ڕۆنی ڕوون و بن لێـڵـە
ڕایسـپـارد نامـەکـەی هەڵەی تێـدا
بێنێ پاکی دەکـــەم پەڵەی تێــدا
وتی عـەرزی کـەن ئەم هەڵە و پەڵەیە
نە لەلای ئێـمـــەیە، لە کـــووپەڵەیە
هەر زلێکی بە چەوری دەس بڕ بێ
چاکـە ورگی لە خـۆڵەمـێش پڕ بێ
***

سەرچاوە سوێرە

مـــیری کـۆر دیتی جل شـڕێ دژوێن
مـیری گـرتۆتە بەر بە تـووک و جوێن
خـــوایە دەور و دووکـــانی وەرگـێـڕی
چی لەدەس نایە مـــیـری وا خـــوێڕی
کــــوڕی دارۆغــــەیـێکی لێی داوم
خـــوا هەڵـێنەگـــری زۆری لێ کـــراوم
پرسی: جا مـووچەخۆر بە میری چی؟
دۆ تراوە و ترش بە شـــیـــری چی؟
لـــە وەرام ئـــەو هـــەژارە دڵ ژیـــرە
وتی: زنجـــیـــرەیە و لەیەک گـــیـــرە

دەست و پێ جۆیە، مـیـرە سـەرچاوە
تامـی ئاو هـەر یەکـــــە لـە هەرلاوە
ئاوی کــانی کــە شـیــرن و خـۆشـە
گـەر لە ناوجـۆشـە خـۆشـە بینۆشـە
ئاوی جـــۆ تاڵ و بـۆگـــەن و ســـوێرە
دیارە سـەرچاوە پیس و بێ خـێــرە
مــیــر تکاندی لە چاوی ئاوی سـوێر
مەرجە فـەرمووی نەمێنێ میری کوێر
***

هاواری لەسەرە

کـــاروانێک شـــەوێک لە چۆڵێکا
بنەیان خـست لە شـیــو و دۆڵێکا
شـەکـەتی ڕێگە بوون دەبوو بخـەون
تـرسی زۆریـش بـوو بـەر دزی بکـەون
بوو لەگـەڵیـان یەکـێکی پیـری هەژار
گـوتـی: هەر چاروێدار و خــاوەن بار
یەکی زێـڕێک بدا بـەمـن بخـــــەوێ
پاســەوانتـــان دەبم تـەواوی شــەوێ
دز کــە هات دەیکەمــە هەرا و هاوار
مەرجی من هەر هەرا و لە ئێوەش کار
نیــوەشـەو دز گـەیشت و مـاڵی برد
تاو هەڵات مـامـە پیـرە بانگی کـرد:
مـــاڵو وێران بێ مـــاڵ نەمـــا ڕابن

چۆن دەزانن ئەوەند لە خـــەودابن؟

***

کـــــە دەبـینن هـەچی بـوو دزراوە
پیـرەیان گـرت بلّێ: چە قـەومـاوە؟
وتی: هیچ نەبووە! نیـوەشـەو سێ دز
زرتەبۆز و ســـمـــێڵ فش و چاوبز
یەک جوان، یەک نێوان، یەکێکی پیر
دەس بە ڕمب و کەوان بە تیر و شیر
گەینە سەر سەرم و گـرتیـان مـشـتم
گـەر نقـەم لێ دەهات دەیان کـوشـتم
مـاڵەکـەم دانێ خـۆم بکەم ڕزگـار
وا قــــەرزداری ئـێـــــوەشم: هاوار
شەو لە ترسان کە نەم بوو هاوارێک
فەرموو ئێستا هەزار لە جێی جارێک
قـوولە قـوولی لەپاش گـورگ ئەمـەیە
پەژیوانی دەمی مـــەرگ گـــەمـــەیە

***

دزی جادوو

خـــاوەنی مـــاڵ وتی بە کـــەیبـــانوو
هەست ئەکـــەم وا دزە و لەبان خــــانوو
وەرە با ڕێک بخــــەین تەڵە و داوێک
بەشکو مــامــدز بخــەینە گــەرداوێک
ژن بەدەنـگی بـەرز کـــــە دز ئەژنـەوت
پرسی: ئەم گـەنج و زێڕە چۆن دەس کـەوت؟

وتـی: نــازانــی مـن دزی جـــــــــادووم؟
بۆ دزی مـــــانـگەشـــــەو نەبا نەئـەچووم
دوای ئـەوەی نـاوی شــــــــەولـم هـێـنـا
بـاوەشی خــــــۆم لە تـیــــشـکـە وەردێنا
بـەو ترێـفــــــە ئـەچوومـــــــە ژێر بـۆ ژوور
گـــــورجیَ دەم ئاخنـی چ تێـــــڕ و چ تـوور
دوو هەلیش شــــەولم ئەگـــوت لەوســـەر
تیشکی مـانگ سـەریەخســتـمـەوە بۆ دەر
دزە لای وابوو خـــێـــوی مـــاڵ خـــەوتن
کـــــەوتە ئامــــادەبوون لە ڕێی کــــەوتن
شــەولی گـوت لە تیــشکی مـــانگ هالآ
پشــتی کـێــشــا بە تەخــتی ناو مـــالآ
دوانـی تێــــــلا بـەدەس لە ڕاست لە چەپ
کـــوێندەرێت دێشی دەیکوتن تـەپ و ڕەپ
دزی بـێ نـووزە خـــــوێـن وەبان دمـــــــەوە
خــــەونی خـــۆشی ئەدین بە شـــەولمەوە
کـــــــــــار و زانـین نـەبـێ لـە ئـارادا
ســـــەد نزا و جــــادوو بەهرەیەک نـادا
***
باوکی
دوێنێ گـوێم لێ بوو ئەحـمـەقێ ئەیگوت:
بـاوەگـــــەورەم وەزیری خــــــان بووگــــە
گــەرچی پێم وابوو زۆر درۆی فـــەرمـــوو

با فــــەرز کـــەیـن درێژ و پان بـووگـــە
هیچ کـەست دیوە گـــوو بنێـــتـــە دەمی
بێـــژێ ڕۆژێ ئەمـــیـــچـــە نان بووگـــە
***

لە مەرد ئەگەڕێ

فـــــەیلەســـــووفێ هەبوو لە یۆنانا
ڕۆژ چرای هەڵ دەگـــــرت بە کـــــۆڵانا
دەگـــــەڕا درز و قـــــوژبـنـی عـــــەرزی
وەک یەکـــێک ون بکا بە شـــەو دەرزی
تازە لاوێک بە گـــاڵـتـــە پرسی لێی
مـــامـــە بە چرا و بە ڕۆژ لە چی دەگـــەڕێی
گـــوتی: ڕۆڵەم بە خـــۆم و بە چراکـــەم
دەگـــەڕێم بەشکە مـــەردێ پەیداکـــەم
***

ژن و سەماوەر

ژنەکی کـــــۆر لە گـــــوندی لۆلان بوو
دوورە دیدە و هەتا بڵـــێی جـــوان بوو
ســـۆفـیـــیـــەکی شـێخ ڕەشـیـدی لۆلانی
ڕۆژێ لای شـــێـخ بە دەرفـــــەتی زانی
وتی: گـــەرمن لە خـــۆمی مـــارە بکەم
ســـوێند ئەخـــۆم دەردی چاوی چارە بکەم
ســـیـــســـە ســـۆفی ژنەی لە باری برد
نە بژیشکێکی دی و نە چاری کــــرد
شـــێخ وتی: ســـوێندی ســـۆفی بە درۆ بوو

گوتی: سووچی سەماوەری تۆ بوو
ئاگری کۆر ببوو نە خوست و نە هەست
چاپەزت هاتە پێش و شیشی بە دەست
لینگی ڕاکرد و خۆشی ڕاکێشا
لە کونی خوارەوەی پیا کێشا
چاوەکانی گەشاوە هاتەوە دەنگ
ڕەژوە ڕەش بوونەوە بە سوورە پەرەنگ
من وتم ژن سەماوەرە و کوێرە
چاپەزی پێ دەوێ و بە شیش فێرە
هێند خەریک بووم تیا چەما شیشم
وەختە کوێراییی دایە چاویشم
***

ئەوینی گەورە

چی زۆر بە نرخە و من شکی ئەبەم
نیشتمان بە دڵ پێشکەشتی ئەکەم
من ئەوینی وام بۆت کەوتۆتە دڵ
ئاواڵمە کاتێ دەشکەومە بن گڵ
ئەوینێ هەرگیز ناکا پرسیار
تاقی کەرەوە جارێک نا سەد جار
ئەوینێ هەرچی تۆ بڵێی دەوێرێ
زۆر ئامادەیە نرخی بژمێرێ
ئەوینێک هەرچی هەسی زۆر و کەم
دەڵێ ئامادەم قوربانتی دەکەم
***

چاکە لەگەڵ خراپان

ڕۆژێ دووپشکێ کـــەوتبـــووە نـاو ئاو
بێ هێـــز و دامـــاو وەک نیـــوە خنکاو
ڕەقـــێکی ئاوێ بەزەی پێـــدا هـات
ویســـتی لە مـــردن ڕزگـــاری بکات
ســـواری پشـــتی کـرد چوونە ئیـــشکانی
دووپشـک هەلـی بە دەرفـــــەت زانـی
گـــوتی: لە مـــردن کـــردت ڕزگـــارم
تـا دەمـــــرم بـۆ تـۆ ســـــوپاسگوزارم
کلکی درێژ کـــرد نـایە نـاو دەســـتی
گـــوایا بۆ ســـوپاس دەربـبـــڕێ هەســـتی
ڕەقـەش بە پەنجـەی سـەر کلکی کـوشی
بـە پێـــــــوەدانـێک داتـۆڵا لـەشـی
چزووی ژەهراوی هەر گـــەیشـــتـە لەش
ڕۆژی ڕووناکی لـێ بـوو بـە شـــــەوڕەش
وڕێنەی دەکـــرد لە گـــیـــانەڵا وا
بۆ پیـــاوەتیم کـرد لەگـــەڵ ناپیـــاوا؟

***

مشک و مێروو

مـــشکێ وامی کـرد گـەنم لە مـــێـــروو
زســـتـــانی ڕابرد تـێـــر و بە ئێـــروو
هاوین کـە مـــێـــروو چوو داوای لێ کـــرد
ســەد جـــوێنی پێ دا هەروا وای پێ کـــرد

وتی: باریکی ســـــەرزلی قـــــون خـــــڕ
بێم بە گـــــازێکم بتکەم شــــڕ و وڕ؟
چ ڕێت دەکـــــەوێ گـــــەنمت لای من بێ
من کەی وام لێ هات مێروو تای من بێ؟
مێرووی بەستەزمان چوە لای گورپەبۆر
گوتی خاوەن زۆر گورپەی مشک خۆر
پیــــاوەتیم لەگــــەڵ پێ نەزانان کــــرد
سووک باریم لەڕووی گران جانان کرد
پشـــیلە فـــەرمـــووی من لە گـــەڵتـــا دێم
تێی دەگەیێنم ئەو کێیە و من کێم؟
مـــێـــروو لای مـــشک دایکوتا ســـڵاو
مـــشک تووڕە بوو، پشی گـــوتی مـــیـــاو
وتی: ئەز گــــوری، دەســــەرت گــــەڕێم
وا چەند لەمـــــێـــــژە لە ڕبە ئەگـــــەڕێم
بۆ خــــۆم بە کــــۆڵم بۆت ئەهێنمـــــەوە
قـــورســـە پارســـەنگت بۆ ئەخـــوێنمـــەوە
نەرمی تێناگـــا ســـپـــڵـــەی بێ ئەمـــەک
دەبێ نەرمی کـــەی بە زۆری کــــوتەک
***

کرمی ناوخۆ

چڵـــێک مـــالۆچە لە دار بی هاڵا
ڕۆژێک لە گەڵیا دەی کرد سکاڵا
ئاواڵ! بۆ کـــزی بۆ ڕەنگت زەردە؟

نە تینووی ئاوی، نە جێگەت بەردە
بیـــــور ناتبـــــڕێ لە چی دەپرسی
لە کـــڕووســــینەوەی بزن ئەترسی؟
بەرز و ئەســـتـــووری ڕەگت کـوتاوە
دڕی و کـــــەنەفــــتی بنێــــرە لاوە
بـڕوانـە مـنـی بـاریـک و بـێ تـین
هەروا هەڵدەچم گـــەڵا تورت و شین
ڕێگەی پایزی مـــەرگم لە پێـــشـــە
هێـشـتـا وەکـو تو نـیـمـە ئەندێشـە
***
بە هەناســـەیەک ســـەری دار لەری
قرچەی لە دڵ هات چەند گەڵای وەری
گوتی: ئاودەنگی شۆخ و شەنگی من
لاوێـنـەرەوەی دڵـی تـەنـگـی مـن
ژانم گـــــرانە و نـاســــــۆرم زۆرە
دار کــــە دەقـــــەڵشێ لە دارە هۆرە
کـرمم تێ دایە و ئەویش لە خـۆمـە
لە کــــــرتاندنی ڕاهێڵ و پۆمــــە
هەر دارێ کـــرمی لەناو خـــۆی دایە
دەشکێ و دەکـەوێ بە سـوکـە بایە
***

پشوو درێژ

کەرێکی نەخۆش خەریک بوو دەمرد
بەشـــدار لە دیاری چاوێری دەکـــرد

دەیگوت بتۆپی گۆشتەکەی دەخۆم
سەگ دەیگرنەوە ئەگەر من بڕۆم!
لە کەر گران هات دیمەنی گەماڵ
وتی: چوارپێ بەگ تۆ بچۆوە ماڵ
من تیرەی کەرم زۆر گیان لە سنگم
فریوت نەدا هەناسەی تەنگم
هێشتا بۆ مردن دوو مانگم ماوە
سەگ زۆر لە سەرخۆ وەرامی داوە:
منیش نەتەوەی پشوو درێژم
وا لێرەم هەتا گۆشتت ئەچێژم
***

جێ ژووان

ڕاوکەر لە ڕاوا لە دەشت و دەردا
دوو ڕێویان هەستاند تاژیان تێ بەردا
مێ بە نێری گوت: با جوێ بینەوە
جێگایەک دانێ تۆ بمبینەوە
وتی بە سەرچاو، منیش پێم خۆشە
جێ ژووانمان دەزگای کەوڵ فرۆشە
***

ئایەتی گۆپاڵ

بۆ سەفەر ئەچوو مەلای مەزموورە
دەشیگوت ڕێگام گوندێکی دوورە
ژنەکەی وتی ئایەتەل کورسی

بۆ تۆ زۆر باشــه لە ســەگ دەترسی
ئەگـــەر بۆت هاتن بۆیان بخـــوێنە
گـــوتی: عـــافـــرەتێ بەسم بدوێنە
ســـەگـــەلی لادێ نەخـــوێندەوارە
لە قـــورعـــان ناگـــا چارە هەر دارە
سـوورەی گۆپاڵیـان لەسـەر دەخوێنم
ئەگـەر تێم نەگەن دەمیـان دەشکێنم
***

بایەک

یەکێ لە برســان نەک فــێل بازانە
لە جــێــیــەک دزی مــســتێ ڕازانە
خـــاوەن ڕازانە بە کـــاریان زانی
بە دار و قـامـچی بەربوونە گـیـانی
کـابرا شل و کـوت بەسەد کەوت و ڕەوت
ژان لەلەش، لەزگ خۆی کـوتا مـزگـەوت
ناڵە و هاواری خـــســتـــە هەر لایە
بژیشکێ گـــوتی: دەرمـــانت بایە
ڕازانـە بـایـە بـە بـا دەر کـــــــردن
ڕزگـــاریت دەبێ لە چنگی مـــردن
نـەخـــــۆش دەتلاوە بـە ئاوات بـاوە
تـا فـــــەرداهی ڕۆژ هـەر دەپاڕاوە
نـــزای نـــاڕەوا بـــای دەر نـــەهـــێـــنـــا
بە ناهومـــێـــدی ســـەری هەڵێنا

گوتی: خودایە وا دیارە دەمرم
بۆ ئاواتێ تر داوێنت دەگرم
لە پاش مردنم بەهەشتم دەرێ
هۆری و هەنگوین و ئاوی کەوسەرێ!
یەکێ ئەمەی بیست لێی هاتە وتار
گوتی: هەی گێژی زۆر بێژی لاسار
لێی پاڕایەوە سەر لەبەر شەوێ
تری نەدایەی بە هەشتت دەوێ؟
کەسێ بۆ بایەک دەنگت نەیگاتێ
هۆری و هەنگوینت چلۆن دەداتێ؟
* * *

ڕێوی و کەڵەشێر

ڕێوییەک دەگەڕا ملومۆی دەکرد
هەر چاوەنۆڕی ڕۆزیی خۆی دەکرد
کەڵەشێری سوور دوور هاتە بەرچاو
پاش چاک و چۆنی و ڕۆژباش و سڵاو
پێی وت: بەهەشتی باوکت برام بوو
یان من لای ئەو بووم یان ئەو لە لام بوو
دەنگ خۆشی وەک ئەو کوا دەبێتەوە
هیچ کەڵەبابێک جێی ناگرێتەوە
کەڵەشێر وتی: ڕێوی چە ئێژی
خۆت هەڵە ئەکەی یان گێل و گێژی؟
ئاواز خۆشترم گەلێ لە باوە

نـاوبـانـگـی دەنـگـم گــــــــەیـوەتـە لاوە
چـاوی قـــــــووچـانـد و بـاڵـی پـێـکـادا
ڕێـوی بە قـــەپـێک کــــڕکــــڕەی بـادا
بردی و قــیـــڕاندی و پـێی زانی خــێــوی
ســـەگـــەلی بـەردا شـــوێن پیــــرە ڕێوی
کــــەڵەشـــێـــــر وتـی: ئەگـــەر دەتەوێ
چیــدی گــەمـــاڵ گــەل وەدووت نەکــەوێ
بێــــــژە وەخــــێــــــوم با دڵـنیــــــا بێ
بۆخــۆی پـێی خــۆشــە لەگـــەڵ منا بێ
ڕێـوی بـۆ وتـار دەمـی کـــــەوتـە کـــــار
کـــەڵەشــــێـــر بـەغــــار پـەڕیـە مـــازودار
ڕێـوی بـانـگـی کـــــــرد: بـەڵام لـە زارێ
بـە بێ کـــــــات جـــــــارێ هـاتـە وتـارێ
کـــەڵەباب گـــوتی: با کـــوێر بێ چاوێک
لـە ڕووی دوژمــنــان لـێــک نـرێ تـاوێـک
***

ڕەقە و مراوی

جــــووتێک مـــراوی ســـاڵێ لە چۆڵێک
هێـــــلانـەیان بـوو لە نـزیک گـــــۆلێک
ڕەقـــــێک بـۆیـان بـوو بـە دراوسێ مـــــاڵ
زۆری پـێ نـــەچــوو زۆر بـــوون بـــە هــاواڵ
کــاســە جــیــرانیــان بۆ یەکـتــر ئەبرد
شـــەو و ڕۆژ یـاریی یەکـــتـــریان ئەکـــرد

ئەوان لەســـــەر باڵ دەیانکرد ســــەیران
ڕەقــــە لەبەرمـــــاڵ دەبووە پاســــەوان
زســـتـــان خـــۆی نـواند بەڕووی تاڵ و مـــۆن
باڵدار نـاچار بوون بۆ گــــەرمـــێن بڕۆن
ڕەقــــە دەســـــتی کـــرد بە شین و گـــریان
جـــــــەرگی ئـاسنـی بـۆ دەبـوو بـریـان:
ســەر ســەوزی ڕەنگین بورچینی نەشــمــیل
لە دەوری ئێـــــوە دەگـــــرم دیق و ســــیل
وەک باوکی وســوو مــەمکەن پیــر و کــوێر
منیش هەڵگرن دێمــە گــەرمــەســێــــر
ڕەقــــە گـــازی گـــرت لە دارێکی ســـووک
هەردوو ســــەریان گـــرت باڵدار بە دندووک
فـــــڕین لە دەشــــتـــــان لە چیـــا و نـواڵان
چـاویـان پـێ کـــــــــــەوتـن ژن و مـنـاڵان
وتـیـــــان: مـــــراوی چەند بـە فــــــریـوە
ڕەقـــــــــــــەی هـەژاریـان بـەدار دزیـوە
ڕەقــەی ڕق هەســـتــاو لەم گــفــتــوگــۆیە
زاری کــــــــردەوە و گــــــــوتـی: درۆیـە
ئـیــــتــــر ســــەرەوژێر بۆی هاتە خـــواریٚ
کـــــــــــەوتـە نـزاریٚ نـاو بـەرد و داریٚ
خــوێنت هەڵ نەچێ بەگـــفـــتی بەدکـــار
نهــــێنیی دڵت مــــەهێنە ســــەرزار
***

مێشک و دڵی نییە

شـــێـــرێک نەخـــۆش بوو ژان لەدڵ و ســـەر
وتیـــان دەرمـــانن مـــێـــشک و دڵی کـــەر
وتی بە ڕێوی: کـــــەرێک پەیداکـــــە
بەشم مـــێـــشک و دڵ بەشت کـــەلاکـــە
ڕێوی چووە لای کـــەر گـــوتی: کـــەری ژیر
وەرە بۆ لای شـــــێـــــر دەتکا بە وەزیر
کـــەوتە دووی ڕێوی دڵخـــۆش دەیزەڕاند
شـــێـــر لێی ڕاپەڕی ملی تێک شکاند.
گـــوتی: من دەڕۆم دەست و پەل دەشـــۆم
چاوەنۆڕی تۆم مـــێـــشک و دڵ بخـــۆم.
ڕێوی بە هەڵپـێک مـێـشک و دڵی خـوارد
خۆی لە شێـرە بوارد تا شـێر لە دووی نارد
کـوانێ مـێـشک و دڵ؟ خـۆ نەیبـو پاشـا!
ســـەیرە و تەمـــاشـــا! خـــۆم دیم لە لاشـــا
پاشـام ئەگـەر کـەر مـێـشک و دڵی با
دەبوو فـــێـکی خـــۆی زوو بزانیـــبـــا
کـــەر و وەزیری؟ کێ بیـــســـتـــوویەتی؟
من ئێـــژم نەیبـــوو، ئێـــژی بوویەتی!
شـێـر فـەرمـووی: کـەرێک بەخـۆی نەزانێ
ڕێوی ڕاست ئەکـا مـێـشک و دڵ کـوانێ؟
***

قەل و کەو

کـــــەو قنەی دەکـــــرد لەو بەر پەســـــارە
لەقـــەل شـــیـــــرن هات ئەو لەنجـــەولارە
بێ خــــۆراک و خـــەو بە ڕۆژ و بە شـــەو
دەکــەوتە شــوێن کــەو فــێــربێ ڕەوتی ئەو
وەک کــەو فــێــر نەبوو چی کــرد و کــۆشی
لە بیــــــری چۆوە ڕەوتەکــــــەی خـــــۆشی
زۆر کــــەس لە ئێـــمـــەش بۆ لاســـای لاوە
وەک ئـەو قـــــــالآوە دژ و دامــــــــاوە
***

کەر بۆ سەر زەماوەند

کــەریان بانگ دەکــرد بێــتــە ســەر شــایی
کـــــەر هاواری کـــــرد: مــــالّی وێرانم
وا هـەڵ نـاپـەڕم ســـــــــەرچۆپـیـم دەنــێ
گــۆرانی خــۆشــیش کـــەمـــتـــر دەزانم
بـەخـــــوا دەترسم بمکەن بە ئاوکــــێش
یان باراشی باش بێـــتـــە ســـەرشـــانم
***

خیگە بەری نادا

دوو ڕاوکـــەر لەچەم دیتـــیـــان خـــیگەیەک
یەک خـــــۆی تێ هاویشت تا دەری بێنــێ
خـــیگە ورچێک بوو کــابرای ڕێک گــوشی
خــــەریک بوو بە زۆر پشـــــتی بشکێنێ
ئەمـــــیـــــان بانگی کـــــرد: برا بەری دە

خیگە دۆشاوێک هێندە ناهێنێ
گوتی: من هەر زوو خیگەم بەرداوە
ئەو من بەرنادا وا دەمخنکێنێ
***

گورگ و بەرخ

گورگێ خوێناوی پەل دەشواتەوە
بەرخێک لەبەر ئەو ئاو دەخواتەوە
گورگ بانگی کرد: لێم شلوێ مەکە
تووڕەم لەو فیزەت زۆریم لێ مەکە
وتی: گورگاغا تۆی لەسەرووی من
لێخناوی تۆبە دێتە گەرووی من
گوتی: دەردەکەی پێرار بەهارە
ئێستاش لە شاخت لەشم زامارە
وتی: من ئەمساڵ زاوم لە مەڕێک
تۆ لە بەهانەی پێم بکەی گەڕێک
گوتی: جوێن دەدەی کۆنە دوژمنم
دیارە پێت وایە من درۆزنم
تۆ تاوانباری گۆڕت خواردنە
بەهەرەت بۆ نادا ئەم خۆ بواردنە
لەچەنگی گورگا بەرخ هەڵدڕا
ئاوی چەم دەیگوت لەگەڵ خوڕخوڕا:
کەی دەبڕێتەوە بیانووی زۆرداران!
کێیە وەدەنگ بێ لەسەر هەژاران!
***

کەر و کەوڵەشێر

کـــــەرێک لەناو پووش لە لێـــــژ و زەنوێر
توشی بوو بە تـووش کــەوڵی شـێـری نێــر
کـــــەوڵی کـــــردە بەر هاتـەوە مـــــاڵان
چۆڵـیــــــــان گـــــــرتـە بـەر ژن و منـاڵان
کـــەس نەمـــا لە گـــوند هەر یەک بە لایە
ڕادەکـــــەن بە تونـد شـــــێـــــرە و بەڵایە
کــەر کـــەوتە گــەشکە گــوتی ســامــەوە
کـــوا تێـــــڕ و ڕەشکە بێن بەلامــــەوە
دەیـــان درێـــنــــم دەیـــان چـــڕێـــنــــم
چنگاڵ بە خـــــوێنم مـــــرۆ گـــــورێنم
کـــەڵ دەترســـێنم ڕەنگم ڕەنگی شـــێـــر
بـا بشـنـەڕێـنم بـەو دەنـگـی دلـێـــــــــــر
لەســـەر سم ســـەمـــا بە جـــیـــفـــرک دان
بە یـادی کـــــــەمــــــا دایـگرتە بـەندان
شـــــــیـــــــو و دۆڵ و دەر دەنـگی دایـەوە
زەڕەی شـــــیـنەکـــــەر زوو نـاســــرایـەوە
کـــەوڵەشـــێـــر کـــرا لوڕ و جل و بەڕ
ســـەر پشـــتی خـــرا باراشی زمـــهـــەڕ
دەیـکرد وتـووێـژ لەو ســـــەر ڕێبـــــازە
کـــە نابێ بەشـــێـــر بە بەرگی تازە
***

قەل و بولبول

جارێک بولبولێک لەگەڵ قەلی ڕەش
لەناو ڕکەیەک کرانە هاوبەش
بولبول دەگریا بە بانگ و هاوار
چۆن بوومە یاری هاوسای نالەبار!
بولبول لەگەڵ قەل چۆن ڕێک ئەکەوێ
من گوڵ پەرستم ئەو لاکی دەوێ
جێی من دەبوایە لەناو چیمەن با
بەرچاوم جوانتر چاوگە و دیمەن با
لەگەڵ بولبولان لەسایەی چڵان
بمانخوێندایە بەرەو ڕووی گوڵان
چاوبرکێنەم با دەگەڵ گوڵی ئاڵ
کەی دەهاتە بیر ئەم ژیانی تاڵ؟
چاوم هەڵدێنم ڕووڕەش دیمەنە
چۆنی بدوێنم دەمی بۆگەنە
گەردوون کردوتم لە ژین هەراسان
دەسا بمدەیە مەرگێ بەهاسان

***

قالا و لە بولبول پتر پەشێو بوو
لە بەر چاوی ئەو بولبول دزێو بوو
دەیوت خودایە گوناهم چی بوو
گۆشتی کەرەکەی عیسام دزیبوو؟
کەوتوومە زیندان لەگەڵ ئەم چووکە

ئەو چەقــەســرۆیە ئەو هەرزە و ســووکــە
لــەو چــەنــەبــازە، لــەو هــەڵــەوەڕە
مـێشـک و سـەر گـێـژە گـوێم کپ و کـەڕە
دڵـداری گـــــوڵـە کــــــڕیـاری بـۆنـە
زامـی پـشــــــتـی کــــەر نـازانـێ چـۆنـە
چــارەم ڕەش بــووە وەک پــەڕوبــاڵــم
لـەو ســــاوە بـولـبــــول بـۆتـە هـەواڵـم
ئاخ بـۆ ئـەو ڕۆژەی منـی شــۆخ و شـــەنگ
لەگـەڵ چەند قــەلـی هاودەنـگ و هاوڕەنگ
لـەنـاو دێـبـــــــەران لـە دەشـت و دەران
قــرقــرمــان دەکــرد لـە دەوری کــەران
چـارەم لـە چـارەی بـولـبـــــــولان نـایـە
زۆر پیس پێــوەبووم، مــەرگــێک خـودایە
ســـــەیرە لـەو دنـیــــا پـان و بـەرینـە
هەرکــەس کــاری خـۆی لەلا شــیــرینە
***

گریان نەک نان

ســـەگێ لە چۆڵێ خــەریک بوو دەمــرد
خـــێـــوی بە ڕۆڕۆ شـــیـــوەنی دەکــرد
ڕێبــواری پرسی: گــریان و بۆ ســەگ؟
گــوتی مــەڵێ ســەگ، برای بە ئەمــەگ
بـڕبڕەی پشت و یـاری گــــیــــانیم بوو
مـــایەی دڵخـــۆشی و کــامــرانیم بوو

پاسداری ڕەز و پارێزگاری ڕەز
خۆش بەز و بەلەز دەم گەرم و بەگەز
گورگ لە ڕووی ئەو وەک کەوی کولێو
بۆ ورچ ئەچوو وەک گورپە بۆ پیو
ئێستا دەبینم لە برسا دەمرێ
دڵ بەبێ گریان چۆن ئۆقرە دەگرێ؟
پرسی: چیت پێیە کۆڵت گرانە؟
وتی: تێشوومە و هەنبانە نانە
گوتی: ناوت نا برای هاوپشتت
نان بە کۆڵتەوە و لە برسان کوشتت؟
گوتی: دۆستیمان هەرچەند بە هێزە
گەرمە و بەکێشە و بەپشت و پێزە
بەڵام تا ئەوجێ نەوینە هاواڵ
لەتۆشەی خۆشم بەشدار بێ گەماڵ
بۆ گریان و شین گەلێ ئامادەم
بێتە باری نان تیکەیەک نادەم

***

بیخە زمانم

سوارێک ڕادەبرد لەکوێرە دێیەک
پیسکەیەک گوتی: ببە میوانم
گورجێ دابەزی و پرسی: ئەسپەکەم
لەکوێ وەبەستم: ماڵت نازانم

گــوتی نەمــزانی گــوێت هێندە ســووکــە
مــن پــەشــیــمــانم، بیــخــە زمــانم
***

لە بەهاری نەهاتوو

لاوە دۆمـــێـک بـوو مـــێـــردی دووژنـە
یــەک نـاوی: نـارێ، ئـەویتـــــر: شـنـە
زســتــان بـوو، دەیگوت: ئـەمــســاڵ بەهارێ
دوو کـــــەوان دەگــــرم بـۆ شنـە و نـارێ
بـوو بـە شـــەڕەژن لەســـەر کـــەوی نێـــر
ئـەو دەیـگـوت بـۆ مـن ئـەم ئـەیوت نەخـــێـــر
یەکـــتـــریان شـــێـــلا بە پێلەقـــە و پێ
هـاواریـان دەکـــــرد زار و زیـچـی دێ:
نـە بـەهـار هەیـە و نـە کـــەو گـــیـــراوە
قـــــژی دۆمـــــەژن گــــشـــــتی ڕناوە!
زۆر لاوە کــــــــوردیـش وەک ژنــی لاوە
شـــەڕیانـە و هێــشــتــا کــەو بـە چیــاوە
***

تووتیی کەچەڵ

تـووتـیـــیــــەکی هەبـوو وردە فـــرۆشـــێک
چلۆن پیـتـۆڵێک؟ چۆن قـسـە خـۆشـێک؟
لەبەر گـەپـجـاڕی و گـاڵـتـەی ئەو مـەلە
کـــڕیـار کـــۆمـــەڵ و کـــابـرا بە پـەلە
ڕێی دەســـتـی نەبـوو ســـەری بوخـــرێنێ
دراو بســـــتـــێنێ و فـــرۆشـــراو بێنێ

ڕۆژێ مام دەروێش چوو بۆ مزگەوت
گورپەیەک ڕێگەی لە دووکان کەوت
کەڵپی چیڕ کردن لە تووتی خواردن
تووتی ڕاپەڕی بۆ خۆ وەشاردن
باز لە پشیلە و لە تووتی فڕە
ڕژایە سەریەک شاتاڵ و شڕە
شووشە ڕۆن بادام داکەوت و پژا
ڕۆن بادام بەسەر گرار دا ڕژا
خاوەن هاتەوە سەر ماڵی وێران
پەل و پلاری داوێشت وەک کوێران
چەپۆکێکی دا لەسەری تووتی
تووکی لێ وەری و سەر، ما بەڕووتی
مات و کڕ وکپ دەمی پێکادا
کۆمای کڕیاریش لە کابرای لادا
ئەهاتن تا گوێ لە قسەی خۆش بگرن
ئێستا بۆچیانە دەروێشی ورگن
خێو کە تووشی هات بازاڕی کەساد
پەژیوان بوو کەوتە خوداداد
دەپاڕایەوە بەناڵە و ڕۆڕۆ
بەڵکو مەل دیسان بێتە گفتوگۆ
هیچ بەهرەی نەما نزای زمانی
ناچار گایەکی کردە قوربانی
بەناو باژێڕدا گەڕا و بانگی هێشت:

هەرکـەس هەژارە بابێــتــە ســەر چێــشت
کــــۆبۆوە گـــەلێک تـەنبــــەڵ و ڕووتەڵ
تووتیـــیــەکی دیت وەکــو خــۆی کــەچەڵ
بانگی کــرد خــاڵۆ کێ لێی دای بەمــشت
تـۆش دیـارە وەک مـن ڕۆن بـادامـت ڕشت
تـووتی کــــــەوتـەوە وتـار وەک جــــاران
ئەمــەش بوو بە پەند لە جـەرگــەی یاران:
هەربیـــر لە خـــۆبە هەرکــەس داخــێــوێ
لە هەنبــانەی خـــۆی گـــوێزان دەپێـــوێ
***

ورچی نەکوژراو مەفرۆشە

دوو کــەسی ڕاوکـــەر چووبوونە جــەنگەڵ
یەکێ ترســـەنۆک، یەکـــێکی تەنبـــەڵ
ترســــەنۆک وتی: ورچێ ڕاو ئـەکــــەین
های کــەوڵی ورچ لە شــار قــاو ئەکــەین
بـە نـرخی ورچە زۆر کــــوتـاڵ ئەکــــڕم
بۆ تۆش کـــراســـێک لە جـــاو دائەدڕم!
ورچێک دەرکـــــەوت لـە ســــــای نـزارێ
ترســـەنۆک ڕای کـــرد پەڕیە ســـەر دارێ
تـەنبـــەڵ لێی کــەوت وات ئەزانی مـــرد
ورچەی هـاتەســـــەر بۆنی پێـــوە کـــرد
بە مـردووی زانی و هێـشــتی بێ گـێـچـەڵ
کــابرای لە ســـەردار گــوتی بە تەنبــەڵ:

ورچە چی ئەگـــوت؟ بەخـــوا زۆر ترســـام
وتـــی: دوو پـــەنـــدی زۆر بـــاشـــی دادام
لەگـــەڵ ترســـەنۆک مـــەبە بە هاوکـــار
تۆ بەجێ دێڵێ و خـــۆی دەچێتـــە ســـەر دار
دۆشت پێ خـــۆش بێ بەران مـــەدۆشـــە
ورچی نەکـــوژراو پێـــســـتی مـــەفـــرۆشـــە
***

دۆستی نەزان

باغـــەوانێکی پیـــری کـــۆنەســـاڵ
لەگـــــەڵ ورچێکا ببـــــوونە هاوڵ
دۆســـتی یەکـــتـــر بوون بەدڵ و بەگـــیـــان
هیچ ســـات و کـــاتێ بێ یەک نەدەژیان
لە گـــوێز لە ترێ لە دانە و هێـــشـــوو
بۆ مـــام ورچ بوو نۆبەرەی پێـــشـــوو
ورچەش زۆر بەدڵ خـــزمـــەتی دەکـــرد
هەرکـــــارێک هەبا بەرێوەی دەبرد
داری دەتەکـــــاند ترێی ئەچنی
چنگاڵی چەک بوون لە ڕووی دوژمنی
بە ڕۆژ کـــارکـــەر و پاســـەوان بەشـــەو
باخـــەوان بێ خـــەم چاوی ئەچوە خـــەو
***
ڕۆژێکی هاوین باخـــەوانی پیـــر
خـــەوتبـــوو لە بن دارێکی هەنجـــیـــر
ورچە لە تەکـــیـــا هەڵتـــروشکا بوو

مێش دەرکرانی پێ سپێرابوو
ئەو ڕۆژە وای کرد هروژمی مێشان
بۆ ورچە ببووە مایەی سەرئێشان
ویستی بە جارێک قڕیان تێ کەوێ
تا دۆستی بەڕێز خەوی لێ کەوێ
گاشێکی هەڵگرت بەهەموو توانا
بە بێ سێ و دوو دای بە مێشانا
لەگەڵ مێش کوشتن کابراشی جنی
دۆستایەتییەکەی بوو بە دوژمنی
دۆستت نەزان بێ لە بەری هەڵێ
ڕووڕەشی لەدووە ماچی مەنجەڵێ

***

کەر بە لاحەول ناژی

دەروێشی شڕ و کەرێکی لاواز
شەکەت لە نشێو، ماندوو لە هەوراز
شەو داهات لای دا لە خانەقایەک
لە سۆفی پرسی: بۆ کەر جێگایەک
گوتی: ماشەڵڵا دەروێش چ ژیری!
لە بیرت نەچێ میوانی پیری
زۆرزۆر خۆشهاتی جێگات لەسەرسەر
بێ خەم، لە سەر من دابین بوونی کەر
وتی: سا توخوا بیبە سەر ئاوێ
ئەی سوبحانەڵڵا دەروێش پێی ناوێ
سۆفی گیان کاشی بۆ دانێ کەمێ

ئەسـتـەغـفـیـروڵڵا جـۆشی ئەدەمێ
پەینی وشکیـــشی بەرپێ ئەرێژی؟
لاحـــەولەوەلا، دەروێش چ گـــێـــژی!
خانەقـای شێـخـە و جێگەی ئیـللەڵڵا
تاقـــەتی ئەکـــەم، مـــەیکە بەهەڵڵا

***

دەروێش پڕخەی بوو بەدرێژایی شـەو
سۆفی و کەر و کا و جۆی دەهاتە خەو
بەیـانـی دیـتـی: کـــــەر هـەر بەجلە
سـەر تا پای نـوقـمی ڕیخـاوی شلە
لە برسـان سنگ و گـوریس ئەجـاوێ
نە سـۆفی دیوە و نە کـا و نە ئاوێ!
کـــەری وەدەرنا بە پاڵەپەســـتـــۆ
جار بەپاش دادێ جار بەسـەر ئەسـتۆ
گوتیان: مام دەروێش کەر چی بەلایە
وتی: بێ هێـــزی ســـوبحـــانەڵلایە
درێژاییی شـەو هەر ئیلەڵڵای خـوارد
سـۆفی سـەوەیەک مـاشەڵڵای بۆ نارد
کـــەرێ هەمـــوو شـــەو لاحـــەولێ بادا
پێـــو ســـەیر نەبێ گـــەر بێ بەلادا

***

ئەگەر

ئەگـــەر گـــورپەبۆر باڵی لێ بڕوێ
دەنگی بولبـــولمان نایەتە بەر گـــوێ

گەر بدرێ بە کەر دوو شاخی گامێش
هیچ کەس ناتوانێ لێی بچێتە پێش
***

ژوانێکی دوور

شـێـخـۆنادۆ نـاو، زوڕنا ژەنی پیـر
جـەفـەنگبـاز و ژیر دەژیا لە جـزیر
شێخێک پێی دەڵێ: زوڕنا بەس لێدە
لە سـەر مـردنی گـاڵتـە فـڕێدە
وەرە تەکـیـەکـەم ڕیشت بەردەوە
پەژیوان بەوە لە گـشت کـردەوە
من شێخم مەلام سەیدم حەجم هەشت
ناڵێم پێم دەکرێ بت بەمە بەهەشت
بە بێ تۆش ناچم. شێخۆ پێ کەنی
ڕووی کردە شێخ و گوتی: ئەزبەنی
من شـێـخـۆنادۆم نە ڕۆژوو، نە نوێژ
جـارجـار زوڕناژەن، گـا گـۆرانی بێـژ
وەک خۆم حەنەک چی کەسی دیکەنین
مـردووی گـۆڕسـتـان دێنمە پێکەنین
ژیان شـیـرینە جـیـهـان زۆر خـۆشـە
بە پووش و کـڵـۆش خـۆت دامـەپۆشـە
گـەر بەمن دەکـەی شـاڵەکـەت باوێ
ڕێشت بتـــاشـــە داوت پێ ناوێ
لە دەروێش گـرتن پەشـیـمـان بەوە

زورنـایەک بـکرە و ڕەگــەڵ من کــەوە
فــــێـــرە زورنـابە لای لەتـۆی کــــورم
ئەو ڕاســتــە کــورمــە تـۆش دەبـیــە زرم
نالـێـم پێم دەکـرێ دەولـەمـەندت کـەم
بـەڵام بـرێــاربــێ هـەتـا ئــەمــن هـەم
بـۆ هـیـچ ئـاهـەنـگـێ بـەبێ تـۆ نـاڕۆم
لە دراوی شاباش بەشداربە وەک خۆم
ژوانی گـفـتـی تۆ سـەد هەزار سـاڵە
زورنای من ئێـسـتـا لەسـەر هەرزاڵە
***

ورگە مەڕ

شێخۆ، لە شێخێک دەپرسێ: مـامـە
بۆ دەف ڕەوایە و دەهۆڵ حــەرامــە؟
پێـسـتـی هەردوکـیـان هەر ورگە مـەڕە
هێن دەهۆڵ قــەڵـەو هی دەفــە لـەڕە
شــێخ گــوتـی: چونکو دەفــە بڵاوە
دەهۆڵ گــیــــراوە، پیس و گــڵاوە!
وتی: ئەی چۆنی بۆ شـووتـی و کـفـتـە
گـفـتـت چ تفـتـە؟ نان خـۆری مـفـتـە!
***

هەڵەی زمان

سالێک لە دێیەک کۆلکە فەقێیەک
لەناو کـتـێـبـێک دیتی لە جـێـیـەک:
دەڵێ شـێخ فـەرمـووی هەتا هەتایە

پێستی سەگ پیسە و دەباغی نایە
ئەمەی هەژ نۆ جار پاتە کردەوە
پاش ڕەوان کردن ئاوای خوێندەوە:
سەگ فەرموویەتی هەتا هەتایە
پێستی پیسی شێخ دەباغی نایە
***

شۆربا و پشکەڵ

دەروێش لای مەلا وتی پیس قەوما
شۆربا و پشکەڵم دەخوارد لە خەوما
دابۆم بڕوانە و بۆم لێک دەرەوە
ئەو خەونی ناخۆش چی بە بەرەوە؟
گوتی: بیست قۆشەم دەیە پێت دەڵێم
وتی ڕێم بەردە لە بەرت هەڵێم
چۆن بوویتە مەلا بەومێشکی وشکەڵ
من دراوم با چم بوو لە پشکەڵ
پشکەڵ خۆر نەبووم قۆشە وا زۆربا
مشتە ماشێکم دەکردە شۆربا
***

لەچەر و تاژی

سەیرە لەچەری ڕژدی دەس قووچاو
دراو کۆدەکا و نایخوا تا دەمرێ
لێم بۆتە تاژی بۆخۆی برسییە
کەچی کەروێشک بۆ خەڵکی ئەگرێ
***

له دڵی نەداوە

شێـخـێک بۆ ژنان ئامـۆژگـاری بێـژ
هەرای بوو لە مەڕ دروستیی دەسنوێژ
دەیگوت: تووکەبەر ون کا دەنکەجۆ
لەش پیسە و نوێژتان دەڕوا بە فیـڕۆ
لاوێکی بێ مـوو چووبووە قـوژبنێک
بەرگی وەک ژن بوو، پرسی لە ژنێک:
دەسـتـێکت بێنە بۆ سـەر بەرگـەدەم
بزانە چۆنە دەگـەڵ گـفـتی ئەم؟
ژن هاتە دەسـتی ڕەقێ لەو ناوە
هـاواری کـرد و دڵی بـووراوە
شێخ فـەرمووی: پەندم بەهێـز و پێزە
وا دای لە دڵی ئەم خـۆ پارێزە
لاو گـوتی: یاشـێخ هەڵی دەبەسـتی
نەگـەیی بەدڵ گـەیشـتـە دەسـتی
پەندی ڕەقی تۆ کـار لە دڵ ناکـەن
دەبێ ڕەپوڕاست لە دەسـتت ڕاکـەن

***

کونە کۆتر

یەک هەڵی قوڕاند ماستاو لە خوڕینی
تنۆکـە مـاسـتـێک پەڕیە ڕدێنی
هاتە دیوەخـان گـوتی ئەمـڕۆ زوو
بەر قلیـانەکـەم بێـچـوە کـۆتر بوو
گوتیـان ڕاست ئەکەی دەم کونە کۆتر

نەمـــان دی لەخـۆت کـەس بێ درۆتر
دیارە لە دەمـــتـــا کـۆتر نیــشـــتــەوە
جـیـقنەی یەکـێـکیـان وا بە ڕیشـتـەوە

***

کێ زاناترە؟

شـوانە کـوردێکی زۆر بلوێرهەنگێـــو
ڕۆژێـک بلوێری لێ ئەدا لە کـــێـــو
بیــستی جووکـەیەک دەسنوێژ هەڵوەشێن
لە لێـدان کـەوت لەبەر دەنگ و بێن
نەینا بە کونەکـەی باکـەی لێ دەرچوو
فەرمووی:تۆ باشتر لێ دەدەی فەرموو

***

کەمی لەبیرە

کوڕ بە دایکی گوت: بێجگە لە باوە
چەند شـوی ترت بوون، وەرامی داوە:
نۆ مـێـــرد لەو هۆزی نۆیان لەم هۆزی
دوو نۆش لە هۆزی نەورۆزە قـــــۆزی
نۆ هەر لـەبەر تـاو خـــــۆیان ئەدۆزی
نۆشیـان نیـوەی ساڵ دەژیان بێ ڕۆزی
شەشە و شـەشان و شەشێکی تریش
ورچەی ئامـــان و ڕەشــــێکی تریش
بەخــوا ڕۆڵە گـیـــان دەس بە هەویرم
وردە مــێـــردەکـــان کـەم دێنە بیـــرم!

***

ڕاست و درۆ

یەک لە خـــەوا دی لە شکێـــرێکا
کـــووپەڵە زێڕێک لە ناو تێـــرێکا
لە خـۆی شـەتەک دا لە ڕژد و چیـا
هێندە شـــەکـــەت بوو بە خـــۆدا ڕیا
ڕاپەڕی نـەیدیت نەتێـــــر نـە زێڕێ
بەڵام سل هەبوون هێندی بان گـێـڕێ
***

دلۆ بەدەهۆڵ

ژن بێـیـــەک گـوتی بە شـێـخـۆنادۆ
نە زوڕنا خـۆشـە و نە لێ لێ و لۆ لۆ
ئەگـــــــەر تۆ ئـازای زوڕنـا بـاوێژە
هـەر بەو دەهۆڵـەت دلـۆیـە بێـــــژە
وتی: تۆ بایەک بە پێـــشت بەردە
مـنـیـش دەبـیـنـم چـاری ئـەم دەردە
***

ڕیش هەڵ تەکێنە

سـولـّتـان مـەحـمـودی شـای بەدەنـگ و ناو
شــــەوێک ئەگـــــەڕا بە بەرگی گــــۆڕاو
لـە کــــەلاوێکا کــــۆمـــــەڵێکی دی
لای دایە لایان گــــوتیـــــان: ئەتۆ چی؟
گــــوتی: مـن دزم شــــەوگـــــەردە نـاوم
لە دەســتــەی هاوڕێ ئەمــشــەو جێ مــاوم
گـوتیـان: هەریەکـمـان فـێـڵـێک دەزانین

به فێڵ سەرتۆپی کۆمای دزانین
یەک لە دوور ئەکا بۆنی زێڕ و زێو
یەک بە فوو ئەبڕێ دیوارە یا کێو
یەکمان تێ ئەگا لە حەپەی گەماڵ
ئەزانێ چۆنە خەوی خاوەن ماڵ
وەک ڕۆژ ئەبینێ یەک بە شەوی ڕەش
تۆ چی ئەزانی بتکەینە هاوبەش؟
گوتی: پێشترم زۆر لەم پیشەدا
ژیان و مردن ها لەم ڕیشەدا
هەزار دز بەرن بۆ پای قەنارە
ڕیش هەڵتەکێنم گشتی ڕزگارە
وتیان تۆ باوکی هەموو دزانی
نیوەی بۆ تۆبێ هەرچیمان هانی
***
تولەیەک وەڕی، گەماڵێ گرتی
زمانی سەگزان کەوتە دڵ خورتی
تولە گوتی دز، گەماڵ گوتی وست
خێوماڵ دەنگ ناکا تۆ بۆ خۆت تێخست؟
شا وتی ئەمیش هەر ئیشی ڕیشە
جادووی ڕدێنم داوی سەگیشە
***
بە بۆن بۆنی کرد گەنجینەی خونکار
بە فوو کون کرا لایەک لە دیوار
تێر پڕ بوون لە زێڕ گیرفان لە گەوهەر

گەسکی لێ دریا و بریا و چوونە دەر
ماڵ شاردراوە و خۆی لێ وەشاردن
ئەو شەوە هەمووی بە بەند سپاردن
بە ڕۆژ هەڵخران سێدارە بۆ دز
دز لەپای دارا خەمبار و سەرکز
چاوڕوونی شەوبین کردی تەماشا
وتی دزەی شەو چۆن بوو بە پاشا ؟
کاری خۆمان کرد مەمانخاپێنە
سا نۆرەی تۆیە ڕیش هەڵ تەکێنە
شا گوتی: ئێوەش مەرجێ بەرنە سەر
نیوەی خۆم دەنێ و لێرە بچنە دەر
نەجووڵێ ڕیشی خاوەن دەستەڵات
زۆریش بزانی ناگەی بە ئاوات

***

گۆڕە یان ماڵە

تەرمی هەژارێک دەچوو بەرەو گۆڕ
کوڕ بۆی ئەگریا هاوار و گابۆڕ:
باوەگیان دەتبەن بۆ کونێکی تەڕ
نە چرای لێیە و نە حەسیر نە بەڕ
نە نان و نە ئاو نە هاودەم نە یار
تەنگ و تاریک و پڕ لە مشک و مار
منالێک بیستی و بەهەڵەداوە
ڕایکردە ماڵ و بانگی کرد: باوە

ســــــەرباری دەرد و ژیانـی تـاڵـمـــــان
کــەلاکــە مـــردووش ئەهێننە مـــاڵـمـــان!
***

چ دەبارێ

خـــــۆی کـــــردە زانـا دەروێش پـشـــــیـلە
پـەنـدی دائـەدا بـۆ قـــــــەوم و قـــــــیـلە
دەیفـــــەرمـــــوو ئـەگــــەر پاکـــــو بەنوێژبن
تــووکـــی بــەر، کــلــک و چـــەنــە درێـــژبــن
شــــەوی زۆر تـاریـک بە دەنگێکی خـــــاو
حەوجـار بڵـێن میـاو حەفـتا جـار مـڕمـیـاو
لــەژوور وەک ڕێـــژنــەی هـــەوری بــەهــارێ
بـۆ هـۆزی گــــــــوڕپان مـــــــشـک ئـەبـارێ
کـــوچەکی چەرمـــوو بیـــســـتی ئەمـــانە
توڕەبوو فــــەرمـــــووی: ئـای چەنـد نـەزانـە
چـی تێ نـەگــــەیوە لە خــــوێندنی کــــۆن
هەرچی ئـەیبـێـــژێ هەڵـبــەســـتــە و درۆن
نـزا مــیـــاو نـیـــیــە حــەپەیە و عـــەوعـــەو
ســـەت و یـەکـــجــــاران بلووریی بەشــــەو
لە نیـــمـــەی شــەوێـک لە ســــاڵێ جــــارێ
لە عـــاســمـــانی ســـاو ئێـــسـک ئەبارێ
هەرکــەس دەیبـــینێ لەم جـــیــهــــانەدا
تـلاوتـلیـــــــــەتـی لـەم خـــــــەوانـەدا
***

ئێستر باج نادا

گورگ باجگر بوو لەسەر ڕێی گاران
ددانی دەسوون بۆ نەرمەی لاران
بە ئێستری گوت: پیتاکت بێنە
وتی لەوبارە ئێستر مەدوێنە
لە ژێر ناڵمدا نامەی خونکاری
وەرە وەیخوێنە گەر خوێندەواری
گور هاتە پشتی نامە وەخوێنێ
یاخۆ دەم تەڕکا بە گۆڵمە خوێنێ
لوشکێ داوەشاو ددانی شکاند
بەڵگەی سمی ڕەق گورگی تێ گەیاند:
کێ خاوەن هێز و ناڵ و بزمارە
جاوینی گۆشتی گەلێک دژوارە

***

گزی هێزە

شێر پشیلەی دی واقی وڕ مابوو
لە بیچم و تەرزا وەکو خۆی وابوو
پرسی وەک منی بەڵام زۆر وردی
لێم ڕوونە زل بووی کێ وای لێ کردی؟
وتی: بنیادەم بە گزی و گەڕە
جانەوەرێکی دووپێی بەدفەڕە
وتەی زۆر خۆشی خەتە و سندانە
بەشم ڕۆژ و شەو بە دار لێدانە

گـــوتی: مـــەترســـە، بە گـــۆڕی بابم
تـۆڵـەت نـەســــێنم ئـاســــوودە نـابم
کـــوانێ بنیــادەم؟ شـــانم دە جـــارێ
کــتـک شــێــری برد بۆلای جــووتیــارێ
شـــێـــر تێی ڕاخـــوڕی وەرە مـــەیدانم
شـــێـــرم گـــورپـە نیـم، دەردت ئەزانم
پـێـی وت چـەکـی تـۆ چـنـگ و ددانـە
چەکی بنیــادەم شــیـــر و قـــەڵغـــانە
جـــەنگی وا دوورە لە مـــــەردایەتی
یـەکێ بـێ چەکــــە و یەکێ لایـەتـی
گـــوتی: چەک بێنە لێت ڕادەوەســـتم
وتی: دەترسم ڕاکـــەی لە دەســـتم
بێنە بتـبـەسـتم، شـێـر گـوتی: خـاسـە
کـەژو پێچی کـرد، کـێـشـای قـەیاسـە
جـــا وەرە بوکـــتـــە خـــوری شـــۆر بەدار
شـــێـــر بانگی ئەکـــرد بە زیڕە و هاوار:
پـشـی بـڕوانـە بـە ژێـر و ســــــەردا
کـــەی وەک تۆم لێ دێ دەســـتم لێ بەردا

***

فیل لە تاریکی

شـــەو لە پشـــتـــیـــرێک فـــیل داکـــرابوو
تـاریک و تـنوک نـە مـــــۆم نـە چـرا بـوو
چـەنـد لاوێـک بـە دزی چـوونـە تـەویـلـە
دابـزانـن داخــــــۆ چۆنە ئـەم فـــــیـلـە

هەریەک لە لایەک بەدەس کـــــــــوتانیَ
لای وابوو زۆرباش لە فـــــــیل ئەزانیَ
یەک دەســتی کــوتا لەســەر پشــتی پان
ئەیوت: فـیل خـۆشـە وەک تەختی ڕەوان
گـــویَ گـــرتوو ئەیگوت: بەس بنەڕێنە
من باشـــتـــرم دیت فـیل باوەشـــێنە
ئەوەی هەر دەســـــــتی لە لووتی داوە
وتی: فـــیل وەکـــو لوســـاوکی ئاوە
لاقگر ئەیقـــیـــژاند دەک مـــردووت مـــریَ
فـــیل کـــۆڵەکـــەیە و لووس و بیَ گـــریَ
دەس لەکلکدەر کــــەوتبـــــووە دواوە
وتی ســـویَند ئەخـــۆم پەتکە و پســـاوە
***
گـــاڵتـــەی پیَ دەهات مـــامـــەی فـــیلەوان
ئەیوت مـــەچنە شـــەڕ بیَ تیـــر و کـــەوان
بەخـــەیاڵ کـــەمـــتـــان لە زۆر زانیـــوە
شـــەڕ لەســـەر فـــیلە و فـــیلتـــان نەدیوە
گـــــــــەر چرا هەبا یان ڕۆژێکی ڕوون
لێـــتـــان ڕوون ئەبوو ڕێگە لیَ ون بوون
کـــار تا نەیخـــەیتـــە بنج و بناوان
دەمی تیَ وەردەی گـــــــوناهە و تاوان
***
کیَ بەزەی دابیَ بەگـــــورگی بەدکـــــار
زوڵمی زۆری کـــــرد لە بەرخی هەژار

کــوێرەمــار بکوژە مــەڵێ بێــچــووی هەن
نـەک ڕۆژێ لـەپڕ بـە قـــــاچتــــــەوە دەن

***

ســوارێک بەرخـێکی لە گـورگـێک ســتـاند
خــۆی ســەری بڕی گــۆشــتــەکــەی برژاند
چزەی گـــۆشت ئەیگوت بە بانگ و هاوار
ئەگــەر هەر بمخــۆن چ گــورگ و چ ســوار

***

نـامــــــــەوێ بـۆ مـن ببــــــــارێ هـەورێ
گش زەوی و زاری خـــــەڵکی دانەگـــــرێ

***

لە - یحیی عبدالعظیمی لحام - ەوە کە دوای شاعیری بووە بە قەسساب
دەڵێن شـاعـیـر بووی بۆ بوویتـە قـەسـســاب
لە تانـەی نەزان جـــەرگم کـــون کـــونە
جـــاران من چاوم لە دەســـتی ســـەگ بوو
ئێـــســـتــا ســـەگ چاویان لە دەســتی منە

***

لە سراج الدینەوە

زانیــــوتە مـــیـــــوە بۆچی شـــیــــــرینە
شـــەکــرلێـــو نووســـتـــون لەو ژێر زەمـــینە
هەواکـــەی خـــۆشــە مــەڵبــەندی نەبوون
هەمــوو کـەس بەتای کـراسـێک نووســتـوون

***

له مەلا ئەبو بەکرەوە

ئـەوســـــەر چاوانـەی لـەســـــەر هەردانـن
فـرمـێـسکی چاوی جـوانە مـەرگـانن
نەرگــــسی چاوکـــاڵ دەمــــەو بـەهاران
کـــە ئەڕۆین لەلای دەشت و کــۆســـاران
چاوی جــــوانـانـە کــــەوتـوونـە بـن گـڵ
نیــشـــانمان ئەدا گــەردوون لە ســەر چڵ
***

له کێلی قەبری ئەبو عەلای مەعەڕڕی نووسراوە

گــــوناهی بـابم لـەســـــەر منـەو بـەس
بۆ خــۆم گــوناهم نەکــرد لەگــەڵ کــەس
***

له عەرەبییەوە

نــەرگــس لای وابــوو وەک چــاوی تــۆیــە
لە خـۆشـیـیـان کـردیە فـیـشـاڵ و بافـیش
ســــــــروە ددانـی تـێـک شـکـانـد بـۆیـە
ئاو ئـەخــــواتەوە بـە لـوولەی قـــامــــیش
***

له شاعیری زەنگیی ئەمریکایی: ماک کریاوە، وەرگیراوە

هاواری زۆرلێکراو

من کـــێم؟ چۆن ژیام؟ بۆچ ئەمــــڕۆ دەژیم؟
ڕەشــــم وەک دیـــزەم، ڕەشــــم وەک ڕەژیم
ڕەشم وەک لەعنەت وەک قــورمی دووکــەڵ
ڕەشم وەک بـەخـــتی بێـکاری تەنـبـــەڵ

ڕەشم وەک مـــــردن بە ڕۆژی جـــێـــژن
کــــەس لە برودوای چاکـــــەم نابـێــــژن
دۆســــــتم یەک یەکـــــە و هەزاران دوژمن
هەمــوو کــەس بە ســووک دەڕوانێــتـە من
وەکـــو دەڕواننە کـــرمی ســــەر عـــەرزی
ئەســتـێـرەکـانی عـاسـمـان لە بەرزی
دووریان خستمەوە و ناهەق کوشتمیان
پێم پێ دەکەنین کاتێ ناشتمیان
دەیان گــوت ئەی ڕەش گــڵــی گڵ مــەنزڵ
تەنیـــا هەر بۆخـــۆت دەچیـــەوە ناو گڵ
***
پیــــــاوەتیم لایان بێ قـــــەدر و باوە
یاســـــاو دین بەشی منیــــان نەداوە
هیچ باوەڕ ناکــــــــەن من هیچ بزانم
لە دڵ ڕەشی وان من ســــــەرگــــــەردانم
شەو و ڕۆژ وەک سەگ کێشکچی ماڵم
وەکـو گـەسک و بێڵ مـاڵیـان دەمـاڵم
مناڵ ژیرکـــەرم، چێـــشکەم، پشـــیلەم
ئەســپــابێن چ خــۆم چ قــەوم و قــیلەم
بۆ قــــەیســــەر بەشـــەو بەزمم ئەدا ســـاز
بە ڕۆژ پردی بووم لە کـــــــورتی ڕێ باز
کــە نەشــمــان کــۆیلە و قــەیســەری ڕمــا
ئێـــــمـــــە مـــیــــراتی ئەوانمان بۆ مــــا

بە ڕۆژ قەسابم، کێردم، بەرازم
بەشەو گۆرانیم، هەڵپەڕکێم، جازم
***
ناخۆشیان ئەوێم، بۆچی؟ نازانم
هەژار، بەستەزمان، بەسوود، بێ زیانم
دڵیان دەلەرزێ نەک خوێنی گەشیان
تێکەڵ بە ڕەش بێ و بچێتە لەشیان
خوا نەکا تەبیات زۆرم بۆ بێنێ
ژنێکی سپی دڵم بستێنێ!
خڕکە بەش ناکا بۆ پێدادانم
گرێوە باسکە بۆ زوو خنکانم
بە هیچ لە دەستیان نایە ڕزگاریم
هۆردوو بەش ناکا بۆ پارێزگاریم
ناوێرم چ بڵێم، لەبەر خۆمەوە
ئاخ هەڵدەکێشم پیش دەخۆمەوە
گۆرانی دەڵێم دنبەگ لێ دەدەم
زۆر سەرخۆش دەبم سەمایە دەکەم
دەڵێم لە بیرم بچێ من ڕەشم
لە هۆز بێگانە و لە ژین بێ بەشم
بەلام لە بیریش بچێ: زللەیان
شەقیان، بەڵغەمیان، داریان، گوللەیان
زوو دەمهێننەوە سەر ڕێی وشیاری
بۆ هەستی پەستی و سووکی و هەژاری

ئەو هەمـــــووە بۆچی؟ هەر چونکە ڕەشم
کـــــەمــــتـــــر لە ســــەگ و دز و چەتەشم
ڕەشـــــایی ڕەشـــــیـــــان لە بەرچاو زۆرە
گـــورگـــە، کـــێـــوبیـــە، بنیـــادەم خـــۆرە
نازانن کـــە شـــەو ڕەشـــە و هەر دەشـــبێ
کێ لە جـــوانی شـــەو دەکـــرێ بێ بەش بێ
شـــەو ڕەشـــە و ئەگـــەر بڵـــێن شـــەو نەبێ
یانی ســـــــانەوە، یانی خـــــەو نەبێ
ڕەش بووم هەر ڕەشـــــیش دەبم تا زیندووم
لەلای فـــــیـــــرعــــەون ڕۆژێک بەندە بووم
بـولـهــــــــــەوڵ و ئـەهـرام دەسـکاری مـنن
شـــــــــاهیــــــــدی دەرد و ئـازاری مـنن
ڕێســـمـــە و شـیـپـانەی قـەیسـەرم مــاڵی
بێ پارە و بێ نان بوومــــە حـــــەنبـــــاڵی
لە کـــۆنگۆی بلژیک دەســـتـیـــان پەڕاندووم
دەمــــێک بۆیەچی جـــۆرج واشنتــــۆن بووم
***
بـەڵام گــــــەر زەویش گـــــــەڕام تـەواوی
بڕیم ئـەو ڕێـگـەی دوور و خـــــــوێـناوی
فـــێـــربووم لەو نیلەی بە مـیـســـرا دەهات
باوەڕی بەخـــۆ و بێ دەنگی و ســـبـــــات
کـــە «مـــیـــســـیـــســـیـــپی» بە من پێکەنی
پـاشــــــــان بـۆم گـــــــریا، هـۆشم ڕاچەنی

گـــیـــانم پیـــر بووه و ئێـــســـتـــا زۆرزانه
کـــەنداڵ گـــوشـــادە وەک ئەو چۆمـــانە
ئێـــســـتـــا ئینســـانم دەبێ ئینســـان بم
ڕەشـــیش بم دەبێ وەک ســـپـــیـــەکـــان بم
فـــەرقی شـــەو و ڕۆژ لای خـــودا نیـــیـــە
شـــەو بۆ ڕۆژ وەکـــو چاوەی کـــانیـــیـــە
ڕەشی شـــەو شـــەپۆل ئەدا و ناســـرەوێ
تا ڕۆژی ســـــپـــی لێ دەردەکـــــەوێ
***
خـــزمـــەتکاری تۆن جـــوانی و جـــەوانی
گـــیـــانە شـــاهەنشـــای تاجـــدارانی
جـــوانی تەخـــتی خـــۆی دانا لێم پرسی
کێ دەچێـــتـــە ســـەر؟ بۆ تۆی ڕوانی
ســـروە تا باسی جـــوانتـــر شت بکا
هەر بە باسی تۆ فـــێـــرە زمـــانی
خـــوێندنی بولبـــول بەســـتـــەی ئەوینە
بـە تـۆی هـەڵ دەڵـێ بـەری بـەیـانـی
باغـچـۆڵەی گـوڵان مـەست بوو لە هۆش چوو
کـە با بۆی سـینگ و مـەمکی تۆی هانی
گـوڵ لە داخـانت خـۆی کـوشت خـوێنەکـەی
خـســتـە سـەر کـوڵمت تۆی کـردە جـانی
لە گـــوڵ وەڕەز بوو پەپوولە وەخـــتـێ
نەقـــڵی لێـــوی تۆی لە ســـروە زانی

زانیت ئێمە چین کەوتووین لەبەر پێت؟
دڵدار لەبەر پای خواوەندی جوانی
* * *

ژوان

لێم گەڕێ بمرم تا لێت نەبڕاوم
نامەوێ بێ تۆ ببینێ چاوم
ئافەریم شەوێ پێکی ڕۆگرتن
سنگی نەرمی تۆ دڵی گەرمی من
وا لێک چەسپاوین ئاو نادەڵێنین
کوڵ و کۆی خۆمان بە خەم دەمرێنین
* * *

کەرستەی ژن

خوای گەورە جارێک سەردەمی بەهار
لە کارگەی ژیان دەستی کرد بە کار
لە کۆتر قنە و خەت و خاڵ لە کەو
سرتە لە شنە و هێمنی لە شەو
لە باڵداری چووک نەرمی پەڕی مل
گمین لە کۆتر ئاواز لە بولبول
هاڕە لە تاڤگە و ناڵە لە بلوێر
ترسی کەروێشک و ئازایەتی شێر
ئاونگ لە بەیان ئاوڕی ئاسکی سڵ
گرژی لە خونچە و پێکەنین لە گوڵ
لە کارمامز باز لە باز تیژی چنگ
فیز لە تاوس و جوانی لە پرشنگ

بارین له هەور و له با وازوازی
له ڕێوی و مەیموون فێڵبازی و بازی
مەندی له زەوی و ڕەوانی له ئاو
ڕەشی له شەوە و ڕووناکی له تاو
تاڵی له کەکرە و تام و بۆی هەنگوین
له بەفر سەردی و له جەهەننەم تین
ڕەقی له ئەڵماس تورتی له پەنیر
له لافاو لێڵی و بێ گەردی له شیر
هێنای و شێلای لێکی دان تەواو
کردی بە ژنێک بۆ ئاودەنگیی پیاو
***
چەپ گەردی گەردوون گەڕان کوشتمی
نەزان پەرستی بۆ نان کوشتمی
هەر چەوسانەوەی بێ حەسانەوە
ئەی مردن له کوێی؟ ژیان کوشتمی
***

بۆق و گامێش

بە گامێشی دەگوت بۆقێک له ئاوا
چییە گامێش هەتا من بم له ناوا
بهۆقێنە و منیش ئەقرم بزانین
له قیڕین کامەمانین پاڵەوانین
کە وەرزێر ڕێز له تۆ ئەگرێ نەزانە
هەمووی ڕێکەوتە کاری ئەم جیهانە
***

وتی گامێش بەڵێ دەنگت زوڵاڵە
بەڵام خۆ چەرمەکەت ناکرێتە کاڵە
وەکو من نی کە شیرت لێ بدۆشن
ئەگەر بەهرەت هەبێ بۆت تێ ئەکۆشن
ئەمن پەڵخ و کەرەم هەس تۆش قڕەت هەس
قڕەی بێ کردەوەی تۆ ناکڕێ کەس
***

مێزەری مەلا

مەلایەک مێزەرێکی بوو چ مێزەر
دەبوو سەیری بکەی دەینایە سەر سەر
هەڵی دوریبوو بۆ بەرچاو گەزێک شاڵ
تژی ناوئاخنی کۆنەی پەڕۆ و پاڵ
ڕواڵەت جوان و هێژا بوو لە چاوا
بەڵام تابێژێ ویران بوو لە ناوا
دزێک هەر لیی دەخەفتا تا ڕفانی
مەلا قیڕانی: نایبەی گەر بزانی
وەکو خۆمە لە بەرچاو شەنگ و ڕێکم
چزانێ کەس چ گەند و بن شڕێکم؟
ڕواڵەت بینە هەرکەس لەم جیهانەس
هەزاران ڕیشوو داو و دانەس
***

دەبوو بیزانیبا

دەڵێن جارێ لە گوندێ ڕێبوارێ
ببوو میوان لە ماڵی جووتیارێ

شەوێ شێو شۆربە ماشی شۆر و شل بوو
کەبانووی ماڵ هەڵیلووشی تەغارێ
کە هەڵسا دەفر و ئامانان وەکۆکا
جرێک هات هەر وەکو داتاشی دارێ
دەڵێن میوان دەواری خانەخوێیە
وەکو نەیبیستبێ خۆی دا کەنارێ
شەوێ جێیان لەبەر دەرگاوە چاکرد
کرا ڕێبازی نێو ژوور و حەسارێ
کەبانوو نیوەشە و گوو تاوی دابوو
هەڵات بۆ دەر بەبارێ پێی بچارێ
نەگەییە جێ و لەسەر میوان هەڵی ڕشت
وەکو گامێش لەسەر شینکەی بەهارێ
وتی میوان: کلۆڵی هۆشی خۆمم
چما گوێی ئاو نەدام زرمەی پلارێ
کە چەخماغەی دەدا کونگت سەری شەو
دەبوو بمزانیا باران دەبارێ
***
کە مرد لەیلا خەبەریان دا بەمەجنوون
ئیتر دنیا لەبەر چاوی نەما ڕوون
یەخەی لەت کرد بە ڕۆڕۆ و داد و هاوار
بە شیوەن ڕۆیی بۆ لای مەقبەرەی یار
لە گۆڕستان مناڵێکی بەدی کرد
بە چاوی سوورەوە پرسی بەوی کرد
گوتی لەیلا لەناو کام گۆڕە مەدفوون

وتی هێشتا لە عیشقا کاڵی مەجنوون
لەسەر هەر گۆڕێ تۆزێ گڵ جیاکە
بەیادی عیشقەوە بۆنی پیاکە
لەهەر خاکێ کە بۆنی مەیلی لێ هات
وەسەرکە خاک و خۆڵ ئەو جێیە جێگات

***

ڕەنج و گەنج

یەکێ پیری جووتێر نەخۆش بوو دەمرد
کوڕ و کاڵی ئامۆژگاریی دەکرد
زەویوزاری خۆتان لەدەس خۆمەدەن
نەکەن من بمرم و بە پەندم نەکەن
لە باوکم شنەفتگمە لەم بارەدا
کە گەنجێ هەیە لەم زەویوزارەدا
بگەڕێن بە شوێنیا ئەدۆزرێتەوە
لە ڕووتان دەرووی شادی ئەکرێتەوە

***

لە پاش ئەو لە لای کوڕگەلی مەرد و ڕەند
بە ئاواتی گەنج ڕاوەشا پیل و زەند
بە بێڵ و بە گاسن، بە تەشوێ و بە پاچ
لە گش لایە دەبزووتەوە دەست و قاچ
زەویوزار گەلێ جار سەروژێر کرا
گڵی کێڵگە گشتی لە بێژنگ درا
کە پەیدا نەبوو کووپەڵەی زێڕ و زێو
وەکو پێشوو داچێندرا وەرد و شێو

وەها لێک درابوو زەوی گــشت لە گــشت
لـە وەرزی ترا یـەک بـە ســـــەد بـوو بڕشت
کــوڕان تێ گــەیین کــاکــڵی پەندی پیــر
لە ڕەنجی فــرە گــەنجی زۆر دێتــە گــیــر
***

دەرمانی دەباغ

لە بازاڕی بۆنخــۆش فــرۆشــانی شـــار
دەســـــووڕایەوە مــــامی پیــــری هەژار
بە بەر لووتیــدا چوو گــەلێ بۆنی خــۆش
نەخۆش کەوت و تاسا و گلا و چوو لە هۆش
یەک ئەیوت دڵی ســست و بێ هێــز بووە
دە دەیگوت دڵ ســســتــیی چی؟ مــردووە
بـژیـشـکێ لـەوێ ڕادەبـرد لـەو دەمـــــــە
دەســتی گــرت و پرسی چ کــارەس ئەمــە؟
کــە پێی زانی پێــســتــان دەنێــتــە هەڵاڵ
وەکــۆی کــرد قــولێ جــیــقنە و زبڵ و زاڵ
بە بۆگـــەن دەم و لووتی کــــابرای هەنوو
دەم و دەس وەخـــۆ هاتەوە و دای پشـــوو
لـەناو بـۆگــــەنیـــــدا تـەمــــەن ڕابـرێ
نە ســەیرە بەبۆی خــۆش مــرۆ بش مــرێ
***

تاوانی میرە

وەرزێـر کــــــەرەکــــــەی بـەرەو لەوەڕ نـارد
خـۆی خـەوت و لەپڕ گــورگ کــەری خــوارد

ڕووی کردە تەلاری میری کۆرە
کارت وەبێ، ناڕەوایە زۆرە
کوانێ کەرەکەم لە تۆ گەرەکمە
بێ بارەبەرم بە جارێ پەکمە
میر پێکەنی: خۆت هەڵە و پەشێوی
چۆن خۆت ئەخەویت و کەر لە کێوی؟
کابرا وتی ڕاست ئەکەی نەزانم
پڕ ژانە لە دەستی خۆم ژیانم
پێم وابوو کە تۆ بەخێو دەکەم من
پاسم دەگری لە حاندی دوژمن
وەمزانی کە چاوی من چووە خەو
بێداری لە دەوری من هەموو شەو
نانی مە هەمووی فڕی بە فیڕۆ
گورگی زلە بۆمە میری وەک تۆ
چاوم چووە خەو لە خۆت کە خەوتی
دەبوایە لە خۆت نەنووم، کە چەوتی!
میر بەرزەوە بوو گوڕی لە یاران
کوا شێر و ڕم و گرووی سواران
لەم ڕۆکەوە سوێند بە نانی جووتێر
ئەونانە کە مەزن و میر دەکا تێر
تا گورگێ لە کوردەواری مابێ
خەو نابێ بەدەوری دیدەما بێ
وا ڕاوە لە شار و کەژ، دەر و دێ

چوارپێ کـــەمــــە زۆرە گـــورگی دوو پێ
هەر چەندی هەژار و شــــوان و گـــــاوان
زیـانـی دی لـە مـن بســــــــێـنـێ تـاوان

***

فرشتە

بۆ کـورِ جنێـو ئەبارێن مـەلا دەبێـژێ پارێن
تاژی مـەهێنە مـاڵم فـرشـتـە لێم دەتارێن
ڕۆژێکی کورِ بەتاژی کەروێشکی شینی هێنا
تا دایکی کێردی تێ نا مەلا گۆشتاوی لێنا
دووگـردی نوێژی تا ڕۆژ بە شــانی تاژیدا دا
کوروشـمە بوو لە دەوری نەوەک لەشانی لادا
بـەیـان بـەدەم نـزاوە بـەتـاو ئـەپـاڕایـەوە
بەرەوت و دەم گەرم بی بەڕاستی هۆت دایەوە
ئەو گۆشتاوە و برِشتە لە تۆن خەم ڕەوێنەکەم
دەردت لەسـەد فـرشــتـە تامـەزرۆ شکێنەکەم
فرشتە بێ، بە بێ گۆشت لە ماڵی ئێمە ناژی
کـەروێشـکێ بێنێ بۆ من فـرشـتـەییێکە تاژی

***

هەژار هەر هەژارە

مـــێـــشـــولەییێکی لاواز، لە بەخت و ژین نەڕازی
ڕووی کـردە لای سلێـمـــان بە نیـــازی دادخـــوازی
هاوار و داد لەدەس با ، مـــەودا بە ئێـــــمـە نادا
زۆردارە پێی بفـــەرمـــوو با لا لە ئێـــــمـە لادا

فـەرمـووی گلەی بەتەنیـا لای ئێـمـە سـوودی نـابێ
پێـــویســـــتـــە هەردوو لا بێ بلـێ بە بـا کـــە بـا بێ
مـێشـــووله چوو له دووی با ، بـا هـات و پێـشی ڕادا
بە ویـزەویز ئـەنالـی لـە کـــــاتی گـــــیـــــانەلادا
بێ زۆر لـە ڕاســــــــتـی زۆردار ڕەواشـی نـاڕەوایـە
هەتا جـیــهـــان جـیـــهـــانە مـێـــشـــووله دیلی بایە
***
بـەرداشی هەڵ نەبەســـتـــوو بە تەوەرە و بســـتـــەوە
بەشـدار بەئارەزووی ئارد لـێی نیـشت و دەیلسـتـەوە
ئەو ســـەگــەش تولـێکی تر دەیلســـتــەوە لە دواوە
دەیگوت هەر بێـــرە دادێ چی بەخـــەیاڵ خـــوراوە
قـــازی چاو ئەقـــوچێنێ یـان کـــوێرە و چی نەدیـوە
جـێـــژنی دزی پێی وایە جێـــژنیش مـــالی هەتیـوە
***

کەروێشکاوا

له ئەحمەد شەوقییەوە

پـارچە زەوییــــەک هەبـوو کــــەروێشکاوا
گــــشـــتـی پۆشـــرابوو لە شـــینکە و ئاوا
ژیانیــــــان خـــۆش و بـەمنداڵ و بەمــــاڵ
بێ ترس بوون لە گـــەمــــاڵ و لە تەمــــاڵ
فـــــیلی زۆردار دڵـی خـــۆی لێ ڕەش کــــرد
زەوییـــەکـەی لەت بەلەت و بەش بەش کـرد
هەبوو کـــەروێشکێ جـــهـــاندیدە و پیـــر
خـــاوەنی بیــــر و بە تەگـــبـــیــــر و ژیر

بانگی کرد هۆ گەلی کەروێشکاوا
مردنو خۆشە نە ژینی ئاوا
نەبنە یەک کاری هەمووتان گەندە
ڕەگی سەربەستی بە یەکبوون بەندە
لە هەموو لایەکەوە لێک کۆ بوون
کەتنە ڕاوێژەوە بۆ سەرخۆ بوون
هەڵبژێران لە نێواندا سێ کەس
چاو لە پایە نەبوو زانا با و بەس
تاکو پیلانێ وەها ڕێک بخرێ
فیلی زۆردار لە زەوی دەربکرێ
یەک وتی: کارەکە زۆر دژوارە
بار بکەین باشترە چار هەربارە
گشتی واتن کپی کەن ئەم دەنگە
مەرگمان خۆشترە نەک ئەم نەنگە
وتی دووهەم کە لەتیرەی کێوی
کەس گزی زان نییە هێندەی ڕێوی
هەیە پێویستی بە ڕاوێژی ئەو
مزی بیریشی دوو کەروێشکی قەڵەو
ئەمە وتیان وتەیە بێ سەروبن
بێ فەڕن دوژمن و بیری دوژمن
سێهەمین ڕاستەوە بوو بۆ گوفتار
وتی خزمینە بەگەل دەسدەنە کار
دەستی گەل هێزە بەگەل با پکۆشین

بوودرێک هەڵ بکەنین دای پۆشین
فیل شەوێ یان لە ڕەوێ تێ دەکەوێ
زۆر بە شانازی دەڵێن لێر و لەوێ
چونکە دەسمان بەدەسی یەک ئەسپارد
یەکیەتیی ئێمە سەری فیلی خوارد
هەرچی کەروێشکە بە گفتی شاد بوون
فیلە کەوت و، کەوتی و ئازاد بوون
هاتنە کن سێهەم و گوتیان شامان
تۆی و بۆ تۆیە ژیان و سامان
وتی: نا، ئێوە هەڵەن، ئەو جێیە
پێو بڵێم شایەنی شانی کێیە؟
ئەو کەسەی پێشی لە تین و تاوا
بانگی کرد: هۆگەلی کەروێشکاوا

***

هەڵۆ هەر بەرزە

پایزە دار و دەوەن ڕەنگ زەردە
با تەز و سەردە بە تۆز و گەردە
دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ
دارە خۆی دەڕنی خەزەڵ هەڵدەوەرێ
هەورە ڕەشپۆش و بە گریە و ناڵە
سەرەتای شیوەنی مەرگی ساڵە
بە گژەی سەردی هەناسەی کەژ و کۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ:

داخەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیم
ئەو دەمەی چۆن و چبووم، بۆ وانیم؟
هێز و سۆمای نییە باڵ و چاوم
مامەوە گردەنشین بێ ڕاوم
دووره گۆشت پۆڕ و کەوم، وەردەکەوم
گۆشتە نێچیرێ مەگەر بێتە خەوم
پیرییە پایزی وەرزی ژیانە
وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕنانە
وا هەڵۆی مردنە ڕاوی کردم
ڕاوبەتاڵی منە هاکا مردم!
مردنیش هێندە نە سووکە و سانا
سەری لێ گێژە هەزاران زانا
چم بەسەر دێ کە نەمام و مردم
پەڕی بەربایەک و خۆڵی وردم
گیان بەرەو کوێ دەفڕێ ڕوون نییە بۆم
تۆ بڵێی پچتەوە لای باوە هەڵۆم؟
تۆ بڵێی ڕاوێ هەبێ لەو بەرزە؟
پاش هەموو چەرمەسەرەی ئەم عەرزە
داخم ئەو ڕازە لە بن سەرپۆشە
سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە
دڵ و دیدەم کە بە دنیا فێرە
چەندی پێم بکرێ دەمێنم لێرە
ژین گەلێ شیرنە فیزی ناوێ

بۆ مەبەست سەر دەنەوێنم تاوێ
چاری ئەم دەردە لە لای قاڵاوە
گەرچی زۆر پیرە بە لاوی ماوە
دەچمە لای و بەوە چم لێ نایە
ڕەشییە و ئاوی ژیانی لایە
سەر نەوی دای لە شەقەی شاباڵان
هاتە وێرانەیەکی جێ ماڵان
بوو بە میوانی قەلێکی ڕووڕەش
چەپەڵ و ڕژد و لە مەردی بێ بەش
قەل قری: لێم مەیە پێش زۆرداری
خوا شوکور زۆر بە کەنەفتی دیاری
زووبە چیت لێم گەرەکە پێم بێژە
دوور لە من بگرە لەشم بە نوێژە
وتی ئەی لالە قەلەی هەر لاوم
پیرم و زۆر لە مەرگ ترساوم
هەمە پرسێک و دەبێ بمبووری
هۆی چییە تۆ کە لە مردن دووری؟
وەک دەڵێن ئێوە بە چڵ ساڵ بارن
تووشی تووش نایەن و کۆسپ و بارن
ڕێ یەکم پێ بڵێ بۆ هەرمانم
تۆی لە لات دەست دەکەوێ دەرمانم
سوێند ئەخۆم پاشی هەتا بشمێنم
هەرکەوێ ڕاوی بکەم بۆت دێنم
***

قەل گوتی: هۆزی هەڵۆ زۆر خاون
سەیرە لام چۆنە کە خاوەن ناون
باب و کاڵت بە نەزانی مردن
بیری سەربەرزییە وای لێ کردن
هەرکەسێ بەرزەفڕە زوو دەمرێ
بای بڵندایی سەر و دڵ دەگرێ
ماڵی ئێوە کە لە لوتکەی کێوە
لای جن و دێوە بەڵای زۆر پێوە
خوێنەپۆڕ پۆرگی دەخاتە خوێنێ
گۆشت کەوی تازە گرفتی دێنێ
جگەر و سی و دڵی مامر ژەهرە
تا وەهابی تەقەلات بێ بەهرە
دەتەوێ زۆر بژی، خۆش ڕابوێری
خۆ لە پەندم گەرەکە نەبوێری
وەرە وەک ئێمە بژی نزم و نەوی
شەو لەسەر گەندەڵە دارێک دەخەوی
خواردنی باشی کە تۆ نەتدیوە
گۆشتە بارگینی گەنی و تۆپیوە
کردنی چینە لە پەین و شیاکە
تاووتینی لەشە بۆ دڵ چاکە
پەندی باپیرە بە میرات ماوە
خوێنی زامی کەرە سۆمای چاوە
گفتی من گەوهەرە بۆت هەڵڕێژم

تـاقـــــه دوو ڕێت لـەبەرە، پـێت بـێــــژم
یـان لەنـاو بـۆگـــــەن و نـزمـــــایی ژیـان
یان بەســـەربەرزیەوە بســـپـــێــرە گـیـــان
ڕاچـەنـی لـەم وتـەیـە پـیــــــــــرە هـەڵـۆ
هاتە بەرچاوی گـــەلێ کـــەند و کــلـــــۆ
کـەوتە ناو گـێــژی خـەیاڵات و خـەمـان
مـــان ئەگـــەر وابێ چ شـــرینە نەمـــان
وتی: پـێـــــرۆز بێ لـە خـــــۆت ئەم ژینە
جـــەژنی تۆ بۆمـــە شـــەپۆڕ و شـــینە
کـێ بـە ســـــــــەربـەرزی ژیـابـێ تـاوێ
ژیـنی قـــــاڵاوی بە پـووشـــــێک نـاوێ
چاوەڕێی مـــەرگـــە گـــیـــان با بیـــبـــا
پـەڕو بـاڵـم لـەچیـــــا بـا بیــــــبـــــا
بـە هـەڵـۆیی کـــــــە لـە ژیـن بـێ بـەش بم
نەک هەزار ســـاڵە قـــەلی ڕووڕەش بم
بۆ شـــتـــێک ئێـســـتـــە لەخـــۆ بێـــزارم
مـن هـەڵـۆ بـۆچـی بـەتـۆ بـوو کـــــــارم؟
مـــەرد ئەگـــەر کـــاری بە نامـــەردانە
دەردی ســـــــەربـاری هـەمـــــوو دەردانـە
***
کـــەوتەخـــۆ دای لە شـــەقـــەی باڵ دیسـا
ئـاگـــــرێـکی لە دەروون دایـیـــــســـــــا
ڕاســـتـــەخـــۆ بۆ ســـەروو هەر بۆ ســـەرچوو

هەردی جێ هێـــشت و لە هەوران دەرچوو

قـــــەل هـەزار ســــاڵـی ژیا بـەو تـەرزە

ســەرنەوی و هێــشــتــە هەڵۆ هەر بەرزە

***

خۆی خۆشتر دەوێ

پیــرێژنێ کــچــێکی هەبوو جــوان و نۆنەمــام

تاقـــانەیەک نەباب و برای بوو نە پل نە مـــام

چـاوباز و پـڕ لـەناز و وەکـــــو نـاوی نـازەنـین

رووخــۆش و شــۆخ و لێــو بەبزە و دەم بە پێکەنـین

رۆژێکی ســووکــە تایەکی گــرت و لەجێ کــەوت

دایک نە ڕۆژ لە تاوی ســرەوت و نە شــەو خــەوت

لە خــوا نزا و نیــازی ئەکــرد: خــوایە وام ئەوێ

من بمرم ئەو نەخــۆش نەکـەوێ و دەردی لێم کـەوێ

کــووپەی ســەراوڵەی کــەپەکی هەڵپــەســاردبوو

چێــڵــێک ســەری لە کـوپەکـەدا گـیـری خـواردبوو

یادێ کـــە دیتی چوارپەلێ زل مل بە کـــووپەوە

پێمـێردی خواشی بیستبوو سەیرە. گوتی: هەوە

گــریا و گــوتی نەخــۆشــەکــە من نیم کــچی منە

گــیـانی بکێــشــە لەرزی لە لەشــدا و لە مــردنە

هەرکــەس وتی کـە ژینی بەلاگــێــڕی تۆ ئەکـا

هەرگـا بە ترسی مــەرگی بێــەزمــووی درۆ ئەکـا

***

بۆ ناکــەســان کــە دەســتی نیــازت درێژ ئەکـەی

پـردێکی هەڵ دەبـەســــتی لـە ئابڕوو دەپەڕیـەوە

***

خـەڵکی هەمــوو کـەڕن، منی خـەو دیتـە بێ زوان
توانام نیــیـــە بڵــێم و بڵــێم نای بیـــەن ئەوان
***

خێوی گوڵ و فرمێسک

خـێـوی گـوڵ دوێنێ لەسـەیری دەشت و دەر
تـازە پـشـکـووتـوو گــــوڵـێـکی هاتـە بـەر
دی لەنـاو پەلـکی گــــوڵا سێ دەنکە ئاو
ڕێزە پەرژینـی گـــەڵا گـــرتوونیـــە ناو
خێو:
پێم بڵێن ئەی خشڵی ڕووی گوڵ ئێوە کێن؟
خـەڵکی کـوێن و چۆنە لێرە نیـشـتـەجێن؟
یەکەم:
نیــشــتــمــانم عــاســمــانی نیلیـــە
شــەونمم بێ من گــوڵێ شــەوقی نیـــە
دەچمـــــەوە بـاڵا کـــــە ڕۆژ دێ پرتـەوی
چونکە دەیـکا ســــەرزەوی پایـەم نـەوی
دووهەم:
مــن لــە دەریــای پــانــی بــێ پـایــانــەوە
بوومـە هەور و چوومـە ڕووی عـاسـمـانەوە
دەنـکـەبـارانـی بـەروپـشـت ئـەتـڵـــــــەسم
مـوحـتـەکـیـر دوژمنمـە دۆسـتی بێ دەسم
من کــە دێمــە خــوارەوە هەر ئەو دەمــە
چاوی جــووتیــار و پەڕی گــوڵ جــێگەمــە

خێو ڕوو بە سێهەم:
تۆ کــە بێــدەنگ و کــزی حــەیرانی تۆم
تۆش وەکو ئەو جووتە خۆت هەڵکێشە بۆم
سێهەم:
ناز لەســەر چبکەم بڵــێم چی و چیم ئەمن؟
قــەترە نیم و ڕەمــزی بەدبەخـــتـیم ئەمن
هیچ، کە شــانازیم نیــیە بیـڵــێم بەخێــو
هەر لەناو قـامـووسی بوونیش نیــمە نێــو:
«نازەنینێ کــیــژی جــوتیــاری فــەقــیــر
داوی عــیــشـقی هاتە ڕێگە و کەوتە گــیـر
کــیــژ و کــوڕ دایان بە یەکــتــر گـفت و دڵ
بوونە یەک گیـان، یەک بەدەن، یەک ئاووگڵ
دیتنی یەکــتــر بوو دڵخــۆشــیــان و بەس
وەک ئەوان بۆ خـۆشـەویستی نەبووە کەس
دایک و بابی هەر دولاش دایـان کـــــەلام
نازەنین بڕوا بەبـووک بەکــــراسی خــــام
پێشکەشی ئاغا کە ئەسپێکی دەویست
گــوێی گــران کــرد ناڵەوو زاری نەبیــست
بوو بە چقــــڵــــێک و لەبەینیــــانا ڕوا
کــوڕ لە تاوان مــرد! هەڵی نەگــری خــوا
چاوی کــیــژیش ئەمنی خــســتــە ئەو گــوڵە
خـۆشی ئاوێتـەی گــڵــە کــوشــتــەی دڵە»
من کــە ئاوی چاوی بەدبەخـــتــێکی وام

وا لە غـــەم و زام و بە بەدبەخـــتی ڕژام
هاوەدەمی و ناو کـــــۆڕی یارانم لە چی!
نـازی وەک ئـاونـگ و بـارانم لـەچـی؟
خێو:
ئەی نیشـانگەی عیشـقی دڵدارێکی پاک
گـەوهەرە تاقـانەکـەی سـەر ڕوویی خـاک
ئەی ڕژاوی دەســـتی جـــەوری نائەمین
ئەی مـوقـەددەسـتـر دڵۆپی سـەر زەمین
مـــافی شـــانازیت بەســەر عــەرزا هەیە
ناوی تۆ گـــوم نابێ تا دنیـــا هەیە
دژ مـــــەبە ڕۆژێ دەبێ هەروا نەبی
بۆ گلێنەی چاوی خـــوێنمـــژ تانە بی

* **

لە نامیق کەمالی تورکەوە

لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە

گـەلۆ فـریشـتـەی ئازادی دێتە ناو ئێـمـەش!
ئەمـەم خـەیاڵ بوو کـە گـیانمی بەرێ دەکـرد هەندام
مـەرگ ئەگـەرچی فـرێی دامـە کـۆڕی خـامـۆشـان
هەتا بەیانی حـەشـر بۆ گـەلم لە شـیـوەندام

***

لە ئەبو نەواسەوە

بیـری گـوزەشـتـە بۆ دەکەی؟ بۆچی دەخـۆی خـەمی سبـەی
کـاتی گـوڵە، بە ڕەنگی گـوڵ تێکە، بنۆشـە پێکی مـەی

ئەو مـەیە وا کـە فـڕکـراو گـەیشـتـە جـەرگ و ناوەوە
دێتـــەوە ڕوو بە ڕەنگی ئاڵ لە ڕوومـــەت و لە چاوەوە
***

لە نازانم کێوە

هەزار دەوران گـەڕا مـەیگێـڕی گـەردوون تا هەلێکم هات
لەبـەر پیـــری ئەویشی لێ ڕژاندم دەســـتی لـەرزۆکم
***
ئـەم پـێکـەنینـە تـاڵـە لـەگـــریـان بەکـــوڵـتـــرە
گـــریـان دەری نـەبرد دەگـــەڵـم دامـــە پـێکـەنـین
***
کـــە خـــاوەن شـــیـــعـــر بمرێ نرخی قـــســـەی
لــە زێــڕ و دوڕ و گـــــــــەوهــەریــش زیـاتــرە
دەســـا کێ لە دنیـــا بـە شـــاعـــیـــر دەگـــا
کـــــە مــــــەرگی لـە ژینـی گـــــەلێ چاترە!
***

فرمێسکی هەتیو

لە پەروین اعتصامی یەوە، ١٣٢٤
ڕۆژێ بە کـووچەیەکـدا دەڕۆیی پادشـایەک
لە هەر کـۆڵان و بانێک بوو بەهەرا و قـریوە
پرسی هەتیـوێ بێ کەس چییـە دەدا تروسکە
لەتاجی پادشـــادا؟ جـــوانی وەهام نەدیوە
کەسێ وەرامی داوە: لەکوێی دەناسین ئێمە؟
هێندەی هەیە بە پـووڵی زۆر و فـرەی کـڕیوە
پیــرێژنێکی بێکەس گـوتی: ئەمن دەزانم

فرمێسکی چاوی ئێمه و خوێنی دڵی هەتیوە
بە بەرگ و چێوی شوانی ئێمە فریودراوین
گورگە لە پێستی مەڕدا، هەزار زگی دڕیوە
ئەو شێخی گوند و ئەسپی کڕیوە ڕێگرێکە
گەدایە شا کە ماڵی مسکێنەکەی بڕیوە
لە دوڕڕی تاجی پاشا دیقەت بکەی دەزانی
فرمێسکی دانە دانەی هەتیوە هەڵوەریوە
هەژار لە پەندی بێ سوود چتە دەگەڵ نەزانان
نازانی ئێستە ناهەق پرزەی هەقی بڕیوە

***

پاش هەرای شەهریوەری بیست، تا ماوەیەک ئازادی قەڵەم لە باوبوو: لاوە کوردێکی سنەیی بە ناوی دوکتۆر سمایلی ئەردەڵان، بۆ خزمەت بە هاوخوێنانی حەوتەنامەیەکی فارسی کە ناوی نابوو (کۆهستان) لەتاران بڵاوکردەوە. زۆری بەهرە بە کورد گەیاند. کوردی ئاوەکی و لاوەکی و خۆماڵی لێکتر بێ ئاگای پێکەوە کردە ئاشنا. هەتا توانی دەنگی کوردی بەشخوراوی بە خوێنەرەوان ڕاگەیاند. جاروبارێکیش بەخشکە هۆنراوەی بەزمانی کوردی تێ داخنی. کە دیکتاتۆریی شای پاشین دەس پێ کرا، ئەو دەنگی کوردەش داخرا. من کە زۆر خۆشم گەرەک بوو، چەند وتارێکم بۆ هەنارد و چاپی کردن. هۆنراوێکم کە بە کوردی بۆ نووسیبوو، باسم بە چاکە کردبوو؟ لە ژمارێکیدا خۆی گونجاند، کە ئەمەبوو:

بۆکان - ۱۳۲۳:

کۆهستان

نامەی کۆهستان ئەو ئەستێرەی تۆ
ورشەی پرشینگت دای لە هەردوبۆ
شەوەزەنگی کورد، دەرد و نەهاتی
ئەستێرەی بەختی، تێیدا هەڵاتی
تۆ ئەو ئەستێرەی پیاو لێت بڕوانێ
چەتە و پێوەدەر بە پیاو نازانێ

تۆ ئەو ئەستێرەی: هەڵدێ بە پارشەو
مژدەی ڕۆژ دەدەی ڕاپەڕین لەخەو

***

پەڕت وەک پەڕی پیرۆزە پیرۆز
داژدار و چاوسوور لەناو گەل و هۆز
سێبەری باڵت لە هەرکەس بدا
وازی لەچی بێ؟ بەئاوات دەگا
سیمرغی کوردی، تۆ بە هۆی شاباڵ
بێ بابان دەکەی لەسەر زاڵان زاڵ
بازی بەودمی بۆ کوردی هەژار
کوندی بۆ دەزگای خوێنخۆر و زۆردار

***

کوێستانی خێڵی بێ ئەنوا کانی
بۆ تینووی کوردان: کانی بۆکانی
زستان کە ڕۆیی خێڵی کوردستان
شوێنیانە دەبزوون ڕوو بە ڕووی کوێستان
کە بەفر و سەرمای بیست ساڵە چۆوە
ها، خۆ دەخەینە باوەشی تۆوە
تا تۆمان هەبی؟ خەمی چمانە؟
کێ لێمان دەگرێ: بڕ و بەهانە؟

***

کوردە، کۆهستان بەناو ئەنواتە
لە تەنگانانـدا باب و براتە
کۆهستان، یانی: کوا هەستان لەخەو
بۆ بێهەستە باز لە ڕوو بەڕووی کەو؟

هاواری تۆیە لە پاتەختەکەت
بۆت تەخت دەکا: ڕێگا سەختەکەت
کۆهستان، بۆ کورد: هومێدی و قەڵا
خوا بتپارێزێ لە دەرد و بەڵا

***

١٣٢٥ شەمسی، لە فارسییەوە:

خێوی گوڵ و وەنەوشە

خێوی گوڵ دوێنێ لە سووچی چەمەن
کەوتە مەڵبەندی سوێسنە و یاسەمەن
گوڵی دین لە ناو سەوزەی بەهارا
هەمووی وەک پەری لە لەنجە و لارا
وەنەوشە لەگشت جوانتر و چەلەنگ
بەڵام لە شەرمان سەرنەوی و دڵتەنگ
پێی گوت: ئەی نووری گلێنەکانم
ئارەزووت چییە؟ بلێ، بزانم
بە دڵخوازی خۆت دەتدەمێ داخواز
کە تۆ وا جوانی و وا بە غەمزە و ناز
گوتی بمدەیە سەوزە و شینایی
ون بم لە بەر چاو ئەهلی ئاوایی
نەوەک گوڵبژێر بێ بەکن مندا
هەڵم پسێنێ لە بێخ و بندا
نابینێ مەست و خەواڵووی غەفڵەت
نە ئەمن و جوانی نە ئەتۆ و سنعەت
***

سالّی ١٣٢٤ بۆ سالّپێوم نووسیوە کە لەبن هەر مانگێکدا دوو بەیت بنووسرێ:

خاکە لێوە

کـوردە گـیـان یاخـوا جـێـژنت پیـرۆز بێ
بـەهاری ژینـت جـــێـــژنـی نەورۆز بـێ
چەند دلّگوشـایە خـاکـە لێـوەکـەت
پیـرۆزە ڕەنگە شـاخ و کـێـوەکـەت

بانەمەڕ

مـانگی بانەمـەڕ لە کـوردەواری
بەهەشت لە دنیـا خـۆی داوە دیاری
کـەژ پۆشی لە گـوڵ چادری سـوور و زەرد
هـاڕەی هەڵـدێـران دەرمـانە بـۆ دەرد

جۆزەردان

ڕەنجـبـەر با بەس بێ سـەیری گـوێسـوانان
لەدەسـتی تۆیە چاوی ئەعـیـانان
وا جـۆزەردانـە و کـۆچی بـەهـارە
سـەرەتای ڕەنجی مـامی جـووتیـارە

پووشپەڕ

یاخـودا هەرکـەسێ کـوردی خـۆش نەوێ
وەک پووشی پووشـپـەڕ بە ڕوودا کـەوێ
بە داسی مـەردی پالّەی کـوردسـتـان
بیـدەن لە تایە بۆ سـاردی زسـتـان

گەلاوێژ

گـەلاوێژەکـەی بەخـتـت لە ئاسـۆ
دەرکـەوت، چابوو تۆ نەبووی ڕەنجـەڕۆ

نرخی ئەم مـــــانگە پارەی گـــــیــــــانە

جـــێـــژنی ســـەرســـاڵی کـــۆمـــەڵی ژیانە

خەرمانان

وا ڕەنجی ســــــــــاڵـێت هاتـۆتـە بـەرهـەم

ڕۆژی مـــــاو زۆرن، نەبی کـــــەترە خـــــەم

ئەمـــســـــاڵ تۆ نەکـــەی بۆ ســـاڵی دوایی

مـــانگی خـــەرمـــانان دەکـــەی گـــەدایی

ڕەزبەر

ڕەزمـــان هاتە بەر، لەخـــەم بووین ڕزگـــار

ڕەزبەر بە خــــێـــــر بێ بۆ کــــوردی هەژار

پڕبوو لە مـــــیـــــوە ئەم دەر و دەشـــــتـــــە

ڕاســـتی کـــوردســـتـــان وێنەی بەهەشـــتـــە

خەزەڵوەر

دوژمـــنـــمـــــــــــــان بمـــرن بـــە دەرد و بـــەڵا

وەک بـە خــــــەزەڵوەر دادەڕژێ گـــــــەڵا

ئاوردوو داخــــە کــــوردە زســــتـــــان دێ

بەفــــر بـەڕێوە بۆ کــــوردســــتـــــان دێ

سیخوار

ســیـــخـــوار خـــۆی نواند لە بەر پەســـاران

ســــــەرمـــــا هات، درا بـەرگی هـەژاران

نا نا، تۆ مـــانگی دڵخـــۆشی و شـــادی

تێــــــــتـــــــدا هەڵکرا ئاڵای ئازادی

بەفرانبار

وا بەفـــرانبـــاری ڕووگـــرژ و تاڵە
کـــوردە گـــیان وەختی خـــزانە مـــاڵە
هاوین پەیداکـــە، ئەمـــڕۆ بی پۆشـــە
پیـاو بەئێـرووو بێ؟ زسـتـانیش خـۆشـە

ڕێبەندان

ڕێبـــەندان گـــەرچی ڕێگەبەندانی
گلێنەی چاوی گـــەلی کـــوردانی
لەنێـو مـانگاندا جـوان و ڕووسـووری
لە تۆدا کـرا جـێـژنی جـومـهـووری

ڕەشەمە

ڕەشـــەمـــە، نـامـــەی بەهاری هێنا
کـۆچی بە خـێـڵی سـەرمـایە لێنا
ڕنووی ڕووخـاندن تۆپخـانەی شـەمـاڵ
کـــوردە دڵخـــۆش بە نەمـــا ژینی تاڵ

***

سروود بۆ پێشمەرگە

١٣٢٤ شەمسی، مهاباد

ئەمـــە پۆلی لاوان و گـــەنجی وڵات
بە قـەلبـێکی پڕ هێـز و عـەزم و سـبـات
بە ڕوحـێکی خـاوێن بە ئیـمـانی چاک
بە قـــورئانی پیـــرۆز، بە یەزدانی پاک
بە نامـووس و دین سوێند دەخۆین گشتمان

که تەخسیرێ ناکەین لەڕێی نیشتمان
بە یاری خودا تاک و ئاخر نەفەس
دەکۆشین و ئەم خاکە نادەین بەکەس
***
کوڕی کوردی گوردین، نەبەرد و نەبەز
لەشەڕ مەست و سەرخۆش نابین وەڕەز
هەموو پەنجەمان ئاسنین و قەوی
لەبەر هەیبەتی مە دەلەرزێ زەوی
هەموو بێچوە شێرانی شێر هەڵدڕین
وەکو بەبری ئازا و پڵنگی دڕین
ئەجەل وا لە لوولەی تفەنگی مەدا
ڕەها نابێ دوژمن لە چەنگی مەدا
***
هەموو دەستمان داوەتە دەستی یەک
بەقەول و بەڕۆح و بەماڵ و بەچەک
هەتا ماوە قەترێکی خوێنی بەدەن
دەبێ بڕژێ بۆ ڕێی نەجاتی وەتەن
بکوژرێین لەڕێی حیفزی ناموس و دین
گەلێ خۆشترە نەک بە دیلی بژین
هەموو سەر لەسەر نیشتمان بەخت ئەکەین
هەموو ڕێیەکی سەختمان تەخت ئەکەین
***
بژی کوردەواری لە ئازادییا
بژین لاوەکانی لە دڵشادییا
***

سروودێک

کوردستانی نیشتمانم، ڕووگە و هەوێنی ژیانم
بەدیمەن و خۆشەویستیت، ڕاهاتون چاووزمانم
***
تۆ بەهەشتی سەرزەمینی، جوانی بێ وێنەی جیهانی
پڕ لە نەوت و زێڕ و زێوی، پڕ لە پیت و دەغڵ و دانی
***
داگیری کردووی بێگانە، بۆ کوندەبوو بوویە لانە
دژ مەبە، دەبووژێیەوە، بەرتەسک و تەنگە تەنگانە
***
سەربەخۆ بوونت نزیکە، ڕۆڵەی ئازات پێگەیشتوون
دەمی خەنجەر تیژ کراون، بۆ تۆڵەت دەس لەسەر مشتون
***
کیژ و لاوی ئازادیخواز، شێری تەلار لەلان دەرچوون
چاری داگیرکەرانی کورد، یان گیان دەرچوونە یان دەرچوون
***
کورد و کوردستان پەرستم، سوێند بەو ڕووگەی خۆشەویستم
تا دوژمن لە خاکمدا بێ، نابێ لە خەبات بوەستم
***

کاوێژی لەمێژینەیەک

ئەوسا کە خوردە پایەکی بێ مایە بووم لە تەرەغە و پاشان لە بۆکانێ دەژیام. لە سایەی ماڵە ئێلخانی و بە تایبەتی کوڕانی حاجی بایزاغا، لە زۆردارانی لاوازخۆر پارێزرابووم. دەگەڵ ئەحمەداغا و قۆج بەگ، مەراقی قسەی قۆڕمان بوو، دەمەلاسکەی سەعدی و حافز و مافزم دەکردەوە -کە ئێستا لە بیرچوونەوە دوو ڕەمەزاننامە نەبێ – کە ئەو سەردەمە گوتوومە و بردوومە بۆ ئەحمەداغا:

ڕەمەزانی١٣٢٢، بۆکان

شابان بۆ سەفەر گرتی تەدارەک
لێم وەژوور کەوت مانگی مبارەک

هەسـتـــام لەبەری، گـــەلێ بە قـــەدر
بە خـــێـــرم هێنا و بردمـــە لای ســـەدر
بـــەرتـــیـــلـــی دەرد و بـــێـــگـــاری دوایـــی
کـــــەبابم بۆ کـــــرد، بۆم لێنا چایی
وێســـتــــام ڕوو بەڕوو تا ڕۆژ دەس نەزەر
شــەوگــار کــە ڕابرد، نزیک بوو ســەحــەر
عـــەرزم کـــرد: چۆنە لێـــرەت دەبینم؟
خـــۆ نەتهـــێناوە مـــایەی لەرزینم؟
فـــەرمـــووی: نایەوێ ببی بێ ســـەحـــەت
زۆر لەمـــێـــژە هەی ئاســـوودە و ڕەحـــەت
من یازدە مـــانگە نامـــبـــینی لە مـــاڵ
چوومـــە دروێنەی پەڵەگـــەنمی ســـاڵ
نەجـــاتم داوە دروێنە و کـــێـــشـــە
بڕیومـــە دەمـــبـــێن بنتـــا لە مـــێـــشـــە
کـــــارم تەواوە، گـــــێـــــرەیە وادەی
فـــەورەن تێگەییم چییـــــە ئیـــرادەی
قـــــوشـــــقی بووم، دڵم واقی بردەوە
ڕێی هەڵاتنم تاقی کـــــــــردەوە
هەســـتـــا بە گـــورجی، زانی بە سڵ بوون
لای دەرکی بڕی، گـــیـــرام خـــڕمـــچـــوون
***
پشـــتی خـوراندم، فـــیـــتـــەی بۆ لێدام
چەڵەمـــــەی ڕۆژووی لە مل گـــــرێدام

به «نەیخۆی باشە» ، بە «خێرە خێرە»
توند دەمی بەستم وەک پانێر گێرە
بیست و نۆ تایە کلۆشێکی خاو
بە منی گێرەکرد ئەو مانگە تەواو
لەپاش وردەکوت کە زانی مردم
گوریسی کێشا و بەرهەڵدای کردم
فەرمووی «سبەینێ با بەرهەڵدابی
شەش ڕۆژی دیکەش دەبێ تێدابی»
مۆزم کرد زانیم کە گێرە ماوە
تا نێو «قەرەگویز» ئاورم نەداوە
دەستم دامێنت ئێلخانی زادە
تکام بۆ نەکەی قەت بەرم نادا
سەد سۆفی هەیە پشت پان، مل فیلە
بەوان گێرەکا پەڕش و دێمیلە
ڕاوەستێ کە گوتی «هەر دەی هێنمەوە
هێندێک ڕیخۆڵان بخووسێنمەوە»
***
جێژنان عادەتە لە نێو ڕەعایا
دەبەن بۆ ئاغا توحفە و هەدایا
لایقی حوزوور دیاری جوان و شیک
نەم بوو بە غەیرەز دوعاوو تەبریک
عەرزی تەبریکم لەو عیدەت هەیە
شاییم بەو ڕۆژە سەعیدەت هەیە

یا خـودا تا حـەرشـە لەسـەر شـان و پیـل
تـا تێـی دەتووڕێ نـەفــخی ئیـســرافــیل
تـا لـولە دەکــرێ ســەمــای ســەبزپووش
تـا دەبـن کـێـوان وەک عـیـهنی مـەنفـووش
دایم جــەژنـت بێ و جــەژنـت پیــرۆز بێ
بـەهـاری ژیـنـت جــــەژنـی نـەورۆز بـێ
* * *

ڕەمەزان نامەی ١٣٢٣- بۆکان

خـێـڵـەکـەی شـەعـبـان هەر کـۆچی لێنا
مــانگی ممبـــارەک تەشـــریفی هێنا
داسـی زەردی کـــرد بـە پـێش قـــەراوڵ
خــورپەی هـات خـەڵک لەجـەرگ و لە دڵ
هەمـــوو تـێگەیـین لە فـــیک و هۆیان
دوعـای مـەحـفـووزیـان دەخـوێند لە خـۆیان
هـیـچ نـەگــــەڕاوە بـە پـاڕانـەوە
تـەشــریـفـی هـێـنـا نـاو بـۆکــانـەوە
بەو دەنـگی نـاخــۆش «عــەبە»ی گــزیری
قـاوی کــرد شــەوێ بە بێ خـۆگـیـری*
دەس دەنــە داس و وەرنــە هــەرەوەز
حـوکـمی حـاکـمـە و خـۆ مـەکـەن ناحـەز
هەمــووی دەســتی کــرد بە بۆڵە و پرتە
لەهەمـــوو قـــۆڵێک پەیدابوو ســرتە

* بانگدەر ناوی مەلا عەبدوڵلا بوو، دیارە مەلاش گزیری رەمەزان بەگە.

لێکرا هەڵاتن، مـــا، هەمـــه باهەم
هەژار و ڕۆژو وەک بەنگین و مـــــەم
شـەوی هەرمـابوو چوومـه سـەرکـاریّ
بێ ئـاواڵ درووم هـەتـا ئـێـــــواریّ
نه چا، نه سـیـغـار، نه نان، نه ئاوێک
نه بن سـێـبـەرێک، نه خـەوتن تاوێک
هـەتـا تـاریـکـان نـەمـابـوو حـــالّیّ
به سـەد کـلـکەلەق گـەیـەوه مـالّیّ
تـەمـــام بـوو هـەلّیـم، لـه پـڕێکی ڕۆژوو
دیسـان وەک دۆلّـپـا سـواری شـانم بوو
به «خـەیرون لەکـوم» ئیـقناعی کـردم
پێی بـۆ پێـوەنـدی نیـەتیّ بـردم
دەمی دادرووم بـه «خـەیتـی ئەبیـەڵ»
«سـومه ئەتیـمـمـو»ی لێ کـردمـه مـەتەڵ*
بەری شـێـست باقـه، ڕۆژیّ شـازدەبەر
هەتـا ئێـواریّ پێی دەبردمـه سـەر
جـێی سی تەغـاری پێ درووەمـەوه
هێـزم لێ بڕا، مـەحـو بـوومـەوه
بەزەی پێم داهات، فـەرمـووی جـاریّ بەس
سـبـەی مـۆلّـەته بڕۆ، مـەرەخـەس
پەڵێک جـۆ مـاوه لـه شـەشـەکـانیّ
ئـەویش بـه شـەش ڕۆژ ده دروویـەوانیّ

* خیط: هەودا، ابیض: سپی. ئەوسا منیش وەک مەلای کورد خوشکی صادم به لامی قەلّەو دەزانی و دەگەڵ مەتەڵ خشتبوومه ناو تەرازووێک. لێم بوورن.

ئەمــجــار یەکــجــاری نامــێنێ کــارت
تا ســـــاڵێکی دی خـــوا ئاگـــادارت
***
هەر پلاوم خــــوارد، پەیدا بۆوە هێـــز
جـــا وەرە و هەڵێ بەرەو قــــەرەگــــوێز
وا دیســــــان ئاغــــا پەنام هێناوە
نەجــــاتم نەدەی خــــراپ قــــەومــــاوە
هەزار دەروێشی لێ کــــــــۆبوونەوە
با پەڵە جــــــۆکــــــەی بۆ بدروونەوە
***
هەر کەس ساز و ڕووت «هەرچی شک دەبا»
جــێــژنان بۆ ئاغـــا دیارییـــەک دەبا
من کـــە دوعـــاگـــۆم دوعـــایە دیاریم
هەر ئەمـــەی تێـــدا حـــوجـــرەی هەژاریم
جـــێـــژنت پیـــرۆزبێ، پیـــرۆزە ســـایە
لە خــــودای بەرز و مـــــەزنم تەمـــــایە
تا دەفــــەی دەروێش دەبێـــتـــە فـــڕۆک
تا هەمـــوو شــاعــیــر دەبن ساز و کــۆک
هەتا زەرگ و ســــیخ دەبێــــتــــە بڕنوو
تا ئاغـا دەبن بێ کـیـبـر و خـۆشـخـوو
تا کـــورد دەبنە یەک، هەمـــوو دەخـــوێنن
خــــــــۆ لە ژێربـاری دیـلـی دەردێـنن
تۆ هەر بمێنی بە ژیانی شــــیــــــرین
تـا هـەزار هەژار لە ســــــایەت بژین
***

هەژار ئامۆژگاری بۆ شێرکۆی کوڕی خۆی دەکا

شێرکۆ کوڕی خۆشەویست و ژیرم
زاخاوی مەژیم و هۆش و بیرم
پنج و رەگەزی دڵ و گیانم
خونچەی شەبەقی باخەکەی ژیانم
هێشتا بەتەمەن منداڵ و کاڵی
وەک دەربەدەریم دووازدە ساڵی
هەرچەندە کوڕی منی هەژاری
دووا رۆژی هەژارە نادیاری
لێم روون نییە پاشی چت بەسەر دێ
هیوام گەلێ پێتە ببیە مەردێ
مەردێکی بەکار و چاپک و زیت
بیرێ بکەی و بزانی تۆ چیت؟
دەردی گەلەکەت بزانی چۆنە
بۆت دەرکەوێ چەند برینی کۆنە
خانی لە هەزار و سەد ژیاوە
ئەو کاتە لە ئێمە چۆن دوواوە
حەفتاوو حەوت لە سێسەتیش چوون
پێشتر لەوە کوردی ئێمە مردوون
ئەودەم کە هەیان بو میرێ بۆ خۆ
ئەمڕۆکە پساوە رایەڵ و پۆ
بوین ئەودەمە پشکی تورک و تاران
زۆر ئێستە خراترین لە جاران
نەوتت کە ژیانی ئەورووپایە

بۆ تۆ نییە تیری شەوچرایە
بێگانە لە نیشتمانی ئێمە
تێر و قەڵەون بە نانی ئێمە
خۆمان هەمو کوێر و کوتر و برسی
ژین کورت و ئەویش لەگەڵ مەترسی
نابێ بە زمانی خۆ بخوێنین
ناشێ کە هەناسەیەک هەڵێنین
کوژران بە هەزار هەزار لە لاوان
ئازادیخووازی ببووە تاوان
ئێستەش لە سەر ئەم ژیانە تاڵەش
پاش رژتنی هێندە خوێنە ئاڵەش
کورد هەر لە خەوی نەزانیدایە
هەر پێکەوە گەڕ و هەرایە
بێگانەپەرستە خۆنەویستە
بۆ هاوڕەگەزی کەڕ ونەبیستە
بۆ یەکتری دوژمن و نەیاران
بۆ نۆکەری تابڵێی لەبارن
ئەو چاخە کە خانی پێی ژییاوە
فەرمووویە هەرا لە سەر دراوە
وێستێکە هەزار ئەوەندە چرووکن
بۆ پوولێ لە تای تەرازوو سووکن
خۆ هەرچی دەخوێنی پیت و نیوێک
ئەو دەچتە کەلێک و گەل لە شیوێک
لای شەرمە کە هەر بەکوردی بدوێ

بۆ چارەڕەشیی مە «بۆگەنە خوێ»
خۆی ناو دەنێ مل بەزەنگی پێشڕەو
دەتداتە دەسی دژت وەکو کەو
زۆرزانە لە کاروباری هەرکەس
ئاگای لە ژیانی خۆی نییە و بەس
ڕەنگن هەموو کەسک و سوور و شین
کوردایەتی زۆر بەکەم دەبین
کێ هونەری کوردە یان هونەروەر
کەم بایی ترە لە توور و گێزەر
وا بیر مەکەوە ئەمەم درۆیە
بۆ ڕاستیی نموونە بابی تۆیە
کاتم ئەوە گەییە سی و نۆ ساڵ
هەر ساڵە لە پار پتر ژیان تاڵ
دڵخۆشی لە رووپەرری ژیانم
هەر هێندە ناوەکەی دەزانم
ئاوارە لە نیشتمانی خۆمم
ئاواتەخوواز بەژینی دۆمم
والا دەس و دڵ پڕ و پەژارم
سەرباری هەژاری دەردەدارم
هەر مانگە لە دێیەک و لەجێیەک
هەر رۆژە میوانی خانەخوێ یەک
دەرکێ نییە دادی بۆ بنێرم
هەردێ نییە خۆمی لێ وەشێرم
کوردایەتییە گوناە و سووچم

وەک مۆمێ دەساچم و دەسووچم
هەرچەندە کە نیمە هیچ دەرووێ روون
هەر دژ دەگەڕێ گەڕانی گەردوون
دەستم لە هومێدی بەر نەداوە
چاوم لە پسانی بەند و داوە
پێم وایە دووا بە ڕۆژی رەش دێ
زۆر ناچی کە باو و رۆژی مەش دێ
جا با پتریش بەدەرد و کول بم
با رووت و کڵۆڵ و داخ لەدڵ بم
سەد هێندە پەژارە لێم وەکۆ بێ
کورد هەر دەبێ رۆژێ سەربەخۆ بێ
بامن بە هەژاری بچمە بن گڵ
کورد رۆژێ دەبن بە گوڵ لە سەر چڵ
هەر هێندە تکام لە تۆیە ڕۆڵەم
مەڕوانە کە ئەم شڕ و شڕۆڵەم
زۆرتر لە منیش کز و هەژار بی
بێ بار و نزار و لێو بەبار بی
دەربەس مەبە، بۆ گەلت بکۆشە
ژەهراوی لەسەر بنۆشە، خۆشە
باوکی تۆ چۆن بوو شوێنی بگرە
حیزانە مەژی بەمەردی بمرە

***

بەشی سێهەم

نامیلکەیەکم لە شام چاپکرد بەناوی «بەیتی سەرەمەڕ و لاسایی سەگ و مانگەشەو» دەگەڵ چاپخانەیەکدا ناردم بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و لە موسڵ کەوتنە بەر چنگورکی شورتەی نوری سەعید و بە خڕو پڕی لەناو بران تەنیا چل نوسخەیەک کە خۆم گلم دابوونەوە لەو نامیلکە بڵاوبوونەوە. وام بە باش زانی بەیتی سەرەمەڕەکە دەگەڵ هێندێک لە بەرهەمەکانی ساڵانی بەر لە چل و هەشتیشا بۆ نموونەی هۆنراوەی ئەو سەردەمەم نیشانی خوێندەوارانی کوردی بدەم. ئەوی شیاوی باسە، جیا لە «ئاڵەکۆک» کە سۆڤیات لە تەوریز بۆیان چاپ کردم نزیکەی دوو هەزار بەیتێکم بە چاپ نەکراوی لەو ناوەدا مایەوە و دەستم پێ ڕاناگەن و نازانم ماون یان سوتاون و لەناو براون. بە هومێدم ڕۆژێک دەست کەونەوە و ڕووناکی ببینن.

***

بەیتی سەرەمەڕ

سوریا، دمشق ٢٣/ ١/ ١٩٥٧: ساڵی ١٩٤٨ ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕۆژنامەیێکی عەرەبیدا لە ژێر دروشمی «کۆشکی بلوورین»دا چیرۆکێکی کورتی ڕەمزیم خوێندەوە کە لە بوێژی تورک «صباح الدین علی» وەرگیراوە. چیرۆک نزیکەی نیو رووپەڕی ڕۆژنامەی گرتبوو. هەرچەندە زۆر لە پەردەدابوو، زۆر بەنهێنی پیاوی تێ دەگەیاند کە مەبەستی چییە. بەڵام دیسان زۆر کاری کردە سەر مێشک و دڵم. پوختەی چیرۆکم هەر لەدڵدابوو تا هێنامیە سەر ئەو بیرە کە ئاوا پان و پۆڕی کەمەوە و هەرچەندی کێشی دێت ڕایکێشم و چی لە دڵمدایە بۆی بکەمە نێوئاخن. ئەگەرچی بەشی زۆری من لەخۆمەوە پەڕوپۆم لێناوە و پەڕم تێدا هەڵاویشتووە. بەڵام هەر لەسەرمە زۆر سوپاسی گیانی پاکی ئەو بوێژە بەرزەی تورک بکەم کە بناغەکە ئەو دایڕشتووە. بۆتە دابێکی تازە هەرکەس شتێک دەنووسێ دەیکاتە دیاری بۆ کەسێک، منیش ئەم سەرەمەڕەی خۆم پێشکەش بەو کەسە دەکەم کە هەمووی دەخوێنێتەوە و خەڵکیشی لێ تێ دەگەیەنێ .

***

حیکایەت خوان

شـــــــەوێـک لـە شـــــــەوی پـایـز

خـــوا لێ خـــۆشـــبـــوو مـــام بایز

پـیـــــــــــرێـکـی دنـیـــــــــــادیـدە

دانا و زانا و گەریدە
قسەڕەوان، گفت جوان

شیرن ڕاوێژی زمان
لە گوێی ئاگری مزگەوت

سەعات گەییە شەش و حەوت
ئەوە دەیگوت: حیکایەت،

خۆش بوو بەدەر لە غایەت
ئاوی گوێچکەی دامەوە

وەهای بۆ گێڕامەوە

سێ تەنبەڵ

هەبوو نەبوو، لە زوودا
لە دەورانی پێشوودا

سێ زەبەلاحی بێکار
چەورە و شەلاتی ناوشار

دەست و پێ سپی و تەنبەڵ
پیس و بۆگەن و چەپەڵ

یەک لە یەکتر خوێڕیتر
هەر بۆبە بوون یەکدی گر

نانی بە ڕەنجی شانی
هەر ناویان نەدەزانی

بەخواهیش با و بە زۆری
دەژیان بە مفتەخۆری

هەر شەو دەچوونە ماڵێک

سێسەد و شەست لە ساڵێک
سەلام مەلێکم حەمە
میوانی تۆین ئەو جەمە
ئا توخوا پوور خانم جان
تۆزێ کەرە و سێ چوار نان
چبلا بوو خوشکە ڕابی!
نابێ تۆزێک بۆ خوا بی!
ترخێنێکمان بۆ لێنێ
ئاهی دڵمان بشکێنێ
چەند ساڵێ وا بەرێ چوون
تا لای خەڵک بۆژۆ بوون
کەس بەربەی نەدەپێوان
ناچار دایانە کێوان
شەوێک لێرە، یەک لەوێ
هەر نانەزگ دەس کەوێ
وا فێربوون ماڵانگەڕی
سەگیان پێ نەدەوەڕی
هێند چوختی ببوون لە سواڵ
مەلا فرێی دا مەتاڵ
شێخان لە بەریان بەزین
بەتاڵیان کرد خوانی زین
دێوانە کەوتنە هاوار
سەریان دا لە بەرد و دار

گوتیان چیان بۆمان نەهێشت
با بیانخۆین لە باتی چێشت
تەنبەڵباشیی زەمانە
ترسان بیانخۆن دێوانە
بەناچار دایان بڕیار
یەکجاری بچنەوە شار

شارێکی مەزن

لە کەلێ وەسەرکەوتن
ماندووبوون، تۆزێک خەوتن
هەڵسان نۆڕیانە چواردەور
دنیای ساماڵی بێ هەور
لە دوور شارێ دیارە
پڕ گومبەز و منارە
پڕ قەڵا و باڵەخانە
عەجایبی زەمانە
نە سەری دیارە نە بن
هەزار شەیتان دەکا ون
شەقامی هەزار هەزار
ڕاکشاون لە گەرووی مار
هەزارە زیلەی ناوشار
زیاد لە ئەندازە و ژمار
وەک لەشکری مەل و موور
ڕەش دەچوون دەجمین لە دوور

تەنبەڵ ماتی دای گرتن
دیتیان تارمایی مردن
چۆن بژین لەو شاری پڕ!
ئێمەی خوێڕی و شڕ و وڕ!
لەبەر زۆر بیرکردنەوە
خەونووچکە دەیبردنەوە
یەک لە هەموان پتر سەگ
پێیان دەگوت قوڵی بەگ
لە پڕ سەری هەڵبڕی
دە ئاوالان ڕاخوڕی:
سەر بەرەژێر، با بچین
فێڵێک هەیە پێی دەژین
«چۆن فێڵێ؟ شەیتانییە
بەشم لە زۆرزانییە»
لە ڕێگە تێی گەیاندن
لە دڵ و مێشکی چەسپاندن

ژیان لەو شارە

هاتن، گەیشتنە ناوشار
پێدا گەڕان سەر و خوار
لە هیچ کوێ جێی وا نییە
بێکاری تێدا نییە
نە دەوڵەمەند، نە هەژار
نە گەدایە و نە خونکار

نە زۆردارە و نە بێ زۆر
وەک یەک سپی و ڕەش و بۆر
هەموو کەس دەکا کارێ
چی پەیدابوو ئێوارێ
دێتە ژمار و دەفتەر
دابەش دەکرێ بەقەد سەر
کێ لەکار ئازاتر بێ
دەبێ بەشی زیاتر بێ
هەرکەس کاری نەدەکرد
بێ نان لە برسان دەمرد

بە میرات نەبوو

ئیتر لە میرات نەبوو
کوڕی خان و خات نەبوو
دەوڵەمەندێک مندار بێ
یەکەم سووتخۆری شار بێ
کوڕی جاشە کەرێ بێ
بێ شەرم و سەرسەری بێ
زمان پیس، دەم بۆگەنیو
بەهۆی لیرەی مام تۆپیو
ببێتە گەورەی کۆمەڵ
کەر دەبەرکا پێستە کەڵ

بێ ئاغا بوو

لێی نەبووکوڕی ئاغا
شەو بنوێ لە وەتاغا

بە ڕۆژ بچێتە ڕاوێ
بە تاژی و تفەنگ باوێ
ئارەق نەچێتە توێڵی
بژی بە حیزی و دێڵی
تەماح کاتە خێزانی
جوانی ڕەعیەتەکانی
بێ ماندووبوون بێ هەوڵ
بپۆشێ چەکمە و کەوڵ
کەوا و پاتۆڵ، ئەسپی چاک
لە دوارۆژ بێ ترس و باک
وەک کوردەواری نەبوو
نە بەگ بوو، نە بێگاری
نەک وەکو کوردەواری:
جوتێری دەس قەڵشاوی
بەهرەی دێم و بەراوی
ئارەقی نێو چاوانی
خۆی و منداڵەکانی
ساڵ دوازدەمانگ ماندووبوون
دەرکەوێ تاریک و ڕوون
لەبەر بڵێسەی هەتاو
لە دروێنەدا چەماو
بە پشتی کوور هەتا شەو
تا لا بە لای دەخا خەو
مناڵ هەر یەک گوێی کارێ

بگرێ هەتا ئێوارێ
نە خوێندنگا و نە دەرمان
چاویان پڕووش لە گەرمان
بێ جلک و بەرگ و پێلاو
لە ئەسپێ و کێچا خوراو
ڕووت و قووت تەواوی ساڵ
نانیان جۆ و زوڕات و گاڵ
زستان لەرزیو بێ ئاگر
لەوان جێ خۆشتر مامر
گەنم و تووتن پەیدا بێ
هەرگیز دەنکیان بۆ نابێ
پێک هاتووی ساڵ بە خڕی
بۆ ئاغا و ژن و کوڕی
ئاغا بیکاتە قومار
خانم خەرجی کا لە یار
کوڕ بکڕێ جلە تاژی
جەیران لە سەرمان ناژی
نە شێخ نە تەکیە هەبوو
نە دەروێش و حاوو حوو
نە دێوانەی ئاگرخۆر
نە سۆفی چڵکن و بۆر

ئەدی چۆن بوو ؟

هەموو کەس پاک و خاوێن
هەڵکراو چاک و داوێن

نـه زینـدان بـوو لـەو شـــــــارە
نـە کـــــوشتن، نـە قـــــەنارە
نەجـــوێندان، نـە هـەرا و شـــەڕ
نـە فـــێڵ و فـــەرەج نـە گـــەڕ
نـە دزی و نـە گـــیـــرفـــان بڕی
نــە کـــــــینــە و نـە دڵ پـڕی
نـە هـەتـیـــــوی کـــــۆڵانـگـەڕ
نـە ســـــــیلـداری چرچ و لـەڕ
نـە ژنـی برسـی و بێـــــچــــارە
ئــابــــڕووی بــدا بـــە پـــارە
دەرمـــانگە و نەخـــۆشـــخـــانە
زیـاد لـە پـێـــــویـست هـەیانـە
مـنــاڵ کـــــــــە تــازە دەبـوو
کـــۆمــــەڵ دایـک و بابـی بـوو
دایـــک دەچـــووە زانـــگـــەوە
بـە زگـی هـەشـت مــــــانـگـەوە
مـــــامـــــانـی ژیـر و زانـا
یــاریــکــار بـــوون لـــە زانـــا
نـێـــــوک بڕین، فـــــرچـک دان
دەیـــکـرد بـــژیـشـــکـی چــازان
دەیـان کـــــــوتـان بـێ بـەرتـیـل
بۆ ئاوڵـە و چاقـــوڵکە و ســـیـل
تـــا لــــە زانـــگـــا دەتـــرازا

دەبوو بە گوێزی ئازا
دایک سێ مانگ وچانی
دەدرایە دەوری زانی
کێ مناڵی زیاتر بوو
لەویتر بێ خەمتر بوو
لە سێ مناڵ بەولاوە
بەراتی بۆ دەبڕاوە
کێ دە مناڵی بوایە
مووچەیەکیان دەدایە
باب و دایکی پێ دەژیان
خەنی دەبوون لە خۆشیان
تەمەن ببا پەنجا ساڵ
پاڵی دەداوە لە ماڵ
ژینی بەڕێوە دەچوو
هەر شارنەبوو، بەهەشت بوو
تەنیا عەیبێکی هەبوو
زۆر خوێندنی لێ نەبوو
لە بەر زۆر عاشقەکاری
کەمتر بوو خوێندەواری
هەتا دوو سێ پۆڵ، مناڵ
دەیخوێند و دەچۆوە ماڵ
چەند لاویان هەڵدەبژاردن
بۆ لاوەیان دەناردن

بچن بژیشکی فێربن
نە دەزانرا کە خوێندن
بۆ ژیان و کار بژیوە
کار بێ خوێندن هەتیوە
نەیاندەزانی هەرکەس
کەم بخوێنێ و بڵێ، بەس
ڕەنگە فێڵی لێ بکرێ
نیزیکە فریو بدرێ
بێجگە لە زۆر زانستی
نەیان بوو پێداویستی
نە دەرد و خەم نە کزی
نە لە ژیان وەڕەزی
کار کە نەدەما ئێوار
لەهەموو سوقاقی شار
دەنگی مووزیک بەرز بوو
مووزیک هەزار تەرز بوو
دەبوو بە بەزم و سەما
جێگای کزی نەدەما
قاقای لاوان و پیران
خەمیان دەدا بەر شیران
تا نیوەشەو کوڕ و کاڵ
دەچوونەوە بەرەو ماڵ
لە خانووی خۆش و گەرما

لە نوێنی پاک و نەرما
لێی دەردەکەوتن بێهۆش
دەیان دیت سەد خەونی خۆش
کێ بێ ئەو دەورە تێک دات
هەر دەخەونیش نەدەهات

کۆشکی بلوورین

تەنبەڵ بە شارا گەڕان
دەڕۆیین و دەیان نەڕان:
ئای لەو شارە چەند پیسە
ئای بەختو چەند نەگریسە؟
شاری وا ئابڕوو چوونە
نە جێی ژین و لێ بوونە
کێ بیستی لە ڕووی زەمین
شار بێ کۆشکی بلوورین!
کۆشکی بلوورین کوانێ!
ئەوە بۆ کەس نایزانێ!
وێران بێ ئەم وەڵاتە
بێ بلوورین قەڵاتە
وایان بە قەو دەقیژاند
حەشاماتیان هارووژاند

بۆچی باشە؟

خەڵک بە سوڕمانەوە
وەرامیان دەدانەوە:

بۆچییـــــە ئەو کــۆشکە بۆ شـــار؟
خـــۆ نە ئاشـــە و نە عـــەنبـــار
نـە بـەرگــــــە، نـە نـان، نـە ئـاو
نـە جـــاو، نە دراو، نـە پێـــــڵاو

بەرزیی گیانی

تـەنبـــــەڵ بـە قـــــاوو بـە قـین
هەر پێـــیـــان پـێ دەکـــەنین:
ئەی خــــەڵکینەی هیـچ نەدیـو
نا نەجـیب، هەتیـو مــەتیـــو
هـــەر نـــان و ئـــاو دەزانـــن
هەمـــوو بەندەی زگـــتـــانـن
پێــــتــــان وایە: بـەڕێ چـوون
هـەبێ، هـەمــــوو شـت بـە تـوون
نەجـــیـــبی و بەرزی گـــیـــانی
هـەر مــــــەعـنـاتـان نـەزانـی!
کـــــوێ بێ کــــۆشکی بلووره
لە ڕەحـــمــــەتی خـــوا دووره
گـــەپجـــاڕی شـــاری دیکەن
بۆ گـــاڵتـــەجـــاڕ حـــەنتـــیکەن
وا بـار دەکـــــــەیـن لـە لاتـان
ڕوو دەکـــــــــەیـنـە وڵاتـان
لـەو جــــــێی بـەڕێـوو جـێ بێ
کـــــــۆشکـی بـلـووری لـێ بێ

ئەم باســـــە دەكـــــەین بە قـــــاو
ئــــابـــڕووتــــان دەچـــێ تـــەواو
لە نـاو گـــــەلان شـــــەرمــــــەزار
دەبــن و دەكـــــــــــەونـە بـەر زار

شەندە و مەندە

خـــەڵكی شــار بیـــســـتیـــان ئەمـــە
كـــــەوتنە چپـــە و هەمـــهـــەمـــە
لاوان گـــوتیــــان هەر ئێـــســـتـــە
كـــــۆشكی بلوور پێـــــویســـتـــە
كــــارمــــان بێ كـــۆشک گـــەندە
كـــەم نیــــیـــە شـــەندە لە مـــەندە
چۆن خــــــــــەڵكی تـر هـەیـانـە
لـە چـاو ئـەوان چـمـــــــــانـە!
ئـابڕووی شــــــاری خـــــۆ نـابـەین
دەبێ ئـەم شــــــــەرمـــــــە لابـەین
كـــــــۆشكی بلـوور لـە شــــــارا
وەک خــــــــــــاڵـە لـەڕووی یـارا
پیـــــریش گـــوتیــــان كــــەوابێ
بـــش بـــێ زیــــانـــی نـــابـــێ

شوانی ناخوازن؟

ڕوویـان كـــــــردە سێ تـەنبــــــەڵ
نەک سێ تەنبـــەڵ، سێ دەغـــەڵ
وتیـــــــان ئـەی پیـــــــاوی زانـا

ئەی لە عـــــــەقـــــــلا تـووانـا
وەک لـــــــە دەردان دەزانـــــــــن
هەر بۆخـــۆشـــتـــان دەرمـــانـن
کـــۆشـکی بلوورین چیـــیـــە؟
زانســـتـــیـــمـــان پێی نیـــیە
دە ئێـــوە تەشـــریـفـــتـــان بێن
بۆمـــــان دانـێن: ڕێـوو شـــــوێن
لەنگۆ بیـــــر و لەمـــــە کـــار
لەم شـــــەرمـــــە ببین ڕزگـــــار
«بەگـورگـیـان گـوت ببـە شـوان
دای دایـە قـــولـپـی گـــریـان»
«وتیـان: گـورگـە دەگـری، بۆ؟
وتـــی: دەتـــرســـم لـــە درۆ»
تەنبـەڵیش گـوتیـان: حـەی حـەی
جـا ئەوە چۆن دەکـــرێ و کـــەی؟
نـاتوانین لێـــــرە گــــیـــــر بین
لەنـاو شـــووشـــەدا پیـــر بین
گـــەڕیدەیی و شـــارەو شـــار
لامـــان خـــۆشـــتـــرە لە کـــار
خـــەڵکە ســـەریان گـــەرم بوو
دڵـڕەقـــــــیش دڵـنـەرم بـوو
لـێـــــــــــیـــــان دەپـاڕانـەوە
دڵخـــۆشـــیـــیـــان دەدانەوە!

وتیـــان ســـا ســـوێندو ئەدەین
بیکەن هەرچی پێـــو دەکـــەین
گـــوتیـــان ســـوێندو بۆ دەخـــۆین
چـــۆن دەڵـــێـــن: وا ڕێ دەڕۆیـــن

قوڵی ئەو قوڵی نەما

قـــــوڵی بەگی چەنبـــــەری
تەپڵـــێکی نا ســـەر ســـەری
کلکە ڕێویـیـــەکی تێ خـــست
سێ چوار شـیـشـۆقـەی وێخـست
فـــەرەجـــیـــــەکی پان و پۆڕ
گـــوڵینگەی پێـــدا کـــرد شـــۆڕ
پێنج شـــەش زریزە و زنجـــیـــر
لە فـــەرەنجی کـــردن گـــیـــر
ســمــێــڵی لێ کـــردن قـــیت
چاو بە چاویلکە بوون زیت
پانتـــــۆڵێکی دەلینگ فش
دەق نەشکاوو خـــشـــــەخش
مامزە و چەکمە و جیڕە جیڕ
هەرا و قـیڕە و شـیڕە شـیڕ
هەروا بەم فـــاک و فـــیکە
بوو بە پیـــــاوێکی دیکە
بە هەیبـــەت و مـــەترسی
جـــێگیـــر بوو لەســـەر کـــورسی

تەنبەڵی دووهەم

دووهەم تەنبەڵیان هێنا
ڕیشی درێژیان لێ نا
چاویان ڕشت بە کل و کلتوور
دەپێی کرد ئێمەنی سوور
تەزبیحێ هەزار دانە
دە ملیان کرد شێخانە
لە سەریان بەست شاڵی شین
ناویان نا شێخ محیەدین
وا لەبەر چاو زل ببوو
پیاو زەندەقی لێی دەچوو

هاواڵەکەی تر

سێ هەمیان بە ڕووخۆشی
بەرگێکی ڕەشی پۆشی
سێ چوکڵەی حیلە بازان
ناویان لێ نابوو: چازان
جل تا بڵێی فش و فۆڵ
سێ چوار گەز کرابووە قۆڵ
کڵاوێک لەسەر سەری
کڵاوی چی! لەنگەری!
وەکو گوێی کەری جڕجاڵ
سێبەری بۆ پێنج سەد ماڵ
کەوشی بریقەداری
ڕەوتی بە لەنجە و لاری

قـــــەڵـەمێ زل لـەســـــەر دڵ
کـــتـــێـــبــێک لەبن هەنگڵ
تـا بـزانـن ئـەم ئـاغـــــاشـــــە
قـــانوون ڕێکخـــەری باشـــە

یاسای تازە

ئاڵقـــەی یاســـا تێک خـــرا
زنجـــیـــر بۆ گـــەل ڕێک خـــرا
یەک: ئەو کـــۆشکەی ســـاز دەبێ
پڕ لـە خـــــــۆشی و نـاز دەبێ
کـــــــــۆشـکـی بـلـوورە بـەنـاو
پێی هەڵـمـــــەکـــاڵێن بەچاو
دوو: هەرکـــەس پێی بڵێ خـــوار
یـان جـــــــوێـن دا بـە بـەرد و دار
یـان لێی کــــار نـەکـــــا بـە دڵ
یـــان لـــە بـــێـــگـــار بـــکـــا ســـڵ
دەکــــــوژرێ لە دنـیـــــای ڕوون
لە قـــیـــامـــەتـیـــشـــە مـــەلعـــوون
سێ: هـەرکـــــەس لە زۆر و کـــــەم
لـــێـــی داوا بـــکـــرێ هـــەردەم
نـەیـدات بـۆ کــــــــۆشـکی بـلـوور
دەکـــوژرێ بەپێی دەســـــتـــــوور

کار لە کۆشک

دەس کـــرا بە کـــار ئەمـــجـــار
لە خـــۆشـــتـــر مـــەڵبـــەندی شـــار

هەزار خانوو تێک درا
بنگەی کۆشک ڕۆ نرا
بەهەزاران کارگەر
لە حەد بەدەر بارەبەر
ڕەمڵ و بەرد و قوڕ دێنن
بناغە دامەزرێنن
چی پشتە و عەرەبانە
لە کەرستە کێشانە
موهەندیس و میعماران
دەس ڕەنگین، شیرن کاران
دەستیان دا دەس کارگەر
بناغەیان بردە سەر
بە بلووری تواوە
پایە بەرز کراوە
هەرچی دارتاشی باشن
وا پەنجەران دەتاشن
چەند ئاسنگەر پێویستە
نێونووس کران لە لیستە
هاتن تەونگەرباشان
چنیان قاڵیچەی کاشان
نان و پێخۆری پیاوان
لەسەر هەتا بناوان
ماست و ڕۆن، گۆشت و پلاو

قاوە و چایی بە لێشاو
دەبوو بیدەن خەڵکی شار
بە تۆن، بە بار، بە خەڵوار
زۆریان لات هەڵبژاردن
سەرکارییان پێ سپاردن
زۆر خوێڕی و پەست و بێ هەست
بۆیان بوونە داری دەست
خەڵکیان لە بێگاردا کوشت
تا نهۆمێکیان دارشت

وتاری قولی بەگ

سێ تەنبەڵ چوونە ناوی
ڕۆژی حەفلەی تەواوی
خوتبەی بۆدان قولی بەگ
کە ئەی گەلی بە ئەمەگ
ئەی پاڵەوانانی کار
ئەی ڕەنجدەرانی هێزدار
نهۆمێکتان تەواو کرد
ناوبانگی خۆو بڵاوکرد
عافەریم سەد عافەریم
ئەوی من لە ئێوە دیم
بەهیچ کەس وا ناکرێ
کەس وا بەرگە ناگرێ
بەڵام نهۆمێک چییە!

شایستەی شارتان نییە

لەسەرمان پێویستە زوو

تەواو کەین نهۆمی دوو

ئەوی ئێستاش هەمانە

بیپارێزین مەردانە

جا قەزاو لە گیانی من

بەخۆ خۆش مەکەن دوژمن

کێ دارا یان نەدارە

تەقسیر نەکا لە پارە

ماڵی دنیا هیچ نییە

نێوی چاک ئەبەدییە

کێ ئازایە کار بکا

کاری بەرد و دار بکا

فکری باشمان بۆ کردوون

میدالمان بۆ داڕژتوون

لە زێڕو زێوی ئێوە

وێنەی خۆمی وا پێوە

کێ زۆر ئازا و گوێگر بێ

کێ پیتاکی پتر بێ

نیشانێکی دەدەینێ

دەی چاوم، هەر سبەینێ

دەست پێ کەین، دووەم نهۆم

لەمنو کەوێ کوڕی خۆم

ئەگینا کارمان لەنگە
لە قاتێک جێمان تەنگە

فەرموودەی شێخ

ئەم جارە شێخ ڕدێن زل
دەم بۆز و چاو پڕ لەکل
سەرشین وەکو دارە بی
پاش چەند وشەی عارەبی
فەرمووی کۆمەڵ بزانن
ئەگەر خاوەن ئیمانن
دەبێ ئەم کۆشکە سازکەن
ئێمە لەخەم دەرباز کەن
هەرکەس بۆ قاتی دوایی
کار بکا بە ئازایی
ماڵی خۆی پێ ببەخشێ
هەر تا کۆشک بنەخشێ
لەو دنیا پاش مردنێ
حەفتا کۆشکی دەدەنێ
حەفتا حۆرییان تێدایە
هەر یەک نرخی دنیایە
کێ نانی خۆ و مناڵی
مافووری چاک و قاڵی
بێنێ بۆ ئێمە، بیخۆین
ڕایخەین، لە سەری بڕۆین
لەناو بەهەشتی بەرین

تێـــر دەخـــوا شـــیـــر و هەنگوین
کێ لـە دنیـــا فـــەقـــیـــرە
لاتــە و کـــــــــزە و زویـرە
کـێ زۆر پـیـس و چـڵـکـن بـێ
ئـەســـپــــێــــون و ڕشـکن بێ
لە قـــیـــامـــەت زۆر لە پێـــشـــە
بەهەشت خـــانـی دەروێشـــــە
گـــــــەر دەڵـێـن: تـۆ بـۆ وانـی؟
بۆ وا خــــاوێن و جـــــوانی؟
حــیـــســـابی من جـیـــاوازە
شـــێخ لای خـــوا کـــاری ســـازە
ئـێـــــوە زاهـیـــــر دەڕوانـن
لـــە بـــاتـــین چ دەزانـــــن!
ئێـــمـــەی زاهـیـــر داپۆشـــراو
بـــاتـــین بـــێ دەرپـــێـــین تـــەواو
بە زاهـیـــر کـــە نانـخـــۆرین
بـە بـاتـین هـەزار جـــــۆریـن
ژنمـان دەبـیـــنن جـــــــوانـە
ســەر ســـوورە و بن هەمـــبـــانە
جـــا لەمنو کـــەوێ کـــوڕگـــەل
بۆ ڕێی خـــێـــر هەڵکەوت هەل
دەس پێ بـکـەن زۆر مـــــەردانە
خـــودا و شـــێخ لەگـــەڵتـــانە

یاسا دیسان

ڕەشپۆشی یاسا ڕێکخەر
ئەمجار هاتە سەر مینبەر
گوتی: قانوون ئەفەرموێ
هەرکەس هەیە و لە هەرکوێ
با بێنن بۆ کۆشکی چاک
نوێن و پۆشاک و خۆراک
برنج و ڕۆن و کووتاڵ
گیسک و کاوڕ و پووڵ و ماڵ
چی لە بەرد نەرمتر بێ
لە بەفر گەرمتر بێ
کۆشکیش دەبێ وەرگرێ
نەهێنێتە بەر گرێ
کێ بە کار و ئازایە
ناشێ خۆ بداتە دوایە
ماندووبێ تا دەتوانێ
خۆی بە ماندوو نەزانێ
با بخوا هەرزن و جۆ
پێخۆر، ئاو، گەر نەبوو دۆ
بسازێنێ بە بەشی
تووش نابێ چارەڕەشی
کێش بێ شەرمە و بێ کارە
تەن پەروەر و نازدارە

گـــویێ ناداتە عـــەیب و عـــار
وەک نیـــــسکە بێ پشت و بـار
لـە ڕێـگـەی چەنـد قـــــــڕۆشێ
حـــەیا و شـــەرەف دەفـــرۆشێ
زۆر قـــــــــەڵـب و تـەوەزەلـە
بێـــــتـــــە لامـــــان بە پەلە
بەخـــێـــویان دەکـــەین زۆر باش
دەبنە گـــــزیر و ســـــوور باش
دەســـتـیـــان دەگـەڵ دەسـتی مـە
پێـک بێن مـــەبەســـتی مـــە
کــــــارمــــــان بـە ئـی وا زۆرە
دار نـاقــــــەڵـشێ بێ هـۆرە

دڵخۆشکەرە

ئـازادن بـە پـێـی قـــــــانـوون
ئای چەنـد خـــۆشـــە ئازاد بوون!
ئـەگـــەر دەمـــرن لـە برســـان
یـان دەتـۆقـن لـە تـرســـــان
ســـــواڵ کــــەن زەلـیـل و زەبـوون
شـــــــەو لـەبـن پـردان بـنـوون
کــەس هەقی نـیــە لە ســەرتان
قـــانوون بووەتـە لەمـــپـــەرتان
ژن کـــــــە برسی و بێ نـانـە
دەچێـــتـــە قـــەحـــبـــەخـــانە

بۆ نانێ خۆی دەفرۆشێ
دەرد و زووخاو دەنۆشێ
گەواد ئازادە بیکرێ
لێ یدا، بکوژێ، بیبرێ
بە منداڵو نەخوێنن
یان باش نەیان عاملێنن
یان بەبێ دەرمان بمرن
یان قەت ڕێی چاکە نەگرن
دەتوانن، چونکە قانوون
ئەو ڕێگەی باش کردووە ڕوون
کێ فێڵباز بێ لە ناوتان
بدزێ زێڕ و دراوتان
بە سووتخۆری و شیربایی
بە تاجری و ئاغایی
یان بە شێخی و دەروێشی
بە مارگری و بەنگ کێشی
یان بە سواڵ و سەدەقە
بە قانوون خاوەن هەقە
کێ لێمان بێت ناڕازی
دەس کا بە چەنە بازی
لە سەر هەژار بێتە جواو
بۆی بخوازێ نان و ئاو
کار و پێڵاوو پۆشاک

خانووی خاوێن و ڕووناک
نەخۆشخانە داواکات
بۆ چاری دەرد هەراکات
بێژێ خوێندن پێویستە
ئەو کەسە کمۆنیستە
بە قانوون گوناهبارە
جەزای حەپسە و سێدارە
لە شەرعیشدا کافرە
جێگای لەناو ئاگرە
قانوون دیموکراتییە
شتی وا باش هەر نییە
لە ڕۆژهەڵات بەولاوە
هەر ئەم قانوونە باوە
خۆم بەختەوەر دەزانم
ڕێکخەری قانوونتانم
جا ئەی کۆمەڵی ئازاد
ئەی دڵشاد بە عەدل و داد
لە سایەی ئەم قانوونە
ئێستا ڕۆژی یەکبوونە
مل لێنێین ئازا و جەسوور
تەواوکەن کۆشکی بلوور
زووی تێدا ڕۆبنیشین
کە زانیمان بێ ئیشین

ئەوســـا خـــۆشی لە خـــۆتان
قـــانوون زۆر دەكـــرێ بۆتان
هـــێـــندەو بـــۆ درێـــژ دەبـــێ
ســـەرتان تێـــدا گـــێـــژ دەبێ

كارداری كۆشك

كێ لە هەر كـــوێ تەنبـــەڵ بوو
لە پـــیـــــاوەتی پووچەڵ بوو
كێ كـــەیفی لە كـــار نەبوو
بە هیچ شـــەرمـــەزار نەبوو
ڕووی لە كـــۆشكی زل دەكـــرد
دادەمـــــــەزرا دەست و برد
بوونە كـــارداری خـــونكار
كـــوتەكی دەســـتی زۆردار
زۆر خـــۆشـــیـــان هاتە بەرچاو
بێ مـــــاندوو بوون نان و ئاو
بـــوون بـــە ســێ بـــەش ئـــەوانـــە
كـــامـــەی تەنبـــەڵـتـــریانە
دەبەریان كـــرد كـــەوای شـــۆڕ
زل و ســـــەوز ســـەر و پۆڕ
تا بۆ كـــار خـــەڵكی هان دەن
كـــۆشكیش قـــایم نیـــشـــان دەن
نامـــووس و دین پێـــخـــوست كـــەن
بەدرۆ حـــەدیس دروست كـــەن

بەرنە مێشکی حەشامەت
کە تا ڕۆژی قیامەت
ئەو کۆشکە هەر دەمێنێ
هیچ هێزێک نای ڕووخێنێ
کێ بیرکات لە ڕمانی
دەمرێ بەبێ ئیمانی
لەوی زۆر سەگ و زۆرزان
کۆنە چەکمەڕەق و خان
دەستێکیان گل دانەوە
هەر لە کۆشکا مانەوە
چی ملهوڕ و ئەحمەق بوون
بێ مێشک و کەللەڕەق بوون
زۆڵ و دەسبڕ و چاوشۆڕ
ڕووناخۆش و مچ و مۆڕ
زمان شڕ و داوێن پیس
بوونە چەکدار و پۆلیس
قایش و قرۆش جل و بەڕ
شیر و خەنجەر و وەڕ وەڕ
وایان لە خۆیان دەکرد
زراوی خەڵکیان دەبرد
هەرچی کۆشک دەیفەرموو
جێبەجێیان دەکرد زوو
زیندانیان دروست کردن

جێگای ڕزین و مردن
تا هەر کەس بۆیان نەلوێ
جێگەی هەبێ لێی بنوێ
پیتاکێکیان کە دەستاند
پشتی باجدەریان دەشکاند
دراو بۆ کۆشک چەندە
بۆخۆشیان دوو ئەوەندە
هەرکەس گوتبای وا نابێ
دەبوو ماڵی خرابێ
دەرزێنرا لە زیندانان
دەکرا بە تۆزی بانان

دەس کرایەوە بەکار

سەر لە نوێ خەڵکی ناوشار
چوونە ژێر بار و بێگار
جاران کە بە نەرمی بوو
ئەوجار بەبێ شەرمی بوو
کار دەکرا بە کوتەک و جوێن
ئارەق تێکەڵ بوو بە خوێن
گەلێک پۆلیس و چاوەش
لە سەر فەعلان کرا بەش
هێندێک دەچوونە بازاڕ
لە ناو خەڵکیان دەدا جاڕ
زووبن نان و جل بێنن

خێراکەن، ڕامەمێنن
گۆشت و هێلکە و شیر و ڕۆن
تووتن و پەڕ و عەتر و بۆن
ماش، برنج، نۆک و نیسک
بزن و مەڕ، کار و گیسک
خەڵکی کۆشکیش هێندینگۆن
زۆریان دەوێ تێر بخۆن
کۆمەڵ گش تیرە و گەلی
کەوتە سەر ساجی عەلی
نەما بیخۆن توند و شل
غەیری سوێند بە کۆشکی زل

تڕی خوسرەو

ئەو کۆمەڵە هەژارە
ڕزگار دەبوون لەو کارە
کارێ تر دەیگرت جڵەو
ببوو بە تڕی خوسرەو
بێگار هەر نەدەبڕاوە
هەر لەو کۆشکە گڵاوە
بە دوان ڕانەوەستا کار
نهۆم بوو بە سێ و چوار
هەمووش هەر جەمەی دەهات
لەبەر زۆری حەشامات
گشتی نانخۆری تەنبەڵ

ڕژد و چنۆک، بە گێچەڵ
هەرواش زۆر دەبوون خوێڕی
خوا وەخێری نەگێڕی

نەدەترسان

دانیشتووی ئەو سەرایە
لە گاڵتە و گەپ و کایە
لە خواردنەوە و لە مەستی
لەبەر شەهوەت پەرستی
لە بیری ژیان خۆشی
کەوتنە بیری بێ هۆشی
فکریان نەدەکرد جارێ
هە یاران خەڵکی شارێ
نان و ئاومان لەسەریان
جلمان داکەند لەبەریان
پاروومان لێ ڕفاندن
ئێسکیشمان لێ کڕاندن
ئاخر جارێک، ئاوڕێک
لە هەزار مەڕ کاوڕێک
شتێکیان بدەینەوە
بیرێکیان لێ بکەینەوە
پیاو مانگایەک دەدۆشێ
شیر و ڕۆنی دەفرۆشێ
دەیسپێرێ بە گاوان

بیباته مێرگی پاوان
بە دار لێی نادا بە قەو
دەیباتە تەویلە شەو
لە ترسی قوڕن و، گەنەی
دەدۆزێ کلک و چەنەی
هەر بکۆخێ لەسەرمان
دەیگاتە سەر بە دەرمان
تاژییەکی هەیە بۆ ڕاو
لەبەر خەو چاو هەڵمساو
کلک لە گەڵۆز، بۆگەن
نان بێنن بۆ سەی ڕەسەن
تا پایز بەخێو دەکرێ
کەروێشکێ بگرێ و نەگرێ
بەڵام مسکێنی هەژار
پۆلای پاڵەوان لە کار
ئارەق ڕژێن و جووتکەر
داس وەشێن و ڕەنج بەر
بەننا و جۆلای کوتاڵ چن
فیتەری پۆلا و ئاسن
لەسەر هێزی کارگەر
زەوی گرتوویە لەنگەر
چۆن وەک سەگی نەزانن!
وەک مانگای لێ نەڕوانن!

ناترسن ئەو عیفریتە
ئەو سەر مەڕی چاو زیتە
ڕۆژێک لێیان ڕاپەڕێ
تەخت و بەختیان وەرگەڕێ
کاتێ پێوانە پڕ بێ
بیکەیە سەر لێی دەڕژێ
لەوێش پێوانە پڕبوو
خەڵکی شار حاڵیان شڕبوو
پیاو هەتا دەوڵەمەندە
ترسەنۆکە و دەربەندە
دەترسێ تالآن بکرێ
قەرزی لای خەڵک بوخرێ
نەوەک موڵکی لێ ببڕن
زگی گامێشی بدڕن
بەڵام هیچت نەمێنێ
کێیە چت لێ بستێنێ!

بەزمی ڕووتی

دەڵێن هۆلاکۆ جارێک
دەچێتە دەوری شارێک
دەڵێ لە چووک و گەورە
هەر کەس پێو وایە چەورە
دە لیرەی لێ بستێنن
دڵی هەژار مەشکێنن

لە بنەوە ناردی پیاوێ
لەشار بگێڕێ چاوێ
دێتەوە دەڵێ: ئاغام
تەواو بە شارا گەڕام
باجەدەر بار لەسەر لێون
ئەی زۆر زل قوڕ دەپێون
دەڵێ کێ بۆتە حاجی
هەزار لیرەیە باجی
کێ لەوان نەوی ترن
خۆ ئەندازەی بگرن
نامەوێ چیان بمێنێ.
جاسووس خەبەرێ دێنێ:
خەڵک کەمیان وەڕەزن
هەر حاجین تۆزێک کزن.
دەڵێ: حاجییان تاڵان کەن
جا وەرن بۆم بەیان کەن.
جاسووس دێ بە پێکەنین
کە ئەی خانی سەر زەمین
بەزمێکە بەڵام بەزم
کەس نەما بڵێ ئەزم
کەس ئاگای لە کەس نییە
فەرقی شێخ و قەس نییە
تێک هەڵدانە و شەڕەشەق

چڕە و گوڕە و چەقەچەق
هەڵپەرکێیە سێ جرتی
سەرچۆپی حاجی گرتی
قازی گۆرانییان دەڵێ
مەلێ و مەمۆ و سەوزەڵێ
خانی وشیار و زانا
بلیمەت لە جیهانا
دەڵێ: نامە با ڕاکەین
شارێکی تر پەیا کەین
بەزم بەزمی ڕووتییە
هەڵپەڕکێی نابووتییە
چیان نەما لێی بترسن
وا لە خۆشیان دەڕەقسن
بێنە سەرمان ئەمانە
ڕووت ئاگری بێ ئەمانە
قەت یەکێکمان ناهێڵن
زووکەن بەجێیان بێڵن

سمێڵ دانان

وا لێرەش خەڵکی شاری
کەوتنە بەزمی هەژاری
هێندەی ماڵیان خورابوو
هێندەش ترسیان نەمابوو
ڕۆژێک لە کۆشکی بلوور

دەستوور درا بە مەعموور
ئەویش تێی هاڵاندن گەڕ
دەبێ بێنن سەرو مەڕ
وردە و پیر و هەرزەکار
چیان هەبوو دار و نەدار
دوامین قۆشەی هەیانە
بردیان بۆ تەنبەڵخانە
وتیان: ئاخر کوا ئینساف!
تالان کراین ساف لە ساف!
گوتمان کۆشکی بلووری
زۆر شتێکە زەرووری
خۆ نەمان گوت هەزاران
لە تەنبەڵ و بێکاران
ببنە نانخۆری بێ ئیش
سمێڵمان نایە سەر ڕیش
پێمان ناڵێن چین ئەوە؟
بۆ کوێ دەچین هەر هەوە
قووتوودا کولاو و کاڵ
زگتان تێرە یان جەواڵ؟
ئەو هەمووەی دەکوێ دەنێن
کای ئێمەیە، ئەی کادین؟

کلکە لەقە

قولی بەگی عەنتیکە
زانی بەلا نزیکە

بەسەد قانوونی ڕەشپۆش
ئاگرێکە نابێ خامۆش
بە زۆری دانامرێ
بە بێ نەرمی ناکرێ
بۆی کەوتە کلکە لەقە
وتی چی دەڵێن هەقە
فەرموون، فەرموون وەرنە ژوور
ببینن کۆشکی بلوور
دیموکراتی دەنوێنم
ڕەعیەتی خۆم دەدوێنم
هەقتان هەیە بپرسن
داوای جواب کەن، مەترسن!

کوێرا زۆر بوون؟

وتیان: ئەی خاوەن شکۆ
گەر گران نایە لە تۆ
بێژە ئەو کۆشکی وا زۆر
چۆن وا پڕبوو لە نانخۆر؟
چلۆن ڕیشەی مەو کێشا
ئاخر ئێوە لە پێشا
سێ کەس بوون، هاتن پێرار
کوێرا بوونە سێ هەزار؟

بە گۆڵمەز فێرە

گوتی: ئێو... ئەی کوڕانم
وەرامتان باش دەزانم

من زۆر بە گوڵمەز فێرم
وەرن بۆتان بژمێرم
ئەم ساڵۆنە زەلامە
بۆ ڕۆنیشتن جێگامە
ئەو ژوورە لێی دەخۆم نان
ئەوەش بۆ قەننە کێشان
دیوی قاوەیە ئەوە
ئەوەش جێی چێشتە خەوە
هۆوەش حەرەمسەرایە
سەد ژنێکی تێدایە
عەیبە گوتەنیش، ئەوان
بۆ بەزم و گاڵتەی شەوان
بە ڕۆژ لە کاری ئێوەم
شەویش تا ڕۆژ لەو نێوەم
ئەم ئەفەندییەی وا قۆزە
وا بە دەعیە و بە پۆزە
کۆمەگم دەکا بە بیر
نێوم لێ ناوە ئەمیر
ئەوەش کۆمەگە بۆ ئەم
خۆتان ببژێرن سەرجەم
سی چل گۆمەگ بۆ کۆمەگ
هەمووی خان و ئاغا و بەگ!
ئەمیان قاوەچی خۆمە

بەگـــــزادەیە... نـە دۆمـــــــە
ئەوەش کـــــــۆمـــــــەگی ئەوە
وەک هی پێـــشـــوو بیـــرکـــەوە
دە کـــــــــەس چـرا هـەڵـکـەرە
چل کـــــەس گـــــەسک لێ دەرە
پێنج شـەش کـەس مـێش دەکـوژن
جلشـــۆرمـــان بیـــست و دوو ژن
دە کـــــەس باوەشـــــێنکـەرمـن
چل پەنجـــا چێـــشت لێنەرمن
لەو خـــــــەڵکە سێ یـا چواری
لە گـــەڵـمـــا دەکـــەن یـاری
پەڕ و شـــــەترنج و تەخـــــتـــــە
دەردی بێـکاری ســـەخـــتـــــە
بـەچـی وەخــــــــــتم ڕابـوێـرم
یـاری لەمـــــێـــــژە فـــێـــــرم
شـەش حـەوتێک قـسـەخـۆشن
جـــــەفــــەنگم پێ دەفـــرۆشن
دوو سێ کـەسیـــان شـاعـیـرن
زۆر خـــــــۆوێژی مــــاهیــــرن
بە درۆی قـــــەڵـەوو پـتـــــەو
پێـم هەڵـدەڵـێـن ڕۆژ و شـــــەو
هـێـنـدەم پـێ هـەڵـگـوتـراوە
خـــۆم لە خـــۆم لێ گـــۆڕاوە

چەند کەسێک سەگەوانن
زۆر باشی لێ دەزانن
تاژییەکانم زۆر باشن
لە نان خواردن وەک ئاشن
چنگ درێژ، ناو دەست بڵاو
هەتا بڵێن خێران لە ڕاو
هەڵۆ هەش نۆ جاری کوشت
کەروێشکی سیخوار لە پشت
ڕێوی ڕاوکرد لە کێوی
بە خوای فێڵبازە ڕێوی
ئەوی لەو ژوورەتان دین
هەموویان ڕۆژنامەچین
نووسین بە پووڵ دەفرۆشن
عەیب و عارمان دەپۆشن
هەرچی بیکەم، زۆر و کەم
بنووم، بخۆم، دەبەرکەم
چی بێ تامە ببێژم
یا خۆ بشکێ دەسنوێژم
چۆن ڕێک و پێک و جوانە
بۆم دەنووسن ئەمانە
دنیای بەبێ ڕۆژنامە
ژیانێکی حەرامە
مەیتەریش ئەو چل کەسەن

ئەســـپم هەن هەمـــووی ڕەســـەن
زگ تێــــــڕ و دەم دەســـــتـــــاڕن
لە پەســــتـــــا جــــۆ دەهاڕن
لە گـــــرێوە ئەســــپـــــا تاقــن
درێــژن، لــەســــــــــــەر لاقــن
هەر ئەســـپێ پێــشــیـــان کـــەوێ
زەوتــی دەکــــــــــەم هـەر لـەوێ
ئەمـــەش خــــواجـــەی حـــەرەمـــە
تا چاکـــەی بڵـــێم کـــەمـــە
ئـاگــــــــای لە ژن و مــــــاڵ دەبێ
تـووشـی ســـــــــەد ئـۆبـاڵ دەبێ
چەنـد لاوێکی بە دەســـــتـــــــە
پشـــتی خـــۆتیـــان پێ بەســـتـــە
ئەو ســــــەر بێ تووکــــــە و دیوە؟
بـنـان گـــــــــوێـی دەرپەڕیـوە
زگ زەلامـــــە و مـل ئەســــتـــــوور
چەنە کـــورت و لووت شـــەیپـــوور
زۆر وشـــیـــــار و بە هەســـتـــــە
دە نـووســـــەری بەدەســــتـــــــە
ڕەئـیـــــــــسی باج گـــــــرانـە
ئەرکـــیـــــان زۆر لەســــەر شـــانە
چی ئێــــــــوە دەیـدەن بەمـــــــە
هەر چەنـد برێکیش کــــــەمـــــە

دەنووسرێ هەر لە ڕێوە
چۆن خوا هەڵدەگرێ، ئێوە
باوەڕیتان بە من بێ
بێڵم هیچتان لێ ون بێ!
ئەم پیرەش سەر بژیشکە
مەیدوێن: کەللە ویشکە
لە هەندەران هێنامان
دەستی منتان بە دامان
زۆر لەلای رامەوەستن
گەلێک شتی بە دەستن
ئەو تاقمەش مۆسیقارن
هەڵبژێراوی شارن
بلوێر ژەن و قام بێژن
ئینشاڵڵا ڕۆژی جێژن
کە زۆر بێن جێژنانە
زۆر گوێ دەگرن لەمانە
ئەو ئاغایەش ڕەئیسە
یانی سەرەک پۆلیسە
ئێوە خۆتان دەزانن
زۆر کەس زۆر بێ ویجدانن
زیندوون لە مولکماندا
لەو دەشتی دوور و پاندا
لەژێر عاسمانان دەژین

جارێک نالێن ئێمە چین!
هەڵدەمژن هەوای ئێمە
نارەقسن بە نای ئێمە
پیتاک نادەن بە جوانی
منیش بەباشم زانی:
جەندەرمە و کوتەکمان بێ
پیاوی خاوەن چەکمان بێ
تا کێ زۆر باج ناهێنن
تۆزێکیان تێ سرەوێنن
ئەم کابرا سمێڵ فشەی
زلەی بە نرکە و مشەی
مل چرچەی شەپکە لەسەر
لەژێر دەستی دان نووسەر
کاکی سەرۆک تەشریفە
زۆر پیاوێکی زەریفە
هەرکەس بێتە کۆشکەوە
یان دەرچێ لە دەرکەوە
دەیان نووسن لە دەفتەر
جا ئێواران سەر لەبەر
هاتووچۆکەر دەبژێرن
ڕاستی گەلێک بەخێرن
جێ ڕاخەر و جێ هەڵگر
کێشکچی جوچک و مامر

چەند حەمامچی و کارەکەر
چەند دەرکەوان و نۆکەر
هێندە دەست و پێوەندن
خۆشیان نازانن چەندن

دیموکراتی ئاوایە؟

ئەوی پێتانم فەرموو
هەڵم بژارد ماست و موو
تەنیا هی منن، ئی وانیش
یانی ڕەفیقەکانیش؟
چازان و شێخ محیەالدین
وا بزانم زۆر پتر نین
دیموکراتی ئاوایە
هەموو کەسێک برایە
لەو ڕۆژەوە کە هاتووین
بۆ کۆشک دەستەبەر بووین
نەرم و ڕەق هەرچی ماڵە
بەشی ئەم دوو هەواڵە
وەک خۆم دامناوە و چاتر
جا ئێوەش، تۆزێ زیاتر
سێ ئەوەندە بژمێرن
خواردنمان بۆ بنێرن

کوێخاتان کەم نییە!

دەمەوێ تێ گەیەن باش
چمان نەخواستووە، بەلاش

ئەمانە گشت نان دەخۆن
کارتان بۆ دەکەن، جا چۆن
لە ئێمەو دێتە بەرچاو
گۆشت و ڕۆن و نان و ئاو؟
ئێمەش زەحمەتمان کێشا
شان و پیلمان زۆر ئێشا
مێشک و بیرمان ماندوو کرد
کۆشکێکمان لە نەبوو کرد
ناوبانگی کۆشکی ئێوە
گەیوەتە کوێ لە کوێوە!
خوا ئێمەی بۆ گەیاندن
دنیامان پێ ناساندن
دەتوانن خۆ هەڵکێشن
لە کۆشکا زۆر لە پێشن
هیچ کەس شتی وای نییە
کەس هێندە کوێخای نییە

قەدر گرتن

ئەمڕۆش کەوا میوانن
نامەوێ وای بزانن
من ئێوەم لە بیر نییە
نەقڵی مار و سیر نییە
هەرچی لێتان سێنراوە
خۆ تەواوی نەخوراوە
ئەو مەڕانەی هێناتان

بـــــه دیـــــاری بـــــۆ بـــــراتـــــان
گـــۆشـــتـــیـــان خـــورا له چێـــشـــتـــا
ســـەریان هەرمـــاوە هێـــشـــتـــا
دادەی نـــۆکـــــــــــەر ڕاپـــەڕن
بێـــنن چی ســـــــەرە مـــــــەڕن
ڕاکـــــــەن، زووکـــــــەن، بزانم
ئـێـــــــوەش ئەی بـراکـــــــانم
هەرکـــــەس ســـــەرێ وەرگـــــرێ
بێ زەحـــمـــــەت بـچـــتـــە دەرێ
بەگ کـــــــردنـی وڕ و کـــــــاس
هێندەی هەڵڕژت قـــســـــە و باس
خـــــەڵکی شـــــار بە لارە لار
دڵ بـــــریـــــنـــــدار و هـــــەژار
ســـــــەر بـەدەست بـە پـرتـە پـرت
بەرەو دەرکـــــە ڕێـی داگـــــرت

سەری پووچەڵ

دەیـان ویـسـت بـچـنەوە مـــــاڵ
لـەپـڕ کـــــــــــوڕێـکـی مـنـداڵ
بانگی کـــرد: خـــەڵکه مـــەڕۆن
دەچنەوە مـــــاڵ چی دەخـــــۆن؟
ئـەم ســـــــەرانـە کـــــــولاون
مـــێـــشـکەکـــانیـــان نەمـــاون!
قـــــــولی بەگ لـە پـەنجـــــەرێ

ســــــــــــەری هـێـنـایـە دەرێ
گـــــــوتـی ڕۆڵـەم مـــــــەوەستن
بۆ مــــــێـــــــشک چ دەربـەستن؟
مــێـــشک بۆ ئێـــوە چیـــیـــە؟
چ بەهرەی پێـــــوە نیـــــیــــــە!
یـەکـــــــــێـکـی تـر نـەڕڕانــی:
ئـەدی کـــــــوانـێ زمـــــــانـی؟
گـــوتی: گـــیـــانی شـــیـــرینم
زمـــــــــــــان دارت نـەبـیـنـم
چ کـــــارێـکتــــــان بە زمــــــانە؟
مـــــــــەپـرسن لـەم نـەزمـــــــانـە
خـــــوا نـەکـــــا زمــــــانوو بێ
بۆ ئـێـــــــــــمـــــــــە زیـانـوو بێ!
یـەکێ هـەرای کـــــــرد بـە قــــــاو
کێ دیـویـە ســــــــــەری بێ چـاو!
قــــــــــولـی بـەگ تـووڕە بـوو لـێـی
گـــوتی: چاو زیت کـــوڕی کـــێی؟
چاوتـان بـۆ چیـــــیــــــــە؟ چاوم
لـەداخـــــــان هـەڵـمــــــــســـــــاوم
چـــــاو بـــــۆ دیـــــن دانــــــدراوە
نـــابـــیـــن، چـــوو لــــە چـــاوە!

سەری ناوی

دیـســــــــــان گـــــــەلـی ژیـان تـاڵ

بزووتنەوە بەرەو ماڵ
ڕازی بە سەری کوڵاو
بێ مێشک، بێ زمان و چاو
بەڵام لاوێک نێرە کوڕ
گوڕاندی بە هێز و گوڕ:
من ئەم سەرەم بۆ چییە
هەرگیز کارم پێی نییە
سەر لە دەستا، خۆی بادا
گرتی و بە کۆشکی دادا

ڕەهۆڵ

عالەم بە جارێک تاسان
کەوا بە سووک و هاسان
کۆشک کون بوو بەو سەرە
لەرزی دەرک و پەنجەرە
جێی ئەم سەرە چکۆڵە
زلە دەڵێی ڕەهۆڵە
دیارە تیتاڵ و هۆ بوو
قسەی مەلا درۆ بوو
سەر کۆشک دەڕووخێنێ
هەرکەس سەری خۆی بێنێ

سەر باران

هەرچی سەریان لە دەستا
هەمووی بەڕیز ڕاوەستا

بانگی کرد یەکێکی پیر
پیری دنیادیدە و ژیر:
یاڵڵا کورگەل خۆبادەن
سەرتان بە کۆشک دادەن
یەک جێ لە لایەن یاران
کۆشک کرا سەرباران
کۆشکی زل کردی خرمە
لە دوور دەبیسرا گرمە
هەرچی تێدابوو مردن
چەوتی بەو دەردەی بردن
هەر هێندەی یەک کفلە کوون
دەتگوت تەنبەڵ هەر نەشبوون
کۆشک نەیما ئاسەوار
بێجگە نەحلەت لە زۆردار

بەزمە

مناڵ و پیر و جحێڵ
دەستیان دا پێمەڕە و بێڵ
پاکیان کردەوە تەواو
بلوور و شووشەی شکاو
لەجێ کۆشکا گرتیان دەست
لاوی قۆز، کیژی چاومەست
ڕۆینە و چۆپی و شێخانی
دەیانگوت بە گۆرانی:
«بە زۆر بستێنی مەڕێ

کەللەسەرت دێتە ڕێ»
پاش بەزم و شیرنی خواردن
کەوتنەوە هەڵبژاردن
کێ جاران کار ڕێکخەر بوون
کێ زۆرتر بەهرەدەر بوون
هەڵبژێران دووبارە
پێ ڕابگەن بەو شارە
دیسان وەک جاری جاران
دەستیان دایەوە کاران
هەرەوەزی ژیایەوە
بژیو زۆر کرایەوە
بەختەوەری و ژینی خۆش
خەمی کردن فەرامۆش

هەر عەقڵەی لە خەسارێک

تێگەیبوون لەو مەدایە
هۆی چی بوو ئەو بەڵایە
زانییان کە خوێندن نەبوو
بەو دەردەی بردن کەبوو
دەرسیان وەرگرت دەرسێ باش
قەراریان دا لەمەوپاش
هێند دروست کەن مەدرەسە
تا خۆیان دەڵێن بەسە
چ کچ بێ و، چ کوڕ، منداڵ
تا دەگاتە چاردە ساڵ

مـــــــــەیلی بێـنـێ و نـەهـێـنـێ
بـە زۆر دەبـوو بـخـــــــــوێـنـێ
هــــەر مـــنـــاڵـــێ وریـــا بـــێ
بـا خـــــــــوێـنـدنـی بـاڵا بـێ
زۆربـن خـــــــوێـندنـگـای بـڵـنـد
ڕیـشـــــــــەی ژیـان بـکـەن تـونـد
گــەر خـــوێندەوار بێ کـــۆمـــەڵ
نـاخـــــوا فــــــریـوی تـەنبــــــەڵ

وەسیەت

تا ئێـــســـتـــاش کـــۆنە پیـــاوان
وەســــیــــــەت دەکـــــەن بۆ لاوان
دەغـــیـل: نـەکـــەن بەهیـچ جـــوور
دروست کــــەن کـــۆشکی بـلوور
بـەلاَم دنـیــــــابـوو، ڕۆژگــــــــار
تــووشـی کــــــــــردن بـە نـاچـار
پـێــــشـــــتـــــان وابـوو لاناچێ
بـە هـیـچ قــــــــوڵـنـگ و پـاچێ
سێ چـوار ســــــــەری بـاوێـنـێ
خــــــاترجــــــەم دەیـڕووخـــــێنێ

***

بە پاكی بمرە

قـەسـاب سـەر دەبڕن بێ غـەش و سـاغـان
لـەوەڕ و ئـاخــــــــوڕ بـۆ دەغــــــــەزدارە
گــەر لە ئامـــانجـــا ســـاغی وەرە پێش

مـــەترســـە لە شـــیـــر، لە پای قـــەنارە
بـا ســـــــــــەرت ببــــــــڕن، بـە پـاکـی بمرە
چـی بـێ ســـــــــەربـڕیـن بمرێ مـــــــــــردارە

***

ساڵی ١٩٥٣ لە کەرکـووک، لە سـتودیۆ سـۆنا. شاگرد وێنەگر بووم. مەلا شـوکـور مسـتەفـاش وچانی دانشگای بوو، بەجووتە لەوبەری خاسە لە ژووری ئوتێلێکدا بووین، من دەچوومە کار و شۆرباکە ئەو لێی دەنا، ژیانی ئەو ڕۆژانەم لەو شیعرانەدا خستۆتە ڕوو، کە دەمەلاسکەی مەحویم کردۆتەوە:

ئەگەر ئاوها نەکەم چ بکەم؟

لە کـەرکـووکم بەئاب، ئارەق لەبەر گـەرمـا نەکـەم چ بکەم؟
کە بەرچایی بە ماستی شل، بە پیاڵێک چا نەکەم چ بکەم؟
هەمـــوو ڕۆژێ ســـەعـــاتێ دوان نەبێ، ئاوی ئـوتـێل دەبڕن
ئەگەر تەرخی دەم و چاو شتن و ئیسـتـینجا نەکەم چ بکەم؟
لە حـەوت و نیـو دەبێ بۆ کـار بچم، ڕێم چارەگـێک دوورە
لە حـەوت و چارەگـێکرا شـانی بۆ پێـدا نەکـەم چ بکەم؟
لە (دارک ڕووم)ی پڕ هاڵاو و بێن ناخـۆش و بێ مـەنفـەز
ئەگەر چەند تەبع و تەکبیرێکی بۆ (سۆنا) نەکەم چ بکەم؟
لە دوازدەی دێمـەوە برسـیـمـە مـاندووم قـڕقـڕی زگـمـە
کـە ورگی لامـەزەب تا مل پڕی شـۆربا نەکـەم چ پکەم؟
بە مـاسـتـاوێکی شین و تام نەدار، یان ئاوە بەفـری زۆر
بەدوو هێـشـوو ترێ، یان گـرکـە بۆرێ با نەکـەم چ بکەم؟
ئیـتـر هەر بانگی تەنزیلاتە یان شـەربەت بە دوو فلسـە
لە جـێگەی خـەو جنێـودان، داد و واوەیلا نەکـەم چ بکەم؟
سـەر ئێـوارە دووبارە کـارە تا شـەو کـاتی حـەوت و نیـو
لەباتی سینەمـا و گـەردش بەرەو خـەو ڕانەکـەم چ بکەم؟

شـــمـــەک هەڵگرتنە بۆ بان و خـــۆدانە بەعـــەرزیدا
هەتا خەو دوو قسەی قۆڕیش دەگەڵ شوکرا نەکەم چ بکەم؟

***

ساڵی ١٩٥٢ لە مەیخانەیەکی بەغدا شەوانە بە چارەگە دینارێک حیسابی ئارەقی فرۆشراوم دەنووسی و بەو کارەمیان دەگوت بیلمانی. دەگەڵ محەمەد حەسەنی رەشادی چایچی لە ژوورێکدا دەژیایین، رۆژێکی هەینی کە وچانی هەردووکمان بوو، بەو شیعرە خەبەرم کردەوە:

سمێڵ بابڕ

حـەمـە هەسـتـە لەخـەو بمبـینە ئەمـڕۆ
زگی برســیم بەلرفــە و تینە ئەمـــڕۆ
دڵم تۆقـیـوە بۆ دوو شـیش فـەشـافـیش
بڕۆ بیـــهـــێنە بەزمی ژینە ئەمـــڕۆ
ســمــێــڵی بابڕت دەرخـــە لە لێــفــە
ســمــێــڵت زەرد، لوتت شـینە ئەمـڕۆ
لە بیلمـــانی شـــەوێوە من خـــەواڵووم
خـومـاری تۆش، سـەرت سـەنگینە ئەمـڕۆ
مـــەڵێ ئاو کـــوانێ؟ جـیــران چوونە بازاڕ
هەلی چاوشتن و ڕیش تاشـــینە ئەمـــڕۆ
وچانە و چایخـــــانە و چوونە جــــادە
مـــەلا شـــوکـــور و عـــەلادین دینە ئەمـڕۆ

***

شیعرێکە ساڵی ١٩٤٤ لە بۆکان نووسیومە، ساڵی ١٩٤٥ لە «ئاڵەکۆک»دا چاپکراوە:

لای لایێ

ڕۆڵـە ڕووناکـــــــیی گـلێـنـەی چاوم
بەندی جـــەرگ و دڵ، هێـــزی هەناوم

ڕێحانەی بۆن خۆش سوورە گوڵەکەم
ئاوپڕشکێنی کوڵی دڵەکەم
چۆڵەمەی ئەستۆم، ڕەگی حەیاتم
هەنگوین و قەندم نوغل و نەباتم
خەوی خێرت بێ بنوە درەنگە
تا کەڵەبابی بەیان بێ دەنگە
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
ئەمشەو بەزەییت بە مندا نایە
ژیربەوە ڕۆڵەی ژیر و جوانم
لە داخی لانک دەگری، دەزانم
دەڵێی بۆ حەپسم، بۆ دەستەبەستەم!
بەو بەند و حەپسە من جەستە خەستەم!
لە نێو کورد نەبێ دەسرازە نییە
ئەو بەند و قفڵ و قەرازە چییە!
کورم من بیرم لە تۆ زیاترە
دەسترازە و لانک بتبێ چاترە
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
گوێگرە پێت بڵێم لە بەر چی وایە
ڕاستە تۆ نەوەی شێری ژیانی
نەتەوەی پاکی گەلی کوردانی
بەڵام چونکە کورد ئەمڕۆ بێ کەسە
بەشیان لە دنیا کۆت و مەحبەسە
بۆیە دەتپێچم تاخووی پێ بگری

نەک تـامـن مـــــــاوم لە بەنـدا بمری
بۆ چارەڕەشـــــیت نەمـــــاوە تینم
هەر پێم خـۆش نیـیـە مـەرگت ببـینم
هـــەی لای لایـــە ڕۆڵـــە لای لایـــە
هەزار تێـــــبـــــــینـی دوارۆژم لایە
بۆت بەخت دەکـــەم عـــومـــری درێژم
ســەد تاڵ و ســـوێریت لەســـەر دەچێـــژم
نەمــامی بالآت بەفـــرمـــێـــسکی چاو
شـــەو و نیـــوەشـــەو لێی دەنێم شـــەواو
ســەد چاک و پیـــرت بۆ دەخـــولێـــمـــەوە
لەبن ســێـــبـــەرت بحـــەســێـــمـــەوە
هەر ڕەســــــیــــــدە بووی نەتەویٚ زاڵم
دەتبــــــڕیٚ و بەزەی نایە بە حـــــاڵم
هـــەی لای لایـــە ڕۆڵـــە لای لایـــە
دەک خـــاکم بەســـــەر، ڕەنجم بەبایە
پەشێـو پێت خۆشە یەخسیر نەمێنی؟
سەربەستیت پیٚ بڵێم بکەویە شوێنی؟
قـــەڵەم دەست دەیە، ببـــە مـــەكـــتـــەبی
وەخت و بیٚ وەخت لە خـــــوێندن نەبی
ئەوكـــاتەی لەگـــەڵ كـــاكت دووبەدوو
بكەن هاواری هەقی لە دەســـــچـــــوو
دەس دەنە دەس یەک بە ڕا و بەتەگـبیـــر
یەكـتـان بە قـەڵەم، یەكـو بە شـمـشـیـر

هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
شیریش جەوهەری لەقەڵەمڕایە

یەک نامە ڕەش کا بە داد و هاوار
یەک زەوی سوورکا لە خوێنی بەدکار
یەک لە قوڕنیشێ بڕوا بۆ تکا
یەکێ قوڕ بەسەر دوژمن دا بکا
ئەو پەلەقاژەی ئێستا لەکن من
دەکەی بەند لادەی لەدەست و گەردن
ئەو تەقەلایەت بۆ دوارۆژ باشە
جووچک هەوڵێ دە، بێ ڕوحمە واشە

هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
دەس لە دەس، تەوفیق لەکن خودایە

ڕۆڵە نیشتمان چاوی لە ڕێتە
دایکمان هەویای دوارۆژی پێتە
بۆیە هەندامت وەک مینای بێگەرد
خاوێن ڕادەگرم بەسەد ڕەنج و دەرد
چاکەم دەیەوە، بۆ وەتەن وەک کوڕ
تۆش بیگەوزێنی لە ناو خوێن و خوڕ
پێت بڵێم ڕۆڵە سەر سوودی چییە!
بۆ بەردە بازی ڕێی ئازادییە

هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
نیشتمان بۆ تۆ دەستەو دوعایە

ڕۆڵە نامووست وەک خزمەکانت

نەفــرۆشی بە پوولّ دەســتم دامــانت
شــەرەف گــەوهەرە قــیــمــەتی نایە
دەویت رووڕەشی هەرتک دنیــــایە
ئەوکــەســە پیــاوە بۆ خــاک و ئاوی
ڕۆح دانــێ و بــەچــاک بمێــنــێ نــاوی
نەتبیــســتــوە واتەی زانای سەرزەمین:
مــەردانە مــردن نەک حــیــزانە ژین
هــەی لای لایــە ڕۆڵــە لای لایــە
بخـــــوێنە، نەزان چی لەدەس نایە
***
بۆکان، خاکەلێوە ١٩٤٥- لە گۆڤاری هەلاڵەدا چاپ کراوە:

لێفە شڕە

منو نینۆکم لەشکرمــان گــردە
لەگـەڵ کێچانمان هەر دەست و بردە
هەمــوو شــەو تا ڕۆژ پارێزێ دێنن
دزی شــمــەک نین، دوژمنی خــوێنن
تا بەری بەیان شــــەڕ و هەڵلایە
هەر کێچە و بۆمن دەس بە تێلایە
شــەوانە کـاری سەد هەزار نیــیــە
کە ڕۆژ ڕووناک بوو یەکێ دیار نییە
ڕۆژ، تا دەریان کـەم تەئمین بێ ژینم
هەرچی دەگـــەڕێم یەکێ نابینم!
لێــفــە شــڕێکمــان هەیە پواوە

به سەر ئادەم و حەواش دادراوە
بەری لۆکەیە و پشتی ڕیتاڵە
هێند کۆنە ،عاسمان پێی دەڵێ خاڵە
جارجار کە هەستی سەرمایەم دەکرد
بە ناعیلاجی پەنام پێ دەبرد
مەمنا مام لێفە سەر بەگێچەڵە
لەسەر ئەودایە هەرچی گۆنگەڵە
ئەو هەموو کێچە لەوی هالاوە
ئەو هەرایە ئەو بنیاتی ناوە
تومەز خەریکە ڕیشەم دەرێنێ
بۆ ڕەحەتی خۆی من بفەوتێنێ
هەتاکو بەڕۆژ بە حوکمی قانوون
بۆم مەحکووم نەبن پاکی ون کردوون
شەو پێیان دەکا ئەو کارەساتە
بە ڕۆژیش جێگای ئیستیحکاماتە
ڕۆژێ دادەنرێ لەسەر هەرزاڵێ
خۆی لێ کردوومە کەیخودای ماڵێ
زۆر حەق بەجانب بەشەرم و عوزم
ئەگەر فڕێی دەم بێگانە و خزم
دەڵێن ناحەقتە، شەروور و جەردەی
خودا چۆن دەرچم لەو بگرەوبەردەی!
من لێفەشڕەی خۆمە دەیناسم
بە شەو بردوویە خەوو حەواسم

بە ڕۆژ نەتوانم فــــڕێی دەمـــە دەر
ئەی منی هەژار کام خۆڵ کەمە سەر
بازیچـەی دەسـتی سیـاسـەت منم
دۆســتم دڵ بەخــەم، شــادن دوژمنم
ئەی شورای میلەل ئەگەر راست دەکەن
لەزوڵم و زۆری بازخــواست دەکــەن
شـەرعی من دەگـەڵ لێـفـەشـڕ بکەن
ئەو بســـووتێنن با کــێچ قــڕ بکەن

***

مهاباد - ١٩٤٥:

غەزەل

ئەرێ ئەی کــیـــژە کــوردەی چاو کــەژاڵە
ئەرێ ئەی شــۆخ و شــەنگەی چاردەســاڵە
ئەتۆ خــۆت کــورد و خــوێنی لاوی کــوردان
بە تورکی چاوی مــەســتت کــرد حــەواڵە
بە خــوێنی مــەی دەدەی ئاوی مــژۆڵت
بژانگت بۆچی ســەرنێــزەی کــەمــاڵە؟
ڕنووی سەر «ئاگری»ن لاجانگ و کولمت
لە خـــوێنی نۆجـــوانانـدا شــــەلاڵە
بلـــێی ئێــران و عـــارەب بێ دڵی تۆ!
کـــە لێی تەئســـیـــرێ ناکـــا ئاهوناڵە!
مــەگــەر چاڵی چەنەت زیندانی قــەســرە
کـە ڕزگــار بوونی ئێــمــەی لێ مـحـاڵە!

تـەنـاڤـی زوڵـفـت ئـاوێـزانـی بـاڵات

نـەمـــــانـی هـاونـەژادانـت خـــــەیـاڵـە

ڕۆحت بـردم بە قـــەندی لێـــوەکـــانت

دەزانـی کـــورد بـە قـــەند وێرانـەمـــاڵە

قـەباڵەی عـاشـقـیم زۆر مـوعـتـەبەر بوو

چ قـــەومـــا چاوم ئەمـــڕۆ پێت بەتاڵە

لە ئاهو ئەشکی بێـــچـــاران بتـــرســـە

وەئەســتـــۆ مــەگــرە چیــدی ئەو وەباڵە

مــەگــەر ترست نیــیــە دەســتی زەمــانە

وەڕێت بێنێـــــتـــــەوە ئەم ژینە تاڵە؟

کــوڕی شــێــران و زۆرزان بووم، لەدەس تۆ

هـەژارێـکـم زمـــــــــانم لـەنـگ و لاڵـە

***

مهاباد - ١٩٤٥:

دیسان غەزەل

نەســـــرینی قـــوندیلانەوو نازداری نۆجـــوان

چاتر نموونە، ســوورەگــوڵی باغی کــوردســـتـــان

کـوڵمت گـەش و بەتینە وەکو جەوری موستـەبید

پرچت ڕەش و درێژە وەکـــو ڕۆژی کـــوردەکـــان

بەژنت هەقی ژیانی هەمـــوو مـــیللەتی بچـــووک

ئازادی کــوردســانە دەمت لێی نیــیــە نیــشـــان

دوژمن بەتانگ لە ســەرتە ئەتۆ تازە سازدەکـەی؟

لەم قـەڕنی بیــســتــە تیـری مـژۆڵ و برۆی کـەوان

چاوت هەواڵی بەخــتی منە ڕۆژ و شــەو بەخــەو
نـازت مــیــســالی دەردی منە دەم بەدەم گــران
ئەگــریجــەکــەت کــە دێتــە نەزەر ڕووتی گــرتووە
دڵ ژان دەکـات و دێتـەوە بیـر وەزعی نیـشـتـمـان
بەم کـیـژییـەش دەزانی کـە هاوخـوێنی خـۆت نەبێ
نـابێ بەیاری بگری، هەژار بەســیــەتی ئەمــان

***

تێهەڵکێشی شیعری حافظی شیرازی

الا یا ایها الساقي

لە نیــسکێنە و لە سـاوار پڕکـرا زگــهـا هەتا ملهـا
برنج هەرزان ببــوو ئەووەل ولی افــتــاد مــشـکلهـا

کە دیزەی کەشکەکی هێنا و سەری لاگرت کەبانووی ماڵ
زتـاب قــوڵتی هەڵمــینش چخــون افــتــاد در دلهــا

مەلاو شێخ هەرچی فـەرمویان لە باسی خورادنا ڕاسـتە
کــە ســائل بیــخــبــر نبــود ز راه و رسم منزلهــا

پەتاتە خۆرەکـان با ڕێک کـەوین و چاری زگـمـان کـەین
کــجــا دانند حــال مــا پلاو خــوران و زگ زلهــا

چ مەولوودێکە کردی حاجی سەگباب هێشتە هەر برسیم
تـەرەس فـریاد مــیـدارد کـە بەربەندید مــەنجــەلهـا

لەسـەر یاپراغ زگـیشـت هەڵدڕن سنگ بێنە پێش حـافظ
مــتـی مــا تلق من تهــوی دع الدنیــا وامــهـلهــا

***

من جرب المجرب

بلـێن بەو ئاو و گـۆشـتـەی پڕ دوگ و نۆک و تامـە
أنـيّ رأيت دهرا من هجـرك القـيـامـة
یەکـجـار گـەرم بوو دۆکـلـێـو ئاوی لە چاوی هێنام
لـيـست دمـوع عـيني هذا لنا العـلامـة
چێژتم لە ماست کەبیکرم، بەقالّ قەڵس بوو فەرمووی:
من جَّـرب المجـرَّب حلَّت بـه الندامـة
وازم دەچێـتـە کـارگ، دەخـۆم دەمم دەسـووتێ
في بعـدها عـذاب في قـربهـا الندامـة
لام خـۆشـەویسـتـە گـیـپـە و لۆمـەم دەکـەن سـەروپێ
والله مـا رأينا حـبـاً بلا مـلامـة
قـامکم دە ئەسـپـەناغ نا زەردێنە هێلکە دەرچوو
کـالـشـمس في ضـحـاها تطلع من الغـمـامـة
دۆی ترشی دیوە چاوم سـەرەوتی نایە لیـچم
حـتى يذوق منه كـاسـاً من الكرامـة

***

نەی پسێنی

گـەر هەڵمـەدوگی دیزە بڵاو بکەی بە فـوویی
بە ازانکە تاج شـاهی و همـە روزهای و هـویی
چاولێک دەنێم لـە کـاتێ یاپراغ دەنێـمـە زارم
کـە نظر دریغ باشـد بجنین لطیف رویی
پێـو درۆ نەبێ کـە بمرم بۆ تۆزێ کـەنگر و مـاست
کـە گـذشت عـمـر و نامـد خـبـری ز هیچ سـویی

هەر تێر بخۆم لە گۆشت و قبـوولّی، چش کـە دەمـرم
بـجـــــــزایـن نمـانـدمـــــــارا هـوسـی و ئـارزویـی
دەخـــیـل کــە بەن لە گــیــپــە دەردێنی نەی پسـێنی
کـــە هزار جـــان «حـــافظ» بفـــدای تـار مــــویی

***

تێهەڵکێشی ناهیرەی مەلا باب

بێـــــتـــو دووبارە چاوی مـن پێت بکەوێتــــەوە هـوڵو
«شــرح دهـم غـم ترا نکتـــە بـە نکتــە مـــو بـە مـــو»
هەر وەکـو شـێـخی ڕەش گـەڕام بۆ دوو دەنک پلاو منیش
«کـوچە بـە کـوچە، در بە در، خـانـە بـەخـانـە کـو بـەکـو»
دوێنێ لەسەر کـەوڵ کـە دیم گـیـپـە، بەغـار هەڵم وەشـاند
«ڕشـتـە بـەڕشـتـە نخ بە نخ، تـار بە تـار، مـو بە مـو»
گـــەیە پەنا ســـەمـــاوەری چا، وەرە تێکە دەو زگـــە
«دجلە بە دجلە، یم بە یم، چشـمـە بە چشـمـە، جـو بە جـو»
دەفـتـەری عـومـری خـۆم گـەڕام باسی چلەی نەبێ نەبوو
«صــفـحـە بـە صـفـحـە لا بـە لا پردە بـە پردە تـو بـە تـو»

***

چوارینە

بـە دڵ گــــیـــــرۆدە بـەو پرچی بـە چینم
ڕەش و ئـاڵـۆزە وەک ئـەو بـەخـت و ژیـنـم
دڵـت گـــرتم، خـــەیاڵی خـــۆت تیـــا دی
خــــەوت بـردم کـــــە لـەودا تـۆ دەبـیـنـم

***

گـــــراوی داوی خـــــاوی ســــــەر بڕوام
کـــوڕاوی چاوی مـــەســـتی نیـــوە خـــاوم
لە تیـــشکی ڕوومـــەتت ســەردە هەناســەم
کــــــــــــز و بێ تـیـنـی ئـەو بـەژنـی زراوم
***
دڵم تەنگە وەکـــو خـــونچـــەی دەمی تۆ
ســـەرم گـــێـــژە لە گـــێـــژی پەرچەمی تۆ
دڵ و گـــیـــــان و ژیانم دا بە مــــاچێک
وتت: پێک نایە، زۆری مـن کـــــەمی تۆ
***
هروژمـــیــــان کـــردە دڵ تیـــپی مـــژۆڵت
بەخــــوێـن پاراو کــــرا جێ ژوانی چۆڵت
دەسی دڵ بگرە خـــوێنرێژی هەتا کـــەی؟
بـەزێکت بێ بە دڵداری کـــــــڵــــــۆڵت
***
جگەر لەت لـەت بە ئـەبرۆی تـازە ســـــاوم
لـەپت ســــــــوورە لە خــــــوێـناوی رژاوم
خـــەیاڵم پەرتە بۆ خـــڕخـــاڵی قـــۆڵت
زرەی لـە رزانـەکــــــــــەت بـردی زراوم
***
ددان مـــــــرواریـیــــــە و هـەریـەک لەوانە
لەنرخـــا گـــەنجی قـــاروون ناتـەوانە
لە ســووچی لێـــوەکـــەت خـــاڵێک دیارە
لە گـــەنجت بێـــچـــوە زەنگی پاســـەوانە
***

له تینی کولّمەکەت جەرگ و دڵم سووت
له تاوی چاوی جادوت بوومه هارووت
بەهەشت و کەوسەر و هەنگوین و شیری
بە شاباشی دڵۆپێک ئارەقی ڕووت
***
بە گریەم پێکەنی، خەندەت بە شینە
دەڵێی: پاش گریە نۆرەی پێکەنینە
دڵت گەر سەدیەکی سینگت نەرم با
نەرم بووی ئێستە بۆ ماچێک لە سینە
***
دڵی شێتم وەها گرتی گڕوو پێت
لە تاوان، پێی دەتاوان بەردی بەر پێت
چ ژین سەختم! چ دڵ سەختی گوڵی من
کزەی دڵ وەک کزەی با دێتە بەر گوێت
***
لە قەندی لێوی تۆیە ژینی تاڵم
لە سووریی کولّمەتە بە خوێن شەلاڵم
لەدوو مەمکی خڕت بیرم بڵاوە
کولاو و کوڵەواری سێوی کاڵم
***
پلاری تۆن کە دڵ چرژاوە ئەمشەو
جخاری تۆن کە خوێن پرژاوە ئەمشەو
مزەم چی بوو لە چاوی مامزی مەست؟
کە جەرگم بۆ مەزەی برژاوە ئەمشەو
***

له چەشنی ئاگــرن کــوڵمی گــەشی تۆ
له مــار حــەســتــەم ترن پرچی ڕەشی تۆ
بڵــێم وەک چی دەچێ؟ هەر گــوڵ دەزانم
له گــوڵ ناسکتــــرە ناسک لەشی تۆ
***
له تاریکایی پرچت بێ ســـــەرەودەر
دڵم گــێـــژ و هوڕە چەشنی سکەندەر
بەڵام ئاوی ژیان لاجــــانگی تۆیە
بەڵام ڕەشمــاری بسکت بوونە لەمــپــەر
***
له گــــوارەی پڕ پەڕەنگ دڵ پڕ پەڕەنگم
چەمــاوی بەژن و باڵای شــۆخ شــەنگم
له سەر سینگی سپیت چاوم سپی بوون
له تاوی زەردە لیـــمــۆت زەردە ڕەنگم
***
له لێــوت زامی جــەرگم پڕ نمەک بوو
لەسێوت خەم له ناو سینەم کەڵەک بوو
له ســـایەی گـــەردنی تۆ بام وچانێ
له ئەولاش داری تووبام نا گــــەرەک بوو
***
دەبێ بە کوێ بگەی؟ هێشــتــا نەگەیوی
له روخســارا بەهەشتی، ڕۆژی، هەیوی!
هەزاران داود و دەنگی زەمــــــووری
دەبەر لێــوت مــرن کـــاتێ دەپەیوی

***

دەپرسی چۆنە چێژەی خەم دەچێژم؟
لە بەر چی دەرد و زوخاو هەڵدەڕێژم؟
بژانگی تۆ دڵی کردوومە بێژنگ
کوڵ و خوێنی ئەوینێ دادەبێژم!
***
بە داوی کەزیەت دڵ دالەقاوە
بژۆڵت ڕێزە نێزە تێی چەقاوە
وچانێک، لێوی قەندم پێ ببەخشە
جگەر برژاوە گەر پێت خۆشە قاوە
***
زمان بۆ پەسنی ئەو لێوە ئاڵە لاڵە
گلێنەم تانەداری دانە خاڵە
بە پیری چووم بەرەو پیری مناڵێ
دڵی بردووم کچۆڵێک چاردە ساڵە
***
بە چاوی تۆ دڵی ژار و گرفتار
بەدڵ مەرگی دەوێ ڕۆژی هەزار جار
لە ڕێی ئەم جوانییەت تۆزێک بەزەت بێ
هەژاری تۆم لەمردن مەمکە ڕزگار
***
بەژن شۆڕ و کەزی شۆڕ و خەزێم شۆڕ
سەرەو شۆڕم دەکەن سەرشۆڕ بەرەو گۆڕ
هەژار و خوار و لەش بیمار و دڵدار
دەبا وام لێ بێ، مافی خۆمە هەی گۆڕ!

***

دەمی کـــــۆچ بـارەکــــەت نـاچێ لـە یادم
دەبێ وەک کــوشــتــمت بش پرسی دادم
«کـە بارگـەت بۆ هەوار تیک نا، دڵی من»
«شکا ئەســتــوندەکی تـاوڵی مــرادم»*
***
دڵـم دەیـزانـی ڕادەبـڕی بـە ســـەرمـــا
بەڕێی کــرد دووا هەناســێکی لە بەرمــا
بـە چاوم ئـاوڕشــــێنـی ڕێـگـەتم کـــرد
گــیـــان دەرکــەوتە پێـشــواز و لە دەر مـا

لەدەست ئەو چاوە مـەسـتـەت نیـمـە چارە
لـە نـاخــــێـم ڕادەکــــەن دەرد و پـەژارە
لە کـــێـلی گـــۆڕەکــەم یـاران بنووسن:
کـــوژراوی گـــەردنـی کـــێلـە و هەژارە
***
گـوڵـی باخـان لە شـەرمی کـوڵـمـە سـوورە
لە رووی ئەو پەلکی گـوڵ ئەسـتـوورە، زوورە
گـوتم: مـردم، نەگـەیمە مـاچێ، فـەرمـووی:
هـــەژار بم بـــوورە! دوورە ئـــەو ســنـــوورە
***
بە ســـەرگـــەردانی ژێر گـــەردانەت بم
بەڵاگـــەردانی باڵا جـــوانەکـــەت بم

---

* ئەم تاک بەیتە هیی شاعری بەناوبانگی موکریان، هێمنی مەهابادیە.

ئەوا تۆم دی لە سەر کوشتەت دەکەی شین!
بەگـــــۆری چاوە پڕ گـــــریـانەکـــــەت بم
***
لە گــــەڵ تۆدا کــــەســـێکی دەم دەمـــــانە
چکارێـکی بە خــــۆشی پاش نەمـــــانە؟
مــەی و کــەوســەر لە گـۆشــەی لێــوی ئاڵە
بەهەشــتی خـۆش لە شــیـوی ناو مــەمــانە
***
چ خـــــۆشــــە پاش ئەم تۆرانە ســــــازان
چ شـــــیـــــــرینە وتەی ڕاز و نیـــــــازان
بەسم بێ جــەزرەبەی شــەوگــاری دووریت
پـتـــــر مــــــەی هەنجنە جـــــەرگم بەنازان
***
وەرە تـاوێـکـە گــــــــــوڵـزارت نـەدیـوە
لە تاوت خـــونچـــــە ســـــینەی دادڕیوە
وەنەوشـــە دوور لە باڵات خــۆی دەهەش نا
هەڵاڵـە زەردە، نیـــــرگـــــز ڕەنگ پەڕیوە!
***
وەرە ئەی بەندی جـــەرگ و مـــــاکی ژینم
وەرە هــــەتـــوانـــی گــش دەرد و بـــریـــنـــم
شـــەوی ڕەش ڕۆژی ڕوونی بەخــتی من بوو
کـــــە لەودا تـۆ نزیـکی خــــــۆم دەبـینم
***
شــەوە، دنیــا وەکــو خــاڵت ســیــاپۆش
وەرە با دەردەدڵ بکرێـن فـــــەرامــــــۆش

دەسم دەســـــتـــۆکـــە، با بتگرمـــە بـاوەش
ئەگـەر مـردم لە خـۆشـیـان، چاوی تۆ خـۆش
***
کش و مـــاتە جـــیـــهـــان لە ژوانی لە نویَ
گـــەلاویَژ بۆمـــە دەڕوانیَ لەســـەر ســـویَ
چـریـکـەی بـولـبـــــــولـیَـک دیَ، وا دەزانم
چپـــەی مـــاچی من و تـۆی هاتە بەرگـــویَ!
***
شـەوە، ئەسـتـیَـرە بە زریوەن لە سـەرمـان
لە مـــانگی ڕووت هەناســـەم بۆتە خـەرمـان
تـکەی ئاونگی کـــوڵمت تەڕ دەکـــا لیَـــو
گـــەزۆ باری لە گـــەرمـــان و لە شـــەرمـــان
***
ژیـانم چوو هـەژار و دەســــــتـــــــەو ئەژنـۆ
چلۆن ڕووی داوە دەست و گـــــــەردنی تـۆ!
ژیانـی دووایەشم بـۆ تۆ خـــــودای شــــەو
بەرەو ڕۆ خـۆش مـەڕۆ، تۆزیَک لە سـەرخـۆ
***
شـــــەوە، لەو ســـــەوزە زارە لەو دەم ئاوە
مـــەکـــۆی خـــەم لاچووە دەمکولّ چ مـــاوە؟
مـــەکـــە و لاچۆ و دەمـــانبـــیـنیَ بیـــانـوون
بـەیـانـە و دەم بـنیَ دەم، دەم نـەمـــــــــاوە
***
هەتا مــــردن لە دڵدا ســــینە مـــاکــــە
دڵت چەند چاکـــە! دڵداریت چ پاکـــە!

له تاریکایی دۆستی دەست لەناو دەست
کە تیشکیدا چراکە، بوومە کاکە
***
لەلامی، گیان پەپوولێکە لە ڕووتا
ئەگەر لێم دوور دەبی دڵ دێ بەدووتا
لە نێزیکی و لە دووریت خاکە سارم
ئیتر یا دڵ یان گیانە سوتا*
***

زەردی لیمو

چارەڕەش بووم و لە ڕێی خاڵی ڕەشا بێچارە مام
دەک چ گیان سەختم کە من تا ئێستە هەر لەو بارە مام
(من لەگەڵ مەجنونی هاوڕێ بوم لە ڕێی شێتی و ئەوین)*
(ئەو گەیی بە نیاز و من بێ دڵ و ئاوارە مام)
بۆ هرووژم کەوتە کار شیری برۆ و تیری مژۆڵ
کون کونی دڵ دوور لە هەژمار و جەرگ سەد پارە مام
گوڵ بەدەن ئەمڕۆ لە گوڵزارا گوڵی پشکووتبوو
گوڵ دەپشکووتن لە دەم، سەرسامی ئەو گوڵ زارە مام
بوبولێ لە دیاری گوڵ دڕکی لە قاچی ڕا دەچوو
من بە دڵما چوو لە سەیری ئەو گوڵی بێ خارە مام
شەوڕەشی پرچت دڵی ساوامی وا دێوانە کرد
هەر لە منداڵیمەوە بەو تارەوە پەتیارە مام
پێم لێ ڕەنگ زەردی وەک لیمۆی هەژاری من وتم:

* ئەم چوارینە لە خەوا گوتراوە. * ئەم بەیتە لە فارسییەوە وەرگێڕاوە.

ڕەنگ نەمـــاوی ئەو نەمـــامی بەژنی لیـــمـــۆ دارە مـــام
پیم دەڵێ: ڕەنگ زەردی وەک لیـــمـــۆی هەژاری من وتم:
ڕەنگ نەمـــاوی ئەو نەمـــامی بەژنی لیـــمـــۆ دارە مـــام!

***

ژوانێک

یارە جـوانەکـەم گـوڵەی شـۆخ و شـەنگ
خـونچـیـلانەکـەم دڵ گـوشـای دەم تەنگ
سـەر کـوڵمی گـەشت برەو بەری گـوڵ
خــوا داویە بەشت گــشت نیـــازی دڵ
بە قـــــژی زێرینت بە لێــــوی ئاڵت
بە چاوی شـــینت بە دانەی خــــاڵت
زەرد و بێ تینم شــــەتڵی خـــوێناوم
خــــەریکی شـــــینم تانە لە چاوم
زانیت دەمـــــــردم بەو بەژنی باریک
ڕزگــــارت کـــــردم لە ژیانی تاریک
ئەمــــشــــەو وەدیارە قــــەدری دڵانە
جــــەنگەی بەهارە مــــانگی گــــوڵانە
چاو جــــوان دەمـــێکە ئەویندارى تۆم
زامم گــــــــەلێکە برینداری تـوم
منێکی بێ هەل هەژاری کــــــڵــــۆڵ
پیـــر و ددان کـــەل وەک داری کـرمـــۆڵ
کـز و بیـمـــارم خـەمـبــار و ســەرشـۆڕ
وا لەســــــەر بارم بۆ گــــۆڕ چاوەنۆڕ

کەی بیرم دەبرد جوانێکی وەک تۆ
سەد لاو بۆت دەمرد گیانێکی وەک تۆ
تۆی شلک و ناسک، تۆی وا نەرم و نۆل
تۆی سڵ وەک ئاسک تۆی وا خڕ و خۆڵ
وەک تۆ نازدارێک ئەویش وا بەشەو
هامێزم جارێک بکا بە جێ خەو
لەو تاریکایە بەو شەوە خۆشە
هەتا هەتایە دڵ بۆی پەرۆشە!
بە سیلە چاوێک زیندوو بوومەوە
وەک تازە لاوێک تێ هەڵچوومەوە
ئەمە تۆی ئەمشۆ لەناو باوەشم
دیتم لە ئاسۆ ئەستێرەی گەشم
ئەو سینەی نەرمت لە دڵ چەسپاندم
تارمایی شەرمت لە ڕوو تاراندم
دەخشێن لە لێوت لێوی بە بارم
لە کوڵمی سێوت گۆنەی نزارم
لە باغی ساوای پاوانی سینە
پەنجەم سەرگەرمی لیمۆ کوشینە
ئۆخەی وا دیسان خۆشیم دی شەوێک
ئەویش بۆ ژیان لێم بوو بە خەوێک
هەتا بۆ ژێر گڵ گلار بوونەوەم
ناخوازم بە دڵ بێدار بوونەوەم

***

بەشی چوارەم

ئەوانەی بە دڵ نەخۆشن یان چاو لە ڕاستی دەپۆشن، تێ دەکۆشن: مەلا مستەفا بارزانی بە پیاوی شا و جوولەکە و ئەمریکا دانێن و خۆیان لە چاو ئەو بە کوردی بێ خڵتە و خاڵو ئاڵ ڕانێن. ئەوانەی خراپەی دەڵێن، هەرگیز ناڵێن دوازدە ساڵ لە مۆسکۆ ژیاوە و دەگەڵ پیاوە گەورەکانیاندا هەواڵ بوو. هیچیان ناڵێن لە شۆڕشی دژی بەعسی، ڕووسیاش وەکو ئەمریکا و خێرەومەندانی ئوروپا بەپووڵ و دەرمان و شمەک یاریدەی بارزانی داوە. ئەگەر هێندێکیش نەیزانن؟ ئەوانەی ئێستا لە کاردان. زۆربەیان ئاگایان لێیە و دەزانن قسەکەم ڕاستە. ڕۆڵی شا هەر ئەوەندەبوو دژی بەعسی تەنگەی هورمز و ئەهوازخواز، ڕێگا بدا بە ئێراندا کۆمەگ بە بارزانی بگا. ئەویش چلۆن گەیشتنێک؟ هەرچی هاتۆتە ئەم دیوە؟ هیچ نەبێ نیوەی دزیوە. کاتێ بەعسی دەگەڵ ڕووسان پەیمانی پازدە ساڵەی بەست. لاشیان وابوو نەوت و خەلیجیان کەوتە دەست؟ ویستیان بارزانی ناچارکەن کە شۆڕشەکە دەس بەردا و هەرچی بەعسی ئیملای دەکەن؟ ئیمزای بکا. دەنا دەستی لێ بەردەدەن و بەعسیانیش زۆر بەهێز دەکەن. بەعسیش دەیانگوت کەرکووک و خانەقین و لیوای دیالە و شێخانیش نابێ لەسەر کوردستان بێ، دەشبێ وەک حزبی کمۆنیست بێنەبەر فەرمانمانەوە و ببنە نۆکەری خوێڕیمان. بارزانی زانی مردن و لەناو بردنی شۆڕشی زۆر لەوە بە شەرەفترە کە ئەو مەرجانە قبووڵ کا و سەری بۆ ئەو نەنگە شۆڕکا. ڕووس بەعسی بە هەموو چەکێکی ترسێنەر و ڕووخێنەری خۆی تەیار کرد. ئەمریکاش دی ئەم هەویرە زۆر ئاو دەبا. بە ئێرانی گوت: ڕێ بگرە و دەستی لە کۆمەگمان بەردا. وەک ئێستا کە لە شای بەردا. وەکو خۆم باش ئاگام لێیە، ئەوی ڕاست بێ: ڕووس ئێمەی بە شکاندن دا. دەنا بومدیەن و شایەک نەیاندەکرا بە ماچی سەددامان بدەن. بارزانی زۆرباش دەیزانی دەرۆستی ڕووسیا نایە و ڕووسیش وەک هەموو دەوڵەتێک بۆ قازانج و سوودی خۆیان باوکی خۆیانیش دەفرۆشن. نەشیدەویست هەزاران لاوی کوردی دیش بە خۆڕایی بە قڕ بدا. ناچار ئەویش وەک زۆر لە پاڵەوانانی تاریخ شکا و هومێدی بوو ئەو لاوانە کە دەمێنن دواڕۆژێک هەل وەگیر دێنن و دەبنەوە شۆڕشگێڕی کورد. چاکیشی کرد کە بە قسەی ڕووسانی نەکرد. ئەوا دیمان ئەو سوورانەی بە فەرمانی ڕووس چوونەوە بەردەستی بەعسی. چیان لێ هات و ئێستا لە کوێن؟

ئێمە هاتین بەم دیوەدا و بووینە یەخسیرێکی عەوداڵ، وەک تۆوی گاڵ لە زەوی

کوردستان نەبێ لە هەموو شار و دێهاتی ئێراندا بڵاویان کردین. بە قەولی شا "تا جەزب بین". زۆرمان لە گەرمان، لە سەرمان، بێ جێگە و بێ نان و دەرمان، لە ناو بێگانان لێ مردن و کەس شینێکی بۆ نەکردن. من کە جاری دووهەمم بوو کۆشکی هومێدم دەڕمیا؟ خۆم بە تەنیا دووقات بەقەد هەموو لێقەوماوان خەمگین و سیس و ژاکاو بووم. هەرچەند بە تکای بارزانی نەگیرام و هەر دەگەڵ بارزانی دەژیام، ئەگەر قسەی ڕاستت دەوێ! وەک کەوێ لە تەپکە کەوێ لە فڕە کەوتم. بڕیارم دا پاش ئەو هەموو بەڵایانە. بەلای شیعر و میعرا نەچم. بەڵام کۆچکردنی بارزانی. کوورەی دڵی ساردەوە بووی نێڵ دامەوە و لە بڕیار هەڵگەڕامەوە. لەوساوە کە هاتوومەوە؟ بۆ یەکەم جار بۆ بەڕێ کردنی بارزانی شیعر هاتووە بە لامەوە. ئێستاش ئەوا جاروبارە خاریج لە کاری ئیدارە کاوێژی کۆن دەکەمەوە، ورتە ورتێکم لێوەدێ. بەڵام وەک خۆم تا بڵێی کەم نرخ و بێ بایین.

***

شنۆ، ١٥/ ١٢/ ٥٧

بارزانی نامرێ

بـارزانـی پـاڵـەوانـی کــــــــــورد
هیــــوای پیــــر و جــــەوانی کـــورد
خــــەبـەریان پـێ دام تـۆ مــــــردووی
بــە دیــەن لــە بــەرچــاو ون بــووی
مــن دەزانم تــۆ نــامـــــــــــری
تـۆ لـە مـــــــردن بـە هـێــــــزتـری

***

ڕۆژێـک لـە نـاو شـــــــاخ و چـڕێـک
دێتـــە ســـەر ئەم زەوییـــە کـــوڕێک
نـۆ مـــــانـگـە، لـەبـەر مــــــەمکانـە
دایـکـی یـەخـــســــیـری تـورکـــانـە
بێـــشـکـەی کـــوڕ: زینـدانـی ڕەشـــە

لە ڕۆشنایی بێ بەشە
زڕەی زنجیری دوولایی
بۆتە دەنگی لای لایی
جێ گاگۆڵکە و دارە دارە
گۆشەی زیندانی شەدارە

***

تەمەن چاردە ساڵە جوانێ
بە دەوری خۆیدا دەڕوانێ
هەرچی دەیبینێ ئەسیرە
وەک دایکی مل بە زنجیرە
کوردگەل مەڕی بێ خودانە
چەقەڵ بێری، گورگ شوانە
لە حیرسان خوێنی دەجۆشێ
ژین بە ئازادی دەفرۆشێ
لێ بڕاوە تۆڵە بستێنێ
بەندی خەنجەر دەترازێنێ
کاڵەی مووین هەڵ دەبەستێ
کێ هەیە ئەو پێی نەوەستێ؟
کوردخۆران قەڵت و بڕ دەکا
کوردستان گران شڕ دەکا
تورک و عەرەب دەبەزێنێ
جەرگی شاهان دەتەزێنێ

دوژمن لە زەبری دەتاسێ
کێ بێ بارزانی نەناسێ؟

***

بەر لە شۆڕشی بارزانی
کەس بە کوردی نەدەزانی
ئەو کوردی بە دنیا ناساند
هاواری بە دنیا گەیاند
لەهەر چوار قوڕنەی دنیادا
لەسەر بەژ، لەناو دەریادا
بە کێ بڵێی کوردستانیم
پێت دەڵێ بڵێ بارزانیم
جاشە دوژمنە کوردەکەش
بە هۆی ئەو بوونە خاوەن بەش
ئەو نانی دەیخۆن هی ئەوە
لە وڕا گرچوویان پتەوە

***

بارزانی شێست ساڵی ڕەبەق
جێ خەوی تاشەبەردی ڕەق
بەشاخ و شکێڕانەوە
بە بەندەن و لێڕانەوە
لە غوربەت و دەربەدەری
غەمخۆر و لە خۆشی بەری
بۆ گەلی کورد چەوسایەوە

قەت تاوێک نەحەسایەوە
بەرەو ئازایەتیی هان داین
ڕێگەی پیاوەتیی نیشان داین
دوژمنی بۆ بێ هێز کردین
تاریکی لەسەر لابردین
مانگی عاسمانی کوردانە
بێ ئاوابوون و نەمانە
ئەوانەی بە مانگ دەوەڕن
لەڕاست لۆمەی ویجدان کەڕن

***

بارزانی بابی هەژاران
هەتوانی دڵ بریندااران
شیوەن شایانی تۆ نییە
ئەسرین ڕژتن چی بۆ نییە
من بۆ دەربڕینی هەستم
پەیمانت دەگەڵ دەبەستم
تا دەمرم پێت وەفاداربم
چۆن بووم هەرهەمان هەژاربم

***

بارزانی پاڵەوانی کورد
هیوای پیر و جەوانی کورد
خەبەریان پێ دام تۆ مردووی
بە دیمەن لەبەرچاو ون بووی

مـــن دەزانم تـــۆ نـــامـــــــــــــــــــری
تـــۆ لــە مــــــــــــردن بــەهـێــــــــــزتـری

***

وەک ئەیزانین لەسایەی خـوا و گـەلانی نەبەزی ئێـران بەسـەرۆکـایەتیی خـومـەینی ئاگری سـتـەمی شـا و ساواک بە خـوێنی ڕژاو کـوژاوە، گـەلی چەوسـێنراو و ژاکـاو بەو ڕزگـاربوونە بووژاوە. دەشـیـزانین کـورد، ئازەری، بلووچ و تورکومـان، عەرەب کە چەند قات سـتـەمـیان دیبـوو؟ لەم ڕێگەدا بۆ جوێندان بە شـا و بۆ خوێندان لە فارسـەکـە نەمایەوە. من لەلام خومـەینی ئیـمام بە ڕاستی بوو کە دەیفـەرمـوو "لە نـاو گـەلی مـوسولـّمـاندا فـەرق و جـیـاوازی نیـیـە"، بەڵام داخم ئەوانەی دەورەیان داوە؟ باوەڕناکـەم هەمـوویان وەک فریشتە بن. بۆ نموونە سەفدرۆکە و خاڵخاڵۆکە و چی چیلۆکەی وا پەیدابوون، بەناوی تەوحید، تەفرەقە و ئاژاوەیان خستە ناوو بوونە مایەی خوێن ڕشتن و براکوشتن لە کۆماری ئیسلامی یەکترگرتوودا. هەر لەو سـاوە داوای ڕەوای کـوردی مـوسـولـّمـانیـان دایە دواوە؟ دوایـیـش گـەلێـک کـاری نالەباری بەدوداهات؟ جاروبار لەبەر خۆمـەوە هەرچەند لە شیـعریش چوومـەوە؟ قرتە قـرتێکم کردووە. وا لە هەشـتێ مشـتێـک دەخەمە بەرچاو، تا تێ بگەی کە چەند لە شاعری دوورم.

تاران، ١٥/ ٢/ ٥٨:

دەمەتەقەی قۆیتاس و پیرۆت

ق ـ مەرحەوا پیرۆت. خاسی؟ وەشەنی؟
بـاســـوخـــواس چەیە؟ وەچی: ئـەخــــەنی؟
پ ـ وەخـــوا بێـــژم چە؟ لەگش لا قـــاوە
ئێـــژن تـاغـــوتی کـــۆســـتی ڕمـــیـــاوە
ئـینـقـــــیــــلاو بـووگــــە، ئێـــران ئـازادە،
ڕەژیم بـەربـادە، مـــــــــەردم دڵـشـــــــادە
گش کــــــەس لەم وەرزە دەمــــاخی بەرزە
کـێش ناڕازی وێ مــوفــســیــد فـیـل ئەرزە
ســـــاواک گــــاگـــــەلن وە بەریـان ئەدەن
قــەســـاو کــومــەیتــە لە ســەریان ئەدەن
ق ـ کــوچکت لێ وارێ پیــرۆتە گــێـــژە

ئەم فـلـّـتـه فـلـّـتـەت وەکـوردی بێـژە
ڕەژیم و تـاغـــووت مـــاڵ چه شـــارێکه؟
مـــوفـــســـیـــد فـــیـل ئەرز بەر چه دارێکه؟
پ ـ راس ئێــژی ئەشێ بمبووری قـۆیـتـاس
وە کــوردی ئەوشم قـــســـیـــه و دەنگوباس
مـەردم وە گـشـتی یەک ڕەنـگ و یەک دەنگ
کــەفـــتنه مــەیدان وەچەنـگ و وەســەنگ
قـــەڵای زۆرداری ملهـــوڕیـان ڕمـــانـد
لەشکریان شکاند، تۆڵەی گـەلـیـان سـانـد
لــــەم تــــێ بــــەردان و ڕاوە وەرازە
شـــاو قـــەوم و قـــبیلەی بوون پەڕەوازە
شـاکـەی ئەوسـاکـه ئیـسـه تاغـووته
ڕەژیم چـتێ تـاڵ وەک ژەقـنـەمـــــووتـه
مـــوفـــســـیـــد فـــیـل ئەرز، واســـه دژ مـەڵا
کـەفـتـۆسـه سـەریان گش قـەزا و بەڵا
کـــومـــەیتـــه واســـه مناڵ یەل وەچەک
ڕیش وەبان چەنه، دەس لەســـەر کـــوتەک
ق ـ نایژی ئەم جـــەنگه ئەڕای چه کـــریا؟
تـاغـــــــووتی بووچه لـه تـابـووت نـریا؟
پ ـ مـەڵاگـەل ئێــژن ئەڕای ســەربەســتی
یەکـــســـان ئەکـــریەن بلّندی و پەســـتی
گش مـــەردم ئێـــران وەمـافــیـــان ئەگــەن
ئەشێ چونیـــەک بن زوڕات و جـــەگـــەن

ق ـ ســــــا وەئــێـــــــمـــــــە چە؟

پ ـ جــــــا ئـەمــــــە جـــــــواوە؟

ئێـــمــە کـــوردگـــەلیش کـــوژیاومـــان داوە

ـ لەم بەش بەشـــێنە کـــوردیشی تیـــایە

ق ـ پیـــرۆت ئەم قـــســیـــەت بادی هەوایە

مـــەلیـــچک خـــۆی چەس تا شـــۆرباوی بێ؟

کــــــورد تـا وا کـــــورتـە ناشێ ناوی بێ

ئێـــمـــە خـــەریکین وەلیـــەک ئەجـــەنگین

تا وابێ ســــەنگین؟ هەر مـــایەی نەنگین

پ ـ ڕاس ئێـژی، ئێـمــە گـەلی خـۆخـۆرین

تاوایش بین، هەر ســـەر لەبەر ســـاتۆرین

***

تاران، ٧/ ٥/ ٥٨: بۆ بیرەوەریی شەهیدبوونی کامران نجات اللهی نووسراوە:

تاکەی؟

گـــــــــەلی کـــــــورد لـەوەتـا هـەیـە

ئـەم لـەوەتـایـەش تـا کــــــــــەیـە؟

هەرگـــــیـــــز بەخــــتی نەیهــــێناوە

هــەر ژێــردەســـــــــــە و دیـل ژیـاوە

ئـــــــازادی بــــــە چــــاو نــــەدیــــوە

قــــــەت خـــــۆی بە شت نەزانیـــــوە

هـەر چی کـــــردی، بـۆنامــــۆی کــــرد

لـە ڕای بـێـگـانـە ژیـا و مـــــــــــرد

***

چارده چەرخە لە سۆنگەی دین
نازانین بەرەو کوێ دەچین
کۆیلەی پێخواسی پەت وەسەر
بێ دەرەتان، کز و لەچەر
بەندەی کڵاوسوور و ڕەشین
بەخت ڕەش و مل بە هەشین
ئاغامان دەگژ یەک ڕاچن
خۆ بەخۆش یەکتر داپاچن
ئێمەین لە خوێندا شەلاڵین
لەش حەرام و خوێن حەلاڵین
بۆ خۆ بەکوژدان یەکەمین
بۆ ژیان تا خوا حەزکا کەمین

***

بومسلیمی خوراسانی
دنیا دەگرێ، بە هاسانی
دەیدا بە بەچکە هەباسان
ڕەوەدەی ئەمەگ نەناسان
نامەرد چاکەی ئەدەنەوە
نۆکەر بە سەر ئەکەنەوە
بە گزی ئەیکوژن، ئەمجارە
ئێژن بەچکە کورد غەددارە
سەلیبی لە بەر من ڕەوی
من هیندم گرت بۆ غەزنەوی

هەزار و ئەوەندە ساڵە
گۆپاڵێکم لەو بەر پاڵە
پاسداری مەرزی ئێرانم
خوێن ئەدەم، ئەبەخشم گیانم
بۆ شەڕی ئەفغان پێشەنگم
لە ڕوی عوسمانی ئەجەنگم

***

تا هەرا و خۆ بەکوشت دانە
کورد چاوی ڕاستی ئێرانە
بەڵام هەر شەڕ داکوژاوە
وەژێر پا ئەدرێ ئەم چاوە
کوشتەم وەپووش حەساو ئەکەن
ماوەکەش تەنگەتاو ئەکەن
ناوی "مەرزداری غەیوور"
ئەگۆڕێ بە "وەسڵەی ناجوور"
ناشێ وەزمانی خۆم بدوێم
گەرەک لە پێست خۆما بپوێم
ناکرێ داوای نان و ئاو کەم
نابێ پیاوەتی ڕەچاو کەم
برسی و ڕووت بم، گەڕبم، کوێربم
دەبێ شوکرانە بژێر بم
هەر بێژم کورد کوانێ هەقی!
پێم ئێژن کافری موتڵەقی

دەرگای بەزەیی دادەخرێ
حەشاماتم لێ دەنگ ئەدرێ
منالّ و مەزنم دەمرێن
وە ناهەق خوێنم ئەڕژێن

***

هیچ دوور نەڕۆین، تازە، تازە
ئەم کوردە سەر پردەبازە
لە ڕووی ملهوڕی ستەمگەر
سینگی ڕووتی کردە سپەر
لە کوردستان لە موکریان
سەدان لاو بەر گوللە دریان
خوێنی کوردی چاو نەترساو
بووبە ئامیانی ئینقلاو
کوشتەم دا لە هەموو شاران
تەنانەت لە شاری تاران
پێشەنگی خۆبەخت کردن
هیچ سلّ نەکردوو لە مردن
دلّ تینووی ئازادیخواهی
(کامران نجات اللهی)
کوردێک بوو مامۆستا و زانا
ئازایەتی کوردی ڕانا
بوو بە سەرمەشقی ئازادان
هەموو ئازای دەرس دادان
لەو فێر بوون خۆبەخت کردن

ڕێــگـەی دژوار تــەخـت کـــــــــــردن
کـــەچی هێـــشـــتـــا خـــوێنی کــــوردان
لـە ســــــــــەر هــەردان، لـە بــن بـەردان
ســـــــــووراپـی کـــــــــاڵ نـەبـۆتـەوە
کـــــــــردەیـان لـەبـیـــــــــر چـۆتـەوە
ئـەوەی خـــــۆمـــــان بۆ دا بـە کـــــوشت
خــــــــــوێـنـی دوژمـنـانمـان بـۆ ڕشـت
وەک نـــەبـــای دیـــبـــێ و نـــە بـــۆران
داویـەتـە شــــــوێنی گـــــەڵخـــــۆران
لـە بـەشــــــمـــــان چـاو دەنـوقـــــێنـێ
گـــــەرەکـــــیـــــە لە بـنەمـــــان بـێنـێ
خـــــــــــــــۆڕی و تــــۆڕی دنــــە داوە
بـە چـەخـــــمـــــاغ و بـە تـێـــــڵاوە
ڕژانـــە نــاو کــــــــــــــــــوردەواری
دادەپـاچـن گـــــــــونـدی و شــــــاری
ئـۆبـاڵ وەبـۆق مـل گــــــــــای بـنـە
قـــــەڵـتـــــوبڕ ئـەخـــــەنە سـنە
لـە نـەغــــــــــەدە، لـەمــــــــەریـوان
هـەروا زیـاد ئـەکـــــەن هـەتـیـــــوان
هـەروا قـــــــــــۆشـــــــــەنـە و دەبـزوێ
گـش کـــــــەس دەزانـێ بـەرەو کـــــــوێ
بـەرەو زێـدی کــــــورد و گـــــــۆران
بۆ وێـزەی کـــــرمــــانـج و ســــــۆران
***

ئێژم چ بوە؟ چی قەوماوە؟
دێر هاتووم؟ کەمم هێناوە؟
من خوێنم لەڕێی ئێوە ڕشت
لەگەڵ ئێوە تاغووتیم کوشت
کر چییە لەم تێوەدانە؟
چۆن سزای ماچ پێوەدانە؟
چیم کردوە؟ گوناهم؟ سوچم؟
بۆچ لاتان بێ نرخ و پووچم؟
ئێژن: وس... هەر کوردی بەستە
ڕەزات تاڵە، خوێنت خەستە
تۆ داوای گۆشت بۆ لەڕ ئەکەی
لەگەڵ خودادا شەڕ ئەکەی؟

***

ئەی خوایە چەند چارەڕەشین!
چۆن لە هەموو ماف بێبەشین!
کەی لەگەڵ تۆدا جەنگاوین!
فریاکەوە، زۆر تەنگاوین
لابە ئەم زۆریە زۆرەیە
خۆت فەرمووت "هەل بەنۆرەیە"
سواوم هێندەی نۆبەداربم
تاکەی بێکەس و هەژار بم؟

***

١٩٨٠/٣/١- یادی ساڵێک لە کۆچی ڕواڵەتیی بارزانی:

هەر شەو نابێ

ســــەر لە ئێـــوارەیەک درەنگانێک
تاریکان تەنگی نوێژی شــێــوانێک
کــوندە بوومــێک لە کــاولەکی وێران
گــازی کــردە گــرۆی بەڕۆژ کــوێران
دەرکــــەون مــــوژدە وا ڕۆژ ئاوا بوو
تیــشکی خــۆر وەک چوقڵ لە چاوا بوو
ببــووە وەیشــوومــە ڕۆژی ڕوون بۆمــان
شــەوی ڕەش خــۆشە خــۆشی بۆ خــۆمــان

***

چەکچــەکی و جــرج و کــرمی فۆســفۆری
هاتنە دەر بۆ گــــەڕ و هەوا خــــۆری
گــەرمــە بازاڕی لاف و شــات و شــووت
دادەپۆشێ ڕەشــاییی شــەو لەشی ڕووت
یــەک دەڵــێ ڕۆژ لــەبــەر مــن ئــاوابــوو
ئــەویتـــــر بۆی لــەمــل دەدەن وابــوو
ئــەم بــەدەم ســـــووره ئــەو بــەزار زەردە
تا کش و مــاتە شــەو هەمــووی مــەردە

***

شنە با خــــونچـــەیەکی ڕا دەژەنێ
دەمی خــونچــەی خــەواڵوو پێ دەکــەنێ
پــێــکــەنــیــنــی بــەزە بــە ئــاوەزیــان

به پەلی و کــەمــبــەریی ڕبە و گــەزیان
ئەو دەزانێ کــە تیــشک و تینی هەتاو
لـە بـرەو نـاکـــــــەوێ بـەچـاوو ڕاو

***

کـــاکـــە بارزانـی، تۆش وەکـــو تاوی
چوویـە پێـــوار، بـەڵام نـەفـــــەوتـاوی
ڕەنجـــێ تـــۆ دات لـــەڕێــی هــەژارانـــدا
مـــەرد و ڕەندیت لە کـــۆڕ و مـــەیداندا
نـەعـــرەتـەت گـــیـــانـی دوژمـنـانـی دەبرد
لە تۆ تۆقـــیـــبـــوو چاوی دوژمـنی کـــورد
زۆر لە داگـــیـــرکـــەرانی کـــوردســـتـــان
بە دەســـــتی تۆ نـرانە گـــۆڕســـتـــان
کـــێـــیـــە؟ تاجـــیکە ترکی تۆڕە، عـــەرەو
گـــێلە جـاشـــە، تەعـــالە، گـــێـــتـــە، برەو
ناوی تۆی بیـــســـــتـــبێ و نەترســـابێ
یـان هـەنـاو و زراوی پـێ مـــــــــابێ
لە هەمـــوو کـــۆ و کـــەژی وڵاتەکـــەمـــان
لێـــڕو بێ دارو زورک، دەشت و چەمـــان
خـــوێنی بەدکـــاری کـــوردی لێ ڕژاوە
مـــــۆری ئـازایـەتـیـــــتـــــە لێت داوە
با هەتا وا شـــەوە فـــســـۆس و چەقـــەڵ
کلـکیـــــان تـۆز بـکا و بـکەن گـــەنگەڵ
با مـــشـک ســـەر هەڵێنێ بێـــژێ من

زۆری پێ ناچێ دەچنەوە ناو کون

مێژوو وەک پیرەمامی تۆچێنە

بەپشوو، کاوەخۆ ڕەنێو هێنە

ساڵ و مانگ گێژەوێ دەکا و تەتەڵە

ساف دەهێڵێت و تۆڕ دەدا دەغەڵە

دان بژێری هەچەن لەسەرخۆیە

بێ شک و سۆیە لاگری تۆیە

تۆ لە عاسمانی پیاوەتی خۆری

هەموو ئازا کەمن ئەتۆ زۆری

تیشکی تۆ هەر بینا سەری داوە

ناوی تۆ تا هەتایە هەر ماوە

***

١/ ٣/ ١٩٨١- یادی دووەمین ساڵی کۆچی بارزانی:

ڕۆژی کورد

لەڕۆژگارانی تازە و زوو

بەشایەتی دانی مێژوو

لە عاسمانی کوردەواری

لە گۆشەی ئاسۆی خوێنباری

زۆر ئەستێرە درەوشاون

دڵمان بەیادیان نەخشاون

قارەمانانی گەل پەرست

چاو نەترسانی گیان لەمست

دژی لاساری خوێنمژ بوون

دۆست لاوێن، داگیرکەر کوژ بوون
ترسێنەری بێگانە بوون
تاکە سوارەی زەمانە بوون
ئالآی ئازادی لەسەر شان
بێ وچان بۆمان تێ کۆشان
لەدەردی گەل بوونە دەرمان
ئەمەکیان زۆرە لەسەرمان
با لەبەر چاویش نەمابن
لەچاوی دڵ نەدیو نابن
بۆ ئێمە جێگەی شانازین
مامۆستای ئازادیخوازین
یادگاری زۆر بەمایەن
بۆ مانی کوردستان پایەن
فریشتەی بەختن لەسەرمان
هەر وان لەهەواری هەرمان

***

لەناو کۆی ئەو ئەستێرانە
لەناو جەرگەی ئەو شێرانە
ڕووناکتر و گەشەدارتر
هەڵکەوتە و ئازا و بەکارتر
لەم سەدەیەدا دیاری دا
تیشکی لە کوردەواریی دا
لە ئاسۆی بارزان دەرکەوت

تــا نــەتــرســــــــــــان و بــوێــری
تا مـــــەردایەتـی و جـــوامـــــێـــری
لـەدنیـــــادا قـــــەدریان مـــــابێ
نـــــاوی بـــــارزانــــی ون نـــــابــــێ

***

١/ ٣/ ١٩٨٢- یادی سێیەمین ساڵی کۆچی بارزانی:

رێبەری نەمر

هـــەرچـــی لـــەئـــاخـــێ رســـکـــاوە
مـــــــەرگـــــیـــــــشی بـۆ داندراوە
مـــــرۆ دێتـــــە ســــەر زەمـــــینێ
خـــۆشی نـاخـــۆشـــیـــان دەبینێ
هـــەیـــە ژیـــوە و هـــەڵـــوەریـــوە
هـاوســـــــاشی پـێـی نـەزانـیــــــوە
هەیـشـــــە بەرز دەبـێـــــتـــــــەوە
نـاوبـانـگی دەتـەنـێـــــــتـــــــەوە
حـــوکـــمی ســـەرزەمین دادەگـــرێ
هـەر هـێـنـدە زلـە تـا دەمـــــــــرێ
جــــــەلال و گـــــــەورەیـی و شکـۆی
بـەر پـێـــــوار دەبن لـەگـــــەڵ خـــۆی
زەمـــــــان نـاوی دەســـــــڕێتـــــەوە
لـە یـادی یـاد دەچـێـــــــتـــــــەوە

***

ئـەوی مـــــــــــەرگ پـێـی نـاوێـرێ
نـاچـارە خـــــــۆی لـێ بـبـــــــوێـرێ

هونەرە، مەردایەتییە
بەخشینە، ئازایەتییە
بەزەیە بە هەژاراندا
وەفایە دەگەڵ یاراندا
دژ وەستانە لە بێدادی
هەوڵدانە بۆ ئازادی
بۆ هەق ڕوو بە مردن چوونە
بۆ زاڵم سەرکز نەبوونە
خێوی هەریەک لەو خدانە
نێوی بە دوور لە نەمانە
هەتا کۆن بێ گەشتر دەبێ
لە ژین خاوەن بەشتر دەبێ
چ جای کە گش لای یەکێ بێ
دەبێ ئەو هەرژیوە کێ بێ

***

دروود بۆ ناوت بارزانی
هەر خۆت خودانی هەموانی
بۆ مەردایەتی تات نەبووە
لە بەخشیندا ئامپات نەبووە
بۆ هونەری نەیار کوشتن
بۆ خوێنی داگیرکەر ڕشتن
لە هەنگامەی مەیدانداری
ئێستاش هەر خۆت شۆڕەسواری

بۆ بەزە و هەژار پەروەری
تا ئەبەد هەر خۆت ڕێبەری
وات پەیمان دەبردە سەرێ
وەفا کڕنووشت بۆ بەرێ
دەی سا چۆن ئەو گیانە دەمرێ
چۆن مردن خۆی لەبەر دەگرێ

***

بارزانی هەر هەی وەکوو بووی
هەر دەشمێنیت و نەمردووی
گەلت بە یادی تۆ سازە
بەناوی تۆ سەرفیرازە
زۆر سەدە دێن و ڕادەبرن
مەردان دەرست لێ وەردەگرن
هەتا سەر زەوی زەوینە
هەتا ڕۆژ بەتیشک و تینە
ساڵ بە ساڵ یادت نووترە
قەدرو ڕێزت لە ڕووترە
بیرەوەریت میسکی خاوە
بۆن و بەرامەی بڵاوە
تاوەیسوون بۆنی بۆشترە
دەم لە دەم بۆنی خۆشترە

***

١٩٨٣/٣/١- یادی چوارەمین ساڵی کۆچی بارزانی:

نموونەی هونەر

لە پەڕاوی کۆن ڕامێنین
مێژووی هونەران وەخوێنین
زۆر شت، زۆر کەس، لە زۆر دەران
بوونە نموونەی هونەران
نووسراوە فلان ئازا بوو
نەدەترسا وەک شێر وابوو
وێنەی ڕۆستەمی زەمان بوو
زاڵ بوو، سامی نەریمان بوو
پتەو بوو وەک چیای قەندیل
بە وەفا بوو وەک سمۆیل
بۆ بەخشش و دەست و کەرەم
ببووە ڕکەبەری حەتەم
بۆ زانای بەمشوور و دوورناس
نموونەیە هەیاسی خاس
بۆ کاری خەڵک و خواپەسەند
نموونە هەن زۆر و زەوەند
هەرماون و هەر خاوەن ناو بوون
بەڵام دوور و لێک بڵاوبوون
ئیرادە وا هات لە خوداوە
خڕ ئەو نموونە بڵاوە

لە کوردێکدا کۆکاتەوە
سەر لەنوێ سەر هەڵداتەوە
***
لە مستەفا بارزانیدا
هەرچی چاک بوو نیشانی دا
بەسەر هەڵدانی ئەم ناوە
پەڕێ تازە هەڵدریاوە
هەر کەسێ بارزانیی دیوە
ماوەیەک دەگەڵیا ژیوە
گشت ئەو نموونانەی دیون
سەرچاوەکانی ناسیون
سەد کتێبی بۆ وەخوێنێ
لەهەر بابەتێ بیدوێنێ
لە ناودار بە ئازایەتی
سەربڵندی، مەردایەتی
گیانبەخش لە ڕێی ئازادی
ئاگر لە گیانی بێدادی
وەفا ، شەرەف، خواپەرستی
وەتەن و گەل خۆشەویستی
هەڵکەوتوویی بۆ سەروەری
بەزەیی، هەژار پەروەری
بێوێنەیی لە زەماندا
تاکە سوار لە مەیداندا

لێی پرسە چەندیان دەزانی
دەڵێ گشیان وەک بارزانی
***
بە هەمو هێز وەخۆکەوە
هەموو هونەران کۆکەوە
لێکی دە، پوخت دایبێژە
بیخە قاڵب و دایڕێژە
کەسێکی لێ بەرهەم بێنە
لەبەر چاوانی ڕانوێنە
بۆ بەجەوهەری و مێرانی
هەرگیز ناگاتە بارزانی
***
١٩٨٤/٣/١- یادی پێنجەمین ساڵی کۆچی بارزانی:

بە یادی تۆ دەژی دڵم

بارزانی باوکی شیرینم
ڕۆژی تیشکدەری ژینم
ماوێکە دەڵێن پێنج ساڵە
کە لام هەزار ساڵی تاڵە
دەنگی هەژار لاوێنەوەت
دیەنی خەم تاوێنەوەت
نایێتە بەر گوێی بێخێرم
نایێتە بەر چاوی کوێرم
تۆ نەناسانی سادەدڵ

دەڵێن بوویتە ئاوێتەی گڵ
دەڵێن نەماو نابێتەوە
تۆش لەبیرت بچێتەوە
هەرگیز ئەم دڵە کڵۆڵەم
پەلکە گیای بەر سەرماوسۆڵەم
بەو قسانە بڕوای نایە
لای بایە بادی هەوایە
ئەوانە گیان و دڵکۆرن
دڵ کۆران لە دنیا زۆرن
با دڵ ڕوونان و دوڕناسان
ئەمکزانان و مێرخاسان
ئەوانەی ژیر و چازانن
بە چاوی دڵیان بڕوانن
دەزانن ئەتۆ هەر ماوی
نافەوتێی و نەفەوتاوی
تۆی نموونەی مەردایەتی
تۆی دروشمی کوردایەتی
وەڕەز بووی لە پێ نەزانان
لە دڵ پووچەڵ و دووزمانان
ڕەوات نەدی ژین لەسەر گڵ
ماڵت گوێزتەوە بۆ ناو دڵ
بۆ ناو دڵی هەرچی مەردە
هەر کەسێ پاک و بێگەردە
تەنانەت دڵی هەژاریش

ساردە کوانووی ڕەنج خەساریش
ئەو دڵە تەنگ و بێپۆیە
شوێنی هەمیشەییی تۆیە
بە یادی تۆ دەژی دڵم
دڵەی سەرشێت و سەرچڵم
هەرچەن تەنگە ماڵی تۆیە
پەپوولەی شەماڵی تۆیە
تا چیای بەرزی لێ دیارە
تا گوێی لە خوڕەی ڕووبارە
هیمەتی لە دنیا تاکت
دڵی پاکت، ناوی چاکت
ئاشکرا دێنە بەرچاوی
چۆن باوەڕ بکا نەماوی
تۆ هەر دەمێنی، هەر ماوی
هەڵکەوتەکەی خاوەن ناوی
بۆ من هەر کاکی جارانی
هەر هومێدی هەژارانی

***

١٩٨٥/٣/١: یادی شەشەم ساڵی کۆچی بارزانی

بە یادی بارزانی

جاروبارە لێرە لەوێ
چپێکم بەر گوێ دەکەوێ
هەناسە سارد دڵ بە ئێشن
ماتن ئاخان هەڵدەکێشن

حەیفێ بارزانی نەماوە
بێ میراوە ئەم دەراوە
من بەزەییم دێ بەوانە
ئەو چاوی دڵ بە خەوانە
کەسێک بارزانیی دیبێ
یان دوور بە دووری ناسیبێ
دیتنیشی نەویستبێ
هەر کردەی ئەوی بیستبێ
چۆن بیری وا بێ فەڕ دەکا
چ دڵدارێک باوەڕ دەکا!

***

هەژارێک بووم سەد جار مردوو
وەک قانگەڵاشکی بابردوو
زریان لەسەر ڕێی لا دەدام
شەماڵ سندەی پێدا دەدام
گێژەڵووکە دەیسووڕاندم
بۆ ڕەشەبای دەڕەتاندم
سووکتر بووم لە پرزە کایەک
نە پەسێوێک، نە پەنایەک
هەر هێندە بوو دەبزووتمەوە
خۆڵەمێش بووم دەشسووتمەوە
جارس لە ژین بێ تاو و تین
وشکی دڵ پڕ شەپۆڕ و شین

له سۆڵەی کڵۆڵی چڕژاو
له تینی نەگبەتی برژاو
فێنکاییم له دنیا قاتی
چیم زۆر بوو بەڵاو نەهاتی
نه مرۆ، نه جانەوەر بووم
هەژگەلێکی خاکەسەر بووم
پشتم جدەو له بێگارا
بێگار بە هەر چوار کەنارا
یەخسیری چەند توخم و جۆران
چەند ڕەگەز له خاوەن زۆران
یەکی سپی یەک زەردە یەک ڕەشە
جنێوفرۆش بە هەڕەشە
نرکەت نەیە ئاغات ترکە
چرکە مەکە عارەب سرکە
کوێخای سەر بێگار تاجیکە
سەرشۆڕ بەو چی دەڵێن بیکە
شەو مەیە دەر دەترفێنن
گوریسیان هەس دەتخنکێنن
***
له مەودای زۆر ساڵانمدا
له دەرگای زۆر ماڵانم دا
مەردێک نەبوو سەر دەرێنێ
بەخێسە بێ تێم ڕامێنێ

تفیشیان پێدا نەدەدام
دوژمنم بوون ئۆقرە و هەدام
هەڵوەدا، شێواو، سەرگەردان
ئاوارەی سەر هەرد و بەردان
بێ هێز، سیس و زەرد هەڵگەڕاو
زەبوون و توانا لانەماو
نا هومێد بەرەو هیچ دەچووم
بۆ خۆم پیادە سوار بوو پشووم

***

گاوێک نازانم چۆن گاوێک
هاتە بەرم کانی و ئاوێک
لەسەر کانی شەنگەدارێک
جێ سانەوەی گشت هەژارێک
بڵێم چۆن بوو سەرچاوەکەی
چۆن بدەم پەسنی ئاوەکەی
سەد جار شیرنتر لە گیانم
ڕوونتر لە فرمێسکەکانم
ئاوی حەیاتی گۆڕین بوو
کە لە خەدر بە پەرژین بوو

***

خۆم گەیاندە بەر سێبەرێ
دنیا ئێرەییم پێ بەرێ
نەک هەر من بەسەت هەزاران

له تازه لاوی هەژاران
له پیری یەخسیری خەم چێژ
له دایک زارۆی مەمک مێژ
هەموو کوردێکی دڵ برین
بێکەس و هەژار، جگەرخوین
به ملیۆن گیان و دڵ توونی
به کزی و کەساسی و زەبوونی
گەله دیلی له ژمار بەدەر
دڵ پڕ کەسەر بێ سەروبەر
له چنگ خوێنمژان ڕاکردوو
بەغیلیان دەبرد به مردوو
لاکه لاک تین داتەکاو بوون
بەرەو ئاوێک چاوه چاو بوون
وێڕای من گەینه سەر دەراو
بەر سێبەری فێنک و هەراو
خوڕەی ئاو هاشەی گەڵای دار
هەتوان بوو له گیانی زامار
لەو ژێر سایه حەساینەوه
دەستەو لەحاز بووژاینەوه
لەبیر چوو یەخسیری و نەبوون
هاتینەوه سەر دونیای ڕوون
پاش مردن زیندوو بووینەوه
بەرەو ژین تێ هەڵچووینەوه

ئەو سایە چەورە لە سەرمان
بوو بە گەورەتر ڕێبەرمان
بە هێزو گوڕ ڕاپەڕاندین
کوردخۆرانی پێ بەزاندین
بووینە نموونەی ئازایی
بووینە لەشکری خودایی
ئەو شەنگە دارەی سەرچاوە
مستەفا بارزانیی ناوە
بەڵێ مستەفا بارزانی
هەموو کوردێک بە قوربانی

***

بیست ملیۆن پتر گەلی کورد
بێ هەست و خوست زۆر ساڵان مرد
بارزانی گیانی ژیاندەوە
لە گورگانی ئەستاندەوە
گوێ هەڵخەن لە هەموو لایە
هەر قرمە و زرمە و هەرایە
تەقەی تفەنگی هەر کوردێک
بۆ ئازادی لەهەر هەردێک
بە ئاشکرا، بە ڕەوانی
دەڵێ بە یادی بارزانی
بارزانی سەرەتای دانا
هەر ئەوە هاوار و هانا

خاوەن زۆران و کوردخۆران
کەوتوونە بەر لێزمە و بۆران
ئاوات بە زیندوو بوونەوە
ڕاپەڕین، تێ هەڵچوونەوە
لە بارزانییەوە بوو بە باو
لە بارزانییەوە بووینە پیاو
دەمی ئەو کوردی ژیاندەوە
زامی سەختی برژاندەوە

***

کەسێ خۆی سەرچاوەی ژین بێ
بۆ دڵساردان هێز و تین بێ
چۆن باوەڕ دەکەن مردووە
نەخێر بارزانی زیندووە
زۆر زیندووتر لە پێشووە
یادی بۆ کوردان تێشووە
تا وشەی ئازادیخوازی
تا لە ڕێی وڵات گیانبازی
بمێنێ کە هەر دەشمێنێ
بارزانی نوشست ناهێنێ
دنیا بمرێ ئەو نامرێ
مردن پێشی ئەو ناگرێ
کاکە مستەفا بارزانی
تۆ بۆ کوردان گیانی، ژیانی

هــەر بــژی وەکـــــــــــــوو، هــەر ژیــاوی
هــەر بمێـــنــی وەک هــەر مـــــــــــــاوی

***

١/٣/ ١٩٨٦- یادی حەوتەمین ساڵی کۆچی بارزانی:

ئەستێرەیەکی گەش

دەڵێن ئەوانەی خـــۆشـــەویســـتـــمـــانـن
تـــا لـــەبـــەر چـــاون لـــەبـــەر دڵانـــن
یـەکـــــتــــر نەدیـتن، لێـک دووربـوونـەوە
دەبـن بـەمـــــــایـەی لـەبیـــــر چوونـەوە
بەڵێ بـۆ کـــەس و دۆســـتـی ئـاســـایـی
ســـــەبووری دەرە مـــــەودای جـــودایی
نـەک بـۆ مـــــــەردێـکی بـە لـەش نـەدیـوە
نـاوی تـەواوی دنیـــــــای تـەنیـــــــوە
ئەو مـــەردەی کـــە بۆ لەبیـــر چوون نابێ
بـا بـە ڕووالـەت لـە گـــــڵـکۆشــــــدا بێ

***

کـــــاکـــــە بارزانـی ئـەو خـــــودان نـاوە
کـــە کـــورد لە ســـۆنگەی ئەوڕا ناســـراوە
هێـــــژای بلیـــــمـــــەت لە ئـازایـەتی
بارانـی ڕەحـــــمـــــەت بـۆ کـــوردایـەتی
چاکـــــتـــرین ڕێبـــەر چاکی بێ وێـنە
ئەو لە داگـــیـــرکـــەر تۆڵە ئەســـتـــێنە
ئـەو ترســــــێنەرەی دوژمـنـانـی کـــــورد

ئەو حەقسێنەرەی مەزڵوومانی کورد
ئەو سەروەرەی ئازای ئازادە
ئەو دادپەروەرەی دژی بێدادە
کێ بێ لەدنیا با دڵکوێریش بێ
زۆریش گێژ و هوڕ زۆر بێخێریش بێ
دڵی بێ و بڵێ بارزانی نەما
خوا نەکا قەڵای هومێدان ڕما
کێ بێ هەر تۆزێ کوردی خۆش بوێ
لە یادکردنی هەرگیز بسرەوێ

***

نەمازە منێک، منێکی هەژار
خاکەی هاڕاوی چەرخزند ڕۆژگار
منی هیچ و پووچ لە هیچیش کەمتر
لەخەم، لەجوودی سەرم بەتەمتر
شڕە سیپاڵێک کەس نەیدەویستم
چیم دەگوت هیچ کەس لێزد نەدەبیستم
جگەر بریندار، کز و لەش بەبار
هەڵوەدای زەبری نەیاری زۆردار
لەدنیای بەرین تەنگاو، سەرگەردان
ئاتاجی دەستی خوێڕی و نامەردان
ئاوارە لەدەشت، پەتیارە لە کێو
دەوریان تەنیبووم جن و خێو و دێو
ڕۆژم شەو، شەوم پڕ لەداخ و دەرد

ساردە زستانی کردم بە نەورۆز
لەوساوە سایەی ئەوبوو بە ئەنوام
بوومە بنیادەم بە مرۆ ناسرام
ڕزا، هەڵوەرا تووڵی رکەی بەند
ئازا و ڕزگاربووم لەداو، لە کەمەند
توونی، نەبوونی گڕی کوژاوە
گرێی زمان و دڵم کراوە
بوومە بولبولێک لە باخچەی شادی
چریکەم دەهات بەرەو ئازادی
هەر کردەوەیێ زانیم و توانیم
بەتان و پۆوە کڕیی بارزانیم

***

هەرچەند بەڕواڵەت لێی هەڵبڕاوم
بە واتەی خەڵک سێوی کراوم
چۆن باوەڕ دەکەم ئەو بابە گەورە
ئەو هەژار دۆستە، ئەوسایە چەورە
سایەی لەسەر من رەویبێتەوە
ڕێزم دوای بەرزی نەویبێتەوە
بارزانی لەمن جویێ نابێتەوە
ڕەنگی وەفای ئەو قەت ناچێتەوە
تا لەسەر زەوین ژینێکم هەیە
تا لە ڕەگ و خوێن تینێکم هەیە
بارزانی لەدیار دڵ و گیانمە

یـادی ئـەو ویـردی ســــــەر زمــــــانمە
دوای مـەرگـیش ئەگـەر پرسـییـان نیـشـانیم
دەڵـێـم هـەژاری کـــــاکــــــە بـارزانـیـم

***

١/ ٣/ ١٩٨٧- یادی هەشت ساڵەی کۆچی بارزانی:

شابازی چیا

هەتا زەمـــانە دەچێ و دێ و هەتا زەوین لە خـــولە
هەتا ددانی زوڵم تیــژ و بەخــتی ئێـــمــە کــولە
هەتا شـــەوم بەســـەرا دێت و ڕادەژێم بێ خــەو
هەتاکــوو ڕۆژی ڕەشم دێتــەوە و دەبێــتــەوە شــەو
هەتا کـــەژێکی دەبینم بەخـــوێنی کـــورد ســـوورە
لە کـــوردســـتـــانێ کـــە وێران کـــراو و خـــاپوورە
بەهەڵپ وکـــەڵپی دڕندان دڕاوە مـــەڵبـــەندم
یەکـێـک و دوو نیـیـە زۆر مـۆری پێـوە پێـوەندم
بەگـشـتی ئەم گـەلە کوردە وەکـوو گـەلەی بێ شـوان
چەقـــۆی بیـــانی لەبان گـــەردنە نە ســـەر نە زوان
نـزار و بێـــــدەرەتـان، بێـــــدەروون و دەربـەدەرن
لەوەندی بەر پەت و داری پیری بەند و دەسبەسەرن
دەکـەن بە چاوگی شـەڕ خـزم و قـەوم و هاوڕەگـەزم
بەخـوێنی کـورد مـڕە نامـۆ، چ شـینی بێ و چ بەزم
گـەلی هەناسـە بڕاو، بەش نەمـاو لەژین لە وەڵات
کــە دێتــە بیــری منی دڵبــرینی بێــدەســەڵات
بەچاوی لێـڵــەوە دەڕوانمە خـێـڵـە بێکەسـەکـەم

به ئاخ و داخەوە داد دادمە کوانێ دادرەسەکەم
لەکوێیە هەڵمەتی شابازەکەی چیاو ڕازان
ببێ بە تۆڵەستێنی گرۆی بەلەنگازان
بکێشێ خەنجەرێ مووکار لە حاندی نامەردان
ببێ بە ڕێبەری جاران لە هۆزی سەرگەردان
هەمیشە مەردی یەکەم ئەو بووە لە دنیایێ
چلۆنە ئەمڕۆ لە مەیدانێدا گوڕەی نایێ
دەڵێن چ بەهرە دەدا داد نەماوە بارزانی
لەشی لەخاکی ڕەشایە و لەلای خودا گیانی
ڕۆحم دەڵێ بە دڵم گفتی وا دەدڵ مەگرە
ئەوی بە مەردی ژیاوە هەتا هەتا نەمرە

***

١/ ٣/ ١٩٨٨- یادی نۆیەمین ساڵی کۆچی بارزانی:

خوایە بەس نەبێ ئیتر

بارزانی باوک و برای کورد
لە شەوە زەنگا چرای کورد
هیوا و هومێدی کوردستان
ڕووگەی ڕاستی کوردپەرستان
لەم بەهەشتەی کوردەواری
چەوسان و ڕەنج بەخەساری
چەند بەرەمان هاتین و چووین
بەنی و کۆیلەی بێگانە بووین
کەس نەناس و بێ خەبەر ماین

تۆ ڕێی شەرەفت نیشان داین
بەڕێبەری پێشمان کەوتی
هیچ گاوێک تاوێک نەسرەوتی
لەهەرکوێ بووی بۆهەرجێ چووی
چقڵی دڵی نامەردان بووی

***

ئەی ئەوەی بۆ ڕزگاری کورد
لەڕای خوا جیهادت دەکرد
ئەی هەمیشە لەبەر چاوان
جێ شانازیی هەموو پیاوان
ئەی نموونەی ئازایەتی
بێ هاوتا لە مەردایەتی
بێ وێنە بۆ ئەمەکداری
ڕەوێنی تەمی هەژاری
ئەی ئەو مەردەی تا هەتایە
باسی چاکەت بنەی نایە
گەر بە ڕواڵەت بەر پێواری
بەگیانی پاک ئاگاداری
دەبینی چمان بەسەر هات
دە هەژمار نایە کارەسات
ڕەوەدەی زێدی کوردخۆران
خوانەناس و خاوەن زۆران
شیشاونە گیانی گەلەکەن
ملە دەکەن، پەلە دەکەن

گریویانە بۆ نەمانمان
جارکێشانە بۆ قڕانمان
سڵ ناکەن لەخوێن ڕشتنمان
بێ سووچ و تاوان کوشتنمان
هەرگرتنە و لەداردانە
هەر مەنگەنە و ئازاردانە
بەر تۆپ دانە، بۆمبارانە
سووتانی گوندو شارانە
تالآنە، هەست و نست چوونە
بەدەستی زاڵم دیل بوونە
ئەنوامان بەند و زیندانە
گفتیان هەر ژەقنە و سندانە
کێش کە لە بەندان دەرچوونە
ڕەوینە و لێکتر دووربوونە
بەهەزاران و هەزاران
وانە لەناو مەکۆی ئاواران
وەک تۆمی هەرزن بلاوین
بەبنیادەم نەناسراوین
باب ئاگای لە کوڕ نەماوە
خوشک بێ برا، کیژ بێ باوە
زارۆمان لە ناز بێبەشن
خوشک و دایک سەر بەهەشن
لەمایەی ژیان بەش بڕاو
لێقەوماو، ئاشتەبا نەماو

هەر گەڕەو هەر تەشقەڵەیە
هەر پێ وەگوێزین تەڵەیە

***

تەنانەت زمانەکەمان
شایەتی هەر مانەکەمان
کە خەڵاتێکی خودایە
لای خوانەناس ناڕەوایە
ڕەوای نابینن بیخوێنین
بە کوردی یەکتر بدوێنین
گەلی کورد شێست چەرخە ژیوە
هەرگیز دەردی وای نەدیوە

***

کاکە تا تۆ لەناومان بووی
هەژارپەروەر بۆ خودا بووی
ئێستاش کە چوویتە بارەگای
دیارە خۆشەویستی خودای
بێژە خوایە پشوو تاکەی؟
بۆ ڕوحمێ بەو کوردە ناکەی
بە بەڵێن و سۆزدانەکەت
کە هان لەناو قورئانەکەت
فەرمووتە: «لەپاش تەنگانە
نۆرەی سانەوە و خۆشیانە
دنیا دەستاودەست پێ دەکەین
ستەمکاران لەناو دەبەین

ئەوپەڕی بەزە لای منە
دەست درێژکەر پێم دوژمنە»

***

دەی سا کێ لەم هەردو بۆیە
وەک کورد شیاوی بەزەی تۆیە
کێ لەم سەرزەوییە هەراوە
وەکوو کوردی لێ قەوماوە
خوایە کە منت بردەوە
بە ئیدریس تۆڵەت کردەوە
ئیدریسیشت لێ ساندەوە
برینت لێ کولاندەوە

***

خودا بۆخاتری خوداییت
بۆ خاتری تاک و تەنیاییت
با بەس بێ خۆ لە کورد بواردن
بە کەڵپی گورگان ئەسپاردن
نزای ژنەبی و بێ باوان
هاوار خوای ڕۆندک لە چاوان
دەریای بەزەت وەجۆش بێنێ
پێل بدا و خەم بڕەتێنێ
ئەو گش پێشمەرگە دڵپاکە
ڕێڕەوی ئەم ڕێگە چاکە
کە گیانی خۆ فیدا دەکەن
داوای مافی ڕەوا دەکەن

ڕێگەی هەقـــیـــــان گـــــرتـۆتە بـەر
بەگـــیـــــان بوونـە لەمــــپــــەر لابەر
دەس لـەدەس یـەکـــــــــا پـێـکـەوە
هـومــــــێـــــــدیان بـە تـۆ پـتـــــەوە
دەی تـۆش ئـاوڕ لـێــــــــــوەدانـێـک
جـــــــــارێـک ئـازادانـە ژیـانـێـک
لەم یەخــســیــــریە ڕزگـــاربـوونێک
تۆزێک وەک خــــەڵکی تر چوونـێک
چـی تـر بـێ پـەنـا نـەمــــــــێـن
تـۆی تـۆ لـەبـیـــــــر چـوون نـەچـێـن
خـــواپەرســتـــان لەیاد مـــەکـــە
خـــودا نـەناســان شـــاد مـــەکـــە
ئەم ســەرۆکـــە و پێــشـــمــەرگـــانە
کـــــــــــە وەک تـۆڵای پـۆڵا وانـە
مـــەســــعـــــــود و یار و هـاوکـــاری
وەســــــەرخـــــە بەرەو ڕزگــــــاری

***

٣/ ٣/ ١٩٨٩ : یادی دەیەمین ساڵی کۆچی بارزانی

کورد لە فەرموودەی تۆ ناگا

ئێـــمــــەی کــــورد چین؟ نایەژم کـێـین
دەبـــزوویـــنـــەوە، دەچــین و دێــین
بـەڕواڵـەتـی جـــــــــــانـەوەریـن
کـامی؟ لە گـشـتـیـــان کـەمـتـریـن
جـــانـەوەری کـــێـــوی و کـــەوی

زلی، گچکەی، بەرزی، نەوی
وەربکەون، بلەوەڕێن
سەربەستن، لێیان دەگەڕێن
هەر لە مێروو تا مەل و مار
هەیانە شوێنێ بۆ ستار
هیچ لا بێ لان و لانە نین
بێ بوودڕ و کولانە نین
هەر گەلی کوردە لەم ناوە
بێ نانە و بێ لانە ماوە
لەماڵی خۆی تەرە کراو
هێز لێ بڕاو، دەورە دراو
لەهەموو لاوە ڕاو دەکرێ
تووش تەپکە و تەڵە و داو دەکرێ
زوان بەستە، دەم دادووراو
گشتی خاوە و خڕی بڵاو
خاکێ کە دەبوو هێن خۆی بێ
لە سۆنگەیەدا نان و دۆی بێ
لەت لەتە داگیرکراوە
چەند مۆری پێوە نراوە
داهاتی سەر زەوینەکەی
بەروبۆی، وشکە و شینەکەی
بەفیڕۆ بۆ ئەم و ئەوە
ڕۆژیش بێ بۆ ئەو هەر شەوە

بەیدەس کراوین لە خۆمان
بووینە دەسەمۆی نامۆمان
لەخۆ بڵاو، بۆ ئەوان کۆین
ئەشێ سەولەی ئەوان بخۆین
غەوارە درزیان داداوین
گەرەک جاجکی وان بجاوین
بە چەند نرتک ناونراوین
بە چەندین ڕەنگ، ڕەنگ کراوین
خۆمان لەبیر بردۆتەوە
ڕەگەزمان لەبیر چۆتەوە
لەجەم کەم و بەدەم زۆرین
لاپەرەسەنی بەرماو خۆرین
بۆ دانی ئەوان بووینە ئاش
بیلامانێ یەک بووینە جاش
لە جاشەتیشدا چەند جۆرین
سۆرین، شینین، بۆزین، بۆرین
جاشدارەکانیش دژ یەکن
لەسەر پاشوون چەنگ وەچەکن
بە جووتە تێکمان بەردەدەن
سەیر باز و گازمان دەکەن
شەڕ و کێشە و حەلەلایە
شەڕ لەسەر لێفەی مەلایە
شێر و خەت، وشک و تەڕیانە

لەسەر زێدی کورد شەڕیانە
ئێمەی کە پووک وەک پەڵاشین
بۆ دەستەچیلەی شەڕ باشین
با دەستەچیلە گڕ بگرێ
چش با جاشگەلیان قڕ بکرێ
لەئاکام هەرکام سەرکەوت
یان ناکام فسی دا و خەوت
نابێ شین گێڕ بین بۆ مردوون
بۆ گەنج و ڕەنجی بابردوون
ناشێ دڵتەنگ و پەشێو بین
زۆرەکیش بێ، کەن لە لێو بین
بۆ سەر داوەت بان کراوین
بارەبەری نان و ئاوین
گەرەکە بچمە ناو بەزم
لە زەماوەندا هەڵبەزم
هەڵپەڕکێکەش لە چ لایێ
بە چەند زوڕنا و چەند هەوایێ
زیندە باد، یەعیش و یاشا
بێژم، هەر لەخۆم کەم حاشا
بژی بێژم وە زوانی خۆم
زۆر گران تەواو ئەبێ بۆم
نیشانەی گەل پەرستییە
مەرجی جاشبوون بێ هەستییە

سزای گەلخواز لای جاشداران
قەنارەیە و گوللەباران

***

جارێک لە نێرینەی شەوا
جیهان لە غوڕابی خەوا
منی شەکەت پڕ ژان و دەرد
بە ئەسری گەرم و ئاخی سارد
ڕووی زەردم بەرەو حەوا کرد
گازندەم لەلای خودا کرد
خوایە خۆت ئەیزانی چ تۆین
ئاخر خۆ ئێمەیش کۆیلەی تۆین
لەوەتا لەم سەرزەمینەین
لەژێر ئەم عاسمانە شینەین
هەر پشتمان بەتۆ بەستووە
هەر بەنی تۆمان رستووە
دەتگاتێ نالە و نووزەمان
خوا هاواری بە کڕووزەمان
ئەم حەمکە ڕۆڵە کوژیاوە
ئەو گش ساوایە بێ باوە
ئەو گش کیژە ئازیەت بارە
ئەو گش پیرە لێو بەبارە
ئەم لەهیی خوێن و ئەسرینە
ئەم هەموو شەپۆڕو شینە

دەبیەی، دەبینی هەر دەمێ
کوا لە هەوری بەزەت نەمێ
وتیان تۆ زۆر خاوەن بەزەی
دژ ئەم کاریەلە ناحەزەی
دەردی کوردی وا لێقەوماو
دڵی بەردیش دەکاتە ئاو
چۆنە هیچ ڕوحمی پێ ناکەی
تاکەی ئەم بازاڕە تاکەی؟
کێی تر لەسەر ئەم زەویتە
وەک کورد شیاوی بەزەویتە

***

لەپڕ گوێم لە قاقایەک بوو
زانستی ناخویایەک بوو
بەئاوەزم پێ ئەخەنی
کە ئەی خێوی مژی گەنی
خوا کاری وە بنیادەم چەس
لەخۆی بەرپرسیارە هەرکەس
دەردی کورد کەی کاری خوایە
مەیخە مل خوا ئەم خەتایە
خۆت بدۆزە بزانە چیت
وەیدۆزە مایەی نەگبەتیت
تۆ گەلێکی لەچاو گەلان
نەفامتر لە ورچی تەلان

چەندین چەرخە لەوساوە هەی
نە تێگەیوی نە تێ دەگەی
دەستت گرت بەکلکی تازی
گورگت لەخۆت کردە قازی
ئەو جێی ناوت نا زێدی کورد
بەهەشت ئێرەییی پێ دەبرد
هەرچی پێداویستی ژیانە
مایەی خۆشیی لەش و گیانە
لە بەهرەی کشتوکاڵەوە
لە خەزێنەی ژێر چاڵەوە
مشەیە لەزێدی تۆدا
بۆ خۆت هەمووت بەفیڕۆدا
خۆت کرد بەچیلکە و چاڵی دەشت
بۆ ئاردووی ئاورگی زەردەشت
لە موبید و موغ پەرستی
پووشیشت نەهاتە دەستی
نەگۆڕای تا دنیا گۆڕا
تا دین و دنیاشت دۆڕا
فێربووی سەربەست نەدەژیای
بەبێ پڕ و پووچ نەدەشیای
لە چۆڵ گلا بووی کەوتیە چاڵ
تازی هەڵینای بە شەماڵ
وابووە پتر لە هەزار ساڵ

شڕە بەڕەی کۆنە سیپاڵ
بۆ مەلا، بۆ شێخ، بۆ دەروێش
سەربەخۆ خۆت کردە ڕمکێش
بەڕیش و پرچ و حاو و حوو
مرۆڤایەتییت لەدەست چوو
تەکیە و پیرت هەبا بەس بوو
ماڵی خوا بێ تۆ بێکەس بوو
دەتوت کێ لە خۆشیان لاربێ
با بەر بە حۆریان تەیار بێ
تۆ هەر لە شوێن خەیاڵ گەڕای
خۆشیت نەویست ببڕای ببڕای
دنیات دا بە دنیا خۆران
خاوەن زێڕان، خاوەن زۆران
بێ سڵ کردن لێت هاتنە پێش
خانی گێژ و تووتنی خۆش کێش
تا خوێنتیان بۆ مژیا مشتیان
چەندیشتیان بۆ کوژیا کوشتیان
لە ئاکاما بەشیان کردی
هەرکێ چیی بەرکەوت بردی
بریای، خوریای و قویت دریای
تۆ هەر وتت بەتەمای خوای
هیوات بوو خوات بێتە فریا
کەی بەر ئەدا داری بریا

پاش مەرگیش لەبەر دڵکوێری
تۆڵەت بەخودا دەسپێری

***

گەلانی لا لە تەکیە و پیر
لەبیر دەرکەوتن بەتەگبیر
بوونە ڕوناکبیر، بوونە ژیر
پس پسیان کرد گەوی زنجیر
خەیاڵات نەدەلوا بۆیان
هانایان بردە بەر خۆیان
پڕو پووچیان کوژاندەوە
سیسایەتیان بووژاندەوە
من منیان بوو بە تۆتۆیی
ژینیان زۆر بەرەوپێش ڕۆیی
لەسۆنگەی ئازادیخوازی
بازیان دا سەر پیشەسازی
دەریایان پشکنین شەشدانگ
لەسەر باڵان فڕین بۆ مانگ
بە جەوهەرانی هونەروەر
لەسەر زەوی بوونە سەروەر
هیچ جانەوەرێکیان نەبوارد
حەزیا بوون ماریشیان دەخوارد
تۆیش کە لە ورگی ماردا بووی
پێشەشکیاو هاڕدرابووی

ماری کوردخۆریشیان خواردن
بەتوونی ورگیان ئەسپاردن
تۆی کە قەت وەک مرۆ نەچووی
لە نەبوو نەبووتریش بووی
بەعەزمی چوارەم گەیشتووی
هێشتا هەر ئاتاجی نوشتووی
دەمت نەماوە، هەر بەدەم
ناوی خۆت ناوە بنیادەم
دەتبینم لەم دنیای بەرتەنگ
خۆت لێ گۆڕیوم بە چەند ڕەنگ
سووری، شینی، بۆری، کەسکی
خەیاڵ بەرپانی، بیرتەسکی
کرمانج و سۆران و گۆران
بێ ئاگان لە باو لە بۆران
نیوە هەر دەم بە نزایە
نیوەش دڵداری حەزیایە
لە هەموو ژینتا سەرانسەر
هەر جارێک هاتت هاتەبەر
لەبەر وڕی و گێژی و کاسی
خدری زیندەت دی و نەتناسی
ئەو هومێدەت بارزانی بوو
نموونەی لەکارزانی بوو
گەلپەرست و داناو زانا

مەردێ بوو بە هەموو مانا
بە ئازایی بێ وێنە بوو
تاسەنگی لە هیچ کوێ نەبوو
قەستەسەری زۆرداران بوو
دلۆڤانی هەژاران بوو
غیرەت شانازیی پێ دەکرد
هونەر کڕنووشی بۆ دەبرد
نیو چەرخ پتر ئەو مەردە
ئەو نەبەزە، ئەو نەبەردە
بەتەمای دەست و بازووی خۆی
تێکۆشا ، تۆ بزانی تۆی
تێبگەی کە تۆش ئینسانی
بەدەردی دیلیت بزانی
نیازی وابوو ئازادت کا
بە کامڕەوابوون شادت کا
بەبێ چەک بەدەستی خاڵی
قۆڵ و مەچەکی هەڵماڵی
لەداگیرکەران ڕاپەڕی
ڕیزی کوردخۆرانی دڕی
تۆپاندنی و چەکی کردن
بەجارێک زەندەقی بردن
قڕی خستە داگیرکەران
ناوبانگی گەییە هەندەران

پەڵەی نەنگیی تۆی سڕیەوە
ئابڕووی دزراوتی کڕیەوە
بەڵام تۆی لە هونەر تەکیو
لە ژیان قەت ئازادی نەدیو
وا فێری نانی نامۆ بووی
دژی ژینی سەربەخۆ بووی
بوویتە بەڵاگێڕی دژت
بوویتە مەتاڵ بۆ خوێنمژت
تفەنگ بەشان، خەنجەر لەمشت
فرشتەی بەختی خۆت دەکوشت
یان بێ لایەن سەیرت دەکرد
حیزەبخۆیی دەرت دەبرد
ڕێوشوێنی بارزانیت نەویست
ئامۆژگارییەکانیت نەبیست
تۆی نەخۆشی لەسەر مردن
قەڵس بووی لە دەرمان کردن
گەر تۆ قەدری خۆت زانیبا
شۆێت شۆێی بارزانی با
ئێستا جاش نەبووی بۆ کەران
ئاڵات دەشەکا لەسەران
عارەبی لە هەر پیس پیستر
لە بەرازی هار نەگریستر
نەیدەکرا هێرشت بۆ بێنێ

سامان و گیانت بڕفێنێ
گوندت بەر بلدۆزەر بدا
مشکی و خۆڵت وەسەر بدا
بەو نیازەی بنەبڕت کا
بە شیمیایی قڕت کا
بکات لە گوندان و شاران
وردە و یەخسیرت بۆمباران
هەڵەبجە و بادینانی تۆ
زێدی پڕ پیت و جوانی تۆ
لە ژێر ئاگر ببنە خاپوور
هەژدیهاش سەیرکەن لە دوور
سەیرە گوتت حەزیا ئامان
بمگەنێ دەستم بە دامان
تۆ چیت لەسەرت بێنە جواو
تۆی وەک کەوی کوڵێو خوراو
دەنگی برچی کوا دەیگاتێ
دژت نانی تۆی دەداتێ
ئێستاش لەپاش دەربەدەریت
دەگەڵ ئەم ژینەی بێ وەریت
هەر بینا بەم زوانەی نەدوور
وەک ڕەشەکانی چەرمەسوور
هەر ناوت بێ و خۆت نەمابی
بی بی جانی سینەما بی

گوتمێ زانستی بە ئاگا
کورد دەفەرمووەدەی تۆ ناگا
کوردی وا هەژاری کێوی
نازانێ تۆ چ داخێوی

***

١/ ٣/ ١٩٩٠ - یادی یازدە ساڵەی کۆچی بارزانی:

وەک بارزانی نابێتەوە

بارزانی باوکی پیرۆزم
جێی فەخر و شانازیی هۆزم
ئەوە ماوەی یازدە ساڵە
کە لە من سەد هەزار ساڵە
هەر بەرواڵەت لێم تەریکی
وەکی دیش هەر لێم نزیکی
لە تۆ دوورەدیدار ماوم
خۆشم نازانم چۆن ژیاوم
خەمی دووریت کردی کارێ
ئۆقرەم نییە بەهیچ بارێ
هێندەی دوور لە تۆ مامەوە
لە توونی خەم تاوامەوە
نەما هێز و پێز و توانم
کە لەلام، بێ سەر و زوانم
لەسوێت وا کزە سۆماییم
ناتبینێ چاوی ئاساییم

بە گوێ لە بەختی نەگریسم
ناشیم فەرموودەت ببیسم
نامکرێ وەک جاری جاران
بێمە لات وێڕای هەژاران
یەک یەک بەسەرمان کەیەوە
دڵخۆشیمان بدەیەوە
بەڵام لەگیانی نزارم
لە دیدەی دڵی پەژارم
ون نابی و هەرگیز ون نەبووی
من بێ تۆ تۆش بێ من نەبووی
شەو بەخەو یا بە بێداری
های لە لام و تۆم لێ دیاری
لە دنیا هەر تۆ دەبینم
بۆ بوویە رووگە بۆ ژینم
تا باسی خاوەن هونەران
کە هەڵکەوتوون لە هەر دەران
لە کتێبان وەدەخوێنم
لە وێنەی تۆ رادەمێنم
لە هەمبەر تۆیان رادەنێم
گورجێ گشتیان وەلا دەنێم
لە بەزەیی بە هەژاران
کۆڵ نەدان لەرووی بەدکاران
لەمپەری ستەم پەڕاندن
گەل بۆ ئازادی بزواندن

لەسەر فەقیر فیز نەنواندن
دڵی خوێنمژان تۆقاندن
وەفاداری دەگەڵ یاران
هانا و پەنا بۆ هەژاران
نەمدیوە کەس وەکوو تۆ بێ
ناشێ هیچ کەسیش ولۆ بێ
لەوساوە دنیا دنیایە
هاوتای بۆ تۆ پێ شک نایە
کاکە بارزانیی ڕێبەرم
ئەی تانجی سەرم، سەروەرم
لەو ماوەی، ئێوە کۆچو کرد
ئەگەر پرسیار بکەی چو کرد
لەو ساوە بۆ لای خودا چووی
لە ئێمە تەرکە دینا بووی
دوور لەتۆ سێوی ماینەوە
سیس بووین و نەبووژاینەوە
هات و بەختمان وەرکەوتن
دوژمنمان لێ وەخۆ کەوتن
لە ئاوای و گوند و شاران
هەزاران کران بۆمباران
لەهەر لا گەمارۆ دراین
کوژراین، براین و دیل کراین
بە هەزاران لە دار دراین
زۆرمان زیندە بەچاڵ کراین

بە دەردی ژاپۆنیان بردین
بە دەرمانان قڕیان کردین
ئاوارە بووین و دەربەدەر
دەرمان داوی بێ چارەسەر
ئیدریسی جێنشینی تۆ
ڕۆڵەی ئازا و ئەمینی تۆ
هانا بوو بۆ برینداران
چارەساز بوو بۆ بێچاران
کۆنە زامی بڕژاندەوە
کولمانی دامرکاندەوە
مخابن چەرخی دڵ بەکین
ئەویشی پێ ڕەوا نەدین
بەڵام با چەرخی بێ باریش
داگیرکەری کوردەواریش
تێ بگەن کوردستان خواردن
خۆ لە مافی ڕەوا بواردن
بەسەر چوو و باوی نەماوە
ڕۆڵەی کورد پەیمانی داوە
تا ماوە کە هەر دەشمێنێ
لە ئازادی واز ناهێنێ
تا مافی ڕەوای دەستێنێ
لە بارزانی جێ نەمێنێ

***

بۆ کاک ئیدریس

گوڵی خانەدانی بارزان

ئاخ و داخ لە بەختی خەوتوو
لە ئێمەی کوردی کۆسکەوتوو
بۆ ئەو باسەی ورە بەزێن
دڵی بەرد و پۆڵا تەزێن
وتیان کاک ئیدریس کۆچی کرد
بە مەرگێکی کتوپڕ مرد
ئیدریس دڵسۆزی هەژاران
مایەی خۆشی و گەشەی یاران
زراو تۆقێنی کورد کوژان
چقڵی گلێنەی خوێنمژان
گوڵی خانەدانی بارزان
وریا و پاکژ و لە کارزان
ئەستێرەی ڕێنموونی گەل
ناوەخت ئاوابوو لە کەل

***

لە هەموو لای کوردەواری
چەمەرەیە و ئازیەت باری
پیر و پیرەک و کیژ و کوڕ
لاوانی پێشمەرگەی دڵپڕ
لە مەرگی ئەم جوانە مەرگە
خڕ کوڵ و زووخاو لە جەرگە

دڵ شەوتی بە پەرۆشن
چاو بەڕۆندک و رەشپۆشن

***

بێ سۆیە مردن گشتییە
رێ و شوێنێکی سروشتییە
هەرچی دەژی دەبێ بمرێ
کێیە بەر لەمردن بگرێ
بەڵام زەمانەی نالەبار
چەپگەری بێ بەقای غەددار
لەم کارەشیدا بێ بەختە
دوورە بەزەیە، دڵسەختە
وەک پیسکەی چنۆک زێڕی پاک
دەشارێتەوە لە ژێر خاک
قەڵپ و چرووک دەکار دەکا
باری بێ باران بار دەکا
گەنجی وەک ئیدریس دەڕفێنێ
هانایەک لە کورد دەستێنێ
کەچی داگیرکەرەکانمان
رزق و رۆزی بەرەکانمان
ماوە دەدات گەلێک ساڵان
بۆ کوشتنی کورد و تاڵان
فەلەکی دەک ژێر و ژوور بێ
وەک وڵاتەکەم خاپوور بێ

***

ئیدریس برای لەمێژینم
ڕووناکاییی شەوی ژینم
تامی مەرگی خۆت پێ چێشتم
بۆ خەمانت بەجێ هێشتم
قەرار بوو بەر لەتۆ بمرم
جێگە لە لای بابە بگرم
ئێرەییت هات پێشم کەوتی
پێش من لە لای بابە خەوتی
زۆر بە هەڵپە چاوەنۆڕم
هاوسای گڵکۆی تۆ بێ گۆڕم
ژێر پێی بارزانی بێ سەرم
هەژارێکی بەختەوەرم

***

شینگێڕی

کاک هێمن برای شیرینم
چاوان دەگێڕم ناتبینم
زل کوێران دەڵێن مردووە
کۆچی یەکجاریی کردووە!
دڵەی پڕکوڵی هەژارم
گیانی بێ ئۆقرە و قەرارم
بەمەرگی تۆ باوەڕ ناکا
چۆن بێ منی لەتوێی خاکا ؟
تۆیەک هۆگری منداڵیم

هاوشکڵی و هاوکرچ و کاڵیم
هەمدەمی دەمانی لاویم
تەواوکاری ناتەواویم
هاو هەنگاو لەرێی خەباتا
هاوبەش لەهات و نەهاتا
هەواڵ دڵداری کوردستان
هاوپێشمەرگەی زێدپەرستان
هاوسروود خوێن، بۆ ئازادی
بۆ رزگاربوون لە بێدادی
هاوسەنگەر دژی داگیرکەر
نامۆی خوێنمژی سەرەخەر
هاوقەتار لە دەربەدەری
بە هەژاری و خاکەسەری
هاوقەڵەم، هاوبیر و هاوهەست
هاو زمان، هاودڵ و هاودەست
هەر یەکێک بوو«هەژار هێمن»
منیش هەرتۆ بووم، تۆش هەرمن
روحێک بوین دابەش لە دوو لەش
دوو لەشی ماندووی بەخت رەش
پەیمان بوو بە جێم نەهێڵی
وێڵم نەکەی لەشوێن خێڵی
باری خەم وێکڕا هەڵبگرین
دواجاریش پێکەوە بمرین

تۆی کوردی وا خاوەن بەڵێن
چی تۆی کردە پەیمان شکێن
گەوی بەین و بەقات هەڵبوارد
خۆت بەئاسوودەیی ئەسپارد
لا باری خەم خواریت لادا
ئەویش بە مل مندا دا
جارز بووی لە دونیای بێفەڕ
دونیای پڕ لە دەزبڕی و گەڕ
دونیای وڕ و گێژ و کاسان
گەوهەر و ئەمەک نەناسان
دونیای بازاڕی نامەردان
دونیای خەم و کوڵ و دەردان
خەلەسی لەدەم هار و مار
تەکیەوە لەو ژینی گەمار
ژیانی پڕژانی بێ دەرمان
گەیشتییە هەواری هەر مان
بۆ ئەو کۆچەی بێ من کردت
ئەو بەشە خۆشییەی تۆ بردت
زامی گیان و دڵ بەسۆیە
شین بۆ خۆمە نەک بۆ تۆیە
خۆزگە بەر لەتۆ دەمردم
تۆ شیوەنت بۆ دەکردم
دوور لەتۆ دڵگۆمی خوێنم

بــه گــــــــــــازنــدەوە دەتــدوێــنــم
مــنــش وەک تــۆ قــــــــەڵــسـم لـە ژیـان
«بۆ چت جێ هێــشــتم هێــمن گــیـــان»*

***

٢٤/١٠/١٣٦٤- تەخمیسی بارگەی یاران، هەژار شیعری مام هێمنی تەخمیس کردووە:

ژارگەی ماران

بەر بەرۆچکەش هەیە ســەرمــامــە شــەوان من چ بکەم
ئەم مـنـاڵانە کـــە بێ کـــراس و کـــەوان من چ بکەم
دڵی بردووم کـــچـــەتیـــوی کـــەرەوان مـن چ بکەم
«دێت و رادەبرێ وەکـــوو ســــەروی رەوان من چ بکەم
کـــە بەقـــوربـانی نەکـــەم رۆحی رەوان مـن چ بکەم»

***

مـن نە شـەرقـیم و نەغـەربیم و نـە ئەمـریکی و نەرووس
نەمـوسـڵـمـانی بەڕاسـتـیم و نەجـووم و نە مـەجـووس
پیــــر و زور هانم و خـــورپەی دێ دڵم بۆ کـــچێ لووس
«قـەدی ئەو شـۆخـە وەکـو دووخ و خـەدەنگە ئەفـسـووس
پشــتـەکـەم کـۆمــە وەکـوو مــاڵی کـەوان من چ بکەم»

***

ســـەرە لەرزۆک و قـــول و چۆکـــە شل و زگ پەنەمـــاو
لاملم خــــوارە، پشــــووم ســــوارە، پرووش و کـــزەچاو
چوار پەلم فل بوو لەشــــیـــــشم بۆتە لانکەشکاو

---

* ئەم دێڕەی دوایی بە حیسابی ئەبجەد ئەبێتە ساڵی وەفاتی مامۆستا هێمن (١٣٦٥).

«تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەوڕاو
جوانە زۆر جوانە بەڵێ ڕەوتی کەوان من چ بکەم»

***

بەزگی برسی خەوم نایەت هەرچەند وەربکەوم
ئارەزووم هەر ئەوەیە نانێ گەرم بێتە خەوم
وەکی ڕەشکێکی ڕزیو پس پسە گش قڵف و گەوم
«زەبری ئاوزەنگی بڕاو شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پڕمەی بۆر و بەدەوان من چ بکەم»

***

دمدمی چی ئەوە دوێنێ بوو ئەمن زۆر کەونم
دایکە وای ڕەحمەتی ئەوسایە کوتابووی تەونم
وشک و ڕەق بوومەوە تازە دەگەڕێم بۆ شەونم
«ژوانی خۆش هەڕەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە لەگەڵ زیندە خەوان من چ بکەم»

***

خەڵکی پێی وایە لە خۆشیانا هەروا گاڵەم دێ
نا ، براکەم لە دەسی زاڵمەکان زاڵەم دێ
ورتەی کۆنە برینانی دەماواڵەم دێ
«شەو هەتا ڕۆژێ لەبەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ
دێتە گوێم دەنگی گەلۆ و نیوە شەوان من چ بکەم»

***

لە چیایان و لەدەشتان و لە لادێ و شاران
هیچ شتێک ئێستە نەماوە وەکوو جاری جاران

دە وەرە سەیرێ بە ڕۆژی مژ و گۆپاڵ باران
«بارگەیان پێکەوە پێچا و بەڕێ بوون یاران
لە دنێ وا بەتنێ پاشی ئەوان من چ بکەم»

***

دەچمە لای هەرکەسێ بۆ کارێ دەڵێی کوێر و کەڕە
یەک دەڵێ لاچۆ لەبەر چاو ئەوی تر ئێژێ هەڕە
ئەوی بۆ م ماوەتەوە چاوی تەڕ و پێستی گەڕە
«ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردەپەڕە
پێم نەما تین و گوڕ و هێز و تەوان من چ بکەم»

***

خۆم وەکو زەڕنەقوتە و زارۆڵەکانم رووتن
حەوتی وام هەن کە دەمی خواردنێ وەک حەو حووتن
دوێنێ ئێوارێ لەسەربانی هەڵم خست تووتن
«سروە هات خونچەگوڵی باخی ئەدەب پشکووتن
باخەوانی گەرەکە تازەجەوان من چ بکەم»

***

خاڵەباس یادی بەخێر ئەو دەمی دایکی مردبوو
هەروەها وشک و برینگ نایە قەبر نەیشتبوو
دێیەکەی ئێمە هەمووی دێم و تەلان و گرد بوو
«ئاو نەبوو ئەو دەمی هێمن مەلەوانی کورد بوو
ئاو شوکر زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چ بکەم»

***

فەرهەنگۆک

ئامادەکردنی: شوکور مستەفا

ئەپژێنێ، پژاندن: خوێنی کەپووی پژا، پژاندی: بەردا، ڕشتی.

ئیوهی و تەوغی و شەگگە و چک وپک: بە پێی جۆری کایەی جگێن دەگوترێن.

ئەلیوشن: فڕۆکەیەکی ڕووسییە.

ئاگری: چیای گری داغێ، تورک "Agri Dagi"ی پێ دەڵێن. نەگریسانە ویستوویانە نێوەکە بگۆڕن، دەکاتێکدا، پێش وەی لە تورکستانڕا بێنە ئەنەدۆڵێ، بەچیای ئاگر «ناسراوە».. تا نهۆژی، کانی ئاورپژێنە... دوو کونی هەیە... لە کوردستانی تورکیایە، داستانی «چیای ئاگری»ی یەشار کەمال وەخوێنی، تێ دەگەی، ئەو کێوە ئەفسانەیییە چەس...

ئوردووی سوور: سپای ڕووسیای کۆمۆنیست.

ئازادیو سەند: ئازادیتان وەرگرت.

ئاوەژوو: بەرەواژ، پشتەو ڕوو، واژی.

ئێروو: بژیو، تفاق، پێداویستی ماڵ.

ئۆف نەنە: هاواری ترکان لە کاتی تەنگاویدا.

ئەرخەوان: دارێکە لە چەشنی پەڵک گوڵێکی سووری جوان دەگرێ، لەگۆڕستانی مامەیارە زۆرە. ڕەنگی ئەرخەوانی (ارغوانی)، (أرجوانی) سوور. لەتیرەی پەروانەوارانە.

ئیرهابی: تێرۆریست، پیاوکوژ، خراپکار.

ئال: سەراب، ئاڵ، سووری تێر... وشەیەکی تورکییە.

ئاونگ: ئاونگ، خوناو، شەونم.

ئاڵەکۆک: هەپەڵۆک، هەپڵۆک. هەژار دیوانی یەکەمی بەنێوی «ئاڵەکۆک»ەوە نێوناوە.

ئاڵقەتیز: گیایەکی گەڵاخڕی ڕەنگ زەیتوونییە، شیرەکەی مایەی زگ چوونە. خوشیلک.

ئامێز: باوەش.

ئوێلدم: بە تورکی، ئای مردم.

ئامێد: دیاربەکر.

ئازیەت: کۆست، پرسە، وشەیەکی عارەوییە (أذیة)... کاورا ئازیەت بارە: تازێمانەی هەیە.. ڕەنج، ئازار.

ئەزموون: تاقی کردنەوە.

ئەزگوری: من فیدات، منت قوربان، بە گوریت بم. گوری: گاوگەردوونە، بەڵاوەگێڕە، بەڵاگەردانە، باڵاگەردانە، ئەوەی بەدەوری باڵادا دەگێڕدرێ...

ئیشکانی: وشکانی.

ئاخ: گڵ و خۆڵ.

ئەنی: هەنیە.

ئاوێستا: کتێبی پیرۆزی زەردەشت.

ئەقطاعی: فیودال.

ئەفسوون: سیحر.

ئەسرین: فرمێسک، ڕۆندک.

ئەفیون کێش: تلیاکی.

ئەم حەمکە: ئەم هەمووە.

ئەویندار: عاشق.

بەزە: بەزەیی.

باداباد: چ دەبێ با ببێ.

باوی محەممەد صەڵاوات: شەڕی موسوڵمان و کافران، یا شەڕی کوردان دەگەڵ نەیاران، ڕۆژگاری شەڕەکانی کوردی کوردستانی ئێران لە دژ تیریاکییان، لەسەردەمی کۆماری مەهاباددا.

بێ بەزە: بێ بەزەیی، بێ دلۆڤانی، بێ ڕەحم.

بژیشک: کەسێکی چارەسەری نەخۆشان بکا. فارسییەکەی (پزیشک)ە، ئەسڵەکەی

پەهلەوییە و زۆر سیغەی دیکە هەیە... مام هەژار بە (بژیشک)ی نووسیوە، دەیگوت، دەگەڵ (ژی)دا هاوسەروکارە، چونکە بژیشک، دەست لە ژینی مرۆ وەردەدا.

برش: کەڕوو، کەڕە، پوو.

بژ: لک و پۆپ.

بیگ بن: سەعاتە گەورەکەی شاری لەندەنە.

بژیو: مایەی ژیان و گوزەران.

بزووت: بسووت. سەرکەبزووت، سەلکەبزووت، ئەودارەی لە ئاگردانی ڕادەکرێ و سەرەکەی دەسووتێ، واتە داری سەربسووت، سووتاو... کۆڵەودژیشی پێ دەگوترێ. بەمانا: بزووتن، بزاوتیش دێ.

بان بانک: جانەوەرێکە لە تیرەی سمۆرە، دەست کورت و قاچ درێژە، لەڕەوەزە بەردانددا دەژی. لە چیرۆکاندا گۆیا پاسەوانی سەر گەنجینە و خەزنانە...

بەیار: زەوینی نەکێڵدراو، بوورە، ڕەقەن.

بنەوش: گوڵی وەنەوشە. قوماشێکی ڕەنگ وەنەوشەیی.

بۆر: ڕەنگی سپیی ئاماڵ زەرد.

بەیبوون: گوڵە خونچە ئاسای زەردی چکولەی بۆن خۆشە، لە «بەی»و «بۆن» هاتۆتە گۆڕێ.. واتە (بۆن بەی)، ئەوەی بۆنی وەکە بۆنی بەهێیە...

بەدەو: جوان.

بێژان: دابێژتن. قسە ببێژە و بپێژە و ببێژە.

بیزا: گیایەکی بەناوبانگە بۆ ترشیات و بۆ ناو شیرێژیش بەکار دێ.

بێن: بۆن.

بی: داری بی (بید).

بەرامە: بۆنی خۆش.

بادام: چوالە، باوی، باڤی، بەهیڤ.

بەلاڵووک: میوەیەکی کێویلەی وردی ڕەنگ سووری تێرە، بۆ ڕەوانی زۆر چاکە، دارەکەی سوورە و، بە بەرامەیە و دار جگەرە و گۆپاڵ و داردەستی لێ دروست دەکرێ. بڕینی گوناهە...

بەرگا: کەسێ کە پێش گای تازە جووت دەکەوێ، تا فێرە جووتی کا. بەرگاییلکە، بەو پەڕەوڵە چکۆلەیە دەگوترێ، کاتێکی، گاڕان ڕادەدرێ وەپێش دەکەوێ و وردە گەنە لە لەشی گاوگۆتاڵ دەکاتەوە...

بۆرچین: مێچکە مراویی ماڵی.

بارە: دەنگی بزن... قارە: دەنگی مەڕ. باڕۆکە، باڕ.. بۆ کەو و مریشک دەگوترێ.

باشوو: واشە، واشووکە، (باشق) مریشک و جووجەڵە و پەڕەوڵان دەڕفێنێ.

بەی: بەهێ.

بێز: قێز.

بایەخ: نرخ.

بورجی بەڵەک: قەڵای پاشای جزیرێ.

بوستان: بێستان.

باش قەلا: شارێکە لە کوردستانی تورکیا.

بازوبەند: بازیبەند. ئەوەی شێخ بۆ خەڵکی دەکا و لە بازوو دەبەسترێ، شێخ مەحموودی نەمر، ئەو بازیبەندەی بۆ زۆر لەکەڵە پیاوانی دەنووسی، گوللە کاری تێ نەدەکردن. گوللە بەند. شێخ بۆ د. موسەددەقیشی نووسیوە...

بازن: دەست پێچک، بازەند، ئەوەی دە مەچەک دەکرێ.

بیلمەزی پیس: ئینکەبەرد، سەهەند و ملهوڕ. وشەیەکی تورکییە.

بزگوڕ: پارچە بافتی کۆن و ڕزیو.

بەرمورو: ملوێنک لە متومووروو، گەردانە... ملوانک، ملوێنە.

بێگار: کاری سوخرە، کاری بێ کرێ، ئاغا و بەگلەران، بە زۆرەکی لە فەلایان باردەکرد.

بەژ: وشکانی، (بەڕ).

باهۆ: شان و پیل، بازوو.
بەند: برگــەیەک لە ســتــران، حــەبس و زیندان، مـانەوە، حیلە و گزی و فزی، درۆی گـەورەی هەڵبەستراوە.
بووگە: بووە، بە(سنەییانە).
بۆران: وەبشوومە، تۆف.
بەدەو: جوان.
باکنگهام: شارێکە لە ئینگلستان.
پرۆلیتار: ئەوەی ئەگەر کاری ڕۆژانە نەکا لە برسان دەمرێ.
پێ خەف: پێخەو.
پارســەنگ: بۆ چاوگـرتنەوەی تەرازوو شــتــێکە دەخرێتە تای تەرازوو، تا بەرانبەر ڕاوەستێ – کــە قــاپێکی بەتاڵ لە لنگە تەرازوویەک داندرێ، بەرد، یا هەر شــتــێکی دیکە بە ئەندازەی قـورسـایی دەفـرەکـە بخـرێتـە نێـو تایەکەی دیکەی – پێ دەڵێن.
پسیک: پشیلە.
پشتیر: تەویلە، پەختەخانە، گەوڕ.
پاڵۆ: تەمەڵ و بێکار.
پەڵوولە: چێشتی ئارد و ڕۆن.
پەسیو: هەڵامەت، پزوو.
پەرەنگ: لەرزانەی گوارە، سکڵ، پۆلوو.
چنوور: گیایەکی زۆر بۆن خۆشە، گەڵای لە گەڵای شویت دەچێ.
پۆلکە: سێوەڕە.
پونگ: گــیــایەکی بە بۆن و بەرام و تیــژئامــاڵ و تاڵی نەعنایی.
پرپرە: بریقە، پوولەکە، پەرەنگی گوارە، پەڵپینە، پڵپڵە.
پاسـار: پەنا، گـوێ سـوانە، سـواندە، بە چۆلەکـە (کێشکە)یان بۆیە «پاساری» گوتووە؛ چونکە خۆ دەپاساران وەدەشێرن، یان هێلوون دەکەن.
پەپوو، یا پەپۆ: کـوندەبوو، مـخـابن، حـەیف، باڵدارێکی ســـەربە کـــڵاوی بەناووبانگە، کوندەبوو، بوومـە کـوێرە، کونەبوو. شـاوێران صادق هیدایەت، نووسەری گەورەی ئێرانی، داسـتـانێکی بە نێـوی «بوف کـور»ەوە هەس، وەیخوێنە..
پەپۆ: دنکی میوە.
پەرەسلێرکە: بەلەسیرک، پەرەسێلکە.
پۆست: پێـست، دەسـتە، دەسـتـەودایەرە، (پۆست نشین).
پاوانە: پاوەنە، خڕخاڵ.
پیلاقە: پێلەقە، لەقە.
پێسیر: یەخە و بەرۆک.
پاماڵ: پێخوست، پێشێل.
پۆلوو: سکڵ، پەرەنگ، پشکۆ.
پار: بەش، پاژ.
پیوار: غەیب، نادیار.
پەی کـردن: بۆ گـەڕان بە دووی شـتـێکدا، دنیـا سەروبن کردن.
تاودان: تەنگاوبوون.
تاڵوو: تاڵک، دار کوڵوو.
تاران: دوورکـــەوتنەوە و پەرت بوون و پەڕەوازە بوون.
تاراندن: فراندن، جێ پێ لەقکردن، ڕەهەناندن...
تافــتــە: جـۆرێ تەندراوی ئارمـووشـە، داخکراوی ڕۆن، قاڵ کراو.
تارا: تیلماسکێکی ئارمووش، هەوری، کە بە بەر سەری بووکـیدا دەکەن، یا سەرپۆشی سووری بووک.
تیــســوێ: تیس، گـیـایەکی دڕکـاوییـە، سـواپ، سـاپ، بەردێکی پان و لووسـە سـاپانێی پێ دەکرێ، بۆ سەرمەنجەڵە یاپراخیش بەکاردێ.
ترشۆکە: گـیـایەکی گەڵاپانی هێندێ گەورەیە و لە گــوێ بەرخــە دەچێ، لە دێراوان شین دەبێ و زۆر ترش و مـزرە. پەڵەی سـوور سـووربشی

پێوەیە...

تیروتانە: تیر: تیری کەوان، تانە (طعنە)، نووکە ڕمب، نووکە نێزە، یا بە ڕمب و نێزە دە یەکێ ڕاکردن.

تەماڵ: کەروێشک دەحەشارگەدا، کەروێشکی دە تەماڵدا گرت. لە هێلانەیدا گرت.

تاقە: تاق، تاقچە، ئەوەی ناو دیوار کە شتی تێدا دادەندرێ، پارچە قوماش، بە کەوێ دەکرا، بێلداری هەبوو، ئێ دەعسەش بەکەوێ دەکرا.

تۆڕاندن: هەڵ تۆڕاندن، جووتکە هاویشتن و بەلەسە بوون.

تاق تاق کەرە: تووتەک، قژاکە.

تەڕلان: مەلێکی ڕاوکەرە لە تیرەی باز و شەهێن، جوان چاکی دڵ ڕفێن.

تێکوڵ: توێکڵ.

تورکی حیز: حیز، ترسەنۆک، خوێڕوو، گاندەر، قووندەر، سووزانی، سەلیتە.

تریاک: تلیاک، ئەوەی لە گوڵە خاشخاشی دروست دەکرێ و مایەیەکی بێ هۆش کەرە.

تۆق: ئاڵقە، گەو، قەف، تەپڵەسەر، بڵندترین جێگا لەهەر شتێک، ملەوانەی یەکپارچە لەزێڕ.

تار: داوی مووزیک، تاریک، ڕایەڵی تەون، تاڵەموو، ڕەنگی بێ بریسک و مات، دوو ڕۆژی دووا دووای زستانێ و سێ ڕۆژی نوای بەهارێ.

تووڕاندن: فوو بەئامرازی موزیک یان کەڵەشاخدا کردن، فیڕکاندن.

تریقە: دەنگی خەنین.

تەنی: تەنک، ڕەشیی مەنجەڵ، ڕەشایی نیشتووی دووکەڵ، هیس، ناسکی سووک.

تێشو: بژیوی سەفەر، تۆشە.

تووتەک: قژاکە، تاق تاق کەرە (تەیری هەق).

تورت: زۆر ناسک، لەبەر ناسکی زوو دەشکێ.

توور: توورک، توورەکە.

توز: دەرمان، چاوغومار.

تیرێژ: تیشک.

تراو: ترنگ، دۆی زۆر ئاو، شینە ماستاو.

تەلاش: تەقالا.

تەلاش: تلێش.

توێڵ: نێوچاوان.

تاپۆ: قەباڵە، تارمایی، قەرەنتوو.

تریفە: تیشکی مانگ.

تیراوێ: برینێکە، چاک نابێتەوە.

تاڵ: هەودا.

تژی: پڕ.

تەلا: زێڕ، ئاڵتوون.

تەشەن: وەبن دانی برین، تەشەنەکردن، هەوکردن، چڵک کردن..

تاخ: گەڕەک.

جان پۆلاد: گیان پۆڵا، بە بنەماڵەی (جنبلاط)ی کۆنە کوردی یەزیدیی دورزیی لوبنانێ دەگوترێ، کەمال جونبولات وەختی خۆی بە خزمەت بە هەشتی مەلا مستەفای بارزانی گەیشتووە.

جەلە: ڕستە، ڕست، شۆرتک، جەڵەب، کۆمەڵە ئاژاڵ، گەردانە لە گیاو گۆڵ دە مل دەئێخرێ.

جووتێر: جۆتکار، وەرزێر.

جەزایرچی: کێشک گر، حەسەس چە.

چاخ، چاغ: سەردەم، کات.

چەراندن: لەوەڕاندن، چەرە و بستە خواردن.

چیلک: گۆپکەی گوان و مەمک، یا هەر شتێکی بۆ ڕاگوێزتن دەست بدا، وەک دەستە چیلک. چیلکە، وردە چێوە.

چەقچەقە: نێوو دەنگی ئامێرێکە بە پلووسکێکی چکۆلەوە دەبەسترێ، دان لە دۆڵیانی ئاشەوە سەرەوژێر دەکاتەوە نێوان هەردوو بەرداش و

بە خول و سوڕی بەرداش هەڵ دەرەقێ و دەکەوێتە هەلەکە سەما، تا دان لە پلووسکەوە بهەژێنێ و ببزوێنێ. بەمەسەل دەگوترێ: «ئاش دەگەڕێ و چەقچەقە سەری خۆی دێشێنێ». قەزوانی سوێر، گیایەکە، شیرەی بنکەی وەک جاچکە ئەجاون. گوڵی گەوەن [گوێنی] بە هەنیە دا دەدرێ و شەقەی لێوە دێ. تامی شیرنە...

چوڕە پۆپنە: جوڕە، باڵندەیەکی سەربەکڵاوەی چکۆلەیە، بەمەسەل دەگوترێ، جوڕە خۆی چی بێ و گۆشتاوی چی بێ.

چەکمەڕەق: چەکمەبۆر، کۆنە نەجیم، کۆنە نەجیوزادە.

چەلەنگ: شۆخ و شەنگ، دەفری تەنەکە، چلۆکی دار، چلەپۆپە، ئێکلیل، داماو.

چاوئەنداز: ئەوەندە بەراییەی بەرهەتەری چاو بکەوێ، دیمەن.

چەرچی: ئەوەی شمەک بەسەر چارەوێ و ئێستر و ئارەوانەو لەوان بابەتان، بەگونداندا دەگێڕێ و بە بەروبووی کشتوکاڵ و ئاژاڵی دەگۆڕێتەوە... بە گونداندا دەگەڕێ و دەڵێ: دێوەرە بازن، دێوەرە بنێشت، دێوەرە پارچە، وهتد... دێوەرەشیان پێ دەگوت، بازرگانی لە مەڕا دەست پێ دەکا.

چلپاو: لیتاو، قوڕاو، لاساماو، لێمشت، دقناف.

چل چەشمە: لە کوردستانی ئێرانە.

چورت: جرت، زرت، جرت لێدان.

چۆرزەلە: [جووت زەنە] دووژەنە، ئامێرێکی موزیکی بە فوولێکردن دەتووڕێنێ.

چێڵ: مانگا.

چێل: پەرژین.

چرێت دەکەوێ: حەددت چییە.

چاروێ: چارەوێ، گوێدرێژ.

چ خودا بەرداره: چۆن خوا هەڵدەگرێ.

چلە: خواردەمەنی.

چل: لقەدار.

چقڵ: دڕک، دڕوو، سترِوو ئەسڵەکەی تورکییە (چاقرتیکان) [ئاسن دڕک].

چیای ساسۆن: لە کوردستانی تورکیایە.

چەتوون: وشەیەکی تورکییە (Chetin چتین) بە مانای سەخت و دژوار و کەللەڕەق.

چاشنی: تام کردنی ئاشی، چێژتنی چێشت.

چوێڵ: بارەبەری پاشوو خواروخێچ (چەوت و چوێڵ).

چاوگە: دیمەن، چەشمەنداز.

چاورەق: خێزانێکن لە گەڕەکی شوانان شکست هەڵدەبستنەوە.

چوو: جگ، قاپ.

حەزیا: ئەژدیها، ئەستیاک، زوحاک، پادشای مادان، [ماردوش]، بۆیەشیان وا پێ گوتووە، چونکە کوانێکی گەورەی وەکە مار، ئەژدیها لەسەر شانی ڕووابوو، بە مەژ مرۆ، دادەمرکایەوە.

حەمایەل: وشەیەکی عەرەبیە، بازیبەند، یا ئەوەی شیری پێ هەڵدەگیرێ، بەملەوە دەکرێ. [الحمائل، حمالة السيف].

حیلکە: دەنگی تریقەی خەنین. هێندێ جار لەجیاتیی (حیلە)ی ئەسپ و ماین، بەهەڵە دەگوترێ.

حاند: بەرامبەر، هەمبەر.

حاجی کۆیی: حاجی قادری شاعیری گەورەی کورد لە کۆیە.

حەپین: وەڕین. شێخ ڕەزا دەڵێ: وا ئەزانم سەگە و لەمن ئەحەپێ.

حولله مەرەسی: گەمەیەکە بە سێ جگ دەکرێ هەر چەندی ببرێتەوە ئەگەر تاقە جارێک، هەر سێ میچ وەک یەک نەهاتن، هەرچی بردوویەتەوە ئەیدۆڕێنێتەوە و دێتەوە سەر سێ جگەی

پێشوو..
خـواکـردن: خـو کـردن، ڕەخسـان، دەرفـەت بۆ ڕەخسان.
خواس: پەتی، ڕووت، پێخاوس.
خـەرتەل: سـەرگـەڕ، کـەپنەک دالّ، سـیـسـارکـە کـەچەلّە، مـردارخـۆر. وشـەیەکی تورکـیـیـە [Kartal].
خو، خوە، خوەدان: ئارەقەی لەش.
خونکار: پادشا، سولّتان، خوداوەندکار.
خـوێن مـژەکـانو هەلّقـەنان: خـوێنمـژەکـانتـان هەلّکەند.
خوناوکە: وردە بارانی نەرمی هێدیی نەرم. [وردە بارانی ژێر دەواران]، دەنکە دەنکەی ئارەقەی دەمـوچاو. ملوانکە، لە مـێخـەک و مـەرجـانو هتد دروست دەکرا.
خونچە: غونچە، گولّی هێشتا نەپژیو.
خاکی: زۆر بەتەنگ دنیاوە نەهاتگ، ڕەنگی وەک ڕەنگی خاک.
خشپیلە: چکۆلەی جوانکیلە، خشپلانە.
خـشـخـاش: گـولّەخـاتوونە، تریاکی لێ دروست دەکرێ. ڕەبەنۆک، پاوانەی بە زەنگولّە.
خاوە: پیتاکی میری، سەرانە.
خـوشـیلک: گـیـایەکی کـە لاسکی یا وەلّگی دەشکێنی شیـری لێ دەردەپەڕێ. بۆ ڕەوانیی زگ خاسە.
خرخال: پاوانە، پاوەند.
خـانی لەپزێڕین: ئەمـیـر چۆلاقی برادۆست، کـە قەلاّی دمدمی ڕۆنا و زۆر مەردانە بەرگریی لە دژی تلیاک چیبیان کرد، بەلاّم، کوردی غایەن، ئاوی لە قـەلاّیێ لێ بڕینو، ڕەخنەیان دەقـەلاّ کـرد و تەقـاندیانەوە و سـەرچاوەی ئاو و بژیویان لێ بڕین، تا دووا پشـوو پیـاوانە شەڕیان کرد.
خوویا: ئاشکرا و بەرچاو.
خەلسان: ڕزگار بوون، دەرچوون.
خوێلێن: کانگەی خوێ.
خـەیتی ئەبیـەز: (الخیط الأبیض) هەودای سپی (ئەوسـا منیش وەک مـەلای کـورد خـوشکی صـادم بەلامی قـەلّەو دەزانیو دەگـەلّ مـەتەلّ خستومتە تای تەرازویەک، لێم ببوورن).
خانی: ئەحمەدی خانی .
خـاکـەلێـوە: سـەرەتای بەهارێ. هەوەلّ مـانگی بەهار.
خرینگە: دەنگی وێک کەوتنی خشلّو زێڕ و زێو.
خەزێم: لووتەوانە [خزامة].
خامۆش: کوژاوە، دامرکاو، بێ دەنگ، کپ.
خـەزا: غـەزا، چوونە شـەڕی سـورمـانان بۆ سـەر کافران.
خێوی شەو: خوای شەو، جندۆکەی شەوگار.
خازەلی: خەنزلّ، ئاگرۆکە، تۆپە ڕاکردن، کەری سـوور، مـەلا تەق تەقـێن، هەنگلّـە شـەلە، جغزێن: چەند گەمەیەکی منداڵانن.
دێران: گـوێدان، ئـاودان، گـونجـان، جێ تێدابوونەوە.
دەوار: کوێنی ڕەشمالّ.
دەسـتـەچیلە: ئاورهەلاّیسـێن، دەسـتـە چیلکە، ئەوەندە ئاورەی لە ئاگـردانێکی یەکـێکی دەخوازییەوە.
دەستو دە کلکی: دەستان بەکلکی.
دار کـوتکە: دارکـوک، دارتەقـێن، بالّداریکە، بەدەنووک داران کـون دەکـا و هێـلانەی تێـدا دەکا. دارە سمەشی پێ دەگوترێ، قولّتە.
دنبەک: دمبەک، دومبەلّەک.
دنە: هاندان.
دوڕنا: وشـەیەکی تورکـیـیـە، بەکـوردی قـازی قولّینگە.
دەلّ: سەگەمێ، دەلّەک، نەنێر.
دیل: یەخسیر، بەردە.

دەسماڵ: دەستەسڕ، چەورە، سەرپۆشی تەنکی ژنان، مێزەر.

دۆم: هۆزێکی کۆچەری کوردە.

دووگرد: بەرماڵ.

دەفر: ئامان، ئیربار.

دوومان: تەپو مژو دووکەڵ.

دەست گرتە: دەستگیران.

دین: دیتن، ئایین، ئەم وشەی «دین»ە بە بنەچەکە کوردی- فارسی- پەهلەوی- ئاوێستاییە...

دێم: ڕوومەت.

دیلان: هەڵپەڕکێ، هەڕزاڵە، جۆلانە.

دژدار: پاسەوانی کەلهە، دژدار، دژەوان.

دنە: هاندان.

دەڵ: دەڵەک.

دەوی: دەوەن، درەخت.

دەقنە: نان چنینەوەی فەقێ.

دەوار: چارەوێ و گاوگۆتاڵ، کۆن، تاوڵ، سیاماڵ، خێوەت.

ڕژد: هەورازی کووڕ، هەورازێ کە بەدژواری لێی بەسەر دەکەون، ڕپیسکە.

ڕابن: هەڵستن.

ڕۆژی ژمار: قیامەت.

ڕا: تەکبیر، ڕێگە.

ڕەزوان: باغەوان، ڕەزوانی بەهەشت هەر لەو تیرەیە «روضة»ی عارەبیش هەر ڕەزەکەی کوردە...

ڕێزەڵە: ڕەزڕەزۆک، گیایەکە هەر دەڵێی تانجبەندکراوە.

ڕنوو: بەفری زۆرو لەسەر یەکدی کەڵەکەبوو، [بەهمەن].

ڕەپینا: نێوی جێگایەکە.

ڕەژی: زووخاڵ، ڕەژوو، خەڵووز، کۆمر.

غومار: تۆز، گەرد.

ڕووبەند: پۆشی پشوین، پەچە، پێچە.

ڕۆینە: جۆرە شاییەکە، لە گەرمیان «قەراخی»ی پێ دەگوترێ.

ڕەش بەڵەک: شاییو زەماوەندو هەڵپەڕکێی ژنو پیاو پێکەوە.

رووگە: قیبلە.

ڕچە: بزنە ڕێ، ڕێگایەکی باریک، ڕچەی شکاند: سەردەقی شکاند، بۆ یەکەم جار دەستیان پێکرد.

ڕەگەل: بەگەڵ، دەگەڵ، لەگەڵ.

ڕکە: قەفەس.

ڕاکە: لابەرە، هەڵگرە.

ڕاز: نهێنی، ئەوەی لەدڵدایەو لۆ هەموو کەسێ نادرکێندرێ.

زاروزیچ: منداڵەوردکە.

زەردە زیڕە: باڵدارێکە لە کەناری دەچێ، زەردەواڵە بەدڕکیش دەگوترێ.

زەند: کتێبێکی ئایینی زەردەشتە.

زرێ: پۆشاکی لەئاڵقە ئاسنو زەردو مس، بۆ شەڕ لەبەر دەکرێ. [زرێپۆش].

زەند: نێوان جومگەو ئانیشک، بڕەدار، قەڵاشکەری.

زیقە: زیڕە بەدەنگی تیژ.

زارا: نێوە بۆ ژن، کەو، ژەرەژ.

زەردەپەڕ: تیشکی نزیک ڕۆژاوابوون.

زایە: پیزە، تۆل، لەدەست چوو، ون، گوم.

زرە: دەنگی ڕاتڵەکانی زنجیر.

زەردە زیڕە: زەڕباف، زڕکتک، زەردەواڵە، زەرگەتە، سویرەمۆزە.

زوڕنا: سوورە نەی، ئامێری موزیک، بەفوو لێدەدرێ.

زەرتک: گیایەکە بەنی پێ ڕەنگ دەکەن.

زەردە: بزە، تیشکی تاو لە بەیانو ئێوارە.

زەنگ: ڕۆنی تاویاو، زەنگوڵە، ڕکێف، درز، قەڵش، ژەنگ، زیل.

ژنانە: ترسەنۆک.
ژوان: ئەو جێی دوو دڵدار بەڵێن بە یەکدی دەدەن و یەکدی ببینن.
سۆ: کونی دەرزی، ئێش‌و ژان.
سوێ: ژان، حەسرەت.
سەریشک: سەربەش.
سەوە: سەبەتە.
سەردار ئاباد: گوندێکە.
سەرەڕۆ: زۆر پەلەکار.
سازندە: زوڕناژەن.
سارەوان: وشترەوان، لە سەحراوان.
سواپ: بەردی لوس‌و پانکەڵەیە.
سەر هەڵگرتن: ڕۆیشتنی بێ گەڕانەوە.. کوڵ، خەم، قولت.
سندان: نەخۆشییەکە، دەزگای ئاسنگەر.
سوون: تیژکردن.
سیاوەش: کوڕی پادشای ئێران ئەفراسیابی پادشای تووران کوشتی‌و ئەو شەڕە سەدان ساڵ درێژەی کێشا و هەر بۆیە، بۆ شتێکی لەبڕانەوە نەیە، دەگوترێ: «بوو بەخوێنی سیاوەش».
سیروان: ڕووباری سیروان. لەکوردستانی ئێرانەوە بەرەو وڵاتی کوردستانی عیراقێ دەڕوا.
سازو سەمتوور: ساز، ئامرازی موزیک. سەمتوور: ئەوژی ئامێرەکا موزیک یا دنە. سەنتوور.
سێ پێیی: جۆرە شاییەکی کوردییە، قەراخی.
سڵسڵەو پلپلە: زنجیری بە پوولەکە.
سوخمە: زوخمە، لەسەر کراسەوە لەبەر دەکرێ، جۆرە یەلەگێکی ژنانە، لەخامەکی سەوز و سوور و هتد دروست دەکرێ، ئەوە بۆ ژن... ئی پیاویش هەیە...
سایە: سێبەر، سادە.
سولتان ئاباد: نێوی شارێکە. کۆن بەچەمچەماڵ گوتراوە.
سەرتۆپ: یەکەم لە جوانی، یا لەئازایەتیدا.
سریلە: باڵدارێکی چکۆلەی جوانە دوو پەڕی وەک دوو شاخی لێ بڵند بوونەوە.
سوورە قانگ: جۆری مراویی سوور و سپییە.
سوێسکە: سۆسکە، تەیهوو.
سێر: تێر.
سیروو: ریشۆڵە.
سەوڵ: گوڵی پۆپە کەڵەشێرە، داری سەروو، داری قەیاخ ئاژۆتن.
سێوەرە: سێپەڕە، جەت.
سوێسن: گوڵێکە زۆر بۆن خۆش.
سندم: پێوەندی ئاسن.
شیشۆقە: لەتکە سواڵەت‌و شووشەی ڕەنگاو.
شەوەکی: بەرەبەیان.
شەندەومەندە: مەسەلە دەڵێت: شەندە لەمەندە کەمتر نییە. یانی هەموو کەس وەک یەکە لە ماف‌و بەشدا.
شەپاڵ: جوان و نازەنین.
شەماڵ: مۆم، شەم.
شەمزینان: بەرەی شەمسەدین، ناوچەی شەمدینان، تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ.
شەشدانگ: تێکڕاییی مڵک، ئێستری پشت پان‌و قەویلە.
شلە: سووری پنۆک پنۆک.
شلوێ: لێخن، شێلوو.
شێخانی: شاییی شێخانی.
شەدە: مشکی، بەسەرەوە دەبەسترێ.
شاڵ و شاپک: کورتەک و شەڕواڵی کوردی باکووری کوردستان.
شاهۆ: نێوی کێوێکە لەکوردستانی ئێران.
شێلاقە: باڵدارێکی لنگ درێژە. قامچی، تازیانە.
شنگ: زۆر، هێز، ئەسپنگ، شینکەی کەم، ددانی

لێ گیرنابێ.
شنۆ: سروە، کزەبا، شنە.
شلێرە: گوڵێکی سووری ئاڵ، یان زەردی پیاڵە ئاسایی‌و سەرەونخوون.
شێست پەڕ: قەتمەر، پڕ.
شەکەت: ماندوو، هیلاک، وەستیای.
شەوەزەنگ: شەوی زۆر تاریک.
شۆ: شیوەرد.
شەما: مۆم، شەم.
شەمێ: شەم (شمع)، مۆم.
شەپاڵ: جوان‌و نازەنین.
شڕۆڵ: شڕو بێ بزگوڕ.
شکێر: بەر ئەشکەوت.
شالوور: جۆرە بولبولێکە.
شەش پەڕ: جۆری تۆوی جۆ.
شات: لکەداری یەکساڵەی چرۆ.
عابی: ڕەنگی ئاویی ئاماڵ شین، ئابی.
عاجی: هەر شتێکی لەددانی فیل، لەشەفرەی پیل، سازکریاوێ، کۆشکی عاجی.
غەریەنگ: گیایەکە تۆوی وردی وەک خاشخاش دەگرێ.
فیز: کیبر و بایی بوون.
فەلە: عیسەوی، مەسیحی.
فێرگە: مەدرەسە.
فرچک: مەلاژگ، مەلاشوو.
قوبڵە: گەڕەکێکە، جێگەی وەفایی، شاعیری بەناووبانگ بووە، لەشیعرێکا دەڵێ: «وەفایی ئاخری خێر بێ دەمێکە بێ سەرو شوێنە، شیعری «شیرین تەشی دەڕێسێ» لە شیعرە هەرە بەرزەکانیەتی.
قۆچە قانێ: بەردەقانی، کەهنیک، قەڵماسک.
قاچاندن: ڕفاندن.
قاشاغ: لاسکی گەنمەشامی.
قانگ: دووکەڵ، دەرفەت، بۆ دووبارە بازی کردن، دەنگی خوێندنی دوڕنا.
قوت: ڕووت.
قزە: ترسنۆک.
قاو: نەخۆشیی بەرزەولاخ.
قەڕاڵ: شا.
قەباڵە: قۆچان، سەنەد، قەواڵە.
قاش: کووز، نقێم.
قەپ: گاز.
قوش: باڵندە.
قاژ: قاژوو.
قومری: باڵدارێکە لەتیرەی کۆترەباریکە، یاکەریم.
قازیاخە: گیایەکی ئاوییە گەڵای لەپێی قاز دەچێ. وشەکە تورکییە (قاز آیاغی).
قوڕاو: گۆشتاوێکی چەورە کە بە ماستەوە دەخورێ.
کافەی شمشاد: مەیخانەیە لە تاران.
کڕنوش: ئیکلام.
کمژ: زۆر سپی.
کارگ: مریشک.
کەوش: بەگەل دەرچوونی کیژ و کوڕانە بۆ گیا کردن‌و ئاهەنگ گێڕان.
کەوی: ماڵی.
کەسەر: خەم‌و کوڵ.
کەڤر: بەرد، تەوەن، کەمەر، کەور.
کەن: پێکەنین.
کل: سورمە.
کل کردن: ناردن.
کڵ: جێگەی سوور کردنەوەی ئامانی گڵ.
کێشەر: جاذبة.
کێشکچی: پاسەوان. ئەم وشەیە بەئەسڵ تورکییە. لە ئیشیکچییەوە دروست بووە. ئێشک بە مانا حەرەمسەرایە، جاران بە بەرپرسی چاودێریی حەرەمسەرایان دەگوت

«ئێشیک ئاغاسی».

کرێت: دزێو، ناشیرن.

کرمۆڵ: دەموچاو ئاولاّوی.

کەتنە: کەوتنە.

کەوتی: تۆپی.

کول: خەم، قوڵت.

کۆمەگ: یارمەتی.

کاک: نیاز مەلا ئەمجەدی قەلاّیە کە نازناوی شیعری: کاک، بوو.

کۆپین ئاوا: گەڕەکێکە لە مەهاباد.

کۆڵە: مەسەلێکی مەشهورە دەڵێن: خوا هەقی بزنی کۆڵە لە شاخدار دەستێنێتەوە.

کەزی: پرچ.

کۆلەدار: ئیستعمارگەر.

کانی سانان: نێوی جێگایە.

کەلوو: کولۆ.

کوند: کونە، کوندەبوو.

کەسەر: خەم.

کلاّوژێر: تاسکلاّوی زێڕی ژنان.

کرمەک: جۆرە خشڵێکی زێڕی ژنانە، لە کرم دەچێ.

کلۆجە: کولۆنجە، یەلەگی ژنان.

کەمبەر زیو: پشتێند زێو.

کەمبەرچین: کراس یا کەوای ژنانەی ناوقەد قرتێنراوی چین چین.

کنج: جلکو کەلوپەل، جلوبەرگ.

کووم: کلاّو.

کەلاک: جەستەی مردار.

کەڵ: بڕەدار، نێرەگامێش، گای نێر، گیان لەبەرێکی کێوییە. درشت، ئازاو بەکار [کەڵەمێرد، کەڵەپیاو، کەڵەگا...].

کەندەسمە: کاسەڵە شینکە، مەگەزخۆرە.

کەونارا: دێرینە، لەمێژینە.

کەروێشکە: بزفتی خەلەودان بەدەم باوە.

کام: ئاوات، ئارەزوو، نەخۆشی، بلۆقاوی زاری یەکسم کە ژەمبردەی ئالیک دەبێ.

کاڕە: دەنگی بەرزی پەزو بەرخ، قاڕە.

کاسەڵەشینکە: قژاکە، تاق تاق کەرە، یاحەق، مەلێکە.

کوڕ کوڕ: قەتێ.

کفر: داری کفر، قتەروو، لەحاویە و دەم چەمان دەڕوێ، تێروو.

کەما: گیایەکی بەرزی گەلاّدەرزییە، کارگی کەما لەهەموو کارگێ چێترە. دەگەڵ. «لۆ»دا، کە ئەویش هەر گیایەکی بەرزی گەلاّ دەرزییە، بۆ ئالیکی ئاژەڵ دەبار دەکرێ.

کووزەڵە: کوزبەرە، وەک کەوەر و تەڕەتوورە دەخورێ، تامی توور دەدا، لەنێو ئاوی خوڕدا دەڕوێ.

کاردو: کاردی، هاز.

کوڕادە: قوڕادە، تەڕەکێوی.

کەنێر: گیایەکە گوڵی جوانی هەیە. نێوی دوو جۆرە داریشە، یەکیان بە دڕوو، ئەوی دییان بێ دڕک.

کلاّوبن: جۆری ڕێواس.

کەزی: پەلک، پرچ.

کەلەم: گیایەکە لە تیرەی کەلەرم، بنەکەی وەک پەتاتە دەکرێ بە چێشتی «برنج و کەلەم» عەجەم زۆری حەز لێ دەکەن، لە کەربەلاو نەجەف و بەغدا (تمەن کەلەم)ی پێ دەڵێن.

کامیۆن: لۆری.

کابان: کەیوانوو، کەیوانۆ، خانمی ماڵێ، بنەوانە.

کاکی بەکاکی: پانو بەرین و بێ ئەم سەرو ئەوسەر.

کۆک: تەیار و ڕێکوپێک.

کەل: چیا، کەژ، کۆ، کێو، قەڵشت، بڕەدار، جێگەی ددانی کەوتوو، بەهرە، فائیدە، نێوەندی دوو چیا.

گاڵ: هەرزنە تاڵە.

گزە: حیلە، فێڵ.

گەوکردنەوە: پێکەوە لکاندن.

گەوەڕ: گەوڕ، تەویلە.

گیانەڵا: سەرەمەرگ، گیاندان.

گۆرمزە: گیایەکی کوێستانییە.

گەلەخوێ: خاوەن مێگەڵ.

گرار: دانەوێڵە، شۆربا.

گەلۆ: داخۆ.

گرێی بەرکۆژە: دوگمەی یاخە.

گڕ: بڵێسە و گڕگرتن.

گڵکۆ: قەبر.

گـوێن: باڵدارێکە شـەوتارۆژ هەر دەڵێ: هم هم دەش حیلینێ.

گۆڕ: زەوی ڕێکو تەختە، قەبر.

گەماڵ: سەگی نێر.

گزیر: بەردەستی کوێخا لە گوند، جاش کوێخا.

گوڵ عەنبەر: خورماڵ.

گەردانە: ملوانکە.

گـۆبەرۆک: ڕێزە دوگمەی زێڕو زێو کە لە بەرۆکو پێسیر دەدرێ.

گـێلگێلە: ڕیزە گـولێنگەی تێکخراو بۆ سەر و شەدەی ژنان.

گـرژاڵ: ڕەنگێکە بۆ مەرەز کە لەنێوان ڕەشو سووردایە، سووری ئاماڵ ڕەش.

گۆشـتـە زوون: گۆشتی ساغ کە لە پاش ساڕێژ بوونەوەی برین سەرهەڵداتەوە.

گـاڵە: دەنگی پێکەنینی ساوا، هەراو هوریا، قریوە.

گوشاد: وەکری.

گۆڵ: ئاڵۆزی و لێک ئالاوی.

گەز: قەپ، گاز.

گـێلم بەریاغ: (Golin Parmagi) تورکییە، واتە: قامکی بووک، (أصابع العروس) بەحارەوی، بە جۆرە شیرنییەک دەگوترێ لە جۆری بورمە.

گوێ بەرخە: گیایەکە لە گوێی بەرخ دەچێ.

گوڵە بابوونە: گوڵە بەیبوون.

گێلاخە: گیایەکە بۆ چێشت خۆشە.

گوزروان: گیایەکە بۆ دەرمان چاکە، بنی دوورە.

گۆوەند: شایی.

گـیابەند: گیایەکە زۆر بۆنو بەرامی خۆشە، کیژۆکاڵان بەزڵفیاندا دەکەن.

گەزیزە: بلازیر، گوڵێکە سەرەتای بەهارێ دەپژێ.

گیسک: کەزی، پرچ.

گرد: تەپە، تەلان.

گزرە: گیای وردکراو بۆ چەرەو لەوەڕی ئاژەڵ.

گژە: دەنگی بای بە تەوژم.

گورد: چاپکو ئازا، بەگوڕ، ئەم وشەیە لەشانامەدا هاتووە و بە مانای ئازایە.

گوێ سوانە: سواندە.

لاجانگ: نێوان ڕوومەتو ئەستۆ.

لکێن: پێوە نووسان.

لێڕ: دارستان، جەنگەڵ.

لێو: لیکاو.

لالەباس: باغێکە، گۆمی تەتەکە لە نزیک ئەو باغەیە.

لک: پەل، لکە: پەلە.

لەک لەک: حاجی لەقلەق.

لاوک: سترانی قارەمانیەتی، لاوژە.

لووشە: قووت دانی بەساغی، گیایەکی دە ناو دۆکولێوی دەکرێ.

لالە هەباسی: گـوڵێکی بەرزە باڵایە، بە زۆر ڕەنگیان هەیە، گوڵی حەوت ڕەنگ.

لاولاو: گـوڵێکی ناسکی بە زۆر ڕەنگ، بەدەوری لکو چڵەداردا لوول دەخوا، لاقلاقک.

لەمنتان کەوی: ئافەرم، بتان ڕەژم، قسەیەکی بۆ دەنەدانو هاندان دەگوترێ، هێندێ جار..

لەمنت نەکەوێ.. دەگوترێ.

لۆری: ئۆتومبیلی بارهەڵگر، کامیۆن.

لوان: ڕۆیین، گونجان.

لیته: قوڕەلیته، چلّپاو، هڕی، لەهی.

لەک: تیرەیەکە لەلوڕ، سەگەوەندەکانیان بەدزی کل لە چاو ڕفێن نامێن، حەمە سەعید بەگی جاف لە کتێبی «ئاوارە»کەیدا زۆری باس کردوون، بەزۆری لای کولیایی و چواروەند دەژین... حیکایەتی جەیران چاوەکەم، لەو ناوچەیە ڕووی داوە...

لەز: خێرا، خێرایی.

لەش بەبار: نەخۆش.

لیچ: لچ.

لاسەرە: خشلێکی ژنانە بەلایەکی سەرەوە قاییم دەکرێ.

لاگیرە: زەنبەرێکە بەلای سەرەوە قاییم دەکرێ.

لوولاک: لوولاق، گاللۆر.

لەرزانە: خشلێکی ژنانە.

لوولە: خشلێکە بۆ دووعا تێخستن، بەزۆر مانای دیکەش هاتووە لوولەو زنجیر لەزێڕ.

ماسی گرە: باڵدارێکە بەماسی دەژی.

مەخمەر: پارچەی مەخمووری ڕەنگ سەوز، مەخمەڵ.

مشت: دەست.

ماڵو ویران: ماڵتان وێران.

مشت: دەست، ناو لەپ.

مەگین: مەگەر.

ما چی کەم: ئەدی چ بکەم.

مژی: مێشک.

مڕ: تێر، تورخەکردوو.

مرۆگورێن: پیاوکوژ.

مێشە: دارستانی بی لەدەم چەم، لێرەوار، بێشە.

مەزرەق: شیلاقەی نوک ئاسن.

مەولەوی: نازناوی بنەماڵەییێکە بژیشکی دەکەن.

ملە: ڕقەبەرێ، ڕەگ بڕە.

ماسوو: گوندێکە لەنێوان لاجانو سابلاغا، هەژار منداڵیی خۆی زۆر لەوێ بەسەر بردووە.

مازێ: نێوی چیایەکە لە کوردستان.

مز: کرێ.

مەڕنەمووک: «من ربُّك» پرسیارێکە لە کاتی تەڵقینی مردوودا دەگوترێ. واتا: خودات کێیە؟

مەتاڵ: قەڵغان، مەرتاڵ، کان، مەعدەن.

مووچ: جومگە، ماچ، ڕووناخۆش، قوت. گوێ مووچ.

مەلوول: مات، زەبوون.

مەچک: مەچەک، زەند، نێوان جومگە و ئانیشک.

مەندێ: گیایەکی کوێستانییە دەگەڵ ژاژیو پەنیر دەکرێ.

مێخەک بەند: بەرمووری لە مێخەک.

مەکسی: قسەی سەرزارەکی بە بێ کردەوە.

ماڵیاوا: گوندێکە لەکوردستانی عێراق.

ماک: ئەسڵ، بنەما، بنواشە، بە زۆر مانا دێ...

مۆزە شینە: کەوش، مووزک، پێڵاو.

مێکوک: دار بەلەک، کورتیزۆنی لێ دەردەهێندرێ، مایەی کۆکا کۆلاو بیپسی کۆلاشی لێدەردەهێندرێ، لەزۆر جێگا، شەربەتی «سووس»ی لێ دروست دەکرێ. لە مووسڵو بەغداو شامو قاهیرە باوە.

مێژۆرد: گیایەکە بۆ ئاژەڵ زۆر خۆشە.

ملوانە: گەردانە، ملوانکە.

مێلاقە: ڕەبەنۆک، کلاوسوورە، تەنها گوڵێک دەگرێ، بە تەنهاشە، بۆیە ڕەبەندیان پێگوتووە... بندوورەشی پێ دەگوترێ.

مفتەخۆری: بەلاش خۆری، مشەخۆری.

مەکۆ: جێگەی کۆبوونەوەی خەڵک، کۆگا، مەکۆی دزان.

مامیرن: گیایەکی بۆ دەرمان دەشێ.
موشکوڵ: چەڵەمە، کەڵەم، ئاستەنگ، گرفت.
نەفرین: لەحنەت، لەعنەت، نفڕ.
نریا: نرا.
نەورۆزە: گوڵێکی زەردە بەر لە گەزیزە دەردەچێ.
نوقم: نقوم، ژێر ئاوکەوتوو.
نەبەرد: شەڕ، گەڕ، جەنگ.
نواڵ: شیوەڵەی چکۆلە بەقەد چیاوە. زۆر مانای دیکەی هەیە.
نزار: نسێ، نسار، نسرم، لێڕەوار، مانای دیکەی زۆرە.
نیاگان: باپیران.
واز: ئارەزوو.
وازی: گەمە، حەز.
والا: بەتاڵ، کراوە، سەروەتاک، ڤالا، ئالاو والای بووکەڵە.
واتن: وتیان.
وزە: تاقەت، تابشت، بڕست، بڕشت، تاوشت.
وەگوێزن: ڕاگوێزن.
هەتوان: مەڵحەم.
هەڵپە: پەلە، تەماح، تاسەی زۆر.
هەلووک: دارێکی هێند بستێکە و دادراوە، هەلووکێن بازیەکەیەتی.
هەیڤ: مانگی عاسمان.
هەڕەت: دەرفەت، کێس، گەرمەی شت، زۆریی شت، [هەڕەتی جوانی].
هاکا: لەپڕ، هەربینا، لە نکاو هەر کاتێکت زانی.
هەیهات: دوورە، لە کران نایە.
هەی داد: هاوار بە دەنگمەوە بێن.
هەڵۆ: باڵدارێکی ڕەشی ڕاوکەرە، زۆر بەهێزە.
هەوێردە: باڵدارێکە کەمێ لە ڕیشۆڵە زلتر، کونج کونجییەو زۆر ئاشقە هەرزنە، زۆر قەڵەوە. [ئوێردەک].
هەڵدێر: تاڤگە، جێگەی زۆر بەرز و قیت لە شاخدا.
هەڵز: گیایەکی بەناووبانگی گەلا دەرزییە، لە تیرەی کەماو لۆ. بۆ دەرمان دەشێ، بۆ چێشت خۆشە و لەوەڕی چاکە.
هێرۆ: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ، هەڵمەڵە.
هەلەلە: بالۆرە بەگەروو، هەیگۆ، هەیگۆ.
هەر بینا: هەر کاتێکت زانی، لە ناکاو لە پڕ.
هامێز: باوەش.
هەوای تێکەڵ: ئاهەنگی چەند قۆڵی.
هەوری: پارچەیەکی ئاوریشمی تەنکە ژنان بەسەر خۆی دادەدەن.
هەژگەل: لکەداری وشکەوەبووگ.
هەندرێشن: گیایەکی کوێستانی.
هێلە: ئاموور.
هەڵوەدا: عەوداڵ، لە دووی شتێک وێڵ و سەرگەردان.
هەراشە: زۆر گەورە بوو.

ناوەڕۆکی بۆ کوردستان

وشەیەکی پێویست 5
پێشەکی چاپی سێهەمین 7
پێشەکییەک بۆ چاپی دووهەم 14
پێشەکییەک بۆ چاپی یەکەم 17

بەشی یەکەم 20
- هەر کوردم 20
- نامرادێک 21
- خۆشیی دوارۆژ 22
- لە خۆتم بپارێزە 25
- بانگی شەڕ لەمارسەوە 27
- تابووتی زۆردار 29
- مەی 33
- مەی 34
- سەرماو بەهار 35
- سەلام ئازاد بوون 38
- کورد بێکەس نییە 40
- نەشمیل 41
- سوێندێکی گەورە 45
- شۆڕشی خۆ کرد 49
- نامە بۆ وارشەو 50
- پەیام بۆ ماوماو 55
- سروود 59
- من و بولبول 60
- سروودی ئاشتی 90
- شەوێک زیندان 91
- فرمێسکی هەژارێک 96
- دەمەتەقەی پیرۆت و بایز 98
- سپۆتنیک 101
- جوچک و سپۆتنیک 103
- پەڵە هەورێک 105
- چەپکە گوڵێک 111
- دەمەتەقەی بایزو پیرۆت 114
- وەرام بۆ کچێکی سۆڤیەتی 116
- پیرۆزبایی 118
- پاڵەوانێک 119
- شەیتان دەڵێ ئامین 124
- ڕۆژێکم هەیە 126
- پەیکێک 139
- لکە زەیتوون 144
- پێشکەش 146
- ئاواتەخوازی 147
- وەڵامێک بە شەماڵدا 147
- کارتی جێژنە پیرۆزەی نەورۆز 148
- دەمەتەقەی بایز و پیرۆت 148
- پیاوی چی؟ 151
- باوەڕی بێکەس 152
- کوردم 155
- دەمەتەقەی بایزو پیرۆت 156
- کارتی جێژنە پیرۆزە 158
- دەمەتەقەی بایز و پیرۆت 158
- دەمەتەقەی بایز و پیرۆت 160
- دەمەتەقەی بایز و پیرۆت 162
- دەمەتەقەی بایز و پیرۆت 164
- ئافەرین بۆ گیانبازان 165
- سرووود بۆ قوتابیان 167
- سرووودێک بۆ پێشمەرگە - کوردستان 168
- کاوەی مەزن 169
- بۆ پێشەوە بارزانی 174
- لامەرکەزی 176
- وەفدی کوردستان 177
- سرووودی جاش 179
- جاش توورەن 181
- بەرەو موکریان 183
- جاش چوونە میصر 241
- مارمێلکە نیم 242
- جاش و باش 244
- چۆن بوومە پێشمەرگە 249
- دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر 256
- دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر 257
- هانی هانی 259
- چۆن بوومە پێشمەرگە 260
- دەمەتەقەی باپیرو پیرۆت 266
- دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر 268
- دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر 269

- شیرین بەهارە 271
- کوێخای بەکرەجۆ 273
- دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر 274
- بەکرەجۆ 276
- دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر 277
- قەوانە شڕە 279
- تیتل و بیبل 283
- بەسەر هاتەکەم 286
- دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر 294
- چۆن جێژنە ئەگرین؟ 296
- دەمەتەقەی باپیرو پیرۆت 303
- کوتکی کاوە 305
- کاوە: بارزانی 313
- دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر 315
- بەزمی بەهار 319
- دوژمنی نەزان 322
- چیرۆک 323
- دەمەتەقەی باپیرو پیرۆت 331
- دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر 334
- دەمەتەقەی پیرۆت و بایز 338
- لەدەمی نەهەنگا 342
- حەللەق مەللەق 344
- مەتەڵ 347
- سروود 350
- سروود 351
- قۆناغەکانی ژیان 352
- کۆڕی زانیاری کورد 354
- دەمەتەقەی باپیرو پیرۆت 354

بەشی دووەم 357

- کەرو گا 357
- کەری کوڵ 359
- زەنگی مشکان 360
- کەوە شەلە 362
- هەویری بەموو 363
- ڕێوی بە فیشاڵ 364
- ملی درێژ مێژووە 365
- داوەڵ 366
- دەرسی بەچەپۆک 367
- سواری مار 368
- کەری بێگار 371
- پەشیمانی پینەیە 372
- بەزمی رووتی 375
- کوردستان بەهەشتە 377
- دەمی نایگاتێ 378
- هەر تیرەیەکن 378
- درۆ بە درۆ 379
- بەلاف پێک نایە 380
- وێرانەیە یان ماڵە؟ 381
- هەڵە لە چیدایە؟ 381
- سەرچاوە سوێرە 382
- هاواری لەسەرە 383
- دزی جادوو 384
- باوکی 385
- لەمەرد ئەگەڕێ 386
- ئەوینی گەورە 387
- چاکە لەگەڵ خراپان 388
- مشک و مێروو 388
- کرمی ناوخۆ 389
- پشوو درێژ 390
- جێ ژووان 391
- ئایەتی گۆپاڵ 391
- بایەک 392
- ڕێوی و کەڵەشێر 393
- رەقەو مراوی 394
- مێشک و دڵی نییە 396
- قەل و کەو 397
- کەر بۆ سەرزەماوەند 397
- خیگە بەری نادا 397
- گورگ و بەرخ 398
- کەرو کەوڵەشێر 399
- قەل و بولبول 400
- گریان نەک نان 401
- بیخە زمانم 402
- لە بەهاری نەهاتوو 403
- تووتیی کەچەڵ 403
- ورچی نەکوژراو مەفرۆشە 405
- دۆستی نەزان 406
- کەر بەلاحەول ناژی 407
- ئەگەر 408
- ژوانێکی دوور 409
- ورگەمەڕ 410
- هەڵەی زمان 410

- شۆربا و پشکەڵ 411
- لە چەرو تاژی 411
- لە دڵی نەداوە 412
- کونە کۆتر 412
- کێ زاناترە 413
- کەمی لە بیرە 413
- راست و درۆ 414
- دلۆ بەدەهۆڵ 414
- ریش هەڵتەکێنە 414
- گۆڕە یان ماڵە 416
- چ دەبارێ 417
- ئێستر باج نادا 418
- فیل لە تاریکی 419
- لە سراج الدینەوە 421
- لەمەلا ئەبوبەکرەوە 422
- لە سەرکێلی ئەبو عەلای مەعەرری 422
- لە عەرەبییەوە 422
- هاواری زۆر لێکراو 422
- ژوان 427
- کەرستەی ژن 427
- بۆق و گامێش 428
- مێزەری مەلا 429
- دەبوو بیزانیبا 429
- رەنج و گەنج 431
- دەرمانی دەباغ 432
- تاوانی میرە 432
- فرشتە 434
- هەژار هەر هەژارە 434
- کەروێشکاوا 435
- هەڵۆ هەر بەرزە 437
- خۆی خۆشتر دەوێ 442
- خێوی گوڵ و فرمێسک 443
- لە نامیق کەمالەوە 445
- لە ئەبو نەواسەوە 445
- لەنازانم کێوە 446
- فرمێسکی هەتیو 446
- کۆهستان 447
- خێوی گوڵ و وەنەوشە 449
- مانگەکانی ساڵ 450
- سروود بۆ پێشمەرگە 452
- سروودێک 454
- کاوێژی لە مێژینەیەک 454
- رەمەزانی ١٣٢٣ 457
- هەژار ئامۆژگاری شێرکۆی کوڕی خۆی دەکا 460

بەشی سێهەم 464

- بەیتی سەرەمەڕ 464
- بەپاکی بمرە 515
- ئەگەر ئاوها نەکەم چ بکەم؟ 516
- سمێڵ بابڕ 517
- لای لایێ 517
- لێفە شڕە 521
- غەزەل 523
- دیسان غەزەل 524
- تێهەڵکێشی شیعری حافظی شیرازی 525
- نەی پسێنی 526
- تێهەڵکێشی ناهیرەی مەلا باب 527
- چوارینە 527
- زەردی لیمۆ 535
- ژوانێک 536

بەشی چوارەم 538

- بارزانی نامری 539
- دەمەتەقەی قۆیتاس و پیرۆت 543
- تاکەی 545
- هەر شەو نابێ 551
- رۆژی کورد 553
- رێبەری نەمر 556
- نموونەی هونەر 559
- بەیادی تۆ دەژی دڵم 561
- بەیادی بارزانی 563
- ئەستێرەیەکی گەش 570
- شابازی چیا 574
- خوایە بەس نەبێ ئیتر 575
- کورد لە فەرموودەی تۆ ناگا 580
- وەک بارزانی نابێتەوە 593
- بۆ کاک ئیدریس: گوڵی خانەدانی بارزان 597
- شینگێڕی 599
- ژارگەی ماران 602